سەعیدی نەفیسی

# مێژووی ئەدەبیاتی روسی

و: حەمە کەریم عارف

٢٠٠٩/١/٢٢

ناوی کتێب: مێژووی ئەدەبیاتی روسی
نووسەر: سەعید نەفیسی
وەرگێر: حەمە کەریم عارف
تایپ: رزگار حەساری
هەڵەچن: عومەر رەسول
دیزاین: زانا کمال
بەرگ: ئارام عەلی
چاپی یەکەم: ٢٠١٠
بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

تێبنی: ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە پاچڤە کراوە:
- نام اثر: تاریخ ادبیات روسی (تا پایان دوره پیش از انقلاب)
- تألیف: شاد روان سعید نفیسی
- چاپ: چاپخانه خواجه
- تیراژ: ۵۵۰۰ نسخه
- نوبت چاپ: چاپ دووم (چاپ اول توس) ۱۳٦۷
- صحافی: شرکت افست "سهامی عام" (چاپخانەی ۱۷ شهریور)

## پێرست


**فەسڵی یەکەم: ژینگە و نەژادو زمان و مێژوو**

١- ژینگە

٢- نەژاد

٣- زمان

٤- مێژووی روسیا

٥- ئەدەبیاتی میللەتانی سۆڤیەتی

**فەسڵی دووەم: هەوەڵێن بەرهەمێن ئەدەبی**

١- سەرچاوەی ئەدەبیاتی روسی

٢- هەوەڵین هۆزانێن روسی

٣- سروودێن ئاینی

٤- پەخشانە چیرۆکان

٥- غەزەلیات (ئاشقێنی و گۆرانی)، (بالۆرە)

٦- شانۆی عامیانە

**فەسڵی سێیەم: ئەدەبیاتی پێش قۆناغی پوترسی مەزن**

١- بەر لە داگیرکاری مەغۆڵ

٢- کتێبێن مێژوو

٣- سەفەرنامان

٤- سەربهوردی شازادە ئیگۆر

٥- زاڵ بوونی مەغۆل

٦- پاش داگیرکاری مەغۆل

٧- کتێبانی ئەم سەردەمە

٨- ئیڤانی سامناك

٩- ژینگەی ئەدەبی کییف

١٠-مێژوونووسانی ئەم سەردەمە

١١-یەکەمین قۆناغی نوێگەرایی

١٢-هەوەڵین پرشنگی ئەدەبیاتی نوێ

**فەسڵی چوارەم: سەدەی هەژدەیەم و رۆژگاری پوترسی مەزن**

١- ریفۆرمەکانی پوترسی مەزن

٢- نووسەرانی ئەم سەردەمە.
٣- شانۆ لەم سەردەمەدا
٤- سەردەمی یلیزابت
٥- کانتمیر
٦- ترد یاکوفسکی
٧- لومونوسوف
٨- سوماروکوف
٩- ناتالیا دولگوروکایا

## فەسڵی پێنجەم: رۆژگاری یکاترینی دووەم

١- ئەدەبیاتی کلاسیك
٢- چاپەمەنی
٣- رادیشچف
٤- شانۆ لەم قۆناغەدا
٥- شاعیرانی ئەم سەردەمە
٦ - دیرژاڤین
٧-پرەنسیس داشکوف
٨-بزاڤی زانستی

## فەسڵی شەشەم: قۆناغی رۆمانیتك

١- رووکردنە ئەدەبیاتی میللی
٢- کارامزین
٣- شاعیرانی بەر لە پوشکین
٤- ژوکوفسکی
٥- کاریگەریی ژوکوڤسکی
٦- باتیوشکوڤ
٧- دمیتریف
٨- ئۆزیرۆف

## فەسڵی حەوتەم: پوشکین

١- شاعیرو بنەماڵەکەی
٢- یەکەمین شاکاری پوشکین
٣- تاڵی و مەینەتیەکانی ژیان

٤– لە تاراوگەدا
٥– بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەم قۆناغە
٦– قۆناغی دووەمی دوورخستنەوە
٧– یڤگینی ئونیگین
٨– بوریس گودانوڤ
٩– بەرهەمەکانی تری کۆتایی ژیانی
١٠–سەرەنجام و ئاقیبەتی پوشکین
١١–ایەی ئەدەبی پوشکین.

## فەسڵی هەشتەم: شوێنکەوتووانی پوشکین

١– هاوعەسرانی پوشکین
٢– دلویگ
٣– باراتینسکی
٤– گریبویدوف
٥– شاعیرانی دیکەی رۆمانتێك

## فەسڵی نۆیەم: بیری توند ڕەوانە

١– سەختگیرییەکانی نیکولای یەکەم
٢– چا ئادامیف
٣– رەخنەی ئەدەبی
٤– بیلینسکی
٥– چرنیشفسکی
٦– دوبرولیوبوف
٧– پیسارۆف

## فەسڵی دەیەم: گەورە شاعیرانی پاش پوشکین

١– لیرمانتوف
٢– کولتسوف
٣– نیکیتین
٤– ئەلکسی تولستوی
٥– فت
٦– نیکراسۆف
٧– شاعیرانی دیکەی ئەم سەردەمە.

فەسڵی یازدەیەم: گەورە نووسەران
١- گوگول.
٢- گونچاروف
٣- گریگوروڤیچ
٤- ئاستروفسکی
٥- تورگنیف

فەسڵی دوانزەیەم: نووسەرانی پلە دووی سەدەی نۆزدەیەم
١- ڕۆمانانی مێژوویی
٢- ئوکساکوف
٣- لیسکوف
٤- تیوچف

فەسڵی سیانزەیەم: نووسەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی
١- هزرێن شۆڕشگێڕی
٢- گرتسن
٣- باکونین
٤- سالتیکوف شچدرین
٥- پیسمسکی
٦- پلیخانۆف

فەسڵی چواردەیەم: لوتکەی ئەدەبیاتی روسی لە سەدەی نۆزدەیەم دا
١- دۆستوفسکی
٢- لیڤ تولستوی
٣- ئانتون چیخۆف
٤- کورالینکۆ
٥- گارشین.

# د یباجە

ئەمڕۆکە لە دنیای ئەدەبدا پەیوەندی ئەدەبیاتی میللەتانی جیاواز رۆژ بە رۆژ بتەوترو زەروری تر دەبێت، چونکە شارستانیەتی نویێ بەوپەڕی خێرایی ولاّتانی جیهان لێکدی نزیک دەکاتەوەو دەشێت بگوترێ خەیالّ و هزری ئادەمیزادان لە شارستانیەتی ئەمڕۆدا لە ئاسماناندا شەپۆل دەدات و بە خێرایی بروسکە لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕی دنیا دەڕوات.

جا لەم بەینەدا ئەو میللەتانەی کە دراوسێی یەکترن و بەو بۆنەیەوە لە هزرو بیری یەکتر ئاگادارترن، پتر پێویستیان بەوەیە لە بەرهەمێن ئەدەبی یەکتر ئاگادار بن و پێی شادو شەنگولّ بن. لەبەر ئەمەی لەم دواییانەدا ئەدەبیاتی روسی کە هەموو ئەم فاکتەرو هۆکارە بنەڕەتیانەی تێدایە، زیاتر بووەتە مایەی بایەخ و سەرنجی خوێنەران‌و منەکارانی ئێرانی، بۆیە هەق وابوو کتێبێك لەم بارەیەوە بە زمانی فارسی بلاّوببێتەوە، جا ئەم کتێبە وەکو بەدەنگەوە هاتنێکی ئەم مەبەستە ئامادەکراوە.

لەم بەرگەدا لێکۆڵینەوە کە لە کۆتایی قۆناغی پێش شۆڕشدا تەواو دەبێت و بەرگەکەی تر لە سەرەتای قۆناغی شۆڕشەوە تا نزیکترین رۆژانی ئەم رۆژگارە لە خۆ دەگرێت.

**تاران ۲۳ / خرداد ماه / ۱۳٤٤**

**سەعیدی نەفیسی**

**۱۹٦٥**

\

## وتەیەك دەربارەی چاپی دووەم

*كە مامۆستا سەعیدی نەفیسی كۆچی دوایی كرد، هاوسەرو منالەكانی (مەڵبەندی یادگارەكانی سەعیدی نەفیسی)یان دامەزراند تا یادگارە مەعنەوییەكانی باشتر بپارێزێن.*

*ماوەیەكی زۆری پێ چوو تا هەلومەرجی هاتنە بەری ئەم مەڵبەندە فەراهەم ببێ و ئەمڕۆكە بتوانێ بە چاپ كردنەوەی سەر لە نوێی بەرهەمەكانی ئەو، ئەو بەرهەمانەی ماوەیەكی زۆر لە دەسڕەسی خوێنەرانی فارسی زمان دوور بوو، بخاتە بەر دیدو دەستی دڵبەندانی كەلتوورو ئەدەب. سوپاس بۆ خودا.*

*ئەم كتێبە، بەرگی یەكەمی كتێبێكی گەورەو تێرو تەسەلە كە سەعیدی نەفیسی دەربارەی مێژووی ئەدەبیاتی روسی خەریكی دانانی بوو. ئەوەندەی ئامادە بوو لە ساڵی ١٣٤٤ (١٩٦٥)دا لەلایەن زانستگەی تارانەوە چاپو بلاو بووەوە، بەڵام پاشماوەی كارەكە بە كۆچی دوایی سەعیدی نەفیسی لەساڵی (١٣٤٥)دا (١٩٦٦)دا بە یەكجارەكی وەستاو نەنووسراو بەیازو سەرچاوەكانی كارەكەش تۆفانی رووداوان رای ماڵیو پەرشو بلاوی كردەوە.*

*سەعیدی نەفیسی، سوور بوو لەسەر زەرورەتی ناسین و ناساندنی كەلتورو ئەدەبیاتی روسی لەلایەن توێژەرانی ئێرانیەوە، بەڕادەیەك لەسەر ئەم بۆچوونە مكوڕ بوو، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەسەرچاوەێن رەسەن و ئەسڵی بە زمانی روسی، لە تەمەنی میانە ساڵیدا دەستی بە فێربوونی ئەلفباو نووسینو زمانی روسی كرد.*

*نەفیسی باوەڕی وابوو! "روسی زمانی دووسەد ملێون كەسی هاوسێی ئێمەیە، ئەقڵ وادەخوازێ كە مرۆڤ زمانو كەلتوری هاورێكانی خۆی بزانێ".*

*ئومێدمان وایە چاپی دووەمی ئەم كتێبە كە بە هیمەتو هەوڵی (وەشانخانەی توس) كە پێرستی ناوەكانیشی بۆ زیاد كراوە، ئەنجام دراوە، ببێتە هاندەری ئەدەب دۆستانی پاش سەعیدی نەفیسی، كە درێژە بە رێگاكەی بدەنو پاشماوەی ئەم بەرهەمە تەواو بكەن. هەڵبەتە پێویستە سەرنجی ئەم ئازیزانە بۆ ئەم خاڵەش رابكێشرێ: ئۆقیانووسی ئەدەبیاتی روسی، لە سەرەتای شۆڕشەوە دەبێ بە دوو بەش بزانرێ، بەشێكیان كە لە ناو وڵاتی سۆڤیەتدا نەشونمای كردو بە شەكەی تری ئەوەیە كە موهاجیرانی روس، لە ئەورووپاو ئەمریكادا خەریكی بوون، نابێ ئەم بەشە لەبەر چاونەگیرێ.*

**تهران، مهر ١٣٦٤ ( ١٩٨٥ )**

## فەسڵی یەکەم

# ژینگەو نەژادو زمانو مێژوو

### ١-ژینگە :

ئەو سەرزەمینە پانو بەرینەی کە ئەمڕۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ئەوروپاوئاسیادا پێك دێنیٚ وڵاتێکی گەورەیە کە رووبەرەکەی پتر لە بیستو دوو ملێون کیلۆمەترەو بە گوێرەی ئامارو سەرژمێری ساڵی ١٩٤٠ کۆی ژمارەی دانیشتووانی هەموو ناوچەکانی سەر بەم وڵاتە پتر لە سەدو نەودو سیٚ ملێون کەس بووە. هەر یەکێك لەو شازدە هەرێمەی ئەم یەکێتییە گەورەیە، کە هەندێکیان نەژادی تایبەتی خۆیان هەیە، کۆمارێکی سوسیالستی تایبەتی پێك دێنیٚ کە بەپێی مادەی چواردەی دەستوری یەکێتیی سۆڤیەت بە فەرمی دیاریکراون. رووبەرو ژمارەی دانیشتوانی هەر یەکێك لەم کۆمارانە بە گوێرەی سەر ژمێری ساڵی ١٩٣٩ بەمجۆرەیە:

**١- کۆماری شورەوی سوسیالستی فدراتیو روسیا: رووبەرەکەی نزیکەی هەڤدە ملێون کیلۆمەتر دووجا، خەڵکەکەی ١٠٨,٨٠٩,٥٠٠ کەسە.**

**٢- کۆماری ئۆکراین، بە ئۆکراینی رۆژاواو ئۆکراینی ئەودیوی کارپۆت-ەوە: رووبەرەکەی ١,٣٠١,٦٠٠ کم٢، خەڵکەکەی ٣٨,٩٦٠,٢٠٠ کەسە.**

**٣- بیلوروسی (روسیای سپی) لەگەڵ بیلوروسی رۆژاوادا رووبەرەکەی ٢٠٧,٦٠٠ کم٢ ، دانیشتووانەکەی ٥,٥٦٨,٠٠٠.**

**٤- ئازەربایجانی سۆڤیەتی: رووبەری ٨٥,٥٠٠کم٢، دانیشتوانی ٣,٢٠٩,٧٠٠کەسە.**

**٥- گورجستان: رووبەری ٧٦,٢٠٠ کم٢، دانیشتوانی ٣,٥٤٢,٣٠٠.**

**٦- ئەرمەنستان: رووبەری ٢٩,٨٠٠ کم٢، دانیشتوانی ١,٢٨١,٦٠٠.**

**٧- کازاخستان: رووبەری ٢,٧٤٤,٣٠٠ کم٢، دانیشتوانی ٦,١٤٦,٠٠٠**

**٨- ئۆزبەکستان: رووبەری ٤٠٧,٥٠٠ کم٢، دانیشتوانی ٦,٢٨٢,٤٠٠.**

**٩- تورکمانستان: رووبەری ٤٨٤,٧٠٠ کم٢، دانیشتوانی ١,٢٥٤,٠٠٠.**

**١٠-تاجیکستان: رووبەری ١٤٢,٠٠٠ کم٢، دانیشتوانی ١,٤٨٥,١٠٠.**

**١١- قەرغیزستان: رووبەری ١٩٦,٩٠٠ کم٢، دانیشتوانی ١,٤٥٩,٣٠٠.**

**١٢- کارلی و فنلاند: رووبەری ١,٧٨٥,٠٠٠ کم٢، دانیشتوانی ٤٦٩,٠٠٠.**

**١٣-مولْداڤی: رووبەری ٣٠٤,٠٠٠ کم٢، دانیشتوانی ١,٥٦٥,٠٠٠.**

**١٤- لاتڤیا (لیتوانی): رووبەری ٦٣,٤٠٠ کم٢، دانیشتوانی ١,٩٥٠,٠٠٠.**

**١٥-لتونیا: رووبەری ٨٠,٩٠٠ کم٢، دانیشتوانی ٢,٨٨٠,٠٠٠.**

**١٦-ستونیا: رووبەری ٤٥,١٠٠ کم، دانیشتوانی ١,١٢٢,٠٠٠.**

لەم وڵاتە پان و بەرینەدا چل و دوو رەگەزو نەژادی جیاواز پێکەوە دەژین و ژمارەی هەر یەکێکیان بەمجۆرەیە:

١- روس: ٩٩,٠١٩,٩٠٠
٢- ئۆكرانی: ٢٨,٠٧٠,٤٠٠
٣- بیلوروسی: ٥,٢٦٧,٤٠٠
٤- ئۆزبەك: ٤,٨٤٤,٠٠٠
٥- تاتار: ٤,٣٠٠,٣٠٠
٦- كازاخی: ٣,٠٩٨,٨٠٠
٧- جولەكە: ٣,٠٢٠,١٠٠
٨- ئازەری: ٢,٢٧٤,٨٠٠
٩- گورجی: ٢,٢٤٨,٦٠٠
١٠- مردۆسەكان: ١,٤٥١,٤٠٠
١١- چوواش: ١,٣٦٧,٩٠٠
١٢- تاجیك: ١,٢٢٩,٠٠٠
١٣- قەرغیز: ٨٨٤,٣٠٠
١٤- داغستانی: ٨٥٧,٤٠٠
١٥- باشكیران: ٨٤٢,٩٠٠
١٦- توركمانان: ٨١١,٨٠٠
١٧- پۆڵاندیان: ٦٢٦,٩٠٠
١٨- ئودمورتان: ٦٠٥,٧٠٠
١٩- مارتیسان: ٤٨١,٣٠٠
٢٠- كومیان: ٤٠٨,٧٠٠
٢١- ئۆسیان (ئوستیان): ٣٥٤,٥٠٠
٢٢- یۆنانیان: ٢٨٥,٩٠٠
٢٣- مۆڵداڤی: ٢٦٠,٠٠٠
٢٤- كارلیان: ٢٥٢,٦٠٠
٢٥- كاراكالپاك: ١٨٥,٨٠٠
٢٦- كۆریایی: ١٨٠,٤٠٠
٢٧- كاباردان: ١٦٤,١٠٠
٢٨- فنلاندیان: ١٤٣,١٠٠
٢٩- ستونی: ١٤٢,٥٠٠
٣٠- لاتیشان: ١٢٦,٩٠٠

٣١- بولغاری: ١١٣,٥٠٠

٣٢- ئادیگان (له گورجستان): ٨٨,٠٠٠

٣٣- ئەنجازیان: ٥٩,٠٠٠

٣٤- خاکاسان: ٥٢,٦٠٠

٣٥- ئوبروتان: ٤٧,٧٠٠

٣٦- کوردان: ٤٥,٩٠٠

٣٧- ئێرانیان: ٣٩,٠٠٠

٣٨- لتونیان: ٣٢,٣٠٠

٣٩- چینیان: ٢٩,٦٠٠

٤٠- چیکوسلوڤاکی: ٢٦,٩٠٠

٤١- تازیان (عەرەب): ٢١,٨٠٠

٤٢- ئاسوریان (کلدانیان): ٢٠,٢٠٠

٤٣- ئەتنیانی جیاواز: ٢,٩٨٣,٣٠٠

یەکێتی سۆڤیەت وەکو چۆن کۆمەڵێك ئەتنی ونەژادی جیاوازی لە خۆگرتووە، بەو ئاوایەش کۆمەڵێك کەش وهەوای جیاوازی لە خۆگرتووەو جیاوازی نێوان ئاووهەوای کۆساروگەرمیانی ئەم وڵاتە زۆرە: لە باکووردا کەش وهەوای قوتبی و لە دەشتەکانی ئاسیای ناوەندیا گەرمای توندی ناوچە ئیستیواییەکان بەدی دەکرێت.

لەم قەڵەمڕەوە زۆر پان وبەرینەدا بەرزایی لە ئاستی دەریاوە لە چوار سەد مەتر پتر ناڕوات وتەنیا لە تاجیکستاندا دەشتی پامیر پێنج هەزار مەترێك بەرزە، لێ لە ناوچە ڕۆژاواییەکاندا بۆ نموونە بەرزایی کەناری چەپی رووباری ڤۆڵگا لە ٣٩٦ مەترو تەپۆلکە و گردەکانی دۆنتس لە ٣٦٩ مەترو دەشتی ڤالدایی نێوان مۆسکۆو لەنینگراد لە ٣٢٢مەتر زیاتر نییە.

یەکێك لە خاسیەتە دیارەکانی ئەم ناوچە ڕۆژاواییە ئەمەیە کە شاخی تێدا نییەو تەنانەت لە خاکەکەشیا بەرد دەستناکەوێ. بۆیە ئەم ناوچەیە هەرگیز لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتەوە سنورێکی سروشتی ولەمپەرێکی گەورەی لە بەردەمدا نەبووەوهەمیشە لەلایەن هاوسێکانی ڕۆژهەڵاتیەوە هێرشی کراوەتە سە رو پەلامار دراوە. بەرزایی ناوچەکانی ئۆرال لە هەزار ونۆ سەد مەتر تێناپەڕێو ئەمەش لە بەردەم هێرشو پەلاماری مەغۆلان دا لەمپەرێك نەبووە کە روویان کردووەتە باشورولەوێوە بەرەو روسیا چوون. تاقە لەمپەروکۆسپی سروشتی لە قۆڵی باکوورەوە ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکووری ولە قۆڵی باشوورەوە دەریای رەشو چیایەکانی قەفقاز بووەو روسەکان سوودیان لەم لەمپەرە باشووریە وەرگرتووە بۆ زاڵبوون بەسەر دراوسێکانیاندا نەك بە پێچەوانەوە، دراوسێ باشورییەکانیان لەو ڕێگەیەوە بەسەر ئەواندا زاڵ بن.

که لەباکورەوە بەرەو باشور نشێودەبییەوە یەکەم ناوچە ناوچەیەکی زۆزانی و سەردەسێرە کە لە زستاندا هەمیشە لە ژێر بەفرو بەستەڵەکدایەو لەو هاوینە کورتەدا کە هەیەتی دەبێ بە ناوچەیەکی زونگاوی فرەمێشولە کە وا دیارە لە سەرەتای دەستپێکی شارستانیەتدا جگە لە چادرنشینانی راوکەر چ کەسێکی تری لێ نەژیاوە. لە دوای ئەوە ناوچەیەکی جەنگەڵستانی دەست پێدەکات کە کاریگەرییەکی فرەی لە چارەنووسی روسیاو رووداوە مێژووییەکانی روسیادا هەبووە، کۆمەڵێك دەریاچەو گۆلاووهۆڕاو لە نێو دارو درەختی هەمە جۆری جەنگەڵستانەکەدا هەن کە درەختانی بێشەکە لێکدی جودا دەکەنەوەو ئاوێکی فرەیان لەبەر دەڕوات. لەم ناوچەیەدا هەندێ جار بڕشتی نەشونمای درەختان بە رادەیەکە کە ساڵانە چەندی لێ بڕییەوە دووبارە دەڕوێتەوە.

دوای ئەو ناو ناوچەیە ئیدی دەشت وگۆڕایی بە ناوبانگی روسیایە کە لە نزیکی ناوچەی کیف و خارکوڤ و غازانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە داوێن و بناری چیاکانی قەفقاز. رەنگی زەوی ئەم ناوچەیە خۆڵەمێشییەو زۆر بەپیت نیەو پاشان دەگۆڕێ و دەبێ بە رەشەخاك و یەکجار بە پیت وبە بڕشتەو پانیەکەی ٣٧٥ تا ٨٥٠ کیلۆمەترە. ئەم ناوچەیە یەکێکە لە مەڵبەندەکانی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە جیهانداو گەنمی یەکجار باشی لێدەڕوێت. لە پاینی باشووری رۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیەداو لە نزیکی رێژگەی روباری ڤۆڵگادا زەوی بەرە بەرە دەبێ بە شۆراخ و شۆرەکات و ئەمە سەرەتای بیابانە بە نێوبانگەکانی ئاسیای ناوەندییە.

بۆیە هەوەڵین خەڵکێن ئەم سەر زەمینە لە ناوچە جەنگەڵی و لێرەکاندا راوچی و ماسیگر وەرزێروجوتێری گوندنشین بوونەو لە دەشت و ساراکاندا شوانکارانی بیابانگەڕ بوونەو لەبەر ئەمە هیچ کۆسپ و لەمپەرێك لە هەنبەر هاتوچۆو هێرش و پەلاماری میللەتانی ئاسیای رۆژهەڵاتی نەبووە.

زۆری روبارانوئاوەڕۆی ئاوان ونەبوونی کۆساران کردویانەتە کارێك هەمیشە گواستنەوەو جێگۆڕکێ لە رووسیادا بووەتە مایەی ئەمەی کە لە سەرانسەری ئەم ناوچەیەدا رووباری زۆر هەبن، ڤۆڵگا کە درێژترین رووباری ئەورووپایە ٣٣٥٧ کیلۆمەترەو دەنیپەر ٢١٣٨و دون ١٨٠٨ و کاما وئوکا، کە دەڕژێنە ڤۆڵگاوە بەریز ١٨٨٢و ١٤٧٢ کیلۆمەتر زەوی ئاو دەدەن.

هەردوو رووباری گەورەی سەیحون وجەیحون بە کۆمارە رۆژهەڵاتیەکانی ئاسیای ناوەندیدا دەڕۆن و عەیبی ئەم رووبارە مەزنانە ئەمەیە کە هەموویان دەگەنە بنبەست، وەکو چۆن ڤۆڵگا دەڕژێتە دەریای خەزەرەوە کە تەنیا دەریاچەیەکەوبەس بەو ئاوایە دون و دەنیپەرو دەنیستەرش دەڕژێنە دەریای رەشەوە، یانی دەڕژێنە دەریایەکی داخراوەوە، نڤاو ڤالخوف ودونا–ش دەڕژێنە دەریای بەڵتیکەوە کە ئەویش نیمچە کراوەیە،و دونیاو پچو–ش دەچنە ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوریەوە کە لە زۆربەی کاتی ساڵدا سەهۆڵبەندانە،و لە کۆمارە ئاسیاییەکانیش دا رووباری ئاراس وکوروواترك دەرژێنە دەریای خەزەرو روبارانی جەیحون وسەیحون–ش دەڕژێنە دەریاچەی ئارال و جا ئەم خاڵە لە مێژووی سیاسی و

ئابووری و كۆمەلآیەتی روسیای تزاری و یەكێتی جەماوەری سۆڤیەتی سوسیالیستی دا بایەخێكی فرەی هەیە.

ئاوو هەوای ئەم ولآتە پان و بەرینە لە نێوان سەرماو گەرمادایە. لە كیف رادەی بالآی پلەی گەرمی ٢٥و لە موسكۆ ٢٩ و لە ئوفا ٣٥"ـەو تەنانەت لە ناوچە باكوورییەكاندا، لەوانە لە ئارخانژلسك دەگاتە سیو چوار پلە. لەلایەكی دیكەوە زستانی روسیا دەگاتە ئەوپەڕی پلەی سەرماو، بەفر بارین و سەهۆڵبەندانیش دەگاتە دوا پلەی خۆی.

## ٢- نەژادو رەگەز:

سلاڤیەكان كە نووسەرانی ئێران لە كۆندا (سقلاب)یان پیٚ گوتوون، لە سەدەی دووەمی زاینی دا لێكدی جیا بوونەتەوەو بەسەر دوو دەستەی سلاڤیانی رۆژهەلآتی و سلاڤیانی رۆژاوایيدا دابەش بوون، وپاشان لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا ئەم دەستەی رۆژهەلآتیەش بەسەر سلاڤیانی باكوریو باشوریدا دابەش بووەو لە هەمان قۆناغ و سەردەمدا سلاڤیەكان بەسەر تیرەو تایفەی جیاوازدا دابەش بوون ولە باشورەوە بۆ باكور لە هەردوو رەخی روبارێن بوگ ودەنیپەرولقەكانیاندا:پریپت ودسناودوناوڤالخوفدا ئاكنجی بوون،وچەند دەستەیەكیانیش لە رەخەكانی سەرووی روباری ئوگاو لە كەنارەكانی دەریای رەش و دەریای ئازو، و تا كەنارەكانی روباری دون نیشتەجیٚ بوون.

ئەم تایفە جیاوازانە، بە گوێرەی واقیعی شوێنەكانیان یان راوچی بوون یا شوانكارە یا وەرزێروجووتیارو كشتیار بوونە. باوك، سەرۆكی موتڵەقی هەر خێزانێك بووەو سەرانی خێزانەكان ئەنجوومەنێكیان پێكهێناوە كە چارەنووسی ولآت بە دەستی ئەوان بووە، لەو دەورو زەمانەدا دیاردە سروشتییەكانی وەكو هەتاو وباو هەورە تریشقەیان پەرستووەو خواوەندانی تایبەتیان بۆ سەرپەرشتی ئاو بێشەو لێڕەواران وماڵ وتەویلەكانیان هەبووەو سیحروجادوویان لە نێودا باوبووەو باوەڕیان بە بوونەوەرانی نائاسایی و نادیار هەبووە، بۆ نموونە باوەڕیان بە گەڕانەوەی روحان و بەهەشت هەبووە.

لە بەرانبەر ئەم ژیانە دێهاتیەدا، لە كەناری روبارو بەندەرەكاندا مەڵبەندێن بازرگانی و سەوداوامامەڵە چێبووەو ئەم شارستانیەتە جێگەی شارستانیەتی پێش مێژووی گرتووەتەوەو بەرە بەرە ئەم مەڵبەندە بازرگانیانە زەمینەیان بۆ پەیدا بوونی شارانی گەورە خۆش كردووە، بۆ نموونە تایفەی سلونەكانی كەناری دەریاچەی ئیلمەن، شاری نوڤوگورود، و پولیانەكانی كەناری روباری دەنیپەر شاری (كیف)یان دروست كردووەو بە هۆی ئەمەوە چینێك لە مامەڵەچیان هاتووەتە ئاراوەو لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا لە رێگەی (تركانی خەزەر)ەوە كە دراوسێیان بوون فێری بازرگانی نێو دەوڵەتی بوون.

تایفە سلاڤییەكان تا ماوەیەكی زۆر دەوڵەتیان بۆ خۆ دانەمەزراندووەو هەندیٚ جار میرانیان تیا هەڵكەوتووەو حوكمیان كردوون. تایفە باشووری و مەركەزیەكانیان باجگوزاری

ترکانی خەزەر بوون و تایفە باکورییەکانیان دەستنێژی وارگەکانی دراوسێی باکوری خۆیان بوون کە لە دەوروبەری دەریاچەکانی لادوگا و ئیلمەندا، لەسەر رێگای نێوان دەریای بەڵتیك و رووباری ڤۆڵگادا چەند کولونیەکیان هەبووەو سلاڤیەکان لە رێگەی ئەوانەوە پەیوەندیان دەگەڵ لاتینەکاندا پەیدا کردووەو تەنانەت لە هێرش و لەشکرکێشییەکانی ئەوانیش دا بەرەو رۆژئاواو وڵاتی خەزەرەکان، بەشدارییان کردووە.

سلاڤییەکان، لقێکی گەورە لە نەژادو رەچەڵەکی ئاریایی یان هندۆ ئەوروپایی پێکدەهێنن. دوا بیروبۆچونی باو دەربارەی ئاریایی بوونیان ئەمەیە کە ئەم نەژادە پتر لە رووی زمانەوە دەناسرێ تا لە رووی سوسیولۆجییەوە، چونکە ئاریانی کۆن بە گوێرەی ئەگەری نزیك لە راستی، لە ئاسیای ناوەندییەوە رابوون و سەریان هەڵداوەولە وڵاتانی جیاوازی ئاسیای باشوری و رۆژاوایی و ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوەو لە هەر هەموو ئەم ناوچانەش دا بەر لە هاتنی ئەوان ئەتنی و نەژادانی ناوچەیی هەبووە کە خوێنی ئاریاییەکان تێکەڵ بە خوێنی ئەوان بووە، لێ ئاریاییەکان فەرهەنگ وشارستانیەت وزمانی خۆیان بەسەر ئەواندا سەپاندووەو ئەمڕۆکە هیچ شوێنەوارێکی ئەو قەوم و تایفانە نەماوەو هەر بۆیەش پێویستە ئارییەکان بە گوێرەی تەقسیمبەندی زمان پۆلین بکرێن.

زمانانی سلاڤی لە هەموو رووییەکەوە بەشێکن لە زمانانی ئاریایی و هندۆئەوروپایی و دەتوانرێ بە ئاسانی ریشەیان لەگەڵ ریشەکانی دیکەی ئەم نەژادەدا بەراورد بکرێ، و پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ زمانانی دیکەی ئاریاییدا هەیە.

مێژووی یەکەمین تیرەی نەژادی سلاڤی دیار نیەو یەکەمین شوێنیان بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە رێگەی زمانناسیەوە بە دەست هاتووە، وادایارە باکووری کارپات بووەو زیاتر لە ناوچەی سەرچاوەی روباری پریپیت و ئاوەڕۆی سەرووی روباری (بوگ)ی رۆژاوا ژیاون و لەوێندەر بە ناوی (وند)و (ئانت)و (سکلاڤن) بە ناوبانگ بوون، و هەر ئەم وشەیە کە لە ئێراندا گۆڕاوەو بووە بە(سقلاب)،لەوێندەرەوە روویان کردووەتە چوار قوڵ کە پۆڵەندییەکان لە باکورو چیك ومراوەکان لە رۆژاوا و سلاونەکان و کروات و سربەکان لە باشورو روسەکان لە رۆژهەڵاتا بڵاوبوونەتەوەو لە ئەنجامدا روسەکان شکۆداری مێژوویی نەژادی سلاڤیان فەراهەم کردووە.

کۆنترین شوێنەوارێکی دەوڵەتی سلاڤیان لە مێژوودا مابێتەوەو نێو ببرێ "ریوریك"ی میری سلاڤییەکانە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمدا ژیاوەومەڵبەندی حوکمڕانییەکەی شاری نوڤوگورود بووە.

لەم دەوروزەمانەدا سلاڤیەکان لە باکوروباشورەوە کەوتوونەتە نێوان دوو ئەتنی بێگانەوە. لە باکورەوە فنلاندییەکان تا نزیکی نوڤوگورودیان گرتووەو رۆژهەڵاتی روسیان گرتووەولەوێوە بوون بە دراوسێ ترکان و تەنیا پێنج یەکی روسیای ئەمڕۆ بە دەستی سلاڤیەکانەوە بووە. گەورەترین خەسڵەت و خەسێتی نەژادی سلاڤی لە مێژوودا ئەوە بووە کە زۆر بە خێرایی بڵاوبوونەتەوە و قەڵەمڕەوی خۆیان فراوان کردووە و نەژادانی هاوسێیان،

لە نێو خۆیاندا تواندووەتەوە، بۆ نموونە لە سەدەی دەیەمی زاینیدالتونیەکان و لیتوانیەکان بەشی هەرە زۆری رۆژاوای روسیایان بە دەستەوە بووەو ئەمڕۆ ژمارەیان نزیکەی چوار ملێون ونیوە، وفنلاندییەکان کە لەو زەمانەدا باکوری روسیا تا نزیکی نوڤوگورودو رۆژهەلاّتی ئەو سەر زەمینەشیان گرتبوو، ئەمڕۆ لە چوار ملێون پتر نابن.

لە قۆڵی باشورو رۆژهەلاّتەوە سلاڤییەکان دراوسێی تیرە ترکەکان بوون و نزیکەی حەوت سەد ساڵێك ئەم تیرە ترکانە بەسەریاندا زاڵ بوونو لەم ماوەیەدا لە باکوری کۆجاڕەکانی قەفقازەوە بیگرە تا کەنارەکانی رۆژاوای دەریای خەزەر بە دەستی ئەوانەوە بووەو هاوسێی ئێران بوون و هەمیشە لە رێگەی دەربەندو داریال–ەوە پەلاماری ئێرانیان داوە. ئەم قەبیلە ترکانە بەسەر چەندین نەژادو تیرەدا دابەش بوونەو بە ناوبانگترینیان تایفەی خەزەر بووە کە تاماوەیەکی یەجگار زۆر زانایان لە ئەسڵ‌و فەسڵیان بە گومان بوونەو ئێستا هیچ گومانێك لەوە نیە کە لە نەژادی ترك بوونەو کۆسپ‌و لەمپەری هەمیشەیی بەردەمیان بۆ پەلاماردانی ئێران زنجیرە کێوسارەکانی قەفقاز بووەو ناوی دەریای خەزەریش لەوەوە هاتووە کە ئەوان لە کەناری رۆژاوای دەریای نێو براودا ئاکنجی بوون.

ئەم ترکانە، کە بۆ جیاکردنەوە لە ترکانی ئاکنجی رۆژهەلاّتی دەریای خەزەر پێیان گوتراوە ترکانی رۆژاوایی، بەسەر چەندین تیرەدا دابەش بوون کە بەناوبانگترینیان: قەبچاقەکان، بلغارەکان، بایندەرەکان، ئەفشارەکان، بەگدلییەکان، بەرسخانەکان‌و بەیاتەکان بوونە لەگەڵ تایفەیەکی ترا کە لە کتێبانی ئێمەدا بەناوی (کیماك) تۆمار کراون‌و روسەکان (کومیك) یان پێگوتوون، هەروەها تایفەیەکی دی کە لە کتێبانی ئێمەدا بە ناوی (بجناك) نووسراوەو روسەکان پێیان گوتوون (پچنگ).

لەو سەردەمەدا کە هێشتا ئەم تیرە ترکە رۆژاواییانە دراوسێی باکوری رۆژاوای ئێران بوونە، روسەکان هەندێ جار پەلاماریان داون‌وراویان ناون‌و رووبەڕووی ئێرانیان بوونەتەوە، یەکەمجار روسەکان لە ساڵی ٢٨٩ کۆچی‌و ٩٠٩ی زاینی رووبەڕووی ئێرانیان بوونەتەوە کە بە شازدە کەشتی پەلاماری خاکی تەبەرستانیان داوەو پێکادانێکیان کەوتووەتە نێوان. لە ئەنجامدا لە سەدەی هەفتەمی کۆچیدا کاتێ کە شەڕفرۆشانی مەغۆل پەلاماری روسیایان داوە، ئەم ترکە رۆژئاواییانەیان لاواز کردووەو پاشان  کە لە روسیا رۆییشتون، سلاڤیەکان لاوازیی ئەوانیان بە دەرفەت زانیوەو راویان ناون، ژمارەیەکیان لە کۆسارەکانی قەفقازەوە پەڕیونەتەوەو هاتوونەتە خاکی ئێرانەوەو ژمارەیەکیان لە تورکیای ئەمڕۆو نیمچە دوڕگەی قرم و وڵاتانی بالکان‌و تەنانەت لە ئەوروپای رۆژهەلاّتی دا بلاّوبوونەتەوەو ژمارەیەکیانیش کە لە شوێنەکەی خۆیان ماونەتەوە بریتیین لە تاتارو داغستانیەکانی ئەمڕۆ.

## ٣–زمان:

زمانی روسی یەکێکە لە لقە گەورەکانی زمانانی سلاڤی کە لە روسیاو پۆلاّنداو چیکۆسلوڤاکیاو بەشێك لە مەجەرستان‌و سربو کرواتو بولغارستان‌و هەندێ دەڤەری ساکس و پروس دا باوەرو بەکار دێت. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەزمانانی سلاڤی دەپەیڤن دەشێت بە سەدو نەوەت ملیۆن بقەبڵێنریێو ژمارەی ئەو کەسانەی بە زمانی روسی دەدوێن دەگاتە نەوەتو نۆ ملیۆن.

جگە لە زمانی روسی، لە یەکێتی سۆڤیەتدا، زمانی ئۆکرانی باوە کە لە زمانی روسییەوە نزیکەو هەروەها زمانێکی دیکەش هەیە کە لە روسیاو دەڤەری گالیسیو بەشێکی مەجەڕستاندا قسەی پێدەکەن‌و پێی دەڵێن: زمانی روسیای بچووك کە زمانێکی شاعیرانەی خۆشە، بەلاّم زاڵی زمانی روسی کردوێتییە کارێك کە لە ئەدەبیاتدا بەودا ناگات. وێڕای ئەمەش لەو رۆژەوە کە حکومەتی سۆڤیەتی دامەزراوە ئەدەبیاتی ئەو ولاّتە رۆژ بە رۆژ دەوڵەمەندتر بووە.

لە یەکەمین رۆژەوە کە ئەدەبیاتی روسی پەیدا بووە، هەمیشە زمانی مۆسکۆ، پایتەختی کۆنی ولاّت بە رەوانترین زمان زانراوەو مەبەست لەوەی کە ئەمڕۆ (ئەدەبیاتی روسی) پێدەڵێن، ئەو شیعرو پەخشانانەیە کە بەو زمانە نووسراون.

دەستووری زمانی روسی،خزمایەتی‌ونزیکییەکی تایبەتی لەگەڵ دەستووری زمانی لاتین‌و زمانی یونانی دا هەیەو رەگ و ریشەی زۆر وشەی لە زمانانی دیکەی میناکی هندیو ئەوروپاییو ئاریایش دا هەیەو لەم لایەنەوە هەندێ جار یەکجار لە زمانی فارسییەوە نزیکە، ئاهەنگ و ریتمی شاعیرانەونەرم وخۆش‌و لەبار، خەسڵەتی هەرە سەرەکی زمانی روسیە. لامانوسوف—ی زاناو شاعیری ناسراوی سەدەی هەژدەیەمی زاینی روسیا پیناسەیەکی زۆر دروست و بەجێی لەمەر زمانی روسی کردووەو گوتویەتی: "هەم شکۆی زمانی ئەسپانیایی، هەم خێرایی گوزارشتو دەربڕینی زمانی فەرەنسی، هەم نێروی زمانی ئاڵمانی، هەم ناسکی زمانی ئیتاڵیایی تێدایە، ئەمە جگە لەوەی کە کورتبڕیو راشکاویی زمانی یۆنانیو لاتینیشی تێدا هەیە".

لە هەندێ قۆناغ و سەردەماندا، کاریگەریی زمانانی ئەوروپایی زیانیان بە زمانی روسی گەیاندووە، بۆ نموونە لە سەدەی هەژدەیەمی زاینیدا زۆر زاراوەی تایبەت بە زمانی ئاڵمانیو فەرەنسی هاتووەتە ناو زمانی روسیەوەو تەرجەمەی حەرفی کراون‌و بەکار هێنراون‌و پاشان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا بە تایبەتی کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانی فەیلەسوفانی ئەڵمانیەوەو بووە بەزمانێکی زۆر قورس و دەستکرد.

رێنووسی روسی لە ئەلفبای یونانیەوە وەرگیراوەو چونکە لە روسی دا هەندێ دەنگ هەن کە لە زمانی یۆنانی دا نەبووەو نیشانەیەکیان بۆ ئەو دەنگانە نەبووە، ئیدی سیریل و متود کە لە پێشەوایانی مەزەبیو ئاینی سەدەی نۆیەمی زاینی بوونە، هاتوون بۆ زمانانی سلاڤی دەڤەری مراڤیو بوڵغاریا نیشانەی تایبەتیان داهێناوە کە لە رێنووسی روسیشدا بەکار دەبرێت، جا هەر بە بۆنەی ناوی ئەو سیریلەوەیە کە بە ئەلفبای روسی دەڵێن (ئەلفبای

سیریلی)، ئەم ئەلفبایە لە زەمانی پوترسی گەورەدا کەمێك دەستکاری کراوەو ئەلفبای عرفی لە جیاتی ئەلفبای کۆن بەکار هێنراوەو رێنووسی کۆن تەنیا بۆ کتێبانی ئاینی بەکار هاتووە. جگە لە خەتو ئەلفبای سیریلی، هەندێ جار لە نووسینی کۆنی سلاڤییەکاندا خەتێکی (ئەلفبا) دیکە بەکار هاتووە کە پێیان دەگوت خەتی "گلاگولیتیك‌و لە روسیادا رەواجێکی ئەو تۆی نەبووەو لەم دواییانەشدا تەنیا هەندێ جار لە کەنارەکانی دەریای ئادریاتیك دا باو بووە.

## ٤- عمومیاتی مێژووی رووسیا:

مێژووی روسیا لە راستیا لە سەدەی نۆیەمەوە دەست پێدەکاتو لەم سەردەمەدا "وارگ"ەکان کە خەڵکانێکی تالانچی ئەسکەندەناڤی نەژاد بوون، دەستیان بەسەر ئەم وڵاتەدا گرتووەو سلاڤیەکانیشیان فێری داب ونەریتی جەنگاوەریی خۆیان کردووە. لە سەردەمی سەڵتەنەت وپاشایەتی ڤلادیمیردا (٩٧٢- ١٠١٥ز)دا کە روسەکان هاتنە سەر ئەوەی لە نێو ئاینە باوەکانی ئەو زەماندا ئاینێك بۆ خۆ هەڵبژێرن‌و تا ماوەیەکیش لەم کارە دوو دڵ بوون‌و هەموومەزەبەکانی ئەو زەمانە لە هەوڵ‌و رکاربەریدا بوون کە بۆ لای خۆیانیان رابکێشن، لە ئەنجامدا بانگەوازی موبەلیغانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتەیان قبوڵ کردو ئاینی عیسەوی ئەو سەردەمەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتەیان پەسند کرد کە هەمان کڵێسای ئەرتۆدۆکسی روسیای ئەمڕۆیە. بەر لە داگیرکاری مەغۆل گەورەترین پاشایان یاروسلاڤی گەورە بوو کە لە ساڵی ١٠١٥- ١٠٥٤ پاشایەتی کرد، لێ پاش ئەو قۆناغی پاشاگەردانیو ئاژاوەو شەڕی ناوخۆ هاتە ئاراوەو سەرەنجام مەغۆلان دەستیان بەسەر ئەو وڵاتەدا گرت. پاش ئەوەی مەغۆلان لاواز بوون، میرانی مۆسکۆ، بە تایبەتی ئیڤانی سامناك، بەرە بەرە قەڵەمڕەوی خۆیان فراوان کردو لە ئەنجامدا لە سەردەمی رۆمانۆفەکاندا کە لە ساڵی ١٦١٣ز گەیینە دەسەڵاتی پاشایەتی وڵاتێکی بەهێزو میللەتێکی بە توانا دامەزرا. بەنێوبانگترین تزارانی روسیا پترۆسی مەزن بوو (١٦٨٢- ١٧٢٥) کە روسیای بەرەو شارستانیەتی ئەوروپای رۆژاوایی ئاراستەکرد.روسیا لە سەدەی هەژدەیەمدا زۆربەی کات لەگەڵ پاشایانی عوسمانیدا لە شەڕا بووە، لە زەمانی کاترینی دووەمدا (١٧٦٢- ١٧٩٦) یەکەمجار پۆڵاندا لە نێوان روس و پروسدا دابەشکراو خاکی (ئازو)ش بوو بە بەشێك لە روسیا. پۆڵسی یەکەم (١٧٩٦- ١٨٠١) بۆ دژایەتی فەرەنسا چووە یەکێتی ئەوروپاوە، لەبەر ئەمە ناپلیونی یەکەم، ئیمپراتۆری فەرەنسا پەلاماری روسیای داو ئەوە بوو لە روسیادا شکستە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٨١٢ی خواردو هەر لەبەر ئەمەش ئەلکساندەری یەکەم لە هەنبەر فەرەنسادا بوو بەناودارترین پیاوی ئەوروپاو سەرۆکی یەکێتیی ئەوروپا.

دوای ئەوە تزارەکانی روسیا لە ئێران‌و تورکیاو ئاسیای ناوەندیو رۆژهەڵاتی دوورا کەوتنە پێشڕەوی‌و هەندێ جار ئەم پێشڕەویانە بەشکستنی میناکی جەنگی قرم (لە

١٨٥٦)و جەنگی ژاپۆن لە ١٩٠٤ دەشكایەوەو هەندێ جاریش سەركەوتنی لێدەكەوتەوە وەكو شەڕێن ١٨٧٧و ١٨٧٨ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. روسیا لە جەنگی جیهانی یەكەمدا (١٩١٤- ١٩١٨) بەشێك بوو لە بەرەی تەوەری فەرەنسا وئینگلتەرا، لێ شۆڕشی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ چارەنووسی روسیای بە تەواوەتی گۆڕیو نەك هەر بە یەكێك لە رووداوە گرینگەكانی مێژوو دەژمێردرێ بەڵكو ماهیەتی روسیای بە تەواوی گۆڕیو میللەتێكی گەورەو بە هێزو تواناى فەراهەم كرد، كە لە دووەم جەنگی جیهانیدا، لە ساڵی ١٩٤١ەوە تاساڵی ١٩٤٥ بەشدارییەكی گرینگ و زۆر كاریگەری دژ بە ئاڵمانی هیتلەری كردو ئەوە بوو لە ئەنجامدا بە سەركەوتنی یەكجارەكی بەسەر فاشیستدا شكایەوە.

## ٥- ئەدەبیاتی گەلانی سۆڤیەتی:

تا وەكو بەر لە شۆڕشی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ گەلێك لە گەلانی بچووكی سۆڤیەتی هێشتا رێنووسیان نەبوو، لە سەردەمی یەكێتیی سۆڤیەتدا رێنووس‌و ئەلفبای تازەیان بۆ چل زمان داناو بەمجۆرە ئەدەبیاتێك فەراهەم بوو وئەمێستا بەرهەمە گرینگە ئەدەبییەكانی زمانی روسی بۆ سەدویازدە زمان پاچڤە دەكریٚو بڵاودەبێتەوە.ئێستا لە نێو گەلە جۆراو جۆرەكانی یەكێتیی سۆڤیەتی دا ئەدەبیاتی ئۆكرانی یامالاروسی و بیلوروسی‌و فنلاندی‌و ئەستونی ولتونی ولیتوانی‌و تركی ئازەربایجانی‌و تركی تاتاری‌و زمانی ئۆزبەك كە هەمان زمانی تركی جغتای جارانەو زمانی توركمانەكان‌و زمانی تاجیك و ئەرمەنی‌و گورجی‌و زمانی كازاخەكان‌و ئاسەكان‌و كاباردەكان‌و ئەبخازەكان‌و كوردەكان، گەشەیەكی فرەی كردووەو زۆر پێشكەوتووە، ونەك هەر نووسەران و هونەرمەندانێك لە نێو ئەم میللەتانە پەیدا بوون كە بە زمانی خۆیان شاكارانێك بەرهەم دێنن، بەڵكو شاكارانی زمانانی دیكەش، لەوانە بەرهەمێن بەنێوبانگی ئەدەبیاتی روسی‌وسۆڤیەتی،بۆ ئەو زمانانە پاچڤە دەكەن‌و بڵاودەكەنەوە، وتەنانەت شانۆنامە گرینگەكانی زمانانی بێگانەش بۆ ئەو زمانانە وەردەگێڕن و نمایشی دەكەن.

## فەسڵی دووەم

## هەوەڵین بەرهەمێن ئەدەبی

### ١- سەرچاوەی ئەدەبیاتی روسی:

لە کۆتایی سەدەی دەیەمی زاینیدا لەو سەردەمەدا کە فلادیمیر لە دەڤەری کیف حوکمڕانی دەکرد (٩٨٠- ١٠١٥) روسەکان چوونە سەر ئاینی عیسایی‌و کتێبانی تەورات‌و ئینجیلیان، کە سلاڤیانی موراڤی‌و بولغاریا بۆ زمانی خۆیان پاچڤەیان کردبوون،وەکو کتێبی ئاینی قەبوڵ وپەسند کرد.ئەو زمانەی کە ئەم کتێبانەیان پێ پاچڤە کردبوون، زمانی سلاڤون یا پالیوسلاڤی، پێ دەگوترا، ئەم زمانە بەناچاری دەبوایە ببێ بە زمانی ئەدەبی، لێ لە سەرەتادا تەنیا ئەوزاری دەربڕینی بیروباوەڕێن ئاینی بووە.

لەم قۆناغەدا هێشتا هیچ شیعرێك بەم زمانە نەگوتراوە، رەنگە شیعریان لەوە بە کەمترو بچووکتر زانیبێ کە بە بەشێك لە ئەدەبیاتی بژمێرن، وەکو ئەمە لە سەرەتای ئەدەبیاتی هەندێ لە میللەتانی دیکەشدا بەدی کراوە.

### ٢- هەوەڵین هۆزانێن زمانی روسی:

لە گەلێك لە وڵاتانی جیهاندا، هەوەڵین هۆزانانێ کە لە کاتی تۆمارکردنی بەرهەمی ئەدەبیدا بەرچاو کەوتوون‌و کۆنترین بەرهەمی هۆنراوەیی (منظوم) کە بە دەست هاتووە، هۆزانێن داستانیە (ملحمە). وا دەردەکەوێ کە داستان پەیوەندی تەواوی بە شارستانیەتە کۆنەکانەوە هەیە، چونکە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا دەمێکە روحی داستانی خامۆش بووەو کوژاوەتەوە. لێ لە باکوری روسیادا هێشتاش جووتیارانێك هەن کە بەیتی میللی‌و نەتەوەیی وڵاتی خۆیان ئەزبەرە. لە مێژووی ئەدەبیاتدا بەم شیعرانە دەڵێن (بیلین) کە مانا حەرفیەکەی (چیرۆکی راست‌و دروست) دەگەیەنێ، لێ خەڵکی روسیا خۆیان بەم جۆرە شیعرە دەڵێن (ستارینی- starini) کە بە مانای (چیرۆکی کۆن) دێت.

کۆی ئەم (بیلین)انە یەکەمجار لە سەدەی نۆزدەمدا فەراهەم بووەو یەکەم کەس کە بڵاوی کردونەتەوە (ساخاروف)ـە کە پشتی بە دەستنووسێکی کۆن بەستووە، کە ئێستا لە ناوچووەو فەوتاوە. وەکو چۆن لە ئەدەبیاتی هەر وڵاتێکا هەوەڵین شاعیران، گۆرانی بێژانی گەرۆك بوونە کە بە ئاواز یا سازەوە هۆنراوەی کێشدارو هەندێ جارسەرواو قافیەداریان بە دەنگ وئاوازی خۆشەوە گوتووە، لە روسیاشدا ئەم شیعرانە دەرهاویشتەی تەبع وسەلیقەی ئەو شایەرو

گۆیەندە گەڕۆکانە بووە کە زۆربەیان لە رۆمی بچووکەوە (بیزەنتە)یان وڵاتی سلاڤەکانی باشورەوە هاتوون‌و لە دەربارەی میرانی روسیادا ئەم ئاوازو گۆرانیانەیان گوتووە.

لەو زەمانەدا کەشیشان کە تاقە چینی خوێنەوارو زانایان پێکدێنا، ئەم شیعرانەیان بە بەشێك لە ئەدەبیات نەدەژماردو لەوە بە کەمترو نزمتریان دەزانی کە بنووسرێن، وتەنانەت بگوترێن‌و گوییان لێبگرێ، لە هەرلایەکەوە بۆیان بکرابا ئەم گۆیەندەو شایەرانەیان دەردەکردو شیعریشیان وەکو هەر شادی وسەرگەرمییەکی دیکە بە دژمنی ویقاروئەدەب دەژمارد، جا ئەگەر ئەم شیعرانە ماونەتەوەو نموونەیان گەییوەتە دەستی ئێمە، هی ئەوەیە کە خەڵکی روسیا حەزیان لێکردووەو لە یادویادگەی خۆدا پاراستویانەو هەمیشە لە ئاهەنگ‌و بۆنە گشتییە شادەکاندا، بە دەنگ‌و ئاوازەوە گوتوویانەو بەمجۆرە لە سەردەمی داگیرکاریی مەغۆل‌و قۆناغەکانی دیکەدا پارێزراون‌و نموونەیان لێ ماوەتەوە

گەلێك لەم هۆزان‌و هۆنراوانە هەوەڵجار لە دەڤەرو قەڵەمڕەوی ئۆکرانیادا هاتوونەتە ئاراوەو لەوێندەرەوە بۆ باکوری روسیا چووە، چونکە لە باشوردا ئەو شیعرانەیان بە هیچ نەزانیوەو بە هەندیان نەگرتووە، وێڕای ئەمەش دیمەن ویادگارانی باشووری روسیایان لە خۆگرتووەو پاراستوویانە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا کە ویستیان ئەم شیعروهۆنراوانە تۆمار بکەن، پەنایان بردە بەر حافیزەو یادگەی دەنگبێژان‌و شایەران‌و جووتیارانی ژن و پیاو، هەندێکیان تا پەنجا هەزار دێڕە هۆنراوەیان لەبەر بووەو لە بیر بووە.

بابەت‌و نێوەڕۆکی ئەم (بیلین)انە زیاتر لەمەڕ وردەکاری ژیانی قارەمانانی میللی‌و نەتەوەییەو هەندێ جار بە تانی وردەکارییانی زۆر وردا دەچێت، بۆ نموونە دەربارەی ئەسپ زینکردنی قارەمان، چوونە شەڕی قارەمان، ئاهەنگ گێران‌و جەژنگرتنی قارەمان. هۆنراوەی (بیلین) سێ تۆن‌و ئاوازی جیاوازی هەیەو ژمارەی هیجاو بڕگەکانی دیاریکراوە، ئاوازی زۆربەیان یەکنەوا یەك ریتمن کە لەگەڵ سازدا جووت نایەتەوە. یەکەمین کۆ (بیلین) لە ساڵی ١٨٠٤دا چاپ بووە.

هەندێ لەم هۆنراوانە دەربارەی پیاوانی مێژوویی روسیان‌و هەڵبەتە دەتوانرێ بە هۆی ئەوەوە مێژووی ئەم بەیت و هۆنراوانە دیاری بکرێ، لە هەندێك لەو شیعرانەدا، هەندێ هێماو ئاماژان هەن کە شوێنی رووداوو شوێنی هۆندنەوەو رێکخستنی ئەو شیعرانە نیشان دەدەن. هەروەها هەندێ (بیلین)ان هەن کە دەربارەی رووداوەکانی شاری نوڤوگورد یان شاری کیف و تەنانەت دەربارەی مۆسکۆو سەردەمی ئیڤانی سامناك-ن‌و تەنانەت هەندێ (بیلین) دەربارەی (پۆترسی مەزن)یش ماوەتەوە.

هەندێ لە شاعیرانی نێوداری ئەم سەردەمانەی دوایی روسیا، بەیت و شیعری زۆر جوانیان لە بابەت و نێوەڕۆکی ئەم (بیلین)انەوە هەڵێنجاوە، وهەندێ لە مۆزیك زانانی گەورەش ئۆپرا یا کۆپلە موسیقایان لێوە هەڵێنجاوە.

هەندێ جار لەم (بیلین)انەدا دیمەن‌و نمای وڵاتانی دووریش دەبینرێ، بۆ نموونە لە شوێنێکدا باسی هندوستان کراوەو لە شوێنێکیش دا ئاماژە بۆ ئێران کراوە، لەمەش گرنگتر

ئەوەیە کە لە یەکێك لەو(بیلین)انەدا شوێنەواری راستەوخۆو بێ چەندو چوونی بەیتی (رۆستەم‌و زۆراب) دەبینرێ کە لە شانامەی فیردەوسیدا هەیە، وئەویش بەیتی (ئیلیا)یە، لەم بەیتانەدا تەنانەت وشەی رۆستەم گۆڕاوەو بووە بە (یروسلان).

## ٣-سرودێن ئاینی:

لە پاڵ ئەم بەیت وهۆنراوە میللی‌و فۆلکلۆریانەدا، لە زمانی روسیدا ژمارەیەکی فرەی سروودێن ئاینی هەن کە بێگومان کەشیشان پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی نەسرانی گوتوویانەو بەشە جۆراوجۆرەکانی تەورات و ئینجیل‌و تەنانەت بەشە دەستکردەکانی ئینجیل‌و چیرۆکەکانی رۆمی بچووك (بیزەنتە)شیان هۆنیوەتەوە. یەکێك لەوانە بەیتێکە لە زمانی داودەوە ئەفراندنی جیهان بۆ فلادیمیر، میری روسی شەرح و شرۆڤە دەکات، یان بەیتێکی دیکەیان هەیە کە باسی چیرۆکی ئەفراندنی ئادەم و حەوایە، و هەندێ بەیتی دیکەیان هەیە کە دەربارەی ژیانی ئەولیاو شەهیدانی ئاینی نەسرانی یا هەندێ لە کەشیشانە. جاران گەدایانی گەڕۆك، کە کلیسای ناوچەیی رابەریان بووە،لە جەژن‌و ئاهەنگ‌و بۆنە ئاینییە گشتییەکاندا، بە کۆمەڵ ئەم بەیتانەیان بە ئاوازو گۆرانییەوە گوتووەو کۆمەك‌و یارمەتیان وەردەگرت.هەڵبەتە ئاشکرایە کە ئەم بەیتانە هەندێ جار بابەت‌و نێوەڕۆکی ئەخلاقی‌و بەزەیی‌ومیهر ئەنگێزیان لە خۆگرتووە تا ختوکەی سۆزو بەزەیی خەڵکی بدەن‌و گۆیەندەو شایەر لێرەدا سەلیقەوهونەری شاعیرانەی خۆی نیشانداوە. لە نێو ئەم بەیتانەدا (منظومة) بەیتێك نیە کە بۆ پێش سەدەی هەڤدەیەم بگەڕێتەوە، و هەندێ جاریش پیاوانی مێژوییان لەم بەیتانەدا تێکەڵاوی بابەتی ئاینی و مەزەبی کردووە.

## ٤-پەخشانە چیرۆکان:

جگە لە بەیتە داستانیەکان، کۆمەڵێك پەخشانە چیرۆکێن کۆنیش ماونەتەوە، کە لە سەدەی هەژدەیەمەوە دەستیان بە تۆمار کردنیان کردووەو بەناوبانگترینیان کۆمەڵێکە کە ئافاناسیف- Afanassief ئامادەوکۆی کردووەتەوە، لە بن دێڕو ناو ئەم چیرۆك‌و حیکایەتانەشدا کۆمەڵێك نێوەڕۆکی جیاوازوتەنانەت بابەتیش هەن کە لە دراوسێکانی روسیاو گەلانی رۆژهەڵات‌و رۆژاواوە وەرگیراون‌و بگرە نێوەڕۆك‌و تیمەی چیرۆکێن ئەوروپای رۆژاواییشیان تێدا هەیە کە لەوەیە لە فەرەنساوە یان وڵاتێکی دیکەوە گەیی بێتە روسیا کە دیارە دەبێ یادگاری قۆناغ و سەردەمێك بێ کە روسیا لەگەڵ ئەم وڵاتە رۆژاواییانەدا پەیوەندی هەبووبێ.لە هەندێ لەم چیرۆکانەدا لێکچوونی تایبەتی‌وهەندێ گاڤ ئاشکرا لەگەڵ چیرۆکێن ئێرانی‌وتەنانەت حیکایەتەکانی هەزارو یەك شەوەش دا هەیە، هەروەها بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کاریگەری ژینگەشیان تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە زۆربەی ئەم چیرۆکانەدا شوێنەواری لە رادەبەدەری لێرەواران‌و ماسییان هەیە، هەروەها شوێنەواری وڵاتانی دوورە دەستیانیش تێدا دەبینرێ، بۆ

نموونه له هەندێکیاندا باسی ئەژدیها وحەزیایان هەیە کە دەبێ لە چیرۆك و حیکایەتی ئێرانییەوە وەرگیرا بن.

ئەوەی کە لەم چیرۆکانەدا زۆر جوان ومایەی سەرنجە ئەو پەندوقسە نەستەقانەیە کە رەنگدانەوەی روحی نەتەوەیی گۆیەندەی ئەو چیرۆکە و ژینگەی چیرۆکبێژو حیکایەتخوانەکەیە، وەکو ئەم پەندە: "میوانی ناوەخت لە تاتاریش خراپترە". کە ئەمە هێرش و پەلامارو، تالان و بڕۆی تاتارەکان لە ولاتی روسیەدا دەگەیەنێ و نیشاندەدات.هەڵبەتە هەندێ جار لەم حیکایەتانەدا خورافات و باوەڕ بە سیحرو جادو، وهەروەها هەندێ بابەتان دەربارەی کشتیاری و وردەکارییانی ژیانی دێهاتی دەبینرێ، کە ئەوە دەگەیەنێ و دەسەلمێنێ هەندێکیان لە گوندا و بەدەستی جووتیاران فەراهەم بووە.

## ٥–ئاشقێنی و گۆرانی (بالۆرە):

یەکێك لە زەخیرەو کەلەپورە هەرە جوانەکانی ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆری روسی ئەو گۆرانی و ستران و ئاوازە کۆنانەیە کە هێشتا لە شوێن وناوچەی ئەسڵی خۆیدا باوی تەواوی ماوەو بە هۆی تەڕی و بڕی و ناسکی تایبەتی خۆیانەوە لە هەموو دنیادا شۆرەتیان پەیدا کردووە. هەندێ لەم بەیت و هۆنراوانە زۆر کۆنن و هەندێکی دیکەیان خەڵکی لە بەرهەمی شاعیرانی زەمانانی دواترەوە وەریان گرتووەو لە نێو دیوانی هۆزانێن ئەو شاعیرانەدا هەیە.

ئەو گۆرانیانەی کە کۆنترن و گۆیەندەکانیان دیار نیە هەمیشە هەر قافیەدارنین، زۆر جار بێ قافیەن و ژمارەی سیلاب و بڕگەکانیشیان جیاوازەو بابەتەکانیشیان تەواو هەمە جۆرو رەنگاو رەنگن بۆ نموونە گۆرانی هەیە کە لە وەسفی بەهاردا گوتراوە، هەیە بۆ جەژن و بۆنە مەزهەبی و ئاینییەکان گوتراوە یان هەیە بە بۆنەێن میللی و نەتەوەییەوە دەگوترێ. لە زۆربەی ئەم ئاوازو گۆرانیانەدا وەسفی وردی سروشت دەبینرێ کە بەزمان و گوزارشتێکی شاعیرانەی تایبەتییەوە گوتراوەوهیچ ئەنجامگرییەکی فیکری وئەخلاقیان لێ هەڵناهێنجرێ. لە نێو ئەم بەیت و بالۆرانەدا، گۆرانی ئاشقانەش زۆرە کە ئاوازێکی خەمینی تایبەتیان هەیەو زۆربەیان بە زمانی ئەو کیژەوەیە کە بە بووکی دەڕوات و لە ماڵی بابی دوور دەکەوێتەوە، ئەمە یادگاری ئەو سەردەمەیە کە دووری مەودای نێوان گوندە لێکدی دوورەکان، یەکێك بووە لە گرفتە بێ چارەسەرەکانی ژیانی روسیا. لەم بابەتە گۆرانیانەدا هەمیشە کیژێ و دەستە خوشکەکانی لە باب دەپاڕێنەوە کە نەیدات بە بێگانان و هەمیشە برای کیژێ پشتیوانی کیژێیەو ئەمەش رەنگدانەوەیەکی دیکەی گیانی میللی و نەتەوەیی و ژینگەیە. لەم گۆرانیانەدا جۆرێکی دیکەش هەیە کە گوزارشت لە ماڵاوایی سەرباز لە ولات وخاوخێزانی خۆی دەکات کە ئیتر ئەوان نابینێتەوە.ئەم بەیت و بالۆرەو سترانانە، هەریەکەیان ئاهەنگی مۆزیکی خۆی و تەنانەت ئاوازی تایبەتی خۆیان هەیە.وهەمە جۆری و هەمەڕەنگی مۆسیقاو دەربڕینی شاعیرانەو گونجان و هەماهەنگی وشە، جیلوەیەکی تایبەتی پێ بەخشیون و ئەمەش بووەتە باعیسی ئەوەی لە هەموو جیهاندا شۆرەت پەیدا بکەن، ئەم خاڵە

خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە گیانی ئاشقێنیو غەزەلسەرایی لە روسیای کۆندا زۆر بە هێز بووەو ئەم نموونە کورتانە نیشانەی دەوڵەمەندیو فراوانی ئەدەبیاتی ئەم قەڵەمڕەویە.

## ٦-شانۆی عامیانە :

لەو دەورو زەمانەدا، لە بنکەو ناوەندە جیاوازەکاندا کۆمەڵێك ئەکتەرانی گەڕۆکیش هەبوونە کە میناکی شایەران لێرەو لەوێ گەڕاونو هۆکاری دڵخۆشیو سەرگەرمی خەڵکیان فەراهەم کردووە، وریێك وەکو ئەو گروپە بوون کە لە ئێراندا تا ماوەیەك لەمەوپێش هەر مابوونو (موقەلید)یان دروست تر(تەقلیدچی)یان پێدەگوتنو بەزۆری یەکسەروراستەوخۆ لەلای خۆیانەوە پرسیارو وەڵامیان دروستدەکردوبەمجۆرە چەشنە شانۆیەکی میللیو گەڕۆکانەیان فەراهەم دەکرد. ئەم گروپەش لە روسیادا تەقریبەن بە هەمان حاڵەتی کە لە ئێراندا باو بووە، ژیاونو دەژیان.و ناچار شانۆیی کۆمیدیو هەندێ جاران درامای جۆشو خرۆش ئەنگێزیان، پێشکەش دەکرد.جا چونکە کڵێساکان خەڵکیان بۆ نمایشی لایەنی خەمناكو کارەساتامێزی ژیانی شەهیدانوئەولیای ئاین هاندەدا، بێگومان ئەم گروپ و دەستەیە شتێکی وەکو: "تازیە خوانی"و "تازیەگێڕی" ئێرانیان هەبووە، لێ زانیاریی دروست لەم بارەیەوە لەبەردەستدا نیە، پاشان لە هەندێ ناوچەو دەڤەراندا بە رەزامەندی هەموو خەڵکی هەندێ درامای مەزەبیان فەراهەم کردووە کە لە سەدەی هەڤدەیەمو هەژدەیەمدا لە ناوەندە مەزەبیەکاندا نمایشیان کردووەو دیارە کە ئەم درامایانە پێشینەی کۆنیان هەبووەو لە سەدەکانی پێشترەوە ماونەتەوە. لە لایەکی دیکەوە (بوکەڵەبازی)ش لە ئەڵمانەوە هاتووەتە روسیاوقارەمانی ئەم وازیە(پترۆشکا)ی ناوەو لە سەرانسەری ولاتاو لە بۆنە میللییەکاندا، باو بووەو ئەنجامدراوە.

## فەسڵی سێیەم

## ئەدەبیاتی پێش قۆناغی پوترسی مەزن

### ١–بەر لە داگیرکاری موغۆڵ :

داگیرکاری مەغۆل بۆ روسیا لە ساڵی ١٢٢٢ز کە دەکاتە ٦١٩ی قەمەری، دەستی پێکردو تا ساڵی ١٣٠٣ز بەرانبەر بە ٧٠٢ی کۆچی لە هەموو روسیادا هەر بەردەوام بوو، پاشان لە ساڵی (١٤٦٢ز)ەوە بەرانبەر بە (٨٦٦ کۆچی) لە بەشێکی روسیادا مایەوەو دوای ئەوە میرانی مەغۆل تا ماوەیەکی زۆر لە هەرێم و دەڤەرانی جیاواز حوکمڕانیان کردووەو دوا میریان تا ساڵی (١٧٨٣ز)و (١١٩٧ کۆچی) لە قرم دا پاشایەتی دەکرد، لەو رۆژەوە کە ئاینی نەسرانی لە روسیادا بڵاوبووەوە، بنکەو ناوەندێن مەزەبی و ئاینی تا چەندین سەدە بە بنکەو کانگەی شارستانیەت و کەلتووری ئەو وڵاتە دەژمێردران و هەمان ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە لە ئەوروپادا بەرقەرار بوو لە روسیاشدا باو بوو وهەر هەموو کاروبارێکی هونەری و شارستانی لە دەستی کەشیشاندا بوو،و باس و لێکۆڵینەوە لە مەسەلەێن زانستی، فێرکاری و پەروەردەیی،و هونەریش، وەکو چۆن لە هەموو شارستانیەتە کۆنەکاندا لە ئیمتیازاتی رۆحانیان بووە، لە روسیاشدا تایبەت بووە بە م تاقمەوە.

ئەم خاڵەی کە روسیا میراتگروجێنشینی کەلتورو شارستانیەتی بیزەنتە بووە لە شارستانیەتی جیهاندا بایەخێکی فرەی هەیە، چونکە روسیا راستەوخۆ لە سەرچاوەی شارستانیەتی یۆنان و رۆمەوە هیچ شتێکی وەرنەگرتووەو لە سەرانسەری سەدەکانی ناڤین لە سەردەمی رێنیسانس دا لەم دوو شارستانیەتە بنچینەییەی تیرەی بەشەر بێ ئاگا بووەو تەنیا لەو رۆژەوە کە پەیوەندی دەگەڵ ئەوروپای رۆژاوایی دا پەیدا کردووە لە رێگەی فەرەنسی و ئاڵمانیەکانەوە سوودی لەم دوو گەنجینەی زانستە وەرگرتووە.

زمانی بولغاریان یا زوانی سلاڤن کە کتێبانی ئاینییان پێ وەرگێڕابوو، لەو زەمانەدا رەواجی تەواوی هەبوو وهەموو خەڵکی تێی دەگەییشتن، بەڵام هیچ شوێنەوارو کاریگەرییەکی ئەدەبیاتی

یۆنانو رۆمی تێدا نەبوو.مەغۆلەکان لە ساڵی (١٢٤٠ز) (٦٣٧ کۆچی)دا بە تەواوەتی روسیایان داگیرکردو فەرمانڕەوایی رەهای خۆیان بەسەردا سەپاندو لە هەر هەموو ئەو ماوەیەدا کە موغۆلان بەسەر ئەم وڵاتە زاڵبوون، لە وڵاتانی دیکەی جیهانیان دابڕی بوو،و دەرگایان لە رووی داخستبوو، لە هەر هەموو ئەم ماوەیەدا تاقە سەرچاوەی ئەدەبی لە روسیادا ئەو سەرچاوەیە بوو کە لە رێگەی زمانی (سلاڤن)ەوە لە بیزەنتەیان وەرگرتبوو، لەبەر ئەمە تا پوترسی مەزن دەرگاکانی ئەوروپای لە رووی روسیا نەکردەوە، هیچ بزوتنەوەیەکی ئەدەبی راستەقینە سەری هەڵنەداو پرەنسیپ و بنەمای مۆدێرن نەهاتە نێو ئەدەبیاتەوە.

لەم قۆناغی بێ ئاگایەدا لە وڵاتانی دیکە، ئەدەبیاتی زوانی سلاڤن لە رووی کتێبانی ئاینی و ئەخلاقییەوە یەکجار بەهێز بوو، وتەنانەت هەندێ لە کتێبانی مێژووی بیزەنتەش پاچڤە کرابوو، و هەموو ئەمانەیان لە کڵێساو دێرو پەرستگەکاندا ئامادە کردبوو، هەڵبەتە دەستکاری کەرەستە ئاینییەکانی نێو ئەو کتێبانەیان کردبوو،و بە هۆی دووریی زەمانوشوێنەوە گۆڕانکاری ئاشکرایان بەسەر هاتبوو، ئەمە تاوەکو سەدەی هەژدەیەم تاقە گردوکۆو پاشەکەوتی ئەدەبیی روسیا بوو.

کۆنترین دەستنووس بە زمانی روسی، پاچڤەی ئینجیلێکە، کە کەشیشێك بە نێوی گریگۆر، لە ساڵی (١٠٥٦ز) (٤٤٨ کۆچی) بۆ ئوسترومیر ناوێکی (Ostromir) نووسیوە. بۆیە بە (ئینجیلی ئوسترومیر) بە نێوبانگە. لە دوای ئەوەوە کۆمەڵە هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمێن ئەولیای ئاینی نەسرانیانو ژیننامەی وەلیانو شەهیدانو ئەوجا مێژوویەکی ئیمپراتۆرانی رۆم و کتێبێك دەربارەی گوزارەکاریورونبێژی دێن. لە دوای ئەوە هەندێ لە واعیزان چەند کتێبێکیان دەربارەی وەعزو ئامۆژگاری وخواناسی نووسیووەو ئەوسا هەندێ کتێبانی مێژوویی دێن کە لاسایی کردنەوەی مێژووی بیزەنتیەن.

## ٢-کتێبێن مێژوو:

لە دەوروبەری ساڵی ١١١٥ز (٥٠٩ کۆچی) لە یەکێك لە دێرەکانی کیف، کتێبێك نووسراوە لە ژێر سەرناڤی (هەواڵێن رۆژگاری رابردوو) کە بە ناوی (مێژووی نەستوور) ناسراوەو پاشان بە بەردەوامی نووسخەی لەبەر گیراوەتەوەو تەنانەت پاشکۆشیان بۆ نووسیوەو کۆنترین نووسخەی ئەو کتێبە، کە تائێستا ماوەتەوە مێژووی (١٣٧٧)ی زاینی بە سەرەوەیە.

ئەم کتێبە رێك وەکو ئەو کتێبە مێژووییانەیە کە جاران بە زمانی فارسیان نووسیوون، واتە مێژووی جیهانیان لە ئەفراندنی ئادەم و حەواو لافاوو تۆفانەکەی نوحەوە دەست پێکردووەو رەگ و رەچەڵەکی سلاڤیەکانیان گەیاندووەتە سەر (یافث)ی کوڕی نوح، وەکو دەزانین ترکانیش خۆ بە پاشماوەی نوح دەزانن، بایەخی مێژوویی ئەم کتێبە لەو باسەوە دەست پێدەکات کە دانەر باسی بونیادی شاری کیف دەکات، ئەم رووداوانە کە نیوەی مێژووەو نیوەی ئەفسانەیە بەوپەڕی روونی نووسراوەو نووسەرەکەی بە ئاشکرا بە نەژادی رووسی و باوەڕی نەسرانی خۆی

دەنازێت، لەم کتێبەدا زانیاری زۆر جوان دەربارەی وردەکاریی ژیانی ئەو قۆناغەو سەبارەت بە دانەرەکەی هەیە، کە دیارە ناوی ڤلادیمیر موناك (Vladimir monowaque) بووەو لە سالآن١٠٥٤- ١١٢٥ز) دا ژیاوە.

## ٣-سەفەرنامان:

لەم زەمانەدا روسەکان هێشتا لەگەڵ وڵاتانی بێگانەدا هاتووچۆیان هەبووەو کەشیشان دەچوونە سەفەرێن دوورودرێژو ئەوانەیان کە زاناتربوون، سەفەرنامەی خۆیان نووسیوەتەوە، وەکو کەشیش دانیال کە لە ساڵی ١١١٥ز چووەتە ئۆرشەلیمو شەرح وشرۆڤەیەکی لەمەڕ شوێنە موبارەکەکانی ئەوێندەر نووسیوە کە بایەخ و ئیحتوبارێکی فرەی هەیە. کتێبێکی جوانی دیکەی لەم بابەتە لەبەر دەستدایە کە ئەنتوان، ئوسقوفی شاری نوڤگورود دەربارەی بونیادی مەزەبی قەستەنتەنیەی نووسیوەو بەتایبەتی باسی ئەو شتە موبارەکانە دەکات کە لەوێندەر بوونە، بایەخی ئەم کتێبە زیاتر لەمەدایە کە ئەنتوان لە ساڵی (١٢٠٠ز) چووەتە ئەم سەفەرەو ئەم سەفەرەی ئەو بە ماوەیەکی کەم، بەر لەوەیە، کە لە جەنگی سەڵیبی دا شاری قەستەنتەنیەیان تالآن کردبێ و ئەو یادگارانەیان لە نێو بردبێ.

## ٤-سەربهوردی شازادە ئیگۆر:

گرنگترین بەرهەمی ئەدەبی ئەم سەردەمە (سەربهوردی شازادە ئیگۆر)و شەرحی لەشکرکێشی دوو پسمامی شازادەی (سڤیاتوسلاڤ – Sviatoslav)ە، کە (ئیگۆرو ڤسیڤولود)یان ناوەو لەگەڵ پۆلۆڤتسییەکاندا (Polovtsi) کە تیرەیەکی بێگانەو دژی سلاڤیەکان بوونە بە شەڕ هاتوون و پاش شکانێکی خراپ یەخسیر بوونەو کافرانی بێگانە پەلاماری خاکی روسیایان داوەو ئەوێندەریان گلآوکردووەو وێڕای ئەمەش ئیگۆر توانیویەتی لە زندان هەڵێت. لەم بەرهەمە ئەدەبییەدا کە بە پەخشانێکی ئەدەبیانەو شاعیرانەی زۆر جوان نووسراوەو گوزارشت و دەربڕینەکەی تەنیا ئەو کاتانە ئاڵۆزە کە باسی هەموو شتێ دەکەن. لە بەرانبەر شەڕگەو بەرەکانی شەڕدا، دیمەنێن سروشتی و ئەفسانەی روسیای کۆنی ئاوێتە بە باوەڕێن نەسرانی و باوەڕی سیاسی و هەستی نیشتمانپەروەری لە ناو ئەو سەربورەدا دەبینرێ.

یەکێك لە جوانترین پاژەکانی ئەو سەربهوردە ناڵەو زاری ژنەکەی ئیگۆر ودادو سکاڵایە لە دەست ئەو خیانەتکارانەی کە وێرانی روسیایان فەراهەم کردووە.

هەندێ لە رەخنەگران لە دروستی و ئیحتوباری ئەم بەرهەمە ئەدەبییە بە گومانن،و تاقە نووسخەی دەستنووسی ئەو بەرهەمە لە کتێبخانەی کۆنت موسین پوشکین دا بووە، (Moussine Pouchkine) کە یەکێك بووە لە دەوڵەمەندانی روسیا و لە ساڵی ١٨٠٠ نوسخەیەکی لەبەر چاپ کردووەو لە ساڵی ١٨١٢دا ئەم کتێبخانەیە سووتاوەو نوسخەی ئەسڵی ئەو بەرهەمە لە ناوچووەو لەبەر ئەوە ناتوانرێ ئیحتوبارو سەنگی ئەم کتێبە دیاری بکرێ.

ئەلکساندەر بارودین Alexander Borodiue (١٨٣٤– ١٨٨٧) کە یەکێکە لە مۆزیکزانە هەرە بەناوبانگەکانی روسیا، ئۆپێرایەکی سەرنجڕاکێشی جوانی لەم چیرۆکەوە هەڵێنجاوە دروستکردووە.

## ٥–زاڵبوونی مەغۆل :

دەستبەسەراگرتن و زاڵبوونی مەغۆل بەسەر روسیادا، یەجگار لە زاڵبوونیان بەسەر ئێراندا خراترو ناخۆشتر بووە، چونکە ئێرانیەکان لە ئەنجامی ئەو ئەزموون و نەرمی و خۆناسییەوە کە بە هۆی سەدان ساڵی زاڵبوونی جۆراو جۆرو پەیتا پەیتاو یەك لە دوای یەکی بێگانانەوە فێری بووبن، زوو بەزوو بەسەر مەغۆلاندا زاڵ بوونەوەو شارستانیەت و کەلتووری خۆیان بەسەرا سەپاندن و بەمجۆرە گۆشاری داگیرکاریی مەغۆلیان کەمکردەوەو مەغۆلیان لە خۆدا توانەوە، بەلام دەسەلات و داگیرکاریی مەغۆل بەسەر روسیادا، تاوەکو ئەو رۆژەی کە هێشتا مەغۆلان لەو ولاتە وەدەرنەکەتبوون، بە هەمان تین و تاوی خۆیەوە مایەوە. جا لەم بەینەدا حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە هەم لە مێژووی ئێران و هەم لە مێژووی روسیاشدا ئاشکرایە، و ئەوەش ئەمەیە کە چونکە مەغۆل بە خۆیان خەڵکێکی شارستانی نەبوون و لە باری شارستانی و کەلتورییەوە زۆر لەو ولاتانە کەمتر بوون کە داگیریان دەکردن، بێگومان زمان وئاین و داب ونەریت و کەلەپورو هونەرو شارستانیەتێکی ئەوتۆیان نەبوو کە بەسەر ولاتانی بندەستی خۆیانیا بسەپێنن و ناچار هیچ جۆرە دژمنایەتیەکیان لەگەڵ کەلەپوری پێش هاتنی خۆیاندا نەکردو ئەدەبیات، لە سەردەمی داگیرکاری ئەواندا، زەرەرێکی نەبینی.وێڕای ئەمەش دەسەلاتی دوو سەد ساڵەی مەغۆل بەسەر روسیادا، فاکتەرەکانی هەرەس وگەندەڵی ئەخلاقی فەراهەم کرد،بۆیە ئەم سەردەمە نەك هەر سەردەمی پێشکەوتن،بگرە راوەستان و وەستانیش نەبوو، بەڵکو دەبێ بە سەردەمی پاشەکشەو گەڕانەوە بژمێردرێت، هەر لەبەر ئەمە بوو کە لە سەدەی پانزەیەمدا زۆربەی هەرە زۆری نەجیمزادەو ئەشرافانی روسیا نەخوێنەوار بوون، لە خوێندن و نووسین دوور بوون، و گەلێك لە کەشیشەکان بە رادەیەك ئۆمی و بێ سیوات بوون کە نەیان دەتوانی دوعاو رێوڕەسمە ئاینییەکان بخۆێننەوە، ولەبەریان کردبوو.

## ٦– پاش داگیرکاری مەغۆل :

کە ئیڤانی سێیەم، ناسراو بە ئیڤانی سامناك لە ساڵی ١٤٦٢ز (٨٦١کۆچی)دا،خۆیبوونی ولاتی خۆی وەدەرچوون لە ژێر باری مەغۆلی راگەیاندو مەغۆلان بە ئەندازەیەك لاواز بوو بوون کە چیتر نەیانتوانی ناچاری بکەن باج و خەراجیان بداتێ، قۆناغ و سەردەمێکی نوێ لە مێژووی روسیادا دەستی پێکردو دەتوانرێ بگوترێ ولات و میللەتێکی دیکە لە جیهاندا پەیدا بوو. تا پێش ئەو قۆناغە روسیا بریتی بوو لە کۆمەڵێك خان و سەر خێڵ و میرانی سەربەخۆ کە کەسیان بەسەر کەسیاندا زاڵ نەبوو و نەیدەتوانی دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێ. خۆ ئەگەر مەغۆلیش

ئـەو وڵاتـەیان داگیر نەکردبوایـە، ئـەوا ئیمپراتـۆرانی بێزەنتیـە جڵـەوداری چارەنووسـی روسـیا بوونو هەمیشە دەستووروو فەرمانان لە قەستەنتەنیەوە دەهات.

هەر کە میرانی مۆسکۆ، حکومەتێکی بەهێزیان دامەزراند شاری مۆسکۆ بوو بە پایتەختی هەموو وڵات و ئاینی نەسرانی کرا بە ئاینی فەرمی هەموو خەڵکیو شارستانیەتو کەلتورێك لە مۆسکۆو لە دەوری کڵێسای روسیا پەیدا بوو کە جارجارێك شنە بایەکی لە ئەوروپای رۆژاواییەوە بەسەردا دەهات،بەڵام هەمیشە تایبەتمەندییە روسیەکەی خۆی دەپاراست،و ئەدەبیاتی روسی بەمجۆرە لە جیهاندا پەیدا بووەوهاتۆتە ئاراوە.دەسەڵاتو کاریگەریی ئەوروپای رۆژاوایی هێشتا بەو ئەندازەیە نیە کە هەموو شتێك بگرێتەوە، هەندێ جار تەلارکارانی ئیتاڵیایی بۆ سەرپەرشتی تەلارەکانی کۆشکی کرملین بۆ مۆسکۆ دەعوەت دەکرێنو هەندێ جار ماکسیم ناوێکی یۆنانی کە لە نەژادو رەچەڵەکی ئالبانی بووە، بۆ چاککردنی پاچڤەی روسی ئینجیلوتەورات بۆ روسیا دەبەن، لێ ئەم کارە دەبێتە مایەی نارەزاییو بێزاری توندی کەشیشانو ماکسیم بە ناچاری دەڕوات بۆ دێرێکی دوورە دەست و لەوێندەر کارەکەی خۆی تەواو دەکات.

لەم سەردەمەدا وردە وردە فاکتەرێن پێشکەوتنو بڵاوبوونەوەی ئەدەبیات گەڵاڵە دەبێت،و ئیڤانی چوارەم لە ساڵی (١٥٥١ز)دا ئەنجوومەنێك لە کەشیشان پێکدێنێو بڕیارێکی سەد مادەیی لەمەڕ پرسێن جۆراو جۆری ئاینیو کەلتوریو شارستانی دەدەن، یەکێك لەوانە ئەم مادەیەیە کە دەبێ پەرە بە خوێندنو فێر بوون لە نێو کەشیشاندا بدرێ، دوو ساڵ دوای ئەوە، واتە لە (١٥٥٣ز)دا بۆ جڵەوگیری لە خراپی نووسینەوەی تەوراتو ئینجیل، یەکەمین چاپخانە لە مۆسکۆدا دادەمەزرێنن کە تا ماوەیەك تایبەت بوو بە بڵاوکراوەکانی کڵێساوە.

## ٧-کتێبانی ئەم سەردەمە :

لەم سەردەمەدا کتێبێك لە ژێر سەر ناڤی (دۆمۆسترۆی- Domostroy) بڵاودەبێتەوە کە دەیدەنە پاڵ سیلوستەر، شیرەتکاری لاوی ئیڤانی چوارەمو گوایە تەنیا یەك فەسڵی ئەو کتێبە کە ناوی (دەستوراتی باوك بۆ کوڕەکەی)یەتی، هی ئەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێك زانیاری تەواو کە سەرۆکی هەر خانەوادەیەك پێویستییەتی،ونەك هەر دەستووروو رێسای ئەرك و رێوڕەسمو عیبادەتکاری ئاینی تێدایە، بەڵکو رەفتاری سەرەك خێزانیش لەگەڵ ژن و منداڵو خزمەتگوازارانو رەچاو کردنی خەرجیو میوانداریو ئامادەکردنی جلوبەرگو خواردن و خواردنەوەشی لە ماڵەوەدا دیاری کردووە.

لەو زەمانەدا یەك خێزانی دەوڵەمەند بە تەنێ سوودی لە کەرەستەو ئەوزارەکانی خۆی وەردەگرت و هەرچییەك لە موڵکەکانی ئەوو لە رەنجی وەرزێرانی زێرخڕی ئەو، وەبەر دەهات بە کاری دێنا. سەرۆکی خێزان لە پاش خودا فەرماندەی موتڵەق بوو و هەر کەسێك لە فەرمانی ئەو دەرچووبا جەڵدەو شەلاقی بۆ دەبڕدراوەو بە گوێرەی دەستورەکانی ئەم کتێبە توانیویەتی هەمان

مامەڵە لەگەڵ هاوسەری خۆشیدا بکات بە مەرجێ لەبەر چاوی عالەم نەبێ، بەڵام ئەرك و وەزیفەی بوو کە بەم شێوەیە لەگەڵ فەرزەندان‌و خزمەتکارانی خۆیدا رەفتار بکات، چونکە ئەگەر بەدەنیان ئازار بدات روحیان نەجات دەدات.

کتێبێکی دیکە کە لەم رۆژگارەدا بڵاوبووەتەوە، کتێبێکە بە ناوی (چتیئی مینئی – Tcheti I- Minei) ئەمە کتێبێکی گەورەیە، (ماکر– Macaire)ی مەتران رێکی خستووەو بریتییە لە ژیننامەی پەیامبەران‌و یاوەران‌و ئەولیایانی کڵێسای روسیاو یونان، ئەوەندەی لە توانایدا بووە بەرهەمی باسکردوون‌و ژیانی گێراونەتەوەو بە گوێرەی رۆژی لە دایك بوونیان ریزی کردوون. لە کۆتایی‌و پاشکۆی ئەو کتێبەدا کۆمەڵێك بەرهەمی ئاینی دیکەو شەرحی زیارەتان هەیە، و بە شێوەیەکی گشتی کتێبەکە هەموو ئەو زانیاریە ئاینیانەی لە خۆگرتووە کە لەو رۆژگارەدا، لە روسیادا برەو ورەواجی هەبووە.

## ٨–ئیڤانی سامناك :

گرنگترین نووسەری ئەم سەردەمە خودی تزار، واتە هەمان ئیڤانی سامناکەو چەندین نموونەی جوانی نووسین‌و نامەی ئەو ماوەتەوە، لەم نامەو نووسینانەدا نەك هەر ورەبەرزی‌و بە توانایی ویست و سەرسەختی خۆی نیشاندەدات، بەڵکو هونەری خۆیشی لە واری نووسەرایەتیدا نیشاندەدات، وچونکە لە هەندێ لەم نامانەدا کۆمەڵێك ئایەتی لە تەورات و ئینجیل بە نموونە هێناوەتەوە، خویایە کە ئەم کتێبانەی زۆر خوێندووەتەوە. ئەم نووسین و نامانە بایەخێکی گرنگیان بۆ مێژووش هەیە،چونکە لەو نامانەدا بە ئاشکرا، پاشایەتی‌و سەڵتەنەتی خۆی دەداتە پاڵ ئاسمان‌و بە ویستی یەزدانیی دەزانێ، وماڤی ژیان‌و مردنی ژێر دەستان‌و دەست نێژانی خۆی بە هەقێکی سروشتی‌و خوادادی خۆی دەژمێرێت، وهەندێ جاریش یادی رابردووی خۆی کردووەتەوەو باسیکردووە چۆن لە منداڵیدا، دەوڵەمەندان و ئەشرافانی وڵات، لە هەموو شتێکیان مەحرووم کردووەو خیانەتی زۆریان لێکردووە.

ئەو نووسینانەی کە لە پاش ئیڤانی چوارەم ماونەتەوە کۆمەڵە نامەیەکە کە لە ماوەی شانزە ساڵدا (١٥٦٣– ١٥٧٩) بۆ یەکێك لە فەرماندەکانی خۆی (کنیاز کوربسکی – Kourbski) نووسیوە، کە دوای ئەوەی لە شەڕێکدا شکستی خواردووە، لە ترسی ئەوەی نەبادا سزای بدات، بۆ لیتوانی هەڵاتووەو لەوێندەرەوە کەوتووەتە نامەکاری لەگەڵ تزاردا.

کوربسکی بە خۆیشی جگە لەو وەڵامنامانەی کە جوابی نامەکانی ئیڤانی سامناکی پێداونەتەوە، کتێبێکی دەربارەی مێژووی پاشایەتی ئەم تزارە نووسیوە، ئەم کتێبە یەکەمین بەرهەمی زانستانەی سەربەخۆیە کە بە چاولێکەری نووسەرانی کۆن، بە زمانی روسی نووسراوە.

## ٩–ژینگەی ئەدەبیی کیف :

لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی هەڤدەیەمدا باشوری روسیا کە تا ئەو زەمانە قەڵەمڕەوی پۆڵاندا بوو، لەو ولاتە جیا بووەوەو دوای ماوەیەکی کەم ژینگەو ناوەندێکی ئەدەبی تایبەتی لەوێندەر پێکهاتو دامەزرا. لە ساڵی ١٦٤٩دا لە سەڵتەنەتو پاشایەتی ئەلکسی میخائیلوڤیچ دا یەکێك لە ئەشرافان کە (رتیشچف – Rtichtchef) ناو بوو،لە روسیای بچووکەوە چەند کەشیشێکی بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی کە لە دێرێك دا دایمەزراند بوو، هێنا. ئەم کەشیشانە رێبازو ئوسولێ و بنەماو پرەنسیپی لاتینیان لە دەرسەکانی خۆیاندا بەکار دێنا، و ئەمە تەواو پێچەوانەی رێبازو ئوسولێ و پرەنسیپانی یۆنانی بوو کە پێشتر باو بوو وپەیڕەوی دەکرا،لەبەر ئەمە کێشمانەکێش کەوتە نێوان لایەنگرانی هەردوو رێبازە ناکۆکەکەوەو ئەم کێشمانەکێشە تا زەمانی پوتروسی مەزن بەردەوام بوو کە ناکۆکی و کێشمانەکێشەکەی بە قازانجی لایەنگرانی رێبازی لاتینی بڕانەوەو ئەکادیمیای یۆنانی مۆسکۆی بە رێبازێکی جیاوازدا ئاراستە کرد.

ئەم ئەکادیمیایە لە ساڵی ١٦٨٢دا تزار فیودور ئەلکسیوڤیچ (Feodor Alexeievitch) دایمەزراندبوو، وبە گوێرەی پێشهاتانی جیاواز رێك خرابوو بۆ نموونە هەوەڵجار لەو سەردەمەدا کە لایەنگری رێبازومیتۆدی یونانی بووە زیاتر کاتی خۆی بۆ راستکردنەوەو پوختە کردنەوەی کتێبانی ئاینی تەرخان کردووە.

کاتێ کە زانایانو رۆشنبیرانی (کیف) هاتنە مەیدانی کارەوە،لە مۆسکۆشدا جۆرە بایەخدانێك بە زانست و ئەدەبیاتی نەئاینی پەیدا بوو،یەکەمین بەرهەمێك کە بڵاویانکردەوە ئەلفبای نەتەوەیی بوو کە لە ساڵی ١٥٩٦دا بڵاوبووەوە،و لە ساڵی ١٦٤٨دا بۆ یەکەمجار دەستوورو رێزمانی زمانی روسیان، کە ملیتیئی سمۆتریتسکی (Melitii Smotritski) نووسی بووی، لە مۆسکۆ چاپ کرد، وپاشان دوو دەستوری دیکەش کە یەکەمیان لەلایەن (فیودۆر پۆلیکارپوف Fiodor polikarpof) لە ساڵی ١٧٢١دا دانرابوو، ودووەمیان لەلایەن (فیودور ماکسیموف – Maksimof)ەوە دانرا بوو، بڵاوبوونەوە. ئەم دوو کتێبە تا ئەو کاتەی کە شاعیری گەورە (لامانوسف) پەیدا نەبوو بوو، بایەخ و ئیحتوباری تەواویان هەبوو.

لەم سەردەمەدا چەند کتێبێکی دیکەی زمانوسەفەرنامەو مێژوو وژیننامەی شەهیدانی کڵێسا بڵاوبووەتەوەو دیارە کە هێشتا ئەدەبیات لە بازنەو چوارچێوەی ئاینی دەرنەچووەو ئەگەر بە رواڵەتیش هەندێ بابەتی نەئاینی لە خۆگرتبێ، هەر مەسەلە ئاینییەکانی فەرامۆش نەکردووە.

## ١٠– مێژوونووسانی ئەم سەردەمە :

یەکێك لە نووسەرە دیارەکانی ئەم سەردەمە (دانیلۆ تۆپتالا – Danilo Touptala)یە کە لە ساڵی ١٦٥١دا لە شاری (کیف) لە خێزانێکی قوزاقدا لە دایك بووەو ماوەیەك لە شارانی (ویلنا وسلوتسك Sloutsk)دا ژیاوە، بۆیە ئەویش بە پەروەردەی روسیای بچووكو شارستانیەتو کەلتووری پۆلاندی دەژمێردرێ.ئەم نووسەرە کتێبێکی داناوە بە ناوی (چتی – مینئی Tcheti-

minei) واتە ساڵنامەی کڵێسا، کە بیۆگرافیوژیننامەی شەهیدانی بە گوێرەی ڕۆژانی لە دایکبوونیان، لەخۆگرتووە.

هەر لەم مەیدانەدا دوو نووسەری دیکەش شایانی باسن. یەکەمیان (کوتوشیخین– Kotochikhine) کە لە سەرەتادا ئەندامی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیا بووەو چووە بۆ پۆلاندا، و لەوێوە پەنای بردە بەر سوێدو بوو بە پەنابەری ئەوێ، و لەوێندەر کتێبێکی لە ژێر سەر ناڤی (روسیا لە سەردەمی پاشایەتی ئەلکسی میخائیلوڤیچ)دا نووسیوە کە شەرح و شرۆڤەیەکی ئاڵۆزە دەربارەی مۆسکۆو ژیانی ئەشرافی نەزانو مەغرورو هۆڤی سیفەتی ئەوێ.

دووەمیان نووسەرێکە بە ناوی (یوری کریژانیچ – Krijanitch) کە بە رەچەڵەك و نەژاد کرواتی بووە، ئەم پیاوە بەو ئومێدە بۆ روسیا چوو بوو کە کڵێسا ناکۆکەکان ئاشت بکاتەوە، ئەوەی لەم کارە دلێرانەیەی خۆیەوە دەستی کەوت ئەمە بوو کە بۆ سیبیریایان دوور خستەوەو لەوێ کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (ئیمپراتۆریەتی روسیا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم)دا، چونکە ئەم کتێبە لە تاراوگەدا نووسراوە تا ماوەیەکی زۆر لە روسیادا پێیان نەزانیوە، نووسەر لەو کتێبەدا روحێکی پەرێشانو بێ ئۆقرە نیشان دەداتو پاش راڤەو شرۆڤەی نەزانیو بێ ئەدەبی خەڵکی روسیا ئومێدوئارەزووی ئەوە دەکات کە تزاری روسیا ئەم دەردانە دەرمان بکات.

## ١١– یەکەمین قۆناغی نوێگەرایی :

پێدەچێت کە تزار ئەلکسی میخائیلوڤیچ، دووەمین پاشای زنجیرەماڵباتی رۆمانوف، کە وادیارە هەرگیز خەبەری لە کتێبەکەی کرانیچ و خۆزیو ئارەزووەکانی ئەو نەبووە، دەبوایە کەمێك لەم خۆزیو ئارەزووانە بێنێتە دی، چونکە یەکەمین قۆناغی نوێخوازی ئەو هێناویەتە ئاراوەوهەوڵی داوە یەخەی میللەتی خۆی لە دەستی ژیانی هۆڤیانە دەربێنێ، جگە لە چەند ریفۆرمو چاکسازییەکی ئاینی، هەندێ ریفۆرم و چاکسازی شارستانیو مەدەنیشی بە یادگار لە پاش ماوە. ئەم قۆناغی نوێخوازیەش وەکو هەر دەورو قۆناغێکی تر کە بەرەو پیری رووداوان بچیو خەڵکی پاشکەوتوو ئامادەیی ئەوەیان نەبێ لێی تێ بگەن، دەبوایە رووداوی ناخۆشی لێ بکەوێتەوەو هەندێ لەم رووداوە دژوارانە وەکو یادگار لە ئەدەبیاتی روسیدا ماوەتەوە، یەکێك لەوانە (شەرحی ژیانی ئاڤاکوم – Avvakoum)ی خەلیفەیە (خەلیفە لەقەب و نازناوی رابەرو پێشەوای هەندێ کۆمەڵگەی مەسیحیانە بە تایبەتی مەسیحیانی ئەرمەنی– وەرگێڕ) کە نەیارەکانی لە ساڵی ١٦٨٢دا سووتاندوویانە، وئەو لەم کتێبەدا هەموو ئەو ئازارو مەینەتیە سەیرو عەجیبانەی شرۆڤە کردووە کە بەسەری هاتوون، یەکێك لەوانە ئەو سەفەرە زۆر سەختو دژوارەیە کە لەگەڵ ژنو منداڵدا بۆ سیبیریای کردووەو ئەو ئەشکەنجانەیە کە لە تاراوگەدا داویانە. ئەم کتێبە (شەرحی ژیانی ئاڤاکوم) هەر چەندە بە زمانی میلليو عامیانە نووسراوە، بەڵام یەجگار روونو رەوانو پڕ جۆشەو بێ چەندوچوون کاریگەرترین بەرهەمی ئەدەبیە کە لە بەرهەمێن کۆنی زمانی روسی ماوەتەوە.

لەم دوو قۆناغەی کێشمانەکێشی ئاینیو هزری دا، شاری (کیف) مەڵبەندی ئەو کەسانە بووە کە هەوڵیانداوە کڵێسای ئەرتەدۆکسی ئەوێ لە بەرانبەر زێدەگاڤی کڵێسایانی کاتولیکی

پۆلاندەدا رابگرن، و ئەنجامی ئەم ململانیٚ و کیٚشمانەکیٚشانە ئەو رکابەرییەیە کە لە نیٚوان ریٚبازی لاتینیو ریٚبازی یۆنانی دا پەیدا بووەو لەم رووداوانەدا ئەکادیمیای کیف کە (پوترس موگیلا – Mogila) لە ساڵی ١٥٨٩دا دایمەزراند بوو، وئەکادیمیای مۆسکۆش وەکو مەڵبەندی ئەم دوو ریٚبازە نەیارودژە، لە کاردا بوونە، ولە ئەنجامدا لایەنگرانی ریٚبازی لاتین پیٚشکەوتنو ئەکادیمیای مۆسکۆ ناوی فەرمی خۆی کرد بە (ئەکادیمیای سلاڤ و یۆنانو لاتین)

## ١٢- هەوەڵین پرشنگی ئەدەبیاتی نویٚ :

هەوەڵین ئاکام وئەنجامی ئەم نویٚخوازییە ئەمە بوو کە (سیموین پولوتسکی Simeon pologski) کە لە مۆسکۆدا مامۆستای منالەکانی تزار بوو، نەك هەر چەندین کتیٚبی ئاینیو حیکمەتی خوایی دانا، بەڵکو کۆمەڵیٚك بەیتی ئاینیو ئەخلاقیو فیٚرکاری لەسەر کیٚشی برگەییو پەنجە هۆنیەوە کە لاسایی کردنەوەی شیعریٚن پۆلاندی بوو و بە تەواوەتی لەو شیعرە فۆلکلۆرو میللییە روسیانەی کە لەو سەروبەندەدا لە برەو ورەواجدا بوونو لەسەر کیٚشی عەروزی بوون، جیاواز بوون.چونکە لەو قۆناغەدا جووتە ئەکادیمیای خەنیمو رەقیبی یەکدی شانۆیی ئاینیشیان نمایش دەکرد، پولوتسکی چەند درامایەکی نائاینی ئامادەکردو تەنانەت تزار بە خۆی لە نمایشی یەکیٚکیاندا ئامادە بوو.

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتوکاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپا رۆژ بە رۆژ لە زیادی بوو. بازرگانانی ئەوروپایی، بە تایبەتی ئاڵمانی رۆژ بە رۆژ لە مۆسکۆدا زیاتر دەبوون، وتەنانەت لە زەمانی ئیڤانی سامناك دا گەڕەکیٚکی تایبەتیان لە مۆسکۆدا بۆ کرابووەوەو لەویٚدا هەندیٚ لەو شتانەی کە خەڵکیان رادەکیٚشا، مۆزیكو شانۆ بوو کە لەگەڵ خۆدا هیٚنابوویان.

وردە وردە ئەم زەوقە لە نیٚو خەڵکی روسیاشدا پەیدا بوو، ئەوە بوو لە ساڵی ١٦٧٢دا کە تزار ئەلکسی میخائیلوڤیچ کوڕیٚکی بوو بە ناوی پوترس، کە پاشان بە پوترسی مەزن ناوبانگی دەکرد، دەستووری بە کەشیشی پروتستان (ژ.گ. گریگۆری)دا کە لە دەربارد شانۆنامەیەك، کە لە چیرۆکی ئەستیٚری تەوراتەوە وەریان گرتبوو، نمایش بکات. ئەمە یەکەمین بەرهەمە کە لە شانۆی روسی ماوەتەوە. لە تۆ وایە سروستیش ویستویەتی بەمجۆرە هاتنە دنیای ئەو کەسەی کە دەبیٚ بە دامەزریٚنەری نویٚگەرایی راستەقینەی هەموو کاروباریٚکی کۆمەڵایەتی روسیا، رابگەیەنیٚ، ومیٚژوو ئەوە تۆمار بکات کە ئەم منداڵە ساوایەی کە لە رۆژی لە دایکبوونیدا یەکەمین شانۆنامەی زمانی روسی پیٚشکەش دەکەن، دەبیٚ بە ریٚنویٚنی نویٚگەرایی روسیا.

گریگۆری دوو شانۆنامەی دیکەشی دەربارەی ئادەم وحەواو دەربارەی ژودیت ئامادە کردووە،و نووسخەی شانۆنامەی (ژودیت) ماوە.

وەکو چۆن گیانی مۆدیٚرنیزم هاتبووە نیٚو شیعرو شانۆوە دەبوایە ریٚی خۆی بۆ ناو رۆمانیش بکاتەوە،و وەکو چۆن شیعرو شانۆ لە روسیادا دوو سەد ساڵیٚك لە دوای ئەوروپای رۆژئاواییەوە بوو، لە مۆسکۆدا لەو دەوروزەمانەدا ئەو رۆمانە پڕماجەراو سەرکیٚشیانەیان دەخویٚندەوەو پەسند دەکرد کە لە میٚژ بوو لە ئەوروپادا لە برەو کەوتبوون، و تەنیا نووسخە

دەستنووسەکانیان ڕەواجی هەبوو، چونکە چاپخانە بۆ کارێن نا ئاینی تەنێ دوای پەتروسی مەزن فەراهەم کراوە، ئەم ڕۆمانانەیان بە زمانی روسی داڕشتبووەوەو لاساییان کردبوونەوەو تەرجەمەیەکی ورد نەکرا بوون ولەگەڵ ئەمەشدا ڕەواج و برەوی تەواویان هەبوو و پەیڕەوی هەندێکیانیان دەکرد، دیارترین ڕۆمان کە لەو قۆناغەو لەم بوارەدا ئامادەکراوە چیرۆکی (فرول سکابیف – Frol Skabeef)ـە کە باسی سەرگورشتەی پیاوێکی بەڕەڵڵاو بێ موبالاتە کە سەرەنجام لە ڤیانو لە بەخت ولە پێشکەوتنی ژیاندا بەختەوەر دەبێ.

## فەسڵی چوارەم

# سەدەی هەژدەیەم و ڕۆژگاری پوترسی مەزن

### ١–ریفۆرمەکانی پۆترسی مەزن :

ئەو زاراوەیەی کە مێژوونووسان هەمیشە دەربارەی ریفۆرمەکانی پوترسی مەزن بەکاریان بردووەو گوتویانە : "پەنجەرەیەکی بە ڕووی ئەوروپادا کردەوە" لایەنی هەرە کەمی ئەو وەسفەیە کە دەتوانرێ دەرهەق بەو بەکار ببرێ. بەر لەوەی پوترسی مەزن بگاتە پاشایەتی روسیا وردە وردە بەلای شارستانیەتو کەلتوری ئەوروپای ڕۆژاواییا دەچوو، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە یەجگار سست وخاو بوو، و ئەگەر بە هەمان ڕەوتی ئاسایی خۆی بڕۆیشتباو بماباوە، بێگومان لەوە بوو روسیا یەك سەدەی تەواو لە بەرزەخدا بماباوە، بەڵام پوترسی مەزن بە زەبری تیرێك کە یەکێك لە ڕووداوە هەر گرینگەکانی مێژووی هاوچەرخی سازاندووە، هەموو داب و نەریتە دێرین و باوەڕە کۆن و خورافاتیەکانی سەر ڕێگای پێشکەوتنو تەرەقی لابردو ئەم ڕووداوە کاری کردە سەر هەموو بوارەکانی ژیان کە یەکێك لەوانە ئەدەبیات بوو.

ئەوەی لە روانگەی پوترسەوە بایەخدار بوو و بە پلەی یەکەم دەهات، ئەمە بوو کە چۆنیەتیو سیستەمی دەوڵەت بە تەواوەتی بگۆڕێ، وڵات بە کاروانی شارستانیەتو پیشەسازی، کە چەند سەدەیەك دوا کەوتبوو، بگەیەنێ، و لە ڕووی هێزی دەریاییو زەمینیو ئابووریو بازرگانییەوە تینوتاوی پێ ببەخشێت، ئەمجا بە پلەی دووەم، وئەوەندەی بۆ پێشڤەچوونی ئەم ئامانجو مەبەستە پێویستی بوو، بایەخی بە زانستێن تازەش دەدا، بەڵام وەکو هەموو ئەو

ریفۆرمخوازانەی کە نەخشەی مادیان هەبووەو پتر بایەخیان بە مادیات داوەو ئەمە خەسڵەتی گشتی ئەم جۆرە خەڵکەیە، گوێی بە ئەدەبیات نەداوە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا چونکە رێنووس و ئەلفبای ئاسان کردو چەند چاپخانەیەکی دامەزراند کە جگە لە کتێبانی ئاینی، کتێبانی هونەریش چاپ بکەن و، لە زەمانی ئەودا پەیڤێن تازە لە زمانی ئاڵمانی و هۆڵاندییەوە هاتنە ناو زمانی روسییەوەو زمانەکە فراوان و دەوڵەمەند بوو، ئەدەبیاتیش لە سایەی ئەمەوە سوودمەند بوو، بە تایبەتی لەو کاتانەوە کە ئەکادیمیای زانستی لە ساڵی ١٧٢٥دا پێکهێناو کتێبخانەی گشتی دامەزراند، ئەمە خۆی لە خۆیدا بووە باعیسی ئەوەی کە نزیکانی ئەو روو بکەنە ئەدەب.

## ٢-نووسەرانی ئەم سەردەمە :

یەکێك لە یاریدەدەرانی نزیکی ئەو فیوڤان پروکوپوڤیچ – Feophane Prokopovitch) بوو کە مەترانی شاری نوڤوگورود بوو، میناکی سیمون پولوتسکی هەندێ هۆنراوەو درامایەکی مەزەبی بە ناونیشانی (ڤلادیمیر) نووسیوە، لێ بەرهەمە گرینگەکانی وەعزو ئامۆژگاریەکانیەتی کە بەوپەری تواناوە پشتیوانی لە ریفۆرمەکانی پوتروس کردووەو لە باوەڕە مەزەبیەکاندا کراونەوەیەکی ئەوتۆی نیشانداوە کە رەنگدانەوەی ئامۆژگاری و تەعلیماتی پروتستانەکانی پێوە دیارە.

لەم رووەوە کەسێك کە نەیاری جددی ئەو بووە (یاڤورسکی Ia vorski) مەترانی شاری یازانە کە دانەری کتێبێکە بە ناونیشانی (مەحەکی باوەڕ).

ڤاسیلی نیکیتیچ تاتیشچف (١٦٨٦- ١٧٥٠) کە لە دۆستانی پروکوپوڤیچ بووەو لە دەربارداپایەیەکی بەرزی هەبووە، چەند سەفەرێکی وڵاتانی بێگانەی کردووەو لەم سەفەرانەدا پەی بە فەلسەفەی رۆژاواو زانستی ئابووری بردووەو کتێبێکی بە ناوی (وەسێتنامە) نووسیوەو لەوێ دا کوڕەکەی خۆی رادەسپێرێ کە لەم زانستانە غافڵ نەبێت. لە بەرهەمەکانی ئەودا هەوەڵین نەفەس و هەناسەی گیان بەخشی ئەدەبیاتی سەدەی هەژدەیەم دەستی پێکردووە، وگرنگترین بەرهەمی ئەو کتێبی (مێژووی روسیا)یە کە بە پێنج بەرگ تەواوی کردووەو بە خۆی دەڵێت لەبەر ریعایەتی احتیاط لە (قۆناغی پەشێوی و پاشاگەردانی)دا وەستاوە، ئەم کتێبە کە هاتووەتە سەر بەڵگەنامەی مێژوویی رونی گوزارشت و سەلماندنی لۆژیکی و جوانی دەربرینی رەچاو کردووەو لەو رووەوە یەکجار مایەی سەرنجە، لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە لە ساڵی ١٧٣٩دا دانانی تەواو بووە، تا ماوەیەکی زۆر دوای مردنی دانەرەکەی هەر چاپ نەکراوە، تاتیشچف ژیانێکی جەنجاڵ و بەگێژەنگی هەبووەو پاش ئەوەی لە ناوچەی ئورنبورگەوە بە ماموریەت رۆییوە، چەند مانگێك بۆ ستۆکهۆڵم-یان دوور خستووەتەوە، ماوەیەکیش لەلایەن یلیزابت، ئیمپراتریسی روسیاوە لە حاج تەرخاندا ماموریەتی هەبووەو لە ئەنجامی ئەم ماموریەتەوە گیراوەو دادگایی کراوەو بە ماوەیەکی کەم، پاش ئەوەی ئیمپراتریس لەم مەحکومیەتەی بەخشیوە، کۆچی دوایی نووسەرێکی گرینگی دیکەی ئەم سەردەمە (پاسوشکوف – Passochkof)ـە، ئەمە جووتیارێکە لە دەوروبەری ساڵی ١٦٧٣دا لە دایك بووەو لە ئەنجامی پشوو درێژی و بەکاری خۆی نەك هەر

دارایی پێکەوە ناوە بەڵکو زانیاریشی پەیدا کردووەو بۆیە یەکێك بووە لە خوازیارانی جدی ریفۆرمو کتێبێکی بە نێوی (هەژاریو زەنگینی) نووسیوەو ئاراستەی تزاری کردووە. بەڵام پاش مردنی پوترسی مەزن، ولە ئەنجامی دەربڕینی هزری توندڕەوانە لە قەڵایەکدا زندانی کراو بەو حاڵەوە کۆچی دوایی کرد، ئەمە دەستپێكو سەرەتایەکە کە لەوە بەدواوە لە مێژووی ئەدەبیاتی روسیدا زۆر دەبینرێ،و بەبێ زێدەڕۆیی دەشێت بگوترێ لە هیچ وڵاتێکا بە ئەندازەی روسیا، نووسەران، ئازادیو تەنانەت گیانی خۆیان لەسەر بیروباوەڕی خۆ دانەناوەو نووسەرانی توندڕەو مەحکوم بە زیندانودوورخستنەوە نەبوونە، وبە خۆڕایی نییە کە دەبێ بە شێکی گەورەی ئازادیە هزرییەکانی ئەمڕۆی تیرەی بەشەر بە قەرزارباری فیداکارییەکانی نووسەرانی روسیا بزانرێ.

پاسکوشکوف، تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیەو ئەویش ئەمەیە کە تا ماوەیەکی دوورو درێژ،واتە تا ئەو کاتەی کە ماکسیم گۆرکی پەیدا بوو، تاقە نووسەرێك بوو کە لە نێو کرێکارانەوە هەڵکەوتبوو، وهەموو شاعیرانو نووسەرانی دی یا ئەشرافزادە بوون یا لە چینی موڵکداران بوون یان شارىو لە خەڵکی شتارستانی بوون.

لەگەڵ ئەمەشدا، چینی ئەشراف نەك هەر لە قۆناغەکانی دواتردا هەمیشە دژی هەر جۆرە ریفۆرم و نوێخوازیەك بووە، بەڵکو لە زەمانی پوترسی مەزنیشدا کە هێشتا بزاڤی ریفۆرمخوازی و نوێخوازی لە نێو چینی کرێکارو رەنجبەردا لایەنگری پەیدا نەکردبوو، نەیدەتوانی لەگەڵ هزرینی ریفۆرمخوازی پوترسی مەزندا خۆی بسازێنێ و بگونجێنێ، چونکە ئەم رێفۆرم و چاکسازیانەی بە هەڕەشە بۆ خۆی دەزانی.تەنیا لە رۆژگارانی دواتردا کە هەندێ لەم چاکسازیانە لایەنی خۆئارایی و فەنبازی و مۆد پەروەری پەیداکرد و نوێخوازی بوو بە بەشێك لە ئەوزاری خۆنواندن، ئەوانەیان وەکو لەزەتی مادی قبوڵ کرد. لەبەر ئەمە فێربوونی زمانی بێگانە، بە تایبەتی فەرەنسی و ئەوجا ئەڵمانی و ئینگلیزی و قسەکردن و شت نووسین و تەنانەت شیعر گوتن بەو زمانانە بوو بە هۆکارو ئەوزاری خۆنواندنی ئەشرافان. لە زەمانی پوترسی مەزندا لە دەرباردا تەقریبەن هەمووان بە ئەڵمانی قسانیان دەکرد، بەڵام لە دەرباری ئەوانەی دوای ئەودا زمانی فەرەنسی جێی بە ئەڵمانی لێژ کردو لە سەردەمی مەلیکە یلیزابتدا زمانی فەرەنسی بە تەواوەتی زاڵ بوو و ئەمە تا کۆتایی سەردەمی تزاری هەر بەردەوام بوو، بۆ نموونە نیکۆلای دووەم، دوا تزاری روسیا، بە زمانی فەرەنسی نامەکانی خۆی لەگەڵ ویلهلمی دووەمدا، دوا ئیمپراتۆری ئاڵمان دەنووسی و ئەو پاشاو گراندۆکانەی کە ژنانی ئەوروپاییان دەخواست زمانی ژیانی هاوسەرییان فەرەنسی بوو.

## ٣-شانۆ لەم سەردەمەدا :

شانۆش هەوەڵجار لە گەڕەکی ئەڵمانیەکانی مۆسکۆدا دامەزراوەو لەوێندەرەوە بۆ کۆشکی کرملین چووە ولەوێشەوە هاتە نێو خەڵکی. لە ساڵی (١٧٠٢ ) بە دواوە دەستەیەك لە ئەکتەران و هونەرمەندانی شانۆیی ئاڵمانی کە لە (دانتزیك)ەوە هاتبوون لە مەیدانی سوری مۆسکۆدا

نمایشیان کردو ناچاریان کردن بە زمانی روسی نمایش بکەن. شانۆنامەکانی ئەوان تەنیا پاچڤە بوون لە زمانانی بێگانەوە، لیٚ پوترسی مەزن حەزی دەکرد، ئەو شانۆنامانە ئامازەیەکیان بۆ وەزع و حالٚ و واقیعی ئێستا تێدا هەبیٚ و بەو شێوازە رەواج و برەو بە سیاسەتی ئەو بدەن، لەبەر ئەمە بوو کە شانۆنامەی (ڤلادمیر)، نووسینی پروکوپوڤیچ کە لە ساڵی ١٧٠٢ دا لە (کیف) نمایش کرابوو، و لە ساڵی ١٧٠٥ دا لە مۆسکۆ نمایش کرایەوە، پڕ بوو لەو ئاماژانە. خویایە کە پروکوپوڤیچ بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کەوتووەتە ژێر کاریگەری شەکسپیرەوە، بۆیە کۆمیدیا و تراجیدیای ئاوێتە کردووەو لەم شانۆنامەیەدا بەکاری هێناوە. لەو دراما مەزەبیانەدا کە لەوە پێشتر نمایشیان کردووە، کۆمیدیا تەنیا ئەڵقەیەکە لە نێوان بەشەکانی تراژیدیادا، بەڵام لەم شانۆنامەیەی پروکوپوڤیچ دا کۆمیدیا بەشێکە لە بابەتی شانۆنامەکەو لە جیابوونەوە نایەت. لەم شانۆنامەیەدا، ڤلادیمیر گرفتاری ململانێیەکی دەروونییە لە نێوان باوەڕو داب و نەریتی کۆن و باوەڕێن تازەدا، بۆیە لەم رووەوە دەبیٚ ئەم شانۆنامەیە، بە کارێك بزانریٚ کە لایەنی سایکۆلۆجی تێدایە.

لە شانۆی ئەم سەردەمەدا، هەوەڵجار پاچڤەی زمانانی بێگانەیان نمایش کردووە،و پاشان نۆرە هاتووەتە سەر لاسایی کردنەوەی ئەو شانۆنامانە،و هاندانی پوترسی مەزن لەم کارەدا لە هەموو شتێك کاریگەرتر بووە،و چونکە ئەو لە هەموو کارەکاندا چاولێکەر بووە، بۆیە دەبوایە بە ناچاری لە ئەدەبیاتو شانۆش دا فەرمانی لاسایی کردنەوەو پەیڕەویکردنی ئەوروپای رۆژاوایی بدابایە.

## ٤–سەردەمی یلیزابت :

قۆناغ و سەردەمی ئیمپراتوریس یلیزابیت، قۆناغی مۆدێرنیتەی راستەقینەی روسیایە، ئەم مۆدێرنیتەیە خاڵی هاوبەشو لێکچوونی زۆری دەگەڵ قۆناغی مۆدێرنیتەی ئەوروپادا هەیە، چونکە گۆڕین و گۆڕانی ئەخلاق وئەتەکێت وداب و نەریتان بە ناچاری دەبوایە ببیٚ بە داینەمۆو باعیسی جۆرە گۆڕانو گۆڕانکارییەك لە هزرو بیروباوەڕو ئەدەبیاتدا. تا ئەو زەمانە هەرچی بیرو بیرکردنەوەیەك لە رووسیادا هەبوو دەربارەی پەسڵاٚن و ژیانی جاویدانی بوو، ولەوە بە دواوە ئاوڕی لە ژیانی ئەم دنیا دایەوە. بۆیە ئەو زمانەی کە تا ئەو سەردەمە سەر بە زمانی کڵێسا، واتە زمانی سلاڤن بوو، کەوتە پەیڕەوی کردنی زمانی میللیوعامیانەو بۆیە گەلێك لەو وشە بێگانانەی کە هاتبوونە ناو زمانی گفتوگۆو، و زمانی زارەکییەوە، خۆیان بە نێو زمانی ئەدەبیش دا کرد، ئیدی زمانیش بە ناچاری هەم دەوڵەمەند بوو و هەم پاك بووەوەو لە رەگەزێن ناجۆر رزگاربوو، بەرە بەرە زمانی پەخشانو هۆنراوە هاتە ئاراوە. هەڵبەتە نووسەرانی ئەو دەوروزەمانە ئەم خاڵەیان لە هەموو شتێك پیٚ لە پێشتر بوو، هەوڵیاندەدا هەوەڵجار بناغەیەك دابنەن و یاساو رێسایەك بەرقەرار بکەنو پاشان پەیڕەوی ئەو میتۆدو یاساو رێسایە بکەن، هەر بۆیە هەموو نووسەرانی ئەم قۆناغە لە سەرەتادا خەریکی رێساو دەستووورە هونەریەکانی زمان بوونە، وەك

بلێی هەمووان لەو قۆناغەدا بە ئەرکی خۆیان زانیوە کە بە هونەری خۆیان هاوکاری دەگەڵ ریفۆرم و چاکسازییەکانی پوترسی مەزندا بکەن، و جەوهەرو روحی ئەدەبی لەم قۆناغو دەورەدا ئەمە بووە کە سەرەتا لاسایی بێگانە بکەنەوەو بگەنە پایەی ئەوانو پاشان پێشیان بدەنەوە.

## ٥-کانتمیر:

شازادە (ئانتیوکوس دمیتریوڤیچ کانتمیر - Antiochus Dmitrievietch Kantemir) لە ساڵی ١٧٠٨دا لە ئەستەمبوڵ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٧٤٤دا لە پاریس مردووە، لە شازادەکانی مولداڤییەو بابی لە خزمانی پوترسی مەزن بوو، ولە لاویدا بە وەزیفەو ئەرکی سیاسی بۆ لەندەن چوو، و لەوێ بوو بە سەفیری پاریس و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. بابی لە مولداڤی حکومەتێکی میراتی هەبوو کە بە هۆی خزمایەتی دەگەڵ پوترسی مەزندا لە ساڵی ١٧٠٩ لە دەستیدا، وئەم شازادەیە لە منداڵییەوە لە دەرباری روسیا پەروەردە بوو. بەڵام گەشەکردنی هزری ئەو پتر لە ئەوروپادا بوو وتەنانەت پەیوەندی دەگەڵ مونتسکیودا هەبوو، ئەم زەخیرەوپاشەکەوتانەی کرد بە هۆیەك بۆ خزمەتی سەرزەمینێ کە بوو بوو بە نیشتمانی ئەو. یەکەمین بەرهەمی ئەو گاڵتەو گەپ نامەیەکی شیعرییە کە لە ساڵی ١٧٢٩دا هۆنیویەتیەوە، بەڵام یەکەم پاچڤەی فەرەنسی ئەو بەرهەمە لە ساڵی ١٧٤٩دا بڵاوبووەتەوەو دەقە ڕوسییەکەی لە ساڵی ١٧٦٢دا بڵاوبووەتەوە. هەر چەندە شوێنەواری کاریگەری شاعیرانی گەورەی رۆمی کۆنو فەرەنسا، لەوانە: هۆراس، تیوفروست، بوالو، ولابروير، لەم بەیتەدا دەبینرێ، سەرانسەری بەرهەمەکە شەرحێکی تێرو تەسەلو پڕ جۆش وخرۆشی ژیانی روسیایە،و زیاتر نەزانیو خورافاتی خەڵکیوغروورو لوتبەرزی ئەشرافی زەمانەی وەسف کردووە. شیعرەکانی سیانزە سیلابیو بڕگەیین، بۆیە هەندێك قورسن، وزمانە شیعرییەکەشی لەزمانی کارگێڕیی باوی دەرباری ئەو سەردەمە کۆنترە.

پاش ئەوە کانتمیر، کۆمەڵێك بەیتی حیکمەت ئامێزو شیعری ئیرتیجالی هەمە جۆرو حیکایەت و پەندیشی هۆنیوەتەوە، بەڵام لە هەموو ئەم شیعرانەدا هەر لایەنی گاڵتەوگەپ زاڵترەو بە خۆیشی دانی بەمەدا ناوە، یەکێك لە بەرهەمەکانی تری، بەیتی (منظومة) "پترویید"، یان پوترسنامەیە کە بۆ پوترسی مەزنی داناوە، بەڵام تەواوی نەکردووە.

## ٦-تردیاکوڤسکی:

ڤاسیلی کیریلوڤیچ تردیاکوڤسکی، لە (١٧٠٣)دا، لە حاج تەرخان هاتووەتە دنیاو لە ساڵی ١٧٦٩دا لە سانپورتورسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە. بابی لە حاج تەرخان کەشیش بوو، و ئەوی ناردبووە ئامادەیی کەشیشانی مۆسکۆ تا بخوێنێ، کەچی لەوێندەرەوە هەڵهاتو هەوەڵجار بۆ هۆڵاندا رۆییو لەوێوە، لە ساڵی ١٧١٣دا بە پێیان بۆ پاریس رۆییو سەختی رۆژگاری چەشت وشت فێر بوو. کە لە ساڵی ١٧٣٣دا بۆ روسیا گەڕایەوە، بە عینوانی سکرتێر لە

ئەكادیمیای زانیاری روسیا دەست بە كار بوو. لە منداڵیدا كە هێشتا لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا بوو، هاتبووە ناو دنیای ئەدەبیاتو دوو شانۆنامەی نووسی بوو، كە قوتابیانی ئامادەییەكەیان نمایشیان كردبوون، لە ساڵی ١٧٣٢دا كە تازە لە سەفەری ئەوروپای رۆژاوایی گەڕابووەوە، شیعرێكی لە ستایشی (ئیمپراتوریس ئانا)دا نووسی بوو كە كردی بە یەكێك لە شاعیرە ناسراوەكانی وەخت . تردیاكۆڤسكی شاعیرێكی یەجگار پڕ بەرهەم بوو، و بەرهەمەكانی لە ژیانیا مایەی تەوس وتوانج بوو، بە تایبەتی پاچڤەیەكی شیعری كە لە كتێبی "تیلماك"ی "فنلون"ی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسییەوە كردبووی. ئەوەی لە نێو بەرهەمەكانی ئەودا زیاتر مایەی سەرنجە، ئەو كتێبانەیە كە دەربارەی بنەماكانی ئەدەبیاتو دەستوورو رێزمانی زمانی نووسیون، لەوانە كتێبێك دەربارەی قافیەو، كتێبێكی دیكە كە لە ساڵی ١٧٣٥دا لە ژێر سەرناڤی "رەوشێكی تازەو خێرا بۆ گوتنی هۆزانێن روسی" نووسیوە لەم كتێبەدا پەسندی شیعر عەروزی بەسەر شیعری سیلابی و هیجاییدا داوە. لە ساڵی ١٧٥٢دا ئەم رەوش و بنەمایانەی لە كتێبێكی دیكەدا بەناونیشانی "دەستووری گوتنو نووسینی شیعری روسی" تەواو كردووە. گرینگترین كاری لەم بوارەدا ئەمەیە كە لە ساڵی ١٧٣٥دا ئەنجوومەنێك بە ناوی (ئەنجوومەنی دۆستانی زمانی روسی) لە ئەكادیمیای زانیاری سانپوتروسبۆرگ دامەزرا بوو،وتردیاكوڤسكی لە كردنەوەی ئەم ئەنجوومەنەدا گوتارێكی خوێندەوە، ولەو گوتارەدا جەختی لەسەر ئەوە كرد كە دەبێ دەستورێك بۆ زمانی روسیو فەرهەنگێكی تەواو وكتێبێك دەربارەی گوزارەكاریو رۆنبێژیو بنەماكانی شیعری روسی بێتە نووسین.

لە نێو بەرهەمە ئەدەبییە هەمە رەنگو زۆرەكانی تردیاكۆڤسكی دا دەبێ ئەم بەرهەمانەی بە یاد بكرێنەوە: وەرگێڕانی "هونەری شیعر"ی بوالو، و هەندێ لە حیكایەتەكانی ئیزۆپ، شاعیری یونانی، و (هونەری شیعر)ی هۆراسی شاعیری لاتینو (سەفەر بۆ دورگەی ڤیان)ی تاڵمان (Tallemant)و هەندێ ستایشنامانو بە دواداچوونی مێژوویی.

## ٧-لۆمۆنۆسۆف :

(میخائیل ڤاسیلیڤیچ لۆمۆنۆسۆف – Mikhail Vasilievitch Lomonossof) لە ساڵی ١٧١١دا لە دەوروبەری ئارخانژلسك،لە كەناری دەریای سپی، لە خێزانێكی ماسیگر هاتۆتە دنیا،و نەك هەر بوو بە گەورەترین زانای رۆژگاری خۆی، بەڵكو بە ناوبانگترین شاعیری سەدەی هەژدەیەمی روسیاش بوو.

لۆمۆنۆسۆف، بە دیارترین نوێنەری ئەدیبانی ئەو زەمانو رۆژگارەی روسیا دەزانرێ كە لە مەیدانی هونەریی جیاوازدا كاریان كردووە ودەستیان هەبووە. سەرەتا لەبەر دەستی ئەو كەسانەدا دەستی بە خوێندنو فێر بوون كرد كە بۆ باكووری روسیا هەڵاتبوون، وپاشان بۆ تەواو كردنی زانیاری، لە كانونی دووەمی ساڵی ١٧٣١ دا لە ماڵە بابی هەڵاتبوو، بۆ مۆسكۆ رەڤی بوو، و لەوێندەر چوو بووە ئەكادیمیای سلاڤ و یونانیو لاتین، وپاشان بۆ تەواو كردنی خوێندن بۆ

ئاڵمانیان ناردبوو، و لەم سەفەرەدا بە هۆی هەم زیرەکی لە خوێندنو هەم رابواردنو عەیشو نۆشەوە ناوبانگی دەرکردبوو. کە لەم سەفەرەی گەڕایەوە لە ئەکادیمیای علومی سانپوتروسبورگدا کەوتە دەرس گوتنەوەو هەمیشە لەگەڵ هاوکارەکانی خۆیدا لە ململانێدا بوو. تا ساڵی ١٧٦٥ کە لە ژیاندا بوو هەمیشە لە لقە جۆراو جۆرەکانی میناکی فیزیك و کیمیاو ئەستێرەناسیو کانناسیدا کاری دەکردو لە هەر یەکێك لەم لقانەدا ئیکتیشافاتی گرنگی کردووە.

لە ئەدەبیاتیشدا وەکو هاوعەسرانی خۆی لەلایەکەوە خەریکی خوێندنەوەو موتاڵای دەستورو یاسای ئەدەب بووەو لەلایەکی ترەوە خەریکی نووسین وئامادەکردنی بەرهەمی ئەدەبی بووە. یەکەمین کتێبی دەستوری زمانی روسی، ئەو لە ساڵی ١٧٥٥دا چاپی کردووەو کتێبێکی دیکەی بە ناونیشانی (فایدەی کتێبانی کلێسا)نووسیوەو، ولەم کتێبەدا جیاوازی نێوان زمانانی جیاوازی دیاری کردووەو یاساورێسایەکی جوانی بۆ داناوە. لەم یاساو رێسایەدا زمانی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە: یەکەم: زمانی ئەدەبی پەتی کە زمانی سلاڤن تیایدا زاڵە، دووەم، زمانی مامناوەندی کە لە زاراوەێن عامیانەو میللی دوور بێو لە زمانی گفتوگۆو دیالۆگ نزیك بێ، سێیەم: زمانی بازاڕی و نزم کە زاراوەی عامیانە ومیللی لە خۆ گرتبێ، و هەر یەکێك لەم سێ زمانە دەبێ لە بوارێکی ئەدەبی دا بە کار بێت. ئەم رێسایانەی کە لۆمۆنۆسۆف داینا بوون تا ماوەیەکی زۆر سەرمەشقی گەلێك لە نووسەران و شاعیرانی روسیا بووە.

لۆمۆنۆسۆف، بە خۆیشی شیعری جوانی گوتوون کە زیاتر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەوروپای رۆژاواییان پێوە دەبینرێ، ولەم مەیدانەدا بەردەوام لاسایی (پیندار – Pinaare)ی شاعیری لاتین–ی کردووەتەوە.وەکو چۆن کارێن زانستی بە قازانجی دەوڵەت کردووە،لە مەیدانی ئەدەبیشدا هەمیشە بەرژەوەندی دەوڵەتی رەچاو کردووە،چونکە شاعیری فەرمی دەرباری یلیزابت بووە.لە شیعرە مەزهەبیەکانیدا باوەڕی بتەوو عەشق و خۆشەویستی سروشت بەدی دەکرێتو بابەتی زانستیانەی تێکەڵ بە گوزارشتی شاعیرانە کردووە، بۆ نموونە هەڵاتنی هەتاو و جوانیی کازیوەو سپێدان، وای لێدەکات کە پەی بە مەزنی پەروەردگار ببات.

لۆمۆنۆسۆف، لە ژیاندا گەییە ئەوپەڕی شۆڕەت و ناوداری، و دوای مردنیشی گەلێك لە کەڵە شاعیرانی روسیا هەمیشە ئەویان بە مامۆستای خۆ زانیوە، بۆ نموونە پوشکین ئەوی بە تاقە شاعیری گەورەی روسیا زانیوە،و گومانی تێدا نییە کە پوشکین رێبازی شیعرییو هەندێ جار زمانی شیعریی ئەوی لە شیعری خۆیدا گرتۆتە بەرو بەکار هێناوە. (لۆمۆنۆسۆف)ش میناکی کانتمیر (پترۆئید)یان پوتروسنامەیەکی هۆنیوەتەوە، و هەندێ بەڵگەنامان لە دەست دا هەن کە لە هەندێ لەم کارانەدا جۆرە گوشارو ناچارکردنێك لە ئارادا هەبووە، وەك ئەوەی لە ١٧٤٨/٤/٢٠دا فەرمانێك لە دەربارەوە دەرچووە کە لە زەرف چلوهەشت سەعاتی دیکەدا، پرۆفیسۆر لۆمۆنۆسۆف، ئەو قەسیدە ئاڵمانیەی کە (ستەهلین – Staehlin)ی ئەندامی ئەکادیمیا دایناوە، پاچڤەی شیعریی روسی بکات، و لە ١٨٥٠/٩/٢٩دا هەمدیس دەستورێکی دیکە دەرچووە کە ترویاکوڤسکیو لۆمۆنۆسۆف دەبێ تراجیدیایەك بنووسن.

## ٨–سومارۆكوف :

لەو زەمانەدا كە لۆمۆنۆسۆڤ هێشتا لە ژیانا بوو، بزووتنەوەیەكی كۆنەپەرستانە لە هەنبەر ئەو یاساو ڕێسایانەی كە ئەوی داینابوون، دەركەوت، چونكە دەرباریانی ئیمپراتوریس یلیزابت، پەسندی شیعرەكانی (ئەلكسی پوتروڤیچ سومارۆكوف – Soumarokof ١٧١٨– ١٧٧٧)یان بەسەر شیعرەكانی ئەودا دەدا.

سومارۆكوف نەجیمزادەیەك بوو كە لە قوتابخانەی غولاّم بەچەكانی دەرباردا پەروەردە بوو بوو، بەلاّم هەموو كاتی خۆی بۆ ئەدەبیات تەرخانكرد، چونكە لە شیعرو تەنانەت لە تراجیدیاشدا، زمانی رەوانی چینی ئەشرافی بەكار دێنا، لەگەڵ لۆمۆنۆسۆڤدا كەوتە مشتو مڕو گێنگەشەیەكی توندەوەو نەسلی تازە ئەویان بە پێشەوای خۆ دەزانی، شیعری جۆراوجۆری گوتووە، بەلاّم غەزەل‌و بەیتە شیعرییەكانی لە چامەو قەسیدە دەرباریەكانی باشترن، بەلاّم هاوعەسرەكانی زیاتر دراماكانی پەسند دەكەن، بە خۆیشی هیچ گومانێكی لە خۆی نەبوو، خۆیشی هەم بە هاوتای راسین‌و هەم بە هاوتەرازووی مولیر دەزانی. لەم سەردەمەدا شانۆیی گشتی لە روسیادا برەوی پەیدا كرد، پێشتر، زۆربەی شانۆنامەكان لە دەرباردا‌و لە لایەن ئەكتەرانی بێگانەوە نمایش دەكران‌و لە فێرگەو خوێندنگاكانیشدا هەندێ شانۆنامان نمایش دەكران‌و شانۆنامەكانی فێرگەی خزمەتكارانی دەرباری بوو بوونە مایەی سەرنج. كوڕی یەكێك لە بازرگانانی یاروسلاول كە (ڤۆلكوف – Volkof)ی ناو بوو لە شارەكەی خۆیدا دەستەیەكی دروستكرد كە ئیمپراتوریس یلیزابت بۆ پوتروسبۆرگی دەعوەت كردو ئیمپراتوریس لە ساڵی ١٧٥٦ لەو شارەدا شانۆیەكی دامەزراندو سەرۆكایەتی ئەو شانۆیەی بە سومارۆكوف سپارد، و ئەویش شانۆنامەكانی خۆی لەوێدا نمایش كرد.

تراجیدیا زۆرو زەبەندەكانی سومارۆكوف، تەواو بە گوێرەی بنەماو یاساكانی ئەدەبیاتی كلاسیكی فەرەنسی نووسراون‌وتەنانەت جووتیارانی ناقۆلاّوناهەنجاریشی لە شێوەی قارەمانانی بوێرو بە غیرەتا دەرهێناوەو تەقریبەن بابەتی هەموو تراجیدیاكانی لە مێژووی روسیاوە وەرگرتووەوهەڵێنجاوە جگە لە شانۆنامەیەك كە لە ساڵی ١٧٤٨دا بە ناونیشانی (هەملێت) نووسیویەتی‌و لێكچوونێكی ئەوتۆشی دەگەڵ هەملێتەكەی شەكسپیردا نیە.

كۆمیدیاكانی سومارۆكوف،جۆرە دزییەكە لە مولیرو نەك هەر دووبارەكردنەوەی هەمان بابەتەكانی ئەون، بەڵكو نێوی قارەمانانی كۆمیدیا فەرەنسییەكانیش دووبارە بوونەتەوە، و هەندێ جار عەیب‌و كەم‌و كوڕیەكانی روسیای داوەتە بەر تەوس و توانج، لەوانە: نا دروستی كارمەندو فەرمانبەرانی دەوڵەت، وباوەڕ بوون بە خورافات‌و جۆرەكانی ماخۆلاّنو شێتییەكانی ئەو زەمانە.

## ٩–ناتالیا دولگوروگایا:

**ناتاليا بۆريسوڤنا دولگوروگايا** – Nathalia Borissovna Dolgoroukaia **یەکەمین ژنە کە لە ئەدەبیاتی روسیدا بەرهەمێکی جوانی لە پاش خۆی بە جێ هێشتووە. ناتاليا، کیژی فیلدمارشال، (بۆریس شرمیتف – Boris Cheremeticv)ـە، کە لە فەرماندەو سەردارانی ناوداری دەرباری پوتروسی مەزن بووە، لە ساڵی ١٧١٣ لە دایك بووە. لە هەژدە ساڵیدا کە لە هەرەتی لاوی‌و جوانیدا بوو، بوو بە دەزگیرانداری ئیڤان دولگوروکی، کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی نەجیمزادە بوو، کە چەندین گەورە پیاوی مێژووی روسیا لەم ماڵباتە هەڵکەوتوون،و دەزگیرانەکەی لە دەربارییانی نزیکی پوترسی دووەم بوو.**

**بەر لەوەی ناتاليا مارە بکات، لە پڕ هەرچی بەختەوەری‌و شادیی هەبوو، ئاوەژوو بووەوە، چونکە لە مەرگی تزار پوتروسی دووەمدا، بەر غەزەب کەوت‌و هەموو ماڵباتەکەی خرانە بەر ئەشکەنجەو سەروەت و سامانیان لێ سەندراو بە خۆشیان بۆ گوندێکی سیبریا بە ناوی (برزوڤ – Berezov) دوور خستەوە، ئەم کیژە گەنج و جوانەش ئەمەکداری‌و وەفاداری گەیاندە لوتکەو لەگەڵ ئەودا بۆ تاراوگە رۆیی‌و لەوێ لێکدی مارەکران، هەر کاتێ بۆی کرابا دەچوو بۆ ئەو کونەی کە لە زەویدا هەڵیان کەندبوو و دەزگیرانەکەیان تیادا زندانی کردبوو، و خواردنی بۆ دەبردو ئەوەندەی بیتوانایە لەوێندەر، لای دەمایەوە، دوای ماوەیەك بۆ (نوڤگورود)یان نەفی کردن‌و مێردەکەیان پاش ئەشکەنجەیەکی گیانپروکێن کوشت‌و بە تەنیا لەگەڵ دوو منداڵە چکۆڵەکەیدا مایەوە، گاڤێ ئیمپراتوریس یلیزابت هاتە سەر تەخت، رێگەیان بە ناتاليا دا بۆ مۆسکۆ بڕوات، کە لە پەروەردەکردنی مناڵەکانی بووەوە، چوو بۆ کیف‌و ئەڵقەی دەزگیرانداریەکەی خۆی فڕێدایە روباری دەنیپەرەوەو بە خۆیشی چووە دێری ژنانی تەرکە دنیاو لەوێ، لە ساڵی ١٧٧٠دا کۆچی دوایی کرد.**

**ئەو بەرهەمە ئەدەبیە زۆر جوانەی کە لە پاشی بەجێماوە شەرح وشرۆڤەی ئەم رووداوە دڵتەزێنانەیە کە خۆی نووسیویەتیوە،سەیر لەمەدایە کە تۆزقاڵێك سکاڵاو دادوبێداد لە سەرانسەری ئەم کتێبەدا نییە، و دیارە کە بەو پەڕی ئارامی‌و ئازایەتی‌و نەجابەت‌و شەهامەتی خودیەوە ئەم هەموو مەینەتی‌و تاڵییە گیانپروکێنەی تەحەموڵ کردووە، ولەم کتێبەدا هەندێ پاژی زۆر جوانی دەربارەی بەدبەختی‌و مەینەتیەکانی خۆی نووسیوە، یەکێك لەوانە پاژێکی دڵتەزێنە کە باسی ئەوە دەکات چۆن لە رێگەی سیبریاو بەسەر روباری (ئوکا)وە سەگ ماسییەکی کڕیوەو بە دووی کەشتییەکەدا رایکێشاوە تا لەو سەفەری ئەسارەتەدا هاوسەفەرێکی هەبێ، و ئەم جۆرە پاژو دیمەنە سەرنج راکێشانە لە بیرەوەرییەکانیدا زۆرن.**

# فەسڵی پێنجەم

## رۆژگاری یکاترینای دووەم

### ١-ئەدەبیاتی کلاسیك:

لە رۆژگاروسەردەمی یکاترینای دووەمدا، روسیا لاسایی ئەدەبیاتی کلاسیکی فەرەنسای دەکردەوە، واتە پەیڕەوی ئەدەبیاتی کلاسیکی فەرەنسا بوو، بەڵام بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ وەکو فەرەنسا تازە مەیلێك بەلای ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەدا پەیدا بوو بوو، وچاویان لە هەندێ شتی ئاڵمانو سویسراو ئینگلتەڕا دەکرد. هەر لە هەمان کاتدا کە ئەدەبیاتی ئەوروپای رۆژاوایی لە روسیادا رێگەی خۆی دەکردەوە، فەلسەفەی رۆژاواش رووی لە بڵاوبوونەوە دەکرد، و ئەم فەلسەفەیە رێگەی دژایەتی کردنی باوەڕێن کۆنی نەژادی خۆش دەکردو دەبووە باعیسی ئەوەی کە هەندێ لە روسەکان بە توندی دژایەتی کەلەپوری پێشووی خۆیان بکەن، وبەمجۆرە رای گشتی لە روسیادا گەڵاڵە دەبوو.

یکاترینای دووەم لە سەرەتاوە بەشدارییەکی کاریگەری لەم بزاڤە هزریەدا کردو چونکە بە زەرەرو زیانی ئەو تەواو بوو دەبوایە لێی ژێوان ببێتەوە، هەرگیز هیچ پاشایەك ئەو بەشدارییە کاریگەرەی یکاترینای دووەمی لە ناوەندوژینگەی هزری وڵاتی خۆیدا نەبووە. کاتێ کە لیژنەیەکی بۆ دانانی یاسایەکی تازە پێك هێنا بوو، لە (دەستورێك)دا کە بەو لیژنەیەی دابوو، روحی فەیلەسوفانەی خۆی نیشانداوەو بنەماکانی کتێبە بەناوبانگەکەی مۆنتسکیو(گیانی

**یاساکان)ی تیٚ هەڵگێش کردووەو،تەنیا ئەوە نەبیٚ کە لە بری سەڵتەنەتی میانڕەوانەی مۆنتسکیو، سەڵتەنەتی دکتاتۆرانەی ڕۆشنبیرانی لەبەر چاو گرتووە.**

**لە ئەدەبیاتیشدا دەستێکی هەبووەو چەند کومیدیاو ئۆپرای کۆمیدیو حیکایەتێن ئەخلاقیو وتارێن ڕۆژنامەوانی لە پاش بەجێماوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئیمپراتوریسە بەناوبانگ و بە دەسەلاتەی ڕوسیا لە هەموو بوارێکدا ئارەزوومەندی ئەوە بووە کە زەمینەو ئەوزاری پێشکەوتنو هوشیاریی میللەتی خۆی خۆش ودابین بکات، وبە جدی باوەڕی وابووە کە میللەتی ڕوسیا مومکین نەبووە، ڕێنوێنێکی لەو باشتر بەرەو تەرەقیو پێشکەوتن بە دەست بێنیٚ.**

## ٢-چاپەمەنی:

**یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژگارو سەردەمی یکاترینای دووەم پێشکەوتنی چاپەمەنیە لە ڕوسیادا. لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا بە مەبەستی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی هەندیٚ فێرگەێن گرینگی میناکی زانستگەی پوترسبۆرگ و فێرگەی (منالانی خولامانی) دەرباری-یان دامەزراند بوو، (سۆمارۆکوف – Soumarokof) لە سالی ١٧٥٩دا گۆڤارێکی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هزرێن زانستگە،و بە دەست پێشکەری شەخسی، بە ناوی (هەنگی فرەکار)ەوە دامەزراند بوو کە بەرهەمی ئەدەبیی ڕوسی، یا پاچڤەی لە زمانانی بێگانەوە تیا بڵاو دەکردەوە.**

**(خراسکۆف – Kheraskof) ناوێك لە مۆسکۆ چاوی لەم کارە کردبوو، و گۆڤارێکی دیکەی دامەزراندبوو. ئەم گۆڤارانە خوێنەریان کەم بوو، بۆیە ئەوەندە دەوامیان نەکرد، بەلام سالێك دواتر، لە سەردەمی یکاتریندا، گۆڤاران برەویان پەیدا کرد، و هەر ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی پێشکەوتنی ئەدەبی ئەو قۆناغەیە. یەکەم گۆڤار کە لەم قۆناغە دامەزرا( لە هەر شتێك کەمێك)ی ناو بوو، ولە سالی ١٧٦٩دا ئیمپراتوریس بە خۆی دایمەزراند، بەلام بە نێوی یەکێك لە سکرتێرەکانیەوە بڵاودەبووەوە. یکاترینا لەم گۆڤارەدا لەلایەکەوە، بە نەفەسێکی دایکانەوە ڕەخنە لە نەزانیو خورافاتپەروەری نەسلی پێشین دەگرێتو لەلایەکی ترەوە، لاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی فەرەنسا، کە لەو زەمانەدا لە برەوی تەواودا بوو، دەخاتە بەر ڕەخنە.**

**لە هەمان قۆناغدا، گۆڤارێکی دیکە، بە چاولێکەری ئەو گۆڤارەی کە ئیمپراتوریس دایمەزراند بوو، لەلایەن (نیکولا ئیڤانوڤیچ نوڤیکوف – Novikof)ەوە، کە لە نووسەرانی ئەو سەردەمە بوو، و لە سالی ١٧٤٤دا لە دایك بوو، و لە ١٨١٨دا مرد، بە ناونیشانی (هەنگ) بڵاو دەبووەوە، نوڤیکوف لە سالی ١٧٦٩دا لە گۆڤارەکەی خۆیدا نەك هەر ڕەخنەی لە کارە بێهودەو زیادەڕەوییەکان دەگرت، بەڵکو ڕەخنەی توندی لە عەیبە هەمیشەییەکانی تەرزی حکومەتایەتیو عەیبی بنچینەیی پێکهاتەی کۆمەلایەتی ولات دەگرت کە بریتی بوو لە کۆیلایەتی جووتیاران،و هەژاری جووتیارانو زۆرداری موڵکدارانی بە شێوەیەکی هەیەجان ئەنگیز نیشان دەداو دەنواند.**

**یکاترین لە گۆڤارەکەی خۆیدا بەرانبەر بەم قسانەو دەخالەتی ڕۆژنامەنووسان لەو کارانەی کە تەنیا ئیش وئەرکی دەوڵەت بوون، ناڕەزایی نیشانداو نوڤیکوف وەلامی دایەوە، بەلام سەرەنجام**

دەبوایە بۆڕ بدات و گۆڤاری (هەنگ) داخرا، نۆڤیکوف دوای سێ ساڵی دی گۆڤارێکی دیکەی بە ناونیشانی (نیگارکێش) بڵاوکردەوە، کە ئەویش ئەوەندەی عومر نەکردو لەوە بە دواوە تەنیا گۆڤارێن فێرکاری و تۆژینەوەی مێژوویی بڵاوکردەوە،ئەنجام لە ساڵی ١٧٧٩دا لە پوتروسبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ رۆیی و لەوێندەر بە یارمەتی وهاوکاری دۆستانی خۆی چەندین چاپخانەی دامەزراندو کتێبانی زانستی، کە لەو زەمانەدا لە مۆسکۆ کەم بوو، بڵاوکردەوە. نوڤیکوف و دۆستەکانی لە ماسۆنیانی مۆسکۆ بوون، یکاترینای دووەم لێیان بە گومان بوو، و بە هاودەست وهاوکاری شۆڕشگێڕانی فەرەنسای دەزانین، بۆیە ئەو دەستەیەی پەرت کردو نوڤیکوف-ی لە ساڵی ١٧٩٢دا لە قەڵای (شلوسلبورگ – Schlusselburg) زیندانی کردو تا وەکو هاتنە سەرتەختی پوڵسی یەکەم لە زندان دا بوو، و کاتێ لە زندان رزگار بوو، ئیدی تاقەت و حەوسەڵەی کاری نەما بوو.

## ٣-رادیشچف :

ئەلکساندەر نیکولایوڤیچ رادیشیف – Radichtchef، کە لە ماڵباتێکی خانەدان بوو، لە ساڵی ١٧٤٩ لە دایك بووەو لە فێرگەی غوڵام بەچەکانی دەرباری پەروەردە بوو بوو، بە هەموو مانایەك پیاوێکی شۆڕشگێڕ بوو. ماوەیەکیش لە لایپزیك خوێندویەتی و لە نۆڤیکوف زاناتر بوو، و بە تایبەتی ماف و فەلسەفەی لە ئاڵمان خوێند بوو. لە ساڵی ١٧٩٠دا کتێبێکی بە ناونیشانی (گەشتێك لە پوترسبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ) بڵاوکردەوە کە مامۆرو بەرپرسی سانسۆر هەستی بە نێوەرۆکەکەی نەکردبوو، وپەی بە تەعلیق و کینایەکانی نەبردبوو. لەم کتێبەدا کە لە رواڵەتا لاسایی کردنەوەیەکی سەفەرنامەیەکی پڕهەستی سترن-ی نووسەری ئینگلیزیە، هێرشی یەکجار دلێرانەی کردووەتە سەر سیستەمی کۆیلایەتی جووتیاران و لە زنجیرە گینگەشەیەکی گەرم و گوڕدا زۆرداری و دڵڕەقی موڵکدارانی وەختی شەرح کردووەو لە هەموو ئەمانەش بوێرانەتر ئەمە بوو کە هەڕەشەی راپەڕینی گشتی لە دەوڵەت دەکرد. یکاترین ئەم کتێبەی بە ترس و حەیرمانێکی زۆرەوە خوێندەوە. رادیشچف بە مەرگ مەحکوم کرا. لێ بە هۆی شەفاعەتی دەربارییانەوە حوکمی مەرگەکەی سووك کراو بۆ سیبریا دوورخرایەوە، لە پاش مردنی ئیمپراتوریس لە تاراوگە گەڕایەوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٠٢دا خۆی کوشت. کتێبەکە ی رادیشچف-یان کۆ کردبووەوەو لە نێویان بردبوو، وتەنێ چەند دانەیەکی بە دەستی ئەم و ئەو کەوتبوو، بۆیە دوای سەدەیەك ئەمجا چاپی دووەمی بڵاوبووەوە.

## ٤-شانۆ لەم قۆناغەدا:

هەڵبەتە گیانی رەخنەگری لەم قۆناغەدا،زیاتر لە شانۆدا دەردەکەوێ، و باشترین نیشانەی ئەم گیانی رەخنەگرییە،ئەو تراجیدیانەیە کە یاکۆڤ بوریسوڤیچ کنیاژنین (١٧٤٢- ١٧٩١) بە چاولێکەریی ڤولتیری نووسەری ناوداری فەرەنسی نووسیویەتی.

یکاترینای دووەمیش چەند کۆمیدیایەکی نووسیوەو لە هەندێکیانا لاسایی شێوازی سەردەمی خۆی دەکاتەوەو پەیڕەوکردنی تامسارانەی ژیانی فەرەنسی داوەتە بەر رەخنەو لە هەندێکیاندا هێرشی زۆر توندی کردووەتە سەر ماسۆنییەکان.

یەکەمین شاکاری شانۆیی روسی، لەلایەن نووسەرێکی ئەڵمانی نەژادەوە نووسراوە کە داك و بابی (ڤۆن ڤیزین- Vonvisine)ی ناو بووە، بەڵام ئەو خۆی بە روسی زانیوەو نێوی (دنیس ئیڤانوڤیچ ڤۆن ڤیزن) بووەو لە ١٧٤٤دا لە دایکبووەو لە ١٧٩٢دا مردووە.

(سەردەستە) یەکێکە لە شانۆنامەکانی کە لە ساڵی ١٧٦٦دا نووسراوە، باسێکی دڵگیری ئەخلاقیاتی ئەو سەردەمەیە، لە پاڵ ئەوەدا کە باسی کەموکوڕیو خورافاتپەروەری نەسلی پیشین دەکات، گاڵتە بە توندڕەویو زێدەڕوی لاوانیش دەکات.شانۆنامەیەکی تری هەیە بە ناونیشانی (مەعدەنچی) کە لە ساڵی ١٧٨٢دا نووسیویەتی، ئەمە شاکارێکی جوانە کە وەکو شاکارەکانی مولیر لایەنی تراجیدی لە قالبێکی کۆمێدی پڕماناو هەیەجانئەنگێزدا دەربڕیوە. ئەم شانۆنامەیە شەرح و شرۆڤەی تەربێتی نەجیمزادەیەکە لە یەکێك لە شارەکانداو باسی ژینگەی ژیانی ئەوە، بە تایبەتی سیمای دایکی، خات پروستاکوڤا – Prostakovaو بێ روحمی ئەو دەرهەق بە کۆیلەو خولام و ئەندامانی خێزانەکەی، و چاوچنۆکیو حەسودیو دوو روویی و کورتبینی ئەو لە پۆپەی ناشیرینی دا بەرجەستە کراوە، هەروەها خۆشەویستیو ڤیانی لە رادەبەدەری ئەو سەبارەت بە کوڕەکەی یەجگار جوانە، هەروەها سیمای کوڕەکەی کە لاوێکی کەودەنەو (میترۆفانوشکا – Mitrophanouchka)ی ناوە نموونەیەکی باشی نەجیمزادەکانی ئەو سەردەمەیە، و ستیرادوم – Stradoum-ش سیماو ناوی پیاوێکی فرەزانو زرینگە کە هزرو باوەڕەکانی نووسەر بە زمانی ئەوەوە دەردەبڕدرێن.

ئابلیسیمۆف – Ablesimof (١٧٤٢- ١٧٨٤) باشترین ئۆپرای کۆمیدی ئەم قۆناغەی بە ناونیشانی (ئاشەوانی سیحربازو خاپینۆك و درۆزن) نووسیوە،و لەم قۆناغەدا ئۆپرای کۆمیدی لە روسیادا رەواجو برەوێکی فرەی هەبووە.

یەکێکی دیکە لە شانۆنامەنووسە باشەکانی ئەم قۆناغە ڤاسیلی یاکوڤولیچ کاپنیست – Vassili Iakovlevitch Kapnist-ـە (١٧٥٧- ١٨٢٤) کە شانۆنامەیەکی لە ژێر سەر ناڤی (ئازار)دا نووسیوەو تا یکاترینای دووەم لە ژیاندا بوو رێگەی نواندنیان نەداوە، چونکە بریتییە لە هێرشێکی سەخت بۆ سەر دادگای ئەو زەمانە، لە زەمانی پوڵسی یەکەمدا مۆڵەتی نمایشکردنی ئەو شانۆنامەیەك درا.

لە شانۆنامەنووسەکانی دیکە پێویستە ناوی ڤلادیمیر ئینگناتیوڤیچ لوکین – Vladimir Ignutievitch Loukine (١٧٥٧- ١٨٢٤) ببرێ کە چەند کۆمیدیایەکی ئەخلاقی نووسیوەو، ئەو یەکەمین کەسە کە لەم کۆمیدیانەدا کەوتووەتە ئیرادگرتن لە خەڵکی چینی دووەم.

## ٥-شاعیرانی ئەم سەردەمە :

لەم قۆناغەشدا، شاعیران وەکو قۆناغەکانی پێشین ڕێساوبنەما کۆنەکانیان ڕەچاو کردووە، میخائیل ماتیڤیوڤیچ خراسکوف Mikhail Matvieie Vitchkheraskof (١٧٣٣- ١٨٠٧) لە بەیتێکدا بە نێوی (ڕوسیاد – Rossiade) شرۆڤەیەکی دووروودرێژی داگیرکردنی شاری غازانی بە دەستی ئیڤانی چوارەم بە دەستەوە داوە، وبەتێکی دیکەی بە نێوی (ڤلادیمیر) هۆنیوەتەوە کە بریتییە لە شرۆڤەیەکی ڕۆمانسیانەی بڵاوبوونەوەی ئاینی نەسرانی لە ڕوسیا، و وەسفی باوەڕێن بتپەرستی پێش ئاینی نەسرانی.

ڤاسیلی ئیڤانوڤیچ مایکوف – Maikof (١٧٢٨- ١٧٧٨) بەیتێکی داستانیو گەپامێزی بە ناونیشانی (بەهەشتی یاباکوسی توڕە) داناوە.

گیپولیت فیودوروڤیچ باگدانوڤیچ (١٧٤٣- ١٨٠٣) بەیتێکی بەناونیشانی (دوشنکا) واتە (فریشتەی بچووك) هەیە کە لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا شۆڕەتێکی لە ڕادەبەدەری دەرکرد، پوشکین-ش لاساییەکی کردووەتەوە.

ئیڤان ئیڤانوڤیچ خمنیتزر – Khemnitzer (١٧٤٥- ١٧٨٤) بەر لە کریلف، یەکەمین حیکایەتی شیعری دەربارەی ژیانو بە زمانی گیانلەبەرانەوە، بە زمانی ڕوسی گوتووەو هەندێ بابەتی ئەخلاقی جوانیان لە نێودا هەیە.

## ٦-دیرژاڤین :

هەڵبەتە پێویستە گابریل ڕومانوڤیچ دیرژاڤین (١٧٤٣- ١٨١٦) بە گەورەترین شاعیری ئەم قۆناغە بزانرێ. ئەسڵی ئەم شاعیرە تاتارییە، لە بنەماڵەیەکی قەدیمی بووەو بابی ئەفسەرێکی بێنەواو دەستکورت بووەو تۆزێکی لە قوتابخانەی ئامادەیی غازان خوێندووەو تەقریبەن هیچ فێر نەبووە، بۆیە ماوەیەکی زۆر سەرباز بووەو بەرە بەرە تەرەقی کردووە، تا لە بیستو نۆ ساڵیدا بووە بە خاوەن پایە، وپاشان شیعرەکانی بوونەتە مایەی سەرنجی یکاترینای دووەمو یەکەمجار کراوە بە حوکمڕانی یەکێك لە شارەکانو دوای ئەوە بوو بە سکرتێری شەخسی ئیمپراتۆریس.

دیراژڤین لە ساڵی ١٧٧٨دا، لە گۆڤاری (پەیامی سانپوتروسبورگ)دا دوو ستایشنامەی شیعریی بەناونیشانی پوترسی مەزنو چەند هۆنراوەیەکی دیکەی بڵاوکردووەتەوە. پاشان لە ساڵی ١٧٨٢دا کە یکاترینای دووەم حیکایەتێکی بە ناونیشانی (فلیتسا – Felitsa) نووسی بوو،کە چیرۆکی فریشتەیەکی خواوەندی بەختەوەرییە ،وشازادەیەکی لاوی پارێزکاری خەڵات کردووە. دیرژاڤین ئەم چیرۆکەی کرد بە شیعرو یکاترینای کردووە بەو فریشتەیە، وئەم بەیتە بووە مایەی پەسندی یکاترینا و قوتویەکی زێڕی دایە کە پێنج سەد سکەی زێڕی تێدا بوو، دوای ئەوە بوو بە یەکێك لە نزیکانی یکاترینو هەندێ جار بەر غەزەبان دەکەوت و هەندێ جار نزیك دەخرایەوەو نەوازش دەکرا. لە زەمانی پۆڵسی یەکەمو ئەلکساندەری یەکەمیشدا چەند پۆست و پایەیەکی جیاوازی درایێ، لەوانە: بوو بە سیناتۆرو لە ساڵی ١٨٠٠دا بوو بە سەرۆکی ژووری بازرگانیو لە ساڵی ١٨٠٢دا، لە زەمانی ئەلکساندەری یەکەمدا گەییە پۆستی وەزیری داد. چونکە پیاوێکی توندە تەبیعەتو توڕە بوو لە هیچ یەکێك لەم پۆستانەدا زۆر دەوامی نەکرد،

وەکو چۆن شۆرەتە ئەدەبیەکەشی لە هەورازو نشێویکی زۆردا بووەو تەنیا لە ئاخرو ئۆخری تەمەنی دا لە شۆرەتی بەردەوامدا بووە.

بەمجۆرە دیرژاڤین، شاعیری فەرمی دەربار بووەو لە شەڕوجەنگو جەژنو ئاهەنگەکاندا شیعری گوتووەو تاقە جیاوازی ئەو لە ستایشنامەی شاعیرانی بەر لە خۆی، ئەمە بووە کە دیرژاڤین تۆنێکی راستگۆیانەترو دۆستانەتری لە ستایشەکانی خۆیدا بەکار بردووە. وەکو چۆن لە بەیتی فیلتیسادا ئیمپراتوریس بە شێوەی خواوەند ناخاتە روو، بەڵکو لە شێوەی ژنێکی زرنگو دلۆڤاندا بەرجەستەی کردووە کە سادەییو پڕکاریو چاوپۆشی ئەو لە هەنبەر خۆشگوزەرانیو خەمساردیو بێ موبالاتی دەربارییەکانی خۆیدا رەونەقێکی تایبەتی هەبووە.

شیعرەکانی دیکەی کە بە گیانێکی ئاینییەوە گوتوونی، وەك: (خوا)و(تاڤگە) زیاتر لایەنی وەسفیان لە خۆگرتووەو گیانی شینخوانیان تێدایەو لە هەموو شتێك پتر وەسفی تەبیعەتو سروشتی روسیایان تێدا دەدرەوشێتەوە. ئەو بەیت و هۆنراوانەی کە لە هەموو شیعرەکانی پتر ڤیانی سروشتیان تێدا بەرجەستەبووە، غەزەلیاتەکانیەتی، بە تایبەتی(ژیان لە زڤانکا – Zvanka)دا کە بە باشترین نموونەی ئەم شێوازەی ئەو دەژمێردرێت.

بەرهەمەکانی دیرژاڤین،لاوازو قەڵەو، بەرزونزمی زۆریان تێدایە، پوشکین گوتەنی سێ چارەکیان قوڕقوشمەو یەك چارەکیان زێڕە، هەروەها هەمان جیاوازی لە زمانەکەشیا هەیە کە هەندێ جار بێ موبالاتی سەبارەت بە واژان وهەندێ جاریش هەڵەیان تێدا دەبینرێ، بەڵام لەم مابێنەدا هەندێ جار شیعری زۆر بەرزو بێ وێنە لە تەبعی ئەوەوە هەڵقوڵیوە. ئەوەی لە بەرهەمێن ئەودا نیە.ئەوەیە کە رێچکەو رێبازێکی سەقامگیری نەبووە کە ببێ بە رێنوێنی نەسل و نەوەکانی ئایندە،وئەو گوزارشتو دەربڕینە کاریگەرو هەیەجان ئەنگێزەی نەبووە کە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی رۆمانتیکی بووە.

## ٣-پرەنسیس داشکوف :

لە سەردەمی یکاترینای دووەمدا راپەڕێنێکی زانستانەی بەهێز لە روسیادا پەیدا بووە، کە پێویستە شازادەخانم یکاترینا رومانۆڤنا داشکۆف (١٧٤٣- ١٨١٠) بە یەکێك لە هاندەرەکانی ئەو راپەڕینە زانستییە بزانرێ. داشکۆف کیژی فەرماندەی گشتی هێزی روسیا (ڤورونتسوف – Vorontsof)ی بە ناوبانگ بوو،هەر لە گەنجییەوە ئاشنایەتی دەگەڵ هزرو بیری ڤۆلتیر و مونتسکیودا پەیدا کردبوو، لە ساڵی ١٧٦٢وە بوو بە یەکێك لە نزیکانی ئیمپراتوریس یکاترین، و دوای ئەوە چەند وتارێکی بۆ هەندێ لە رۆژنامەکان نووسیو پاشان لەسەر داوای ئیمپراتوریس کۆمیدیایەکی بۆ شانۆی ئارمیتاژ ئامادەکرد. زۆری پێ نەچوو لە ئەنجامی دەخالەت لە کارێن سیاسی، نێوانی دەگەڵ ئیمپراتۆریسدا تێکچوو،و لە ساڵی ١٧٦٩دا سەفەرێکی پاریسی کردو لەوێوە سەفەری سکوتلاندای کردو لەم سەفەرەیدا کوڕەکەی زانستگەی (ئەدومبورگ)ی تەواو کرد. لە ساڵی ١٧٨١دا بۆ روسیا گەڕایەوەو چونکە دیسان

خۆی لە سیاسەت هەڵدەقورتاند، یکاترین، سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری پێ سپارد تا سەر جەنجاڵ وسەرقاڵ بێ. هەوەڵجار ئەم کارەی قەبوڵ نەکرد، بەلام سەرەنجام ئەم کارەی قبوڵ کردو سەرنووسەری گۆڤارێکیشی بە نێوی (موخاتەب) لە ئەستۆ گرت، نێوەڕۆک و بابەتەکانی ئەم گۆڤارە، بووە هۆی ناکۆکی نێوان ئەو و ئیمپراتوریس، ولە ساڵی ١٧٩٥دا کە بەرهەمێکی (کنیاژنین)ی بلاوکردبووە، ئەم ناکۆکیەی توندتر کرد. ئەمجارەیان داشکۆف تۆراو لەشار رۆیی و لەوێندەر، لە دەرێی شار، بیرەوەرییەکانی خۆی بە زمانی فەرەنسی نووسیەوەو گرتسن، نووسەری بەناوبانگ لە ساڵی ١٨٤٠دا پاچڤە ئینگلیزیەکەی بلاوکردەوە.

لەم بیرەوەریانەدا شازدەخانم داشکۆف، تەبیعەتی هەستیارو ناسکدڵی ودڵساڤ و هەستی بەرزی خۆی دەردەبڕێت و گومانی تێدا نیە کە ئەو یەکێك بووە لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکانی بزاڤی زانستیانەی سەردەمی خۆی و ژمارەیەکی زۆر لەو زانایانەی کە لەو سەردەمەدا ژیاون. لە هاندان و پشتیوانیەکانی ئەو سوودمەند بوونە.

## ٨–بزاڤی زانستی:

ئەو بزووتنەوە زانستییەی کە لەم قۆناغەدا هاتووەتە ئاراوە، زیاتر لایەنی رەخنەوانی و گفتوگۆو باسی هەبووە، ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە نێو ئەم باس و گینگەشانەوە لە پێناوی بەرگری لە رابردووی میللەتی روس، لە بەرانبەر تانەو تەشەرێن لایەنگرانی لاسایی کردنەوەی رۆژاوادا راپەڕیون. یەکێك لە ناودارترین قارەمانانی ئەم مەیدانە کنیاز میخائیل میخائیلوڤیچ شچرباتوف (١٧٣٣– ١٦٩٠) بووە کە دانەری چەندین کتێبی وەك: (مێژووی روسیا لە کۆنترین رۆژگارانەوە)و (دەربارەی گەندەڵی ئەخلاقی لە روسیا)یە، ئەو رێبازو میتۆدی ئەم دەستەیەی دیاری دەکرد. بە ئەندازەیەك توندڕەوی لەم رێبازو باوەڕەدا کردووە کە هەموو شتێکی هاوچەرخی، تەناتەت کارەکانی پوترسی مەزن و یکاترین–شی رەفز کردووە. لە کاتێکدا گولیکوف – Golikof کە مێژوونووسێکی دیکەی ئەم سەردەمەیە، لە دە بەرگی گەورەو هەژدە پاشکۆدا کەوتووەتە ستایشی ئەم قۆناغ وسەردەمە.

مێژوونووسێکی دیکەی ئەم سەردەمە ئیڤان نیکیتیچ بالتین (١٧٣٥– ١٧٩٢) کە لە سوپادا پۆست و پایەی سەرتیپی هەبووە، دوو بەرگی دەربارەی (مێژووی روسیا...)کەی شجرباتوف، و دوو بەرگی دیکەی دەربارەی کتێبێکی دیکەی لکلر،پزیشکی فەرەنسی، لە ژێر سەرناڤی (مێژووی کۆن و نوێی روسیا)دایە، نووسیوە. ئەم پیاوە کە لە بنەماڵەیەکی قەدیمی تاتارەکان بووەو کۆمەڵێك دەستنووسی کۆنی هەبووەو یەکێك بووە لە نووسەرانی گۆڤارەی (روسکایا پراڤدا) واتە قانونی کۆنی روسیا، وبە دامەزرێنەری رێبازی سلاڤ دوستانی دواتر دەژمێردرێ، و لەم بزووتنەوە زانستیەدا پایەیەکی گرینگی هەبووە.

## فەسڵی شەشەم

## قۆناغی رۆمانتیك

### ١–رووكردنە ئەدەبیاتی میللی:

وەكو چۆن  لە كۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا بزووتنەوەی رۆمانتیك لە ئەوروپادا برەوی سەندو هێزی پەیدا كرد، بەو ئاوایە لە روسیاشدا ئەم بزووتنەوەیە پەیدا بوو و سەرەتاو دەستپێكەكانی گەلاڵە بوو. دیارترین نیشانەی سەرهەڵدانو دەركەوتنی ئەم قۆناغە، ئەو جازیبەو سیحرە بوو كە دیرۆك و رابردووی روسیا لە هزرو بیری ئەدیبانی ئەو قۆناغەی دروست كردبوو، وەهەر چەندە ئەو رابردووە هێشتا روون نەبوو بووەوە بەلاّم هۆش و بیری هەمووانی بە خۆوە مژول كردبوو. نیشانەیەكی دیكەی دیاردەكە، بایەخدان بوو بە هۆزانێن عامیانەو فۆلكلۆریو بە گوێرەی رۆژ دایان دەڕشتەوە. چولكوف – Tchoulkof، لە ساڵانی ١٧٦٦– ١٧٦٨دا كۆمەڵێك نەقڵی روسی، و پاشان لە ساڵانی ١٧٧٠– ١٧٧٤ كۆمەڵێك سترانی هەمەرەنگ،و لە ساڵانی ١٧٨٠– ١٧٨٣دا كۆمەڵێك نەقڵی دیكەی روسی بڵاوكردووەتەوە. لە هەمان قۆناغدا زنجیرەیەك ئەفسانەی سلاڤیان تۆمار كردووەو تەنانەت خەریكی ئەوە بوون هۆزانێن كۆنی سلاڤی كۆبكەنەوەو بە دەست بێنن،وەهەر لە هەمان سەردەمو قۆناغدا بە رێكەوتو بە شێوەیەكی موجیزەئاسا

نووسخەی دەستنووسی چیرۆکی جەنگی کینازئیگور دۆزراوەتەوەو لە ساڵی ١٨٠٤دا یەکەمین کۆ (بیلین)یان چاپکردووە.

هەر لەم قۆناغەدا بزووتنەوەیەکی دیکە بەدی دەکرێت، کە ئەویش لە ئەوروپای رۆژاوەوە هاتووەو لە هزرو بیری رۆسۆو سترن‌و یونگ‌و ئوسیان‌و هی تریانەوە وەرگرتووە، بریتییە لە زاڵی هەست بەسەر ئاوەزو سۆز بەسەر لۆژیك دا. کاریگەریی رۆسۆ لە وڵاتی روسیادا، لە هەر وڵاتێکی دیکە زیاتر تر بووەو تا زەمانی لیڤ تولستۆی هەر مابووە. لەم قۆناغەدا لە سەرانسەری ئەدەبیاتی روسیادا دۆستایەتی بتەو، وپڕ جۆش، وئاشقێنی گەرم وگوڕ، ودڵبەندی فراوان سەبارەت بە پێشینان‌و مردووان دەبینرێ.

## ٢-کارامزین:

پێشـــەنگ‌و رێپێشـــاندەری ئـــەم راپەرینـــە گرینگـــە نیکـــولای میخـــائیلوڤیچ کـــارامزین – Karamzine (١٧٦٦- ١٨٢٦) بـووە، کـە لـە ماڵبـاتێکی نـەجیمزادەی تاتـار بـووە، و نـاوی شۆرەت‌و خانەوادەیی ئەو لە سەرەتادا کارامرزا – Karamurzo بووە، پێدەچێت قەرەمیرزا بوو بێ لە ساڵی ١٧٨٥دا بە مەبەستی هاوکاری لەگەڵ ماسۆنیەکاندا هاتووەتە ناو دنیای ئەدەبیات‌و چونکە لەگـەڵ نوڤیکوفـدا پەیوەنـدی هـەبووە، لـە کـارە ئەدەبیـەکانی ئـەودا بەشـداریکردووە لـەو سەردەمەدا سەرو سەختی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئینگلیزی دا هـەبووە. لـە سـاڵی ١٧٨٩دا سـەفەرێکی هەندەرانی کردو لەساڵی ١٧٩٠دا گەشتێکی زۆری بە ئاڵمان‌و سویسـراو فەرەنسـاو ئینگلتـەرادا کردو لـەم سـەفەرەدا، کتێبێکی بەناونیشـانی (نامـەکانی رێبوارێکی روسـی) نووسـی. هەرچـەندە کاریگەری سترن بەم کتێبەوە دیارە، بەڵام کەسایەتی خۆیشی تێدا نیشـان دەدات. لـە ئـەڵمانیادا، کە بە مەڵبەندی ئەندێشەو فیکری زانیوە، دیداری لەگەڵ چەند کەسێکی گـەورەدا، لەوانـە کانت، کـردووەو دڵبەنـدی بەرهەمـەکانی گوتـە بـووە. لـە سویسـرا لـە رادەبـەدەر دڵبەنـدی کتێبـی (لـوئیز نوێ)ی رۆسۆ بووەو پاشان دڵبەندی فەرەنساو ئەوسا شیفتەی ئینگلیستان بووەو لە هەر یـەکێك لەو وڵاتانەدا جوانی سروشت وخۆشڕەفتاریو پاکڕەوشتی فرمێسکیان لە چاوانی زایاندووە.

ئەم هەستانە لە سەرانسەری هۆزانەکانیدا رەنگی داوەتەوەو دیارە، وتەنانەت لە چیرۆکانی وەکو (لیزی بەدبەخت)شدا کە لە ساڵی ١٧٩٢دا نووسیویەتی ئاشکراوخویایە، لەم چیرۆکەدا تەبیعەتی هەستیاری کیژێکی سەر بە چینی سێیەم لە هەنبەر گەندەڵی شاردا ئاشکرا دەکات، و لە هەمان کاتدا چیرۆکێکی دیکە بە ناونیشانی (ناتالی کیژە جووتیار) لەسەر هەمان رەوش و رێباز نووسیوە.

لـە سـاڵی ١٧٩٢دا، سـاڵی دەسـتگیری نوڤیکـوف‌و داخسـتنی (گۆڤـاری مۆسـکۆ) کە کـارامزین یەکەمین بەرهەمی خۆی تێدا بڵاوکردبووە، بووە باعیسی ئەوەی کە کارامزین لـە سـاڵی ١٧٩٤ تـا ١٧٩٥ گۆڤارێك، و لـە ١٧٩٦ تـا ١٧٩٩ گۆڤـارێکی دیکـە دەربکـات، وپوشـکین یەکـەمین بەرهـەمی خـــۆی لـــەم گۆڤـــارەی دووەمـــدا بڵاوکردووەتـــەوە. لـــەم قۆناغـــەدا دوو چـــامەی لـــە ستایشـــی

ئەلکساندەری یەکەمدا، بە بۆنەی هاتنە سەر تەختی، گوتووەو لە هەمان کاتدا زەوقی کەوتە سەر رێگەیەکی دیکەو ڕێبازێکی گرتووەتە بەر کە بووە بە شێوازی یەکجارەکی ئەو.

کارامزین لە ساڵی ١٨٠٢ لە گۆڤاری (پەیام بۆ ئەوروپا)دا رۆمانێکی تازەی لە ژێر سەر ناڤی (مارفاجێنشینی پاشا یا تەسلیمی نوڤوگورود) بڵاوکردووەتەوە کە کاریگەری شەکسپیری تێدا بەدی دەکرێت.چونکە لەم سەردەمەدا نووسەری لاو(کارامزین) مژولی پاچڤەی (یولیوس قەیسەر)ی شەکسپیر بووە لە وەرگێڕانە فەرەنسیەکەیەوە، ئەم کتێبە (یولیوس قەیسەر) کارێکی دیکەشی کردە گیانی کارامزین، ئەویش ئەمە بوو کە لایەنی مێژوونووسی، کە بە خۆی ئەو حەزەی تێدا بوو لەلا زاڵ کردو لەوە بە دواوە هەموو کاتی خۆی وەقفی مێژوو کرد.

لەم سەردەمەدا خەرج ومەسرەفی گۆڤار، باری ژیانی سەنگەلاکردبوو، وچونکە ژنی هێنا بوو، ئەوەندەی دیکە باری ژیانی قورس بووبوو. سەرەنجام توانی پۆستی مێژوونووسی فەرمی دەربار بە ساڵی دوو هەزار منات بە دەست بێنێ، وچوو بۆ گوندی ئوستافیوڤ – Ostafievo کە خەزوری زەوییەکی لەوێندەر هەبوو،ئیدی لەوێ سەرقاڵی کاری خۆی بوو. لە ساڵی ١٨١١ لەسەر داوای(دۆتمیر یکاترینا پاڤلوڤنا – Pavlovno)ی خوشکی ئەلکساندەری یەکەم کتێبێکی بە ناونیشانی (یاداشتنامە دەربارەی روسیای کۆن و نوێ) پێشکەش بە ئیمپراتۆر کرد.

لە ساڵی ١٨١٢ دا،ماڵەکەی لە مۆسکۆ سوتاو ئەو کتێبخانەیەی کە بیست وپێنج ساڵ رەنجی بە کۆکردنەوەیەوە دابوو،لە بەین چوو، وتەنیا دوو دانە لە کتێبی مێژووەکەی دەرچوو. ئیمپراتوریس داوای لێکرد بچێتە یەکێك لە کۆشکەکانی ئەو، لە نزیکی پوتروسبۆرگ، لێ قبوڵی نەکرد. بەڵام سەرەنجام لە ساڵی ١٨١٦دا بۆ ئەو شارە چوو، و لەم سەفەرەدا هەشت بەرگی لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی (مێژووی گشتی روسیا) کە تازە لە چاپ دەرچوو بوو، پێ بوو. لەوە بە دواوە درێژەی بەم کارەدا و تا هاتنە سەر تەختی خانەدانی رومانوف لە نووسینی بەردەوام بوو، و ئیدی تەمەن مەودای نەدا کە ئەم کارە تەواو بکات.

ئەم کتێبە کە بە دەستی ئیمپراتۆر کەوت، هەوەڵجار پەسندی نەکردوئەو شەست هەزار مناتەی کە وەعدی دابوو بۆ چاپکردنەکەی بیدات، نەیدا، بەڵام دوای ماوەیەك ئەو بڕە پارەیەو میدالێکیان پێ بەخشی، و بەمجۆرە دەساڵی دوایی تەمەنی بە خۆشی و سەرفرازی بووری.

کارامزین، لەم کتێبە مێژووییانەدا زمانێکی بەکار بردگە جیاوازیەکی یەکجار ئاشکرای دەگەڵ زمانی پێشیناندا هەیە، چونکە زمانی (سلاڤن)ی تەرك کردووەو وشەو واژەی زۆری لە زمانانی بێگانەوە وەرگرتووە وتەنانەت هەندێ جار کە پێویستی بە دەربڕینی مەبەستێك بووە، هاتووە وشەی روسی تازەی داتاشیوە، لەبەر ئەمە بە داهێنەری زمانی روسی تازەی دەزانن. زۆربەی هاوعەسرانی ئەویش هاوڕەئی ئەو بوونو پەیڕەویان کردووە. نەك هەر لە مێژوودا، بەڵکو لە بەیت و بالۆرانو بەرهەمو کاری ئەدەبی دیکەش دا بە ڕێی ئەودا رۆییشتون. هەڵبەتە ئەم کارە نەیارانیشی هەبووەو دەستەیەك هەبوو پێیان وابوو کە بەم کارە زمان شەقڵی نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدات. دیمیتریف وڤاسیلی پوشکین لە هەوادارانی ئەو بوونو دەریا سالار شیشکوف– Chichkof لە نەیارانی ئەو بوو، کە لە ساڵی ١٨٠٣دا لە کتێبێك دا بە ناونیشانی (دەربارەی

نووسینی کۆن ونوێ) بەرگری لە زمانی سلاڤن کردووەو پێشنیازی زمانێکی دەستکردی ئەوتۆی کردوووە کە لە تێگەیشتنی خەڵکییەوە ئەوەندە دوور بووە کەس نەبووە تێی بگات.

## ٣-شاعیرانی بەر لە پوشکین :

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەما،لە روسیا هەموو کەس هەر شاعیر بوو. لە زانکۆو ئامادەییەکانو لە فێرگە سوپاییەکاندا، قوتابیان زیاتر بە شیعر گوتنو دامەزراندنی ئەنجوومەنانی ئەدەبی و بڵاوکردنەوەی گۆڤارانەوە خۆیان دەنواند. لە پێشوازیو پەزێراییەکانیش دا شیعریان دەخوێندەوە، هەموو کیژانی جەوانو گەنج هەر یەکەو کۆ شیعرێکی پێ بوو، وچونکە گفتوگۆو باسێن سیاسی قەدەغە بوو، بە گفتوگۆو باسێن ئەدەبی ئەو بۆشاییەیان پڕ دەکردەوە. گۆڤاری زۆر بڵاودەبووەوە یەکێك لەوانە گۆڤاری (پەیاماوەری ئەوروپا) کە کارامزین بڵاوی دەکردەوەو (قەڵغانی نیشتمان) کە گرچ – Gretch دەری دەکرد (تا ساڵی ١٨١٢ هەندێ مەرامو ئامانجی نیشتمانپەروەرانەشی هەبوو، بەڵام لەوە بە دواوە بوو بە گۆڤارێکی ئەدەبی رووت). و(ئەستێرەی قوتبی) کە ریلیف – Ryleef دەریدەکرد، و (گوڵانی باکور) کە دیلڤیگ – Delvig بەڕێوەبەری بوو، و گۆڤاری (سەردەم) کە پوشکین دەریدەکرد.

ئەم گۆڤارانە،لە سەرەتادا پتر بەرهەمی وەرگێڕدراویان بڵاودەکردەوە،بەڵام رۆژ بە رۆژ ژمارەی بەرهەمی خۆماڵی و نووسراویان زیاتر دەکرد. پاشان رەخنەی ئەدەبی لەم گۆڤارانە بەشی سەرەکی بۆ تەرخان کرا، بۆ نموونە گۆڤاری (تەلەگرافی مۆسکۆ) کە پولوڤی – Polevoy بەڕێوەبەری بوو و گۆڤاری (دووربین) کە (نادژدین – Nadejdine) دەریدەکرد، چەندین باسیان دەربارەی رێساو بنەماکانی رێبازی رۆمانتیك، بڵاوکردووەتەوە. لەلایەکی ترەوە گۆڤاری (هەنگی باکور) کە بولگارین– Boulgarine لە رێگەی بەرتیل خۆرییەوە بەڕێوەی دەبردو مەرایی حکومەتی وەختی دەکردو بەگژ بلیمەتیو بەهرەمەندی پوشکین دا دەچوو. وێڕای ئەمە لەم گۆڤارانەدا کەمتر باسی فەلسەفەی رێبازی رۆمانتیکی ئاڵمانیان دەکرد. هەر چەندە روسەکان میناکی مامۆستایانی فەرەنسایی خۆیان، بە تەواوەتی دڵبەندو شیفتەی (ڤارترە)و (رێگران)و بەرهەمێن والتەرسکاتو بایرون بوون لە رێبازی رۆمانتیکدا تەنیا تۆنە پڕجۆش وخرۆشو جیلوە ئامێزەکەیان پەسند دەکرد.

## ٤-ژۆکوفسکی :

رابەرو پێشەنگی ئەم رێبازە تازەیە،شاعیری بەنێوبانگ ڤاسیلی ئاندریوڤیچ ژوکۆفسکی (١٧٨٣- ١٨٥٢) بوو کە بە خۆی شانازی بەم کارەوە دەکرد، لە راستیدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەو بە بەردەوامی پابەندی رێبازوشێوازی رۆمانتیك نەبووە، چونکە دوا بەرهەمی ئەو پاچڤەی ئۆدیسەی هومەر بووە.

ژۆکوفسکی کوڕی یەکێك لە نەجیمانی روسی ودایکی لە یەخسیرانی تورکیا بوو، ولە نێوان ئەم باب‌و دایکەدا،لە مابێنی دوو نەژادو دوو ژینگەی جیاوازدا پەروەردە بوو، وپاشان لە مۆسکۆدا، لە ژینگەیەکدا کە روحی ماسۆنیەکان بەسەریا زاڵ بوو، گەورە بوو. لەوە بە دواوە دوژاری زۆر گرفتی تاڵ بوو، وەکو مردنی یەکێك لە دۆستانی نزیکی، و ئاشقبونی یەکێك لە خزمانی، مردنی ئەو ماشوقەیە یەکجار خەمباری کرد، ونە نیشتەجیٚ بوون لە دەرباری تزار، کە لەویٚ مامۆستای ئەلکساندەری دووەم بوو، ونە ئەو سەفەرەی کە لە کۆتاییەکانی تەمەندا بۆ ئاڵمانی کرد، نە ژنهێنانی لە ئاڵمانیا، هیچ یەکێك لەم رووداوانە گۆڕانی لە روحی خەمینی ئەودا چێنەکرد.

شـۆرەت ونێوبـانگی ئـەو لـە بەیتێکـەوە دەسـتی پێکـرد کـە لـە سـاڵی ١٨١٢دا بەبۆنـەی سـەرکەوتنەکانی روسـیاوە گوتبـووی، لـیٚ پسـپۆری ئـەو لـە هۆندنـەوەی هەسـت وبـالۆرەو غەزەلاندایە.

لەم بالۆرەو غەزەلیاتە خۆشاهەنگانەی خۆیدا، دۆستێك کە مەرگ بە دوایەوەیە،وئەشق و ڤیانێکی خەمناك کە هیچ ئومێدێکی لێناکریٚ، وچاوەڕەوانی مەرگێکی تەسەلابەخش کە دڵدارو دلبەر بە یەکدی دەگەیەنیٚ، نیشانداوە. بەمجۆرە شاعیر چ بەهرەو سوودێك لە ژیانی ئێستای خۆی نابات،بەڵکو بەردەوام چاوەڕوانی ئایندەیەو ئایندەیەکی خەیاڵی بۆ خۆی دروست کردووەو پەنای دەباتیٚو دڵخۆشی خۆی بەوە دەداتەوە. بۆیە لە وەسف و پەسندی واقیع دا بیٚ توانایەو تەنانەت شیعرە حەماسیەکانیشی کە هاوعەسرەکانی زۆریان بە دڵ بوو، بریتیین لە کۆمەڵێك هەست و سۆز، کە زیاتر لایەنی هونەربازیو سەرگەرمیان لە خۆ گرتووە.

بەشێکی دی لە شیعرەکانی، بریتین لە پاچڤەی یەکجار جوان لە هـۆزانێن میللـەتانی دیکـەوە، کە تەنانـەت لـە هەندێکیانـدا وەزنو کێشەکانیشـی پاراسـتوون، کـە هەنـدیٚ شـاکاری ئـەدەبیاتی ئەوروپاشیان تێدا هەیـە، وەك: (زینـدانی شـیلون)ی بـایرونو هەنـدی شیعری والتـەر سـکوت و گوتەو بە تایبەتی زۆر شیعری شیلەرو (خانم ئورلیـان)ەکـەی. لـە نێو ئـەم بەرهەمانـەدا ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە رۆژهەڵاتـەوە هەیـە پاچـڤەیەکی شـیعریی چـیرۆکی (نالاودامایـانتی) نـاو کتـێبی "مهابهاراته"ی شاکاری بەناوبانگی ئەدەبیاتی سانسکریتیە، کە لە ساڵی ١٨٢٧ تا ١٨٤٠ لەسـەر پاچڤە ئاڵمانییەکەی (روکرت – Rukert) سەرگەرم و مژولی هۆنینەوەی بووە. ئەم چیرۆکە هـەر هـەمان چیرۆکە کـە فـەیزیی شاعیری نـاوداری سـەدەی یانزەیـەمی هندوستان بـە ناونیشـانی (نل ودمـن) پاچـڤەیەکی شـیعری کـردووە بـۆ سـەر زمـانی فارسـی.یـەکێك لـە بەرهەمـەکانی دیکـەی پاچـڤەیەکی شـیعریی حیکایـەتی (رۆسـتەمو زۆراب)ی شـانامەی فیردەوسـیە، کـە ئەویشـی لـە پاچڤەیەکی ئاڵمانیـەوە بـە شـیعر وەرگێڕاوەو لـە سـاڵی ١٨٤٩دا تـەواوی کـردووەو، ویستویەتی دەست بداتە وەرگێڕانی ئیلیادەش کە مەرگ مەودای نەداوە.

ژیـانی ژۆکۆفسـکی لـە رۆژی لـە دایـك بوونـەوە تـا دەمـی مـەرگ هەمیشـە ئـەوی بـۆ ئـەم هـزرە خەمناکانەی کە بەو چڕییە لە شیعرەکانیا رەنگی داوەتـەوە، ئامـادە کـردووە. بـابی کـە (بۆنین)ی ناو بووە، موڵکدارێکی دێهاتی بـووە، کـەنیزەکێکی تـورکی بـە نـاوی (سـەلخە) هـەبووەو سکی پڕ

کردووەو کە منداڵەکەی بووە، بۆنین، قەبوڵی نەکردووە بە منداڵی خۆیی بزانیٚ، یەکێك لە دۆستانی ماڵباتەکە کە ئاندریٚ گریگوریوڤیچ ژوکۆفسکی ناو بووە، بەزڕ کوڕی خۆی قەبوڵ کردووەو ناوی خۆی داوەتیٚ. پاشان منداڵەکەیان بە خوشکی باوکە راستەقینەکەی، کە (مەدام یوشکوڤا)ی ناو بوو، و لە شاری تولا دەژیا، سپارد. ئیدی ئەو منداڵە لەو ژینگەیەدا کە پڕ بوو لە زەوق و ئارەزووی هونەری پەروەردە بوو، بۆیە بەر لەوەی دەستووری زمان فێر بیٚ شانۆنامەی دەنووسی. لە ساڵی ١٧٩٧دا مەدام یوشکوڤا لە مۆسکۆ ناردیە بەر خوێندن، و بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە نۆبەرەی شیعرەکانی لە گۆڤارەکانی مۆسکۆدا بڵاوبوونەوەو هەر لەو ماوەیەدا پوری (یوشکوڤا) مردو بەبۆنەی مردنی ئەوەوە لاوانەوەیەکی دانا بەناونیشانی (ئەندێشەی سەر گۆڕێك). بەڵام لەو زەمانەدا کڕیاری شیعر کەم بوو، و وەشانکارەکان زیاتر عەوداڵی پاچڤە بوون و ژۆکۆفسکی بۆ ژیان و گوزەرانی خۆی ماوەیەك پاچڤەی دەکردو ماوەیەکیش خەریکی کاری کارگێڕی بوو و هیچی بە هیچ نەکرد، ناچار ماوەیەك لە دەرێی شاردا ژیاو دوایی بۆ مۆسکۆ گەڕایەوەو بەڕێوەبردنی گۆڤاری (پەیام ئاوەری ئەورووپا)ی لە ئەستۆ گرت و وەکو باوی ئەو زەمانە دەبوا بە خۆی هەموو بابەتەکانی گۆڤارەکە ئامادە بکات، و بۆ ئەم کارەش پاچڤەیەکی زۆری کرد. لە ساڵی ١٨١٠دا بۆنین، باوکی راستەقینەی ژۆکۆفسکی، پارەیەکی دایەو توانی موڵکێکی بچووك بکریٚ و چوو بۆ ئەوێندەرو ماوەیەك لەوێندەر ما، و پیاوێکی دەوڵەمەند هاوسای بوو کە لە موڵکەکەی خۆیدا تەنانەت شانۆشی هەبوو و کۆنسێرتی پێشکەش دەکردو ژۆکۆفسکی هەندیٚ شیعری بۆ دانا.

لەویٚ ئاشقی یەکێك لە خزمانی خۆی بوو کە دایکی قەبوڵی نەدەکرد شوو بە کەسێك بکات کە بابی بە کوڕی خۆیی قەبوڵ نەکردووە. لەبەر ئەمەیە کە ساڵی ١٨١٢ پڕ جۆشترین ساڵانی عومری ئەو بوو و یادگارانێکی فرەی ئەو ساڵە لە شیعرە خەمناکەکانیا رەنگی داوەتەوە، و لە هەمان ساڵدا وەکو سەربازی داوخواز چووە یەکێك لە فەوجەکانی قەرەوڵانی تزارو لە ژیانی سوپایی دا نەگەییە هیچ پلەو پایەیەك و تاقە قازانجی لەم کارەدا ئەمە بوو کە لە شەڕی (بارادینو)دا بەیتێکی دانا کە ناوبانگی پێدەرکرد.

لە ساڵی ١٨١٤دا کە لەشکرو سوپاییانی روسیا گەیینە پاریس، ژۆکۆفسکی بەیتێکی پێنج سەد بەیتی لە ستایشی تزارو سەرکەوتنەکانی ئەودا داناو لەبەر ئەمە شۆرەت و ناوبانگی گەییە لوتکەو کەم شاعیر لە ژیانی خۆیدا ئەو هەموو رێزو حورمەتەی بینیوە. لەم زەمانەدا ئەنجوومەنێکی ئەدەبی گرینگ بەناونیشانی (ئارزاماس – Arzamas) دامەزرا بوو کە ژۆکۆفسکی بە گرنگترین و ناودارترین کۆڵەکەی دەژمێردراو تەنانەت کۆبوونەوەو کۆنووسی کۆبوونەوەکانی بەڕێوەدەبردو رێك دەخست.

لەم قۆناغەدا ژۆکۆفسکی– یان بردە دەرباری تزارو هەوەڵجار کرا بە ماموری کتێب خوێندنەوە بۆ ئیمپراتوریس و پاشان کرا بە ماموری پەروەردە کردنی منداڵەکانی ئیمپراتوریس و ئەویش لە هونەری فێرکردن و پەروەردە کردندا هونەری خۆی نواندو لە ساڵی ١٨١٧ تا ١٨٣٠ لەم پۆستەدا مایەوە. لە ساڵی ١٨٤١دا بەنازونیعمەتی فرەو دارایی زۆرەوە بۆ ئاڵمان رۆیی و لەویٚ لە تەمەنی

شەست ساڵیدا کیژی (روترن – Reutern)ی نیگارکێشی خواست کە تەمەنی نۆزدە ساڵان بوو، وحاڵەتێکی عەجیبی وای بەسەر هات کە لەم حاڵو لەم تەمەنەدا مەزەبی کاتولیکی قبوڵ کردو بە تەواوەتی شیفتەی روحی عیرفان بوو و سەرەنجام بەم حاڵەوە لە شاری بادن بادن دا، لە ساڵی ١٨٥٢دا مرد.

## ٥–کاریگەری ژۆکۆفسکی :

هەر چەندە ژۆکۆفسکی هەموو سیفەتەکانی پێشەوایی و رابەریی تێدا نەبوو، لە ساڵی ١٨١٥دا هەموو تەرفدارانی بیروباوەڕی کارامزین، کە پێشەنگانی مۆدێرنیتەو نوێخوازی بوون شوێنی ئەو کەوتن و بەم شێوەیە هێزێکیان لە خۆدا کۆکردەوە کە بەرانبەر بە شیشکوف و دارو دەستەکەی کە (ئەنجوومەنی لایەنگرانی کاری روسی)یان هەبوو، بوەستنەوە. ئەم گروپەی ژۆکۆفسکی کە (کارامزینییەکانیان) پێ دەگوتن بریتی بوون لە: ژۆکۆفسکی، ڤیازمسکی – Viazemski، بلودوف – Bloudof، ئۆڤاروڤ – Ouvarop، باتیوشکۆف – Botiouchkof، ئەلکساندرتورگنیف – Tourguenef، نیکولاتورگنیف، ڤاسیلی پوشکین و برازاکەی کە هێشتا قوتابی دوا ناوەندی بوو، واتە پوشکینی شاعیری بە نامێ، ئەم دەستەیە ئەم ئەنجوومەنەیان ناو نا (ئارزاماس)و سەرەنجام شۆخیە ناخۆشەکانیان بۆڕی بەلایەنگرانی زمانی سلاڤن دا. لەم گیرودارو بگرەو بەردەیەدا ململانێیەك لە نێوان لایەنگرانی ڕێبازی کلاسیك و ڕێبازی رۆمانتیکدا لە ئارایا نەبووە، بەڵکو ناکۆکی و رکابەری لە نێوان دوو دەستەکەدا هەبووە، کە پاشان یەکێکیان ناونراوە لایەنگرانی سلاڤ و ئەوی تریان لایەنگرانی رۆژاوا.

## ٦–باتیوشکۆف :

شاعیرانی لاوی ئەم قۆناغە هەموو شوێنکەوتووی ئەدەبیاتی کلاسیکی فەرەنسا بوونەو تەنانەت ئەگەر لە ماوەیەکدا مەیلیان چووبێتە سەر شێوازو ڕێبازی رۆمانتیکش،بە یەکجارەکی دەستبەرداری پرەنسیپ وبنەماکانی کلاسیك نەبوون. ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندیە ئەگەر لە بەرهەمەکانی ژۆکۆفسکیدا هەستی پێ بکرێ، ئەوا لە بەرهەمەکانی کونستانتین باتیوشکۆف (١٧٨٧– ١٨٥٥)دا هەست پێکراوترە.

باتیوشکۆف بە لوتف ومیهرێکی تایبەتیەوە بەرهەمی شاعیرانی لاتینی، وبە تایبەتی هۆراسی پاچڤە کردووەو لە شیعرەکانی خۆیشیدا دیمەنی شاعیرانی کلاسیکی، بە شێوازی خەمناکانەی رۆمانتیکەکان خستووەتە ڕوو..هەڵبەتە ئەم خەمینییە لە تایبەتمەندییە هەمیشەییەکانی شێوازو گوزارشتی ئەدەبیی ئەو نیە، بەڵکو زادەی حەقیقەتێکی بە سوێی تەبیعەت و سروشتی شاعیرێکی بێنەواو نەگبەتە کە سەرەنجام بەرەو شێتبوونی کێشا. هەرچەندە باتیوشکۆف یەکێك بوو لە گروپی کارامزین، بەڵام دەبێ لەوان بە جیا بزانرێ، چونکە تەنیا لە پەخشاندا شوێنکەوتووی ڕێبازی کارامزین بووە، لە شیعردا ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە. لە شێوازی کلاسیکدا بە

تەواوەتی پەیرەوی پرەنسیپی یونانی دەکردو ئەڤینداری حەقیقەتی تەبیعەتوجوانیی واقیعی بووەو تەنانەت تاڵییەکانی ژیانشی خۆشویستووە. باتیوشکۆف بە خۆی پێشبینی چارەنووسی خۆی کردووەو ئەو شیعرەی کە دەربارەی مردنی(لوتاس)ی شاعیری ئیتاڵیایی گوتووە تەقریبەن باسی ژیانی خۆیەتی.باتیوشکۆف لە بنەماڵەیەکی خانەدانو خاوەن پایە بوو. لە ساڵی ١٨٠٧دا لە جەنگدا گوللەیەکی بەرکەوتو لە ساڵی ١٨١٣دا نزیکترین دۆستی بە بەر چاویەوە کوژراو ئەم ڕووداوانە هێندەی دیکە تەبیعەتیان حەساس کرد.

لە ماوەی ئەم ڕووداوانەدا هەندێ شیعری لە گۆڤاری (پەیام ئاوەری ئەوروپا)دا بڵاو بووبووەوە،وکۆمەڵێك پاچڤەی زۆر جوانی شیعری شاعیرانی دیکەشی ئامادە کردبوو لەوانە وەرگێڕانی هەندێ لە بەرهەمەکانی پارنیوتیبولو پترارکو، ئەو بەرهەمانەی کە دوای ئەوە بڵاوی کردوونەتەوە نەفەسی هەمان ئەو شاعیرانەی پێوە بووەو هەمان ناکامی ڤیانیان پێوە دیارە. کاتێ کە گەیی بووە ترۆپکی شۆرەت سەفەرێکی ئاڵمانو فەرەنسای کردو لەوێ باشترین قۆناغی خەووخەیاڵو ئارەزووی شاعیرانەی خۆی ڕابواردو، دوای مانەوەیەکی کەم لە ئینگلتەرا بۆ ڕوسیا گەڕایەوەو ڕووبەڕووی هەندێ ڕووداوانی شوم بووەوە کە لە هەموویان خراتر ئەمە بوو نەیدەتوانی وەسایلی بەختەوەری ئەو کیژە گەنجەی کە خۆشی دەویست فەراهەم بکاتو ئیدی لەو کاتەوە سەرەتاکانی نائومێدی لەلا پەیدا بوو. لە ساڵی ١٨١٦دا جارەکی دی هەندێ شیعری لە گۆڤاری(پەیام ئاوەری ئەوروپا)دا بڵاوکردەوەوساڵی دواتر کۆی شیعرەکانی خۆی بڵاوکردەوەو لەو سەردەمەدا لە هۆیەك دەگەڕا کە لە ڕوسیا بڕوات. لە ئەنجامی هەوڵەکانی ژۆکۆفسکیدا، لە ساڵی ١٨١٨دا وەزیفەیەکی لە سەفارەتی ناپۆلی دا پەیدا کرد، بەڵام دوای چوار ساڵان کە گەڕایەوە بە تەواوەتی شێت بوو بوو، و هەوڵ و تەقەلاکانی ژۆکۆفسکی هیچ دادێکیان نەدا،و لەوە بە دواوە بە سیو هەشت دانە ساڵی باقی تەمەنو ژیانی بەو حاڵە دڵتەزێنە ڕابوراد.

## ٧-دیمتریف :

ئیڤان ئیڤانوڤیچ دەمیتریف – Dmitrief (١٧٦٠- ١٨٣٧) لە شاعیرانی پلە دووی ئەم قۆناغەیەو لە بیوگرافیەکدا کە دەربارەی خۆیی نووسیوە، ئەوەی نیشانداوە کە ژیانی ئاساییو ژیانی ئەدەبیی بە هیچ جۆرێ لێکدی نەچوونویەکیان نەگرتووەتەوە، و وەکو دوو کەسی جیاواز بوون، کە هەر یەکەیان بەرێی خۆدا ڕۆییشتوونو هەرگیز نە گەییوونەتە یەکتری.

لە ساڵی ١٧٩٤دا لە کەناری ڕوباری ڤۆڵگا چەند شیعرێکی بۆ خوشکەکەی گوتبوو، کە بۆ (کارامزین)ی ناردو ئەو لە گۆڤارەکەی خۆیدا، لە ژێر ناوی (ئاوازی ولاتپەروەرێك)و (چامەیەك دەربارەی فەتحی وارشۆ) بڵاوی کردەوەو شیعرێکی دیکەشیان بە نێوی (یرماك) دەگەڵدا بوو کە شرۆڤەیەکی شیعریی فەتحی سیبریایەو هاوکات چەند حیکایەتێکی شیعریشی دەگەڵ ئەو شیعرانەدا بڵاوبوونەوە. ساڵی دوایی ئیدی هیچ بەرهەمێکی ئەم شاعیرە بڵاونەبووەوەو تا ساڵی ١٨٠٢هیچ هەواڵێك لەوەوە نەبوو تەنیا ماوەیەك لە کارگێڕی ئەنجوومەنی سەنادا بووە ئەندامو

ماوەیـەکیش یاریـدەدەری وەزارەتـی کشـتیاری بـوو. دوای ماوەیـەك کـە بـۆ مۆسـکۆ ڕۆیـی و (کـارامزین)ی بـینی دووبـارە ماهیـەتی ئـەو سـەری کـردو پاچـڤەی حیکایەتـە شـیعریەکانی (لافـونتین)ی، کـە شـاکاری شـیعرەکانی ئـەوە بڵاوکـردەوە. هـەر چـەندە دیمتریـف لـە قوتابیـانی کارامزین بوو، بـەڵام بتـەویّو نەتـەویّ هاوئاهـەنگی دەگـەڵ گروپـی شیشـکوف دا دەکـردو خـۆی وەکـو قارەمـانی لایـەنگری ڕێبـازی کلاسـیك و شـوێنکەوتووی ڕێچـکەو ڕێبـازی دیـرژاڤین و دژو نەیاری کارامزین و شاعیرانی مودێرنیست نیشاندەداو لەمەوە دیارە کە نەیتوانیوە لە شاعیری دا کەسایەتیەك بۆ خۆی بە دەست بێنیّو، شۆرەت و ناوبانگی ئەو بەهۆی کارە ئیداریەکانیەوەیـە، چونکە لە ساڵی ١٨٠٧دا بوو بە سەرۆکی زانستگەی مۆسکۆو لە ساڵی ١٨١١ دا بوو بـە وەزیـری دادو لەم قۆناغەدا ئیدی وازی لە ئەدەبیات هێنا.

## ٨-ئۆزیروف :

لادیسلاس ئەلکساندروڤیچ ئۆزیروف – Ozierof (١٧٦٩- ١٨١٦) یەکەم شیعری خۆی بە فەرەنسـی گوتـووەو پاشـان هەنـدیّ چامەو بەیتوحیکایـەتی شـیعریی بە ڕوسـی گوتـووە، تـا لـە ساڵی ١٧٩٨دا یەکەمین تراژیدیای ئەویان لە ژێر سەرناڤی (یاروپولك Iaropolk و ئولگ Oleg) نمـایش کـردووە، ئـەم شـانۆنامەیە کـە بـە چـاولێکەری نووسـەرانی فەرەنسـی نووسـراوە، هـیچ ناوبانگێکی بۆ پەیدا نەکردووەو بە خۆی پەی بەوە بردووە کە پێویستە لە ئەدەبیاتدا لـەم شتانە نوێخـوازتربیّ، ئـەوە بـوو کـە بـە چـاولێکەری (ڕیچاردسـن)ی نووسـەری ئینگلیـزی شـانۆنامەی (ئۆدیپ لە ئاتین)داو دوایی بە چاولێکەری ماکفرسـن، لـە سـاڵی ١٨٠٥دا (فینگـاڵ)ی نووسیوەو ئـەم دوو بەرهەمـەش دەنگدانەوەیـەکی ئـەوتۆیان نـەبووە، تـا لـە سـاڵی ١٨٠٧دا، بـە شـانۆنامەی (دیمـیتری دونسـکۆی Dmitri Donskoy) نێوبانگی دەرکـردووە. ئـەم تراژیدیایـە لـە هـەموو تراژیـدیاکانی دیکـەی ئـەو نـزمترە، بـەڵام چـونکە زۆر کینایـەو ئامـاژەی لەمـەڕ ڕووداوەکـانی ئـەو قۆناغ و سـەردەمە تێدایـە، بۆیـە بـەم ڕادەیـە بـووە بـە مایـەی سـەرنج، ئـەوەی لـەم تراجیدیایـەدا بـە تایبـەتی هەسـتی بزوانـدووە ئەمەیـە کـە قارەمانەکـەی (دیمـتیری) بەرپەرچـی هێـرش و پـەلاماری تاتارەکانی داوەتەوەو لەم شەڕەدا سـەرکەوتوو بـووە، خـەڵکی ئەمـەیان بـە پێشـبینی سـەرکەوتنی ئەلکساندەر بەسەر ناپلیون دا لێکداوەتەوەو زانیوە، بۆیە لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٨١٣ـەوە ئەم شانۆنامەیەیان وەکو پەرجوویەك وەرگرتووە.

دوای ئەم سەرکەوتنە کوتوپڕە، ئۆزیرۆف نەیتوانی درێژە بە کاری خۆی بدات و پەنای وەبەر دەرێی شاربردو لەوێش چەند شانۆنامەیەکی دیکەی نووسی و هیچی بە هیچ نەکردو لە ئەنجامدا وەکو نیمچە شێتێك کۆچی کردو تاقە پایەی گرینگی ئەو لە ئەدەبیاتی ڕوسیدا ئەمەیە کە وەکو ژۆکۆفسکی سەر مەشقی پوشکین بووە.

## ٩-کریلوف :

ئیڤان ئاندرئیوڤیچ کریلوف له ١٧٦٩/٢/١٣ هاتۆته دنیا، بابی له خودان پایه بچووکه‌کان بووه، و کاتیٚ که مرد، کریلوف ده ساڵان بوو، بۆیه ناچار بوو له سه‌ره‌تای لاوییه‌وه له خه‌می گوزه‌راندا بیٚو بژیٚوی خۆیو دایکی وبرا بچووکه‌که‌ی دابین بکات. واباوه که دایکی له ریٚگه‌ی دوعا خویٚندنه‌وه بۆ مردووان، سوکه ده‌رامه‌تیٚکی هه‌بووه.

تاقه شتیٚك که له‌و بابه‌وه بۆ کریلوف مابووه‌وه باوڵیٚك کتیٚب بوو، بۆیه هه‌ر له سه‌ره‌تای لاوییه‌وه خووی به کتیٚب خویٚندنه‌وه‌وه گرت. له‌م سه‌رده‌مه‌دا کریلوف له شاری تڤر – Tver ده‌ژیاو تاقه کاروسه‌رگه‌رمی ئه‌مه بوو که رۆژانه به که‌ناری روباری ڤۆڵگادا که به‌و شاره‌دا تیٚده‌په‌ڕی، پیاسه‌ی ده‌کردو له‌م پیاسه‌یه‌دا له کرداوره‌فتاری خه‌ڵکی ریٚبوار ورد ده‌بووه‌وه. به‌مجۆره هیٚزی دیتن که بۆ شاعیرو نووسه‌ر له هه‌وه‌ڵین که‌ره‌سته‌و مه‌رجه‌کانی کاره، له‌ودا په‌ره‌ی سه‌ندو زه‌خیره‌یه‌کی له‌داب ونه‌ریتان بۆ سه‌رده‌می شاعیریو نووسه‌ریی خۆی له هزرو زه‌ینی خۆدا پاشه‌که‌وت کرد. جا هه‌ر به ده‌م ئه‌و پیاسانه‌وه قسه‌ی ده‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سانه‌دا ده‌کرد که تووشی ده‌بوون،و ئه‌م ئه‌زموونانی لاویو پاشه‌که‌وتانه‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه کردیانه کاریٚك که شاره‌زاییه‌کی ته‌واوی له زمانی خه‌ڵکی په‌یدا کردو، ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ی که پاشتر له شیعرو په‌خشاندا هه‌ی بووه، یادگاروزاده‌ی ئه‌م قۆناغی منداڵییه‌ی ئه‌وه.

پاش ماوه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ دایکیو براکه‌ی خۆیدا بۆ مۆسکۆ، و له‌ویٚوه، له ساڵی ١٨٨٢، له ته‌مه‌نی چوارده ساڵی دا بۆ سانپوتروسبورگی پایته‌ختی ئه‌و سه‌رده‌مه رۆییو له یه‌کیٚك له دایه‌ره ده‌وڵه‌تیه‌کاندا دامه‌زرا. له هه‌مان سه‌رده‌مدا یه‌که‌مین به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی خۆی، واته ئوپرایه‌کی کۆمیدی به ناونیشانی (فاڵگره‌وه‌ی قاوه) نووسیو، یه‌که‌م پاداشت که له‌بری ئه‌م کاره پیٚیان دا سیٚ دانه کتیٚب بوو، که بریتی بوون له به‌رهه‌مه‌کانی راسین و بوالو، شاعیرانی ناوداری فه‌ره‌نسا، که کتیٚبفرۆشییه‌ك له جیاتی یه‌که‌مین به‌رهه‌میی ئه‌ده‌بی پیٚی دا، به‌مجۆره ئاشنایه‌تی ده‌گه‌ڵ شاکاره ئه‌ده‌بییه‌کانی فه‌ره‌نساشدا په‌یدا کردو که‌وته بیری ئه‌وه‌ی که لاسایی درامانووسانی به‌ناوبانگی فه‌ره‌نساوی بکاته‌وه، بۆیه دوو تراجیدیاو سیٚ کۆمیدیای نووسی، که له ناو ئه‌وانه‌دا ته‌نیا کۆمیدیای (ته‌مه‌ڵ)یان له ساڵی ١٨٠٧دا، له مۆسکۆ نمایش کرد.

چونکه له‌م ریٚگه‌یه‌وه هیچی به هیچ نه‌کرد، لیٚبڕا که له ریٚگه‌ی رۆژنامه‌وانیه‌وه پیٚشکه‌وتن به ده‌ست بیٚنیٚ، و له ساڵی ١٧٨٩دا رۆژنامه‌یه‌کی گه‌پجاڕیی به ناونشانی (په‌یکی رۆحان) ده‌رکرد که له‌ویٚدا گوتارانی به زمانی عیزرائیل وجنو په‌ریو بوونه‌وه‌رانی خه‌یاڵییه‌وه ده‌رباره‌ی گه‌نده‌ڵی ئه‌خلاقیوخه‌وشیٚن کۆمه‌ڵایه‌تی وه‌خته‌وه بلاٚوده‌کرده‌وه‌و لاسایی هه‌مان ریٚبازی ره‌خنه‌وانیو ئیرادگیری کۆمه‌ڵایه‌تی نووسه‌رانی ناوداری فه‌ره‌نسی،به تایبه‌تی ڤۆڵتیرو مونتسکیو و لوساجی ده‌کرده‌وه، که له‌و رۆژو رۆژگاره‌دا به‌رهه‌مه‌کانیان له روسیادا له راده‌به‌ده‌ر ره‌واجیان هه‌بوو، به‌ڵام ئه‌م رۆژنامه مانگانه‌یه به هه‌موو تازه‌ییه‌کی خۆیه‌وه، له هه‌شتا خویٚنه‌ر زیاتری په‌یدا نه‌کردو هه‌ر زوو په‌کی که‌وتو داخرا، و له ساڵی ١٧٩٢دا رۆژنامه‌یه‌کی دیکه‌ی به هه‌مان ریٚباز، له ژیٚر سه‌رناڤی (چاودیٚر)دا ده‌رکردو ئه‌وه‌یش به‌رده‌وام نه‌بوو، و دوای ماوه‌یه‌کی

کەم داخراو هەمدیس لە ساڵی ١٧٩٢دا رۆژنامەیەکی تری بە هەمان شێوازو بەناونیشانی (مرکورسن پوترسبۆرگ) دەرکرد کە ئەویش تا ساڵی ١٧٩٤ دەردەچوو.

کریلوف، لە ساڵی ١٧٩٧دا بە عینوانی سکرتێری تایبەتیو پەروەردەکار، لەلای میرگالیتسن، کە لە دەوڵەمەندانو پیاوماقولانی ئەو زەمانە بوو، دامەزراو بەرە بەرە لە ناو بنەماڵەو خێزانی ئەودا پایەی دۆست وهاودەمی پێکەوە نا، وکاتیێ کە ئەم میرە (گالیتسن) بوو بە ماموری حکومەتی (ریگا)، کریلوف لەگەڵیا بۆ ئەو شارە رۆیی. دوای چوار ساڵ وازی لەم کارە هێنا، و وەکو چۆن بە منداڵی حەزی بە گەشت و گەڕانی دەرێی شار دەکرد، و زۆری حەز بە سەفەرو باوەشی تەبیعەت هەبوو، کەوتە گەشت و گەڕان و سەفەرانی دوورو درێژ بەناو روسیادا. لەم سەفەرانەشدا بابەت ومناو ناوەڕۆکی زۆرو دەوڵەمەندی لە زەینی خۆدا پاشکەوت کرد کە لەواری شاعیری دا زۆر بە کاری هاتووە، بۆ نموونە هەر لەم سەفەرانەدا خۆشی بە قوماردا چوو، و خویایە کە ئەم قوماردۆستیە تاقە سوکنایی دڵ وهۆی پایەداری ئەو بووە، لە هەنبەر قەدرنەزانی دەوروبەرونالەباری زەمان بۆ تێگەییشتن لە بەرهەم و فیکری ئەو. لەبەر ئەمە شاعیری ناکام کە هیچ کەسێکی بە شایستەی دەرککردنی پایەی خۆی نەدەزانی، لەم شارەوە بۆ ئەو شار بە دووی قومارخانەو حەریفی قوماردا دەگەڕا، و تەنانەت جارێك برە پارەیەکی مۆڵی، یانی سێ هەزار (منات)ی بردەوە.

لەم سەرو بەندەدا، پاش ئەوەی کریلوف ئیتر چاوەڕوانی هیچ سوودو خێرێك نەبوو لە شانۆنامەو رۆژنامەوانی، کەوتە دانانی حیکایەتێن شیعریو لە ساڵی ١٧٨٨دا یەکەمین حیکایەتی خۆی بە ناونیشانی (قوماربازو کەمەربەند) بڵاوکردەوەو لە ساڵی ١٨٠٥دا دوو حیکایەتی دیکەی لەسەر شێوەی حیکایەتە شیعریەکانی (لافونتین)ی شاعیری بەنێوبانگی فەرەنسی هۆنیەوە، وچونکە دۆستەکانی ئەو دوو حیکایەتەیان پەسند کرد، لەوە بە دواوە هەموو کارێکی ئەدەبی خۆی بۆ دانانی ئەم جۆرە حیکایەتە شیعریانە تەرخان کرد. پاش ماوەیەك دەستی لە لاسایی کردنەوەی لافونتین هەڵگرت و هەندێ ناوەڕۆك و بابەتی تایبەت بە خۆی هۆنیەوە، و لە ساڵی ١٨٠٩دا یەکەمین کۆحیکایەتی شیعریی ئەو کە بریتی بوو لە بیست و سێ حیکایەت بڵاوبووەوەو هەندێ لە شاکارە بەناوبانگەکانی لە نێو ئەم کۆحیکایەتەدایە.

بڵاوبوونەوەی ئەم کۆحیکایەتە کردیە کارێك کە ئیمپراتۆروماڵباتی پاشایەتی ئاوڕی لێ بدەنەوە، لە ساڵی ١٨١٢دا جێگری سەرۆکایەتی کتێبخانەی پاشایەتیان دایە ئەو، وساڵی دواتر بە ئەندامی کۆڕی زانیاری هەڵبژێردراو لە ساڵی ١٨٢٨دا مەدالیای زێڕینی کۆڕیان دا بەو، و لەوە بە دواوە هەندێ سەرکەوتنی دیاری دیکەشی پێ براو بە یەکێك لە نێودارانی زەمانی خۆی دەژمێردراو تەنانەت شۆرەتی ئەو لە وڵاتانی بێگانەشدا دەنگی دایەوە، وبۆ نموونە خۆی لە ژیاندا بووە کە لە ساڵی ١٨٢٨دا کۆمەڵێك لە حیکایەتە شیعرییەکانیان بۆ سەر زمانی فەرەنسی پاچڤە کردووەو لە مۆسکۆدا چاپیان کردووەو گەورەترین شاعیرانو نووسەرانی زەمانە، لەوانە پوشکین، گەورەترین شاعیری روسیا، هیچ درێغییەکیان لە ستایشی ئەودا نەکردووە.

کریلوف لەم قۆناغەی ژیانی خۆیدا، لە چل‌و شەش ساڵدا دوو سەدو پێنج حیکایەتی شیعری گوتووەو رەواجی بەرهەکانی ئەو گەییوەتە ئاستێك كە لەو زەمانەدا بەرەواجترین بەرهەمی ئەدەبی پتر لە پێنج هەزار نووسخەی لێ چاپ نەدەبوو، بەرهەمەکانی ئەویان بە تیراژی هەفتاو پێنج هەزار نوسخە چاپ دەکرد، سەرەنجام لە کاتێکا لە هەرەتی شۆرەت‌وناوبانگدا بوو کە لە ٢١/ نۆڤەمبەری ١٨٤٤دا لە ئەنجامی نەخۆشی بەد هەرەسیدا کۆچی دوایی کرد.

کریلوف،لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا، بە یەکێك لە ناودارترین ئەو شاعیرانە دەژمێردرێ کە حیکایەتی شیعریان گوتووەو لەم مەیدانەدا بە هاوشانی ئیزۆپی یۆنانی، چاسرو جانگی ئینگلیزی، لافونتین وفلوریانی فەرەنسی‌و لسینگی ئاڵمانی، وپیگنوتی ئیتاڵیایی دەزانن، خەسڵەتی بەرجەستەو دیاری حیکایەتە شیعرییەکانی کریلۆف ئەمەیە کە زیاتر لە هەر شاعیرێکی دیکەی کە لەم مەیدانەدا قەڵەمیان تاوداوە، ژیانی سەردەم‌و ژینگەی خۆی‌و عەیبە زەق و ناشیرین و بەرجەستەکانی پیاوانی بە دەسەڵاتی رۆژگاری خۆی نواندووەو گوفتارو رەفتارو کرداری داونەتە پاڵ جانەوەران‌و گیانلەبەران، لەبەر ئەمە گیانی ئەدەبی لە بەرهەمەکانی ئەودا پایەدارترو زندووترەو لە نێو حیکایەتە شیعرییەکانیدا شاکارانی میناکی (چوار ساز، جووتیاران‌و رۆخانە، ئاگرو بێشە، جووتیارو کەر، سکەی زێڕ، و پەروەردەکردنی شێر) هەیە کە هەمیشە بە هەمان تەڕی‌و تازەیی یەکەم رۆژیان دەمێننەوە.

## فەسڵی حەوتەم

## پوشکین

### ١-شاعیرو بنەماڵەکەی :

ئەلکساندەر سیرگی لڤوڤیچ پوشکین، لە شاری مۆسکۆ، لە ١٧٩٩/٥/٢٦ لە دایك بووە. بابی، سیرگی لڤوڤیچ Lvovitch موڵکدارێکی نەجیمزادەی لە بنەماڵەیەکەی قەدیمی بوو، ئەوەندە بە کارەکانی خۆیدا رانەدەگەیی وگوێی نەدەدایە،تەنیا سووکە دەرامەتێکی لە موڵکەکانی هەبوو، چونکە گوێی بە خزمەتکردنیان نەدەدا. شەو ورۆژ هەر خەریکی خواردنەوەو رابواردن و خۆشگوزەرانی بوو، ولە زەتی لەم کارەش دەبرد. وێڕای ئەمەش زەوق وسەلیقەی شیعری هەبوو، هەر کاتێ بیویستایە دەیتوانی بە فەرەنسی وروسی شیعر بڵێ.

ئەوەی لە شیعرەکانی پوشکین دا هەیە رەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی. خووخدەی ئەوو تەنانەت تایبەتمەندی وخەسڵەتی نەژادی ئەو لە بەرهەمەکانیدا بە تەواوەتی خویایە، هەروەها رەگ ورەچەڵەك و ئەسڵ وفەسڵی خۆی لە بەرهەمەکانیدا نواندووەو بەرجەستە کردووە. هەر چەندە پوشکین لە نەژادو رەچەڵەکی روسی بوو، بەڵام خوێنی ئەفریقیایش لە دەمارەکانیا هەبوو، چونکە دایکی، (نادژدا ئوسپیوڤنا – Nadejda Ossipovno) نەوەی (ئابراهام هانیپال) بوو کە لە دەرباری پوتروسی گەورەدا پایەیەکی هەبوو، و چونکە زۆر رەش بوو، ناویان نابوو (قولەکەی پوتروسی گەورە). هانیبال کوڕی یەکێك لەو شازادانە بوو کە لە حەبەشەدا پاشایەتیان کردووەو بە بارمتە بۆ ئەستەمبوڵیان بردبوو و لەوێندەرەوە بۆ روسیا رۆیی بوو، و پوتروسی مەزن ناچاری کردبوو کە ببێ بە نەسرانی و لەوە بە دواوە بوو بە یەکێك لە نزیکانی ئەو. پوشکین بەخۆی ژیانی ئەم باپیرەی لە دایکەوە، نووسیوەو لە کتێبێکدا کە بە ناونیشانی (بەیاناتی بیلکین – Bielkine) بە پەخشان نووسیویەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە.

بابی، سیرگی لڤوڤیچ، یەکێك بوو لە موڵکدارە دیارەکانی زەمانی یکاترین-ی دووەم، واتە پیاوێك بوو ئاداب زان وخاوەنی زانیارێن جۆراوجۆرو لایەنگری باوەڕێن ڤۆلتێر وئازادئەنێش و پابەندی داب ونەریتی دەرباری. بۆیە کوڕەکەی هەر بە منداڵی بە مامۆستاو پەروەردەکارانی فەرەنسایی سپارد، وئەم پەروەردەکردنە بە جۆرێ کاری تێکرد کە پوشکین بە رادەیەك خووی بە فەرەنسیەوە گرتبوو وئاشنای بوو بوو کە لە ساڵی ١٨٣١دا، لە تەمەنی سی و دوو ساڵی دا، نامەی بۆ یەکێك لە دۆستەکانی، بە ناوی چائادایف – Tchaadaief نووسیوەو دەڵێت: "…. من بە زمانی ئەوروپا قسەت دەگەڵ دەکەم، چونکە بەم زمانە لە زمانی خۆم ئاشنا ترم…" لەو زەمانەدا گەلێك لە نەجیمزادەکانی روسیا ئەو جۆرە لاف و گەزافەیان لێدەدا، دەنا گومانی تێدا نیە کە پوشکین وێڕای ئەمەش زمانی روسی لە هەموو کەس باشتر زانیوە. لە هەشت ساڵی دا کە لە مۆسکۆ بوو چونکە زۆربەی رۆژان کارامزین و دیمتریف و باتیوشکوف شاعیرانی ئەو زەمانەی

له ماڵی خۆیاندا دەبینی كەڵكەڵەی شاعیری كەوتە سەروهەندێ شیعری بە فەرەنسی و بە چاولێكەری، بۆ یادی ڤۆلتێر دانا.

ئەم منداڵە لە قوتابخانەدا ئەوەندە مایل بە دەرس خوێندن نەبوو، ودڵی نەدەدایە هیچ شتێك، وبە تایبەتی حەزی لە بیركاری نەدەكرد. وێڕای ئەمەش هەر بەو منداڵییە جۆرە تاسەیەكی كتێب خوێندنەوەی هەبوو، وبە دزییەوە دەچووە كتێبخانەكەی بابی و هەر كتێبێكی بەردەست دەكەوت بۆ ماوەیەكی درێژ دەیخوێندەوە. لەو زەمانەدا، لە روسیا، باو بوو كە نەجیمزادەكان زیاتر رمووەدەی زمانی فەرەنسی بوون، وچونكە لە ماڵباتی (پوشكین)شدا ئەم باوە هەبوو، ئەم منداڵەش لە منداڵی دا بە فەرەنسی باشتر لە روسی قسەی دەكرد.

لە هەشت ساڵیدا گوساخ و حازر وەڵام و زیتەڵ و بێ موبالات بوو، بە رادەیەك كە باب و دایكی خۆشیان نەدەویست و هەرگیز نەوازش ودلۆڤانی و میهرەبانی لێیان نەبینی. لە ساڵی ١٨٠١دا ناردیان بۆ قوتابخانەی سەرەتایی (تسار سكویە سلو – Tsar Skoye- Slo) كە تازە بۆ نەجیمزادان كرابووەوە.

دوای ساڵێك مامۆستایان و پەروەردەكارانی قوتابخانەكە بەمجۆرە رای خۆیان لەمەر ئەو دەربڕی بوو: "…. قەریحەو بەهرەی باشە بەڵام جێگیر نیە… زەوقی ناسك و تیژە بەڵام ورد نیە… بەهیچ جۆرێ دڵ ناداتە شت… توانای حازر وەڵامی هەیە بەڵام بەدبەختانە بۆ شتی بێهوودە… چرپنە" لە هەموو تەمەنی پوشكین دا، خەڵكانی رواڵەتبین و ئەوانەی كە بە باشی نەیاندەناسی، دەبوایە هەمان ئەو قسانە دەربارەی ئەو بكەن.

پوشكین لە قوتابخانەی دوا ناوەندی بایەخی زۆری بە كارێن زەوقی و هونەری دەداو كتێبی دەخوێندەوەوبیری دەكردەوە. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا وەك بڵێی هەمان راوبۆچوونی مامۆستاكانی خۆی، دەربارەی خۆی هەبوو بێ، بۆیە ئەم چوار دێرە شیعرەی بە فەرەنسی دەربارەی خۆی گوتبوو:

*لە شەرارەتدا شەیتانی تەواو*

*لە سیمادا مەیموونی راستی*

*لە رادەبەدەر بزێو، تا بڵێی چرپن*

*بەگیانی خۆم ئەمەیە پوشكین*

پوشكین بە گوێی سەران و بەرپرسانی قوتابخانەی نەدەكردو هەر لە ساڵی یەكەمەوە كە بە دوا ناوەندیان سپارد، قوتابیەكانی دیكەشی بۆ ئەم كارە هاندەدا، لەو دواناوەندیەدا مامۆستایان و فێركارانی فەرەنساییش هەبوون، یەكێك لەوانە (بودری– Boudry) ناوێك بوو كە بۆ شاردنەوەی ئەسڵ و فەسڵی خۆی ئەم ناوەی لە خۆی نابوو، چونكە لە راستیا برای داك و بابی (مارا)ی شۆڕشگێڕی بەنێوبانگی فەرەنسی بوو، و بیروبۆچوونەكانی لەگەڵ هزرین و ئەندێشەی براكەیدا تێكی دەكردەوە.

له قوتابخانەدا گۆڤاری دەستنووسیانیش بڵاودەکردەوەو گەلێك لە قوتابیان شیعریان تێدا بڵاودەکردەوە، (پوشکین)یش شیعری زۆری بڵاوکردەوە،وئەو کەسانەی کە ئاگایان لەمە بوو، و ئەم شیعرانەیان خوێندبووەوە، پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە دەبێت بە شاعیرێکی گەورە.

لە ساڵی ١٨١٤دا، لە گۆڤاری (پەیامی ئەوروپا)ی گۆریندا، چەند شیعرێکی بە چاولێکەری (ئوسیان)، شاعیری ناوداری سکوتلاندیو (پارنی) شاعیری فەرەنسایی بڵاوکردەوە، ولە پاینی شیعرەکاندا دوو پیتی یەکەمی ناوی پوشکینیان، هەمان قوتابی سەرچڵو سەرچەوتو نەژنەوی دوا ناوەندی ناڤبری، دانا بوو.

لە نێو قوتابیانی ئەم دوا ناوەندییەدا کە زۆربەیان خراپو دەرس نەخوێن بوون، بەڵام شیعری باشیان دەگوت، خەڵکانی دیکەش هەبوون کە دوایی لە سیاسەت یان ئەدەبیاتی روسیادا ناویان دەرکردووە، لەوانە: (ئەی ئێم گۆرچاکۆف– A.A. Gortchakof) کە بوو بە سەرەك وەزیران، و ئەی ئەی دلڤیك A.A. Delvigی شاعیری بەنامیٚ. پوشکین لە هەموویان زیاتر بەهرەی شیعری تیا بوو. کارامزینو ژۆکۆفسکی، شیعرەکانیان بەگەن دەکرد، بەڵام مامۆستاکانی باوەڕیان وابوو کە: "ئایندەیەکی ئەوتۆی نیە". هەڵبەتە کەس‌وکارەکەشی لە ماڵەوە زیاتر بەلای بۆچوونی مامۆستاکانیا دایاندەکێشا.

لە ١٨١٥/١/٨دا لە قوتابخانەدا کۆبوونەوەی تاقیکردنەوەی ناوخۆ بوو تا بە زاراوەی ئەو زەمانە (بچووکان) بە پایەی (گەوران) بگەن. شاعیری کۆنە ساڵی ناوداری ئەو زەمانە دیرژاڤین، وەکو یەکێك لە تاقیکەرەوەکان بە عینوانی میوانی شەرەف لەویٚ دانیشتبوو. کە پوشکین-یان بانگ کرد، لە دوو هەنگاوی شوێنەکەی دیرژاڤینەوە وەستاو پارچە شیعرێکی بە ناونیشانی (یادگارەکانی تسار سکویە سلو) کە لەسەر رێبازی شیعرە نیشتمانیەکانی دیرژاڤین داینا بوو، خوێندەوە. ئەم شیعرە ئامادەبووانی هێنایە حاڵ و جۆش‌وخرۆش، دیرژاڤین بە چاوانی تەژی روندکەوە لە جێی خۆی رابوو، وئەو منداڵەی لە ئامێز گرت. پوشکین لەم رەفتارە ترساو هەڵات، و دیراژڤین بە دەنگی بەرز دەیگوت: "کەسێك کە ببیٚ بە جێنشینی دیرژاڤین ئەوە".

لە ساڵانی دواتردا پوشکین ئاشنایەتی دەگەڵ پلەدارانی گاردا،کە لە سەربازگەی تسار سکویە سلودا بوون، ئاشنایەتی پەیدا کرد. لەو زەمانەدا زۆربەی ئەم پلەدارانە بیروبۆچوونی توندڕەوانەیان هەبوو، وشاعیری لاو بە رێنوێنی پلەدارانی گروپی ناسراو بە(هوسارد – Husard) کە بەشێك بوو لە گروپەکانی گارد، ئاشنایەتی دەگەڵ وەشانخانەیەکی نهێنیدا کە لەو زەمانەدا رەواجی هەبوو، پەیدا کرد.

یەکێك لەو پلەدارانە هەمان چا ئادائیف، دۆستی پۆشکین بوو، کە پاش ئەوە ناوبانگی دەرکردو کارێکی زۆری کردە سەر شاعیری لاو. چا ئادائیف پیاوێکی یەجگار هزرڤانو دانا بوو، بیروبۆچوونی توندڕەوانەی هەبوو، و بیرو بۆچوونەکانی کارێکی زۆریان لە روحی پوشکین کرد.

## ٢-یەکەمین شاکارێن پوشکین :

پوشکین‌و هاوپۆلەکانی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨١٧دا قوتابخانەیان تەواو کرد. لە هەمان ساڵدا ئەنجوومەنێکی ئەدەبی‌و سیاسی بە ناوی (ئارزاماس)ەوە هەبوو، ئەوی بە ئەندام وەرگرت، و ئەم لاوە بە جۆش و خرۆشێکی فرەوە داخڵی ئەدەبیات‌و سیاسەت بوو. یەکێك لە ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە (ریلیئف – Ryleief) بوو کە لە سیاسەتدا شارەزاتر بوو تا لە ئەدەبیات، هەر چەندە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو ئەنجوومە دژایەتی بنەما ئەدەبیەکانی شیشکف بوو کە لەو سەروبەندەدا ئەم بنەمایانەیان بە تاقە میتۆدورێبازی ئەدەبی دەزانی. پوشکین، بە پێچەوانەوە زیاتر دڵبەندی ئەدەبیات بوو تا سیاسەت.

پوشکین کە قوتابخانەی تەواو کرد، دەبوایە بەپلەی (کاتبی قوتابخانە) دابمەزرێ، بەڵام لە سانپوترۆسبۆرگ لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دامەزراو ساڵی هەوت سەد منات موچەیان بۆ بڕییەوە. لەو رۆژگارانەدا دامەزرانی نەجیمزادان لە دایەرەێن دەوڵەتیدا تەنیا ناو بوو، چونکە هیچ کارێکیان نەدەکردو بە دەگمەن لە دایەرە ئامادە دەبوون‌و دەوامیان دەکرد، وهەر لە خەمی بەرز بوونەوەی پلەو پایەدا بوون، بۆیە پوشکین دەرفەت‌وماوەیەکی یەجگار زۆری هەبوو.

داك وبابیشـی لـە پوتروسـبورگ خانوویـەکیان گرتبـوو، ئـەو پەیوەندییـە خانـەوادەیی‌و ئاشناییەی کە هەی بوو رێگای ماڵە دەوڵەمەندو ئەشرافەکانی لێکردەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لـەم ژیانـە دوا نەکـەوێ پێویسـتی بـە هەنـدێ دەرامـەتان هـەبوو وئـەو موچـەیەش کـە لـە دەوڵـەتی وەردەگرت، بەشی ئەم کارەی نـەدەکرد. لەلایـەکی دیکـەوە توانـای مـادی بـاب‌و داکیشـی ئەوەنـدە کەم بوو هەندێ جار بابی رەزیلییەکی زۆر دەکرد.

بۆیە شاعیری لاو شێت ئاسا خۆی بە گێژاوی ژیانی پایتەختی تزارەکاندا کرد، دەستی دایە ژیانی رابواردن‌وخواردنەوە، بەڵام بادەنووشییەکانی ئەو زیاتر کارێکی منداڵانە بوو، وبۆ ئەوە بوو کە لە خەڵکانی دی دوا نەکەوێت ولە کەس کەمتر نەنوێنێ.

لـەم سـەروبەندەدا هەنـدێ شـەوان لـە مـاڵی چادائیفدا، کـە ئـەویش هـاتبووە پوتروسـبۆرگ، دەمایـەوەو دەربـارەی هەنـدێ مەسـەلەی زۆر جـدی گفتوگـۆو گێنگەشـەی دەگـەڵ دەکـرد. هەنـدێ جـاریش لەگــەڵ کارامزینــدا دادەنیشــت‌و لــەم قۆناغــەدا قەریحــەو بــەهرەو زەوق و ســەلیقەو موتابەعەی ئەو مایەی سەرسامی هەمووان بوو. لە هەموو شتێك سەیرتر ئەمە بوو کە لـە نـاو ئـەو ژیانی رابواردن وخۆشگوزەرانیەدا چتۆ دەپەرژا ئەو هەموو شیعرە بڵێ! لەو سەردەمەدا بە دانانی بەیتێك لە ژێر سەرناڤی (روسـلان ولویـدمیلا) دەسـتی پێکـرد. لـە سـاڵی ١٨١٨دا لـە ئەنجوومـەنی ئەدەبی ناڤبریدا هەوەڵین شیعرەکانی ئەم بەیتەی بۆ هاوکارەکانی خۆی خوێندەوە. ژۆکۆفسـکی‌و باتیوشـکف کـە لـەو کـۆڕەدا ئامـادە بـوون، سـەریان سـوڕماو گوتیـان: "شـتێکی تازەیـە!" لـێ لایەنگرانی رێبازی شیشکوف پەسندیان نەکردو بـە لاسـایی کردنەوەیـەکی نـا تـەواوی شـاعیرانی پێشوویان دانا.

چەند ساڵێك پێشتر لە بەیتێکی منداڵانەدا کە بەنێوی (گارودوك – Gorodok) داینا بـوو، بـە چاولێکەری لوردبایرون لەو یاداشتە بەناوبانگەدا کە(مور) بڵاوی کردووەتەوە، ئەمیش وێنەیەکی ئەو کتێبانەی کە خوێندبوونیەوە،بە شیعر هۆنیبووەوە، لە نێو ئەم شاعیرە گەورانەدا کە پوشکین

لـەم بەیتـەدا نـاوی بردبـوون، مـولیر لـە بەرانبـەر ئاندرەشـنیەو برانـژە لـە بەرانبـەر ئوسـیان دانـراون.هـەموو ئـەم بابەتانـە لـە (روسـلان‌و لیـودمیلا)شـدا بەرچـاوو دەکـەون‌و جگـە لەوانـە شـوێنەوای (ویلانـد – Wieland) شـاعیری ئـەڵمانی‌و (هـردر – Herder)ی حـەکیمی ئاڵمـانی‌و هەروەها شوێنەواری هەندێ لە شاعیرانی ئیتاڵیایی ئاشکرایە. پوشکین جەوهەری ئەم بەیتەی لـە داسـتانێکی گـەپ ئـامێزی (ئاریوسـت – Arioste)ی شـاعیری بـە نێوبـانگی ئیتاڵیاییـەوە کـە (ڕۆڵانـی تـوڕەی) نـاوە وەرگرتـووەو بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەم بەیتـە کۆمەڵـە شـیعرێکە کـە هـەر شتێکی لە شوێنێك و لە کەسێکەوە وەرگرتووەو لـەم بەیتـەدا لێکیـداون. وێـڕای ئەمـەش شـتێکی گەلـەك جوانیشـی تێـدا هەیـە، ئـەویش ئەمەیـە کـە بنـەماو ڕێسـا تـەوس ئامێزەکـانی شـاعیری ئیتاڵیـایی کـردووە بـە زەمینـە بـۆ چیرۆکێکی میللی،وهـەمان کـاری کـردووە کـە پـێش ئـەو لـە ئینگلتەرادا هامیلتۆن‌و خەڵکانی دی هەوڵیاندا بوو بیکەن‌و وەکو پێویست دەرەقەتی نەهاتبوون. هامیلتۆن لە چیرۆکێن پەریان دا کە بەم شێوەیە داینا بوو تەنیا بابەتانی ئەفسانە ئامێزی سـەیرو سەمەرەی سواووکۆنی هەڵبـژاردبوو، بـەڵام پوشـکین دەسـتی بـۆ بابـەتێك بردبـوو کـە تـازە ئاشـکرا بـوو بـوو وهێشـتا کـەس خـۆی لێنـەدا بـوو. پاشـان کـە ئـەزموونی پوشـکین لـە بـواری شـاعیری دا دەوەڵەمەندتر بووە، باشترین پرەنسیپ‌و بنەمای چیرۆکبێژی بازاڕی لەم جۆرە بابەتانـەدا گرتۆتـە بەرو بە تەواوەتی ڕێگەی حەقیقەتی بڕیوەو ڕاستگۆیی لە دەست نەداوە.

لەم سەروبەندەدا پوشکین بەش‌و پاژەکانی (روسلان‌و لیودمیلا)ی یەك یەك دەهۆنیەوەو بەدەم ئـەوەوە غـەزەلیاتی زۆریشـی دەگـوت. ئـەو شـاعیرانەی کـە لـەو بـە تەمـەنتر بـوون زۆر بـە گـەرمی پێشوازیان لە پێشکەوتن‌و گەشەکردنی قەریحەو سەلیقەی شاعیرانەی دەکرد.

سەرەنجام بەیتی (روسلان و لیودمیلا)ی لە مانگی مارسی ١٨٢٠دا تەواو کردو بڵاوبوونـەوەی بەوەرچـەرخانێکی مێـژوویی گـرینگ لـە ئـەدەبیاتی روسـیدا دەژمێـردرێ. دڵگـیری‌و ڕەوانـی دێڕەکـانی ئـەم بەیتـەو ئـەو هونەرکارییـەی کـە لـە ڕێکخسـتنی بەشـە جیاوازەکانیا کردویـەتی، و دەربـڕینی زۆر روون و ئاشـکرای ئـەو، و زمانـە زۆر سـادەو مەفهومەکـەی کـە دوورە لـە هـەر موبالەغـەو گەزافەبێژییـەك، بـووە مایـەی سەرسـامی. ئـەوەی کـە لـە هـەموو شـتێك پـتر سـەرنجی ڕاکێشاوە ئەمە بوو کە شاعیر بە هیچ کلۆجێ لـە بـەکارهێنانی زاراوەی عامیانـە نەپرنیگاوەتـەوەو ئەمە هەرگیز لە شیعری روسیدا پێشینەی نەبووە.

## ٣–تاڵی‌و مەینەتیەکانی ژیان :

لەو دەمانەدا کە ئەم شاعیرە کەوتبووە سەر سکەی شۆرەت‌و نێوبانگ، ڕووداوێکی ناخۆش هاتە پێشێ. سیاسەتی ئیمپراتۆرئەلکساندەری یەکەم لە جاران زیاتر بەرەو کۆنەپەرستیەت دەچوو. کاروبارە ناخۆکانی وڵاتی بە دەستی (ئاراکچئیف – Araktcheief) سپارد بوو و ئەویش هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە گوشاری سوپایی لەسەر خەڵکی پتر بکات‌و هەموو کارێك هەر بەزۆرو تۆبزی بکات.

ولاتی روسیا له ئەنجامی شەڕێن پەیتا پەیتا، هەژار بوو بوو. ئەو ئەفسەرو پلەدارە لاوانەی که بەدەم لەشکرکێشییەوە بۆ ولاتانی بێگانە، بە تایبەتی فەرەنسا چوو بوونو کەمێك لەوەپێش شۆڕش لەوێ بەرپا بوو بوو، لە رۆژاوای ئەوروپادا بنەماوریسای حکومەتێکی ئازادانەتریان بینی بوو. هەموو ئەمانە بووبوونە باعیسی ئەوەی کە ناڕەزاییەکی زۆر دەرهەق بە سیاسەتی دەوڵەت هاتبووە ئاراوە، لە نێو ئازادیخوازانی چینی نەجیمزاداندا، پارتی نهێنی دامەزرابوو و دەیانویست دەسەڵاتی چینی فەرمانڕەوا سنووردار بکەن.

پوشکین لەو سەردەمەدا، پەیڤداروجاڕچی نارەزاییەتیەکانی چینی نەجیبانی ولات بوو، بۆیە هەجوویەکی زۆر دەربارەی ئەلکساندەری یەکەمو یاریدەدەروهاوکارەکانی دەگوت. لە بەیتێکی دا (منظومة) کە(گوندی) ناوە، کۆیلایەتیو ئەسارەتی جووتیارانی بە زمانێکی یەجگار زبرو ناشیرین وەسف کردووە. نوسخەی شیعرەکانی لەسەرانسەری روسیادا بلاوبووەوەو زۆری نەبرد هەرئەفسەرو پلەدارێکی بچووك کە سووکە سیواتێکی هەبا شیعرەکانی ئەوی لەبەر دەخوێندەوە.

لە ساڵی ١٨١٤دا کە یەکەمین هۆزانێن پوشکین بلاوبووەوە، لە هەموو ئەوروپادا جۆشو خرۆشێك لە سیاسەتوئەدەبیاتدا بەدی دەکرا.لە بەریتانیادا بایرون ئاوازە پەراگەندەکانی گودوین- Godoin و توماس پین – Thomaspayneو بورنز – Burns و لاندور- Landی لە داستان سەرایی خۆیدا گرد کردبووەوەو بانگی ئازادیخوازی هەڵدا بوو. لە ئیتاڵیادا. مانزونی- Manzoniو هوگوفوسکولو- Hugofoscolo، هەمان رێچکەی خەونەکانی (دانتی)یان گرتبوو کە بریتی بوو لە یەکێتییو پەیوەستەگی میللەتانی لاتین. لە فەرەنسادا، شیعرو نووسینی شاعیرانەی شاتوبریانو بنجامین کونستانو سنانکورتو مەدام دوستال بوو بوو بە قیبلەنماو سەنگەری ئەو روحانەی کە عەوداڵی سەربەخۆیی بوونو تۆڵەی خۆیان لە بەرهەمەکانی واندا دەبینییەوە. لە ئاڵماندا لەسەر گۆڕی (ویلاند) کە هێشتا وشك نەبوو بووەوە خەڵکانی مەستی سەرفرازیوشادی ئاهەنگی ئازادی خۆیان دەگێڕا.

رێبازی رۆمانتیزم-ش کە لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا دەستی پێکرد بوو، هەر رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بوو، کەچی تەقریبەن هیچ شتێك لەو وەزعو حاڵو بیروبۆچوونانە لە روسیادا پەیدا نەبوو بوو،چونکە لە ولاتەدا چینی هزرڤانوچینی ئەدیبان هێشتا بە تێکەڵەیەك لە خەڵکانی هەڤدژ دەژمێردران، وەهەستپەروەریو ژیاندۆستی زانایانی گەشبینی فەرەنسی ورەگەزێن فەلسەفەی شلینگو Shilling و ئوکن- Oken، زانایانی ئەڵمانی، و روسپەروەریو تەسەوف لەگەڵ مرۆڤپەروەری خەیاڵی شیلرو ئامۆژگارییەکانی ئادەم سمیت – Adam smithی ئابوریزانی سکۆتلاندیو هزرێن ئاڵۆزی ئازادیخوازیو مەشروتەخوازی تێکەڵی یەکدی بوو بوو. بەڵام لە نێو ئەم هەموو هەراو هەنگامەیەدا، زمانێکی تازە پەیدا بوو بوو کە بە فاکتەرو هۆکارێکی زۆر چاك دەژمێردراو چاوەڕوانی مامۆستایەك بوو کە بۆ ئاوازە دەرونیو بێرونییەکانی بەکار بێنێ، لە نێو ئەم هەراو هوریایەدا کەسایەتیەکی ئەخلاقی تازە سەری دەرێنا بوو کە بیرو هەستی پاکژو خالیسەی لەگەڵ خدا هەڵگرتبوو، ئەویش روسیایەکی نوێ بوو کە (کریلوف)ی شاعیر بەر

لە هەمووان ناساندبووی‌و دەبوایە پوشکین ئەم ناساندنە تەواو بکات‌و ئەم ئاڵایە بە دەستی گوگول‌و تورگنیف، جێنشینانی شایستەی خۆی، بسپێرێت.

هەندێ کەس باسی ئەم خاڵەیان کردووە کە ئاخۆ پوشکین، نوێنەرو ناسێنەری ئەم کەسایەتیە بووە یان نا؟ ماوەیەکی دوورودرێژ، لە روسیاشدا، لەم بارەیەوە باس‌و خواس‌و گێنگەشەیان کردووە. ئەو کەسانەی کە هاوعەسری پوشکین بوون. جگە لە گۆگول، واتە هەوەڵین رەخنەگرانێ کە لەو وڵاتەدا پەیدا بوونە، میناکی نادیژدین – Nadiejdine و دوای ئەو پالیڤوی – Palevui هەمیشە بە هەڵەو ناهەقی ئەویان بە لاسایی کەرەوەی ئەدەبیاتی رۆژاوا زانیوە. یەکەم کەس کە لێیان رابوو رەخنەگری ئاڵمانی، فارنهاگن ڤون ئەنز – Farnhagen Von Enze بوو. لە دوای ئەو بەرە بەرە لە روسیاشدا کەوتنە دژایەتی ئەو بیرو باوەڕە کۆنەو ئیدی چ گومانێك نەما کە پوشکین باشترین نوێنەری روحی روسیاو فەسیحترین تەرجومانی ئەو هەست و سۆزو هزرانە بووە کە لە زەمانی ئەودا لە نێو چینی رۆشنبیری ئەو وڵاتەدا باو بووە.

خاڵێکی دیکە کە دەربارەی پوشکین دێتە پێشێ ئەمەیە کە ئایا ئەم شاعیرە هەستیارە، کە هەمیشە گوزارشتی لە هەست و سۆزی هاووڵاتیانی کردووە، دەبێ بە شاعیری نەتەوەیی روسیا بژمێردرێ، یان دەبێ پایەی ئەو بەرزتر بکرێتەوەو لە خانەی شاعیرانی دنیای مرۆڤایەتیدا دابنرێ وهزروبیری نەخرێتە قاڵب وچوارچێوەی تەنگی بیری نەتەوەییەوەو بەڵکو دەبێ بگەیەنرێتە ئاستی بەرزی بیری مرۆڤایەتی شاعیرانی جیهانی؟ جا لەم زەمینەیەدا بەناوبانگترین داکۆکیکاری بێگانە لە پوشکین، (ئوژن ملشیور دڤوگە – Engene Melchior Devoge)ی رەخنەگری فەرەنسیە کە دەڵێت: "پێویستە ئەم شاعیرە لە نەتەوەکەی خۆی وەربگیرێ و بدرێ بە دنیای مرۆڤایەتی".

جا لێرەدا بە ناچاری خاڵێکی دیکە دێتە پێشێ کە سەبارەت بە هەموو شاعیرانی گەورەی جیهانیش دروستە، ئەویش ئەمەیە کە شاعیر تا پتر پابەندی میللەتی خۆی بێت و روونترو رەوانتر هەستی نەتەوەیی خۆی دەربڕێ، قازانجی بۆ تیرەی بەشەر پترەو تاپتر شەقڵی شەخسی‌و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی بەرجەستەو ئاشکرا بکات، پتر جێگەی بایەخی خەڵکی دەبێت و دەبێتە مایەی سەرنج.

ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە دەتوانین دەربارەی فیردەوسی بیهێنینە ناو ناوانەوە، گومانی تێدانیە کە ئەگەر شانامەکەی فیردەوسی تەنیا کۆمەڵە هەستێکی هاوبەشی تیرەی بەشەر بوایە،و ئەم هەموو شیعرە دڵگیرەی تێدا نەبوایە کە هەستی تایبەتی نەژادی ئێرانی پێ دەربڕیوە، بێگومان بایەخی کەمتر دەبوو. جیاوازی زۆر زەق وئاشکرای مابێنی شاعیرانی ناوەنجی‌و شاعیرانی زۆر مەزن ئەمەیە کە شاعیرانی مامناوەندی لە سنووری عمومیاتی هەستێن بەشەری هێوەتر ناڕۆن‌و شاعیرانی مەزن ئەو کەسانەن کە هەموو هەست وسۆزو شادی‌و خەمی نەژادو وڵاتی خۆو کۆمەڵگەی خۆو تەنانەت شەخسی خۆشیان دەکەن بە تانوپۆی شیعرەکانیان‌و لە سنووری عمومیات روانی بۆ جیهان هێوەتر دەڕۆن.

دەتوانرێ هەمان قسە دەربارەی (پوشکین)ش بکرێ ،چونکە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە بەرهەمەکانی ئەو تا رادەیەك بە توخم ورەگەزی بێگانە ئاوێتەن‌و زادەی هەمان ئەو قۆناغە بەرزەخیەیە کە ئاماژەم کردێ، واتە زادەی قۆناغێکە کە ئەدەبیاتی روسی هێشتا رێگەیەکی سەربەخۆی بۆ خۆی نەکردبووەوە، ولە هەر لایەکەوە نموونەیەکی دەکرد بەسەر مەشقی خۆی، تا لە نێو ئەو نموونە جیاوازانەدا بە زەوق وپەسندی خۆی شتێك هەڵبژێرێ. بەڵام روحی پوشکین لەنێو ئەو بەرهەمە، ئاوێتانە بەرەگەزێن بێگانە، ماوەیەکی زۆر مژولی دانانی بەیتێکی زۆر گرنگ بوو کە لە ١٨٢٢ تا ١٨٣١ ماوەی نۆ ساڵی تەمەنی خۆی، کە مەخابن زۆر کورت بووە، بۆ تەرخان کردووە، ئەو بەیتە ناوداره کە پێویستە بە شاکاری ئەو بژمێردرێ (یڤگینی ئونیگین– Ebgueni Onieguine) بەرهەمی زندووی ئەوەو گومانی تێدا نییە کە شاکارێکی نەتەوەییەو لە ریزی باشترین ئەو نموونانەیە کە شاعیرانی گەورەی جیهان بۆ دەربڕینی هەستێن نەتەوەیی نەژادی خۆیان، گوتوویانە.

ناڕەزایی پوشکین لە وەزع وحاڵی ئەو رۆژگارە، لە بەشێکی بەرهەمەکانیا رەنگی داوەتەوەو ماوەیەکی زۆر دەستنووسی گەلێك لە شیعرەکانی لە نێو خەڵکیدا دەستاو دەستی دەکرد. لەوانە هۆنراوەیەك بە نێوی "ستایشی خەنجەر" کە بەبۆنەی ئیعدامی (کارل سان– Karl Sand)، بکوژی (کوتزبو– Kotzebue) کە یەکێك بوو لە پیاوانی سیاسی روسیا، داینا بوو، و هەجوویەك دەربارەی ئاراکچئیف‌و هۆنراوەیەکی دیکە بە نێوی (گابریلید– Gabrielide) بە تەقلیدی(جەنگی خودایان)ی (پارنی) شاعیری فەرەنسایی کە تەنانەت لە رووی وشەو بیریشەوە، دوور لە چاوەڕوانی خەڵك، لە هۆنراوەکەی (پارنی)ش توندتر بوو،بەڵکو شاعیر لەو شیعرەدا مەبەستی فەلسەفیشی نەبووە.

وا دیارە پوشکین زۆری لەم جۆرە شیعرانە وتووە کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵکی ئەو زەمانەوە پڕ بوون لە وشەوماناو چەمکی تایبەتی‌و نهێنی، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر ئەو جۆرە شیعرانەیان لە چاپی "کۆ بەرهەمەکانیا" دانەناوە، وەکو هەمان ئەو (شۆخیبازی)و (ریشخەن)و (خەباساتە)ی کە هەندێ جار لە بەرهەمی شاعیرانی گەورەی ئێرانی، تەنانەت (سعدی)شدا دەبینرێ کە هەمیشە رەخنەگران دەخاتە گومانەوە کە ئەو شیعرانە بەهی ئەو شاعیرە مەزن دابنرێ‌و وەکو بەشێك لە بەرهەمی بڵاوبکرێتەوە یان نا، بۆیە لە هەندێ نوسخاندا هەیەو لە هەندێکی دیکەدا نیە. تەنانەت هەندێ کەس پێیان وایە لەو نوسخە باوانەی ئەمڕۆی کۆ بەرهەمەکانی پوشکیندا، لەبەر هەندێ نەرمکێشی دەستکاری ئەسڵی قسەکانی وی کراوەو هەندێ پەیڤ و وشەی توندو زبریان لابردووەو وشەو پەیڤی نەرمیان لە جێی داناوە. بۆیە ماناکانیان بە جارێ گۆڕاوە، هەڵبەتە نابێ ئەوەش لە یادبکرێ کە هەندێ کۆ شیعری گەپ ئامێزو شۆخیبازی‌و هەجوو لە دەرێی روسیادا بە ناوی پوشکینەوە چاپ بووە.

### ٤–لە تاراوگەدا :

هۆی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە دوای ئەمە بەسەر پوشکین دێن، ئەگەر ئەم شیعرانە بووبن، یا بیروباوەڕی سیاسی ئەو بووبن، لە هەردوو بارەکەدا ئیمپراتۆر ئەلکساندەری یەکەم لێبڕا کە یا بــۆ ســیبریای دوور بخەنــەوە یــان لــە دێــری(سولوڤتیســکی – Solovetski) بەنــد بکــرێ، دۆستەکانی، کە ژمارەیان زۆر بوو، نیگەران بوون،و بە زۆری کارامزین و ژۆکۆفسکی لێبڕان لە بری ئەوەی بۆ سیبریا یا دێری سولوڤتیسکی ڕەوانە بکرێ، بۆ باشووری ڕوسیا، بۆ شاری (یکاترینوسلاڤ)ی، کە ئەمڕۆ (دەنیپرو پتروڤسك)ی پێ دەڵێن، بنێردرێ کە ژەنەڕاڵ (ئینزوف– Inzof) بــەڕێوەی دەبــردو تەقریبــەن زیندانــەوانی ئــەم جــۆرە کەســانە بــوو،و لەبــەر ئەمــە "سەرپەرشتیاری هەموو موهاجیرانی ڕوسیا"یان پێ دەگوت.

پوشکین لە ١٨٢٠/٥/٦دا لە پوتروسبۆرگ وەدەرکەوت. ئەم دوور خستنەوەیە هێندەی دی شۆڕەت ونێوبانگی ئەدەبی ئەوی زیاد کرد، وەکو چۆن لە فەرەنسادا هاوعەسرانی ڤۆلتێر بە هۆی بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی ئەوەوە بایەخێکی زۆریان بە کارە ئەدەبییەکانی ئەو(ڤۆلتێر) دا بوو، لە ڕوسیاشدا هاوعەسرانی پوشکین بە هەمان هۆ شۆرەتێکی زیاتریان پێ بەخشی. دوور کەوتنەوە لە پوتروسبۆرگ بۆ ئەم لاوە نەجیمزادە خۆشگوزەران و ئەهلی ڕابواردنە سوودێکی فرەی هەبوو،لەوانە: دوور کەوتنەوەی بوو لە خەڵکانێك کە کاریگەرییەکی باشیان لەسەر میزاجی ئەو نەبوو. هەڵبەتە ئەم دوورکەوتنەوەیە لە بواری ئەدەبیشدا سوودوکاریگەری خۆی هەبوو، ئەوە بوو دەڤەری قەفقازی ناسی و لە ئەنجامی ئەم ناسینەوە کۆمەڵێك بەرهەمی دڵگیر هاتە ئاراوە. لەلایەکی ترەوە وەکو بایرون، خۆی بە مەزڵوم و چارەنووس نادیار دەزانی و هەمان ئەو حاڵەتانەی کە بەسەر بایروندا هات و شاکارە بەناوبانگەکانی لێکەوتەوە، بەسەر ئەویشدا (پوشکین) هات و هەمان شتی لێکەوتەوە. وەکو چۆن ڕوحی پوشکین لە ڕوحی بایرون نزیك دەبووەوە، جار جاریش پەیڕەوی ئەوی دەکرد. بۆیە ئەم شاعیرە مەزنە لە ساڵی ١٨٢٠ تا ١٨٢٤ کۆمەڵێك کاری گرینگی بەرهەم هێناوە، وەك: (زندانی قەفقاز، فوارەی باخچە سەرای، لولیان، و یەکەمین بەشەکانی یڤگینی ئونیگین) کە هەم دیمەنێن قەفقازو هەم کاریگەری بایرون–یان تێدا دەبینرێ و هەروەها یادگاری ئەم سەفەرەین.

بە تەواوەتی ناتوانرێ بگوترێ کە پوشکین ئیلهامی تەواوەتی لە دیمەنێن قەفقازو بەرهەمێن بایرونەوە وەرگرتووە، چونکە ئەو بەر لە هەر شتێك لە ژێر کاریگەریی زەمان و ژینگەو نەژادی خۆیدا بووە. گومانی تێدا نییە کە بەرهەمەکانی ئەو زادەی کاریگەری ڕابواردن و بادەنۆشی یان خوێندنــەوەی هــۆزانێن ئەموئــەو نەبووە،بــەڵکو هەست وســۆزی زۆر شــەریفانەو فیداکاریــە بەرزەکانی و تەبیعەتی زۆر قورسی ئەو داینەمۆو بزوێنەری زەوق و سەلیقەو بەهرەی ئەو بوون. بــەڵکو ئــەو تەربیەتــەی کــە لــە لاویــدا داویانــە و ئەســڵ و فەســڵی ئەووهاونشــینانی هەمیشــە هەوڵیانداوە پەڕو باڵی ڕوحی مەزن و تەبعی بەرزی ئەو بکەن و لەو مەقام و پایە ڕوحییەوە دایگرن، بەڵام ئەو هەمیشە خۆی لەم کۆت و بەندانە ئازاد کردووە.

لەم سەردەمانەدا دیمەنانی ژیانی قەفقازی وەرگرتووەو دیمەنانی ئەفسوناوی لێ دروست کردووە کە هەندێ جاریش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕوحی ئەوەوە نەبووە،و هەروەها پەیوەندی

بەو کەسانەشەوە نەبووە کە هەستیانی لەم شیعرانەدا بەرجەستە دەکرد.سەبارەت بە بایرون تەنیا هەندێ گوزارشتی لێوەرگرتووە کە هەندێ جار زۆر بووەو هەندێ جاریش تەنیا رستەو زاراوەو سووکە دەستەواژانی لێ وەرگرتووە.

یەکێك لە پایەدارانی سوپای سوارە، ژەنەڕاڵ نیکولا نیکولایوڤیچ رایڤسکی-Rayevski ، کە یەکێك بوو لە سەرکردە ناودارەکانی روسیا لە جەنگی ناپلیوندا، لەم سەردەمەدا لە پوتروسبۆرگەوە بۆ گەڕاوەکانی (ئاوی مەعدەنی) قەفقاز دەڕۆیشتو دوو کیژە چکۆلەکەیو نیکۆلای کوڕی کە لە دەستەی سوارەی گاردی سەروان بوو، لەگەڵ خۆدا دەبرد. پوشکین لە پوتروسبۆرگ لەگەڵ ماڵباتی رایڤسکی دا ئاشنایەتی پەیدا کردبوو و لە زەمانی قوتابخانەی ئامادەیی (تسار سکویە سلو)ەوە کە سەربازگەی هەنگی سوارەی گارد لەوێ بوو، بوو بوو بە دۆستی نیکۆلا.

جەنەرال رایڤسکی بە ئیزنی ژەنەراڵ ئینزف، پوشکینی بۆ قەفقاز برد، وهاوین دەگەڵ ماڵو منداڵەکەی رایڤسکیدا لە گەڕاوەکانی قەفقازدا مایەوە، ئەوجا دەعوەتی رایڤسکی قەبوڵ کردو لەگەڵ ئەواندا بۆ قرم رۆییو لەگەڵ ئەواندا سێ هەفتە لە(گۆرزوف – Gourzouf) مایەوەو یادگاری خۆشو شادی ئەم سێ هەفتەیە بۆ هەتا هەتایە لە روحی پوشکیندا مایەوە.

لەم سەروبەندەدا، ئیدارەکەی جەنەرال ئینزف لە (یکاترینوسلاڤ)ەوە بۆ شاری کیشینف-Kichinev، لە بسارابیا، گواستبوویەوەو پوشکینش بۆ ئەوێندەر چوو.لە رێگەدا توشوی "تیٚ" بوو و کە نەخۆشییەکەی زیادی کرد لە شاری باخچە سەرای لایداو لەوێ کۆشك وتەلارەکانی قرم و فوارە بەناوبانگەکەی ئەوێندەری،کە بە(فوارەی روندك) بە ناوبانگە،بینی. ئەنجام لە ٣١/ سێبتەمبەری هەمان ساڵدا گەییە کیشینف.بارەگای سەرکردایەتی یەکێك لە لەشکرەکانی سوپای باشوور لەو شارەدا بوو.فەرماندەی ئەم لەشکرە، جەنەراڵ میخائیل فیودوروڤیچ ئورلۆف-Orlof ئەندامی کۆمەڵەیەك بوو بە نێوی (یەکێتیی تەقوا). ئەم پیاوە بەوپەڕی میهرودلۆڤانیەوە پێشوازی لە پوشکین کردو لە ماڵی ئەودا ئاشنایەتی دەگەڵ ئەفسەران و پلەدارانی ئەو لەشکرەدا پەیدا کردو خەڵکی بە زەوق وسەلیقەو هوشیاریان زۆر تێدا بوو.

ئەم(یەکێتی تەقوا)یە دوو لقی هەبوو، یەکێکیان لە پوتروسبۆرگ وئەویتریان لە شاری (تولچینو – Toultchino)ی باشوری روسیا بوو، کە بارەگای سەرکردایەتی گشتی سوپای باشوور لەوێندەر بوو. ئەندامانی لقی پوتروسبۆرگ خوازیاری دەستورێك بوون کە مافی نەجیمزادانو موڵکداران بپارێزێت. ئەندامانی لقی باشوور کە توندڕەوتر بوون، دەیانویست حکومەتێکی کۆماری میللی لە روسیادا دامەزرێننو هەموو جیاوازییەکی چینایەتی لابەرن تا هەموو خەڵکی لە مافدا یەکسانوبەرانبەربن.

پێشەوانی لقی باشوور سەرهەنگ (پستل- Pestel)ی ناو بوو. پوشکین لە شاری کیشینڤ دا، کاتێ کە پستل بۆ ئەوێ چوو بوو، ناسیاوی لەگەڵ پەیدا کرد. لە دوای ئەوە چەند جارێك لە (کیشینڤ)ەوە بۆ ویلایەتی (کیف) بۆ گوندی (کامینکا- Kamenka) چوو کە گوندێکی بە پیت و بەرەکەتو،لە موڵکەکانی دایکی ژەنەراڵ رایڤسکی بوو،وکوڕێکی لە مێردی دووەمی هەبوو بە

نێوی (ڤاسیلی لڤوڤیچ داڤیدوف – Lvovich Davidof) لەویٚ دەژیاو ئەندامی کۆمەڵەیەك بوو بە نێوی (کۆمەڵەی باشوور).هەموو ساڵێك لە کۆتایی هەیڤی نوڤەمبەردا بە بیانووی جەژنی لە دایك بوونی خانم، خاوەنی ماڵەکەوە، ئەندامانی ئەو کۆمەڵە نهێنییە، لە کامینکادا کۆدەبوونەوەو پوشکین بە ڕێکەوت لە یەکێك لەم کۆبوونەوانەدا ئامادە بووە .

ئەم هاتوچۆیە دەگەڵ ئەم خەڵکە سەرنجڕاکێشانەدا، کە پێشەوایانی تەڤگەرێن سیاسی ئەو زەمانە بوون، کاری زۆر کردە سەر هزرێن سیاسی پوشکین، وشاعیری مەزن لەسەر بیروبۆچوونەکانی خۆی سوورترو پایەدارتر بوو. خەفێکانی دەوڵەت ڕاپۆرێکیان دایە پوتروسبۆرگو لەو ڕاپۆرە ئەمەیان نووسی: "پوشکین بە ئاشکراو تەنانەت لە چاخاناندا، نەك هەر جنێو بە دامو دەزگای سوپایی دەدات، بەڵکو سوکایەتی بە دەوڵەتیش دەکات". هەر چەندە پوشکین مەیلی ئەم کۆمەڵە نهێنیانەی هەبوو، بەلاّم لە هیچیاندا ئەندام نەبوو. ئەندامی ئەم کۆمەلاّنە چونکە لەو سەروبەندەدا لە مانگی دیکابەر (دیسامبەر)دا ڕابوو بوون، (دیگابەری– Decabriste)یان پێدەگوتن ،هیچ یەکێك لەوانە کە هاوپەیمان بوونو لە مێژووی تەڤگەرێن سیاسی ئەو ڕۆژگارەدا ناوێکیان هەبوو، ڕازو نهێنی خۆی بە پوشکین نەگوت.

لەلایەکەوە دەترسان، بەدەم گفتوگۆو گێنگەشانەوە دووچاری هەڵچوونێك ببیٚو ڕازەکەیان بدرکێنیٚو لەلایەکی ترەوە بە هۆی ئەو بەهرەو سەلیقە شاعیرانە زۆر بەرزەوە کە هەیبوو، مدارایان دەکردو پێیان وابوو دەتوانێت لە ڕێگەی قەڵەمەوە تا ئەندازەیەك خزمەتو کۆمەکی مەبەستو ئامانجەکانیان بکات.

ئەو دۆستانەی کە پوشکین لە پوتروسبۆرگ هەیبوون، دایمە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە دەوڵەت پوشکین بۆ شارێکی دیکە بنێریٚ کە لە باری زانستییەوە لە کیشینف لە بارتربیٚ. لەم سەروەختەدا (گراف م.س. ڤورونتسوف– M.S.Vorontsof) کە لە ئەوروپا خوێندبووی کرا بە حوکمڕانی دەڤەری ئودیسا.پوشکین بە خۆشییەوە (کیشینف)ی بە جێهێشت و بۆ ئودیسا ڕۆیی. وەزعو حاڵی مادی ئەو زۆر باش نەبوو، چونکە یەکێك بوو لە ئەندامانی نووسینگەی ئۆفیسی (گراف ڤورونتسوف) مانگانە پەنجاو هەشت مناتو چەند کوپیکێکی وەردەگرت. لەبەر ئەمە زەرورەتو پێداویستی ژیان ناچاری کارێکی دەکرد کە بۆ شاعیرێکی سەر بە چینی نەجیمزادانی ئەو ڕۆژە زۆر تازە بوو.

لەو ژینگە ئەشرافیەی کە پوشکین یەکێك بوو لەوان، وەرگرتنی پۆلی نەخت لە بری کارێن ئەدەبی–یان بە مایەی ڕیسواییو ئابڕوچوون دەزانیو دەیانگوت ئەم کارە وەکو ئەوەیە کە: "کەسێك بەهرەو زەوق وسەلیقەی خۆی بفرۆشیٚ" پوشکین دژی ئەم باوەڕەی ئەشرافان ڕابوو و دەیگوت: "نافرۆشریٚ بەلاّم دەتوانریٚ نوسخەی نووسراوی بفرۆشرێت".

## ٥–بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەم قۆناغە :

لەم سەفەرانەی باشووری روسیادا، پوشکین زۆر شیعری گوتو زۆر شتی نووسیو بە خۆی دەڵێت لەوێندەرەوە (شەیدای بایرون) بووە. قارەمانانی هەندێ لە هۆنراوەو بەیتەکانی پوشکین، میناکی (زیندانیی قەفقاز، فوارەی باخچە سەرای، و برایانی رێگر) کە بە چاولێکەریی بایرون گوتراون، قارەمانانێکن کە هەم زۆر رەشبینو نائومێدنو هەم شەهوەتبازنو سەختیودژواری زۆریان تەحەمول کردووە. لەو زەمانەدا هەموو کەس هەر دڵبەندی بایرون بووە.

ئەو هۆنراوەو بەیتانەی کە لەو سەرووەختو رۆژگارەدا گوتوونیو پڕن لە شیعری جوانو سەرڕێژن لە وێنەودیمەنانێك کە زۆر وەستایانە خراونەتە روو، ولەو زەمانەدا جیلوەو رەونەقێکی یەجگار زۆریان بووە، وخەڵکی شیعرەکانیان لەبەر دەکردو بەمەش رۆژ بە رۆژ شۆرەتی پوشکین لە زیادی دەدا.

پوشکین،لە (ئودیسا)دا بەشێکی لە شاکاری (یڤگینی ئونیگین)ش نووسی.پەیوەندی پوشکین هەندێ جاران دەگەڵ (گراف ڤورنتسوف)دا تێك دەچوو. چونکە ئەو لە نێو کارمەندانی روسیای ئەو رۆژگارەدا بە پڕ زانیارییو جدیەتو ئیشکەر ناسرا بوو، و پیاوێکی فیتنەگێڕو خۆپەرستو دوو زمانوخوێنساردوپشوو درێژو بە حەوسەڵە بوو،و ریاییوخۆشکێنی پێ خۆشبوو. پوشکین تاقە کارمەندی ژێر دەستی ئوفیسەکەی ئەو بوو کە بەو حاڵەشەوە سەربەخۆیی خۆی لە دەست نەدەداو چاوەڕوان بوو کە بە هاوتای خەڵکانی دیکەی بزانن. لەبەر ئەوە داوای خانەنشینی کردو لێبڕا بوو بە دەرامەتی کارە ئەدەبیەکانی خۆی بژی.

ژیانی تاراوگەوئەو گوشارانەی کە ڤورونتسوف لێ دەکرد،و چونکە بە هۆی ئەو سەختگیریانەوە نەیدەتوانی لە هزرو بیری خۆیدا ئازاد بێ، پوشکین بەرە بەرە کەوتە سەر ئەو بیرەی کە لە روسیا هەڵێت. خۆی ئامادەکرد بەو کەشتیەی کە بۆ ئەستەموڵ دەچوو، هەڵێت. هەندێ لە دۆستەکانی لەم کارەدا کۆمەکیان کرد، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی نادیار ئەم سەفەرەی نەکرد، ناچار چاوەڕوان بوو کە خانەنشینی بکەن، و لەم بەینەدا رۆژگار گوشارەکانی خۆی یەك لە دوای یەك دەخستە سەری.

پوشکین لە نامەیەکیدا بۆ دۆستێکی خۆی گوتبووی ئەو بەڵگانەی بوونی پەروەردگارو نەمرییو جاویدانی روح و گیان دەسەلمێنن، بنجبڕ نین، وئاسایشی مۆسکۆ ئەم نامەیەی خراو شرۆڤە کرد بوو، لەبەر ئەمەیە لە پۆتروسبۆرگەوە نامەیەك بە ڤورنتسوف گەیی کە پوشکین لەبەر بەد پێشینەیی لە دەزگاو ئۆفیسەکەی خۆی دەربکات و بە پەلەو بێ دواکەوتنو لە ژێر چاودێری دا بۆ ئەو موڵکە بنێرێ کە داكو بابی لە ویلایەتی (پسکۆڤ دا –Pskov) هەیانبوو.

## ٦- قۆناغی دووەمی دوور خستنەوە :

لە ١٨٢٤/٧/٣٠دا، ئاسایشی (ئودیسا) پۆشکین-ی بەرەو مۆسکۆ ڤڕێ کرد. لە کیشینڤ و ئودیسادا بە هۆی رەفتاری سەیروتایبەتی خۆیو لاسایی کردنەوەی ئەتوارە تایبەتییەکانی بایرونەوە، پۆشکین بووە باعیسی حەیرمان ونا ئومێدیوبێزاری دامو دەزگا دەوڵەتییەکان.

گەشتوگەڕانی سەرکێشانەی ئەو لە کۆساران و قوماروشەڕی تەن بە تەن و زێدەڕەویی و هەراو هوریاو ئاژاوە جۆراو جۆرەکانی سەرنجی هەمووانی راکێشا بوو، بوو بووە باوی سەرزان کە شەڕی تەن بە تەنی دەگەڵ ئەفسەرێکدا بە ناوی "زبوف" هەبوو، کاتێ کە ئەو ئەفسەرە تەقەی دەکرد، پوشکین پێکی هەڵدەدا، بە خۆیشی ئەم خاڵەی لە بەشێکی (بەیاناتی بیلکین)دا کە لە ساڵی ١٨٣٠دا بە پەخشان نووسیویەتی، ویەکێکە لە پەسندترین بەرهەمە پەخشانیەکانی، تۆمار کردووە، بەو حیسابەی بیۆگرافیای خۆیەتی. وەکو لە کۆتایی ژیانی ئەودا هاتووە وردەکاریانی ئەو شەڕە تەن بە تەنەی کە مەرگی ئەوی فەراهەم کردگە، تا ئەندازەیەك دەشوبهێتە سەر ئەم بابەتە، ودیارە دەشێت کەسێك کە ئەو رەفتارەی کردبێ ئەم کارەشی لە دەست بێ، گومان لەوەدا نییە کە پوشکین جۆرە پۆزێکی بەدەنی و سەرکێشییەکی شێتانەی تێدا بووە، چ بەرانبەر بە خەتەرو مەترسیان و چ بەرانبەر بە دابو نەریتانی رۆژو وەخت، بێ موبالات و بێباك و بێ منەت بووەو دەڵێن ماوەیەکیش دەگەڵ کێوەلیان ژیاوەو خووی ئەوانی گرتووە. ناچار دەبێ بگوترێ کە ئەم ئەتوارە بەرەنجامی خووی بیابانگەڕی و سروشت و تەبیعەتی توندی ئەفریقای ئابادوئەژدادی ئەو نەبووە، بەڵکو زیاتر لە رێگەی هەواو هەوەسی شاعیرانەوە بۆ راکێشانی سەرەنج و لادان لە داب و نەریت و دژایەتی خوو خدەی باوی زەمان بووە کە ئەم رەفتارانەی نواندووە. ئایا زیاتر لاسایی بایرونی نەکردووەتەوە؟ تاقە جیاوازی ئەو دەگەڵ بایروندا ئەمەیە کە شاعیری ئینگلیزی، قوماربازوشەڕانی نەبووە.

یەکێکی تر لەو چیرۆکانەی کە دەربارەی گێڕاویانەتەوەو دیار نیە تا چ ئەندازەیەك راستە، ئەمەیە کە لە شانۆدا لە کاتی نمایشدا، لە ئەنجامی هەڵچوونی دەروونیەوە قەپی بە بازووی ژنێکدا کردووە، ولەسەر قومار کاتێ کە بێ پارە بووە، نوسخەی شیعرەکانی خۆی لەسەر مێزی قومار داناوەو هەر بەیتێکی بە بایی پێنج منات قەبلاندووە .

بە هەرحاڵ تەبیعەتی توندو سروشتی سەرکێشی بێ هەوسارو لغاوی ئەو هەندێ جار بەمجۆرە سەرکێشی و بێ پەروابیە سەیرانە سەری کردووەو کاتێ کە هەڵوێستێکی گرنگی ئەوتۆ هاتۆتە پێشێ و پێویستی بە تەبیعەتی مەزنانەی ئەو بووبێ، خێرا هەمان ئەو سروشتە منداڵانەو سەرکێشیانەی رەویوەتەوەو گەورەیی و پیاوەتی دەرکەوتووە.

یەکێك لەو شاکارانەی کە بە رەنگدانەوەی روحی تایبەتی پوشکین دەژمێردرێت، هۆنراوەیەکە بە ناوی (زیندانیی قەفقاز)و لە هۆنینەوەی ئەم بەرهەمەدا چاوی لە بەیتی (زیندانیی شیيون)و بەیتی (چیلد هارولد)ی بایرون کردووە بەڵام قارەمانی چیرۆکەکەی (بەیت) پۆشکین، لە (چیلد هارولد)ی قارەمانی بایرون، پتر خەسڵەتی بەشەریی تێدایەو ئاشقێنی وئەڤینداری دەگەڵ کیژێکی چەرکەسیدا دەکات.

بابەتی بەیتی (فوارەی باخچە سەرای) بریتییە لە ململانێی پڕ ئازاری ژیانی حەرەم سەراو ئەڤینداری پیاوێك بۆ ژنێك، و بابەتی بەیتێکی بایرون–ش بە ناونیشانی (کافر) هەمان بابەتە.

لە هۆنراوەو بەیتی (لولیان = قەرەج، کێوەلی)دا قارەمانی چیرۆکەکەی پۆشکین کە (ئالکو)ی ناوە، لە درۆو دەلەسەو فریوکارییە باووبڵاوەکانی کۆمەڵگەی بەشەری هەڵدێ، و ئەمە هەمان

خەسڵەتی بایرونە، بەڵام بایرونێك کە تۆزێك گۆڕیویەتی و لەوەیە هەموو خورافاتو بێ توانایییەکانی کۆمەڵگەیەك، کە لێی هەڵاتووە، بخاتە هەواروهۆبەی قەرەج و کێوەلیانەوە (لولیان).

هەندێ لەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی پوشکین کردووە، گوتوویانە ئەم بەیتە بۆ رەتکردنەوەی بیروباوەڕی بایرونودەربڕینی باوەڕی شاعیرێکی روسی لە بواری هەستی نیشتمانپەروەری دا گوتراوە، بەڵام پوشکین بە خۆی لە ساڵی ١٨٢٥دا لە وەڵامی ژوکۆفسکی دا دەربارەی ئەم بەیتە نووسیویەتی:

"مەبەست لە لولیان چییە؟ جگە لە شیعر هیچی دی نیە".

بەم پێیە، لەم بەیتەدا، تەنیا لە شێوەو رواڵەتدا لاسایی بایرونی کردووەتەوە، چونکە وەکو خۆی گوتوویەتی لەو زەمانەدا شێتو شەیدای بایرون بووە، بەڵام لە نێوەڕۆکداو لە شرۆڤەی مەبەستی خۆیدا لە بایرون دوور کەوتووەتەوە، چونکە دەبوایە لە بنجو بناوانەوە لەم جۆرە ئیلهامو سەرۆیانەی بایرون دوور بێ.

شاعیری گەورەی ئینگلیزی، لە گەلونەتەوەیەك بووە کە لە سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا، لە خەمی بیری بەرزی بەشەریدا بوونو چونکە ئەو سەیری کردووە ئەم هزروبیرانە کەوتوونەتە قوڕو چڵپاوەوەو بەرەو نەمان دەچن، زۆری لەبەر گران بووەو ئەم نائومێدیە دڵتەزێنەی لە شێوەی کێنەیەکدا دەربارەی جیهانو تیرەی بەشەر دەربڕیوە. بەڵام پوشکین لە روسانی سەدەی نۆزدەیەم بووەو ڤیانی ئەو دەرهەق بە ئازادی لەبەر ئەوە بووە کە شاعیرانی میناکی ئاندرەشنیە لە شیعردا وەسفیان کردووەو ئەویش پەی بە جوانیان بردووە، وکاتێ لە پوترسبۆرگ وەدەرکەوتووە، ئامادەی ئەوە بووە کە هەموو جیهان ژێروژوور بکات. چونکە وەك خۆی دەڵێت بەر لە نەفی کردنودوورخستنەوە ئەویان ئەشکەنجەی بەدەنی داوەو ئەو باسانەی کە دەربارەی ناڕەحەتیەکانی تاراوگە بۆیان دەکرد، ئەوی تووڕە کردبوو، لێ بەرە بەرە چووەتە ناو ژیانی خۆیەوەو خووی بە ناخۆشیەکانیەوە گرتووە، وبە تایبەتی لە پاش ساڵی ١٨٢٥ەوە بیروباوەڕی ئەو خاوتر بووەتەوەو میانڕەوانەتر بووە.

بە شێوەیەکی گشتی پوشکین لە سیاسەتدا وریا بووەو کاتو شوێنی سیاسەتی زانیوە، لە رووی باوەڕێن ئەخلاقیەوە لە پرەنسیپ و بنەماکانی بایرۆندا تەنیا خۆیبوونی خودی (زاتی)و ئازادو سروشتی ئەوی قەبوڵ کردبوو، ولە هەنبەر ئەوەدا تۆزێکی لە باوەڕێن کۆنو دابو نەریتانی کۆمەڵایەتی تیادا هەبوو، وهەندێ شتی تایبەت بە خۆیشی تێدا هەبوو. لەوانە، هەرگیز نەیدەویست خەڵکی وا بزانن شاعیراتی کردووە بە پیشەو لەو رێگەیەوە ژیانی خۆی بەڕێوە دەبات، زۆربەی کات زیاتر باسی ئەسپ وقومارو ژنو رابواردنی کردووە تا باسی ئەدەبیاتو تەنانەت زۆریش بە ئەسڵو فەسڵی نەجیمزادەیی خۆی فشیوەو لەم بارەیەوە لە بەیتێکی بەناوبانگی خۆیدا کە بەناونیشانی (ئەسڵی من – Moia Rodoslovnaia) دایناوە بەوپەڕی شانازییەوە خۆی سەر بەم دەستەیە زانیوەو ئەسڵی شەش سەد ساڵەی خۆی لە بیر نەبردووە.

بەیتی (لولیان) لە ژیانی شاعیریی پوشکین دا وەرچەرخانێك نیشان دەدات کە ئەوی هەم لە دیمەنانی باشوری روسیاو هەم لە بیرو ئەندێشانی بایرون دوور کردووەتەوەو ئەم وەرچەرخانە

تـەنیا حاڵـەتێکی رەوتـەنی و رێکەوتـەکی نیـە، چـونکە ژینگـەو دەوروبـەر هەمیشـە کاریـان لـە تەبیعەت و دڵناسکی ئەو کردووە. کاتێ کە لە "ئودیسا" وەدەرکەوت خۆی گوتەنی "ماڵاوایی لـە دەریـا و شـاعیری دەریـای، کـە وەکـو ئـەو پـڕ توانـاو قـووڵ و تاریـك و سـەرکێش بـوو، کـرد" و ئـەو شیعرانەی کە لەم بـوارەدا نووسـیوونی یەکێکە لـە باڵاترین شـاکارەکانی ئـەو، لـەم رێگەیـەوە ئـەو پەیوەندییـە پـەنهانی و نادیـارەی لـە نێـوان قەریحـەو بیروخـەیاڵی ئـەووو رەگـەزەکانی سروشـت دا هەبووە، دەربڕیوە.

لەوەیە هۆی راستەقینەی دوورخستنەوەی ئەو لە ئودیسا ئەمە بوو بێ کە لە پوتروسبۆرگ لە پارنی شاعیری فەرەنسایی تێ پەڕاند بوو، ولە ئودیسا یەکێك لە دۆستانی ئینگلیزی ئەو،باسی شیلی شاعیری ئینگلیزی دانەری بەیتی (پروتە رهایی یافتە)ی کردووەو ئەوی ناچار کردووە لە شاعیری ئینگلیزی هێوەتر بڕوات .ئیدی بەهۆی ئەمەوە جۆرە ئامادەییەکی بینی کە نکوڵی لە پەروەردگاری موتڵەق بکات، هەر لەمبارەیەوە نامەیەکی بۆ دۆستانی خۆی ناردو لەو نامەیەدا ئەم باسەی هێنابووە ناو ناوان وئەم قسانە بوونە باعیسی دووبارە دوورخستنەوەی.

بە هەر حاڵ بە گوێرەی فەرمانێکی رەسمی دەوڵەتی، دەبوایە پوشکین لەم سەفەرەیدا لە رێگا لە هیچ شوێنێ نەمابایەوەو لانەدات، و ئەوەبوو لە نۆی مانگدا گەییە موڵکەکەی بابی واتە گەییە گوندی (میخائیلوڤسکویە – Mikhailovskoye).نزیکەی دوو ساڵ لەم گوندەدا، لە گۆشەگیری تەواودا، ژیا. تاقە هاونشینی دایەنە پیرەکەی، (ئارینا رادیونوڤنا– Arina Radionovna)بوو، هەموو رۆژێ سپێدە زوو لە خەو رادەبوو و بە ئاوی سارد خۆی دەشت و دەکەوتە شت نووسین و شیعر گوتن.

مانەوەی دوو ساڵەی پوشکین لەم گوندە بچووك‌وسنووردارەو ئەو ژیانە لێوان لێوو سەرڕێژەی کە لەباوەشی سروشت داو لەگەڵ بیرەکانی خۆیداو دوور لە هەر شتێکی دەستکرد بەسەری بردبوو، وجگە لە هزرو خەیاڵی پرشنگداری خۆی چ پەنایەکی دیکەی نەدەبینی کە پەنای بەرێتێ،و هەمیشە سەری بەنێو بەهرەو سەلیقەو قەریحەی روو لە زیادی خۆیدا دەکرد هەرچیەك پاك‌و بێگەردو پرشنگدارتر بووە لەو سەرچاوە نەمرو جاویدانەوە هەڵی هێنجاوەو لە بەرهەمەکانیا رەنگی داوەتەوەو بەشێکی زۆری شاکارە نەمرەکانی زادەو یادگاری ئەم قۆناغەیە.

ئەم تاراوگەو گۆشەخانە تازەیە زۆر لە تاراوگەکانی پێشووتر لە گیان‌و تەبعی پوشکین گرانتر بووە . ئەم گوندە بچووکە جیاوازیەکی زۆری دەگەڵ شاری (ئودیسا)دا هەبوو، بابە پیرەکەشی کە ئەرکی پاسەوانی و زیندانەوانی و چاودێری کوڕەکەیان پێ سپاردبوو، ئیشەکەی زۆر بە جدی گرتبوو و چونکە خۆی بە بەرعۆدە دەزانی هیچ جۆرە ئاسانکارییەکی لەگەڵ دا نەدەکرد. یەکێك لەوانە ئەو نامانەی کە دەینووسین، دەیکردنەوەو پوشکین ناچار بوو چاو لە دیداری دۆستەکانی خۆیشی بپۆشێت.

سەرەنجام ژوکۆفسکی فریای کەوت و کارێکی کرد کە پوشکین بە تەنێ لەو گوندەدا وەمێنێ و تەنیا مامورانی دەوڵەتی ناوچەکە پاسەوانی بکەن‌و بابی لەوێندەر بڕوات، وهەندێ ئازادترو سەربەست تر بێ.

بابی پوشکین لەم قۆناغەدا، شاعیری لاوی، بە کوڕێکی نا خەڵەف و نا شایستە دەزانی و خۆی لێ دوور دەگرت. لەوە بەدواوە دۆست و هەڤاڵەکانی چوونە دیدەنی و شاعیری گۆشەگیر توانی بەدەم کارە ئەدەبیەکانی خۆیەوە، کە بەردەوام بوو لەسەری. هەندێ جاریش سەرگەرمی و شادییەك بکات. لەم سەروبەندەدا پوشکین جۆرە پەیوەندییەکی دەگەڵ مەدام کرن (Kern)دا پەیدا کردو ئەم پەیوەندییە لەوە دوا کاریگەریی خۆی لەسەر ژیانی ئەو دەبێ. لە هەمان سەردەمدا دەستی بە چاپکردنی بەیتی (لولیان) کردو کەوتە دانانی بەیتێکی دیکە بە نێوی (بوریس گودونوڤ– Boris Godounov)، و لە هەمان کاتدا کاری لەسەر بەیتی (یڤگینی ئونیگین)ش دەکرد.

## ٧– یڤگینی ئونیگین :

یڤگینی ئونیگین، بەیتێکە کە بابەتەکەی زۆر خەیاڵئەنگێزو دڵگیر نییە. لەکۆی حەوت هەزار نیوە بەیتدا، خوێنەر تووشی بابەتێکی جوان و دڵتەزێنی ئەوتۆ نابێ کە بەری دڵ بگرێ. خۆلاسەی بابەتەکەی بریتییە لە: یڤگینی ئونیگین، بۆ رەواندنەوەی دڵتەنگی و گۆشەگیری لە شارێکەوە بۆ گوندێك هاتووە لەوێدا رووبەڕووی ڤیانی سادەی کیژێك بەناوی تاتیانا کە ماڵی لە نزیکی ئەو گوندەیە، دەبێتەوە. چونکە گوێ بەو کیژە نادات، کیژە دەست پێشکەری دەکات و نامەیەکی بۆ دەنووسێت. کیژێ تەسلیم بەو دەبێت و ئەم رووداوە یەکەمین ئاماژەیە کە پوشکین بۆ تایبەتمەندی نەژادی گوندیزادەکانی ئەو زەمان و رۆژگارەی کردووە ئەو داب و نەریتەی کە لەو سەروبەندەدا لە نێویاندا باو بووە بە ئاشکرا دەخاتە روو. بەڵام ئەم کارە کار لە دڵی ئونیگین ناکات و بەوپەڕی ئارامی و خوێنساردی و ئەدەبەوە داوای دیدارێك لە کیژەی دڵکەتی دەکات، لە دیدارەکەدا پێی دەڵێت: "من پیاوی ڤیانی تۆ نیم". دڵدارو دلبەر لێکدی جودا دەبنەوەو چەندین ساڵ یەکتر نابینن، تا جارەکی دی دیدارێك دێتە پێشێ و ئەو پیاوە خەمساردو بێ موبالاتە رووبەڕووی ژنە شازادەیەك دەبێتەوە کە مێردێکی نەخۆشی باداری هەیە کە لە هەموو لایەکەوە مایەی سەرنجە، دوای ئەوەی تاتیانا دەناسێتەوە، ئەویش نامەیەکی بۆ دەنووسێت و ئەشق و ڤیانی خۆی بۆ دەردەبڕێ. تاتیاناش وەڵامی دەداتەوە: "من ناتوانم هی تۆ بم. تۆم خۆشویستووە، هێشتاش خۆشم دەوێی، بەڵام شووم کردووەو بڕیارم داوە پشتی تێنەکەم".

بابەتی ئەم بەیتە،(چیرۆکە شیعریە) ئەمەیە، تاقە بەیتێکی کە مایەی سەرنج بێ و هەست بجوڵێنێ باسی دوئێل و شەڕی تەن بە تەنی ئونیگین و لنسکی (Linski)ی دەسگیرانی خوشکەکەی تاتیانایە کە لە دۆستانی خۆی بووەو بە تەواوەتی خویا نیە ئونیگین لەبەرچی لەو دوئێلەدا دەیکوژێت، لەوەیە بۆ ئەوە بێ کە دڵڕەشی خۆی بنوێنێ و ئەو تەبیعەت و سروشتەی کە پوشکین لەم قارەمانەی خۆیدا بەرجەستەی کردووە، لەم رێگەیەوە زیاتر ئاشکرا بکات.

ئەم بەیتە تا رادەیەك بەیتێکی داستانیەو چونکە تەنیا نمایشێکی تەبیعەتی خەڵکی ئەو زەمانەی روسیایە ئەگەر جگە لە زمانی روسی بە هەر زوبانێکی دیکەیان بهۆنیبایەوە ئەم

کاریگەرییەی نەدەبوو کە ئەمڕۆ هەیەتی. ئەم بەیتە بە شێوەیەکی گشتی لە دەشتە بێ سنوورەکانی روسیا دەچێت، واتە ئەو دەشتانەی کە تەبیعەت جوانیەکی تایبەتیان تێدا نانوێنێ، کەچی وێڕای ئەمەش کەسانێك کە بخوازن خۆ بە نێو جیهانی ئەندێشەو خەیاڵدا بکەن، جلیوەیەکی تایبەتی دەدەنێ.

پوشکین لەم بەیتەدا درێژدادڕی زۆری کردووەو لە هەموو شوێنێکیدا ویستویەتی بابەتەکان شەرح و شرۆڤە بکاتو بە دوورو درێژی گوزارشتی لێبکات. شێوەو رواڵەتی ئەم بەیتە لێکچونی تەواوی لەگەڵ بەرهەمەکانی بایروندا هەیە، بەڵام جیاوازی زۆر لە نێوان بابەت و نێوەڕۆکی ئەمو نێوەڕۆکو رێبازو رەوشی بەیتەکانی بایرون دا هەیە. جیاوازی هەرە زەقیان ئەمەیە کە بەرهەمەکانی بایرون هەڵقوڵاوی ولاتێکن کە خەڵکەکەی ئازادی قسەکردنیان نیەو بەرهەمەکانی پوشکین هی ولاتێکن کە خەڵکەکەی خامۆشو بێدەنگن، چونکە خەڵکی دەشت و بیابانە بێ سنوورەکانی روسیا لەو سەروبەندەدا بە تەبیعەت بێدەنگیان پێ باشتر بووەو ئەگەر لە هەندێ هەڵوێستی تایبەتیدا بە ناچاری بهاتبانە قسان وات دەهاتە بەرچاو کە لافاوێك بەربەستێکی رامالیوە، و ئەوپەڕی پڕبێژیو زێدە رۆییان دەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا خەڵکی ئەو دەشتانە لە هەنبەر ئەو تەنگبیریو کورتبینییەی کە دەوری دابوونو هەروەها لە هەنبەر ناچیزیی ئەو بیرو بەرژەوەندییانەی کە لە هەموو لایەکەوە دەوری دابوون. مەحکومو بێدەسەلات بوون.

پوشکین لە گوندی (میخائیلوۆ سکویە)دا لە ژینگەیەکی زۆر تەنگ وسنووردارادا دەژیا. لە پیاسەو گەڕانەکانیا تاقە کۆسپ و لەمپەرێك کە دەهاتە رێگەی چەمێکی باریك بوو کە دەیتوانی بە پێیان لە بەستێنە وشکەکەی بپەڕێتەوە.پوشکین لەم بەیتەدا گەلێك لەم دیمەنانەی وەسف کردووە. بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم دیمەنانەیان نەبینیوە تاقە شتێکی جوانو دڵگیری نێو ئەم بەیتە کەسایەتی ئونیگینە. تاتیانا وەختێ کەوتووەتە خەیاڵی ئەوەی ئەو "پیاوێکی خەڵکی مۆسکۆ کە جلو بەرگی چیلدهارولدی لەبەر کردووە" ناوبێنێ دوو دڵ بووە لەوەی کە سەروکاری دەگەڵ بابەتێکی جدی شۆخی ئامێزدایە یان نا. لە حەقیقەتدا ئەم پیاوە خۆشگوزەرانە ناکامە نە لە چیلدهارولد دەچێت، نە. لەمانفرید، نە لە ئوبیرمان یان لە چارلز مووری قارەمانانی دیکەی بەیتەکانی بایرون دەچێت، بەڵکو قارەمانێکی تەواو روسیە کە هاوشێوەی لە بەرهەمێن ئەدەبیاتی میللەتانی دیکەدا نیە. بەڵام لە ئەدەبیاتی روسیدا لە هەر هەنگاوێکدا تووشی دەبێتولەبەرهەمی شاعیرانو نووسەرانی دیکەدا هاوشێوەی زۆرەو بەناوانی جیاوازەوە دەردەکەوێ.بۆ نموونە لە بەرهەمی گریبایدوفدا بە نێوی چاتسکی– Tchatski، لە بەرهەمی لیرمانتوفدا بە نێوی پیچۆرین، لە بەرهەمی گونچاروف دا بە نێوی ئوبلوموۆ– Oblomovو لە بەرهەمێن تولستۆیدا. بە نێوی پیوتەربزوخۆۆ دەردەکەوێ. لە سەرانسەری بەرهەمی ئەم نووسەرو شاعیرە گەورانەدا ئەم قارەمانە هەمان قارەمانە. واتە نوێنەرێکی پیاوانی روسی ئەو زەمانەیە کە تورگینیف، نووسەری بەناوبانگ، بە نوێنەری دەستەو تاقمێکی کۆمەڵگەی زەمانی خۆیی دەزانیو پێی وایە ژمارەشیان زۆرەو ناوی ناون (پیاوانی زیادە) چونکە هیچ سوودێکی کۆمەڵایەتیان نیەو لە کۆمەڵگەدا نە کارێکیان پێ

سپێردراوەو نە ئەوانیش هیچ کارێکیان لە دەست دێ، و ئەگەر بچنە ناو کۆمەڵگەیەکی دیکەش هەر بێکارەن و بێکارەترن.

یەکێك لە رەخنەگرانی روسی ئەم قارەمانانەی بەمجۆرە وەسف کردووە: "ئەو نەجیمزادانەن کە باب و باپیرانیان بەشێك بوون لە لەشکریانی تزاران و کاتێ کە ئەوانە لەو خزمەتە دەربکەن، ئیدی ئازادی لە بەردەمیاندا وەکو دەزگایەکی بێتەل وایە کە بە دیاری بیدەن بە بابایەکی خەڵکی ئەفریقیا".

لەم حاڵەتەدا ئەم قارەمانە، هەر ناوێکی لێ بنەیت، لەو ژینگەیەدا کە تیای هاتووەتە دنیا، خۆی بە ئەندامێکی زیادەو بێکارە دەزانێ و نازانێ چۆن لەوێندەر بێتە دەرێ. بێ ئەوەی لەسەر هیچ کارێك بەردەوام بێ دەست دەداتە هەر کارێك وتا دەمی مردن هەر مژولی جەرباندنی جیهانەو هەموو هۆش و بیری ئەمەیە کە لەوەیە ئەوەی لە پاش مەرگ دێتە پێشێ لەمەی کە لە ژیاندا هاتووەتە پێشێ باشتر بێ. بەردەوام چاوەنۆڕی پێشهاتێکە، لێ هیچ شتێك نایەتە پێشێ و باشتربێ. بەردەوام چاوەنۆڕی پێشهاتێکە. لێ هیچ شتێك نایەتە پێشێ و ژیانیش رادەبرێ و کە لە بیست و پێنج سالی دا دەیەوێ ڤیان بجەرپێنێ، تەمەشا دەکات درەنگەو ئیدی ناتوانێ بە چارەو روخساری پڕ چرچ و لۆچەوە ڤیان بێنێتە رەدا. لەم جۆرە خەڵکانە لە هەر ولاتێکا کە هێشتا پێی نەناوەتە ژیانی واقیعی و تامی ژیانی پڕ لە رەنج و تەقەللاو پڕ لە بەختەوەری و خۆشی ئاوێتە بە شیرینی نەچەشتووە، زۆر دەبینرێ و ئەگەر دوور نەڕۆین هێشتا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێرانی رۆژگاری ئێمە لەو بابەتە خەڵکانەن.

دۆستۆفسکی، نووسەری زۆر گەورەی روسی لە رەخنەکانی خۆیدا ئەم قارەمانەی بە (ئالکو)ی قارەمانی بەیتی (لولیان) شوبهاندووەو وەکو لاوێکی روسی شارستانی بەرجەستەی کردووە کە گیرۆدەی بەرەڵلایی هەمیشەییەو شارستانیەت جیاوازی خستووەتە نێوان ئەوو خەڵکانی ترەوە. لە زەمانی دۆستۆفسکیدا کۆمەڵگەی روسی یەك دوو هەنگاوێکی بەرەو مەدەنیەت نابوو وئەو پیاوانەی کە لە زەمانی پوشکین دا بەو حاڵە دەژیان لەم زەمانە دا بەمجۆرە جلوبەرگی خۆیان گۆڕی بوو.

لە ئێرانی ئێمەش دا ئەمڕۆ لێرەولەوێ لەم جۆرە خەڵکانە هەن، وەکو چۆن با لە دووری چەندین فەرسەخەوە بۆنێك بێنێ، بەو ئاوایە بۆنێکی شارستانیەتی رواڵەتیان بە کەپوداچووەو پەیکەرو قەدو بالای جوانی خۆیان بە رواڵەتێکی دڵگیری مەدەنیەت بۆ فریودانی خەڵکی و زیاتر بۆ فریودانی خۆیان رازاندووەتەوەو نە دنیا بە دڵی خۆیان و نە خۆیان بە دڵی دنیا دەبینن و دەزانن. لێکچوونێکی تەواو لە نێوان ئەم قارەمانەدا کە دۆستۆفسکی تەسەوری کردووەو ئەم جۆرە لاوانەی ئەمڕۆی ئێراندا هەیە.

قارەمانەکەی دۆستۆفسکی لە هەموو شارێیەکاندا وێڵ و سەرگەردانە. جارێ پەنا وەبەر پرەنسیپانی سوسیالیزم و جارێ پەنا وەبەر پرەنسیپانی نەهلیزم دەبات و وەکو چۆن پوشکین لە (بەیتی لولیان)ەکەی خۆیدا باسی کردووە پەنا وەبەر هۆبەو چادری لولیان (کێوەلیان) دەبات، و دوای ماوەیەك لەوێش هەڵناکاو دێتە دەرێ و بە دوای هێڤی و ئاواتێك دا دەگەڕێ کە هەرگیز

نایانگاتیٚ. ئەم جۆرە قارەمانانە خەسڵەتانی دیکەشیان هەیە. لە حاڵێکا کە دەتوانن نهێنی دەرونی خۆیان باس بکەنو قسەی خۆیان بگەیەننە بەرانبەر، بە خۆیان لەسەر لاقی لەرزۆك وەستاونو لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەخزێنو بەدەم هەر بایەکەوە دەلەرزێنو نازانن چ بکەن. بە هەر حاڵ لە زەمانی پوشکیندا لەم جۆرە خەڵکە لە روسیادا زۆر بوونو ئەویش تەبیعەتی ئەوانی بە دروستی بینیوەو بەو حاڵەوە لە قاڵبی راستەقینەی مێژووی میللەتی خۆیدا وەسفی کردووە.

دۆستۆفسکی، لە بەیتی یڤگینی ئونیگین دا(تاتیانا)ی زۆر پیٚ پەسند نەبووە، لیٚ ناتوانیٚ نکوڵی لەوە بکا کە تاتیاناش لە سنووری خۆیدا مایەی سەرنجە، لەم خاڵەدا دوو دڵ بووە کە ئایا ئەم کیژە گەنجە گوندیەش کە دوایی بووە بە هاوسەری شازادەیەك، نوێنەری چینێکی خەڵکی روسیای زەمانی خۆی بووە یان نا؟ گومان لەوەدا نییە کە لە رووی ویستی بنجبڕوئاوێتەی جوانیو دلۆڤانیو میهرەبانیەوە، نوێنەری گروپو چینێکی خەڵکی زەمانی خۆیەتی. هەر چەندە ئەو نامە جوانەی کە ڤیانی خۆی تێدا بۆ ئونیگین دەربڕیوە لاسایی کردنەوەی یەکێك لە نامەکانی نێو کتێبی بە نێوبانگی (ئە لوئیزی نویٚ)ی شاکاری جان جاك رۆسۆیە، و پوشکین لە زۆر شوێندا بە جۆریٚ پەیڕەوی رۆسۆی کردووە کە قسەکانی تەواو پاچڤەی بەرهەمەکانی رۆسۆیە.

تاتیانا لە روویەکی ترەوە، واتە لە رووی وەفاداری لە رادەبەدەریشەوە، دەتوانریٚ بە نوێنەری خەڵکی رۆژگاری خۆی بژمێردرێتو لەم رووەوە پابەندی یەکێك لە دابو رێساو کەلەپورەکانی نەژادی خۆی بووە. لە راستیدا لە روسیادا، لەو زەمانەدا چونکە ماوەی چەندین سەدە بوو کارە کۆمەڵایەتییەکان هەموو پیاوانی ئازادی لە دەرێی ماڵی خۆیاندا سەرقاڵ کردبوو، ئەمە کردبوویە کارێك کە هەندیٚ سیفەتو فەزیڵەتی ژیانی روسیا لە ماڵەوە بگاتە لوتکەی کەماڵو نموونە، بەڵام لە گۆشەنیگای دۆستۆفسکییەوە خەسڵەتی سەرەکی تاتیانا ئەو خەسڵەتەیە کە لە کۆتایی ئەم بەیتەدا نیشاندراوەو تاتیانا وەکو قارەمانونموونەی بێگەردیو داوێن پاکی دەخاتە روو. لەوەیە زۆر کەس ئەم خەسڵەتە بەو ئەندازەیەی کە دۆستۆفسکی موبالەغەی تیا کردووە، بە خەسڵەتێکی بەرجەستە نەزانن، وەکو هەندیٚ لە رەخنەگرانیش وای بۆچوون.

پوشکین پاش ئەوەی چەند بەشێکی لە بەیتی یڤگینی ئونیگین گوتووە، نامەی بۆ دۆستێکی خۆی نووسیووە: "دەستم بە دانانی بەیتێك کردووە لەسەر رێچکەی دون جوان" دوای ساڵێك گوتوویەتی: "هیچ لێکچوونێك لە نێوان یڤگینی ئونیگینو دون جواندا نابینم". ئەم جیاوازی بیروبۆچوونانە لە لای شاعیران زۆر بینراوە. بەڵام پوشکین لە بۆچوونی دووەمیا لەسەر هەق بووەو هیچ لێکچوونێك لە نێوان بەیتەکەی ئەو و دۆن جواندا کە یەك لە شاکارەکانی بایرونە، نیە. هیچ شوێنەوارێکی تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی بایرونو روحیەتی تایبەتی ئەو، واتە فەلسەفە ئاینیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کە بناغەی هەموو بەرهەمەکانی فەراهەم دەکەن، لە بەرهەمەکانی پوشکین دا نیە. بایرون شێرێکی وڕوژاوو یەکە سوارەی بیٚ باکی مەیدان بوو کە بەشکۆو مەزنایەتیەکی تایبەتیەوەو بە نەفەسێکی مەردانەو ئامیرانەوە دژی ریسواییەکانی شارستانیەتی تازە، واتە دژی بەدبەختیو جەنگو زۆرداریو ململانیٚ شێتانەکانی نێوان

دەسەڵاتو پایەخوازانو داواکانی خەڵکی، هەستا بوو، لە راستیا پایەی هزری ئەو چنگخستنە خوێنی ئەو ستەمکارانەیە کە بنکاسەی هەژارانیشیان دەڕفاند. بەڵام ئەم بیرو بۆچوونانە هەرگیز پوشکین-یان تا ئەم ئەندازەیە مژول نەکردووە، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە تەمەنی پوشکین ئەوەندە نەبووە کە بگاتە ئەم قۆناغەی بیرکردنەوە. بایرون پیاوێکی یەجگار سەربەست و ئازادبیر بووەو هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵگەدا لە ململانێدا بووە، بەڵام پوشکین نەگەییوەتە ئەم ئەنجامگیرییە.

پیساروف، رەخنەگری گەورەی روسی، دەڵێت ژیان لە گۆشەنیگای ئونیگینەوە بریتییە لە گەڕانو پیاسەی ناو شەقامەکانو شیو خواردن لێرەو لەوێو چوونە پێشانگاو شانۆو تەماشاخانان یان کۆڕی سەماو سوڕو چەقەنان، بیرکردنەوەش بریتییە لە وردە ئیرادگرتن لە سەماکارانو سەرزەنشتی مانگ کە بۆچی خڕە، هەستی بەغیلی بردن بەم ئیمتیازە کۆمەڵە شەپۆلێکە کە لەبەر پێی ژنێکی جواندا سەرفرو دێنێ. لە راستیدا ئەم قارەمانەی پوشکین هەمیشە لە ژیان بێزار بووە.

ئەگەر وەکو بیلینسکی، رەخنەگری بەنێوبانگی روسی گوتوویەتی ئەم بەیتەی پوشکین "ئەنسلکوپیدیایەکی ژیانی روسی" بێ، دەبێ بگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە لەو زەمانەدا ژیان بریتی بووە لە خواردن وخواردنەوەو رەقسینو سەماو چوونە تەماشاخانەو پیشانگاو دڵتەنگی، و لە بێکاریدا خوودانە ئاشقێنی یەك لە دوای یەك و تەحەمولکردنی رەنجی بێتاقەتیو دڵتەنگی و دڵداری، سەبارەت بە ژینگەی ئەرستۆکراتی روسیا، کە باری سەرنجەکانی پوشکین تایبەتە بەوان، دەتوانرێ لە گۆشەنیگای مێژووەوە ئەم بەیتە تەقریبەن بە وەسفی تەواوی ئەو چینە بزانرێ.

بە هەر حاڵ ئەم بەیتەی پوشکین لە (دۆن جوان)ی بایرون ناچێت، بەڵکو زیاتر لە (بیپو- Beppo) کە بەرهەمێکی دیکەی بایرونە، دەچێت. کاتێ کە پوشکین دەستی دەواتە دانانو هۆنینەوەی (یڤگینی ئونیگین) زیاتر ئەم بەیتەی دوایی بایرونی لەبەر چاو گرتووە. هەروەها چاوێکی لەسەر (ستێرن – Stern)، نووسەری ئینگلیزی و (رابلێ)، نووسەری ناڤداری فەرەنیش بووەو دوای ئەوەی پێنج سەد بەیتی هۆنیوەتەوە ئیدی بایرۆنی فەرامۆش کردووە. لەم سەروبەندەدا هزرو بیرێن پوشکین لە نکاودا گۆڕاوە، چونکە نەك هەر ژیانی لەو گوندە بچووکەی (میخائیلو ڤسکویە)دا نا رەحەت و ناخۆش بووە، بەڵکو لەو رووداوانەش کە لە روسیادا هاتوونەتە پێشی رەنجاوەو بێزار بووەو ئەو شۆڕشەی کە لە هەیڤی دیسامبەری ساڵی ١٨٢٥دا رووی دا، لە کاتێکا بوو کە ئەو هێشتا لە تاراوگەدا دەژیاو ناچار بوو لەوێندەر وەمێنێ. زۆربەی ئەو کەسانەی لەو رووداوانەدا کوژران یا دۆستان یا خزمانی ئەو بوونو ئەگەر ئەویش لەو زەمانەدا لە پوترۆسبۆرگ بوایە، لەوە بوو دووچاری هەمان چارەنووسی ئەوان بوایە، بۆیە نەك هەر مەمنونو سوپاسگوازری ئەو رێکەوتە بوو کە ئەوی لە فەوتانو نەمان رزگار کردبوو، بەڵکو وای بە چاك زانی کە چیتر خۆی نەخاتە ئەم جۆرە تالوکانەوە، بۆیە دەستی لە ژیان و هزرینی پێشووی خۆی کە میناکی ژیانی قەرەجیانی بیابانگەڕ بوو، وخۆی بە (کوڕی بیابانو ئازادی) ناو دەبرد، شۆردو پەنای وەبەر دروشمە باوەکەی (هونەر لەرای هونەردا) برد.

ئـەم پرەنسـیپ و دروشمـە دەبوایـە ئـەو بـەرەو بەرهەمـەکانی گوتیـەو پاشـان بەرهەمـەکانی شەکسپیر ڕێنوێنی بکات، لەوە بە دواوە ئیتر هۆزانی میناکی هۆنراوەی (تەنیایی) کە لەوێدا تا رادەیەك هێرشی کردووەتە سەر کۆیلایەتی و لە هەمان گوندا گوتوویەتی، ناڵێت. ئیتر وەکو جۆرج ساند، نووسەری فەرەنسایی و رادیشچێف، نووسەری روسی، خەڵکی چینی خوێنەوارو رۆشنبیری بۆ یەکێتیی و یەکرِیزی هان نادات. لەوە بە دواوە پەیوەندی دەگەڵ رابردووی خۆیدا بە تەواوەتی دەبرِێت. شاعیری مەزن لەوە بە دواوە هەندێ جار ناڕەحەت دەبێ بە تایبەتی لە کاتێکدا کە هێزی دەسەلات، کە ئەو پێی دەگوت (خۆسەری رۆشنبیران)و بە خۆی لایەنگری بوو، پەنجەی ئاسنینی خۆی بباتە ناو قەرتاڵەو زەمیلەی ئەوەوە. لەم کاتەدا دەڵێت: "ئەهریمەن منی، کە هونەرو ویژدان و جورئەتێکم هەیە، لەم ولاتەدا هێناوەتە دنیا". لەگەڵ هەمووی ئەمەشدا ئەو بزووتنەوە فیکری و هێڤی و خۆزیو مشت و مرانەی چوار دەوری کە ئەو لە پێشتردا لە هەموویاندا بەشداری کردبوو، چەند داوای یارمەتی لێ بکەن، ئەو بەشدارییان تێدا ناکات و دەڵێت: "خەفە بە، بێدەنگ بە، ئەی میللەتی بێ هەستی کۆیلەی پێویستی و کارەکانی خۆت، من تاقەتی زەمزەمەی گوساخانەی تۆم نییە!".

## ٨-بوریس گودانۆڤ- Boris Godounov :

پوشکین لەم سەروبەندەدا هاوکات بەرهەمەکانی کارامزین، شاعیری بەنێوبانگی روسی لەگەڵ بەرهەمەکانی شەکسپیردا کە بەجۆش و خرۆشێکی تایبەتیەوە رمووده‌ی بوو بوو دەخوێندەوەو موتالا دەکرد. لە تاراوگەی گوندی میخائیلوڤسکۆیەدا لێبڕا قەرەبووی ئەو کەم و کەسەریە لە خۆیدا بکاتەوە کە پێی دەگوت "تەربێت و پەروەردەی نەفرین کردە". هەڵبەتە (ئاریناراديونوڤنا)ی پیرە دایەنی رێنوێن و رێ پیشاندەری بوو بۆ دنیای سەیروسەمەری ئەفسانانی روسی، و لەو سەروبەندەدا نەخشەی بەیتی (بوریس گودانوف)ی دارِشت.

پوشکین هەوڵیداوە خەسڵەتەکانی ریچاردی سێیەم وماکبس وهنری چوارەم، قارەمانانی شەکسپیر لە سیمای ئەم نەوجەوانەدا کە گەییوەتە تەخت و تاج کۆ بکاتەوە. هەندێ دیمەنی ئەم درامایە، لەوانە دیمەنی هەڵبژاردنی بۆسەڵتەنەت و پاشایەتی و دیمەنی دوا ئامۆژگاری و راسپاردەکانی بۆریس بۆ کورِەکەی، لاسایی کردنەوەیەکی شەکسپیرە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم بەیتە (منظومة) بەشێکە لە کارەکانی کارامزین کە پوشکین بە چاولێکەری شەکسپیر خستویەتی قاڵبی دەمەتەقێ و دیالۆگەوەو بە شیعری بێ کێش و لە قاڵبی مستەزادی پێنج برگەیی دا، بەو وەزن و کێشەی کە لە نێو شاعیرانی ئینگلتەراو ئاڵمان دا زۆر باوە، هۆنیویەتیەوەو دایرِشتووەتەوە، بەلام پوشکین لە باشترین بەشی ئەم بەیتەدا قەرزار باری (ئاریناراديونوڤنا)ی دایەنیەتی، چونکە بەرجەستەترین بەشێ ئەم بەیتە کە تایبەتمەندی و حەقیقەتیان تیایە ئەو دیمەنانەیە کە پۆشکین لەو حیکایەتانەوە هەڵی هێنجاون کە دایەنەکەی بۆی گێرِاوەتەوە، و بەم

شێوەیە عەوامی خەڵکەکەی بە حاڵی ئاسایی خۆیان بە روح و زەمانی تایبەتی خۆیانەوە لەم کارەدا بەشدار کردووە.

وێڕای گوتیە براندیس، رەخنەگری نامداری دانیمارکی قارەمانەکەی تری ئەم درامایە کە (دیمتریوس)ی درۆینەیە، یانی ئەو کەسەی کە بەدرۆ خۆی کردووە بە دیمتریوس، و هەموو ئەوانەی کە ویستویانە لە بەرهەمەکانی خۆدا بەرجەستەی بکەن، تەنانەت میریمی نووسەری بەنێوبانگی فەرەنساییش دەرەقەتی ئەم کارە نەهاتوون، لەم چیرۆکەی پۆشکین–شدا هیچ رەونەق و نموودێکی نیەو پوشکین–ش لە عۆیەی ئەم کارە نەهاتووە.

بەڵام سەبارەت بەم بوونەوەرە بێ دەسەڵات و نادیارەی کە قارمانێکی دیکەی ئەم چیرۆکەیەو ژنێکە کە (مارینا)ی ناوە، لە نامەکانی (پوشکین)ەوە وا دەیارە کە لەوەیە حەقیقەتێکی مێژوویی دەربارەی هەبوو بێ، وبە هەر حاڵ بەجۆرێ وێنای کردووە کە لە گۆشەنیگای سایکۆلۆجیەوە یەکجار جوانو مایەی سەرنجەو لە یەکێك لە نامەکانی خۆیدا دەربارەی دەنووسێت:"تەنیا یەك ئارەزووی هەبووەو ئەویش دەسەڵات وپایەخوازییە، لێ بە ئەندازەیەك هەوڵی بۆ داوەو تامەزرۆی بووە کە ئاشکرا کردنو دەربڕینی دژوارە. پاش ئەوەی کە لە پاشایەتیو دەسەڵات تێر دەبێ، دەبینی لە هەر بیرکردنەوەیەکی بێ بنجو بناوان خاودەبێتەوەوشان بە شانی هەر سەرکێشێك دەکەوێتە فەحشاکاری. جارێ رێی دەکەوێتە ناو جێگەی نەفرەتئەنگێزی جولەکەیەكو جارێ دەکەوێتە چادری قۆزاقیەكو هەمیشە ئامادەیە تەسلیمی کەسێك ببێ کە بتوانێ سەبارەت بەو تەخت و تاجەی کە بوونی نیە فشە ئومێدێکی بداتێ... و هەژاریو ریسوایی بە هیچ نەزانێو لەگەڵ پاشای پۆڵەندەدا لەسەر تەخت و تاج رێك بکەوێ...."

پوشکین، ئەم قارەمانانەی وەستایانە وەسف کردووە. مەخابن لەو تاقە دیمەنەدا کە زەبەر دەستی تیا بەکار نەبراوەو بابەتەکانی جێگەی باوەڕ نیەو پوشکین لەوێدا کیژی کۆشك نشین، (ساندومیر – Sando mir)ی رووبەڕووی دڵدارە سەرکێشەکەی کردووەتەوە، ئەو جۆرە بابەتە بە دەستەوە نایەت.پوشکین لەم درامایەی خۆیدا، تەنیا هێڵکارییەکی ئەم دوو قارەمانەی نیشانداوەو بە تەواوەتی بەرجەستەیان ناکاتو نایان ناسێنێ، و ئەگەر بەیتی یڤگینی ئونیگین بخەینە لاوە، ئیدی سەرانسەری بەرهەمەکانی پوشکین چ دراماکانیو چ رۆمانەکانی تەنیا نەخشەی سەرەتایینو هیچی دی.

## ٩- بەرهەمەکانی دیکەی کۆتایی ژیانی :

(پۆلتاڤا– Poltava) بەیتێکی دیکەی پوشکینە کە لەزەرفی چەند هەفتەیەکدا دایناوەو وا دیارە بە نیاز بووە پاشماوەی ئەو هزرانەی کە لە بەرهەمەکانی بایرۆنەوە لە زەینیدا ماوە، هەڵرێژێتە دەرێ، هەر چەندە کە(مازیپا– Mazeppa)ی ئەو هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ مازپای شاعیری ئینگلیزیدا نیە، بایرون تەنیا مازپای ڤولتیری خوێندووەتەوە. ئەگەر بایرون پەی بە ڤیانی دوو لایەنەی مازپای سەرکردەی هەفتا ساڵەی قوزاقان لەگەڵ کیژە گەنجەکەی (کوچوبی–

Kochoubey) بردبوو، ئەوا پوشكين گوتەنی هيچ كەسێكی ديكە زاتی نەدەكرد لە دوای ئەو دەست بداتە ئەم بابەتە يا خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە بدات. بەڵام لە بەيتی (پولتاڤا)دا ئەم ئەشق و ڤيانەی كە هيچ رونكردنەوەيەكی لەمەڕ نەكراوەو لە باری سايكۆلوجيەوە هيچ سۆنگەو ئەنگێزەيەكی نيە، قاڵبی مەتەڵێكی هاڕوژێنەری بێ ئەنجامی وەرگرتووە.

هەر لەم سەروبەندەدا پوشكين مژولی دانانی هەندێ بەشی ديكەی يڤگينی ئونيگين بوو، و ئيشەكەی بە ئاسانی لەبەر دەڕۆيی. ئەگەر تواناو بەهرە بەدەستييەوە نەهاتبان وملیان بۆ نەدابا ، بە شێوەيەكی كاتی دەستبەرداری بابەتەكەی دەبوو ودەچووە سۆراخی تيمەو بابەتێكی دی. بۆيە لە دوای خوێندنەوەی (لوكرس– Lucrece)ی شەكسپير لەو سەردەمەدا لێبڕا ئەم بابەتە جدييە لە قاڵبێكی كۆميديدا بهۆنێتەوەو بەيتی (گراف نولين) بەمجۆرە فەراهەم بووە. ئەم بەيتە، چيرۆكی نەجيمزادەيەكە كە لەلايەن ژنێكی كۆشك نشينەوە كاتێ كە دەخوازێ رۆپۆشی تەختەكەی ئەو لابەرێ، زللەيەك دەخوات. مامورانی سانسۆر لە پوتروسبۆرگ بەشێكی ئەم بەيتەيان بە بێ ئەخلاقی زانی و تەنانەت خودی ئيمپراتۆريش تەدەخولی لەم كارە كردو كارەكانی (گراف نولين)يان پەردەپۆش كرد. هەر چەندە دواتر ويستويانە لەم بەيتەدا پاكانە بۆ پوشكين و مەبەستی پۆشكين بكەن و بە پێشەكی يەكێك لە رۆمانە كۆمەڵايەتيەكانی گۆگۆڵی نووسەری ناوداری روسی، سەبارەت بە رەخنە گرتن لە ئەخلاقياتی ئەو زەمانەی لە قەڵەم بدەن، بەڵام مەبەستی پوشكين لە هۆنينەوەو دانانی ئەو بەيتە تەنيا بۆ كەيف وسەرگەرمی بووە. بە هەر حاڵ پوشكين لەم سەروبەندەدا هەموو تواناو بەهرەيەكی خۆی لە (يڤگينی ئونيگين و بوريس گدونوف)دا بەكار هێناوەو لە هەمان كاتدا ژيانێكی تازەی بۆ هاتووەتە پێشێ، واتە دەبوايە بگاتە لوتكەی بەرزی خۆی و لەو لوتكەی بەرزييەوە پرشنگی خۆی بنوێنێ و لەوێندەرەوە بكەوێتە هەڵدێرێكەوەو هەر لە سەرەتای بەرزييەوە زيرەكی و بليمەتی ئەو لە گێژاودا غەرق بێ.

لە ٢/ سێپتامبەر/١٨٢٦دا مامورێك لەلای ئيمپراتۆرەوە هات و خۆی بە گوندی ميخائيلوڤسكۆيەدا كردو پوشكينی خستە عارەبانەيەكی پۆستەچيانەوەو هەڵيكردە غارو لەگەڵ خۆيدا بردی. لەو گوندەدا نەيانەدزانی بۆ كوێی دەبەن و خەڵكی هەراسان و شپرزە ئەمەيان لێكدی دەپرسی. چەند هەفتەيەك لەوە پێش پوشكين نامەيەكی ساردوسڕو تەنانەت تەوهين ئاميزی بۆ ئيمپراتۆر ناردبوو و داوای بوردنی لێ كردبوو، ئەمە وەڵامی ئەو نامەيە بوو. مامورەكەو پوشكين يەكرێ بۆ مۆسكۆ رۆيشتن و هەر كە پۆشكين گەييە ئەوێ، بێ ئەوەی دەرفەتی بدەن ئيسراحەتێك بكات و جلێكی ديكە لەبەر بكات، ناچاريان كرد بچێتە حوزوری نيكولا. پاشان گێڕاويانەتەوە كە بەو حاڵە پەشێوەوە لەسەر قاڵدرمەكانی كۆشكی دەربارادا، پارچە شيعرێكی، كە لەوە بوو چەرمەسەری و ريسوايی بۆ دروست بكات، لە دەست كەوتبووە خوارەوە، تومەز ستايشنامەيەكی پڕ جۆش بووە دەربارەی ديسامبەرييەكان (ديكابەريەكان). رەنگە ئەم ريوايەتە راست بێ، چونكە پوشكين لەوخەمساردی و فەرامۆشكاريانەی زۆر بووەو ئەم ستايشنامەيەش بەشێكە لە بەرهەمەكانی ئەو. خۆ ئەگەر ئەو شيعرە بەر دەستی ئيمپراتوريش بكەوتبووايە، رەنگە هەر لە هەڵوێستی خۆی، واتە چاوپۆشی لە پوشكين، ژێوان نەبوايەتەوە،

چونكه لەم قەسیدەیەدا رەشبینیو نائومێدییەكی ئەوتۆی نیشان نەداوە كە كەس تورەو قەڵس بكاتو شاعیر لێهاتووانە خۆی تەبرێ دەكاتو هیچ زیانێك بە كەس ناگەیەنێ.

لەم دیدارەدا ئمپراتۆر چاوپۆشیوبەخشینی خۆی دەربڕیو پوشكین تا ئەندازەیەك خۆی بچووكو پەشیمان نواندو لەوە بە دواوە توانی بە ئارەزووی خۆی لە مۆسكۆ یان لە پوتروسبۆرگ دا بژی. حەیفێ كە ستایشكارانی پوشكین دەبوایە ئەفسوسو داخ بۆ ئەو سەردەمە بخۆن كە لەو گوندە بچووكەدا، لە میخائیلوفسكویەدا دەژیاو دەرفەتی چوونە شاری نەبوو، چونكە لە دوای ئەو قۆناغەوە ئیدی رۆژگاری پوشكین لە زێدەڕۆییو بێ سەروبەریدا بوریوەو هیچ كارێكی جوانی نەكردووە. شەوانی بە قومارو هەر جۆرە بادەنۆشیو رابواردنێكەوە بەسەر دەچوو، و جار جارێ، ئەویش لە كاتی بێزاری لەم ژیانە، سووكە سەردانێكی كۆنە تاراوگەكەی دەكرد، بەڵام ئەو بەهرەو سەلیقە هونەرییەی جارانی نەبوو.

تەنیا لە ساڵی ١٨٣٠دا. كاتێ كە ناتالیا نیكۆلا ئیوڤنا گۆنچرۆڤا -Nathalia Nicolaievna Gonatchlrova، دەزگیرانی بوو، كەمێك گەڕایەوە سەر هزرو خەیاڵانی جارانو جارێكی دیكە توانای داهێنانو بەهرەی هونەری سەررێژی، بوژایەوەو كەوتەوە هەڵقوڵین. لەو سەردەمەدا توانی درێژە بە بەیتی (رۆمانی شیعری) یڤگینی ئونیگین بداتو بەدەم ئەو كارەوە غەزەلێكی زۆری هۆنیەوەو چیرۆكە میللیو عامیانەكانی كە دواتر چەندین جار چاپكرانەوەو رەواجێكی تەواویان هەبوو، یادگاری هەمان قۆناغە. هەندێ لەم چیرۆكانە وەك (ئەفسانەی تزار سالتان- Saltane، شاكارێكی واقیعییە. ئەو شیعرە سەرگەرمیانەی كە لە قاڵبی درامادا دایڕشتوونو بە ناوی (جوامێری سپڵە)و (موزارت Mozartو سالیری Salieri)و (خانەخوێی بەردین) بەناوبانگن، یادگاری ئەم قۆناغەن كە بەهرەو سەلیقەی ئەو جارێكی دی شكۆفەی كردووەو گەشاوەتەوە. بەڵام حەیفێ ژن گواستنەوەكەی لە ١٨٣١/٢/١٨دا ئاكامو ئاقیبەتێكی زۆر خراپی هەبوو. شاعیرێك كە لەو زەمانەدا بەوپەڕی ناڕەحەتییەوە بەخۆی دەگوت (كافرێكی خۆشبخەت)و هەر كاتێ كە دەهاتە سەر باسی دەزگیرانەكەی بە ژارخەنێكەوە دەیگوت سەدو سێیەمین ئەشقی ئەوە، دیارە كە نەدەبوو لە خێرو خۆشی ئەو ژن و مێردایەتیە بەرخوردار بێ. پاش ئەوەی سەفەرێكی كورتی دەگەڵ هاوسەرەكەی خۆیدا كردو بەر لە مەوعید لەو سەفەرە گەڕایەوە، ژنو مێردی لاو هەردووكیان كەوتنە گێژاوی بادەنۆشیو خۆشگوزەرانیو رابواردنەوەو هەر یەكێكیان لەلای خۆیەوە لە دووی كەیفو سەفایەك بوو كە رۆژ بە رۆژ كەمتر یەكیان تێدا دەگرتەوەو بەشداری یەكتریان دەكرد. زۆری پێنەچوو كە نیگەرانی دارایی بەرۆكی گرتن و بوو بە هاولفی كەیفو سەفاو رابواردنەكانیان. پوشكین دەرامەتی خۆی، كە بۆ ئەو رۆژگارە زۆر بوو، بێ حیساب خەرج دەكردو هەمیشە ئاتاجی پارە بوو. پۆستێكی فەخری بە مووچەیەكی فرە، لە وەزارەتی كاروباری دەرەوە وەرگرتو حەزی دەكرد جێگەكەی (كارامزین) وەكو مێژوونووسی فەرمیو تەكلیفكراوی دەربار بەو بدەن.

سەرەنجام ئەم پۆستەی درایەو ئەویش سەری ژەنیە ناو بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی دەوڵەتەوە، بەو خەیاڵەی كە مێژوویەك دەربارەی پوتروسی مەزن لەوێندەرەوە دەربێنێ. بەڵام قۆناغی

سـەڵتەنەت و پاشـایەتی یکاترینـای دووەم، کـە لـەو زەمانـەوە نـزیکتر بـوو، و رووداوە کارەساتاویەکەی سەرکێشـییەکەی (پوگاچـیف– Pouyatchev) دەبوایـە زیـاتر سـەرنجی پیاوێکی خۆشخەیاڵ و خەیاڵپەروەری وەکو ئەو رابکێشێت. بۆیە هەر لەم زەمینەیەدا بەرو دوا چیرۆکێکی مێـژوویی و رۆمـانێکی بەناونیشـانی (کیـژی سـوڵتان) نووسـی. ئەم رۆمانـە تـەڕی و تازەییـەکی ئـەوتۆی تیـا نیـە، تـەنیا ئـەو سـادەییە زۆرەی کـە تیایـدا بـەکار هـاتووەو ئـەو بایەخـە ئاشـکرایەی کـە بـە هەقیقەتبێـژی دراوە ئـەم کتێبـە لەبەرچـاو شـیرین و دڵگـیر دەکـات. لـە نێـو قارەمانـانی ئـەم چیرۆکەدا (سـاڤیلیچ– Savelitch) کـە لـە لەیـەکی پـیرەو حەقیقـەتی ئـەوی بـە جوانی و دڵگیرییەکی تایبەتی نیشانداوە، لەو قارەمانانەیە کە بەزندوویەتی دەمێننەوە.

بەڵام لەم بەرهەمەدا بە چاولێکەری والتەر سکوت یان زیاتر لەبەر ئەمەی کە بابەتەکەی خۆی لە بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی فەرمییەوە دەرهێناوە لە حاڵەتی ئیبتزال دەرنەچووەو هیچ یەکێك لەو مەسـەلە سیاسـی وکۆمەڵایەتیانەی، کـە لـەم رووداوە نادیـارو تاریکـەدا کاریگـەر بـوون و تەنانـەت هەڵکشان وداکشـانی هەسـتی گشـتیی–شـی کـە بووبـووە باعیسـی پێشڤەچـوونی پوگاچـیف، نەدیتووە، یان ئەگەر دیبیشی نیشانی نەداوە.

پوشکین، لەم قۆناغەدا زۆر تیمەو مۆتیف و بابەتی لەبەر چاو بووەو زۆر نەخشەو هێڵکاری داڕشتووەو کاریگەریی ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زەینیدا چەسپیوە، لێ وادێتە بەرچاو کە هێزی داهێنان و تەنانەت زەوق و سەلیقەی ئەدەبیی ئەو زیاتر روو لە پاشەکەشەو بووە.

هەنـدێ جـار لێـبڕاوە لاسـایی (لایتـون بلـور– Lytton Bulwer)ی نووسـەری بـەناوبانگی ئینلگیـزی و چـیرۆکێکی ئـەو بەناونیشـانی (پلهـەم– Pelham) بکاتـەوەو رۆمانێـك دەربـارەی ئەخلاق و داب و نەریتی ئەو زەمانە بنووسێت و ئەم رۆمانە دەبوایە سەربهوردی چەند نەسڵێکی پێش ئەو خەڵکە لە خۆبگرێت کە لیڤ تولستوی لـە رۆمـانی (جـەنگ و ئاشـتی)دا نیشـانی داون و ناساندوونی. ئەم چیرۆکە تەنیا چەند بەرپەڕێکی لێ ماوەتەوە. لە هەمان قۆناغدا پوشکین هەندێ جار بە زمانی فەرەنسی، بەهەڵەی رێنووسی و زمانەوانی زۆرەوە، نەخشەو سکێچی درامایەك یان چیرۆکێکی شیعریی نووسیوە کە دەبوایە (جین– Jeanne) کە لـە ئەفسانانەدا باوەڕیـان وابـووە گەییوەتە پایەی پاپا قارەمانی ئەم چیرۆکە بێ. ئەم درامایە دەبوایە لێکچوونێکی فرنـی دەگـەڵ (فاوست– Faust) شاکارە بە نێوبانگەکەی گوتیەدا هەبێ و لە لایەکی ترەوە لێکچوونێکی دەگەڵ بـەیتی (کریسـتابل– Christabel)ی (کـولریچ– Goleridge)ی شـاعیری بـە ناوبـانگی ئینگلیزیشدا هەبێ، لێ پوشکین ئەم بەرهەمـەی تـەواو نـەکردووەو ئەگـەر تەواویشـی بکردبووایـە لەوە نەبوو ببێ بە یەکێك لە شاکارەکانی.

پێدەچێ کە لەم زەمانەدا بەهرەو قەریحەی سەرڕێژی شاعیری رۆمانە شیعری یڤگینی ئونیگین خەفە بووبێ و لەو ژینگەیەدا کە لەو زەمانەدا تیای ژیاوە هێزی ئیلهامی لە کارکەوتبێ و ئەو دیمەنانەی کە لەبەر چاوی بوون تەنگ و تاریکتر بووەتەوە.

لـە سـاڵی ١٨٣١دا لـە ئـەنجامی راپەڕینێکـدا کـە لـە پۆڵانـدا روویـدا بـوو، رای گشـتی رۆژاوا هاوسـۆزییەکی دەگـەڵ پۆڵاندییەکانـدا پەیـدا کردبـوو و دەوڵـەتی روسـیای بەسـتەمکاری

تاوانباردەکردو پوشکین لێبڕاوە داکۆکی لە میللەتی خۆی بکاتو قەسیدەیەکی بەناوبانگی بەم بۆنەیەوە بە ناونیشانی (بۆ بوختانکەران بە روسیادا) داناوە، بەڵام لە دەستپێکی ئەم قەسیدەیەدا لەم بەیتە زیاتر چیتری نەهاتووەتە خەیاڵ و بەرچاو: "لە تاوێرە بەستەڵەکەکانی فنلاندەوە، تا لمەڵانی داغی کولخیدا دەزانن ئێمەچەند کەسین؟"

ئەم گوزارشتە خوێنەر دەخاتە بیری ئەو دەستە بەندیانەی کە پێشەوایانی میللەتانی رۆژهەڵاتی لە رۆژانی سەختی خەتەری یەکێتیی میللەتانی دیکەدا دەیانکرد. لەم قەسیدەیەدا بەیتێکی بەناوبانگ هەیە کە رەنگدانەوەی هەستی ئەوە لەو کاتەداو دەڵێت: "من وڵاتی خۆم سەراپا بە بچووك دەزانم، بەڵام قەبوڵم نیە بێگانان لەم هەستەدا، ببن بە شەریکم".

لە ساڵانی دواتریشدا، قەریحەی پوشکین جار جارێك پرشنگێکی داوەو هەندێ قەسیدەو هۆزانی گوتوون کە رەنگدانەوەی روحی تایبەتیو قەریحەی خۆین، یەکێك لەوانە قەسیدەیەکە بە نێوی (سوارەی پۆڵایین) کە بۆ یادی پوتروسی مەزن و پەیکەرە بەنێوبانگەکەی ئەو لە پوتروسبۆرگ، گوتوویەتی، بەڵام پێش ئەو قەسیدەیەو پاش ئەو قەسیدەیە بە زۆری لاسایی بەرهەمی خەڵکانی دیکەی کردووەتەوە.

هەروەها ئەو نووسراوو نامانەش کە لە پاشی بەجێ ماون، وەکو ئەو هۆزانانەی کە لەو سەروبەندەدا گوتوونی، ئەوە دەگەیەنن کە نائومێدی ئەو رۆژ بە رۆژ زیادی کردووەو هزرو بیری تاریك و رەشبینانە بەسەریا زاڵبووە، بەو رادەیە کە جێگۆڕەکەی خۆی دەست نیشان کردبوو و لە خودای داوا دەکرد کە ئەقڵی لێ نەسەنێتەوەو گوتوویەتی: "جگە لەمە هەر کارێکی دیکەت گەرەکە بیکە". لە ساڵی ١٨٣٤دا چیرۆکی (بی بی پیك)ی بە چاولێکەرییو لاسایی کردنەوەی چیرۆکە نا ئاساییەکانی (هوفمان– Hoffmann)ی نووسەری ناوداری ئەڵمانی نووسیوەو لاوازترین بەرهەمی پوشکینە.

## ١٠– سەرەنجامو ئاقیبەتی پوشکین :

لەم سەردەمەدا، واتە لە ساڵی ١٨٣٦دا حاڵی روحیو دەروونی پوشکین یەجگار پەریشان بوو. گۆڤارێکی بەنێوی (سەردەم) بڵاودەکردەوەو چ شتێکی گرینگی تێدا بڵاو نەدەبووەوەو سەرنجی کەسی رانەدەکێشاو خەڵکی بە دڵیان نەبوو. مێژوونووسی فەرمی دەرباریش بوو بەڵام زۆربەی کات بێ پارەو پول بوو وژیانی سەخت و دژوار بوو، لەبەر ئەمە زۆربەی کات بێتاقەتو توندە مجێز بوو. کەیفو سەفاو رابواردنو عەیش و نۆشەکانی، بەو هەموو گرفتە مادیو مەعنەویەوە دەرفەتی نەدەدا کە دروست چاو بکاتەوەو پەی بە پایەی واقیعی خۆی بباتو بزانێ کە ئەو شاعیرە سەرەڕۆو سەرکێشە چۆن رام بووەو ئەو پەیامبەری شیعرو هەستو سۆزە چۆن خانەنشینو بێکار بووە. هەندێ جار توڕە دەبوو. بەڵام هیچ دەروویەکی دەربازبوونی لەم وەزعو و حاڵە نەدەبینییەوەو دەبوایە لەم ژیانە تاڵەدا شتێکی شووم رووبدات. ئەم رووداوە شوومە

بریتی بوو لە ئاشنا بوونی پوشکین دەگەڵ (دانتس- Dantes)ی فەڕەنسیدا کە ئەسڵدا خەڵکی ئیرلەندا بوو و زڕکوڕی سەفیری هۆڵاندا، بارون دوهیکرن- Deheekeren، بوو.

لەم بەینەدا لە ڕێکەوتی ٤/نۆڤەمبەر/١٨٣٦دا، بەیانی نامەیەکی بێ ئیمزا لە کەسێکەوە کە دیار بوو خەتی خۆی گۆڕیوە بەم نێوەرۆکە بە پۆستەدا گەییە پۆشکین: "هەڵگرانی دەرەجاتی بەرزی دەرەجە یەك ودووی میدالی بەرزیی کە بە پیاوانی دەوێت و ژن بەمز دەدرێ، لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا کە بە سەرۆکایەتی جەنابی ئاغای د.ل. ناریشکین- D. L. Narichkine کرابوو، بە تێکڕای دەنگ ئاغای (ئەلکساندەر پوشکین)یان بۆ پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی ئەم گروپەو مێژوونووسی گروپەکە هەڵبژارد". زۆریان لەم جۆرە نامانە بۆ دۆستان و ئاشنایانی پوشکین-ش ناردبوو، د. ل. ناریشکین، مێردی ماریا ئانتونوڤنا- Antonovnaبوو، ماریا ژنێکی جوان بوو کە ماوەیەکی زۆر ماشووقەی تزار ئەلکساندەری یەکەم بووە.

لەم نامەیەدا کە پوشکین-یان بە یاریدەدەری ناریشکین هەڵبژارد بوو، مەبەست ئەمە بوو هەمان ئەو پایەو پۆستەی کە ناریشکین لەلای ئیمپراتۆر هەی بووە، بە پۆشکینیان ڕەوا دیتووە. هەڵبەتە خویایە کە ئەم نامەیە (پ.ڤ دولگوروکوف- P. V. Dolgoroukkof) نووسیویەتی، بەڵام هەموو ئەو دژمنانەی کە پوشکین لە نێو ئەشرافاندا هەی بووە، لەگەڵ ئەودا هاودەست بوونەو مەزەندەی ئەوەش دەکرێ کە (ئوڤاروف- Ouvarof)ی وەزیری مەعاریفی وەختیش لەگەڵیاندا هاودەست بووبێ،چونکە پوشکین لە چامەیەکیدا بە ناونیشانی (گەڕاندنەوەی لوکولوس- Lucullus) گاڵتەی پێ کردبوو. بەڵام خویا نیە کە پوشکین لە بەرچی هیکرن-ی سەفیری هۆڵەندای بەو کەسە زانیوە کە ئەم نامەیەی ناردووە. هیکرن پیاوێکی هەرزەو هە ڵەشەو زمان بەد بووە، ودانتس-ی زۆر خۆش ویستووەو شەش مانگ بەر لەوە کردبووی بە زڕکوڕی خۆی.

پوشکین بیری کردەوەو سەیری کرد دەنگدانی ئەو سەفیرە بۆ دوئێل وشەڕی تەن بە تەن ماقول و بەجێ نیە، بۆیە (دانتس)ی بۆ دوئێل دەنگ دابوو.

لە ئەورووپادا، لە کۆنا باو بووەو هێشتا لە زۆر وڵاتانی ئەورووپادا هەر باوە کە هەر کاتێ کەسێك تۆمەت بخاتە پاڵ کەسێکی دی یا سووکایەتی پێ بکات و جنێوی بداتێ، کەسی سوکایەتی پێکراو داوای مەیدانداری لە کەسی یەکەم دەکات و هەردوو لایەنەکە دەبێ شایەت بێنن و شوێنێ دیاری بکەن و بەشایەتەکانیانەوە لەوێندەر ئامادە دەبن و دکتۆرێك لەگەڵ خۆدا دێنن و کەسی سووکایەتی پێکراو هەقی هەیە چەکێك، کە یا شمشێرە یا دەمانچەیەکە، هەڵبژێرێ و لە کات و شوێنی دیاریکراودا بە یەك دەگەن و لە مەودایەکی دیاریکراودا بەرانبەر بە یەکدی دەوەستن و کەسی سووکایەتی پێکراو هەوەڵجار هێرش دەبات و زەربەیەك دەوەشێنێ یا گوللەیەك دەهاوێ و ئەگەر بوختانچی و جنێودەرەکە بمێنێ ئەوا هەقی هەیە ڕەدی زەربە یان گوللەی سوکایەتی پێکرداوەکە بداتەوەو پاش ئەم شەڕە کە (دوئێل)، واتە دوو بە دووی پێ

دەڵێن. سووکایەتیەکە لادەچێت‌و زۆرجار وا رێکدەکەوێ کە یەکێك لەو دوو لایەنە گیانی خۆ لەسەر ئەم مامەڵەو سەودایە دادەنەن.

هیکرن کە پیرەمێرد بوو لە ئاقیبەت‌وئاکامی ئەم جەنگە، کە لەوە بوو سەبارەت بە پایەو پۆستەکەی ئەوو زڕ کوڕەکەی خراپ بکەوێتەوە، دەترساو بە رەزامەندی (دانتس) رێگەیەکی دۆزیەوە کە دەستبەرداری ئەو کارە بن.

دەمێك بوو یەکاترینای ژن خوشکی پوشکین دڵداری دانتس بوو. بۆ خۆدزینەوە لە ئەگەری ئاقیبەتی جەنگی تەن بە تەن لەگەڵ پوشکین دا خانەوادەی هیکرن ئەوەیان بڵاوکردەوە کە دانتس پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵ ناتالیای هاوسەری پوشکیندا نەبووە، بەڵکو دڵداری لەگەڵ یکاترینی ژن خوشکی پوشکین دا هەبووەو ئامادەیە بیخوازێت.

پوشکین، داوای دوئێلەکەی خۆی کێشایەوەو لە ١٨٣٧/١/١٠دا یکاترین‌و دانتس لە یەکدی مارەکران‌و بەمجۆرە دانتس بوو بە خزمی پوشکین. بە بۆنەی زەماوەندەکەی خۆیەوە هات بۆ دیدەنی پوشکین. بەڵام پوشکین پێشوازی نەکردو فەرمانی دا کە پێی بڵێن حەز ناکات هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیدا هەبێ.

وێڕای ئەمەش لەو میوانداریانەی کە لە ماڵە نەجیمزادەو دۆستاندا لێیان دەکرا بەردەوام یەکتریان دەبینی. دانتس وەکو جاران لەگەڵ ناتالیای هاوسەری پوشکیندا ئاشقێنی دەکردو بگرە لە جاران رژدتر بوو لەسەر ئەم کارەو گوساخی‌و رووداری نیشان دەدا.

تووڕە بوونی پوشکین دەبووە باعیسی شۆخی‌و گاڵتەی ئەوو تەنانەت لە حوزوری ئەویشدا ڤیانی خۆی نەدەشاردەوە. لەم کاتەدا چی وای نەمابوو کە شاعیری مەزن بە هۆی ئەم نێگەرانیە دەرونیەوە شێت بێ.

بۆیە لە ١٨٣٧/١/٢٦دا نامەیەکی بۆ کوڕە گەورەکەی هیکرن نارد کە پڕ بوو لە جنێوی سەر بە کوڵکە. لە دوای ئەم نامەیەوە ئیتر دۆئێلەکە مسۆگەر بوو وپوشکین–ش جگە لەمە هیچی تری نەدەویست، چونکە بۆ رزگار بوون لەو پەریشان حاڵیە جگە لەمە هیچ رێگەیەکی دیکەی نەدەبینی.

پاش رێکەوتنی نێوان هیکرن‌و دانتس، سەرەنجام دانتس داواکەی پوشکینی قەبوڵ کردو کە ئەم هەواڵە گەییە پوشکین یەکسەر هێور بووەوە.

پۆشکین سبەینێی ئەو رۆژە زووتر لە خەو رابوو و وەکو شەوی پێشوو بە کەیف و هێور بوو. چای خواردەوەو کەوتە نووسین. لە مەوعیدی دیاریکراودا (دانزاس– Danzasse) کە لە دۆستانی پۆشکین‌و لە شایەدەکانی ئەو شەڕە بوو بە دویدا هات. پێکەوە سواری سورتمە*(خزاك) بوون‌و چوون بۆ ژوانگەی دیاریکراو.

ژوانگەیان گوندی (کامیندانتسکایا– Kamendantskaia)ی کەناری روباری (چرنائیا– Tchernaia)بوو لەگەڵ حەریفانی خۆدا گەیینە ئەوێندەر. ئەوسا بەرەو بێشەلانێك رۆییشتن‌و شوێنێکی رووتەنیان هەڵبژارد. ئەرزەکە یەکپارچە تۆپەڵە بەفر بوو. ئەو دوو شایەدەو دانتس بەفرەکەیان بەپێیان ماڵی‌و رێگەیەکی پانیان کردەوە تا لەوێدا جووتە حەریف رووبەڕووی یەکتر

ببنەوە. پوشکین شانێلێکی فەروە ورچی لەبەر کردبوو ولەسەر تۆپەڵە بەفرێك دانیشتبوو و بەبێ قەراری چاوەنۆڕ بوو. شایەتەکان بە پێیان ئەندازەی مەوداکەیان گرت وشوێنی وەستانی هەر کەسێکیان دیاریکردو شانێلەکانیان لەوێ، لەسەر بەفران داناو ئەوجا دەمانچەکانیان سوار کردو لەم بەینەدا پوشکین بەبێ قەراری لێکدا لێکدا دەیپرسی: "ئێ، کارتان تەواو بوو؟".

زۆری نەبرد کە هەموو شتێك ئامادە بوو، حەریفەکان هەر کەسەو شوێنی خۆی گرت، دەمانچەکانیان دایە دەستیان. دانزاس کڵاوەکەی خۆی تەکان داو ئاماژەی کرد کە دەست پێ بکەن. پوشکین بەلەز هاتە شوێنی خۆی، وێستا و نیشانەی گرتەوە، لێ لە هەمان کاتدا دانتس کە گەیی بووە یەك هەنگاوی شوێنەکەی خۆی فیشەکێکی تەقاند. پوشکین بە پشتا کەوتە سەر ئەو شانێلەی کە شوێنەکەی ئەوی دیاری دەکردو رووی بەرەو زەوی وەرچەرخا. شایەتەکان لەگەڵ دانتس دا بەرەو ئەو غاریاندا. وەهۆش هاتەوە، سەری راست کردەوەو گوتی: "سەبر کەن، هەستدەکەم ئەوەندەم هێز تێدایە کە تەقە بکەم".

دانتس گەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی، بە تەنیشتا وەستاو دەستی راستی خستە سەر سینەی خۆی. پوشکین ئەژنۆی داداو بە نیمچە خەوتووی نیشانەی گرتەوە. ماوەیەك نیشانەی گرتەوەو سەرەنجام فیشەکێکی تەقاندو دەمانچەکەی خۆی فڕێ داو هاواری کرد: "ئافەرین!".

ئەوجا بەبێ هۆش لەسەر بەفرەکە کەوت. لەم کاتەدا دانتس بە تەنێ بەدەم ئازاراوە دەتلایەوە گوللەکە نەرمەی بازووی دیواو دەر کردبوو ولەوێوە بەر دوگمەی پانتۆڵەکەی کەوتبوو، و ئەم دوگمەیە گیانی کڕی بووەوە.

پوشکین کە وەهۆش هاتەوە لە (دارشیاك- Darchiac)ی،کە یەکێك بوو لە شایەتەکان پرسی : "کوشتم"؟.

- نە ء، زامدارت کرد.

پوشکین گوتی:" سەیرە! دڵم خۆش بوو، وامزانی کوشتم ، کە چی وا نیە، چ قەیدییە؟ هەرکە چاك بووینەوە، تێ هەڵدەچینەوە".

بە کۆمەکی شایەتەکان پوشکینیان سواری سورتمە کرد. ناتالیای هاوسەری کەمێك بەر لەوە لە گەشت و گەڕان گەڕابووەو دەگەڵ (ئەلکساندەرینا- Alexandrina)ی خوشکیدا بۆ فراقین چاوەڕوانی پوشکین بوو. لە نکاو دانزاس بێ خشپە خۆی وەژوورا کردو هەوڵیدا بە هێمنی تێیان بگەیەنێ کە پوشکین لەگەڵ دانتس دا دوئێلی کردووەو برینداره، بەڵام برینەکەی سووکە. ناتالیا بەرەو دالانی ماڵەکە غاریدا، کە پوشکینیان گەیاندبووە ئەوێندەر. ناتالیا بە دیتنی ئەم دیمەنە بورایەوە، و پوشکینیان لە ئۆفیسەکەی خۆیدا لەسەر مۆبیلەیەك خەواند. کە وەهۆش هاتەوە، ژنەکەی ویستی بچێتە ژوورەوە، لێ بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "مەیە ژوورەوە". نەیدەویست زامەکەی بدینێ و ئەو کاتە بانگی کرد کە جلەکانی داکەندبوو و پاڵ کەوتبوو.

پوشکین بەم حاڵەوەو بە دەم ئازاری زۆرەوە زیاتر عەوداڵی هاوسەرەکەی بوو و دەیگوت: "بەستەزمانە هیچ خەتاو گوناحێکی نیە، خەم دەخوات و رەنگە بەهۆی قسەی خەڵکیشەوە رەنج

بکێشێت‌و خەفەت بخوات". بە ژنەکەی دەگوت: "بۆ مەرگی من دڵتەنگ مەبە؟ ئەمە کارێکە کە تەنیا پەیوەندی بە منەوە هەبووە".

ئەو رق و تووڕەییەی کە چەند مانگێك لەوەپێش هەمیشە ناخی دێنایە کوڵ وجۆش ئێستا بە تەواوەتی دامرکابووەوەو هێدی‌و هێمن‌و میهرەبان بوو بوو. هەندێ لە دۆستان پێیان وابوو کە پوشکین خوازیاری مەرگ بووەو بە مردن شادە، چونکە لە ڕەنج و مەینەتی ڕزگاری دەکات.

پوشکین، سکی بریندار بوو بوو، گوللەکە مۆرەغەی پشتی شکاند بوو و وردە ئێسقانەکان گوشاریان دەخستە سەر ریخۆڵەی. ئاقیبەتی ئەم زامە زۆر ناخۆش کەوتەوە. چاوانی دەرپۆقین، لە تۆ وایە دەیانەوێ بێنە دەرێ. ئارەقەیەکی زەرد نیشتە سەر رووی‌و دەستەکانی سارد بوونەوە. هەر چەندە زۆری هەوڵدەدا دان بە خۆیدا بگرێ، بە جۆرێ هاواری دەکرد کە هەترەشی پیاوی دەبرد. پێشخزمەتەکەی هات‌و بە (دانزاس)ی گوت پوشکین فەرمانی پێکردووە یەکێك لە چەکمەجەکانی مێزی نووسینەکەی بۆ ببات وبە خۆی لە ژوورەکە وەدەربکەوێ، دەمانچەکانی پوشکین لەو چەکمەجەیەدا بوون. (دانزاس) بەلەز خۆی گەیاندە دیار پوشکین‌و ئەو دەمانچەیەی کە لە ژێر لێفەکەیدا وەشاردبوو، لێ سەند. پوشکین دانی بەوەدا نا کە ویستویەتی خۆی بکوژێت، چونکە لەوەی پتر تەحەمولی ئازاری نەکردووە.

نزیکی بەیانی ئازارەکەی کەمێك نیشتەوە.پوشکین هێور بووەوەو ئیدی تا دەمی مردن نە بەهاوارو نە بەناڵەیەك ئەو ئازارەی کە دەیکێشا،دەرنەبری. لەم وەختەدا خەڵکی لە بەردەم ماڵەکەیدا خڕ بوو بوونەوە. ئاشناو بێگانان بەردەوام دەیان پرسی: "حاڵی پوشکین چۆنە؟ باشترە؟ ئومێدی مانی هەیە؟".

ڕۆژی ١/٢٩، نزیکی نیوەڕۆ پوشکین داوای ئاوێنەی کرد،و تەمەشایەکی خۆی کردو بە دەست ئاماژەیەکی کرد. نەبزی خاو بووەوە، لە لێدان کەوت‌و دەستەکانی سارد بوونەوە. نەفەسی لە جاران زیاتر دایەکزی‌و ئەوجا دوا هەناسەی داو گیانی دەرچوو. ئەو کەسانەی کە لەو ئاوزینگ‌و ئاویلکەیەدا لەوێ بوو بوون هەرگیز ئەو ئارامی‌و هێمنییە بەشکۆو ئەو شادمانیەی کە لەو دوا هەناسەیەدا نیشتبووە سەرسیمای پۆشکین‌و ئاشکرا بوو بوو لە یادیان نەچووە.

لە کەناری روباردا، لە کۆچەی (موئیکا– Moika)داو بەرانبەر بەو ماڵەی کە پوشکین گیانی تیا سپارد بوو، وەزع‌و حاڵێك دەبینرا کە لەو زەمانەدا هەرگیز ئاسایی نەبوو، قەرەباڵغی‌و ئاپۆرەی خەڵکەکە وەکو شەپۆل لە هەڵکشان‌و داکشاندا بوو و هاتبوون ماڵاوایی لە جەنازەکەی بکەن‌و بەرەو ماڵەکەی ئەو دەچوون، هیچ ئەشرافزادەیەك لە بەرانبەر تابووتەکەیدا نەبوو. تەنیا خوێندکارانی زانکۆکان‌وخەڵکانی ئازادپیشەو کارمەندانی بچووکی دایەرەکان‌و مامەڵەچیان‌و خەڵکی هەژار لەوێندەر خڕ بوو بوونەوە. واتە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە دەبوایە لە ئایندەداو لە رووداوەکانی ئایندەدا، لە رووداوە زۆر گرینگەکانی ئایندەدا دەورو ویستی خۆ بنوێنن‌و پایەی خۆ بەدەست بێنن یەکەمجار لە ماڵی ئەودا پەیدا بوون‌و لە دەوری یەکتر خڕ بوونەوە.

پوشکین. دوا ساڵەکانی تەمەنی خۆی لە کونجی گۆشەگیری کۆمەلایەتی و ئەخلاقی و ئەدەبیدا بەسەر بردبوو و بە نائومێدی و غەمگینییەوە دەربارەی خۆی دەیگوت: "بە تەنێ دەژیم". بەلام بە هیچ جۆرێ وێنای نەدەکرد کە ئەم هەموو دۆستە ئەمەکدارو نە گۆڕەی لە دەرێی ئەو بازنەیەدا کە تیای دەژیاو گیانی تیا سپارد هەبێ. تا زندوو بوو دۆستەکانی گلەییەکی زۆریان لێی هەبوو و نەیاندەتوانی چاوپۆشی لێبکەن. بەلام کە مرد سەیریان کرد شتێکیان لە دەست چووە کە بە هیچ کلۆجێ قەرەبوو ناکرێتەوەو ئەوسا قەدریان زانی. بۆیە لەو رۆژەدا بە بانگی بەرز، نەك بە ئاوازی ئاشکرا، بەڵکو بە ئەتوارو رەفتاری خۆ دەیانگوت کە ئەو لە ئێمەیە.

لەم زەمانەدا، تزار ناچار بوو بیەوێ و نەیەوێ رەفتارێکی دیکە بگرێتە بەرو مردنی پوشکین بە خەسارەتێکی نەتەوەیی بژمێرێت. بۆیە (دانتس)یان تەنزیل دەرەجە کردو لە روسیا دەریانکردو دەوڵەتی هوڵاند (هیکرن)ی لە پایەی سەفیری لابردو بانگی کردەوە بۆ وڵات. بەلام لەلایەکی ترەوە (نیکولا)ی رێگەی نەفرەت و ناڕەزایی جەماوەری خەڵکی بڕی، ئەویش بەوەی کە دەستوریان دا هەر کەسێك هەواڵی مردنی پوشکین بڵاودەکاتەوە دەبێ بە شێوەیەکی میانڕەوانە بڵاوی بکاتەوە. لەو بەینەدا لە شوێنێك نووسرا بوو: "هەتاوی شیعرمان ئاوا بوو" یا "پوشکین لە لوتکەی نێوبانگی خۆیدا مرد" لەسەر ئەمە گلەییان لە نووسەران کرد. کۆمەڵێك ماموریان لە ماڵی دراوسێکانی پوشکین دا دانا بوو وکۆمەڵێك جاسوس و شۆفاریش بە بەر ماڵەکەیدا هاتوچۆیان دەکرد. شەوێ بەر لە هەڵگرتنی جەنازەکەی، واتە شەوی ٣٠-١/٣١ کە خەڵکەکە بڵاوەیان کردو جگە لە چەند دۆستێکی نزیکی پوشکین کەسی تر نەمایەوە، مامورانی دەوڵەت وەژوورکەوتن کە سەرتیپ (دوبلت- Doubelt)ی سەرۆکی سەرکردایەتی ئاسایش لە پێش هەموویانەوە بوو. جەنازەکەی پوشکینیان لەبری ئەوەی بۆ کڵێسای (سەنت ئیساك- Saint – Isaac)ی بەرن کە دەبوایە رێورەسمی رەحمەتی لەوێ بۆ ئەنجام بدرێ، بۆ کڵێسای (کانیوشنایا- Koniouchennaia)یان برد. هەڵبەتە لە کاتی رێوڕەسمی رەحمەتەکەدا مامورانی دەوڵەتی هەموو دەرگاکانیان گرت و تەنیا ئەو کەسانەی کە باجی دەعوەتی تایبەتیان هەبوو توانیان بچنە ژوورەوە. لە پاش رێوڕەسمی پرسەو رەحمەت، جەنازەکەیان بردە ژێر زەمینی کڵێساکە.

لە شەوی ٣/٢ شوبات چەند شڕە عەرەبانەیەك لەبەر کڵێساکە وەستان، ئەفسەری ئاسایش سواری یەکێك لەو عەرەبانانە بوو، و(ئەی. ئای. تورگنیف- A. I. Tourguenef)ی دۆستی پوشکین-ش سواری عەرەبانەیەکی تریان بوو کە راسپێردرا بوو تا دەڤەری پسکوڤ لەگەڵ جەنازەکەیدا بڕوات ولەوێندەر لە دێری (سڤیاتاگورسك- Sviatogorsk)ی نزیکی گوندی میخائیلوڤسکۆیە-ی زاگەی پوشکین، بەخاکی بسپێرێت.

ئەم دەستەی بە رێکەرانە زۆر بەلەز کەوتنە رێ، شەوو رۆژ هەر رێیان کرد، لە تۆ وایە تاقمە تاوانکارێکن و دەخوازن بە زووترین کات کەتنی خۆ ئەنجام بدەن و بە نهێنی تاوانێك ئەنجام بدەن. لە یەکێك لە کاروانسەراکاندا، هاوسەری یەکێك لە مامۆستایان کە سەفەری دەکرد، چاوی بەو مامورو عەرەبانچیانە کەوت کە بەلەز ئەسپی تازە نەفەسیان لە عەرەبانە دەبەست ولەو

بەینەدا گالیسکەیەکی بینی کە جەنازەیەکی تێدا بوو و لە حەسیرەوە پێچرا بوو. لە کەسێکی، کە تەمەشای دەکرد، پرسی چ خەبەرە، وەڵامی دایەوە: "خودا شایەدە کەس هیچ شتێك نازانیٚ. گوایە پوشکین ناوێك کوژراوەو بەو پەڕی پەلەپەل لە حەسیریانەوە پێچاوەو خوا لێم نەگریٚ میناکی سەگو کسۆکان دەیبەن".

گەورەترین شاعیری روسیایان بەو شێوەیە بەخاك سپارد.

## ١١- پایەی ئەدەبی پوشکین :

لە شوباتی ساڵی ١٨٣٧ەوە کە ئەلکساندەر پوشکین، گەورەترین شاعیری روسیا لە جیهان دەرچووە، تا ئێستا پتر لە سەدو هەفتا ساڵ تیٚ دەپەڕیٚ، لەم ماوەیەدا وەکو چۆن دەربارەی گەلێك لە گەورە پیاوانی مێژووی هەر میللەتێك لە قۆناغانی جیاوازدا، راوبۆچوونی هەمە جۆر دێتە دەربڕین، پوشکینیش لەم حاڵە بەدەر نەبووە. هەندیٚ لە هاوچەرخانی بە شاعیرێکی گەورەیان نەزانیوە، وەکو چۆن بیلینسکی لە ساڵی ١٨٢٥دا گوتوویەتی کە بەهرەو قەریحەی پوشکین وشکی کردووەو باوەڕی وابووە کە دەبیٚ گوگول ببیٚ بە پێشەنگی ئەدەبیاتی نەتەوەیی روسیاو ئەو پایەیەی کە هۆزانڤانی یڤگینی ئونیگین لە دەستی داوە، وەربگریٚ، و بەردەوام ئەم بۆچوونەی گوتووەتەوە.

گومان لەوەدا نیە کە تا پۆشکین لە ژیاندا بوو لە روسیادا هەڤرکی نەبوو وشاعیرانی هاوعەسری هەموو لە دوای ئەوەوە بوون. بەڵام بەر لە مردنی، زۆر هەورازو نشێو لە شۆڕەتو نێوبانگیدا بەدی دەکریٚ. یەکەم لە قۆناغی ساڵانی ١٨٦٠- ١٨٨٠دا کە قۆناغی قەیرانێکی هزریو رامیاری دیار بووە، دەبوایە بیٚ ئینساڤ دەربارە بکەن.. لەو قۆناغە قەیراناویەدا گوتوویانە ئەم شاعیرە گەورەیە لە هیچ مەسەلەیەکی گرینگدا کە لە سەردەمی ژیانی ئەودا، چینی نەجیمزادە بە پەرۆشەوە بەشداریان تێدا کردووە، بەشداری نەکردووەو تاقە هەنگاوێکی لەم رێگەیەدا نەناوە. لەو زەمانەدا لە نوێڕینی لاوانی پڕ جۆشدا، کە کەسانی وەکو بیلینسکیو دوبرولیوبوف- Dobrolioubof بەرەو پرەنسیپ و سەرەتاکانی خۆیانیان رادەکێشا، ئەو وەکو بەرەڵلایەکی ئەهلی عەیش و نۆش هاتوەتە بەرچاو. لە دوای ئەوە کاتیٚ کە دروشمی بەناوبانگی "هونەر لە رای هونەر" لە نێو کۆمەڵگەیەکدا کە گەڕابووەوە باوەشی ئارامیو شادمانیەکانی ژیانی ئاسایی، رەواجی پەیدا کرد، ئەستێرەی بەختی ئەو دووبارە لە ئاسمانی هزرێن روسی دا درەوشایەوەو لەوە بە دواوە ئەم ئەستێرەیە نەك هەر بە هەمان پرشنگداری دەمێنێتەوە بەڵکو رۆژ بە رۆژ پایەی ئەدەبی ئەو زیاد دەکات. هیچ گومان لەوەدا نیە کە لە سایەی دەسەڵاتی سۆڤیەتی دا شانو شەوکەتی پوشکین یەکجار چووە سەریٚو کار گەییە ئەوەی کە بوو بە شاعیری نەتەوەیی روسیاو گەورەترین شاعیری ئەو وڵاتە. ئەو ئاهەنگو کەرنەڤاڵەی کە بە بۆنەی سەد ساڵەی مەرگو سەدو پەنجا ساڵەی لە دایك بوونییەوە لە سەرانسەری جیهاندا بەرپا کرا باشترین بەڵگەیە کە نەك هەر لە وڵاتی پانو بەرینی روسی زماندا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا

ئـەویان بـە شـاعیرێکی زۆر مـەزن زانیـوە. ئەمێسـتاش بەرهەمـەکانی بـۆ سـەر زۆر زمانـان پاچڤە کراوەو بێ چەندو چون بە رەواجترین و بەنێوبانگترین بەرهەمێن ئەدەبیاتی روسیایە.

لـە جیهـانی ئەدەبـدا پوشـکینیان دەگـەڵ گەلـەك لـە نووسـەران و شـاعیرانی مـەزنی ئـەوروپادا بەراورد کردووەو بەرهەمەکانیان دەگەڵ بەرهەمێن هەر یەکێك لەوانە بەراورد کـردووەو گوتوویانـە کـە ئـەو قـووڵی شەکسـپیرو گوتـە، وقـوەتی بـایرون و هنـری هاینـەو شـیلەرو جـۆش و خرۆشـی لیرمانتوف و ئالفرید دی موسەو تواناو دووربینی ڤیگتۆر هۆگۆی نـەبووەو هـەروەها لـە نمایش و نواندنی گیـانی نەتەوەییدا بە پایـەی ئـەو شاعیرانەی کە ناسنامەو رەمزی میللـەتی خـۆ بوونـە وەکو فیردەوسی و حافیزو تەنانەت شاعیری بە نـامێی پۆڵانـدی میکسـیویچ– Mickiewiez کە بـە خـۆی گوتوویـەتی: "مـن لـە جیـاتی یـەك ملیـۆن خـەڵکم" نەگـەییوە. وێـڕای هـەموو ئەمـەش نـاتوانرێ نکـۆڵی لـەوە بکـرێ کە پوشـکین بـە زەبـری ئـەو هـارمۆنی و هاوئاهەنگیـەی کـە لـە نێـوان وشەو مانای ئەودا هەیە، ئـەو وردیـە ئەفسـوناوییەی کـە لـە دەربڕین و گوزارشـتی خـۆیـدا بـەکاری بردووەو بە زەبری ئەو ئاوێتەکردنە زۆر وەستایانەی کە شیرینی وجوانی دەربڕینی بە بەلاغـەت و رەوانبێـژی داوە،وبـە زەبـری ئـەو هەسـتانەی کـە هەمیشـە لـە پەیڤـەکانیا دەبینـرێ و هـەروەها بـە حوکمی میانڕەوی و خۆ دزینەوە لە درێژ دادڕی لە گەلێك لەم هۆزانڤانە مەزنانە بالاترە.

هەنـدێ جـار هۆزانـەکانی دەگەنـە ئەوپـەڕی جوانی وهـەرگیز ئـەو خزینـەی کـە هاتووەتـە رێـی گەلەك لە هۆزانڤانان، تووشی ئـەو نـەبووە. لـە هـەر شـتێك پـتر شـاعیرێکی یـەجگار شـیرین بەیانـە، مەگەر لە هەندێ هۆنراوەدا نـەبێ وەکـو هـۆنراوەی (پـەیامبـەر) کـە لـە سـاڵی ١٨٢٦دا گوتوویـەتی، هەرچەندە درێژەدانێکی یەجگار جوانی تێدایە، هەندێ لە بەیتەکانی لێکدی نەبانن و هـەروەها لـە هەنـدێ بـەیتی قەسـیدەی (ئیزائـی)شـدا. وێـڕای ئەمـەش نووسـەری ناڤـدار دۆستۆفسـکی خوێندنەوەی ئەو دوو چامەیەی زۆر پێ خۆش بووە.

ئـەم تەبیعەتـە توندوسـەرکێش و بـێ باکـە لـە نیهانـدا دەگـەڵ سروشـتی زۆر ئـارامی پوشـکیندا جمك بووەو کەسێك کە تا ئەم رادەیە توندوبێ موبالات و بێ ئۆقرە بـووە، لـە بەرهەمـەکانی خۆیـدا لە هەموو شوێنێ خۆی لە خۆنواندن دوور گرتووەو وای نوانـدووە کـە زۆر بەسـەر خـۆی و بەسـەر ناوەڕۆکی خۆیدا زاڵ بووە.

قەریحەی شیعری هەمیشە ئەوی لە سەرمەستیەکانی ژیان وەئاگا هێناوەتەوە. لـە شیعرەکانی خۆیدا لە جیاتی نیشانەکانی شاعیرانی کۆن و لـە جیـاتی گـەرم وگـوڕی دینامیکیانـەی شـاعیرانی رۆمانتیك، خەێن سارد بووەو بە خۆی لە قەسیدەیەکیا بۆ ژوکۆفسـکی ئـەوە بـە "ئیلـهامی سـارد" نـاو دەبـات و لەبـەر ئەمەیـە کـە پوشـکین پـتر لـە هـەر شـاعیرێکی دیکـەی رۆژگـاری خـۆی عـەودالّی حەقیقەت بووە. لە نێو قارەمانانی شەکسپیردا (فالستـاف– FALSTAFF)ی لـە هـەموو ئـەوانی دیکە پـێ پەسـند تـر بـووەو ئـەوی بـە باشـترین نموونـەی بەشـەری ژمـاردووەو بـاوەڕی وابـووە کـە شاعیری مەزنی ئینگلیزی لە وەسفی ئەم قارەمانەدا روحی شاعیرانەی خۆی باشتر نیشانداوە. لـە لایـەکی دیکـەوە ئـەو تەبیعەتـە پڕ جۆش وخرۆش و سروشـتە ئەهریمەنانەیـەی مرۆڤـانی باشـوری

ئەورووپای وەکو دۆن جوان لە روح و گیانی پۆشکین دا گۆڕاوە بۆ شادی شەهوەتئەنگێزی ژیان و سوود وەرگرتن لە جوانی.

ئەو خاڵەی کە دەربارەی ئەو دێتە پێشێ ئەمەیە کە ئایا لە بەرهەمەکانی خۆیدا پاچڤەوان و تەرجومانی راستەقینەی ژیان و هەستی روسیای زەمانی خۆی بووە یان نا؟ ئایا دەتوانرێ ئەو بە ئاوێتەیەکی خۆش ئاهەنگی رەگەزو توخمە جیاوازو ناکۆکەکانی شارستانیەتی ئەورووپا بزانرێ کە بڕێك لە هزرڤانانی هاوعەسری ئەو بەو رادەیە شەیدای بوو بوون؟ دۆستۆفسکی پێی وابووە کە واهی بووە. (گریگوریف- Grigorieg)، رەخنەگری ناودای روسیا باوەڕی وابووە کە تەنیا مردن بووەتە کۆسپ کە ئەم شاعیرە گەورەیە خۆی بە تەرجومانی گیانی نەتەوەیی وڵاتی خۆی بزانێ و ئەگەر پتر بمایە ئەم گیانی نەتەوەییە لەودا جیلوەی دەکردو لە رێگەی خۆشەویستی و ڤیانەوە دەگەییە ئەم ئەنجامە.دۆستۆفسکی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی یەکێك لە قەسیدەکانی ئەوی کە (کۆڕی میوانداری) ناوە بە نموونە هێناوەتەوە، بەڵام ئەم قەسیدەیە تەرجومەیەکە کە پوشکین لە هەندێ دیمەنی درامایەکی (جون ویلسن- john wilson) کردوویەتی کە (شاری پلا- The cityofth plague)ی ناوەو لە ساڵی ١٨١٦دا تەواوی کردووەو ئەم پاچڤەیەی پۆشکین تا رادەیەك دەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەیدا تێك دەکاتەوە. ئەو تواناو بەهرەیەی کە پوشکین لە گوێزانەوەی دیمەنەکانی ئینگلیستاندا بۆ زمانی روسی هەی بووە، لە گۆشەنیگای دۆستۆفسکییەوە وەکو هێزێکی تێ گەییشتنی گەورەو نائاسایی دەرکەوتووە. بەڵام لەو بەیتانەدا کە وەرگێڕ بۆ ئەسڵ و دەقە ئینگلیزییەکەی زیاد کردووە تاعونی بە زستان بەراورد کردووەو خویایە کە ئەم پێوەرە هیچ شەقڵ و لایەنێکی ئینگلیزی نیە.

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پوشکین ئەوەیە کە خۆی لە هەر بابەتێك داوەو نووسیوەو دەرەقەتی هەر تیمەو نێوەڕۆکێك هاتووەو ئەم خاڵە بووەتە باعیسی ئەوەی کە لە روسیادا ستایشکەرانێکی زۆری هەبێ و ئەوەش یەکێکە لە کۆڵەکەو تایبەتمەندیەکانی شێوازی رۆمانتیکی ئەو. رۆمانتیزم کەهۆزانی مێژوویی لە ئەورووپادا هێناوەتە ئاراوە ئەم بیرەشی گشتاندووە کە لە هەنبەر ئایدیال و ئامانجی نموونەیی و ستراتیژی هەر قۆناغێکدا ئایدیالی دیکەش هەیە کە رەنگدانەوەی جوانی و ئەستاتیکای جیهانەو لەو دیوی زەمان و فەزاوە بوونی هەیە،واتە لە زەمانی بوریدا هەبووەو لە ژینگەێن دیکەدا،جگە لەو ژینگەیەی کە شاعیر تیایدا دەژی،هەیە. وەکو چۆن گۆتەی هۆزانڤانی مەزنی ئەڵمانی کە یەکێك لە زەبەر دەست ترین مامۆستایانی رێبازی رۆمانتیزم لە قەسیدەی (تاس- Tass)و لە (ئیفیژنی- Iphigenei)و لە (فاوست)ی دووەمدا لەگەڵ هەر میللەتێك دا بووە بە هاونەژادو لەگەڵ هەر زەمانێکدا بووە بە هاوعەسر،واتە هەستی میللەتانی جیاوازو زەمانانی جیاوازی پەروەردە کردووە، (توماس مور- Thomas Moore)ی شاعیری رۆمانتیکی ئینگلیزیش لە قەسیدەیەکی وەسفیدا کە دەربارەی (برمودەکان- Bermuds) گوتوویەتی و لە هەندێ شیعرو هۆنراوەی پڕ لە هەست و سۆزدا کە دەربارەی وڵاتی ئیرلەندا گوتوویەتی و لە رۆمانێکی شیعریدا کە رووداوەکانی لە میسردا روویان داوەو لە چیرۆکی "لالە روو"دا کە ئەویش ئەفسانەیەکی شیعرییەو رووداوەکانی لە ئێراندا

رووی داوە هەمان ڕێگەی گرتووەتەبەرو ئەم دوو شاعیرە ناوداره بەمجۆرە پەیڕەویان لە دەستووری ڕێبازی ڕۆمانتیزم کە تا ئەو ڕادەیە دەوڵەمەندو بەرفراوان بووە، کردووە، لێ پۆشکین لەم ڕێگەیەدا بەپێی ئەواندا ناگات. سەرباری هەموو ئەمەش هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە پوشکین یەکێکە لە شاعیرە گەورەکان و میللەتێك کە شاعیرێکی ئاوهای لە سەرەتای ئەدەبیاتی خۆیدا پەروەردە کردووە، دەتوانێ هەمیشە شانازی پێوە بکات.

زمانی شیعری پوشکین لەوپەڕی دەوڵەمەندیی و نەرمیی و ڕەوانی دایە، بەڵام هەندێ جار شوێنەواری هەڵەو پەڵەی زادەی فێربوون وپەروەردەی خۆی تێدا بەدی دەکرێ، وەکو (کورش- Korch)، کە یەکێکە لە ڕەخنەگرانی ڕوسی، هەندێ وشەی نادروست و دەستەواژە و ڕستەی تایبەتی لە شیعرەکانیا دۆزیوەتەوە. کاریگەری نووسەرانی فەرەنسایی کە لە شیعرەکانیا کەمتر دیارە، لە پەخشانەکانیا زیاتر بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە دەستەواژەکانی چیرۆکی (کیژی سوڵتان) کورت و ڕون و هەندێك وشکن و لێکچوونی زۆری دەگەڵ شێوازی نووسینی ڤۆلتێردا هەیە. ئەو کێشە شیعرییەی کە لە چامەو بەیتەکانی خۆیدا بە زۆری بەکاری بردووە کێشی هەشت سیلابیە کە لە شیعری فۆلکلۆرو عامیانەی ڕوسی دا فرەیە، لە قافیەو سەرواش دا سووکە گۆڕانی کردووە.

گەورەترین پایەی پوشکین لە ئەدەبیاتی ڕوسیدا ئەوەیە کە چ لە ژیانیاو چ لە پاش مەرگی بەردەوام لایەنگرانی فرەی هەبووە. لە ساڵی ۱۸۳۰ دا گروپێك لە قوتابیان و لایەنگرانی دەوریان گرتبوو. وێڕای ئەوەی کە لەو زەمانەدا گەیی بووە پۆپەی شۆرەت. سەبارەت بە بەرهەمەکانی خۆی درژ پەسند بوو هەموویانی بەگەن نەدەکردو لە خۆی ڕازی نەبوو. بەڵام هەمیشە بە چاوی بەرزو لێبوردوانە دەیڕوانیە بەرهەمێن خەڵکی دیکەو دەرهەق بە هەموو کەسێك میهرەبان و ڕووخۆش بوو تەنیا دەربارەی چەند ڕۆژنامەنووسێکی پوترزبورگ نەبێ. بەڕادەیەك خاکیانە دەیڕوانیە بەرهەمەکانی خۆی کە بەرهەمەکانی (باراتینسکی- Baratinski)ی نووسەری ئەو ڕۆژگارەی بەسەر شاکارەکانی خۆیدا پەسند دەداو شتەکانی خۆی دەدایە (دلویگ)و ڕای ئەوی دەربارەیان دەپرسی. "دلویگ" لە ئامادەیی تسارسکوڤیەدا هاو پۆلی پوشکین بووەو پێدەچێ ئەو دۆستایەتی و هۆگرییەی کە لە منداڵیەوە لە نێوانیاندا پەیدا بووە، پوشکین-ی تا ئەم ئەندازەیە لەو نزیك کردووەتەوەو تا ئەم ڕادەیە باوەڕی بە بەرهەم و ڕای ئەو هەبووە.

شیعرەکانی پوشکین، لای خەڵکی ڕوسیا ڕەواج و ڕەونەقێکی ئەفسوناوی ئەوتۆیان هەیە کە هیچ شتێك هاوتایان ناکاتەوەو هێشتا هیچ یەکێك لە شاعیرانی ئەو وڵاتە نەیانتوانیوە بەرهەمێکی هاوتای شاکارەکانی ئەو بەرهەم بێنن. هەر بۆیە گەلێك لە ئاهەنگسازان و مۆسیقازانانی گەورەی ڕوسی کە دڵبەندی شیعرەکانی ئەو بوونە لەم ماوەیەدا ئاهەنگ و ئاوازی یەکجار جوانیان، کە زۆربەیان شاکاری بێ چەندو چوونن، بۆ هەندێ لە شیعرەکانی پوشکین دا ناوە، کە هەندێکیان لە ناودارترین موسیقازانانی جیهانن، وەك: گلینکا- Glinka، دارگومیژسکی- Dargomijski، موسورگسکی- Moussorgski، چایکۆفسکی- Tehaikovski، بۆرودین- Barodine، ڕوبنشتین- Rubenstein، گلۆزونەف-

Glozounof، **راخمانینوف**– Rakhmaninof، **ریمسکی کوساکوف**– Rimski- Korsakof
**و ئاسافیوڤ**– Assafiev.

## فەسڵی هەشتەم

## شوێنکەوتووانی پوشکین

### ١-هاوعەسرانی پوشکین :

یـەکێك لـە تایبەتمەندییـە دیارەکـانی شـاعیرانی مـەزن ئەمەیـە کـە لـە هـەر قۆناغێکـدا بـن سەرانسـەری قۆناغەکـەی خۆیـان داگیر دەکـەنو دەرفـەتی خـەڵکانی دی نـادەن کـە لـە زەمـانو رۆژگـاری ئەوانـدا دەربەکـەون، و هـەموو کـەس دەخەنـە بـەر سـێبەری خۆیانـەوە. ئـەم حاڵەتـە لـە ئەدەبیاتی ئێراندا چەندین جار بینراوەو جوانترین نموونەش سەعدیو حافزن، واتە لە سەدەی هەفتەمدا شـۆرەتی سـەعدی نەیهێشـتووە ئـەو چـەند شـاعیرە زەبـەر دەسـتەی کـە لـەو رۆژگـارەدا هەبوون ناو دەرکەنو بناسرێن،و لە سەدەی هەشتەمدا شۆرەتی حافز هەمان مامەڵەی لە تەك هاوعەسـرانی ئـەودا کـردووە. لـە روسیاشـدا هـەمان دیـاردەو رووداو لـە قۆنـاغی پوشـکین دا دەبینـرێو ژمارەیـەك شـاعیری مـەزن لـەو زەمانـەدا هەبوونـە کـە ئەگـەر لـە قۆنـاغو سـەردەمێکی دیکەدا ژیابان لەمە بە نێوبانگتر دەبوونو شۆرەتی پوشکین نەیدەخستنە ژێرەوە. گەلێك لـەم تاقمـە شـاعیرانەی روسـیا پـەیڕەوی رێبـازی پوشـکین بـوونو هـەوڵیان داوە ئـەو رێسـایەی ئـەو دایهێنا بوو لە شیعری خۆدا بە کاری بەرن.

### ٢- دلویگ :

ئانتون ئانتونوڤیچ دلویگ (١٧٩٨- ١٨٣١) لە قوتابخانەی ئامادەیی (تسار سکویە سلو)دا هاوپۆلی پوشکین بوو و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا لە دۆستانو نزیکانی ئەو بووە. ئەویش لە قوتابخانەدا قوتابییەکی باش نەبووەو لە کۆتایی قۆناغی خوێندندا کە لەگەڵ پوشکین دا بوو، ئیمتیحانی نەداوەو هەر لە ئامادەییدا دەگەڵ پوشکیندا دەستی دابووە شیعر. لە ساڵی ١٨١٤دا یەکەم شیعری لە گۆڤاری (پەیام ئاوەری ئەوروپا)دا بڵاوبووەوە. دلویگ پیاوێکی تەمەڵی تەوەزەل بوو، وهەر لە سەرەتای لاوییەوە خووی دایە کەیف و رابواردن و (کریلف)ی شاعیری بەنێوبانگ پشتیوانی لێدەکردو بۆیە کرا بە یاریدەدەری یەکێك لە کتێبخانەکانو لە دنیای ئەدەبدا هەندێ هۆزانی دەگوت کە لە ساڵنامەکاندا بۆیان بڵاۆ دەکردەوەو پوشکین لە خەڵکانی دیکە پتر بایەخی پێدەدانو دەیگوت ئەوەی کە مایەی سەرنجە ئەمەیە کە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنان لە رێگەی پاچڤەی ئاڵمانیەوە یان لاسایی کردنەوەی شاعیرانی ئیتاڵیاییەوە بە هێزێکی ئاسمانیەوە دەنوێنێ. گومان لەوەدا نیە کە دلویگ لە ئامادەییدا زمانی یۆنانیو لاتینی فێر نەبووبوو وئەوەی لەمەڕ ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانو رۆمانەوە دەیگوت لە رێگەی زمانی ئەڵمانیەوە

بوو. له ساڵی ١٨٢٩دا ویستی رۆژنامەیەکی تایبەت بە رەخنەی ئەدەبی بڵاوبکاتەوە لێ لاوازی مجێزی ئەو بواری نەداو سێ ساڵان دوای ئەوە بە نەخۆشی دەردە باریکە مرد.

## ٣- باراتینسکی :

یڤگینی ئوبراموڤیچ باراتینسکی – Baratinski (١٨٠٠- ١٨٤٤) ماوەیەکی درێژ لە جیهاندا ناو برز بوو، هەر چەندە شاعیرێکی گەورەیەو لەو شاعیرە زۆر کەمو دەگمەنانەیە کە بە زمانی روسی هۆزانی زانستانەو حەکیمانەیان گوتووە. لە هەوەڵەوە یەکێك بوو لە پێشخزمەتانی دەربارەی تزارەکانو لە ئەنجامدا بە هۆی هەندێ سەرکێشییەوە لەو کارەیان دەرکردو رێگەیان نەدا جگە لە خزمەتی سوپا، ئەویش بە پلەی سەرباز چ کارێکی دی بکات. لە ساڵی ١٨١٩ یەکێك بوو لە دەستەی شکارچیانی قەرەوڵان کە دلویگ بێ ئەوەی خەبەری بداتێ یان ئاگاداری بکاتەوە هەندێ لە شیعرەکانی بڵاوکردەوەو، پاراتینسکی لەو سەروبەندەدا لە فنلاندە بوو و دیمەنێن سروشتی ئەم وڵاتەی لە شیعری خۆیدا وەسف کردووە. هەوەڵین شیعرەکانی هەمان روحی بایرونیان لە زمانی روسیدا، تێدا بوو کەمێك لە هەستپەروەری شاعیرانی ئینگلیزیو فەرەنسی، کە ژوکۆفسکی هێنابوویە ناو ئەدەبیاتی روسیەوەو پوشکین-یش لە هەوەڵین بەرهەمەکانی خۆیدا پەیڕەوی کردبوو، لە شیعرەکانیا بەرجەستە کردبوو. واتە خەیاڵپەروەریو دڵتەنگیو خەمینی ئاوێتەی روحی بایرون کرد بوو. دەسەڵاتی دکتاتۆری ئەو زەمانە دەبووە باعیسی نەشونمای ئەم هزرانەی کە دەبوایە لیرمانتۆف پاشان بەو زەبەردەستییە تایبەتیەوە دەری ببڕێو گوزارشتی لێبکات. باراتینسکی لە ساڵی ١٨٢٥دا پاش ئەوەی ماوەیەك لە فنلاندەدا مابووەوە گەییە پلەی ئەفسەری، بەڵام بەر لەوە بوو بوو بە شاعیرێکی بەنێوبانگو شۆرەتو ناوداریيەکەی لە سۆنگەی بەیتێکی دا بوو بە ناونیشانی (ئیدا- Eda) کە قارەمانی بەیتەکە کیژێکی فنلاندییە. خاوەنی ئەم چامەیە دەبوایە ئەم دیمەنە تاریکانەی وڵاتی زۆزانو سەردەسێر لە چامەو بەیتەکانی دیکەشیا وەسف بکات. دوو بەیتی دیکەشی کە تا ئەندازەیەك مۆرکی داستانیان پێوەیە بە ناوانی (کوڕی سەما)و (ژنە قەرەج) لە مۆسکۆدا هۆنیوەتەوە، و لە ساڵی ١٨٢٧دا پاش ئەوەی ژنی هێناوەو لە سوپا دەرچووە، لەوێندەر (مۆسکۆ) ئاکنجی بووە. هەر چەندە هاوسەرەکەی بووەتە باعیسی شادمانی ئەوو ئەو دنیایەی کە بەلای ئەوەوە تاریك بووە، رۆشن کردووەتەوە، ئەوساش دەستبەرداری ئەو رەشبینییەی کە کاریگەریی هزرێن ئاڵمانی پێوە دەبینرێ، و بەوپەڕی راستگۆیی گوزارشتی لێکردووەو دەری بڕیوە، نەبووە. یەکێك لە نیشانەو دیاردەکانی ئەم رەشبینییە تایبەتیەی ئەو ئەمەیە کە هەوڵ و تەقەلای ئادەمیزادان کارێکی بێهودەیە، هەر رۆژێکی تازە دووبارە بوونەوەی هەمان کوێرەوەریو مەینەتیەکانی پێشووەو هەڵبەتە خویایە کە ئەم چەشنە خەڵکە ئارەزووی نەبوونی دەکاتو بەناچاری ئەم هزرانە لە شیعریدا رەنگدەداتەوەو تا رادەیەك قورسی دەکاتو هەموو خەڵکێك لەزەتی لێنابینێو نرخ و بایەخی نازانێت.

باراتینسکی له ئاخرو ئۆخری تەمەنیا، له ئەنجامی هەمان ئەو بیره تاریك و ڕەشبینانەی که له مێژ بوو ئارەزووی سەفەرو چوونه وڵاتانی بێگانەی لە ناخدا جۆش دەدا، چەند سەفەرێکی ئەورووپای ڕۆژاوای کرد زستانی (١٨٤٣- ١٨٤٤)ی لە پاریس ڕابواردو بوو بە دۆستی نزیکی کۆڕو مەجلیسی ئالفرید دوڤینی، سەنت بوف، شارل نودیه، میریمه، لامارتین و ئۆگوستین تیریی گەورە ناودارانی ئەدەبیاتی فەرەنسا ئەوجا به ئاواته لە مێژینەکەی منالّی خۆی گەیی و بۆ ئیتاڵیا ڕۆیی و لەم سەفەرەیدا کەمتر شیعری گوتووەو تەنیا لە ڕێگەی ناپۆلی، چامەیەکی بە ناونیشانی (کەشتی هەڵمی) داناوه که یەکێکه لە دوا شیعرەکانی و لەوەیە جوانترین قەسیدەو بەیتی ئەو بێ، سەرەنجام له کەناری کەنداوی ناپولیدا کۆچی دوایی کرد.

پوشکین، بە باراتینسکی دەگوت: "یەکەمین شاعیری لاوانەوە بێژی ئێمە"و باوەڕی وا بوو که چامەو بەیتی (کۆڕی سەما)ەکەی "ئاوێتەیەکی مامۆستایانەیە له شۆخی و جۆش وخرۆشی ڤیان و میتافیزیك و هەست و سۆزان"و دەیگوت: "هیچ کەسێك لەو زیاتر هەستی لە نێو هزران وسەلیقەو قەریحەی له نێو سۆزی خۆیدا بەکار نەبردووە". گلەیی لە هاوعەسرانی خۆی دەکرد که وەکو پێویست قەدری بەرهەمەکانی ئەو کە لە ڕووی پوختەییەوە لە ئاستی فکری ئەوان باڵاترە، نازانن. شاعیری "کۆڕی سەما"ی بە هزرڤانێك دەزانی و بە تایبەتی لەبەر ئەمە زۆر بە گەورەو سەربەخۆی دەژمارد.

## ٤- گریبویدوف :

لەم سەروبەندەدا، لە ڕوسیادا، شاعیرێکی فرە مەزن دەژیا کە مەخابن پوشکین پەی بە بەرهەمە گەورەکانی ئەو نەبرد، چونکه لە دەرێی ئەو ژینگەیەدا دەژیا کە دلویگ و باراتینسکی تیایدا دەژیان، خۆ ئەگەر ڕۆژگار زوو نەیبردبوایەوە لەوە بوو بگاتە پوشکین و بە هەر حاڵ زۆر لە ئێستای گەورەتر دەبوو.

ئەم شاعیره مەزنه، ئەلکساندەر سیرکیئیوفیچ گریبویدوف – Griboiedof (١٧٩٥- ١٨٢٩) هەر هیچ نەبێ لەو ڕووەوە لە پوشکین و باراتینسکی باڵاتر بوو کە خوێندنی تەواو کردبوو. لە ماڵباتێکی نەجیمزادەی مۆسکۆیی له دایك بووەو ژینگەی گەورە بوون و پەروەردەکەی خۆی بە تەواوەتی لە بەرهەمەکانی خۆیدا شرۆڤە کردووە. له ساڵی ١٨١٢دا واریقاتێك بووە هۆی ئەوەی که درێژە بە خوێندنی خۆی نەدات و بە خۆی دەڵێت دەبوایە چوار دانە ساڵی دیکە دەرسی بخوێندبایه تا ئەو چوار ساڵەی کە لە هەنگێکی سوارەدا خزمەتی کردبوو، لە بیر بەرێتەوە. لە ساڵی ١٨١٧دا لە خزمەتی سوپایی دەرچوو، بەڵام لە کۆڕی ئەشرافان کە پێشینەی خانەوادەیی و خزمەتی سوپایی ئەوی گەیاندبووە ئەوێندەر، نەچووە دەرێ. لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا بە حوکمی ئەو وابەستەگییەی کە بە ئەشرافانەوەی هەبوو، بە ناچاری لە کۆڕی ئەو نووسەرە مەزنانەی کە پوشکین سەرقافڵەیان بوو و ئەندامی ئەنجوومەنی بەناوبانگی ئارازماس بوون، دوور بوو، و بە پێچەوانەوە هەموو ئەو نووسەرانەی کە لایەنگری ڕێبازی شیشکوف بوون،

پەیوەندیان دەگەڵ ئەودا هەبوو. زۆری نەبرد کە بە خۆی پەی بەوە برد دەبیٚ لەم داروودەستەیە دوور بکەویٚتەوەو بۆ ئەوەی لەم کۆتە بخەلەسیٚت دەبوایە لە پوتروسبۆرگ بڕوات، ئەوە بوو لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دامەزرا. یەکەم ماموریەتیان لە گورجستان و پاشان ماموریەتێکی دیکەیان لە ئێران پیٚ سپارد، لە سەفەری ئێراندا کە دەرفەتو دەلیڤەیەکی بۆ هەڵکەوت کۆمیدیای (زەوقو بەهرەی زیادە بەدبەختیە)ی نووسی کە کۆمیدیایەکی بە ناوبانگەو شاکاری ئەوە، لە ساڵی ١٨٢٣دا نوسخەی دەستنووسی ئەم شانۆنامەیە لە پوتروسبۆرگدا ڕەواجی پەیدا کرد. بڵاوبوونەوەی ئەم کۆمیدیایە بە ڕووداوێکی گرینگ لە ئەدەبیاتی روسیدا دەژمیٚردریٚ. هەڵبەتە کاتو رۆژ لە بار نەبوو کە نمایشی بکەنو تەنیا لە ماڵانو کارنەڤاڵانو ئاهەنگاندا نمایش دەکراو هەندیٚ جاریش خوێندکارانی زانکۆیان هەندیٚ بەشیان لە کۆچەو کۆڵاناندا پێشکەش دەکرد. دەتوانریٚ ئەو ڕەواجەی کە ئەم بەرهەمە لە نێو خەڵکی دا پەیدای کرد بە هاوتای ئەو ڕەواجە دابنریٚ کە هەوەڵین بەشەکانی ڕۆمانە شیعریەکەی پوشکین (یڤگینی ئونیگین) لە نێو خەڵکیدا هەی بوو، بگرە شۆرەتی ئەم شانۆنامەیە بۆ ماوەیەکی کەم ڕۆمانەکەی پوشکینی داپۆشیو کردیە ژێرەوە، و پوشکین کە هەمیشە بە روو خۆشییەکی تایبەتییەوە پێشوازی لە ڕەقیبانی خۆی دەکرد، بەغیلی بەم شاکارە بردووە، و کۆلکە ڕەخنەگرانیش هەمان مامەڵەیان دەگەڵدا کردو ئەویش بە ناکامی بۆ گورجستان گەڕایەوە. لە ساڵی ١٨٢٦دا بە هەنجەتی هاودەستی دەگەڵ دیکابریەکاندا دەستگیریان کرد، بەڵام هەر زوو ئازاد کراو بەگەڵ جەنەڕاڵ (پاسکیوڤیچ- Paskievitch)ی فاتیحی بەناوبانگی قەفقازو دەڤەرەکانی تورکیاو پولاندەیان خست کە مژولی جەنگی دووەم بوو لەگەڵ ئێران دا. ئەم جەنگە لە ئاخرو ئۆخری هەیڤی تەموزی ساڵی ١٨٢٦ەوە تا سەرەتاکانی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٢٧ درێژەی کێشا، هەوەڵجار جەنەڕاڵ (یرمولوف- Yermolof)ی حوکمڕانی گورجستان بەرعۆدەو ماموری شەڕی ئێران بوو، چونکە ئەو تەمەڵیوسستی کرد لە پۆتروسبۆرگەوە جەنەڕاڵ (پاسکیوڤیچ)یان بۆ یارمەتی ناردو دوای ماوەیەکی کەم بوو بە فەرماندەی گشتیو کۆتایی بە جەنگەکە هێناو دوای گرتنی تەورێز بەرەو تاران کەوتە پێشڕەوییو هێرش کە دەوڵەتی ئێران بە سوڵح و ئاشتی قابیل بوو و پەیماننامەی تورکمان چای لە ١٠-١٨٢٨/٢/٢٢دا ئیمزا کرا. لەو گفتوگۆیانەدا کە بۆ بەستنی ئەم پەیماننامەیە لە نێوان پاسکیوڤیچو مامورانی ئێرانی دا کرا، گریبویدوف کە نوێنەری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی تزار بوو، لە هەمووان کاریگەرتر بوو، بۆیە نوسخەی ئیمزاکراوی پەیماننامەکەیان دایە دەستی ئەوو ئەو لەگەڵ خۆیدا بۆ پۆتروسبۆرگی بردو لە ساڵی ١٨٢٨دا کە بەو نوسخەیەوە گەییە دەربار، نوسخەیەکی دیکەشی پیٚ بوو، و ئەویش نوسخەو دەستنووسی تراجیدیایەك بوو بە نێوی (شەوی گورجستان) کە بە چاولێکەری شەکسپیر داینابوو نەدەکرا بە شاکارێك بێتە ژماردن.

دەرباری تزار هێندە بەو خزمەتەی کە گریبۆیدوف لە بەستنی ئەم پەیماننامەیەدا کرد بووی شادو خۆشحاڵ بوو کە لە تۆڵەی ئەم خزمەتەدا کرا بە سەفیری دەربار لە ئێران، ماوەیەکی کەم لە تەفلیس مایەوەو سەرەنجام دەگەڵ سیو پێنج کەس لە هاوڕێیانی خۆیو چەند قوزاقێکدا کە

زێڕەڤانی ئەو بوون، خۆی بە تاران داکرد. فەتح عەلی شا کە تەواو لە دەوڵەتی تزاری ترسا بوو، بەوپەڕی نەرمی وگەرمی پەزێرایی کردو لە نزیکی کۆشکی پاشایەتی دا لە خانوویەکی پەیوەستە بە مزگەوتی دایکی شا، لە ئەرەك-ی تاراندا ئاکنجی کرد. گریبویدوف لەو ماوەیەدا کە لە تەفلیس مابووەوە ژنێکی گەنجی جوانی لە گورجیەکان خواستبوو کە لە تەفلیس دایتابووو خۆی بە تەنێ بۆ تاران هاتبوو و دووری لەم ژنە، کە لە رادەبەدەر دڵبەندو شەیدای بوو،کردیە کارێك کە وردە وردە میانڕەوی خۆی لە دەست داو بە جۆرێ میزاجی شێواو دڵی ناسك بوو کە هەر کارێکی کردبا بەوپەڕی بێ سەبری و بێ حەوسەڵەیی ئەنجامی دەدا.

لە یەکێك لە مادەکانی پەیماننامەی تورکمان چای دا ئەوەیان نووسیبوو، کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانی قەفقازدا کەنهو بوو بوو بە بەشێك لە روسیا، ئاکنجی بوونە یان ئەو کەس و کارانەیان کە هێشتا لەو دەڤارانە نیشتەجێن دەبێ بێنەوە سەر روسیاو ببن بە تەبەعەو هاوولاتی روسیا. لەم شەڕانەدا کە پەیتا پەیتا لە نێوان روسیاو ئێراندا هەڵگیرسا بوو، ژمارەیەکی فرە لە خەڵکی قەفقاز بۆ ئێران هەلاتبوون و ناچار لە ئێراندا ماڵ و ژیانیان پێکەوە نابوو و پەیوەندییان دەگەڵ ئێرانیاندا چێکرد بوو و ژن و ژنخوازیان کەوتبووە بەینەوە. گریبویدوف هەموو ئەوانەی بە تەبەعەی روسیا دەزانی و باوەڕی وابوو کە ئەم پەیماننامەیە دەیانگرێتەوەو مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ روسیا بە تایبەتی زیاتر دەربارەی گورجیەکان پێی دادەگرت. لەو زەمانەدا گورجیانی زەرخڕی لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێرانا، لە ژن و لە پیاو زۆر بوون و گەڕانەوەی هەموو ئەوانە ئەرکی سەرشانی خەڵکەکەی زۆر قورس دەکردو ژمارەیەکی زۆریشیان بە گەڕانەوە قایبل نەبوون. لە ئەنجامی ئەم سەختگیری و پێ داگرتنانەی (گریبویدوف) لە رێگەدا کە ماوەیەك لە قەزوین لای دابوو، خەڵکەکە دەیانویست پەلاماری بدەن.کە هەستکرا لە خەتەرو مەترسیدا بوو، بۆ تارانیان هێنایەوەو ئەمە هێندەی دی توڕەی کرد. لەم بەینەدا هەندێ لە بەدکارانی ئەرمەنی و گورجیش کە لە سزاو جەزا هەلاتبوون و پەنایان بۆ ئەو بردبوو، و ئەویش پشتیوانی لێدەکردن، خەڵکەکەی توڕەتر دەکرد. سەرەنجام لێبڕا ئەو دوو ژنەی کە لە ماڵی ئێرانیەکان بوون و منالیان لێیان هەبوو بە بیانوو، هەنجەتی گورجی بوونەوە لە خانەوادەکانیان بسەنێ و ئەم دوو ژنەیان بۆ سەفارەت بردو ئەوانیش دەرفەتێکی لە باریان قۆستەوەو هەلاتن و لە گەڕەك و بانی تاراندا کەوتنە هاوارو فیغان و خەڵکەکەیان هاڕوژاند. ئەوەندەی نەبرد کە خەڵکانی ئاژاوەچی هێرشیان بردە سەر سەفارەتخانە

(گریبویدوف)ش سەد زێڕەڤانی ئێرانی سەفارەتخانەکەو ژمارەیەك لەو قۆزاقانەی (٢٣ کەس بوون) کە لەگەڵ خۆی هێنا بوونی ناچار کرد کە تەقە لە جەماوەری خەڵکەکە بکەن و لەم بەینەدا شەش کەس لە خەڵکەکە کوژرا. خەڵکەکە توڕە بوو، و ئەو شەش کوژراوەیان لە شەش شوێنی جیاوازی تاراندا،بردە مزگەوت و پێشەوایانی ئاینی ئەو رۆژە خەڵکەکەیان پتر هاڕوژاندو نزیکەی سێ هەزار کەس سەفارەتخانەکەیان گەمارۆدا. کە هەواڵ گەییە فەتح عەلی شا، یەکسەر دوو هەزار سەربازی بۆ پاسەوانیی سەفارەتخانەکە نارد، بەلام ئەم سەربازانە کاتێ گەیینە جێ، تەنیا توانیان یەکێك لە سکرتێرەکان و دوو قۆزاق رزگار بکەن و ئەوانی دی هەموو بە دەستی خەڵکە

هاوڕوژاوەکە کوژرابوون و یەکێك لەوانە گریبویدوف بوو، کە بەردێك بەر لاجانگی کەتبوو و بەمجۆرە لە ١٨٢٩/١/٣٠دا کوژرا. دەوڵەتی روسیا، کە رەنگە خۆی حەزی لێ بوو بێ (گریبویدوف)ی هاوکاری دیکابریستەکان لە نێو بچێت، بە رواڵەت زۆر لەم رووداووە تووڕە بوو و چی وای نەما بوو شەڕێکی سێیەم هەڵبگیرسێت کە دەرباری تاران بە هەزار زەحمەت رێگەی لێگرت و خوسرەو میرزای، کوڕی عەباس میرزای جێگری پاشایان بۆ عوزرخوایی بۆ پوتروسبۆرگ نارد. خوسرەو میرزا لە رێگەی تەفلیسەوە بۆ دەرباری تزار رۆیی و لە (١٨٢٩) گەییە پوتروسبۆرگ، کە لە هەمان ساڵدا جەنازەکەی گریبویدوف-یان بە قەدرو رێزێکی فرەوە بۆ تەفلیس بردو لەسەر گردێکی زۆر جوان کە دەڕوانێتە شار، بە خاك سپارد. سەیر ئەمەیە لەم کاتەدا کە جەنازەکەی گریبویدوف-یان بۆ تەفلیس دەبرد، پوشکین بۆ قەفقاز، بۆ ئۆردووی جەنەڕاڵ پاسکیوڤیچ دەڕۆیی، کە مژولی شەڕی عوسمانی بوو، و لە رێگەدا تووشی جەنازەکەی گریبویدوف بوو.

ئەم نووسەرە مەزنە بە تەبیعەت رەشبین و نائومێدو روو گرژو دڵناسك وتەنانەت تەریك پەسندو گۆشەگیر بووە، لە رۆژی یەکەمەوە ئەو کەسانەی کە دەوری ئەویان گرتووە بەردەوام عاجزیان کردووەو رەنجاندویانەو بێزاریان کردووە.

رووداوەکانی ئەو زەمانەو ئەو ستەمەو زۆردارییە قورسەی کە پاش مژدە ئازادی بەخشەکانی ئەلکساندەری یەکەم، هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، هێندەی دیکە خەمباری و دڵتەنگی ئەوی زیاد کردبوو. ئەم رەوش و وەزع و حاڵانە لە کۆمیدیا بە نێوبانگەکەیدا کە تاقە کاری ئەوە رەنگی داوەتەوەو رەشبینی و بێزاری ئەو لە وەزع و حاڵی ئەو رۆژگارە، ئاشکرا دەکات. قارەمانی ئەم کۆمیدیایە کە (چاتسکی- Tchatski)ی ناوە کە لە سەفەرێك دەگەڕێتەوە ناچارە ئەو کیژە گەنجەی کە خۆشی دەویست و ئەو وڵاتەی کە دەخوازێ خزمەتی بکات، ببینێ. بەڵام دڵدارەکەی ئەو (سوفیا- Sofio) حەزی لە پیاوێکی گیلۆکە کردووە کە زۆر پایەخوازو خۆ پەرستەو ئیدی لە وڵاتێکا کە لایەنگری و نادروستی و نەزانی و خۆپەرستی سەرچاوەی هەموو پێشڤەچوونێکە، کاری دەچێتە پێشێ. چاتسکی تەنیا یەك شەو لە ماڵی (فاموسوف- Famousof)ی بابی سوفیا دەمێنێتەوە کە پایەیەکی بەرزی لە دەرباردا هەیەو هەر چەندە پیاوێکی مامناوەندیە چونکە زرنگ و بە دەست و چنگە کاری چووەتە پێشێ. ئەم پیاوە سەبارەت بە ژێر دەستەکانی خۆی زبرو دڵڕەقەو دەربارەی سەرانی خۆی حیزەڵەو زەبوون و زەلیلەو هەموو هەوڵێکی بۆ فریودان و خاپاندنی خەڵکانی دییە. لەم ماڵەدا هەموو ئەشرافانی نمرە یەکی مۆسکۆیی لە بەرانبەری ئەوەوە تێ دەپەڕن، ئەو بەدگۆیی و بەدزمانی و رەزیلی و هەزیلی و زوڵم و زۆرو بێدادیانەی دەربارەی ئەو کەسانە دەگوترێن و دەکرێن کە بەوان تەسلیم نابن، ئەم باوەڕە لای چاتسکی دەچەسپێنن کە هەرگیز رووی خۆشی بەخت و بەختەوەری نابینێ. گریبویدوف روحی سەرکێش و بێباك و یاخی خۆی لە نمایش و نواندنی ئەم ژینگە لەوتاوە نامەردو دونپەرستەدا بە باشترین شێوە ئاشکرا کردووەو ئەم دارو دەستەیەشی کە هەموو شتێکیان ساختەو درۆیەو تەنانەت زمانەکەشیان کە جگە لە تێکەڵەیەکی زمانی فەرەنسی وشێوەزاری بازاڕی ودوکاندارانی

شاری نیژنی نۆڤۆگورود هیچی دی نیه، به هەمان ڕاشکاوی نووانددووه. ئەو شیعرانەی که لەم کۆمیدیایەدا داینـاون زۆر سـوارو ڕەوان‌و چـڕو پـڕو کـورت‌و پـڕ لـه دەسـتەواژەو پێکهاتـەی زمانەوانی تازەیەو شەقڵێکی تەوس ئامێزی زۆر بەرجەستەو توندی هەیەو هەر ئەمەش بووەته باعیسی ئەوەی که گەلێك لەم شیعرانه بکەونه سەر زاران‌و خەڵکی لەبەر بیانڵێتەوەو گەلێکیان بوون به پەندو قسەی نەستەق.

گریبۆیدوف، هەوەڵجار به وەرگێڕانی بەرهەمەکانی شەکسپیر دەستی پێکرد بوو و ماوەیەکی زۆر لەبیری ئەوەدا بوو که هەموو بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی روسی پاچڤه بکات.

## ٥-شاعیرانی دیکەی ڕۆمانتیك :

جگـه لـه دلـویگ و پاراتینسـکی‌و گریبویـدوف چـەند شـاعیرێکی دیکـەش لەسـەر ڕێبـازی ڕۆمانتیکەکان هەندێ بەرهەمی جوانیان له دووی خۆ به جێهێشتووه، یەکێك لەوانه (نیکولای میخلائیلـوڤیچ یـازیکوف- Yazikof)ـه (١٨٠٣- ١٨٤٦) ئـەم شـاعیره لـه دوای پوشـکین‌و باراتینسکی لەشاعیره هەره زمان ڕەوانەکانی روسیەیه. ریتمی شیعرەکانی‌و هاوسەنگی پەیڤ و زمانی ئەو تاوەکو یەك سەده پاش خۆیشی وێنەی نەبووەو تەنیا دوای سەدەیەك ئەلکساندەر بلوك توانیویەتی لەم ڕووەوه بەپێی ئەودا بگات‌و تەنانەت ئەو شاعیرانەشی که له هونەره جوانکارییەکاندا توندڕەویان کردووه، لاسایی ڕەوت‌و ڕێبازی ئەویان کردووەتەوه.

یەکێکی دیکه له شاعیرانی ئەم دەستەیه فیدور ئیڤانوڤیچ تیوچف- Tioutchef (١٨٠٣-١٨٧٣) کـه هـەوەڵجار لـه زانسـتگەی مۆسـکۆ خوێندویـەتی‌و لـه سـاڵی ١٨٢٢دا لـه وەزارەتـی کاروباری دەرەوه دامەزراوەو بووه به مامور له (مونیخ و تورن)ی ئیتاڵیاو سەرەنجام له ساڵی ١٨٤٠دا له خزمەتی سیاسی دوور کەوتووەتەوەو له پوتروسبۆرگ دا ئاکنجی بووه. هەر چەنده دوا بـه دوای یـەك دوو ژنـی ئاڵمـانی هێنـاوه، دڵبەنـدی ئـەدەبیاتی فەرەنسـی بـووەو هـەموو بەرهەمـەکانی جگـه لـەو شیعرانەی کـه گوتـوونی، بـه فەرەنسـی نووسـیوەو هەنـدێ جاریش بـه فەرەنسی شیعری گوتووەو له سیاسەتدا یەکێك بووه له دەستەی سلاڤدۆستان. بۆ ماوەیەکی زۆر بەرهەمێن تیوچیف له روسیادا نه ناسراوەو له ساڵی ١٨٥٠دا نیکراسوف سەرنجی خەڵکی بـۆ بەرهەمـەکانی ڕاکێشـا. بۆیـه لـه سـاڵی ١٨٥٤دا بەرهەمـەکانی بڵاوکـردەوه. سەمبولیسـتان‌و ئەکسپرسیونیستانی قۆناغەکانی دواتر ئەو به مامۆستاو پێشەوای خۆ دەزانن، و سالوڤیف، شـاعیری مـەزن پـەیڕەوی ئـەوی کـردووه. تیوچـیف لـه وەسـفی شـەوو تـاریکی‌و تەنیاییـدا وەستایەکی کارامه بووەو شاکارەکانی ئەو پتر لەم مەیدانەدان.

له نێو شاعیرانی هاوعەسری پوشکین دا، ریلییـف- Ryleief، لەگەڵ سوپای تزاری دا بو پاریس چوو بوو و له ساڵی ١٨١٣دا که لەو سەفەره گەڕایەوه به تەواوەتی ڕمووده‌و دڵبەندی ئازادی و هـزرێن پێشڕەوانی شۆڕشی فەرەنسا بوو بوو و ئارەزوومەندی ئەوه بوو کـه ببێ بـه پێشـەوای شۆڕشی روسیاو لەبەر ئەمە هۆزانی حەماسی‌و پڕجۆشی دەگوت، و لـه یـەکێك لـه

شیعره مامناوەندەیە پڕجۆشەکانیا، بە توندی هێرشی کردبووە سەر (یەکێتیی پیرۆز) کە لەو رۆژگارەدا لە ئەوروپا دروست بوو بوو و روسیا یەکێك بوو لە کۆڵەکەکانی و لەو شیعرەدا سوکایەتییەکی تەواوی بە (ئاراکچییف)ی وەزیری ستەمکاری بەناوبانگی ئەلکساندەری یەکەم کردبوو. لە ساڵی ١٨٢١دا یانەو ئەنجوومە نهێنییەکانیان لەنێو بردو ئەو ئەنجوومەنەی کە ریلییف سەرۆکایەتی دەکرد، بە نهێنی کارو کۆبوونەوەی خۆی دەکردو لە شارەکاندا چەند لقێکی کردەوە. سەرەنجام کە دیکابرییەکان لە ساڵی ١٨٢٥دا گیران، ئەویش دەستگیرکراو لە ساڵی ١٨٢٦دا، لە تەمەنی بیستو نۆ ساڵیدا لە سێدارەیان دا. شیعرەکانی لە ژێر سەرناڤی (دومی)دا بلاوبوونەتەوە کە کۆمەڵێك ژیاننامەن‌و لە مێژووی روسیاوە وەرگیراون بەلام هەمە رەنگی‌و ناسکییەکی ئەوتۆیان نیەو خۆی گوتەنی لایەنی نیشتمانپەروەری ئەو بەسەر لایەنی شاعیریدا زاڵ بووە.

ئالکسی ستیپانوڤیچ خومیاکوف، لە ساڵی ١٨٠٤دا لە مۆسکۆ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٨٣٠دا یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی رێبازی سلاڤدۆستان‌و بە یەکێك لە کەشیشانی زانای کلێسای روسیا دەژمێرداو لە ساڵی ١٨٤٠ەوە تا ١٨٥٥ زۆربەی شیعرە جوانەکانی خۆی داناوەو سەرەنجام لە ساڵی ١٨٦٠دا بە پەتا مردووە.

ئەلکساندەر ئیڤانوڤیچ پولژائیف – Polejaief لە ساڵی ١٨٠٥دا لە ویلایەتی پنزا– Penza لە دایك بووەو لە ساڵی ١٨٣٨دا کۆچی دوایی کردووە. هیچ پەیوەندییەکی بە گروپی پەیرەوانی پۆشکینەوە نەبووەو شیعری تەنیا بە ئەوزاری دەربڕینی دەروونی خۆی زانیوە، بەلام وێڕای ئەمەش ناتوانرێ بە شاعیرێکی مەزن بژمێردرێ، پولژاییف لە مەستی‌و نەخۆشیدا گیانی سپارد، و جگە لە شیعرە هوجومییە توندەکانی کۆمەڵێك سترانیشی بۆ سەربازان هۆنیوەتەوە.

دیمیتری فلادیمیروڤیچ ڤینیڤیتینوڤ، لە ساڵی ١٨٠٥دا لە مۆسکۆ هاتە دنیاو لە ١٨٢٧دا لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنێکی شاعیران بوو کە بە خۆیان دەگوت (لیوبامودری– Lioubomoudry) واتە فەیلەسوف یان لایەنگرانی ئەقڵ و ئاوەز، وئەندامانی سەرەکی ئەم ئەنجوومەنە بریتی بوون لە (کوشلبکر– Kuchelbecker)ی هاوپۆل‌و دۆستی پوشکین وخومیاکوڤ ناڤبری‌و کونیاز ئودپوڤسکی‌و چەند کەسێکی دی لە شاعیرانی ئەو رۆژگارە. ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە باوەڕیان وابوو کە دەبێ هزری زانایانی ئایدیالیستی هاوچەرخی ئاڵمانی بلاوبکەنەوە. ڤینیڤیتینوڤ، هەر چەندە تا رادەیەك بە ئاشکرا شیعری پوشکینی پەسند نەدەکردو زۆر بە کۆن‌و راستەوخۆی دەزانی، تەبیعەتێکی حەساس و هەستیارو مرۆڤدۆستانەی ئەوتۆی هەبوو کە ئەوی وەکو شاعیرێکی هزرڤان‌و زانایەك کە هزری زانایانە بهۆنێتەوە نیشان نەدەدا. لەبەر ئەمە لەگەڵ یازیکوف دا یەکی گرت و رێگەیەکی تازەی بۆ شیعری روسی کردەوەو دەتوانرێ بە پێشەوای شاعیرانی دیکەی وەکو ڤیاچسلاڤ ئیفانوف دابنرێ.

هەر لەم زەمانەدا شاعیرێکی پیری دیکەش هەبوو کە دنیس ڤاسیلیوڤیچ داڤیدوڤ ناو بوو، لە ساڵی ١٧٧٤دا لە مۆسکۆ هاتبووە دنیاو لە ساڵی ١٨٣٩دا مردووە. ئەمە لە پارتیزانە

بەنێوبانگەکانی زەمانی خۆیو سەرکردەی دەستەیەك لە سواران بوو، لە ساڵی ١٨١٢دا کۆمەڵێك سروودی بە ئاوازی فولکلۆری بۆ سەربازان گوتووە کە شاعیرانی هاوچەرخی ئەو هەموو لە بەریان بووەو جگە لەو سروودانە هەندێ لاوانەوەشی گوتووە کە سۆزو جۆش‌و خرۆشێکی زۆریان تێدا دەبینرێ.

خاتوو کارولینا کارلوڤنا پاڤلۆڤا لە ساڵی ١٨٠٧ لە یاروسلاڤ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٨٩٣دا کۆچی دوایی کردووە. بە رەچەڵەك ئاڵمانی بووەو ژنی یەکێك لە ئەدیبانی بەناوبانگی زەمانەی روسیا بووەو، بەر لە ساڵی ١٨٣٨ دەستی داوەتە شیعرو دەتوانرێ شیعرەکانی ئەو لە رووی ئەستاتیکییەوە بە مامناوەندی لە نێوان شیعری پوشکین و ڤینیڤیتینوڤدا دابنرێ، بۆیە تاوەکو (زنائید هلیپیوس) پەیدا نەبوو بوو، ئەویان بە باشترین شاعیری ژن، کە بە زمانی روسی شیعری گوتبێ. دەزانی.

## فەسڵی نۆیەم
## بیری توندڕەوانە

### ١-گوشارەکانی نیکولای یەکەم :

تزار نیکولای یەکەم پاش بزوتنەوەی دیکابریستەکان هەر بە خوێنڕشتن و کوشتن قەناعەتی نەکرد، بەڵکو ئەوپەڕی توندو تیژیو زەبرو زەنگی گرتەبەر، بۆ نموونە هەڤدە دایەرەی جیاوازی سانسۆری راسپاردبوو کە پێکەوە رێگە لە هرزی توندڕەوانەو تازە بگرن. گفتوگۆو باسکردنیان دەربارەی مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان قەدەغە کرد. زانست تەنیا لە بواری مێژووی فەرمیو رەخنەی ئەدەبی دا رێگە دەدرا کە ئەویش لەهەموو روویەکەوە لە ژێر چاودێریدا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا نووسەرانی بە توانا بە ناوی خوازراوەوەو بە بیانووی رەخنەی ئەدەبیەوە ژێراو ژێرو لە ژێر پەردەوە هەزارو یەك شتیان دەگوت. جا لەهەنبەر ئەمانەدا نووسەرانێکی بەکرێگیراو ڕیاکاروماستاوچیش هەبوون کە ئەم پرەنسیبو رەفتارانەی دەوڵەتیان رەواج دەداو بە تەواوەتی بە ڕەوایان دەزانی.لەوانە: نیکولای ئیڤانوڤیچ گریچ- Grietch (١٧٨٧-١٨٦٧) و تادی بولگارین- Thadee Boulgarine (١٧٨٩-١٨٥٩) کە لە خەڵکانی دی پتر لەم بوارەدا کاریان کردووە، بە تایبەتی بولگارین کاری بۆ ئەوە کردووە کە ڕێگە لە شۆڕەتو نێوبانگی پوشکین بگرێت . لە نێو ئەم دەستەیەدا کەسێك هەبوو کە تارادەیەك لەوانی دی هونەرمەندتر بوو ئەویش جوسیف ئیڤانوفیچ سنکوڤسکی- Senkovski (١٨٠٠-١٨٥٨) بووکە رۆژهەڵاتناسو زمانەوان بوو هەندێ جاران رۆمانانی لەمو لەو دەدزی و بەنێوی خۆیەوە بڵاوی دەکردەوە. ئەوەی کە زۆر مایەی سەرنجە ئەمەیە کە زۆربەی بەکریگیراوەکانی ئەم دەستەو گروپە روسی نەبوون و بێگانە بوون . بۆ نمونە گریچ پولاندی ولیتوانی و سنکوڤسکی-ش پولاندی بوو.

ئەگەرچی ئەم داروەدستەیە لە پوترۆسبۆرگدا بە دەستورو فەرمانی دەربار ئەم ئەرکانەیان ئەنجام دەدا،بەلآم لە مۆسکۆدا کە مەڵبەندی ئازادیخوازانی نەیاری دەوڵەت بوو،لەوانە: ئەلکساندەر بستوژیف- Bestoujef (١٧٩٥-١٨٣٧) کە لە برادەرانی ریلییف بوو بە ناوی خوازراوی مارلینسکی Marlinski هەندێ رۆمانانی بڵاو دەکردەوە کە بیروبۆچونەکانی پوشکینی تێهەڵکێش دەکردن. یەکێکی دیکە نیکولای ئەلکسییوڤیچ پالوڤی (١٧٩٦-١٨٤٦) بوو کە لەسەرەتاوە لە سیبریادا سەوداو مامەڵەی دەکردو بۆ خۆی فێری خوێنەواری بوو بوو لە تەمەنی ناڤساڵی داو لە پڕ زەوقی زانستو ئەدەبی پڕا بوو، دژایەتیەکی توندی پرەنسیپی کۆنەپەرستانەی هەندێ لە مێژوونووسانی ئەو سەردەمەی دەکرد. ئەم تاقە نووسەرە کاری گەورە ئەدەبیانی زەمانی خۆیان ئاسان دەکردو زەینو هزری جەماوەری خەڵکیان بۆ قەبوڵکردنی گوتاری ئەوان ئامادە دەکرد.

### ٢-چا ئادایف :

لە ساڵی ١٨٢٥وە لە مۆسکۆی پایتەختی کۆنی تزارەکاندا لەبەر ئەوەی گوشاری دەوڵەتی ناوەندی کەمتر بوو، بزوتنەوەیەکی هزری نوێ کە لە هزرو بیری زاناو فەیلەسوفانی هاوچەرخی ئەڵمانییەوە سەرچاوەی دەگرت، رۆژ بە رۆژ لە نێو خوێندکارانی شاردا ئاشکراتر دەبوو. کار بەدەستو مامورانی گومرکی تزاری بە هەموو چاودێریەکیانەوە نەیاندەتوانی رێگە لە هاتنە ژوورەوەی هزرێن کانتو شلینگو هیگل بگرنو بەمجۆرە دوو دەستە بە دوو رەوتو رێبازی جیاواز دروست بوو. یەکەمیان دەستەی سلاڤدۆستان بوو کە لە کۆنەوە باوەڕیان وابوو دەبێ سەرەتاوپرەنسیپ وهزرێن کۆنی نەژادی خۆ لە ئەدەبیاتدا بپارێزن. دەستەکەی تر کە (رۆژئاواناس)یان پێدەگوتن، لایەنگری بڵاوبوونەوەی باوەڕو پرەنسیپانی ئەوروپای رۆژئاوایی بە تایبەتیو زیاتر ئاڵمانیو دوای ئەو فەرەنسی بوون.

لە ساڵی ١٨٣٦دا لە گۆڤاری (کامیرا)دا (گوتارێکی فەلسەفی) بڵاوبووە کە هەراو هەنگامەیەکی فرەی نایەوە. نووسەری ئەم نامەیە یەکێك لە نەجیمزادە گۆشەنشینەکان بوو کە پیتەر یاکوڤلیڤچ چائادائییفی ناو بوو (١٧٩٣– ١٨٥٥). ئەم نەجیمزادە لاوە کە پوشکینیش دۆستی بوو ماوەیەك بوو کە لە ئەنجوومەنو کۆڕە ئەدەبییەکانی رۆژدا هزرو سیمای خەمینو تەبیعەتی پڕجۆشی خۆی دەنواند بڵاوبوونەوەی ئەم (گوتارە) بووە مایەی ئەوە کە بە شێتیان لە قەڵەم داو چەندین ساڵ پزیشکان چاودێریان کرد. ئەم پیاوە بیروباوەڕی خۆی لە گوتارو پەیامێن فەلسەفی دیکەدا کە دوای ئەوە بە زمانی فەرەنسی نووسیویەتیو ماوەیەکی زۆر بڵاو نەبووەتەوە دەربڕیوەو، دەڵێت پاشکەوتنی روسیا لە کاروانی شارستانیەتو رۆشنبیریو زانست لەبەر ئەوەیە کە شارستانیەتی خۆی لە خەڵکی بیزەنتیە، بە تایبەتی لە ئامۆژگارییە دینییەکانی خۆیەوە وەرگرتووەو بەمجۆرە لە هەر کارێکی گرینگی ئەوروپا دوور بووەو تاقە رێگەی رزگاری ئەم وڵاتە ئەوەیە کە بچێتە سەر ئاینی کاتولیکی رومیو بەلەز خۆی بگەیەنێتە ئاستی پێشکەوتنی میللەتانی دیکەی رۆژاواو بەمجۆرە دەتوانێ پێشی ئەوانیش بداتەوە.

چائادائییف لە شەڕەکانی نێوان روسیاو ناپلیوندا بەشداری کردو لە ١٨٢١ـەوە تا ١٨٢٦ لە دەرێی روسیا، بە تایبەتی لە ئاڵمانیاو فەرەنسا بووەو پەیوەندیو ئاشنایەتی دەگەڵ گەورە پیاوانی ئەو رۆژگارەدا پەیدا کردووە، لەوانە: شلینگ لە ئاڵمانیاو لامینیە لە فەرەنسا. ئەم پیاوە هەندێ جار بە زمانێکی زبرو توند بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕی. بۆ نموونە دەیگوت روسیا تا ئێستا جگە لە لقێکی مشەخۆر بەسەر درەختی ئەوروپاوە، چ شتێکی دیکە نەبووەو رزیوە، چونکە شیلەکەی لە بیزەنتەدایە، لەبەر ئەمە لە بەرهەمهێنانو داهێنانی شارستانیەتی ئەوروپادا هیچ دەورێکی نەبووەو لە بواری بەرهەمهێنانی هزرێن مەزەبی بەرزی سەدەکانی ناڤینی ئەوروپاو لە بواری ئازادیخوازی کۆمەڵگە نا مەزەبیەکانی رۆژگارێن تازەدا هیچ کارێکی نەکردووەو بەشداری نەبووەو ئیدی هیچ بەشێکی نەبردووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێمە لە جیهاندا تەنیا بووین، هیچ شتێکمان بە جیهان نەبەخشیوەو هیچ شتێکیشمان لێوەرنەگرتووە، ئێمە هیچ بیرێکمان نەخستۆتە سەر گەنجینەی هزری جیهان، ئێمە بە هیچ کلۆجێ بەشداریمان لە خەملاندنی ئاوەزی جیهانیدا نەبووەو هەر چیەك ئەم ئاوەزە بە ئێمەی داوە عەیبدارمان

کردووه... پرەنسیپێك له خوێنی ئێمەدایه که دژی مەدەنیەتو شارستانیەته..ئێمه وەکو منالانی بیژو حەرامزادە هاتووینەته دنیاوه.. ئێمه ڕێدەکەین، دەڕۆین بەلام ناگەینه مەنزڵ... ئێمه دەچینه پێش بەلام به ڕێگەی خوارو خێچو بێ ئامانج دا...".

چائادابیف، وێڕای ئەم هەموو ڕەشبینییەی سەبارەت به رابردوو، دەربارەی ئایندەی روسیا یەجگار گەشبینەو تەنانەت هەندێ پێشبینی موجیزه ئاسای کردووه که ڕووداوەکانی ئەو سالانەی دوایی جیهان به تەواوەتی سەلماندوونی. بۆ نموونه دەڵێت: "ڕۆژێ دێ روسیا چارەسەری هەموو ئەو پرسه هزریو ئەخلاقیو کۆمەلایەتیانەی که له ئەوروپادا خستوویانەته ڕوو دەدۆزێتەوه...." ئەمه هەمان ئەو باوەڕو ئیمانەیه که سلاڤدۆستەکان هەیان بووەو هەمان خەونه غرور ئامێزەکانی دۆستۆفسکیی نووسەری بەناوبانگه. بەلام چائادابیف مەرجی بنەڕەتی گەییشتن بەم پلەو پایەیه لەمەدا دەبینێ که روسیا بچێته ناو بازنەی هاوبەشی میللەتانی ڕۆژاواوه. قەبولکردنی ئاینی کاتولیكو پەیوەست بوون به کلێسای ڕۆژاواوه به تاقه ڕێگه دەزانێ. لەم مەیدانەدا ڕێگەیەکی گرتووەتەبەر که له خۆزیو ئارەزووەکانی دانتی شاعیری به نامێی ئیتالیایی دەچێت، وئەویش ئەمەیه که پاپاو ئیمپراتۆری روسیا که هەردووان ئاوەزو ئاینی خۆ یەك بخەن و دەست بدەنه دەستی یەكو جیهان بەڕێوه بەرن.

یەکەمین پەیامی (گوتار) چائادابیف که له گۆڤاری (کامیرا) بلاوبووەوه چ کەسێك وەلامی نەدایەوەو بەوەنده قەناعەتیان کرد که گۆڤارەکه ڕابگرنو بلاوکەرەوەکەی، ڤولوگدا- Vologda دوور بخەنەوه. ئەو کار به دەستی سانسۆرەی که ڕێگەی لەم گوتاره نەگرتبوو له کار دەرکراو نووسەری گوتارەکەشیان وەکو شێتێك به دکتۆرانی پسپۆڕ سپارد.رای گشتیش دەرهەق بەو توڕه بوو، بۆیه چائادابیف هەر که له نەخۆشخانەی دەروونی وەدەرکەوت، ڕۆیی بۆ پاریسو لەوێندەر کتێبێکی بەناوبانگی بەناونیشانی (بەرگری شێتێك) نووسی، بەلام هەموو بەرهەمەکانیان له دوای مردنی بلاوکردەوەو هەولیاندا سووکه دەستکارییەکی بۆچوونەکانی بکەنو له توندیو زبریان کەم بکەنەوه.

هەلبەته ئەو ڕاشکاوییه سەیرو تۆنه زبرو توندەی که بۆ گوتاری خۆی هەلبژارد بوو، لەو زەمانەدا بوو بووه مایەی توڕەییو ناڕەزایی هەمووانو تەنانەت لاوانی زانکۆکانیش لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەودا نەبوونو هەندێ جار پەرۆشییان بۆ ڕەتدانەوەی نیشان دەدا. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تۆوەی ئەو دایچاندبوو بەره بەره چەکەرەی دەکردو به شێوەیەکی دیکه دەڕوا، ئەوه بوو سلاڤدۆستەکان له ئەنجامدا هەستیان کرد که روسیا پێویستی به کۆمەکی ئەوروپاو پەیڕەوی کردنی هزرێن نوێ هەیه، و تەنانەت گەوره نووسەرانی میناکی گرتسنو بیلینسکی- ش هاتنه سەر ئەم باوەڕەو له پاش ١٨٤٠وه که له مۆسکۆدا دوو بەرەی ڕاست و چەپ له ئەدەبیاتدا پەیدا بوو، ئەدەبیاتی نەتەوەیی روسیا که ئەوروپای کرد به سەرمەشقی خۆی، گەییه لوتکەی پێشکەوتنی خۆی.

## ٣-ڕەخنەی ئەدەبی :

نیکولای ئیڤانوڤیچ نادیژدین- Nadiejdine (١٨٠٤- ١٨٥٦) لە ساڵی ١٨٣٦دا گۆڤاری (کامێرا)ی بڵاودەکردەوە، کە لە ساڵی ١٨٢٨دا هەوەڵجار لە گۆڤاری (پەیاماوەری ئەورووپا)دا هەندێ بەرهەمی بە نێوی خوازراوی نیدوئومکو- Niedooumko بڵاوکردبووەوە. ڕۆشنبیری و زانیارییەکی گشتی پڕو هەمە لایەن و زەینێکی ڕۆشن و بەهێزی هەبوو، ئەمە کردبوویە کارێك کە خۆی لە هەر زانستێك دەداو لە هەموو ئەو لقانەدا هاوتای باشترین شارەزایانی ئەو ڕۆژگارەی دەکردەوە، لە هونەرە جیاوازەکاندا لێهاتووانە گەنگەشەو باسی دەکرد، لەوانە: لە ئەخلاق و مێژوو و فەلسەفەو کۆمەڵناسیدا.

لەو زەمانەدا ئەوەندە کەیفیان بە ڕەخنەی ئەدەبی نەدەهات و تا ماوەیەکی زۆر بە زانستفرۆش و بەدنیازیان دەرهەق بە پوشکین، دەزانی. هەڵبەتە دەربارەی هەوەڵین بەرهەمەکانی شاعیری گەورە زۆر بە توندی رای خۆی دەربڕی بوو و بەرهەمەکانی بەلاسایی کردنەوەیەکی بایرون دەزانی، بەڵام یەکەمین کەسیش بوو کە ستایشی چامەی (بوریس گودونوف)ی کرد. لە فەلسەفەدا موریدو شوێنکەوتووی فەیلەسوف و زانایانی ئاڵمان، بە تایبەتی شلینگ بوو، و یەکەمین کەسە کە لە روسیادا گوتوویەتی: "هزر بناغەی هەر سنعەتێکەو سنعەت-یش شەریکایەتی نێوان هزرو کارە". هەروەها گوتویەتی کە ئەدەبیات دەربڕینی روحی میللەتەو یەکێکە لەو نێرووە بە توانایانەی کە میللەتان بە ڕێگەی نەشونماو پەرەسەندنی سروشتی خۆیدا دەبات.

یەکێکی دی لە ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی ئەم قۆناغە ستیڤان پتروڤیچ شیڤیرف- Chevirefـە (١٨٠٦- ١٨٦٤) کە مامۆستای ئەدەبیاتی روسی بووە لە زانستگەی مۆسکۆ بە هاوکاری م. پاگاودین گۆڤاری بەناوبانگی "موسکویی" دەردەکرد. ئەم پیاوە لە بەرەی نەیارانی ڕەخنەگران و باوەڕداران بە پرەنسیپانی فەلسەفەی سنعەت و هونەری زەمانی خۆی بوو و بە هۆی ئەو تێکەڵاوی و مەیل و ئارەزووە سروشتیانەوە کە هەی بوو بە یەکێك لە سلاڤدۆستە ناودارەکان دەژمێردرا. ئەو دەرس و وانانەی کە لە زانکۆ گوتونیەوە بریتی بووە لە ژمارەیەك بابەتی بنجبڕو کۆمەڵێك گریمانان کە باوەڕی پێیان بووە. لە ساڵی ١٨٣٥دا کتێبێکی لە ژێر سەرناڤی "مێژووی هۆزان لە نێو میللەتانی کۆن و نوێ" لە مۆسکۆ بڵاوکردووەتەوە کە ئەگەر فەنتازیاکاری و هزری هەڤدژی تێدا بەکار نەبردبوایە، بەرهەمێکی گەلەك بە سوودو قازانج دەبوو. هەڵبەتە لەم چەشنە بیروباوەڕانەی دەربارەی هاوعەسرانی خۆشی دەربڕیوە، بۆ نموونە گوتویەتی وا باشتر بوو کە پوشکین فلانە تیمەو ناوەڕۆکی بە شیعر نەگوتباو بە پەخشان بینووسیایە یان گوگول لە ئەنجامی تەمەشاکردنی نیگارکێشی و شێوەکاری ئیتاڵیادا گەشەو پەرەی بە زەینی خۆی داوە.

## ٤-بیلینسکی :

لە نێو ئەم بیروبۆچوون و تەنانەت سەلیقە ئەدەبیە جیاوازو ناکۆکانەی کە لەم سەروبەندەدا لە روسیادا دەبینران، لە مەیدانی بەرینی رەخنەی ئەدەبیدا تەنانەت کاری گەورەترین رەخنەگری روسیا، ڤیساڤیرون گریگوریوڤیچ بیلینسکی (١٨١١– ١٨٤٨) زەحمەت وئەستەم بوو، ئەم رەخنەگرە ناودارەش ماوەیەك سەرگەردان بوو و هێشتا رێگەی خۆی نەدۆزی بووەوە.

ئەم رەخنەگرە بالادەستە لە ١٨١١/٦/١٣ لە خێزانی پزیشکی ئوستوڵی تزاری لە شاری سوابورگ هاتووەتە دنیایە. منداڵییەکی پڕ لە دەردو رەنج و ناکامی لە شاری چمبار، لە ویلایەتی پنزا بەسەر برد، هەر لە منداڵییەوە کە هێشتا قوتابی سەرەتایی بوو، بەهرەو توانای نووسەریی لێ بە دیار کەوت و زەوقێکی تایبەتی لە ئەدەبیاتدا هەبوو.

لە پایزی ساڵی ١٩٢٩دا، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چووە زانستگەی مۆسکۆ، بەڵام دوای سێ ساڵان بەو هەنجەتەی کە شانۆنامەیەکی بە ناونیشانی(دیمیتری کالینین) نووسی بوو و هاوسۆزی دەگەڵ جووتیارانی زەرخڕیدا کردبوو، لە زانستگەی نێوبراو دەریان کرد. ئیدی ئەم نووسەرە لاوە دەستکورتە بەناو ژیان کەوت و دیارە کە دەبوایە رووبەڕووی چ ناکامی و دەستکورتی و بێنەواییەك ببێتەوە،و بەو دەرامەتە کەمەی لە گوتنەوەی دەرسێن تایبەتی و ئەو پاچڤانەی کە جارجارێ بەویان دەسپارد زۆر بە ناگوزوری ژیانی رادەبوارد.

وێڕای ئەم هەموو ناکامیانەش دەستبەرداری بیروباوەڕی توندڕەوانەی خۆی نەدەبوو، و باوەڕی وابوو کە بناغەی ریفۆرمی روسیا لەمەدایە کە کاروباران لە دەستی دەرباریان و ئەشرافان بسەنرێتەوە. لە ساڵی ١٨٣٠دا دەستەیەکی لە لاوانی بێگەردو دلێر لە دەوری خۆی خڕ کردبووەوەو ئەنجوومەنێکی دروستکرد بوو کە بایەخی بە هەموو پرسە فەلسەفی و پیشەسازی و ئەدەبیەکان دەدا، لێ بیلینسکی بە خۆی باوەڕی وابوو کە بایەخ دان بە عمومیات و دوورە پەرێزی لە رەوش و رەوت و بارودۆخی زەمانە بە تەنێ دەردان دەرمان ناکات. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٣٤دا، لە گۆڤاری (کامیرا)و لە گۆڤارێکی دیکەدا بەناوی (مالوا) دەستبەکار بوو، وهەوەڵێن زنجیرە گوتاری بەناونیشانی (خەونێن ئەدەبی) بڵاوکردەوەو بەمە رێگەیەکی تازەی لە ئەدەبیاتی روسیدا کردەوە. لەم زنجیرە وتارەدا مێژوویەکی ئەدەبیاتی رووسی لە زەمانی پوترسی مەزنەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەم تۆمار کردو ئەوجا کەوتە رەخنەگرتن لەبەرهەمێن نووسەران و هۆزانڤانانی هاوعەسری خۆی و تەنانەت پێشبینی بۆ ئەدەبیاتی ئایندەش دەکردو پێی وابوو کە ئەدەب پتر لە هەر شتێك و لە پێش هەر شتێکدا دەبێ مۆرکی نەتەوەیی و هزرێن واقیعی هەر میللەت و نەتەوەیەك نیشان بدات. لەگەڵ ئەمەشدا بیلینسکی لەم قۆناغەدا هێشتا نەگەیی بووە رادەی کەماڵ و گەشەی ئەندێشەی خۆی و هێشتا پێی وابوو کە میللەتی روسیا دەکارێت بەرە بەرە خوو بە زانیاری و شارستانیەتی تازەوە بگرێت و رێگەی بەختەوەری ببرێ، واتە هێشتا هزری شۆڕشگێڕی و جۆش وخرۆشی پێویستی لەلا پەیدا نەبوو بوو.

وەکو ئاماژەمان کردێ دەوڵەتی تزاری لە ساڵی ١٨٣٦دا گۆڤاری (کامیرا)ی راگرت و بیلینسکی لەوە بەدواوە، لە ساڵی ١٨٣٩ەوە تا ١٨٤٦ لە گۆڤاری (یاداشتەکانی نیشتمان)و گۆڤاری (سەردەم)دا شتی دەنووسی و خویایە کە کەسێکی میناکی وی دەبوایە رێگەی

کێشماکێشـێکی زۆر سـەختو دژوار لەگـەڵ سلاڤدۆسـتانی ئـەو زەمانـەدا کـە لـە مەسـەلە ناسیونالیستییەکاندا زێدەڕۆییەکی نابەجێیان دەکرد، بگرێتەبەر. ئەو گوتارە ڕەخنەییانەی کە بیلینسکی لەم ماوەیەدا بڵاوی کردنەوە شـۆڕەتێکی فرەیـان بـۆ فەراهـەم کـرد، بـە تایبـەتی لـە نێـو چینی لاواندا یەکجار بە ڕەواج بوو.

دەستو پێوەندانی دەرباری تزاری هەوڵیاندەدا ڕێگە لە شۆرەتو ناوبانگی بگرن، هەر بۆیە تا ماوەیەك نێوبردنی ئەو لە بلاڤۆکاندا یاساغ بوو وبلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیشیان قەدەغە دەکردو چ لە ژیانی خۆیداو چ تا ماوەیەکیش پاش مردنی، مۆڵەتی چاپ کردنی گەلێك لە بەرهەمەکانیان نەدا.

بیلینسکی یەکەم کەس بوو کە ئەدەبیاتی لە ڕوانگەو گۆشەنیگای مێژووییەوە موتالاو شرۆڤەکردو پەیوەندی هەر بەرهەمێکی بە بەرهەمانی پێش خۆیەوە گرێدا. پێی وابوو کە هونەر هەمیشە دەبێ ژیان نیشانبداتو ئاوێنەی زەمانی خۆی بێو دەبێ بۆ ژیان سوودمەند بێ، واتە خزمەتگوزاری کۆمەڵگە بێو یارمەتی چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژ بدات. ئەدەبیاتی، لە ریفۆرمێن کۆمەڵایەتی دا، بە چەکێکی بڕندەو کاریگەر دەزانی.

لـە گوتارێکیدا کـە لـە سـاڵی ١٨٤٧دا بـە ناونیشـانی "چاوخشـانێك بـە ئـەدەبیاتی ڕوسـی"دا نووسـیویەتی دەڵێـت: "…. هـەر قۆناغێـك دەربـارەی ژیـان، تەسـەورێك دەکـاتو ئامـانجو ئارمـانجێکی دیکـەی مەبەسـتەو، هـەموو کـرداری خـەڵکی ئـەو ڕۆژگـارە لـە سەرچـاوەیەلێکەوە هەڵدەقوڵێن کە تایبەتن بەو ڕۆژگارو زەمانە. شاعیرو نووسەر چەند بەتواناتر بێ هزرو پرەنسیپی سەردەمی خۆی باشترو زیاتر لە بەرهەمیا بەرجەستە دەکات. ئەگەر کەسێك بیەوێ هەقی خزمەت بە کۆمەڵگە لە هونـەر داماڵێ پایـەی هونـەر بـەرز ناکاتـەوە بـەڵکو دەیهێنێتـە خـوارێ، چونکە ئەم کارە هونەر لە نێروی زندووی خۆی، واتـە لـە هـزرو فیکـری ڕۆژ دادەبڕێتو دەیکات بـە ئـەوزاری سەرگەرمیو کەیفی تەمەڵو تەوەزەلانو گەمەی دەستی بێ ئاکاران".

بیلینسـکی بـاوەڕی وابـوو کـە نووسـەرو هونەرمەنـد دەبـێ بـەر لـە هـەر شـتێك خزمـەتگوزاری میللـەتی خـۆبنو لـە پێنـاوی ڕزگـاری میللـەت لـەو کـۆت و زنجیرەی بـەرۆکی گرتـووە، بخـەبتنو هونـەری خۆیـان وەقفـی ئـەم ململانـێو کێشمەکێشـە بکـەنو لـە ڕای پێشـڤەبرنی ئـەم ئامانجـەدا بـەکاری ببـەن. دەڵێـت: "ئێمـە دەبـێ لـە وڵاتو ژینگـەی دەوروبـەری خۆمانـدا بـۆ دۆزو پرسـە کۆمەڵایەتیـەکانو چارەسـەریان بگـەڕێین… تـەرەقیو پێشـکەوتن هەمیشـە لایـەنی نەتـەوەیی هەیە… و دەنا تەرەقیو پێشکەوتن نیە".

لەو سەروبەندەدا، لە ڕوسیادا گروپێك باوەڕیان بە ڕەوش و ڕێبازی (هونـەر لـە ڕای هونـەر)دا هـەبوو، هەڵبەتـە بیلینسـکی نـەیاری سـەر سـەختی ئـەم بـاوەڕو بۆچـوونە بـوو، هـەروەها لەگـەڵ ڕێبـازانی دیکەشـدا کـە وەکـو بـەنگ خوێنـەریان لـە پرسـە گرینگـە کۆمەڵایەتیـەکانی ڕۆژ دوور دەخستەوەو بێ ئاگا دەکرد، لـە شـەڕدا بـوو، و لایـەنگری پرەنسیپو ڕێبـازی حەقیقەتدۆزی بـوو خوازیـاری ئـەدەبێك بـوو کـە شـیاوی تێگەیشـتنی هـەموو خـەڵکی بـێ. هەڵبەتـە ئـەم مەبەسـتو باوەڕەی لە وتارێکیدا بە ناونیشانی: (نۆڕینێکی گشتی دەربارەی هۆزانی نەتـەوەییو بایـەخی)

لـە سـاڵی ١٨٤٠دا دەڵێـت: "بەرهـەمێکی نـاوەنجی کـە فیکرێکـی هونـەری بجـوڵێنیٚ و کۆمەڵـە مەسـەلەیەکی تـازە بێنێتـە ئـاراوە یـان چارەسـەر بکـات، لـە جـوانترین بەرهـەم کـە تـەنیا جـوانیو لەزەتی هونەری لە خۆ گرتبیٚ، زۆر باڵاترە". لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "گەورەترین ستایشێك کـە بشـێت شـاعیرو نووسـەرێکی رۆژگـاری ئێمـە شایسـتەی بـیٚ و بـاڵاترین نازنـاوو لـە قـەبێك کـە بتوانیٚ بە دەستی بێنیٚ و لە نێو هاوچەرخانی خۆیدا شانازی پێوە بکات، زاراوەی جادوو ئامێزو ئەفسـوناوی "شـاعیر یـان نووسـەری میللـەت"ـە، زاراوەی "چامەیەك بـۆ جـەماوەری گـەل" یـا" بەرهـەمێك کـە بچـێتە دڵـی گەلـەوە" ئێسـتا زیـاتر لـە جیـاتی "سـیفەتی بـەرزو گـەورەو نـەمر بەکاردیٚ"[٢].

بیلینسـکی هەرچییەکی دەربـارەی گـەورە نووسـەرانی روسـی نووسـیوە بـۆ دیـاریکردنی ئـەم خاڵەیە کە ئەو نووسەرە تا چ رادەیەك لە سەردەمی خۆیـدا ژیـانی خـەڵکی وڵاتو رۆژگـاری خـۆی ئاشکرا کردووە. بە بـاوەڕی ئـەو هونـەری واقیعـی دەبێـت پێشـکەوتوخوازوخوازیاری پەرەسـەندن بیٚ و شەقڵ و مۆرکی نەتەوەیی پێوە بیٚ.

لە یەکێك لە کۆڕەکانیا گوتوویەتی: "لە زەمانی ئێمەدا هونەر بریتییە لە چی؟ هەڵسـەنگاندنو لێکۆڵینـەوەو شیکردنەوەو راڤـەو شـرۆڤەی کۆمەڵگـەو لـە ئـەنجاما رەخنـەلێگرتنی. نەوو هـزرێنو هونەر جمکانەنو ئەگەر بەرهـەمێکی هونـەری تـەنیا بـۆ وێنـە گـرتنی ژیـان بـیٚ و بیروبـاوەڕی بـاوی رۆژ نەبووبیٚ بە داینەمۆی دروست بوونی، ئەم جۆرە بەرهەمـە بـیٚ روحو گیـان دەبێـت. ئەگـەر ئـەم بەرهەمـە رەنگدانـەوەی ناڵـەی هـاودەردی نووسـەر یـان جـۆش و خـرۆشو شـادی و شـادمانی دیتنـەکانی نووسـەری لـە خـۆ نـەگرتبیٚ و ئەگـەر بابـەتێك نـەوروژێنیٚ و یـا وەڵامـی پرسـیارێك نەداتەوە، ئەو بەرهەمە هونەر نیە، بەڵکو لاشەیەکی بیٚ گیانە".

ئـەم رەخنـەگرە گەورەیـە، پیـاوی هـزرو بیرو شـیکردنەوەش بـوو. لـە نامەیەکیـدا بـۆ یـەکێك لـە دۆستەکانی دەڵێت: "من بۆ شەڕە قەڵەمان هاتوومە دنیایە، بۆ ئەمە هاتوومە دنیا کە هـەر شتێك بـە نێـوی راسـتەقینەی خۆیـەوە نـاو بـەرم. مـن پیـاوی مشـتو مـڕی ئـەم دنیـام... هونـەر ئەگـەر راسـتەقینەو بـەهێز بـیٚ هـەرگیز بـە رەخنـە زەرەری پـیٚ ناگـات".
بیلینسکی باوەڕی وابوو ئەرکی ئەدەبیات لەلایەکەوە ئەمەیە کە ئەو هزرە بەخشندانانەی کە لـە رۆژاواوە هـاتووە بڵاوبکاتـەوەو لەلایـەکی دیکـەوە ئـەو عەیبانـەی کـە مایـەی ریسـوایی روسـیەن، ئاشکرا بکاتو لـەقاو بدات. لـە بواری ئەدەبیاتی رۆژاوادا باوەڕی زۆری بە بەرهەمـەکانی جۆرج ساند هەبوو. هەر چەندە دژی رێبازی (هونـەر لـە رای هونـەر) بـوو. پوشـکینی زۆر خۆشدەویسـت چونکە پشتی کردبووە ئایدیالیزمی رۆمانتیکەکانو رووی کردبووە ریالیزم.

شـانۆنامەی (جـەنابی موفـەتیش)و (گیانـە مردووەکـان)ی گوگـولی بـە تونـدترین رەخنەیـەك دەزانـی کـە لـە رەوش و بـارودۆخی روسـیا گیرا بـیٚ، و کـاتیٚ گوگـول لـە ئـاخرو ئـۆخری ژیـانی دا هەندیٚ تێك چوو و لایـەنێکی ئـاینی و عیرفـانی تایبـەتی گرتەبـەر، بیلینسـکی تونـدترین رەخنـەی لێگرتـو گوتـارو زمـانێکی نـەفرەت ئـەنگێزی لـەم بارەیـەوە گرتـە بـەر. گـاڤیٚ کـە تورگینـفو

دۆستۆفسكی هەوەڵین بەرهەمی خۆیان بڵاوكردەوە، بیلینسكی بەخۆشییەوە پێشوازی لێكردن و ئەمەی بە سەرەتای قۆناغێكی گرینگی ئەدەبیاتی ریالیستی زانی.

هەر چەندە ستایشی نووسەرانی لاوی هاوعەسری خۆی دەكردو گونچاروف-شی لە ریزی ئەوان دادەنا، بایەخی گەورە نووسەرانی پێش خۆیشی بە خەڵكی دەگوت. هەموو ئەوەی كە نووسەرانی روسیا،سەدەیەك لەوەپێش نووسیبویان، خوێندبووەوەو پایەی هەر یەكێك لە نووسەرانی ئەو قۆناغەی دیاری كردو هێنایە ئاراوە. ئەركی هونەرمەندانی رون كردەوە، ئەو پەرێشانیو شپرزەییەی كە لەوەپێش لە جیهانی ئەدەبیاتدا بڵاوبوو لابردو وەهم و خورافاتو بیروباوەری پوچ و بێهودەی رەواندەوەو پیاوانی كۆنەپەرستی ئەدەبیاتی، كە بە نرخ و بایەخی ئەندێشەو هزرێن نویٚ قایل نەبوون، لە شوێنی خۆیاندا دانا.

بیلینسكی، یەكێك بوو لە ریزی پێشەوەی ئەو كەسانەی كە پەی بە قەدرو پایەی میخائیل لامانوسوف، كە لە نێو جەماوەری خەڵكەوە سەری هەڵدا بوو، بردو نازی دایەو ئەوەی نیشاندا كە لە سەرچاوەی جاویدانی هزری گەلەوە چ گەوهەرێكی گران بەها هەڵدەقوڵیٚو چۆن لەگینەو دەشێت لە نێو جەماوەری خەڵكەوە هزرڤانانو خزمەتگوزارانی مەزنی كۆمەڵگە سەر هەڵدەنو هەڵبكەون. یەكێك لە كارە گرینگەكانی بیلینسكی زنجیرە وتارێك بوو كە دەربارەی پوشكینی نووسی.

بیلینسكی یەكجار پڕ كار بوو، بە دەستی خۆی نوسخەی لەبەر بەرهەمی شاعیرانی سەدەی هەژدەو نۆزدە دەنووسییەوەو بە وردی لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی لەسەر دەكردن. شەوان زیاتر لەبەر تریفەی مانگدا لە بەرهەمەكانیان ورد دەبووەوەو هەندیٚ جاریش لە دەرێی شاراو لە مەزراكاندا درێژەی بە موتاڵاو وردبوونەوەكانی خۆی دەدا. هەندیٚ جاریش هەندیٚ غەزەلیاتی بە شێوازی ژوكۆفسكی دادەنا.

هەر لە منداڵی دا كەڵكەڵەی ئەدەبیاتو شیكردنەوەی ئەدەبی لەسەردا بووە. یەكێك لە مودەریسەكانی كە لە (پنزا)دا دەرسی پێگوتووەتەوە گێڕاویەتیەوە، لە ساڵی ١٨٢٥دا بیلینسكی قوتابی ئەو بووەو هەر كاتیٚ كە لەگەڵ قوتابیەكاندا لە شار چووەتە دەریٚ، لە سەرانسەری ئەم گەشتەدا بیلینسكی لێی جیانەدەبووەوەو دەربارەی گەورە نووسەرانی میناكی گوتەو والترسكوتو بایرونو پوشكینو تەنانەت رێبازانی ئەدەبی رۆمانتیزمو ریالیزم شتی لیٚ پرسیووە. لە قۆناغەكانی دیكەی ژیانیش دا ئەم گیانی پڕ كاریو جدیەتەی هەر ماوەو بە هەموو دژواریو ناڕەحەتیەكانی ژیانەوە، دەستبەرداری خوێندنەوەو تۆژینەوە نەبووە.

لەو سەروبەندەدا كە لە زانستگەی مۆسكۆ بووە، هەر كاتیٚ لە ئەنجومەنی ئەدەبیی خوێندكاران دا كە باسی رێبازە ئەدەبییەكان دەهاتە پێشیٚ، بیلینسكی جۆش وخرۆشێكی تایبەتی لەمەڕ لایەنگری لە رێبازی رۆمانتیزم نیشان دەدا.

لەو رۆژەوە كە لە زانستگە دەركرا، تا ماوەیەكی زۆر لە رای ژیانو گوزەراندا دووچاری دژواریو ناڕەحەتی جۆراوجۆر بووە. بەخۆی لە گوتارێكیدا دەنووسێت: یەكێك لە ناڕەحەتیەكانی رۆژگار ئەمە بووە كە هەندیٚ پاچڤەی لە زمانی فەرەنساییەوە دەكردو دەیدا بە

ڕۆژنامەکان و کرێی وەردەگرت. ڕۆژێ نوسخەیەکی لە ڕۆمانی (ژنی شیر فرۆش..)ی (پول دی کوك)ی نووسەری فەرەنساوی بە دەست کەوت و دەستی بە پاچڤەی کردو چەند شەوێك بەمەوە مژول بوو، کارەکەی لە تەواو بووندا بوو کە لە پڕ ڕۆژنامەیەك دەستی بە بڵاوکردنەوەی هەمان کتێب کرد کە لەلایەن یەکێکی ترەوە پاچڤە کرابوو. کەچی بیلینسکی لە کارەکەی خۆی سارد نەبووەوەو نەتۆرا.

بیلینسکی لە سەرەتاوە لە پەیڕەوانی زاناو فەیلەسوفانی ئاڵمانی بوو، زیاتر پابەندو خوازیاری فەلسەفەی (کۆنفورمیزم- Conformisme) بوو، بەڵام زۆری نەبرد کە دیتنی وەزع و حاڵی روسیاو زوڵم و زۆری دەرباری نیکولای یەکەم، شۆڕشێکی لە ناخیا چێکردو بوو بە سەر قافڵەی کاروانی ئازایخوازانی ڕۆژ، و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو هێزی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە فەلسەفە موتوربە بکات و لەبەر ئەمە دەکرێ بیلینسکی بە شۆڕشگێڕێکی ئایدیالیست بزانرێ.

لە زنجیرە گوتارێکی ڕەخنەگرانەیدا بە ناونیشانی (خەونە ئەدەبیەکان) زۆربەی بەرهەمەکانی دیرژاڤین و کارامزین و ژوکۆفسکی خستووەتە بەر وردەبینی راڤەو شرۆڤەوە. ئەم نووسەرە مەزنە لەو سەروبەندەدا تەمەنی بیست و سێ ساڵان بوو، و هەر ئەم خاڵەی کە ئەم هەموو وردەکاری و کنەکاریە وەستایانەیە، لەلایەن گەنجێکی بیست و سێ ساڵەوە ئەنجام دەدرا، مایەی سەرسامی هەمووان بوو. ئەو ئازایەتی و بوێرییەی کە ئەم لاوە لە بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕی بێ بنج و بناوانی خورافاتپەروەرانی کۆن و پەردە لادان لە رووی کەموکوڕی هزری شاعیرانی کورتبین و ریسواکردنی شۆرەتی ناڕەوادا بەکاری دەبرد،هەراوهەنگامەیەکی زۆری نایەوەو هەموو کۆنەپەرستان لێی راپەڕین. ئەم هێرشانە مکوڕتریان دەکردو بێ پەراوتروو ئازایانەتر دەیان هێنایە مەیدان و بەم بۆنەیەوە زنجیرە وتارێکی دیکەی بە ناونیشانی: "چیرۆکەکانی گوگول"و "شیعرەکانی کالتسف"و "ڕەخنە لەمەڕ هاملێتی شەکسپیر" نووسیوە کە ترۆپکی توانای ئەو لە مەیدانی ڕەخنەوانیدا نیشان دەدات و هەر یەکێك لەم گوتارانە شۆڕشێکی لە جیهانی ئەدەبیاتی ئەو زەمانەدا نایەوە. سەرەنجام وێڕای ئەو هەموو دڕدۆنگی و بەربەرەکانیەی کە بەرانبەری کرا، ناچار بوون بیلینسکی بە باشترین و مەزنترین ڕەخنەوانی ئەدەبی بزانن، بە رادەیەك کە ئا. گریگوریوف (١٨٢٢- ١٨٦٤) کە بە خۆی لە ڕەخنەگرە ناسراوەکانی ئەو زەمانە بوو، لە گۆڤاری (ئاپولون- Apollon)دا دەبارەی دەنووسێت: "ناوی بیلینسکی وەکو ئەو گەڵاو گوڵانەی کە دەخرێنە تاجە گوڵینەی ئەدەبەوە، بە جۆرێ لە چڵ و گوڵەکانی ئاڵاوە کە مەحاڵە کەسێك ناوی سێ گەورە پیاوو شاعیری روسیا، واتە پوشکین و گوگول و لیرمانتوف بێنێ و ناچار نەبێ ناوی بیلینسکی بێنێ".

شاکارە ڕەخنەییەکانی بیلینسکی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەیە کە دەربارەی پوشکین و گوگول کردوونی. دەربارەی پوشکین دەڵێت: "قۆناغی پوشکین ئیمتیازێکی تایبەتی هەیەو ئەویش ئەو بزووتنەوە سەختەیە کە ئەم قۆناغە بەرەو ژیانی کردووە. سەرانسەری ژیانی هزری ئەوروپا لەم ساڵانەدا لە نوێ دروست بووەوەو ژیانی نوێی لەخۆگرت". بیلیسنکی باوەڕی وایە کە قسەکانی پوشکین تێکڕای ئەدەبیاتی روسی لەخۆ گرتووە، واتە ئەدەبیاتی راستەقینەی روسیا لە بەرهەمی

پوشکین دا بەرجەستە بووەو بەر لەوەی پوشکین پەیدا ببێ لە ئەدەبیاتی روسی دا هەستو سۆزو کەشفی نهێنییەکانی میللەتی روس نەدەبینرا، بەڵکو شاعیرانی بەر لەو نەك هەر ستایشکارو داکۆکیکاری چینی حوکمڕانان بوون، بەڵکو پەیڕەوی فیکری ئەوانیشیان دەکرد. تا ئەو پەیدا نەبوو بوو هێشتا توانای ئەفراندنو داهێنانی روسی ئاشکرا نەبوو بوو وهیچ شاعیرێك لە ئەدەبیاتی نەتەوەیی روسیادا بەم ئەندازەیە کاریگەروخودان سەلیقەو بەهرە نەبووە. پوشکین قۆناغی کاریگەری ئەدەبیاتی فەرەنسای بەجێ هێشتو سەرچاوەێن بێ کۆتایی شیعری روسی دەوڵەمەند کردو بە کۆڵەکەکانی ژیانی نەتەوەییەوەی گرێداو ئەندێشەو رەنگی جۆراوجۆری لێ دەرهێناو دروستکرد. هەر ئەوە کە شیعری کرد بە هاوتای ژیانو لایەنە جیاوازەکانی ژیانی میللەتی لە قاڵبی شیعردا هۆنیەوەو سەرەنجام بیری بەرزی بە زمانی روسی بەخشیو تینو تاوی وەبەرخستو لە نوێ دروستی کردەوە". لەو یازدە گوتارەدا کە دەربارەی پوشکینی نووسیوە. هەموو بەرهەمەکانی خستووەتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەو لەگەڵ رابردووی روسیاو زەمانی خۆیدا هەڵیسەنگاندووەو جار جارێکیش هەندێ پێشبینیانی کردووە کە دروست دەرچوون.

بیلینسکی، لە پاش پوشکین، زیاتر بایەخی بە گوگول، نووسەری گەورەی هاوعەسرو هاوتەمەنی خۆی داوەو لە ساڵی ١٨٣٥دا زنجیرە وتارێکی دەربارەی ئەو نووسیوە. لەم سەروبەندەدا گوگول لە هەرەتی پێشکەوتنو تەرەقی ئەدەبیی خۆیدا بووەو خەریکی شاکارە جاویدانەکەی خۆی "گیانە مردووەکان" بووە. بۆچوونی بیلینسکی دەربارەی گوگول موعجیزەئاسایە. دەیگوت: "ئەگەرچی قەدرو قەدەری گوگول هێشتا شاراوەیە بەڵام خویایە کە لە دوای پوشکین دەبێ بە دامەزرێنەری قۆناغێکی نوێ لە ئەدەبیاتی روسیادا، پایەی لە هەموو نووسەرانی هاوعەسری خۆی باڵاترە".

لە شوێنێکی دیکەدا گوتوویەتی: "قسەکانی دەربڕی حەقیقەتو شیعرەکانی ژیانی راستەقینەن... قسەی ئەو سادەیی داهێنانو جوانی ئەفراندنیان هەیە.. گاڵتەو شۆخیەکە کە لە ناخی خۆیدا غەمێکی شاردۆتەوە".

گومانی تیا نیە کە بیلینسکی بەر لە هەر شتو لە هەموو کەسێك بووە مایەی شۆرەتو نێوبانگی گوگولو ئەگەر بیلینسکی نەبوایە گوگول نەدەگەییە ئەو شکۆو گەورەییە. هەر لەبەر ئەمەشە کاتێ کە گوگول لە کۆتایی ژیاندا گرفتاری ئەو تەنەزولە سیکولوجیە سەیرو وەرچەرخانە ماڵوێرانکەرە بوو، بیلینسکی نامەیەکی یەکجار توندی بۆ نووسیو دەرهەق بە بەرگی دووەمی "گیانە مردووەکان" کە لەوێدا بێ توانایی سایکۆلۆجیو روحی خۆی بە ئامێرو ئەوزاری رزگاری لە دەردو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان زانی بوو، توندترین شەلاقی بەو داماوە پەرێشانەدا کێشا کە شێتایەتی خۆی بەوجۆرە ئاشکرا دەکرد.

بیلینسکی، لە دوای گوگول، زیاتر بایەخی بە بەرهەمەکانی لیرمانتوف داوەو یەکەمین بەرهەمی لیرمانتوف سەرنجی راکێشاوەو ئەوی بە جێگری راستەقینەی پوشکین لە قەڵەمدا. پاشان لە ساڵی ١٨٣٨دا کە کەوتە راڤەی شاکارەکانی لیرمانتوف جارێکی دی ستایشی بەهرەو

سەلیقەو نێروی ئەفراندنی ئەوی کردو لە ساڵی ١٨٣٩دا کە لە مۆسکۆوە بۆ پۆتروسبۆرگ ڕۆیی، دیسانەوە لێکۆڵینەوەی لەمەڕ بەرهەمەکانی لیرمانتوف کرد.

لەو ماوەیەدا کە بیلینسکی لە پوتروسبۆرگ بوو، هزرو قەریحەو بەهرەی ئەو پتر هەڵکشاو ڕوو لە خەملین چوو، و زیاتر لەسەر بیروباوەڕی شۆڕشگێرانەی خۆی مکوڕ بوو هێرشی توندی کردە سەر گەلێك لە بیروباوەڕێن خەڵکی ئەو زەمانە. لەم سەردەمەدا دیسان کەوتە لێکۆڵینەوەو وردەوەکردنی بەرهەمەکانی لیرمانتوف و باوەڕی وابوو کە لیرمانتوف شاعێرێکە کە لە زەمانەو ژیانی خۆی ناڕازییەو هەموو خۆزیو ئاوات و هزرێکی خۆی ئاراستەی ئایندە کردووەو دڵی بە ئایندە خۆشەو میناکی بایرون دەبێ بە پەیامبەری ئایندە. لە یەکێك لە قسەکانیا دەربارەی لیرمانتوف ئەمەی گوتووە: "شیعری لیرمانتۆف لە نێو ڕووداوەکانی مێژووی پێشڤەچوونی ڕوسیادا ئەڵقەیەکی تازەیە کە خراوەتە سەر ئەم زنجیرە. پوشکین تەرجومانی هەست و ڕۆح و دڵ بوو، و لیرمانتۆف شرۆڤەکاری حەقیقەتە".

لە پاڵ ئەم باسانەدا کە دەربارەی گەورە شاعیرانی دەکرد هەندێ جاریش باسی گەورە نووسەرانی زەمانی خۆیشی دەکرد، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی لەمەڕ بەرهەمەکانی تورگینیڤ-ش کردووەو لەم باسانەیدا دەیگوت کە ئەدەبیاتی ڕوسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دەبێت بە مەزنترین ئەدەبیاتی جیهان.

بیلینسکی ئاگاداری تەواوی لە ئەدەبیاتی ئەورووپادا هەبووە، بۆیە لە وتارەکانیا بەراوردی فرە لە نێوان نووسەرانی ڕوسی و وڵاتانی دیکەدا هەیەو ئەوەی نیشانداوە تا چ ڕادەیەك شارەزایی وردی دەربارەی بەرهەمەکانی دانتی و سێرڤانتس و ڤۆلتیر و واڵتەر سکوت و بایرون و برانژیەو دیکنزو جۆرج ساند هەبووە. بۆیە ئەو گوتارانەی بیلینسکی کە لەو سەروبەندەدا بڵاودەبوونەوە بەشێك بوون لەو ڕووداوانەی کە هەموو خەڵکی بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیان کردووەو ڕۆژی بیست و پێنجی مانگ کە ئەو گوتارانە بڵاودەبوونەوە ژمارەیەکی فرە لە لاوانی مۆسکۆو پۆتروسبۆرگ لە کوڕە زانستی و ئەدەبیەکاندا بابەت و ناوەڕۆکەکانیان دەگوتەوەو دەخستە بەر باس و گەنگەشەو هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەو وتارانە پتر لە هەر شتێکی دی سەرنجی خەڵکیان بەلای ئەدەبیاتدا ڕاکێشاوەو خەڵکی ڕوسیایان بۆ خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیران و نووسەران هانداوەو بوونەتە مایەی تەرەقی و پێشکەوتنی سەیری ئەدەبیاتی ڕوسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا.

وا دیارە بیلینسکی لە هەموو کەس پتر باوەڕی بە کاریگەریی قسەی خۆی هەبووەو لە ئەنجامی بنجبڕو بڕندەی قسەکانی خۆی دڵنیا بووە، بۆیە لە ساڵی ١٨٤٠دا ئەم ڕستە موجیزە ئاسایەی نووسیووە: "ئێمە بەغیلی بە نەوەکانی خۆ، کە ڕوسیای ساڵی ١٩٤٠ دەبینن دەبەین، لەو سەردەمەدا ڕوسیا دەبێ بەسەر قافڵەی جیهانی شارستانیەت و دەبێ بە یاسادانەری زانست و ئەدەب و لەلای خەڵکی ڕۆشنبیر قەدرو حورمەتی دەبێت".

بیلینسکی لە سەرەتادا لاوازو وردیلەو، بە منداڵی نەخۆشی سیلی هەبووە، بۆیە لە هەرەتی شۆڕەت و توانای فیکری و خەملینی هونەری خۆیدا لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا، لە ساڵی

١٨٤٨دا كۆچی دوایی كرد. لە دوای مردنی بیلینسكی ڕێكخراوێكی نهێنیان كەشف كرد، هەر چەندە كە ئەو ئەندامی ڕێكخراوی ناڤبری نەبووە، بەڵام چونكە لە نێو ئەوراقی هەندێ لە ئەندامانی ئەو ڕێكخراوە هەندێ نووسخەیان لە نامە بە ناوبانگەكەی ئەو بۆ گوگول دۆزییەوە، ئیدی ماموران وكاربەدەستانی تزاری بۆ ماوەی دە ساڵان، بڵاوڤۆكانی روسیایان لە ناو هێنانی بیلینسكی قەدەغەكردو ئەوانەی كە دەیانویست ناوی بێنن، بە ئاماژەوە دەیانگوت "ڕەخنەگرەكەی لەمەڕ ساڵی ١٨٤٠" چونكە ساڵی ١٨٤٠ لوتكەی تەرەقی و پێشكەوتنی هونەری بیلینسكی بوو. تەنانەت لەو كاتانەدا كە ئەو ڕێكخراوە نهێنییەیان كەشف كردبوو، سەرتیپ سەرۆكی ژاندارمری دەرباری تزار گوتبووی: "حەیفێ كە بیلینسكی مرد دەنا ئەوەندەم لە زانداندا دەهێشتەوە تا دادەڕزی".

## ٥-چرنیشفسكی :

نیكولای گاڤریلوڤیچ چرنیشفسكی (١٨٢٨- ١٨٨٩) لە دوای بیلینسكی مەزنترین ڕەخنەگری روسییە، جگە لەمەی ڕۆمان نووس بووە لە فەلسەفەو ئابوریشدا دەستی هەبووە، لە سۆنگەی هزرو بیرە شۆڕشگێڕیەكانیەوە نازناوی (ڕۆبسپیری روسی)یان دابوویە. ئەو پیاوە كوڕی كەشیشێك بوو ولە سەرەتاوە فێرگەی ئاینی (ساراتوف)ی بڕیو پاش ئەوە لە كۆلیجی مێژوو و زمانەوانی زانستگەی پوتروسبۆرگدا خوێندنی خۆی تەواو كرد. یەكەمین كاری ئەمە بوو كە لە ساڵی ١٨٥١ـەوە تا١٨٥٣ بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی ئامادەیی ساراتوف و پاش ئەوە بۆ پوتروسبۆرگ نەقڵ بوو لە ساڵی دووەمی فێرگەی سوپایی دا سەرگەرمی دەرس گوتنەوە بوو.

لەم سەروبەندەدا، چرنیشفسكی هەوەڵجار لە گۆڤاری "یاداشتێن وەلات"و پاشان لە گۆڤاری "سەردەم"دا زنجیرەیەك وتاری ئابووری و مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبی بڵاوكردەوەو دوای ماوەیەكی كەم لە ساڵی ١٨٥٤دا بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری سەردەمی لە ئەستۆ گرت، لەو سەروبەندەدا پیاوانی نوێخوازو پێشڕەوانی هزری روسی لەم گۆڤارەدا بەشدارییان دەكردو وێڕای ئەوەی كە دەوڵەتی تزاری زۆر بە توندی نێوەڕۆك و بابەتەكانی گۆڤاری ناڤبری چاودێری و سانسۆر دەكرد، وتاری توندی تێدا بڵاو دەبووەوەو هەندێ لە نووسەرانی گۆڤارەكە بانگەوازیان بۆ ڕێبازی سوسیالیزم دەكردو داوای ئازادی گوندییانی زەڕخڕی-یان دەكرد.

لە ساڵی ١٨٤٨دا شۆڕشی فەرەنسا رووی داو تۆزێك دواتر گوندییانی روسیا پێش ریفۆرمەكانی ساڵی ١٨٦٠ ڕاپەڕینێكیان كردو ئەم ڕووداوانە بە جۆرێ كاریان لە ڕۆحی چرنیشفسكی كرد كە لە یادداشتە نهێنییەكانی خۆیدا كە بەر دەستی مامورو كاربە دەستانی سانسۆر نەكەوتووە، نووسیویەتی: "گرفت لە شێوەی سیاسیی رواڵەتی حكومەتدا نیە، بەڵكو لە وەزع و حاڵی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكاندایە تا چینێك زوڵم لە چینێكی دی نەكات".

لە ساڵی ١٨٦٠دا یەكسەری هەموو بیروباوەڕی خۆی ئاشكرا كردو پشتیوانی بێ چەندو چوونی خۆی لە سوسیالیزم دەربڕی. ریفۆرمەكانی ئەم ساڵە گۆڕانێكی ئەوتۆی لە حاڵی

گوندییاندا چێنەکردو چرنیشفسکی لە ساڵی دواتردا بەیاننامەیەکی بەبێ ناو بلاوکردەوەو ئەوەی نیشاندا کە چۆن لەم کارەدا جووتیارانیان خاپاندووە. شۆفارێك شایەتی دابوو کە چرنیشفسکی نووسەری ئەو بەیاننامەیە بووە، بۆیە رایانکێشایە دادگاو جا چونکە هیچ بەڵگەنامەیەك لە دەست دا نەبوو، کۆمەڵێك بەڵگەنامەی ساختەیان دروست کردو چەند شایەتێکی درۆینەیان داتاشیو لە ساڵی ١٨٦٤دا حوکمی حەوت ساڵ دوورخستنەوەو کاری دژواریان لە سەیبریادا بۆ بڕییەوە.

چرنیشفسکی، پاش ئەوەی قۆناغی دوور خستنەوەو مەحکومیەتەکەی تەواو کرد، ئەوجاش تا ساڵی ١٨٨٣ رێگەی گەڕانەوەیان نەداو دوای گەڕانەوە لە سیبریا تا ماوەیەك لە حاجی تەرخانو پاشان لە ساراتوف مایەوە، ولەوێش درێژەی بە پاشماوەی کارە هزرییەکانی خۆی داو لە ساڵی ١٨٨٩دا مەرگ رفاندنی.

شاکارەکانی چرنیشفسکی بریتیین لە: "بنەماکانی بەشەر ناسی لە فەلسەفەدا"، "دەربارەی سەردەمی گوگول"، "لسینگ"، "ململانێی حزبە فەرەنسیەکان لە زەمانی لویسی هەژدەیەم و شارلی دەیەم"دا، "دەربارەی هۆکارەکانی نەمانی ئیمپراتۆریەتی روم"و "پاشایەتی ژویە" کە مەبەستی حکومەتی لویس فیلیپە لە فەرەنسا.

یەکەمین بەرهەمی رەخنەیی بەرچاوی چرنیشفسکی کتێبێکە بە ناونیشانی "پەیوەندییە ئەستاتێکییەکانی هونەرو حەقیقەت"وچرنیشڤسکی لەم کتێبەدا لە هەوەڵەوە بنەماکانی هونەری باسکردووەو پاشان لەو بیروباوەڕ کۆنانە کۆڵیوەتەوە کە لەو زەمانەدا باو بووە،وهەر بە باسو لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا وازی نەهێناوە بەڵکو بنەماکانی مەتریالیزمی لەم باسانەدا بە کار بردووەو دەڵێت: "رەگو ریشەی تێگەیشتن ودەرکی ئەستاتیکا لە واقیعی ژیاندایە" دەربارەی ئەستاتیکاش پەنای وەبەر هەمان پرەنسیپ و رێباز بردووەو دەڵێت: "ئەوەی جوانە ژیانە".

لەواری رەخنەی ئەدەبیدا، هەمان رێبازی ریالیزمی بیلینسکی گرتە بەرو درێژەی پێ داو بەرەو کەماڵی برد.چونکە سانسۆری تزاری رێگەی بلاوبوونەوەی بەرهەمە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوی نەدەدا، نامیلکەی بچووکی لە جنێف ولە ڤیڤی، لە سویسرا بڵاودەکردەوەو لەم نامیلکانەدا خوازیاری نەمانی موڵکایەتی شەخسیو لە نێوبردنی ئیمتیازاتی ئەرستۆکراتیو هەڵوەشاندنەوەی دەزگا سوپاییەکان بوو. دەربارەی رژێمی پاشایەتی باوەڕی وابوو کە دەتوانرێ بە شێوەیەکی کاتی بهێڵرێتەوە، بەڵام دەبێ کاروباران بە رێکخراوو دەزگایێن دیموکراسی بسپێردرێن. هەمان ئەم نامیلکانە بوونە مایەی دوورخستنەوەی بۆ سیبریا.

لە تاراوگەدا رۆمانێکی بە ناونیشانی "دەبێ چ بکرێ؟" نووسی.ئەم کتێبە بۆ ماوەیەکی زۆر سەرمەشقی لاوانی شۆڕشگێڕ بووە. ئەم کتێبە لەلایەنە ئەدەبیەکەیەوە زۆر بە هێز نیە، بەڵام ئەو بیروباوەڕانەی کە لەوێدا دەری بڕیوە ئەگەر لایەنی پراتیکیشی نەبێت ئەوا بەلای کەمەوە زۆر توندو بوێرانەیە. لەم کتێبەدا بیروباوەڕی سوسیالیستیو یەکسانخوازی نووسەرانی فەرەنسیو ئەڵمانیو ئینگلیزی راڤەو شرۆڤە کردووەو جۆرە ریالیزمێکی پەنهانو پایەداری تێدایە کە لەوە بە دواوە لە نێو زانایانی روسیدا زۆر دەبینرێ، بۆیە ئەگەر چرنیشفسکی بە دامەزرێنەری

حاڵەتی روحی هزرڤانانی روسیای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم نەزانین، ئەوا دەتوانین بە یەکێك لە بلاوکەرەوانی ئەم بیروباوەڕی بژمێرین.

ئەم نووسەرە بوێرە، پاش ئەوەی بیست دانە ساڵ لە سیبریا مایەوەو هەوت ساڵی خشتی بە کارێن دژوارو سەخت لە کانەکاندا بەسەربردو باقیەکەی بە گۆشەگیریو تەنیایی لە یەکێك لە دوورترین ئاواییانی نزیکی جەمسەری باکور رابوارد، کە لە ساڵی ۱۸۸۳دا ئازاد بوو ئیدی هیچ شنگو هێزێکی تیا نەما بوو. دوا هەناسەکانی ژیانی لە پاچڤەی "مێژووی جیهان"ی "وبر"ی نووسەری ئاڵمانیدا بەسەر برد.

رۆمانێکی دیکەی نووسیوە بە ناونیشانی "پێشەکی" بریتییە لە چەند رووداوێك کە بەر لە ریفورمانی ساڵی ۱۸٦۰دا هاتوونەتە پێشێ. هەستی بەشەردۆستی لە چیرۆکەکانیدا دیارو خویایەو قارەمانەکانی نموونەی بەرچاووبەرجەستەی ئاشقانی ئازادیو نیشتمانپەروەریو وەفاداریو خەسڵەتێن بەرزی بەشەرین. یەکجار زۆر لە فەلسەفەی مەتریالیزمدا قوڵ بوو بووەوەو شارەزا بوو، زۆر دژی قوتابخانەو رێبازی "هونەر لە ڕای هونەر" بوو. ئەدەبیاتی بە تەواوەتی بە هاوتای ژیان دەزانیو باوەڕی وابوو کە نووسەر دەبێ مامۆستاو فێرکارو رێنوێنی کۆمەڵگە بێ، پێی وابوو کتێب گاڤێ سوودمەندە کە کتێبی وانەی ژیان بێ. بە شێوەیەکی گشتی چرنیشفسکی لە ساڵی ۱۸۵۰ بە دواوە، نەك هەر تەنیا رێنوێنی هزریی ژینگەی خۆی بووە، بەڵکو گەلێك لەو هزرڤانە روسیانەی کە لە قۆناغانی دواتردا هاتوونە دنیاو بەرهەمێکیان لە پاش بە جێماوە، پەروەردەی هزرو هەستی ئەو بوونە.

## ٦-دوبرولیوبوف- Dobrolioubof (۱۸۳٦- ۱۸٦۰) :

نیکولای ئەلکساندروڤیچ دوبرولیوبوف-ش وەکو چرنیشڤسکی کوڕە کەشیش بوو، و میناکی ئەو بە نوێنەری چینی تازەی رۆشنبیران دەژمێردرا. ئەم رەخنەگرە مەزنە، یەکێکە لە گوناحترین کەسانێك کە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا پەیدا بوون. منداڵی بە ناکامیو مەینەتیو لاوی بە هەژارییو دەستکورتی رابواردووەو لە هەوەڵین قۆناغی ژیانیەوە مەحکوم بەکاریچن سەخت و دژوار بووەو پاشان میناکی زاهیدانو خەڵوەکێشان ژیاوەو سەرەنجام دوای چەندین ساڵ رەنجو دژوارییو کاری قورس کە سەرانسەری بوونی لاوازو وردیلەی ئەوی داڕزاند، لە تەمەنی بیست و چوار ساڵی دا کۆچی دوایی کردو لە زەمانێکدا کە یەکەمین تیشکی ئومێد لە ئاسمانی بەختیا درەوشایەوە هەموو ئاوات و ئارەزووەکانی هەرەسیان هێناو هەڵوەرین.

بەرهەمێن ئەم لاوە نەگبەتو مەینەتبارە، دیارە تا چ رادەیەك دەبێ خەمناك بێو روحی ناکامیوبێ مرادی لە سەرانسەریاندا دیار بێ. بەشێوەیەکی گشتی دەبێ بگوترێ بەرهەمێن کەشیشێکی چلەکێش و خوا پەرست و خەڵوەتکێشێکە کە دەخوازێ هەموو خەڵکی دنیا بکات بە شەرێکی عیبادەتکارییەکانی خۆیو دوورە پەرێزی لە لەزەتەکانی ژیان. چونکە هەرگیز هیچ شتێکی لە ژیان پێ نەبڕابوو، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە دەتوانێ شتێك بە خەڵکانی دی

ببەخشێت، بۆیە "خۆ فیداکردن لە پێناوی چاکە دەرهەق بە خەڵکی" پرەنسیپ وڕێبازێك بوو كە بە هومێد بوو هەمووان پەیڕەوی بکەن. بیروبۆچوونی ئەو لە مەیدانی جوانیناسیدا ئاڵۆزو بە تەمتومان بوو، وبە زۆری تازە نەبوو، وتەنیا ئەم رستە بەنێوبانگەی (هونەر لە ڕای ژیان)دای لە بیلینسکییەوە وەرگرتبوو، وهەروەها هاتبووە سەر باوەڕی چرنیشفسکیو پێی وابوو كە دەبێ هونەر پاشکۆی زانست بێ، و وێڕای ئەمەش هەندێ لە نووسەرانی میناکی شەکسپیرو دانتیو گوتەو بایرونی بە ریزپەڕ دەزانیو باوەڕی وابوو كە ئەوانە لە ئاستی ئاسایی هزری هاوعەسرانی خۆ بالاتر بوونەو لە ئاستێکی بەرزتر لە تێگەیشتنی بەشەری بیریان کردووەتەوە.

هەروەها باوەڕێکی تایبەتیشی هەبوو دەیگوت كە هەندێ لە نموونەکانی کۆمەڵگە كە لە یکدی دەچن گیانێکی هاوبەشیان هەیە كە حاڵەتێکی هەمیشەییو بەرقەراریان هەیەو گرنگترین بەرهەمی ئەو لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکە كە دەربارەی رۆمانێکی بەنێوبانگی (گونچاروف)، بە ناونیشانی "ئابلوموف" کردویەتی، ودوو گوتاری ترە كە دەربارەی دراماکانی ئاستروفسکی نووسیوونی.

لە گۆشەنیگای ئەوەوە، رەخنەی ئەدەبی، ئامێرێك بووە كە هزری شۆڕشگێڕانەو دژی بارودۆخی زەمانە، لە ژێر پەردەوە دەربڕیو لەم ڕێگەیەوە عەیب وعارەکانی دەزگاو کۆڕە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی ئەو سەردەمە، بۆ خەڵکی هەڵبڕێژێ. لەم بوارەدا داوەرێکی یەکجار سەختگیروهەندێ جار زاڵمیش بووەو لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆیدا پابەندی ئەوپەڕی راستگۆییو دڵسۆزی بووەو هەموو ئیمانو روحو دڵی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. دیارە ئەمجۆرە کەسە گیانی رەفزو رەتکردنەوەیان دەبێو ئەم گیانی رەفزو رەتکردنەوەیەی دەربارەی هەموو کەسێکو تەنانەت دەربارەی پوشکین-ش بەکار بردووە، ئەوەی لە روانگەی ئەوەوە جێگیروحەقیقەتە جیهان وەهەمو خەیاڵێکە كە لە هەموو کاروبارێکی ژیان داو بە گوێرەی بنەمای ئەقڵو تەبیعەتو ئینسانیەت دەستکاری کراوەو ریفۆرمیان تیا کردووەو لەم بوارەدا دەستوورێکی داوە كە زۆر مادەی لاوازو نا عەمەلییە. یەکێك لەو بابەتانەی كە ئەو بایەخی داوەتێ، ئەو شتەیە كە ناوی "ریفۆرمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان"ی ناو ناوەو خویایە مەبەستی ئەو ئازادی جوتیارانی زەڕخڕی بووەو سەیر ئەوەیە كە کەمێك بەر لەوەی دەرباری تزار حوکمی ئازادی ئەوان دەربکات، رووی لە جیهان وەرگێڕاوە.

دەربارەی بنەما رەخنەوانییەکانی ئەو ئەم گلەییەیان لێکردووە كە بە خۆڕاییو بێهودە هەوڵیداوە سیاسەتو هونەر، كە سەروسەختیان لەگەڵ یەکدی دا نیە، یەکبخاتو لە گۆشەنیگای سیاسیەوە هەر بەرهەمێکی هونەری هەڵسانگاندووە. هەڵبەتە رەخنەگرانی دیکەش لە دوای ئەو هەمان رێبازیان گرتووەتە بەرو پیساروف بەناوبانگترینیانە.

## ٧-پیساروف :

دیمیتری ئیڤانوڤیچ پیساروف– Pissaref لە ساڵی ١٨٤٠دا لە گوندی زامنسکی، لە ویلایەتی ئارلوف لە دایك بوو، بابی خوردە موڵکدار بوو. هەوەڵجار لە یەکێك لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پوتروسبۆرگدا خوێندنی تەواو کردو پاشان چووە زانکۆ. لە هەژدەساڵیدا لە رای بژێوی خۆیدا ناچار بوو لە گۆڤاری "سپیدەمان" کە تایبەت بوو بە کیژان، کار بکاتو پاشان گوتاری لە گۆڤاری "پەیڤی روسی"دا بڵاو دەکردەوەو بە هۆی گوتارەکانی ئەوەوە، ئەو گۆڤارە بوو بە یەکێك لە بەناوبانگترین بڵاوکراوەی ئەو زەمانە.

لە ساڵی ١٨٦٢دا، بارون فیرکس–یان کە لە کاربەدەستانی وەزارەتی دارایی تزاری بوو، راسپارد باسێك دەربارەی بەرپەرچدانەوەی ئەو بیروباوەڕە توندانە بنووسێت کە "گرتسن"ی رەخنەگری بەنێوبانگ بڵاوی کردبووە، چونکە نووسینەکانی گرتسن رۆژ بە رۆژ پتر رەواجیان پەیدا دەکردوزیاتر حکومەتی تزاریان هەراسان دەکرد. فیرکس ئەم باسەی بە ناوی خوازراوی "شدوفروتی"و بە زمانی فەرەنسیو لە دەرێی روسیادا بڵاوکردەوەو لەوێوە بۆ روسیایان نارد. پیساروف گوتارێکی یەکجار توندی لە بەرسڤی ئەم باسەدا نووسیو نەك هەر تەنیا وەڵامی یەك بە یەکی قسەکانی ئەوی دایەوە بەڵکو خەڵکەکەشی هاندەدا کە دەستی دەسەڵاتی حکومەتی تزاری لەسەر خۆیان لابەرن. مامورانی ئەمن، ئەو چاپخانە نهێنییەیان، کە قەرار بوو ئەم وەڵامنامەیەی پیساروف بڵاوبکاتەوە، کەشفکردو ئیدی ئەم بەرسڤنامەیە بڵاونەبووەوە، دامەزرێنەری چاپخانەکەو پیساروف هەردووکیان گیرانو ئەم نووسەرە بوێرە بە گوناهی وتارێك کە بڵاونەبووەوەو لە ساڵی ١٩٠٥داو پاش چل و سێ ساڵ لە نووسینیو بە هەندێ دەستکارییەوە بڵاویان کردەوە، چوار ساڵ و نیو لە زیندانی بەناوبانگی "پتروپاولوڤسك"ی کەناری روباری (نوا)دا حەپس بوو.

دوای ماوەیەك کە هێشتا لە حەپسخانەدابوو، مۆڵەتیان دایە لەوێندەرەوە بۆ دابینکردنی گوزەرانی خێزانەکەی کە جگە لەو هیچ نان پەیداکەرێکی دیکەیان نەبوو، وتاران بۆ هەندێ گۆڤاران بنووسێت، بۆیە لە زندانەوە کۆمەڵە گوتارێکی فرەی نووسی. ئەنجام گاڤێ لە ساڵی ١٨٦٦دا ئازاد بوو، نەیتوانی چیتر دەگەڵ سەرنووسەرو بڵاوکەرەوەی گۆڤاری "پەیڤی روسی"دا هەڵبکاتو لە بەرێوەبەرایەتی گۆڤاری ناڤبری دەرچوو.

لە ساڵی ١٨٦٧دا لە گۆڤاری "دلو" لە ساڵی ١٨٦٨دا لە گۆڤاری "یاداشتەکانی نیشتمان" کە نیکراسۆڤ نووسەری بە نێوبانگ بەرێوەی دەبرد وتارو نووسینانی بڵاودەکردەوە. بەڵام حەپس و زیندان مجێزیان تێك دابوو، وبە فەرمانو دەستووری پزیشکان دەبوایە بچێتە کەناری دەریاو، لە رەخی کەنداوی ریگا لە دوبلنە، لە کاتی مەلەدا لە ساڵی ١٨٦٨دا خنکا.

پیساروف لە فەلسەفەدا پەیرەوی رێبازی مەتریالیزمو باوەڕی بە پرەنسیپی پەرەسەندن بوو، و لەم بوارەدا وتارێکی بە نێوبانگی لە ژێر سەر ناڤی "پەرەسەندنی گیانلەبەرانو رووەکان" هەیە.دوای ماوەیەك بایدایەوە سەر پۆزیتڤیزمی ئوگوسوت کونتی فەیلەسوف فەرەنساویو ئوتیلتیاریزمی (ستیوارت میل)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی. دامەزرێنەری پۆزیتیڤیزم دەیگوت: بەشەر ناتوانێ لە سنووری مەحسوساتی خۆی هێوەتر بڕواتو هەرگێز ناتوانێ پەی بە

حەقیقـەتی رووداوەکـان بـەریّ. هـەروەها دەیگـوت: هـزرو بیران جیهـان بـەڕێوە دەبـەن و ئێمـە لـە قۆناغ و سەردەمی پۆزەتیڤ دا دەژین. فەلسـەفەی ئوتیلتیـاریزم-ش سـوودو قازانجی بـە بناغـەی هـەموو شـتێك دانـا بـوو، وبـاوەڕی وا بـوو کـە تەنانـەت بناغـەو هـێم وبونیـادی ئـەخلاق و ئاکـاری شەخیسـش سـوودو قازانجـە. پیسـارۆف ئـەم بیروباوەڕانـەی لـە گوتـار نووسـینەکانی خۆیـدا دەربڕیوە نیشانداوە.

بەڵام لە مێژوودا، باوەڕی وابوو کە تـەرەقی و پێشـکەوتن هەمیشـە لـە ئـەنجامی پەرەسـەندن و بڵاوبوونـەوەی زانسـتێن تەبیعیـدا دێتـە دی و بۆیـە بـە ئـەرکی خـۆی دەزانـی لـە ڕای پەرەپێـدان و بڵاوکردنـەوەی زانسـتدا بخـەبتیّ و دژایـەتی خورافات وخـەیاڵات بکـات. لـە رەخنـەی ئەدەبیـدا، بیروباوەڕی توندو ئازادیخوازانەی دەردەبڕی و ئازادی و رەهایی لە هەر کۆت و بەندێك بە پێویست دەزانی، دژی رێبازی "هونەر لە ڕای هونەر" بوو،و لەم مەیدانەدا بە جۆریّ پیّ داگیری دەکرد کە هـەمان روحـی رەفـزی دوبرالیوبـوڤ دووبـارە دەکـردەوە، و لایـەنگری بـاوەڕی بـاوی (بـازاروف)ی قارەمـانی کتـێبی "باوکـان و کـوڕان"ی "تورگنیـف"ی دەکـرد کـە بانگەشـەی بـۆ ئـەم پرەنسـیپ و رێبازانە دەکرد، وبە زۆری ئەوانەی دووبارە دەکردەوە.

دەربارەی باوەڕێن ئوتیلیتاریزم، بە رادەیەك زێدەڕۆیی کرد، کە تەنانـەت نکـۆڵی لـە بنـەماکانی جوانیناسیش کردو دژی بیلینسکی وەستایەوەو کەوتە گاڵتەکردن بە یڤگینی ئونیگین، شاکاری پوشکین. بـۆ نموونـە دەیگوت لیرمانتوف و پوشکین "کاریکـاتۆری شـاعیرانن" یـان "بـۆ کچـۆڵانی نەخۆشی سیلاوی دەست دەدەن" یان دەربارەی گوتە دەیگوت: "نەجمیزادەیەکی لە خۆباییـە کـە بە شیعر بەڵگە بۆ مەسەلەو پرسە بێهودەکانی دێنێتـەوە". هەڵبەتـە ئـەم بیروبـاوەڕە توندانـەی بـۆ ئەوە بوو کە دژی پرەنسیپ و رێبازی "هونەری خالیسە" کە چرنیشفسکی داینابوو بوەستیّ.

وتارەکانی پیساروف بە زۆری پڕ جۆش وخرۆش و هاڕوژێنەرن و قەڵەم و ئینشایەکی یەکجار کاریگەری هەبوو، هەر بۆیەش لەو زەمانەدا کارێکی زۆری لە لاوان کردبوو. لە قۆناغ و سەردەمی تزاریدا بە زۆر دەستکاری بەرهەمەکانیان دەکردو دەقی تەواوەتی بەرهەمەکانی تەنیا لە ساڵی ١٩٣٤و ١٩٣٥دا بڵاوبووەتەوە.

## ٨-سلا ڤد وّستان :

لایـەنگرانی بیلینسکی وسلاّوڤدۆستـان، هـەردوو لایـان لـە ژێـر کاریگـەریی زانـاو فەیلەسـوفانی ئاڵمانی دابوون و هەردوو لایان تەرەفداری کەلەپوری نەتـەوەیی بـوون. دیـارە ئـەم لایەنگرییـە لـە کەلـەپوری نەتەوەیی،پاشکۆورەنگدانەوەی بزاڤـە نەتەوەییـەکان نـەبوو، بـەڵکو لـەوان کـۆنتر بـوو. تـەنیا لـەم دواییانـەدا بڵاوبوونـەوەی هـزرێن فەیلەسـوفانی ئـەڵمان نـەك هـەر لـە روسـیا، بـەڵکو لـە هەموو ئەوروپا شاخ و باڵی لەم جۆرە بیرانە دەنا. لەو مەڵبەندانەی کە سەر بە زانستگەی مۆسکۆ بوون، فەلسەفەو باوەڕی هیگل-یان دەربارەی "بیرێن نەتەوەیی" بە مایەی تەرەقی و پێشکەوتنی مێـژوویی میللـەتان دەزانی،وئەمـەش دەیکـردە کارێـك کـە نیشـتمانپەروەری ناوچـەیی بکاتـە

پاشکۆی بیرێن ئەوروپا. لە ساڵی ١٨٢٠ بە دواوە ئەم جۆرە بیرانە لە هەموو ئەوروپادا باوو بڵاوبوو و تەنانەت میللەتانی نیمچە هوڤی میناکی یونانیانیشی گرتبووەوەو بە ناچاری دەبوایە بۆ روسیاش سیرایەت بکات. لەبەر ئەمە دەبوایە روسیەکانیش لە دووی هزرێن نەتەوەیی خۆ بگەڕێن و پەرەی پێ بدەن و باوەڕ بە کەلەپوری هزری بێنن و لە هەنبەر میللەتانی ئەوروپادا ڕای بگەیەنن.

جیهانی خەیاڵ و فەنتازیا ئەم خەسڵەتەی هەیە کە هەموو کەسێك، هەمیشە دڵنیایە هەرچییەکی بوێ و هەرچییەکی پێویست بێ لەوێندەرەوە هەڵیدەهێنجێ، چونکە هێزو نێروی وێناو تەسەور هەمیشە دەتوانێ جێگەی حەقیقەت بگرێ و زەین و هزران بە خۆوە مژول و مەست بکات. لە روسیادا لە هەموو لایەکەوە روویان کردە ئەم گەنجینە لە بن نەهاتووە، بەڵام کە گەیینە ئەنجام، سەیریان کرد ئەوەی لە دووی بوونە ئەمە نەبووە. لەبەر ئەمە بوون بە دوو دەستەوە: دەستەی رۆژاواناسان و دەستەی سلاڤدۆستان.

چائادایف و بیلینسکی باوەڕیان وابوو کە جیاوازی نێوان روسیاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپا تەنیا جیاوازی ئاستی هزرو زانیاریانە. بە باوەڕی ئەوان دەبوایە ئەم جیاوازییە لابەرن و نەك هەر چاون لە شێوەو رواڵەتی شارستانیەتی ئەوروپا بکەن بەڵکو پەی بە ناوەڕۆکێشی بەرن و ئیمانی تەواوی پێ بێنن. لە هەنبەر ئەمانەدا سلاڤدۆستان غرووریان هەبوو کە رێی نەدەدان بەم رادەیە تەنەزول بکەن، باوەڕیان بە "ئاوات و ئامانجی سەربەخۆ" هەبوو.

لەم سەروبەندەدا، هیگلیستێکی تازە هاتە مۆسکۆ کە سلاڤدۆستەکان کەیفیان پێ نەدەهات و ئەویش لاوێك بوو بەنێوی تیموڤ نیکولایوڤیچ گرانوفسکی (١٨١٣– ١٨٥٥) لە دۆستانی بیلینسکی وگرتسن بوو کە لە ساڵی ١٨٤٣دا لە ئەوروپای رۆژاواوە هات و کۆڕی گشتی دەربارەی مێژووی سەدەکانی ناڤین دەگێڕاو، لەو کۆڕانەدا هیچ باسێکی شانازییەکانی پێشووی مۆسکۆو کلێسای ئەرتەدۆکس، کە لە سەدەکانی ناڤیندا هیچ پایەو دەورێکیان نەبووە، نەدەهاتە گۆڕێ. جا لێرەدا ئەم پرسیارە دەهاتە پێشێ کە ئایا روسیای سلاڤی و ئەرتەدوکس ئەگەر پەی بە حەقیقەتی ژیانی خۆ بەرێ، ناتوانێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ بناغەیەکی تازە لە پرۆسەی گەشەکردنی هزری بەشەردا دابڕێژێ؟ بە گوێرەی باوەڕی هیگل، ئاڵمان تاقە وڵات بوو کە دەیتوانی ئەم پایەیە بە دەست بێنێ و ئەم دەورە بگێڕێ. باشە بۆ روسیا نەتوانێ؟ دیارە لەم کایە زۆر گرینگەدا، جیاوازی بیروبۆچوون فرە بوو. هەندێ دەیانگوت ناتوانێ چونکە یەکجار هەژارو دەستکورتەو کەلەپوری مێژوویی نیە کە ئەم یەکێتییە بێنێتە دی. هەندەکی دی دەیانگوت دەتوانێ چونکە کەلەپوری مێژوویی روسیا تەواو دەگەڵ هزرێن دیموکراسی و بەشەردۆستیدا دەگونجێ و دەسازێ.

سلاڤدۆستەکانیش میناکی رۆژاواناسەکان، هزرو بیری بەخشندەو ناسکیان هەبووە کە نابێ فەرامۆش بکرێ و وەکو خەنیمەکانیان زۆر جار گوتوویانە نابێ بە کۆنەپەرست بزانرێن. ئەوانیش خوازیاری کۆمەڵێك ریفۆرم و چاکسازی بوون و لە سەرووی هەمووانەوە خوازیاری ئازادی گوندییانی زەڕخڕی بوون، بەڵام پێیان وابوو کە ئەم ریفۆرم و چاکسازیانە دەبێ بە

تـەواوەتی لەگـەڵ روحـی روسـیدا تێـك بكاتـەوەو بسـازێ‌و تـا نـەبێ بـە لاسـایی كردنەوەیـەكی ئەوروپا. دەیانگوت ریشەو بنەمای جووتیارانی زەڕخڕی، لە بونیادەكانی روسیای كۆن نەبووە، بەڵكو عادەتێكە كە دواتر رەواجی پەیدا كردووەو برەوی سەندووە، بۆیە دەتوانرێ لا ببرێ.

## ٩-برایانی كیرییڤسكی :

**ئیڤان ڤاسیلیوڤیچ كیرییڤسكی(١٨٠٦- ١٨٥٦)** لە ساڵی ١٨٣١دا گۆڤارێكی بە ناونیشانی"ئەوروپایی" دامەزراندو تا ماوەیەك لایەنگری جدی رۆژاواناسان بوو، وەكو ئەمە بە ناوی گۆڤارەكەشیا دیارە. چونكە لەم گۆڤارەدا هەندێ گوتاری بوێرانەی دەربارەی چارەنووسی روسیا لـە سـەدەی نـۆزدەدا نووسـی، گۆڤارەكـەیان داخسـت وپاشـان بـە سـوور بـوونی پیتـەری (١٨٠٨- ١٨٥٦) بـرای كـە زانـای كۆمەڵناسـی بـوو، وگـۆرانی‌و شـیعری فۆلكلۆری كۆ دەكردەوە، ئیدی ئیڤان نەیتوانی بەرانبەر بە سلاڤدۆستان بوەستێ. تەسلیمی ئەوان بوو، و گۆڤارێكی دیكەی بە ناونیشانی "پـەیڤی روسـی" دەركرد، لەم گۆڤارەدا دوو زنجیرە وتاری جوانی نووسی بەناونیشانی: "دەربارەی خەسڵەتی شارستانیەتی ئەوروپا" و "دەربارەی پێویستی‌و ئیمكانی پرەنسیپ و رێبازی فەلسـەفی مۆدرن" و لەم باسانەدا جۆرە فەلسـەفەیەكی نوێی یۆنـانی‌و سـلاڤی راگەیانـد. لـەم گوتارانـەدا دەیگـوت ئیـدی كـەلتوورو شارسـتانیەتی ئـەوروپا هیچـی لـە دەسـت نایـەت و گەییووەتـە كۆتـایی ئـەركی خـۆی، بـەڵام نـەیتوانیوە دڵخۆشـی بەشـەر بداتـەوەو تـەنیا بێـزاری كـردووەو رەنجاندوویـەتی‌و پێـی نیشانداوە كە لە هەنبەر چارەنووسی خۆیدا بێ توانایە. دنیای كۆنیش بەر لەمە بە هـەمان شێوە تێكشكاوەو تاقە چارەیەك كە دۆزیبێتەوە ئەوە بووە كە هەوڵیداوە لەو میللەتانەوە كە رابردوویـەكی پـڕ شـانازیان نـەبووە، هەنـدێ پرنسـیپ و رێبـازی تـازە بـۆ ژیـان بخـوازێ. شارسـتانیەتی ئـەوروپایی ئـەمڕۆش دەبـێ ئـەم ئەزموونـە دووبـارە بكاتـەوەو خـۆی باوێتـە ئامێزی كۆمەڵگەی سلاڤی‌و یۆنانی‌و ئەرتەدوكسانی روسیاوە.

## ١٠- خومیاكوف :

ئالكسـی سـتیپڤانوڤیچ خومیـاكوف (١٨٠٤- ١٨٦٠) یەكـەمین كـەس بـوو كـە بیروباوەڕەكـانی ئیڤان كیرییوفسكی پاچڤەی واقعی پراكتیكی كرد. خومیاكوف شاعیرێكی تا رادەیەك بە توانا بوو، لـە گەنجیدا دوو تراجیدیای بەناونیشـانی "یرماك" و "دیمتریۆسـی درۆینـە" نووسـی بـوو، بەڵام شیعرەكانی لە بەرهەمەكانی دیكەی باشترن، و شـاكاری خـۆی لـە جـەنگی قرمـدا نووسـیوەو لە گەرمە گیرودارو بگرەو بەردەی ئەو جەنگەدا هەموو میللەتانی سلاڤی بۆ یەكێتیی هانداوە. زۆری نـەبرد كـە كەوتـە دانـانی كتێبـانی مـەزەبی‌و زنجیرەیـەك بەرهـەمی بـەزمانی فەرەنسـی‌و ئینگلیـزی لـە وڵاتـانی ئـەوروپای رۆژئاواییـدا بڵاوكـردەوە. هەڵبەتـە دیـارە كـە دەبوایـە لـەم

بەرهەمانەدا بیروباوەڕی توندڕەوانەو بانگەشەی مەزەبیش هەبن. هەوادارانی ئەم بیرە، کە خومیاکوف-یان بە رابەرو تەنانەت پەیامبەری باوەڕێن خۆ دەزانی، بە تەواوەتی دڵبەندی کڵێسای ئەرتەدوکس بوونو پێیان وابوو کە عەیبی گەورەی ئاینی کاتولیك ئەمەیە کە بایەخی زۆر بە ئەقڵگەرایی و ئاوەز دەداتو بە پێچەوانەوە کڵێسای رۆژهەڵات ئازادی دەروونی وعیرفانی زیاتر رەچاو کردووە. هەڵبەتە ئەنجامی ئەم بیرانە وا دەکەوتەوە کە حکومەتی ستەمکاریی پشتیوانی ئازادی راستەقینەیەو تزار باری حوکمڕانی خستۆتە سەرشانو رەعیەتی خۆی ئازاد کردووە کە وەختی خۆیان وەقفی ژیانی خێزانداریو هزری خۆیان بکەن.

دیمیتری ڤالویف کە یەکێك بوو لەم دارودەستەیەو بە لاوی مرد، لە ساڵی ١٨٤٥دا زانیاری ئاماریو کۆمەڵایەتی ئەم گروپەی کۆدەکردەوەو رێك دەخست، بە ئامارو ژمارە سەلماندوویەتی کە شارستانیەتی ئەوروپا رووەو نەمانوهەرەس دەڕوات وروسیا دەبیٚ بۆ رزگاری خۆی رێگەیەکی دی بدۆزێتەوە.

یەکێکی دی لە پێشەوایانی ئەم گروپە (أی. سامارین)ە کە لە ساڵی ١٨٧٦دا مردووە، پێی وابووە کە بنەمای ژیانی روسیا هەمیشە لە سەر دامەزراوانی بلۆکی بووەو بەرەچاوکردنی هەمان دامەزراوەو سیستەم دەتوانریٚ هەموو گرفتە کۆمەڵایەتییو ئابووریەکان چارەسەر بکریٚ.

## ١١- برایانی ئوکساکوف :

کونستانتین سرگییوڤیچ ئوکساکوف (١٨١٧- ١٨٦٠) و ئیڤانی برا بچووکی (١٨٢٣- ١٨٨٦) لە نێو ئەم دارودەستەیەدا خۆشخەیاڵترو بەرزەفڕتر بوون. کونستانتین-ی برا گەورە لە ئەسڵ دا ئاشقی بیرەکانی خۆی بوو و لەم مەیدانەدا توندڕەوییو موبالەغەکارییەکی سەیری هەبووە کە هەندیٚ جار بیرکردنەوەی سەیروسەمەرەی لێکەوتووەتەوە. بۆ نموونە گوتوویەتی بناغەو بنەمای دەوڵەتی روسیا کە لە نێو دەوڵەتانی ئەوروپادا، تایبەتو دەگمەنە، بوونی ئازادیە. بە پێچەوانەی دەوڵەتانی ئەوروپایی کە هەموویان بە زەبرو توندی کاری خۆیان بردۆتە پێشیٚ، بۆیە گەلێك کودەتاو شۆڕشی سیاسیو ناکۆکی مەزەبیان ناوەتەوەو لەم رێگەیەوە توانیویانە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن. لە روسیادا، لە هەوەڵەوە، خەڵکی پەیوەندییان دەگەڵ دەوڵەتدا هەبووەو هەر لە منداڵییەوە گوێڕایەڵ بوونو هەمیشە لە نێوان میللەت و دەوڵەتو دەسەڵاتی پاشایەتیدا سازش و رێکەوتن و تەبایی هەبووە، چونکە لە باوەڕو بیروبۆچوونو هزریندا شەریکی یەکتر بوون.

کونستانتین، بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە دەگمەن وسەیرەی خۆی بسەلمێنیٚ پەنای دەبردە بەر هەندیٚ نموونەوبەڵگەیێن ئەدەبی. ئەم بەڵگەو نموونانە زیاتر زەوقی شاعیرانەو جوانی هەڵبژاردنی لە بەرهەمی پێشینان، نیشان دەدەن تا دروستی بەڵگەو بەڵگاندنەکانی، و کارەکەی زیاتر شەقڵو مۆرکی ئەدەبی هەبووە تا شەقڵو لایەنی کۆمەڵایەتیو فەلسەفی. لە ئەنجامدا بە نەخۆشی دەردە باریکە لە دوڕگەی زانت کۆچی دوایی کردو سەرۆکایەتی گروپی سلاڤدۆستان

لـه دوای ئـەو بـۆ ئیڤـانی بـرای مایـەوە کـە هـەر چـەندە لـە براکـەیو ئەنـدامانی ماڵباتەکـەیان بـەنێوبانگترو خۆشەویستتر بوو، بـەڵام زەوقو سـەلیقەو هـۆشو گۆشـێکی پـڕی نـەبوو. ئـەویش مینـاکی براکـەی شـاعیر بـوو، بـەدەم کـارێن جۆراوجـۆرەوە لـە سـاڵی ١٨٦١ بـە دواوە زنجیرەیـەك بڵاوکـراوەی سلاڤدۆسـتانی، کـە لایـەنگری دیموکراسـیو یـەکێتیی سـلاڤییەکان بـوون، وەکـو "رۆژ"و "مۆسـکۆ" بـەڕێوە بـرد، لـە هـەموو شـوێنێکدا بـە موبالەغـەوە پشـتیوانیو لایـەنگری لـە دەسـەڵاتی پاشـایەتی کـردووە. سـەرەنجام لـە ١٨٧٨/٧/٢٢دا لـە "کۆمیتـەی سلاڤ"دا گوتـارێکی خوێندەوە کە لەوێدا هێرشێکی توندی کردە سەر ئەندامانی کۆنگرەی بەرلینو سیاسەتوانانی روسیای بـەوە تۆمـەتبار کـرد کـە بـۆ ریسـوایی وڵاتـی خـۆ دەسـتیان تێکـەڵ کـردووە. لەبـەر ئەمـە دووریان خستەوەو پاش قۆناغی دوور خستنەوەکە، لە ساڵی ١٨٨٠دا گۆڤاری "روس"ی بـەڕێوە دەبردو لەوێدا هەمیشە دەگەڵ ئازادیخوازانی پوترسبۆرگ دا، لە کێشماکێش دا بوو.

## ١٢- مێژوونووسانی ئەم قۆناغە :

هەڵەو خەتەکانی سلاڤدۆستان لە کاری مێژوونووسیی ئەو قۆناغەشدا رەنگی داوەتـەوە، بۆیـە هەندێ جاران بابەتی لاوازو خەیاڵیان بە حەقیقـەتو راستی زانیـوە، هەنـدێکیان پێیـان وابـوو کـە کارەکـەی کـارامزین دروسـت نیـەو ئـەو مێـژووەی کـە ئـەو نووسـیویەتی دەبـێ سـەر لـە نـوێ بنووسـرێتەوە. مێژوونووسـێکی دیکـە: (م. پوگـودین- M. pogodine)، (لـە سـاڵی ١٨٧٣دا مـردووە) بـاوەڕی وابـوو کـە وارگـەکان لـە نـەژادی نورمانـەکان بـوونو سلاڤدۆسـتەکان دژی ئـەم بوچوونەش بوون، هەر چەندە پوگودین لە زۆر شتدا هاوسۆزو هاوبیروبۆچوونی وان بووە. لەنێو مێژوونووسـانی ئـەم قۆناغـەدا، ن. ئوسـتریولوف کـەمێك لـەم کۆتانـە ئـازادتربووە، و کتێبێکـی دەربارەی (مێژووی روسیا)و ژیننامەی پوتروسـی مـەزن، لـە شـەش بەرگدا نووسـیوە کـە تـەواوی نەکردووە، هەر چەندە لەم ژیننامەیـەی پوتروسـی مەزنـدا، دیکومێنـتو بەڵگەنامـەی فـرەی تۆمـار کردووە، بەڵام گیانی رەخنەوانی بە بەردا نەکردووەو هەر بە پایەو عینوانی مێژوونووسی فـەرمی دەرباری قەناعەتی کردووە. بەرهەمەکانی پوگودین بریتییە لە هەوت بەرگ کە لە ساڵانی ١٨٤٦-١٨٥٩دا چاپ کراونو هەر چەندە کارێکی جوانە بەڵام میتۆدی زانستی تێدانیە.

لە زەمانی نیکوڵای یەکەمدا بایـەخێکی تایبـەتیان بەمێـژوو داوەو لیژنەیـەکیان بـۆ نووسـین و نووسینەوەی مێژووی روسیا دامەزراندو دەستەیەکیان بۆ کەوناراناسی داناو کورسی زماننـاسـی سـلاڤیان لـە زانسـتگەکاندا دامەزرانـدو تەنانـەت هەنـدێ مامۆسـتایان بـۆ تـەواوکردنی خوێنـدن وزانیـاری پـتر لـە بارەیـەوە بـۆ زانسـتگاکانی وڵاتـانی دی، بـە تایبـەتی بـۆ ئاڵمـان ناردو بەمجـۆرە نەسـڵێکی تازەیـان لـە مێژوونووسـان پێگەیانـدو پـەروەردە کـرد لەوانـە: کالاچـڤ وکـاولینو ئافاناسیفو بوسلائیفو زابیلین- Aabieline. بەناوبانگترینو زاناترینیـان س.م. سولوڤیف- S. M. Solovief (١٨٢٠- ١٨٧٩)و ن. ئای. کوستوماروف- N. I. Kostomarof (١٨١٧- ١٨٨٥) بوون.

ئەم دوو گەورە مێژوونووسە، باوەڕیان وابووە کە مێژوو کۆڵەکەیەکە کە بە گوێرەی میتۆدو یاساو ڕێسای دیاریکراو لێی بکۆڵرێتەوەو پەرەی پێ بدرێت، و پێویستە لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا بەر لە هەر شتێك بایەخ بە زانین و ئەپستمەی جۆری ژیان بدرێت، واتە بایەخ بە دامەزراوو ڕێکخراوو بونیادە رامیاری ومافەوانی و ئابووری و داب و نەریت و کەلەپور بدرێت.. س. و. کاولین (١٨١٨- ١٨٨٥) هەمان ڕێبازی گرتووەو ژمارەیەك کتێبی فرە باش و جوان و گرنگی لەمەڕ پرسێن سەربەخۆی مێژوویی نووسیوە، وجوانترین بابە تێن ژیانی سیاسی و ئابووری و کەلەپوری گشتی روسیای تاوتوێ کردووە.

یەکێك لە گرنگترین کتێبە مێژووییەکانی ئەم قۆناغە، مێژووی روسیایە، لە دانانی (سولاڤیفست)ە کە لە بیست ونۆ بەرگدا نووسیویەتی و لە ساڵی ١٨٥١دا دەستی بە دانانی کردووەو تا ئێستاش یەکێکە لەو کتێبانەی کە پەنای وەبەر دەبەن. بەڵام دوا بەرگەکانی هەندێ دیکومێنتی لە خۆگرتووە کە روونکردنەوەی پێویستی دەربارە نەداون، ئەویش میناکی گەلەك لە ئەدەبیان و مێژوونووسانی رووسی کارێکی لە عۆدە گرتووە کە لەسەرووی توانای یەك کەسەوەیە، واتە دەستی داوەتە کارێك کە یەك کەس لەیەك تەمەندا ناتوانێ تەواوی بکات، چونکە بەر لەوەی کتێبەکە تەواو ببێ ئەو هێزوشنگی لەبەر بڕاوە، بۆیە لە دوا بەرگە کاندا هەمان ئەو هونەر نوێنییەی کە لە هەوەڵین بەرگەکاندا بەکاری هێناوە، بەدی ناکرێت. بەڵام ئەو بەڵگەنامەو دیکومێنتانەی کە لەم کتێبەی دا کۆکردونەتەوە یەکجار پڕ بایەخن و جدیەت و هونەرنوێنی ئەو لە هەوەڵین بەرگەکاندا تەواو خویایە، ئەوەی کە قەدرو نرخی کارەکەی زیاد دەکات ئەمەیە کە سەر بە هیچ دارو دەستەو حیزبێك نەبووەو حەقیقەتخوازێکی تەواو بووە. زمان و و داڕشتنی کەمەك وشکە، لێ یەکجار رون و رەوانە. ژیانی ئەم مێژوو نووسە مەزنەش بە تەواوەتی بەکارەکەیەوە بەند بووەو چونکە هەمیشە مژول و سەرقاڵی کاری خۆی بووەو ئەوەندە تێکەڵاوی نەبووەو رووداوان بە هیچ جۆرێ کاری لە کارو باوەڕی نەکردووەو هەموو کاتی خۆی لە نێو دەرسەکانیا لە زانستگەی مۆسکۆو لە ژووری کارەکەی خۆی و ڕێکخستنی بەڵگەنامەو دیکومێنتەکانیا رابواردووەو بە یەکێك لە زانا دیارەکانی زەمانی خۆی ژمێردراوە.

ن. ئای. کوستوماروف، مامۆستای زانستگەی پوتروسبۆرگ بووەو بە پێچەوانەی سولوڤیفەوە، لەناو رووداوەکانی رۆژ و وەختدا بووە، لە ساڵی ١٨٤٣دا کتێبێکی بە ناونیشانی "بایەخی مێژوویی هۆزانێن فۆلکلۆری"و لە ساڵی ١٨٤٧دا کتێبێکی تری لە ژێر سەرناڤی "ئەفسانانی روسی" نووسیوەو لە هەموو کتێبەکانیا زیاتر لایەنی ئەدەبی و تەنانەت شانۆیی رەچاو کردووە. ئەم مێژوونووسە هەندێ رۆمانانیشی نووسیوە یەکێك لەوانە رۆمانێکە بەناونیشانی "کوڕ" لە ساڵی ١٨٦٥و پاش ئەوە نۆڤلێتێکی زۆر جوانی دەربارەی شۆڕش و ڕاپەڕینی قوزاقانی ناوچەی ستنکارازین نووسیوە، بەڵام رۆمانێکی تری هەیە بە ناونیشانی "کودپار" کە لە ساڵی ١٨٧٥دا نووسیویەتی، شرۆڤەیەکی دوورو درێژە دەربارەی پەشێویە سیاسییەکانی سەدەی شازدەیەم، بەرهەمێکی بێ بایەخە. چەند خەریکی کارە زانستییەکان بووە. ئەوەندەش لە ژیانی سەردەمی خۆی شارەزاو ئاگادار بووە. لە ئەنجامداو بە حوکمی ئەو

تۆژینەوانەی کە لەمەڕ شیعرێن روسیای بچووك کردنی، ناچار بوو بە زمانی ئەو دەڤەرە شت بنووسێت، و لە ساڵی ١٨٤٧دا کە خەڵکی روسیای بچووك راپەڕین، ئەویان بە هاودەستی وان زانی و وەکو یەکێك لەلایەنگرانی سەربەخۆیی ئەو دەڤەرە گیراو چەند هەیڤەك لە زیندانەدا مایەوەو پاشان بۆ شاراتوفیان دوور خستەوە، لەبەر ئەمە لە روانگەی لاوانی ئەو زەمانەوە بە داکۆکیکاری ئازادی و قوربانی نوێخوازی هاتە ژمارتن. لە ساڵی ١٨٥٥دا کە عەفویان کرد، لە گۆڤاری "هەواڵەکانی نشتمان"دا زنجیرە وتارێکی گرینگی دەربارەی "راپەڕینی ستنکارازین"و "بازرگانی دەوڵەتی مۆسکۆ لە سەدەکانی شازدەو هەڤدەم"و هەندێ بابەتی گرینگی دیکە نووسی، کە ناوبانگیان گەیاندە لوتکە.

کەمێك دواتر کە لە سەفەری ئەورووپای رۆژئاوایی گەڕایەوە بەشدارییەکی کاریگەری لە زەمینە خۆش کردنی ئازادی گوندییاندا کرد، بۆ ماوەیەکی کەم کرا بە مامۆستا لە زانستگەی پۆتروسبۆرگ، بەڵام لە ئەنجامی راپەڕینی خوێندکاراندا لە ساڵی ١٨٦٢، دەریانکرد، لەوە بە دواوە ئیدی لە دنیای سیاسەت وەدەرکەوت و تەنێ خەرێکی کارێن زانستی بوو و لەم قۆناغەدا بە کۆمەك و خەرجی لیژنەی کەوناراناسی یازدە بەرگ-ی دیکۆمێنتاری دەربارەی مێژووی ویلایەتەکانی باشووری رۆژاوایی بلاوکردەوە، و زنجیرە وتارێکی بلاوکردەوە کە کۆی هەمووی سیازدە بەرگە، ئەم وتارانە هەم لایەنی رۆمان و هەم لایەنی مێژوویان تێدایە،و بیروبۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی لەو وتارانەدا بەکار بردووە. یەکێك لەوانە وتارێکە دەربارەی "کۆمارەکانی روسیای باکور" کە مەیلی وی بەلای هزرێن دیموکراسی و دامو دەزگایێن ئازادا نیشان دەدات و دەنوێنێ. لەم وتارانەدا هەمیشە توانای خۆی لەواری چیرۆکڤانی و داستانبێژی دا دەنوێنێ.

## ١٣- بیروباوەڕێن سیاسی لەم قۆناغەدا :

رێبازو میتۆدی سلاڤدۆستان، هەرچەندە ئەدەبیاتی نەتەوەیی لە پەیڕەوی و چاولێکەری ئەورووپای رۆژاوایی دوور دەخستەوەو خەڵکی روسیای لە ئازادی رێژەیی نزیك دەکردەوە، بتەوێ و نەتەوێ خزمەتی بە هەردوو بیرەکە کردووە. تا ساڵی ١٨٦٠ کوتکیف و گرتسن کە لە پێشڕەوانی ئەم دوو بیرە بوون، ویەکێکیان لە روسیا و ئەویتریان لە دەرێی روسیا کاریان دەکردو هاوبیرورا بوون، تەنانەت ئەو بزاڤە شۆڕشگێڕییە تایبەتیەش کەوا باوە لە ساڵی ١٨٦٢دا. تورگنیف ناوی "نەهلیزم"ی لێناوە، بەڵام لە راستیدا لە ١٨٥٥ بە دواوە سەری هەڵداوە، ناکۆکی نەدەخستە بەینیانەوە، دۆستۆفسکی گوتوویەتی: "بۆیە نەهلیزم لە نێو ئێمەدا پەیدا بووە چونکە هەموومان نەهلیستین"، ئەوی راستی بێ لە ساڵی ١٨٦١ بە دواوە زۆربەی رۆژنامە گرینگەکان بانگەشەیان بۆ ئەم بیرە کردووە. تا ئەو کاتەی ئەم بیرانە لایەنی پراتیکیان لە خۆ نەگرتبوو، هیچ کەسێکی هەراسان نەدەکردو تەنانەت ئازادیخوازانیش ئاوات و ئارەزووەکانی خۆیان تێدا دەبینی.

له ساڵی ١٨٦١دا ئازادی گوندییان له پڕ پەردەی له رووی ئەم کاره لابردو خەیاڵپەروەران که پەیان بەلایەنی پراتیکی ئەم بیرانه برد،هەراسان بوون، قۆناغه جیاوازەکانی ئەم لایەنی پراتیکییه بریتی بوو له راپەڕینی جووتیارانی ناوچەی ڤۆڵگاو راپەڕینی خوێندکاران له پوترسبۆرگ‌و کییف‌و خارکوف‌و دوای ئەوه بۆمبا هاوێژی‌و کوشتن‌و رەشکوژی سیاسی، که بەره بەره ناکۆکی نێوان ئەم دوو دەستەیەی زۆرترو توندتر کرد. لەم بەینەدا چاپەمەنی‌و بلاڤۆکان رۆژ به رۆژ تورەترو توندترو زبرتر دەبوون. له ساڵی ١٨٤٠ەوه که هەندێ چاپەمەنی‌و بلاڤۆکان له روسیادا پەیدا بووبوون، بەردەوام هزری ئەوروپایان بلاودەکردەوەو پەیتا پەیتا میتۆدوریبازو پرەنسیپەکانی فەلسەفەی هیگل‌و فەلسەفەی پوزوتیڤیزم‌و دوا باوەڕێن زانایانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیان بلاودەکردەوەو هەندێ جاریش ئەم هزرانه لایەنی پراتیکیان له خۆ دەگرت، رۆژنامەکانی دی دەرەقەتی کاری وا گەوره نەدەهاتن، لەبەر ئەمه بوو که له هەنبەر رۆژنامانی ئازادی خوازی توندڕەوی میناکی "رۆژ" که (ئای، ئاکساکوف- I. Aksakof) بەڕێوەی دەبردو "زەمان" که دۆستۆفسکی بەرێوەی دەبرد، نامیلکەو شەونامانی شۆڕشگێڕانه له هەموو لایەکەوه داباری‌و تێکەڵ ئاوازی ئەو "زەنگ"ـه پڕ سەدایه دەبوو که نووسەری شۆڕشگێڕی بناڤودەنگ گرتسن، بەردەوام له ئەوروپاوه لێی دەداو دەنگی له دووری فەرسەخانەوه دەگەییه گوێی خەڵکی روسیا.

هەڵبەته دەوڵەت دەبوایه سەختگیرییەکی زۆر بکات. بەو هەموو دەستووره توندانەوه که به دایەرەکانی سانسۆریان دەدا، به راگرتن‌و داخستنی سێ رۆژنامەوەو بەزندانی کردنی چرنیشفسکی-شەوه هیچیان به هیچ نەکرد. راسته که هەندێ بلاوڤۆکانی ناوچەییان ده مبەست کرد، بەلام ژمارەکانی رۆژنامەی "زەنگ"ی گرتسن له جاران زیاتر له نێو خەڵکیدا بلاودەبووەوەو هەموو بەربەست و لەمپەرەکانی دەبڕی‌و دەستاو دەستی دەکرد، تەنانەت به دەستی دەست‌و پێوەندانی تزاریش دەگەیی.

لەم سەروبەندەدا له پڕ میخائیل کوتکلیف (١٨٢٠- ١٨٨٧) ناوێك هاته مەیدان. ئەم پیاوه سەرەتا مامۆستای زانستگەی مۆسکۆ بوو وپاشان هاتبوه ناو دنیای رۆژنامەوانیەوەو بوو بوو به سەرنووسەری رۆژنامەی "پەیامی روسیا" که به ناوبانگترین رۆژنامەی ئازادیخوازی رۆژ بوو، له ساڵی ١٨٦١ به دواوه سەرنووسەریی(رۆژنامەی مۆسکۆ)شی له ئەستۆ گرت. ئەم پیاوه داکۆکیکاری پێشکەوتن‌و لایەنگری حکومەتی سەربەخۆو نەیارو دژی مەرکەزیەت‌و دژمنی سەر سەخت‌و بێ پەراوو نەترسی حکومەتی ستەمکاری بوو. پاش ماوەیەك که ناوو کاریگەرییەکی پەیدا کرد، گەییه ئەو قەناعەتەی که گرتسن‌و هاوڕێکانی ئازادی بەرەو بن بەست‌و هەڵدێر دەبەن. بەمجۆرەو له پڕو بێ هیچ پێشەکییەك ئەو پەیمان‌و یەکێتییەی لەگەڵ ئەواندا بەستبووی، پچڕی‌و بوونی ئەوانی به کۆسپ له رێی پێشڤەچوونی مەبەست‌و ئامانجەکانی خۆی دەبینی. به ئاشکرا دەیگوت که ئەوان فاکتەری ئەو زیادەرۆییه ناڕەوایانەن که هەندێ له پێشکەوتووخوازان دەیکەن، و هەروەها لایەنه نا عەمەلی‌و خەیاڵیەکانی ئەو بیروبۆچوونانەی لەقاو دەدا که ئەوان بلاویان دەکردەوه.

ئاشکرایە کە ئاکامی ئەم کارە چ دەبێ. یەکسەر دەستەیەك لە ئۆپوزیسیون لە دەوری ئەو گرد بوونەوە. ساڵی دواتر شۆڕش وهەڵلای پۆلاندا هەڵگیرساو بووە بەڵگەی دروستی قسەکانی ئەوو مایەی پێشڤەچوونی کارەکەی.

گرتسن کە هێشتا لەسەر بیروباوەڕی خۆی بوو، کە کەوتە پشتیوانی شۆڕشگێڕەکان، خەریك بوو شۆرەتو نێوبانگی خۆی لە دەست بدات. چەند رۆژنامەیەکی ئازادیخواز کە سانسۆر دای نەخستبوون ناچار بوون لە ترسی سزا بێدەنگ بن. لەم بەینەدا دیسان کوتیکوف بە دەنگی بەرزو بە زمانێکی روونو رەوان هەڵیدایەو گوتی سازشێك لە نێوان ئەو رووداوانەی کە لە وارشۆدا روو دەدەنو ئەو رووداوانەی کە بە هاندانی لایەنگرانی شۆڕشی ئاکنجیانی پاریسو لەندەن، هەڕەشە لە ئاسایشو ئەمنی وڵات دەکەن، هەیە. بۆیە بەناوی پاراستنی ستراتیژی نەتەوەییەوە کە گوایە لە مەترسیدا بوو، خوازیاری سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕەکانو تەنانەت داگیرکردنی تەواوەتی پۆڵەندا لەلایەن روسیاوە بوو.

هەڵبەتە کوتیکوف لەم بارەیەوە دڵنیا بوو کە قسەکانی کاریگەریی خۆیان دەبێت، تەنانەت توندڕەوترین ئەنجوومەنانی ئازادیخواز، بوون بە هەماهەنگی ئەو. زۆری نەبرد کە دەبووایە هەموو ئازادیخوازەکان لەسەر بە روسی کردنو نەتەوەیی کردنی هەموو فاکتەرە هەڤدژەکان، کە کەلەپووری بەرینی یکاترینی دووەمی پێکدێنا، رێك بکەونو رازی بن، کوتیکوف کە بیروباوەڕە کۆنەپەرستانە تازەکەی رۆژ بە رۆژ خەتەرتر دەبوو، بوو بەسەر قافڵەو فەرماندەیان. دەوڵەتیش دەبووایە ملیان بۆ بداتو دڵسۆزانە هاوکاریان بکات. تەنانەت ئەو وەزیرو کاربەدەستانەی کە میانڕەوتر بوون لەسەر کار لاچوونو شوێنی خۆیان بۆ کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ناسراو چۆڵ کرد. بەمجۆرە هەموو پێشینە ئازادیخوازیەکانی کوتیکوف سڕایەوە. ئەم فەرمانده بە توانایە دەبووایە بە زوویی ببێ بە پاشکۆی رەوتو رێبازی بێ چەندو چوونی بزووتنەوە میللییەکان، ئەویش ئەوەبوو بە هەموو غرورێکی فەرماندەیی خۆیەوە بە ناچاری بوو بە پەیڕەوی سەربازەکانی خۆی، و بەرە بەرە لەو پایە پێشەواییە فکرییەی کە هەی بوو تەنەزولی کردو وای لێهات بوو بە ئالەتێکی نیمچە فەرمی دەستی دەوڵەتو لە هەر شوێنێ بۆنی شۆڕشو خۆی گوتەنی خیانەتی کردبا دەوڵەتی ئاگادار دەکردەوەو پاشان عینوانی چاکسازی پرەنسیپەکانی فێرکردنو پەروەردەی بە خۆی داو حاڵەتێکی کۆنەپەرستانەی بۆ گەڕاندنەوەی دابو رێسا کۆنەکانەکان لە خۆگرتو بوو بە لایەنگری پرەنسیپە سواوو پواوەکانی سالانی بوری. لەم بوارانەدا بە رادەیەك زێدەڕۆیی کرد کە هەر هەموو ئەو بایەخو ئیحتوباری شانازییەی کە لە هەوەڵین سالانی ژیاندا بە دەستی هێنا بوو، بە جارێ لە دەستی دا.

# فەسلی دەیەم

## گەورە شاعیرانی پاش پوشکین

ئەو کارەی کە پوشکین لە شیعری روسیدا دەستی پێکرد بوو دەبووایە چەند کەسێك لە گەورە شاعیرانی سەدەی نۆزدەیەم بەرەو خۆی بکێش بکاتو درێژە بەو پرەنسیپو رێبازە بدەن کە ئەو دایمەزراند بوو وفریا نەکەوتبوو بێگەیەنێتە ئەنجام، وبەمجۆرە کارەکەی ئەو تەواو بکەنو ئەنجام بدەن.

### ١–لیرمانتۆف :

میخائیل یوری یوڤیچ لیرمانتۆف– Lermantof لە ساڵی ١٨١٤ لە مۆسکۆ هاتە دنیاو لە ساڵی ١٨٧١دا کۆچی دوایی کردو لە بیست و حەوت ساڵ پتر لەم دنیایە نەما، دەتوانرێ ئەو بە شاعیری رۆمانتیکی راستەقینەی روسی بزانرێ، چونکە پوشکین وەکو ئەو رۆمانتکێکی پەتی نەبووە. منداڵیەکی سەختو دژواری رابواردووە. دایکی مردبوو، وئەو شەوو رۆژ گیرۆدەی ریاو ناکۆکی خانەوادەیی بوو.کە کەمێك گەورەتربوو، چونکە زۆر هەستیار بوو، زۆر لەو ناخۆشیانەی کە پانسیونی نەجیمزادانو پاشان لە زانستگەدا دەی بینی زۆر نارەحەتو قەڵس دەبوو. دوای دوو دڵیەکی زۆر سەرەنجام چووە عەسکەریو لە نێو ئەو ناخۆشیانەی کە لە سەربازخانەدا تەحەمولی دەکرد، جگە لە شیعر هیچ پەناگەیەکی دیکەی نەبوو، بەمجۆرە بەهرەی ئەو شکۆفەی کرد.

کوژرانی پوشکین بووە باعیسی نەفرەتی توندی ئەو ولە لاوانەوەیەکی یەجگار روونو رەوانو جددیدا کە بەم بۆنەیەوە گوتوویەتی، هێرشی کردووەتە سەر کۆڕی ئەشرافان کە لە کوشتنی ئەودا شەریك بوونە. دەوڵەت ئەم قەسیدەیەی هێندە لەبەر گرانو لەلا ناخۆش بوو کە یەکسەر بۆ قەفقازیان دوور خستەوە، گاڤێ کە لە تاراوگە ئازاد بوو، وبۆ پوتروسبۆرگ گەڕایەوە، لوتکەی بەرزی چیاکانی قەفقاز، ژیانی ئەرستۆکراتو پیاوماقوڵانی پایتەختی لە چاوی ئەودا بچووکترو نزمتر لەوەی کە خەڵکی وێنایان دەکرد، نیشان دەدا.

لە بەرهەمەکانیا ئەم نەفرەتو بێزاریەی بە ئاشکرا دەربڕیوە، بۆیە گروپێك کەوتنە دژمنایەتی، ودوئیلی کردو دووبارە بۆ قەفقازیان دوور خستەوە. لە هەندێ جەنگدا بەشداری کردووە کە لە چامەی (ڤالریك)دا وەسفی کردوون. لە شاری پیاتیگورسك دا تووشی کۆنە هاوڕێیەکی خۆی بوو وسوعبەتی ناشیرین و تانەئامێزی دەگەڵ کردو لە ئەنجامدا ناچار بوو دوئێلی لەگەڵدا بکاتو لە تەمەنی بیستو حەوت ساڵیدا لە بناری کێوێکدا کوژرا.

لیرمانتۆف لە چاو ئەم تەمەنە کورتەدا بەرهەمێکی ئەدەبی تا رادەیەك فرەی لە پاش خۆی بە جێهێشتووە کە لە سەرانسەریاندا هزری خەمناكو تاڵ، کە زادەو بەرەنجامی سروشتی خەمینو

گەرموگوڕی ئەون،دەبینرێ. ئەوەی کە لایەنێکی شاعیرانەی زۆر توندی هەیە ئەمەیە کە رووداوەکانی رۆژگار، لە هەموو شوێنێکا و رۆژ بە رۆژ پتر ژیانیان لەبەرچاو خستووەو لە ژیانیان بێزار کردووە. ئەم شاعیرە هەستیارو بێچارەیەی دەستی ژینگە، هەرچییەك دەخوێنێتەوە سوکنایی و ئۆقرەی پێ دێ. بەیت وچامەکانی سەرەتای تەمەنی پوشکین، بەرهەمی شاعیرانی رۆمانتیکی فەرەنسا کە بەپێچەوانەی پوشکینەوە، زۆر بە بەرزیان دەزانیێ، بەرهەمی هانری هاینەو بە تایبەتی بەرهەمی بایرون بە جۆرێ رایدەکێشێت کە هەست بە خزمایەتی و پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ هەموویاندا، بە تایبەتی دەگەڵ بایروندا دەکات، هەر بۆیەش کاتێ کە دڵی خۆی لە شیعرەکانی خۆیدا هەڵدەڕێژێ، بەشێك لە روح و گیانی ئەم شاعیرە گەورانەی ئاوێتە دەبێ.

غەزەلیاتەکانی، رەنگدانەوەی نائومێدیو ناکامیو بێزاری لە ژیانن وەکو باراتینسکی یا ئالفریدو دوڤینی گلەییو گازاندە لە خودا ناکات، داخی دڵی ئەو لە خەڵکە، ئەو خەڵکەی کە هەموو شتێك وهەموو پیاوێکی گەورە ئەگەر نەشخەنە ژێر پێوە، ئەوا پشتگوێی دەخەن. شاعیرێك کە بەمجۆرە رقی لە خەڵکی بێو لێیان پڕ بێ هیچ چارەیەکی نیە ئەوە نەبێ کە پەنا وەبەر گۆشەگیریو تەنیایی ببات و هەرچییەکی دەوێ لە تەبیعەتدا بۆی بگەڕێ. تەبیعەت قەرەبووی ئەو دۆستایەتییەی بۆ ناکاتەوە کە لە خەڵکی دەست نەکەوتووە، بەڵکو دیتنی جوانیەکانی تەبیعەت وای لێدەکات لە خۆی بێ ئاگا بێو لە باوەشی خەیاڵاتی گیان پروکێنی دەرفێنێ.

لیرمانتۆف، زۆری حەز لە دیمەنی جوانو بەشکۆی قەفقاز کردووەو لەزەتی لێ دیتووە. گفتوگۆیەکی یەکجار شکۆداری لە نێوان کێوی ئەلبورزو کێوی کازبەکدا فەراهەم کردووە، وەسفی رەوت وداکشانی تورەیی روباری ترك بەرەو دەریای خەزەر دەکاتو دەڵێت چۆن ئاوی کەفچەڕینی ئەم روبارە لاشەی جوانی کیژۆڵەیەکی قۆقازی بۆ شەپۆلێن خروشاوو بێ قەراری ئەو دەریایە بە دیاری هێناوە. ئەو گەردنەوزینووە سەر بە فەلەکانە نیشان دەدات کە کۆشکی (تامارا)یان تیا دروست کردووەو دەڵێت چۆن ئەم شابانۆ جوانەی قەفقاز شەوانە گۆرانی دەچڕێ تا خەڵکی بڕفێنێ وبە دەستی شەهوەت و ئارەزوو ومەرگیان بسپێرێت. خۆی لە خەڵکی سەربەرزو سەرکێش و دلێری ئەم ولاتە بە نزیکتر دەزانێ تا لە خەڵکی شارنشینی شارەکان، وەکو ئەوان لە ناخی دڵەوە تامەزرۆو تاسەمەندی ئازادییە.

یەکێك لە شاکارەکانی چامەیەکە لە وەسفی لاوێکدا کە بە مەبەستی راهێنانو تەعلیمدان بۆ دێری کەشیشانیان بردووە، بەناونیشانی "تازە رەبەن". ئەم چامە درێژە شەرحو شرۆڤەی دەردو ئازاری یەکێك لە شازادەکانی قەفقازە کە رووسەکان یەخسیریان کردووەو لە دێرێکدا پەروەردەی دەکەن. لە ئەنجامدا لەوێ هەڵدێ، بەڵام لە کۆجاڕدا رێی خۆی گوم دەکاتو کە بەبێ حاڵیو لە حاڵی مردندا بۆ دێرەکەی دەگەڕەێننەوە هێشتا هەر هاواری ئازادی دەکات.

شاکارێکی دیکەی بریتییە لە "ئەهریمەن" کە بە هەموو روحێکی سەرکێش ونەسرەوتیەوە رزگاری لە ئەڤین وڤیانی کیژێکی گورجیدا دەبینێ، وهزرێن پەرێشانی دەخاتە مێشکەوەو هەر لە

تاقیبی دایە تا لەو دێڕەدا کە ئەو کیژە پەنای بۆ بردووە، دەیگاتێ. کیژێ لەم ڤیانەدا گیان لە دەست دەدات، بەڵام وەکو گوتە لە فاوست دا گوتوویەتی فریشتەکان روحی ئەویان لەگەڵ خۆدا بردووە. بابەتی ئەم چامەیە کە لیرمانتۆف لە هەوەڵی لاویدا دەستی بە هۆندنەوەی کردووەو پێنج جاران سەر لە نوێ هۆندویەتیەوەو دوایەمین جار لە ساڵانی ١٨٣٨- ١٨٤٠دا سەرقاڵی هۆدنەوەی بووە، لێکچوونێکی تەواوی دەگەڵ بەرهەمەکانی بایرون و گوتەو ئالفریددوینی دا هەیە، بەڵام سەرباری ئەم وەسفە سروشتیە شکۆدارو ئەو دەربڕین و گوزارشتە پڕ جۆشەی کە روحی خۆی تێ رشتووەو وەسفی ئەو دەردو ئازارانەی کە ئەم روحە پەرێشانە بێهودە هەوڵدەدا خۆی لێ رزگار بکات، تایبەتمەندی شەخسیی لیرمانتۆف نیشان دەدا.

یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی لیرمانتۆف چامەیەکە بە ناونیشانی "سروودی ئیڤان ڤاسیلوڤیچ و ئوپریچینکی لاوو کالاشینکۆڤ بازرگانی بوێر" کە سەردەمی ئیڤانی سامناك، تزاری خوێن خۆری بەناوبانگ بەو جۆرەی کە لە نێو خەڵکیدایەو لە یادی خەڵکی ماوە بەرجەستە دەکات و لیرمانتۆف لەم چامەیەدا ئەو ریتم و شانەی کە لە (بیلین)ەکاندا ماوەتەوە بەکار هێناوە.

وەکو چۆن لیرمانتۆف لە چامەی "تازە رەبەن"و "ئەهریمەن"دا گرێی دڵی خۆی کردووەتەوە، لە قەسیدەی "سەمای دەمامکدار"یشدا روحی خۆی نیشان دەدات و قارەمانی ئەم قەسیدەیە کە کەمێك لە چاتسکیی قارەمانی گریبایدوف و برێك لە ئوتیلوی قارەمانی شەکسپیر دەچێت بە جۆش وخرۆش وگەرم وگوڕییەکی تایبەتییەوە، لە ئاستی نزمییەکانی ئەشرافی زەمانەدا بە خۆی دەفشێ. لە رۆمانی (قارەمانی رۆژگاری ئێمەدا)دا هەر چەندە ویستوویەتی و هەوڵیداوە خۆی نەنوێنێ، هێشتاش هەر گەلێك لە رواڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو دیاروئاشکران.

لیرمانتۆف لە ساڵی ١٨٤٠دا ئەم رۆمانەی نووسیوە، لە پێنج چیرۆك پێك هاتووە، کە سیانیان پتر مایەی سەرنجن، قارەمانی سەرەکی ئەم رۆمانە (پچورین– Pechorin)ی ناوە، هەندێ جار لە شێوەی قارەمانی چیرۆکەکەدا بە دیار دەکەوێ و هەندێ جار لە شێوەی گوتیاردا، کە نووسەر لە هەر یەکێك لە چیرۆکەکاندا گۆشەیەك لە کەسایەتی ئاڵۆزو هەستیاری ئەو نیشان دەدات پچورین وەکو یڤگینی ئونیگینی پوشکین پیاوێکی بەلاف وگەزافە، بەڵام لەو بە هیمەتترو چالاکترو لە هەمان کاتدا رەشبین ترە،ودنیایەك خەسڵەت و سیفەتی هەڤدژ، روحی خەمباری دەخوات.. ئەم قارەمانە پێشتر لە نێو خەیاڵڕێسی شاعیرانەدا، بە هێڤی وەدەست هێنانی شانازی و کامەرانی، لە ئەشق و ئەڤینداریدا فەشەلی هێناوەو لەوە بە دواوە بووە بە کەسێکی خۆپەرست و دکتاتۆروشایستەی ئەوەیە کە تەسلیمی شەڕوشەهوەت و دەردو ئازار ببێ.دڵی بە هیچ شتێك خۆش نیە، نە بە ڤیانی کیژۆڵە سادەو دڵۆڤانە قەفقازیەکەو نە بە ڤیانی ژنانی شار کە دەرهەق بە ئەو جۆرە راستگۆییەکیان هەیە، دڵ خۆش دەبێت. لەم چیرۆکانەدا، قارەمانانی نمرە دووی میناکی دکتۆر ڤیرنەرو ماکسیم ماکسیمیڤیچ کە پیاوێکی میهرەبانەو ئەو کوێستانیانەی کە لیرمانتۆف وەسفی کردووە ئەوە نیشاندەدەن کە ئەم شاعیرو نووسەرە مەزنە توانیویەتی خۆی و هەستەکانی خۆی فەرامۆش بکات و خەریکی چیرۆکانی جوان بێ. لەوەیە ئەگەر زیاتر

ژیابا، وەکو چۆن پوشکین لەم زەمینەیەدا تەرەقی کردووە، ئەویش زیاتر لەم ڕێگەیەدا پێش دەکەوت.

یەکەمین بەرهەمێن ئەدەبی لیرمانتۆف کە لە ساڵی ١٨٣٢ەوە تا ١٨٣٤ نووسیوونی وەکو هەر بەرهەمێك، کە شاعیرێکی تازەکار بڵاوی دەکاتەوە مایەی سەرنج نەبووە. لەوانە قەسیدەی (جسن پترکوف)و (اولانشا)و (حاجی ئەبریك) کە یەکەمین چامەیە دەربارەی ڕۆژهەلات گوتوویەتی و لە یەکێك لە گۆڤارەکانی پوتروسبۆرگ بڵاوبووەتەوە.

لیرمانتۆف لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە دەستی بە شیعر کردووەو تەمەنی ئەدەبیی ئەو لە یازدە ساڵ پتری نەخایاندووە. لەم ماوە کەمەدا چەندین شاکاری ئەدەبی زندووی داهێناوەو دیارە کە ئەگەر مەرگ بەو زوویییە نەیبردباوە چ پایەیەکی لەئەدەبیاتی جیهاندا بە دەست دێنا.

لیرمانتۆف لە منداڵیەوە هەردووك زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی بە باشی فێر بووبوو، وبەسەر هەردك زمانەکەدا زاڵ بوو، ودڵبەندییەکی تایبەتی بە شیعری فەرەنسیەوە هەبوو، ئەگەر هەندێ جار بەرهەمی وی لە بەرهەمی شاعیرانی ئەوروپای ڕۆژاوایی نزیك ببێتەوە، نابێ بە لاسایی کەرەوەیەکی پەتی بزانرێ. لێکۆڵینەوەی تەواو لەبەرهەمەکانی، ئەوە دەسەلمێنێ کە خۆیبوونی تەواوی هەبووەو بە باشترین ناسنامەو نوێنەری ڕوحی نەتەوەیی خۆیو هەست و سۆزی خەڵکی وڵاتو ڕۆژگاری خۆی دەژمێردرێ، نەك هەر پابەندی هزرێن سیاسی و کۆمەلایەتی ڕۆژگاری خۆیو ژینگەی خۆی بووە، بەڵکو هەندێ جاریش هێرشی کردووەتە سەر بێگانانو فەرەنگیان، وەکو لە قەسیدەی "ئیسماعیل بەگ"دا ڕقی خۆی سەبارەت بە ئەوروپای ڕۆژاوایی دەربڕیوەو ڕۆژهەلاتی بەسەردا پەسند داوەو بە ڕاشکاوی گوتوویەتی کە ڕۆژاوا ستۆك بووەو مەحکوم بە نەمانەو ۆرژهەلات ژیان دەبوژێنێتەوەو دەژێنێتەوە.

لایەنێکی بەرجەستەی بەرهەمەکانی ئەو هەستی نەژادیو ناسیونالیستییە بێ لغاوو هەوسارەیە کە لە هەندێ شوێندا دەری بڕیوە،بۆ نموونە لە چامەیەکیا بە ناونیشانی "شاشا" کە لەپاش مردنی بڵاویان کردووەتەوە، کینەی توندو نەفرەتو بێزاری خۆی لە ئەڵمانیان بەوپەڕی ڕاشکاوی دەربڕیوە.

جگە لەم غرورە نەژادییە، لە سەرانسەری بەرهەمێن لیرمانتۆفدا، جۆرە هەستێکی پڕ نیگەرانی، کە زادەی ژینگەو سەردەمی ژیانی ئەوە، بەدی دەکرێت، جا بە هۆی ئەم هەستە شپرزەیەوە، هەندێ جار نووسینی خەمناكو هەندێ جار زۆر ڕەشبینانەیە، و(تورگنیف)ی نووسەری بەنێوبانگی ڕوسی بە خۆڕایی دەربارەی ئەو نەیگوتووە: "کاتێ کە پێدەکەنی، چاوەکانی پێ نەدەکەنین".

لە باری توانای تەسەورو بەرینی جیهانبینییەوە بە یەکێك لە شاعیرە بە تواناکانی جیهان دەژمێردرێت، بە تایبەتی لە ڕووی خوڵقاندنی دیمەنانەوە شاعیرێکی لە زەبر بووە، ولە هەموو شاکارەکانی خۆیدا زیاتر دیمەنەکانی قەفقازی،کە تەقریبەن هەموو شاکارەکانی وەقفی ئەو دەڤەرە کراون، بەوپەڕی زەبەردەستیەوە وەسفکردووەو جێی خۆیەتی کە بە شاعیری قەفقازیان زانیوە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی هەست ناسکییەکەیەتی. کاتێ کە پوشکین کوژرا، لیرمانتۆف بیستو سێ ساڵان بوو، لاوانەوەیەکی بۆ گوت کە نیوە بەیتی یەکەمی ئەمەیە: "شاعیرێك بە فیدای ئابرووی خۆی بوو و مرد... " ئەم لاوانەوەیە دەنگێکی زۆری دایەوەو دەستاودەستی کردو لە ئەنجامی ئەو تەشەرانەی کە لە قەسیدەکەدا، لە حکومەتی وەختی دابوو، بۆ قەفقازیان دوور خستەوە. لەم سەفەرەدا قەسیدەی بەناوبانگی "ئەهریمەن"ی کە شاکاری شیعریی ئەوە، وپێشتر رەنگرێژی بۆ کردبوو، تەواو کرد.

جوانیە سروشتییەکانی قەفقاز، کە بەر لەو دڵی پوشکینیشی رفاند بوو، ئەویشی گرتەوەو لەم قەسیدەیەدا هەر هەموو هێزی ژیانو زاڵی ڤیانی بە زمانێکی راچەنیوی هەیەجان ئەنگێز بەرجەستە کردووەو باشترین ناسنامەی هزرێن وی لەم چامەیەدا ئەو گوزارشت ودەربڕینەیە کە ئەهریمەن دەیکاتو دەڵێت: "من زاڵی شەڕەنگێزی خۆم لە مەیلی دڵانو لە ئارەزووی دەروونو روحان، لە مەیلی جەستەو جازیبە پەنهانەکاندا جێکردووەتەوە".

خەمینی سروشتیورەشبینی زادەو بەرەنجامی رووداوەکانی رۆژگار، بەجۆرێ سەراپای بوونی گرتبوو کە لە رواڵەتدا بێ بەهرەو تواناو مۆنو رووگرژو زویرو زیز دەهاتە بەرچاو بۆیە ئاسمان لە بەرهەمەکانیا هەمیشە تاریك و لێڵ و پڕ لە هەورو هەڵاو هەورە تریشقەیەو بە خۆیشی پەی بەم کۆت وبەندە سروشتیانەی خۆی بردووەو گوتوویەتی: "ناتوانم تاقە یەك وشە بڵێم".

کە لەم سەفەرە گەڕایەوەو کاتێ کە لە پوتروسبۆرگ بوو تەنگوچەڵەمەی ژیانی مادی کە ژیانی لە ژیانی پوشکینیش تاڵتر بوو، بوو بە سەرباری تەنگوچەڵەمەو ئاستەنگە هزریەکانیو لەم سەروبەندەدا مەرگی بە ئاوات دەخواستو مردنی بە باشترین دڵداری خۆی دەزانی. لەم سەروبەندەدا ئەو زنجیرە چیرۆکانەی بە پەخشان نووسیوە کە پاشان لە ژێر سەرناڤی "قارەمانی سەردەمی ئێمە" لە بەرگێکدا چاپیان کردووەو لە راستیدا گەلێك لە بابەتەکانی ئەم بەرهەمە رەنگدانەوەی حاڵەتی روحی و دەروونی ئەون. پچورین، قارەمانی ئەم چیرۆکانە سیمای تەواوەتی خودی لیرمانتۆف نیە، بەڵکو رەنگدانەوەی روحی خەڵکی رۆژگاری ئەوە. بەڵام ناو بە ناو هەست وهزری خۆیشی تێهەڵکێش دەکات، لەو زەمانەدا تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بووەو ئەفسەری فەوجی (هوسارد) بووە ئەم کتێبە بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە هەوەڵین رۆمانانی سایکۆلۆجی و دەروونی.

لایەنێکی دیکە کە روحی سەرکێشی لیرمانتۆف دەنوێنێو نیشان دەدات، دڵبەندییەتی بە ناپلیۆنی یەکەمی ئیمپراتۆری فەرەنساو ئەمەی چەندین جار لە بەرهەمەکانی خۆیدا نواندووەو دەربڕیوە.

لە ساڵی ١٨٤٠دا لیرمانتۆف لە پوترسبۆرگ دا شەڕی تەن بە تەنی دەگەڵ یەکێك لە بەخوایاندا کردو جارەکی دی بۆ قەفقازیان دوورخستەوەو ئەمجارەیان لە تاراوگەکەی نەگەڕایەوە. لەم ماوەیەدا چەند درامێکیشی نووسیوە، بەڵام زۆربەی بەرهەمەکانی قەسیدەی بچووکن کە لەپاش مەرگی بڵاویان کردوونەتەوە.

بەرهـەمێن ئـەم سـەروبەندەی ئـەو لـە راسـتیدا هـاوارو قیڕیـنی نـا ئومێدانـەی روحـی رەنجـاوی ئەوەو سکاڵای گیان پروکێنی دڵێکە کە ئارەزوومەندو تاسەمەندی جیهانێکی باشترو رۆژگارێکی شیرینترەو تاقە دڵدارو هـاودەمی ئـەو روندكو ئـاهو ناڵەكانیـەتی و بـەخۆی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: "من مەمنوونی ئەم فرمێسکە گەرم وئەم ماچە ژەهراویانەم".

لیرمانتۆف لە ئەدەبیاتدا جێنشینی راستەقینەی پوشکینەو کەسێکە کە درێژەی بە كارەكەی پوشكین داوەو هەمان زوبانی هەڵبژاردووە كە پوشكین بۆ دەربڕینی هزرێن خۆی هەڵی بژاردبوو، و لە راستیدا پوشكین و لیرمانتۆف تەواوكەری یەكترین.

ئەنجام شاعیری مەزنی روسیا لە زەمانێکدا کە بە تـەواوەتی ئامادەی خزمـەت بـوو ودەیتـوانی شـاكارانی دیكـە بئافـەرێنێ وبێنێتـە دنیا،لـە شـەڕی دوئێـل دا كـوژراو خوڀایـە كـە ئـەم مردنـە ناوەختەی تا چ رادەیەك جیهانی لە بەرهەمێن گرینگ بێ بەش كردووە.

## ٢- كولستۆف :

ئەلكسـی ڤاسـیلیوڤیچ كولسـتۆف- Koltsof لـە سـاڵی ١٨٠٩دا لـە خێزانـی پیاوێكـدا كـە لـە (وارونـژ) كـاری دەلاڵـی ئەسـپ وچـارەوێیانی دەكـرد، لـە دایـك بـوو، چـوار سـاڵان لـە قوتابخانـەی سەرەتایی ناوچەیی خوێندیو پاشان بۆ دەشتیان نـارد تـا ببـێ بـە شـوانی گاگـەلو پـەزان. لـەم سەفەرەدا كۆمەڵێك هۆزانو شیعری فۆلكلۆریو عامیانەی دەگـەڵ خۆدا برد، تا لـەم مـاوە درێـژەی تەنیاییەدا بیكات بە هاودەمی خۆی. دوای ماوەیـەك یـەكێك لـە كتێبفرۆشـەكان هەنـدێ بەرهـەمی (دمیتریـوف، ژوكوفسـكی، پوشـكینو دلـویگ)ی بـۆ پەیـدا كـرد. بـە خوێندنـەوەی ئـەم شـیعرانە بـەهرەو قەریحـەی ناسـك وهەسـتیاری بـزواو كەوتـە داوی ئـەڤینی (دونیاشـا) نـاوێكی كارەكـەری گەنجەوە. باب وداكی ئەمەیان بە كەمی ونـەنگی بۆ خۆ دەزانیو بـە زەماوەنـدەی وی دەگـەڵ ئـەم كیـژەدا، قاییـل نـەبوونو كوڕەكـەیان لێـی دوورخسـتەوەو كیـژەش بـە نرخێكـی هـەرزان فرۆشـرا، پولێكی پێوەنرا، رۆییو هیچ شوێنەوارێكی لـە پـاش خـۆی بـەجێ نەهێشـتو دەبـووا دوو سـاڵی پـاش ئـەم رووداوە لـە مـاڵی خاوەنـە تازەكەیـدا كـە لـە موڵكـدارانی كـەناری روبـاری دون بـوو، لـە ئەنجامی بەدرەفتاری ئەودا گیان بسپێریو گاكۆلتسوف چیتر نەی بینێتەوە.

كۆلتسۆف هەندێ دۆستی پەیدا كردن كە كەمێك تالاوی ناكامیان بۆ قـەرەبوو كـردەوە لەوانـە: ئاندرێ پارڤیروڤیچ سربریانسكی، شاعیرێكی لاو بوو كە چامەیەكی بەناونیشانی "رۆژانی ژیـانی ئێمـە مینـا شـەپۆڵ تیـژ تێپـەڕن" هـەبوو وسـەردەمانێ یـەكجار نـاوی دەركردبـوو، هـەروەها ستانكیوڤیچ كە لە ئەدیبانی ئەو سەروەختە بوو، بابێ هەندێ موڵكی لـە دەوروبـەری (وارونـژ)دا هەبوو. ئەم دۆستانە ئەویان بە ئەدەبیات ئاشناتر كردو كولتسوف لـە رێگـەی ستانكیۆڤیچەوە ئاشنای ئەنجوومەنو كوڕە ئەدەبییەكانی مۆسكۆ بوو، ستانكیوڤیچ لە ساڵی ١٨٣٥دا یەكەمین كۆهۆزانی ئەم شاعیرە لاوەی بڵاوكردەوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم کۆهۆزانە بە رووداوێکی گرینگ هاتە ژماردن، تا ئەو سەروبەندە هێشتا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان شیعرێن فۆلکلۆری و شیعرێن ئەدەبیانەدا بەرپا نەبوو بوو، و کالتسۆف یەکەم کەس بوو کە ئەم کارەی کرد. گۆرانی فۆلکلۆری بە هەمان تەڕی وسادەیی خۆیەوە، بە هەمان رەنگینی جوانو ریتم و ئاوازی دڵگیری خۆیەوە کە پتر مۆرکی ئاوازی باڵندانومەلانی پێ دەبەخشی یان بە هەمان شەقڵی خەمینیوپڕ سکاڵایی خۆیەوە لە ژێر دەستی ئەم شاعیرە لاوەدا تایبەتمەندی ئەسڵی خۆی پاراستبوو وبگرە ئەو بە باشترین شێوە رازاندبوونییەوە.

ئەم شاعیرە لاوە لە ساڵی ١٨٣٥دا کە پێی نابووە دنیای شۆرەت وناوبانگەوە،ماوەیەك لە مۆسکۆو مودەتێك لە پوترسبۆرگ بوو، هاتووچۆی دەگەڵ ئەدیبانی ئەو زەمانەدا هەبوو، بەڵام تاکو ساڵی ١٨٤٠، وێڕای هەموو ئەو پەیوەندییانەی کە تەنانەت دەگەڵ بیلینسکی دا هەی بوو، دەبووایە هەموو کاتێ خۆی بۆ ئەو بازرگانییە تەرخان بکات کە ژیانی خۆیو خانەوادەکەی دابینەدەکرد، دوای دوو ساڵ، واتە لە ١٨٤٢دا لە ئەنجامی کاری زۆرو پەژارەو خەمی گیان پڕوکێنەوە، ئاقیبەت نەخۆشی دەردە باریکە بەسەریا زاڵ بوو وکوشتی.

کولتسۆف، بە داهێنەرو ناودارترین نوێنەری شاعیرانی شیعرێن گوندیی دەزانن، "سترانێن روسی)ی ئەو وەرزێکی نوێی لە ئەدەبیاتی روسیادا کردووەتەوە.

لەم گۆرانیو سترانانەدا، وەسفی زۆر دڵتەزێنو بەزەیی وروژێنی لەمەڕ هەژاریو بێنەواییو خەبتین لە رای ژیانو بێ رەحمی چارەنووس بە دەستەوە داوە، بەڵام لە هەموو ئەمانەدا هیچ چارەسەرێکی بە دەستەوە نەداوە جگە لە تەسلیم بوونو قاییل بوون. جار جارێك کە دەستبەرداری ئەم بابەتانە دەبێتو سەروساخت لەگەڵ هزرێن بەرزتردا پەیدا دەکاتو قەسیدەیەکی میناکی "هزرەکان" دەهۆنێتەوەو هزرێن فەلسەفیانەی تێهەڵکێش دەکات، لە جیهانی هزرێن پەنهانیی بە تەمتومانو تەمومژدا غەرق دەبێت.

## ٣-نیکیتین :

ئیڤان ساڤیچ نیکیتین-ش خەڵکی (وارونژ) بووەو لە ساڵی ١٨٢٤دا لەوێ لە دایکبووەو ئەویش لە ماڵباتی سەوداچیان بووە، بەڵام کەسوکارەکەی سووکە پەیوەندییەکیان لەگەڵ کلێسادا هەبووە، ئەویش میناکی کولتسوفو نیکراسۆف بابە تێن فۆلکلۆریو عامیانەی بە شێوازێکی ریایستی تایبەتی لە قاڵبی شیعردا داڕشتووە. لە ساڵی ١٨٥٣دا یەکەمین قەسیدەی بەناونیشانی "روسیا" بڵاو بووەوە، کە شیعرێکی نیشتمانیپەروەرانە بوو، وزادەو بەرەنجامی ئەو هەستو سۆزە بوو کە هەوەڵین رووداوەکانی جەنگی قرم لەلای بێدار کردبووەوە. لە ساڵی ١٨٥٦دا کۆمەڵێك لە غەزەلەکانیان بڵاوکردەوە، بەڵام دەنگدانەوەیەکی زۆری نەبوو. دوای دوو ساڵان چامەیەکی گەورەی بە نێونیشانی "تۆفان" بڵاوکردەوە کە بە مانای سوتخۆری دێهاتیەو نیشانەی شارەزایی وردی ئەوە دەربارەی هزرێن عامیانەو تێفکرینی رەش ورووتی خەڵك کە

بەوپەڕی تواناو سواریو ڕەوانی شرۆڤەو راڤەی کردووەو هەر ئەمەش بووەتە مایەی شۆرەتو نێوبانگی. دۆستانی شاعیر ئاریکاریان کردو لە شارەکەی خۆیدا دوکانێکی کتێبفرۆشی کردەوەو ئیدی کارەکەی باشتر بوو وتوانی بە ئازادی تەواو کۆمەڵێك بەرهەم فەراهەم بکات، ئەو چونکە بە پێچەوانەی کولتسفەوە پیاوێکی زانیار بوو پتر شارەزای زمانی ئەدەبی بوو، و لەم قۆناغەدا زانیاریی ئەدەبی خۆی زیاد کرد. پاشان لێرا رۆمانێن ئەخلاقی بنووسێتو دوو رۆمانی نا تەواوی هەبوو یەکێکیان بەناونیشانی "کوێخا"و ئەویتریان بەنێوی "رۆژنامەی رەبەن". لە ئەنجامی نەخۆشی دەردەباریکە لە تەمەنی سیو حەوت ساڵیدا، واتە لە هەمان تەمەندا کە پوشکینی تیا مرد، لە ساڵی ١٨٢٤دا کۆچی دوایی کرد.

## ٤-ئالکسی تۆلستۆی :

گراف ئالکسی کۆنستانتینوڤیچ تۆلستۆی – Tolstoi (١٨١٧- ١٨٧٥) لە پوترسبۆرگ لە دایك بووەو خزمایەتیەکی دووریی دەگەڵ لیڤ تۆلستۆی، نووسەری بەنێوبانگدا هەبوو. لە پایتەختدا خوێندوویەتیو پاشان لە دەرباردا دامەزراو لە دۆستانی نزیکی تزار نیکولای دووەم بوو و لە ساڵی ١٨٥٤دا هەوەڵین بەرهەمێن شیعریی بڵاوبووەوە، ناوبانگی ئالکسی تۆلستۆی پتر بۆ ئەو سیێ درامایە دەگەڕێتەوە کە لە مێژووی روسیاوە هەڵیهێنجاون واتە: "مەرگی ئیڤانی سامناك"و "تزار فیودور ئیڤانۆڤیچ" و "تزار بوریس" هەروەها نۆڤلێکیشی دەربارەی سەردەمی ئیڤانی سامناك نووسیوە. هەروەها لە غەزەلخوانیو غەزەلبێژیو هۆزانێن پێکەنینوکێشدا دەستی هەبووەو لەم مەیدانەدا وەستاوماموستای تەواو بووە.

ئالکسی تۆلستۆی لە سیێ دراماکەی خۆیدا بە تەواوەتی حەقیقەتە مێژووییەکانی رەچاو کردووەو هەموو دیمەنە رەشەکانی سەردەمی زۆرداری روسیا بەباشی نیشان دەدات، لێ زۆربەی قارەمانەکانی سیفەتێکی دیارو بەرجەستە نیشان نادەنو وەسفو گوزارشتە دوورو درێژەکانی بە زۆری بینەرانو بیسەران ماندوو دەکەن. یەکێکی دی لە دراماکانی ئالکسی (دۆن جوانە) کە بە یادی مۆزارتی ئاوازدانەری ناودارو (هۆفمان)ی ئاڵمانی نووسیویەتیو تەنیا لاسایی کردنەوەیەکی (فاوست)ی گۆتەیەو هیچی دی.

## ٥-فت :

ئاڤانوسیی ئاڤانوسیوڤیچ فت- Fet (١٨٢٠- ١٨٩٢) لە دەڤەری ئورال لە دایکبووەو کوڕی شەرعیو ئاسایی (شنشین- Chenchine) ناوێك بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەم ناوەی بۆ خۆی هەڵبژارد. پاش ئەوەی خوێندنی لە زانکۆی مۆسکۆ تەواو کرد، بەناو سیاسەت کەتو چونکە کەسێکی کۆنەپەرست و لایەنگری کۆیلایەتی گوندییان بوو، بە تایبەتی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٥دا خەڵکی حەزیان لێنەدەکرد. یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی فت کۆ شیعرێك بوو لە ژێر سەر ناوی "پانیتون شیعر" کە لە ساڵی ١٨٤٠ دا بڵاوبووەوە، لە ساڵی ١٨٥٦دا لە خزمەتی

سـوپای سـواره خانەنشـین بـوو. دەبـێ بـە یەکـەمین شـاعیری سەمبولیسـتی روسـی بزانـرێو شاعیرانی سەمبولیستی دیکەی میناکی سالاڤیف-ش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوەوە. کۆی شـیعرەکانی بریتییـە لـە دوو بـەرگ کـە لـە زۆربەیانـدا ڕێبـازی ئەمپرسـونیزمی ڕەچـاوکردووەو هەنـدێ جـاران گەییوونەتـە ئەوپـەڕی جـوانی. شـاکاری فـت بیرەوەرییەکانیـەتی بـە ناونیشـانی "یادگارەکـانی مـن" و ئـەو پاچـڤانەیەتی کـە لـە زمـانی لاتینییـەوە کردوونـیو چـامەیەکە بـە ناونیشانی "ئاگرێن هەوەڵی شەو" کە کۆ بەرهەمی قۆناغی پیریەتی.

فـت، ناسـکی تـەبعی شـاعیرانی فەرەنسـاو هەسـتیاری هۆزانڤانـانی ئاڵمـانی لـە خۆیـدا کۆکردبووەو بۆیـە لـە ژینگـەو قۆنـاغی ژینـی خـۆی دوور بـووە. شـاکارێن ئـەو ئـەو شـیعرانەیە کـە تیایانـدا ئیلـهامی لـە گـەورە شـاعیرانی پـێش خـۆی، بەتایبـەتی پـترارك و لسـینگ و سـەعدی و حافزی ئێمە وەرگرتووە، یەکێك لە کارەکانی ئەو وەرگێڕانێکی شیعری هەندێك لە حیکایەتەکانی گوڵستانی سەعدیە، بۆ ماوەی بیست ساڵان شیعرێن وی تایبەت بوون بە وەسفی جوانی ژنانو شادیو خۆشـی ژیـانو جوانی شـەوانی هـاوین. یـان دیمـەنێن زسـتان. زۆر بەرهـەمی جـوانی لـەم بـوارەدا هەیـە لەوانـە: "تێشـت و شـەوان"و "دەشـتانی پـڕ بـەفر". بەرهـەمی شـاعیرانی مینـاکی ژوونالو هوراس و گۆتەو شەکسپیری پاچڤە کردووەو ئەو کارانەی بەناوبانگن.

## ٦-نیکراسوف :

نیکـولای ئالکسـیوڤیچ نیکراسـوف لـە سـاڵی ١٨٢١دا لـە کـەناری روبـاری ڤۆڵگـا لـە ناوچـەی یاروسلاڤل، کە بابی لە سەربازخانەکەی ئەوێ کار بەدەسـتی سـوپایی بـوو لـە دایك بـووە، دایکی بە رەگەز پولاندی بوو ناو شۆرەتی زاکرزوسکا بوو. لە هەڤدە ساڵیدا بۆ پوترسبۆرگ چوو و بابی خسـتیە قوتابخانـەی سـوپاییو چـونکە تەبیعـەتی دەگـەڵ ئـەم کـارەدا نـەدەگونجا نەچـووە قوتابخانەی نێوبراو دەیویست بچێتە زانستگە. بابی قەبوڵی نەکردو لە سزای ئەوەدا مووچەکەی لێبڕی، و ئەویش دووچاری دەستکورتییەکی خراپ بوو، بە هـەر حاڵ چونکە جۆرە خۆیبوونو ئازادیخوازییەکی لە دایکییەوە بە میرات بۆ مابووەوە لـە سـاڵی ١٨٣٨دا، دەفتـەری شـیعرەکانی هەڵگرت و ملی ڕێگەی بەرەو پایتەخت گرتەبەر.

ماوەیـەك بەوپـەڕی ناخۆشـی دەژیـا، زۆربـەی ڕۆژان بـە دەم برسـیەتیو سـەرماوە دەینالانـدو ژیانی لە ژێر زەمینێکی ساردا دەگوزەراندو تەنانـەت بـۆ نووسـینی شیعرەکانیشـی دەمـەو روو لـە سـەر عـاردی رادەکشـا چـونکە مێزوکورسـی نـەبوو ئـەم کـارەی لەسـەر بکـات. بـۆ گـوزەرانی خـۆی رووی دەکـردە هـەموو کـەس و گشـت شـوێنێك، شـیعری دەگـوت، ستایشـنامەی بـۆ ئـەم و ئـەو نووسـی، و تەنانـەت شـانۆنامەیەکی شـیعریی نووسـیو پاداشـتێکی ناچـیزی لەسـەر وەرگـرت، سـەرەنجام یەکـەمین کۆشـیعری کـە لـە منداڵییـەوە دەسـتی پێکردبـوو لـە سـاڵی ١٨٣٩دا بەناونیشانی: "هاوارو ئارەزووان" بڵاوبووەوە. هیچ شاکارێك لە نێو ئەم شیعرانەیدا نـەبوو، و

زۆربەیان لاسایی کردنەوەی شاعیرانی رۆمانتیك بوو، و پاشان کە لەم کارەی ژێوان بووەوە نوسخەکانی کۆشیعری ناڤبری دەکڕیو دەیفەوتاندن.

لە ساڵی ١٨٤٢دا بیلینسکی، ڕێگەی دا کە بێتە ئەنجوومەنە ئەدەبیەکەی ئەوەوەو کارێکی زۆری کردە سەر پەروەردەی زەوق و نەشونمای بەهرەی نیکراسۆف، ئیدی ژیانی مادیشی رۆژ بە رۆژ باشتر دەبوو.هەرچەندە نیکراسۆف زۆری نەخوێند بوو بەڵام زەوقێکی سەرریژو بەهرەیەکی بێداری هەبوو کە ئەوی بە هزرو بۆچوونەکانی بیلینسکی ئاشنا کردو بەرە بەرە ئەو باوەڕە شۆڕشگێڕیانە لەوەدا بەهێز بوو وشیعری خۆی بۆ ئەم بابەتە شۆڕشگێڕیانەی ئەو رۆژگارە تەرخانکرد، لەو رۆژگارەدا باوەڕی وابوو کە تا ئازادی بە گوندییانی زەرخرێ نەدرێ، دیموکراسی پەڕوباڵ دەرناکات، بۆیە لە شیعرەکانیا ئەوپەڕی دڵسۆزیو هاوخەمی دەربارەیان دەنواند، وئەو شاکارانەی کە لەم زەمینەیەدا بەرهەمی هێناون: "لە ڕێگەدا، باخەوان، سورتمە، نیشتمان، راو بە تاژی، بادە، عەرەبانەچی" لەو زەمانەدا یەجگار کاریگەر بوون لە بێدارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی روسیا، و بیلینسکی بەر لە هەمووان پیرۆزبایی ئەم شیعرانەی لێکردووە.

نیکراسۆف لە ساڵی ١٨٤٧دا بەڕێوەبردنی کارەکانی گۆڤاری (سەردەم)ی لە ئەستۆ گرتو تاقمێك لە باشترین نووسەرانی ئەو زەمانەی، میناکی بیلینسکی، تورگنیف، گرتسن، لیڤ تۆلستۆیو گونچارۆف و گریگۆروڤیچ-ی خوڵك کرد کە تیایدا بنووسن، تا ماوەیەکی زۆر شاکارەکانی ئەوانە لەم گۆڤارەدا بڵاو دەبوونەوە، بۆیە بڵاوبوونەوەی ئەم گۆڤارەشیان بە یەکێك لە خزمەتە ئەدەبییە گرنگەکانی ئەو زانیوە.

خۆیایە کە دەبوایە نیکراسۆف لەم گیرودارو بگرەو بەردەیەدا لە نەیارانی جدی سلاڤدۆستانو لەلایەنگرانی پرجۆشی کۆمەڵەی رۆژاواناسان بووایە. لەو کاتەدا کە ئەم گروپە بوون بە دوو دەستەی راست و چەپەوە، ئەوساش نیکراسۆف هەر نەیتوانی دەگەڵ هزری میانڕەوانەو خاووسستی راستڕەوەکاندا بسازێو هەڵبکات، ودەستبەرداری هزری توندی خۆی نەبوو، هەر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو لە ساڵی ١٨٥٤دا چرنیشفسکیو لە ساڵی ١٨٧٧دا دوبرولیوبوف-شی هێنانە ناو ئیدارەی گۆڤاری (سەردەم)ەوە.

لە ساڵی ١٨٦٢ کە ئازادی گوندییانیان راگەیاندو دوو بەرەکی کەوتە نێو گروپی رۆژاواناسانەوەو ناکۆکییەکی توندی مەسلەکی کەوتە نێوان تورگنیفو دوبرولیوبوف، هەڵبەتە ئەو هزرە توندەی لەلای نیکراسۆف بووە، دەبوایە بەرەو لایەنگریی دوبرلیوبوفی ببات.ئاشکرایە کە نووسەرانی لایەنگری باوەڕێن تورگنیف-ش دەبێ لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سەردەم وەدەربکەون،و نیکراسۆف چەند کەسێکی لە لاوانی میناکی سالتیکوف شچدرینو پومیالوسکیو گلوبوسپنسکی وسلپتسوڤ لە جێی ئەوان دانا.

لەساڵی ١٨٦٦دا گۆڤاری سەردەم دەبووایە لەبەر توندڕەوییەکانی خۆی دابخرێ، نیکراسۆف کۆڵی نەداو لە ساڵی ١٨٦٨دا گۆڤاری "یاداشتەکانی نیشتمان"ی بە ئیجارگرتو لە جیاتی سەردەم بڵاوی کردەوە، لەم زەمانەدا بەرە بەرە ناکۆکی توندی سەرمایەدارانو رەنجبەران لە ژێر

پەردە دەهاتە دەرێ و لایەنگرانی هەردوو دەستەکە ریزئارایی خۆیان دەکردو ئاشکرایە کە نیکراسۆف-یش دەبوایە لە ریزی پێشی پێشەوەی توندڕەواندا، ئەو رێیەی کە بەو بێ باکیە دەستی پێکردبوو بگەیەنێتە سەرو تەنانەت گرتنی چرنیشڤسکی و مردنی دوبرولیوبوف-یش، واتە لە دەست چوونی دوو کەس لە کاریگەرترین یارو یاوەرانی، لە کارەکەیان سارد نەکردەوە. ئەم پیاوە گەورەیە، بەوپەڕی ئازادیو بێباکی لە نێو ئەم ژیانە پڕ رەنج و دژوارەدا دەچووە پێشێ، لە دووا دوو سالی کۆتایی ژیانیدا تووشی شێرپەنجەی ریخۆلە بوو، و پاش دوو سال ئازاری گیان پروکێن، لە مانگی سپتامبەری ١٨٧٧دا کۆچی دوایی کرد.

دوا شانازییەك کە لەم دنیایەدا بەری کەوت ئەمە بوو کە لە کاتی مردندا نامەیەکی چرنیشفسکی، کە لە تاراوگەی سیبریاوە بۆی ناردبوو، پێ گەیی، لە نامەکەدا گوتبووی: "پەیڤەکانی بە نەمری دەمێننەوە. لە هەموو شاعیرانی روسی نەجیب ترو گەورەترە، نیشتمان هەمیشە رێزی دەگرێت. پیاوێکە کە روحێکی بەرزو نەجیب و ئاوەزێکی تەواوی هەیە. من بە شاعیرێکی وردی دەزانمو لە هەمووشاعیرانی روسیا بە گەورەتری دەژمێرم". کە ئەم قسانەیان بۆ نیکراسۆف خوێندەوە گوتی: "ئێستا ئیسراحەتم کردو بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەمرم". بە چەند رۆژێك دوای ئەوە مرد. هەرچەندە سەرمایەکی یەجگار تووش بوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئازادیخوازانی رۆژ، زانایان و ئەدیبان لە بەرێکردنی جەنازەکەیدا ئامادە بوون، ودۆستۆفسکی وتەیەکی کاریگەری لەسەر گۆڕەکەی داو کە دۆستۆفسکی ئەوی بە هاوتای پوشکین لە قەڵەم دا، یەکێك لە نێو ئاپۆراکەوە هاواری کرد:"بەرزتر، بەرزتر!" ئەمە هاواری پلیخانۆڤ فەیلەسوف و هزرڤانی بەنێوبانگ بوو.

بەرهەمە شیعرییەکانی نیکراسۆف بە شاکارێن بێ چەندوچوونی زمانی روسی دەژمێردرێن. لە سالی ١٨٤٦دا کۆمەڵێك لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوەو لەو کۆبەرهەمەدا وەکو نوێنەری رێبازوشێوازی ناتورالیزم لە روسیادا خۆی نیشانداوە، و گەورەترین هونەری ئەو ئەمەیە کە ئەو شیعری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە روسیادا دەست پێکردووە. گرنگترین بەرهەمی چامەیەکە بەناونیشانی "چۆن دەبێ لە روسیادا بەختەوەرانە بژی"، لە پاش سالی ١٨٧٠ەوە ئەم چامەیەی هۆنیوەتەوە .شیعری نیکراسۆف هەندێ جار وشکە، بەڵام هەمیشە دڵگیرو پڕ جۆش وهەندێ جاریش نەرم وخۆشە. ئەویش یەکێك بووە لەو پێشەنگانەی کە خۆپەرستی و بێدادی و چاوچنۆکی و تەماعکاری دارایان و دەردو ئازاری هەژاران و گوندییانی بە باشترین شێوە بەرجەستەو مەحکوم کردووەو شاکارانی میناکی "هزرین لە بەرانبەر دەروازەی کۆشك دا" و "سوتخۆر"ی... هتد داهێناوەو بڵاوبوونەوەی زانست ومەعریفەتی بە تاقە دەرمانی ئەم دەردانە زانیوە.

## ٧-شاعیرانی دیکەی ئەم قۆناغە :

لـەم قۆناغـەدا چـەند شـاعیرێکی دیکـەش ژیـاون کـە بەرهەمـەکانیان، هـەر یەکـەو لەبـەر شـتێك جوان و مایەی سەرنجن:

نیکولای پلاتونوڤیچ ئوگاریف (١٨١٣- ١٨٧٩) لە مۆسکۆ لە دایك بووە، لـە سالآنی ١٨٣٠-١٨٤٠دا بە ناودارترین شاعیر دەژمێردرا. شیعرەکانی کە پتر راستەوخۆو ئیرتیجالین بـە زمـانی سادەو رەوان و لەسەر ڕێبازی رۆمانتیکەکانەو خەسڵەتی سەرەکیان ئەمەیە کە بە زمـانی تایبـەتی رۆژگـاری خـۆی گـوتراون، بۆیـە کـۆن بـوون و لـە قۆناغـەکانی دواتـردا ئـەو جازیبەیـەی رۆژانـی هەوەڵیان نەبووە. ئۆگاریف لە دۆستانی گرتسن بووەو بەرهـەمێن خـۆی لـە گۆڤـاری "زەنـگ"دا کـە گرتسـن بـەڕێوەی دەبـرد بڵاودەکـردەوەو لـە لەنـدەن دا هەنـدێ شـیعری بڵاوکردووەتـەوە کـە لـەو زەمانەدا بڵاوبوونەوەیان قەدەغە بووە، خەڵکی زۆر بە تامەزرۆیی دەیان خوێندنـەوەو تەنانـەت لـە شیعرەکانی نیکراسۆفیان بە بـەرزتری زانیـون، شاکارەکانی کـە بریتیین لـە : (شـۆخی، شـەوانە، گفتوگـۆی یـەك لایەنـە، و رۆژی زسـتان)، ئاوێتەیـەکی سـەیرە لـە رەشـبینی بـە شـێوازی بـایرون و گەشبینی کە هیچ دیار نییە بۆ ئەمەی کردووە.

یاکوف پتروڤیچ پولونسکی ١٨١٩- ١٨٩٨) لـە یـازان لـە دایك بـووە، هـەوەڵین بەرهـەمی لـە سـاڵی ١٨٤٤دا بڵاوبووەتـەوەو ماوەیـەکی زۆر لـە نێـو شـاعیرانی رۆمانتیکـدا پایەیـەکی بـەرزی هـەبووەو باشـترین شـیعری ئەوانەیـە کـە بـەر لـە سـاڵی ١٨٧٠ گوتـوونی. پولونسـکی هەوڵیـداوە شـێوازی ریـالیزم بێنێتـە نـاو غەزەلـەوە، بـەڵام هەمیشـە نـەیتوانیوە هـزرێن خـۆی بـە ئاسـانی بەرجەستە بکات، پۆلونسکی لە سەرەتادا لە دۆستانی نزیکی تورگنیف بووە، بۆیـە نووسـەرانی سەر بە ڕێبازی ریالیزم لە مۆسکۆدا ئومێدیان پێی هەبووە. یەکەمین کۆ هۆزانی بەناونیشانی (کۆ ئاوان) کە لە ساڵی ١٨٤٤دا بڵاوکردووەتەوە تا ئەندازەیەك شۆرەتی بۆ فەراهەم کردووە، بەڵام دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە قەفقاز ماوەتـەوەو رۆژنامەیـەکی فـەرمی بـەڕێوە بـردووەو بـەدەم ئـەو کـارەوە سـێ کۆهـۆزانی خـۆی بڵاوکردووەتـەوەو ناونیشـانی سـێیەم کۆهـۆزانی ئـەم وشـە گورجییەیـە (سـازاندار) کـە لـە (سـازدار)ی فارسـییەوە وەرگـیراوەو بـە مانـای سـازژەن دێـت، لـە ساڵانی ١٨٥٦- ١٨٦٠دا لە رۆماو پاریس بووەو کە لـەم سـەفەرەی گەڕاوەتـەوە بـووە بـە مـاموری سانسۆری رۆژنامەو بڵاوڤۆکانی بێگانەو ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی هـەموو چاپەمەنیان، و لــە پــاڵ ئەمــەوە بەرهەمــەکانی خــۆی لــە زۆربــەی رۆژنامــەو گۆڤــارانی ئــەدەبی ئــەو زەمانــەدا بڵاودەکـردەوە، وچـونکە سـەربە هـیچ دەسـتەو حیزبێـك نـەبووە، هــەموو کـەس بەرهەمــەکانی دەخوێندەوە. یەکێك لـە شـاکارەکانی قەسـیدەیەکە بـە ناونیشـانی "سیسـرکی سـاز ژەن" و لـەم قەسـیدەیەدا سیسـرکێك دڵبەنـدی ئـاوازی بولبولێـك دەبێـت و بێهـودە هەوڵـدەدا بتـوانێ هـەڤرکی بولبولەکە بکات.

ئاپولون نیکولایوڤیچ مـایکوف (١٨٢١- ١٨٩٨) لـە مۆسـکۆ لـە دایـك بـووەو یەکـەم شـیعری لـە سـاڵی ١٨٣٥دا بڵاوبووەتـەوە. لـە هەوەڵـەوە لاسـاکەرەوەی شـاعیرانی یۆنـانی کـۆن و (ئانـدرێ شنیە)ی فەرەنسـی بـووەو لـەم شیعرانەدا ئەگەرچی هەمیشـە خوێنسـاردیو بـێ لایـەنی خـۆی لـە دەسـت نـەداوە، بـەلای کەمـەوە لـە وەسـفی تەبیعـەت و وەسـفی دیمەنانـدا زەبـەر دەسـت بـووە. لـە

سەردەمی خۆیدا ناوبانگێکی شایستەی هەبووەو ئێستا ئەو شۆرەتەی کەم بووەتەوە. یەکێك لە تراجیدیاکانی بە ناونیشانی "دوو جیهانە" بابەتەکەی هەمان بابەتە کە گۆتەو ئاناتول فرانس-ش خستوویانەتە روو، ئەویش ململانێی شارستانیەتی عیسەوییە لەگەڵ شارستانیەتی کۆندا، مایکوف، لەو دەوروزەمانەدا کە ناکۆکی توند لە نێو ئەدیبانی روسیادا لە دەوروبەری ١٨٤٠دا هەبووە، لەم ئیتاڵیا دەژیاو کە لەم سەفەرەی گەڕاوەتەوە بووە بە ئەندامی دایەرەی سانسۆری چاپەمەنیانی فەرەنگی. لە کاتی ئاکنجی بوونی لە رۆمادا، لە ساڵی ١٨٤٢دا قەسیدەیەکی بەناونیشانی "سکێچانی رۆحی" گوتووەو چەند قەسیدەیەکی تری بە ناونیشانێن (ساڤونارولا، شورای ئاینی کلرمۆن، ئیعتراف مەلیکە) گوتووە. سەرەنجام لە جەنگی قرمدا شۆرەتی خۆی لە خۆی لە دەست دا چونکە لە ساڵی ١٨٥٤دا چامەیەکی بەناونیشانی (ساڵی ١٨٥٤) بڵاوکردەوەو لە دەستەی رۆژاواناسان دابڕاو بوو بە یەکێك لە دەستەی سلاڤدۆستان و موریدانی فەلسەفەی یونانی تازە. لەم سەردەمەدا، لە ساڵانی ١٨٦٠- ١٨٨٠دا دوو کۆهۆزانی بلاوکردەوە کە پاچڤە یان بە گوتەیەکی دی گێڕانەوەیەکی تازەی بەیتە سلاڤییە کۆنەکان بوو. مایکوف، لە کێشماکێش و ململانێیە سیاسی و فیکرییەکانی زەمانی خۆی بە دوور نەبووەو چامەی (شازدە خانم)ی کە باشترین نموونەی شێوازی ئەوە، رەنگدانەوەیەکی ئەم کێشماکێشانەیە، لەم چامەیەدا یەکێك لە کەشیشانی جزویت-ی پاریس کیژێك لە یەکێك لە نەجیمزادەکانی روسیا پەیدا دەکات کە دوور لە دایکی پەروەردە بووەو نەهلیست دەرچووە. شەوێك لە کۆڕێکی سەمادا ئەم کیژە ناجسن و ناخەڵەفە دەچێتە لای دایکەکەی و داوای ئەو بەڵگەنامە گرینگە دەکات کە لەدەف وی بووەو هەڕەشەی لێدەکات کە ئەگەر نەیداتێ رازی لە دایکبوونەکەی خۆی لەقاو دەدات و دایەرەی ئەمنی لێ ئاگادار دەکاتەوە. ئەم خانمە نەجیمزادەیە دەبورێتەوەو گیان دەسپێرێت.

مایکوف بەر لە مردن دوو چامەی دیکەی خۆی بەناونیشانێن: "سێ مردوو" و "دوو جیهان" کە لە سەفەری ئیتالیادا بناغەی داڕشتبوون و تەواوی نەکردبوون، تەواو کردو دەشێت ئەم دوو چامەیە بە شاکاری وی دابنرێن، لە چامەی یەکەمدا هزری سێ کەس، کە نمایندەی شارستانیەتی خوداوەندانن لە دوا رۆژەکاناو لە دەمی مەرگدان، واتە لوکانی شاعیرو سنکی فەیلەسوف و لوسیوسی مریدی پرەنسیپانی ئەپیکوری شەرح و شرۆڤە کردووەو نەیرونی ئیمپراتۆری ستەمکاری بەناوبانگ هەرسێکیانی بە تاوانی هاودەستی لە کوشتنی (پیزون)دا مەحکوم بە مەرگ کردووە.

قارەمانانی بەیت و چامەی (دوو جیهان) ئودسیوس، لە نەجیمزادەکانی رومایە کە لە کۆڕێکی زیافەتدا لە کۆشکەکەی خۆیدا دەرمانخوارد دەکرێ، ولیدا ناوێکە کە ژنێکی هەستیارو دڵناسکەو بەنموونەی عیسەویەت دەژمێردرێ.

کونستانتین کونستانتینوڤیچ سلوچلوڤسکی (١٨٣٧- ١٩٠٤) لە سان پورتسبورگ لە دایك بووە.. ئەم پیاوە (رۆژنامەی دەوڵەت)ی بەڕێوە دەبردو لە ساڵی ١٨٦٠دا یەکەمین هۆزانی خۆی بڵاوکردووەتەوە.

گرینگی ئەو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە زەمانی ئەودا شاعیرێکی گەورەی ئەوتۆ نەبووە کە هەڤڕکی ئەو بکات، زۆربەی شیعرەکانی هزری فەلسەفەی میتافیزیکیانە یا هزرێن هەندیٚ دەڤەرێن تایبەتی روسیایان لە خۆگرتووە.

ئالکسی نیکولایوڤیچ ئاپوختین (١٨٤١- ١٨٩٣) لە کۆلیجی ماف سانپوترسبۆرگ دا هاوپۆلی چایکوفسکیی ئاوازدانەری هەرە بەنێوبانگی روسیا بوو، یەکەم هۆزانی لە ساڵی ١٨٨٦دا بڵاوبووەتەوە. شیعرەکانی رێك پێچەوانەی شیعرەکانی (نادسون)ـە کە لە خوارەوە ناوی دێت و ئەو بە یەکەمین شاعیری چینی رۆشنبیری روسیا دەزانین. ئاپوختین و نادسون کە شاعیرانی نمرە دوون لە قۆناغێکدا بوون کە هەڤرکێکی بە توانایان نەبووە، بۆیە ناویان دەرکردووە.

سیمین یاکوڤلوڤیچ نادسون (١٨٦٢- ١٨٨٧) جولەکەی روسیا بووە، لە ژیانیا زۆر بەناوبانگ بووەو چینی رۆشنبیران زۆریان کەیف بە قسەکانی هاتووە، هەر چەندە هیچ هزرێکی تایبەتی لە قسەکانیا نیە، بەڵام پرشنگ وئاوازێکی راستگۆیانەو دڵسۆزانەو زمانێکی یەجگار رەوانی ئەوتۆیان تێدایە کە بووەتە مایەی ئەوپەڕی ئیمتیازیان. دیارە عەوامی خەڵکیش جگە لەمە هیچی دیکەیان نەگەرەکە، بۆیە نادسون دڵی بەدەست هێناون. تاقە عەیبی هۆزانێن وی کە بەرێکەوت لە زۆر ئەدەبیاتی روسیدا دەبینریٚ ئەمەیە کە یەك نەواو یەك ئاهەنگەو هەمە جۆرییەکی ئەوتۆی تێدا نییە، بە شێوەیەکی گشتی سازێکە لە یەك ئاواز پتر ناژەنیٚو گەرویەکە کە لە یەك ناڵەو لە یەك سکاڵا پتری لیٚ نایەتە دەریٚ. سکاڵایەکی فرە لە هۆزانەکانیدا هەیە وەکو لەم نیوە بەیتەدا دیارە: "ئاه، من چاوەنۆڕی شتێکی ئەوتۆ لە چارەنووس ناکەم" یان " ئازارێن بالاتر لە ئەشکەنجەش هەیە..." یا "دەترسم شێت ببم..." یا "خەونی مەرگم دیتووە..." یا "ئەی فریشتەی شیعر، من بەوەزع و حاڵێکی گەوجانەو بێرەحمانە دەمرم..." یان ((لەم گۆڕستانەی دراوسێمدا سووچێك شکدەبەم...)) و گەلێکی دیکە لەمجۆرە هاوارو قیڕینە پڕ لە ناکامیو نامرادیو نا ئومیدیانە کە تەقریبەن سەرانسەری چوار سەد پەڕەکەی کۆهۆزانەکانی گرتووەتەوە. ئەم شاعیرە لە تەمەنی بیست ساڵیدا، پێشوەختە چارەنووسی ترسناکی هاوکارەکانی خۆی، لیرمانتۆفو کولتسوفو ئەوانی دیکەی لە خۆیدا دەبینی. مەرگ لە بەرچاویا ئاشکراو حەتمی بووو نەك هەر دژمنی هونەرەکەی ئەو بوو بەڵکو دژایەتی بەختەوەریەکانیشی دەکردو تاقە تەسەلاو دڵخۆشی ئەو خۆشەویستییە بوو کە لە نێو خەڵکیدا هەی بوو. هۆزانێن نادسۆن، نیشانەیەکی روونی خەڵکدۆستیی ئەوو خۆیبوونی خودی (زاتی) ئەونو لێوان لێون لە هەستو سۆزان. بۆیە نادسون بە باشترین دەربڕی زەمانی خۆیو بالاترین پسپۆڕی دەربڕینی ناکامیەکانی خەڵکی ئەو زەمانەی روسیا دەزانن کە بە هەموو ئەمەشەوە هێشتا هەر ئومێدیان بە ئایندە هەبووەو چاوەڕوانی رۆژی خۆش بوون. ئەم لاوە بیستو پێنج ساڵانە سیلدارە بە مەبەستی هەلاتن لە مەرگ پەنای وەبەر یاڵتا برد بوو لە قرم. بە گوێرەی راپۆری پزیشکەکان هێرشو دەسیسەی خاینانە کردیە کاریك کە زووتر لە وەختی خۆی مرد، ئەو کەشتییە هەڵمەی کە (پوشکین)ی ناو بوو،و وەك بڵێی ئەم ناوەش ژەهرخەنێکی پڕمانای

ناکۆکیەکانی جیهان بوو، جەنازەکەی بۆ ئودیسا بردەوەو لەمەش سەیرتر ئەمە بوو لە کەناری مەزاری بیلینسکی و دۆستۆفسکیدا بەخاکیان سپارد.

ڤلادیمیر سیرگیوڤیچ سولوڤیوف (١٨٥٣–١٩٠٠)، کوڕی (سولوڤیون)ی مێژوونووسی بە نێوبانگە کە پێشتر باسکرا. لە مۆسکۆ خوێندنی تەواو کردووە، هەر لە سەرەتاوە دڵبەندی هزرێن پەنهانی و کەشف و شهودێکی تایبەتی بووە. لە هەوەڵەوە کەوتە دانانی کتێبانی فەلسەفی و یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانی بە ناونیشانی (سێ گفتوگۆ)یە. هەڵبەتە خۆی لە فەلسەفەی خوایی و پرەنسیپانی دیالکتیك–ش داوە. لە حیکمەت و فەلسەفەی خواییدا باوەڕی بە پرەنسیپی دەسەڵاتی ڕەبانی هەبوو، و هەوڵیداوە کڵێسای کاتولیك لەگەڵ کڵێسای ئورتەدوکس دا پێك بێنێ. لە سیاسەتدا بە نەفەسێکی توند دژی هزرێن نەتەوەیی ئەلکساندەری سێیەم بووە. کتێبی (سێ گفتوگۆ) کە گرنگترین بەرهەمی ئەوە لە ساڵی ١٨٩٩دا بڵاوبووەتەوە. بەڵام لە شیعردا هەر چەندە شاعیرێکی بە توانا نەبووە هەندێ بەرهەمی جوانی لە پاش بەجێماوەو لە هاوکارانی نزیکی فت و ئەلکسی تولستۆی بووە. زۆر دڵبەندی شاعیرانی سەمبولیست بووە، بە تایبەتی بلۆك و ئاندرێ بیلی، و ئەویان بە هاوتای سلوچوڤسکی زانیوە.

ئینوکنتی فیدوڤیچ ئاننسکی (١٨٥٦– ١٩٠٩)، یەکەمین بەرهەمی بەناونیشانی "سرودێن هێمن" لە ساڵی ١٩٠٤دا بڵاوبووەتەوەو بەرهەمەکانی تریان لە پاش مردنی لە ساڵانی ١٩١٠–١٩٢٢دا بڵاوکردووەتەوە. ئاننسکی شاعیرێکی سەمبولیستی مەنگ ومەندە کە گوزارشت و دەربڕینەکانی کەمێك بە تەمتومانە، بۆیە لەم زەمانەدا بەو رادەیە پەسند نیە. ئەوەی کە لە بەرهەمەکانیا مایەی سەرنجە بابەتگەلێك دەخاتە روو کە لە بابەتەکانی گۆگۆل و دۆستۆفسکی دەچن و لە بابەتی ڤارلین و مالارمێ، شاعیرانی سەمبولیستی فەرەنسییەوە نزیکە.

## فەسڵی یازدەیەم

## گەورە نووسەران

زمانێك كـە نووسـەرانی میناكی گوگـول ودۆستۆفسكی و تورگنیـف و تەنانـەت گونجاروف و ئوستروفسكی پێكـەوە لەیـەك قۆنـاغ و سـەردەم دا پـەروەردە بكـات و رۆژگارێك كـە ئـەم ئەسـتێرە گـەش و پڕشنگدارانە لـە باوەشـی خـۆی بگرێ جێـی خۆیـەتی بەسـەر هـەر زمـان و هـەر رۆژگـارو زەمانێكدا بنازێ، وئـەم خەسڵەتە گرینگە لـە پشكێكی سـەدەی نۆزدەیـەمی ئـەدەبیاتی روسیادا بەرجەستەو دیارە

### ١-گۆگۆل :

نیكـولای ڤاسـیلیوڤیچ گۆگـۆل- Gogol رێـك دە سـاڵ پـاش پوشـكین، لـە هـەیڤی مارسـی ١٨٠٩دا لە ساراچینتز لە وڵاتی ئوكراین هاتە دنیاوە، لە تۆ وایە جیهان ویستوویەتی ئەو درێژە بە كاری پوشكین بدات، ئەو گوندەی كە گۆگۆلی تیا هاتـە دنیاوە سەر بە دەڤەری میرگورودی ناوچەی پالتاڤا بوو كە گەلەك رووداوی گرینگی بەخۆوە دیتبوو، ڤاسیلی بابی گۆگۆل پیاوێكی بـە زەوق بـوو، نـەقڵ وحیكایـەتێن فۆلكلـۆری وڵاتـی خـۆی بـە باشـی دەزانـی و تـا تەمـەنی گۆگـۆل گەییـە پـانزە سـاڵان و ئـەو لـە دنیـادا بـوو بـە هـیچ جـۆرێ درێغـی لـە پـەروەردەكردنی ئـەم كـوڕەو پـەروەردەكردنی بـەهرەی هونـەری، بـە تایبـەتی لـە واری نیگاركێشـی و ئـەدەبیات و مۆسـیقاو تەنانەت شانۆنامەشدا، نەكردووە. تەنانەت بە زمـانی ئۆكرانی چەند كۆمیدیایـەكی نووسـی بـوو كـە پاشـان كوڕەكـەی سـوودی لێیـان بینی. ئـەم منداڵـە، سـەردەمی منداڵیـەتی بـە خۆشـی لەسـەر زەمینی پاراوو سەوزەزارو خوڕەمی خۆیدا رابوارد. لـە قوتابخانەیـەكی دواناوەنـدی شـاری نیـژین دا خوێندوویەتی.

دایكی ژنێكی سادەو دیندار بوو، وچونكە كوڕەكەی فرە خۆش دەویست لە هیچ شتێكدا درێغی لێنەكردووە. هەڵبەتە دەبووایە بیروباوەڕی ئەو لە زەینی كوڕەكەیدا بنج دابكوتێ، هەر بۆیە لە كۆتایی تەمەنیا كە دووچاری پەشێوی هزری بوو، پەناگەوسوكنایی خۆی تەنیا لە ئایندا بینییەوە.

گۆگۆل لە منداڵی خۆیدا لەشكركێشی ناپلیۆنی یەكەمیشی بینی و چەند ساڵێك دوای ئەوە زۆرو ستەمكاری نیكولای یەكەم گەیی بووە لوتكە، ئەوە بوو لـە ساڵی ١٨٣١دا كە ئـەم نووسـەرە گەورەیـە تـازە بـەرەو شـۆرەت و نێوبـانگ هـەنگاوی دەنـا. ژیـانی ئـەدەبی روسیا گیرۆدەی زنجیرە سـەختگیرییەكی تایبـەتی بوو بوو. (ئۆڤاروف)ی وەزیـری مـەعاریف لـە دەربـاری نیكـولا، هـەمان توندوتیژی و ستەمكاری ئاسنینی بەسـەر زانسـت و رۆشـنبیریدا سـەپاند بـوو وهـەمان ئـەو زەبـرو زەنگ و سەختگیری و گوشارانەی كە (مەتـەرنیخ)ی سـەرەك وەزیرانـی نـاوداری نەمسـا، ئـەم جـۆرە

پیاوانەی پیٚ گۆش کردبوو، سەپاند بوو، سەیر ئەوە بوو کە ئەم سەختگیرییە گیان پرۆکێنانەیان بـە بەڵگـەی سـەقامگیری‌و ئـارامی نەتـەوەیی‌و بـە یـەکێك لـە نیشـانەکانی سـەربەخۆیی وڵاتیـان دەزانی‌و ناویان نابوو "ناسیونالیزمی فەرمی".

تەنانـەت هەنـدیٚ لـە نووسـەران دەسـتیان دەگـەڵ ئەمنـدا تێکـەڵ کردبـوو وچـەند نووسـەرێکی مینـاکی "گـریچ – Grietch)و بولگـارین وسنکوڤسـکی – Senkovski لـەم ماستاوچـیەتی‌و ریاکاری‌وخۆشـخزمەتیانەدا هـەڤرکی یـەکتریان دەکـردو لـە هـەموویان بـیٚ ئـابڕوتر "کوکولنیـك– Koukolnik) ناوێك بوو کە لە وەڵامی یەکێکدا کە ئیعترازی لیٚ گرتبوو بۆچی بە ئەمرو فەرمان شت دەنووسێت، گوتبووی: "ئەگەر سبەینیٚ فەرمانم پیٚ بدەن کاری دایەنی‌و مامانیش دەکەم".

گوگۆل، دەبووایە لە ژینگەیەکی واهیدا پیٚ بنێتە ناو ژیانی ئەدەبییەوە، بەگوێرەی دابی بـاوی ئـەو زەمانـە قۆنـاغی خوێنـدنی سـەرەتایی لـە ماڵـەوە خوێنـدبوو. بـەڵام ئـەو خەڵکـە عـەوام‌و جووتکارانـەی کـە دەی بیـنین، سـەرباری ئـەو حیکایـەت‌و نەقڵانـەی بـابی بـۆی دەگێڕایـەوە، حیکایـەتی شـەڕو سـەربورو گیانبـازی خـەڵکی ئوکراینیـان لـە بەردەمیا دەگێڕایەوەو ئـەم نـەقڵ‌و حیکایەتانە کاریگەرییەکی جاویدانیان کردووەتە سەر شاکارەکانی ئەو، جا چ چیرۆکەکانی‌و چ رۆمانە بەناوبانگەکەی (تاراس بۆڵبا).

لە ئامادەیی نیژین دا بەهرەکانی گۆگۆل یەك یەك دەردەکەوتن. رەسمـی باشـی دەکـرد، کورتـە چیرۆکی باشی دەنووسی، سەبارەت بە کۆمیدیا زۆری حەز لیٚدەکردو شیعریشی دەگوت.

هیچ بەرهەمێکی ئەم قۆناغەی ژیانی گۆگۆل لە دەستدا نییە، و گۆگۆل بـە خـۆی سـوتاندوونی. لە کۆتایی قۆناغی ئامادەیی دا لە کەڵکەڵەی ئەوەدا بوو بە زووترین کـات خـۆی بگەیەنێتـە شـاری پوترۆسـبۆرگ‌ولە پایتەختـدا شـتێك بـە شـتێك بکـات، لـە ئامـادەیی نیژینـدا بـە چـاولێکەریی ئامـادەیی بـە نێوبـانگی تسارسـکویە سـلو، کـە نـەجیمزادەکانی پایتـەخت لەوێـدا دەیانخوێنـد، رۆژنامەیـەکیان دروسـتکرد بـوو وبەرهـەمی قوتابیـەکانیان تیـا بڵاودەکـردەوە، گۆگـۆل لـەم رۆژنامەیـەدا یەکـەم رۆمـانی بـە ناونیشـانی (برایـانی تڤێردیسلاڤیچـی) بڵاوکـردەوە کـە لاسـایی سـاڵنامەکانی ئـەڵمانی کردبـووەوە کـە لـەو سـەردەمەدا بـاو بـوو، دوای ئـەوە درامایـەکی بـە ناونیشـانی (رێگـران) بڵاوکـردەوە کـە دیـارە لاسـایی شـیلەری کردووەتـەوە، هـەروەها هەنـدیٚ شیعری شۆخی‌و پێکەنینۆکی بڵاوکردەوە کە شتێکی تازەیان تیا نەبوو. بۆیە بە هێڤی بوو کە لـە پایتەختـدا زیـاتر پـێش بکـەویٚ. لـە کتێبێکـدا کـە بـە ناونیشـانی (ئیعترافـەکانی نووسـەرایەتی) نووسیویەتی بەم جۆرە وەسفی ئارەزوو و کەڵکەڵەکانی ئەو زەمانە دەکات: "لەو ساڵانەدا کە بیرم لـە ئاینـدەی خـۆم دەکـردەوە، هەمیشـە وام تەسـەور دەکـرد دەبمـە پیـاوێکی نـاودار، مەیـدانێکی کـراوەم لـە بـەردەما دەبـیٚ‌و کـاری گـەورە بـە قـازانجی خـەڵکی دەکـەم‌و وام خـەیاڵ دەکـرد کـە بـە تایبـەتی کـارێن دیـوانی (کـارگێڕی) بـۆ پێشڤەچـوونی خەیاڵـەکانی مـن وبـۆ وەدیهـاتنی خولیـاو ئارەزووەکانی من زەمینەیەکی یەکجار لە بارو شایستە دەبێت".

گۆگۆل بەم خەیاڵانەوە لە ساڵی ١٨٢٨دا کە نۆزدە ساڵان بوو رێگەی پایتەختی گرتە بەرو بـە هـەزاران خولیـاو ئـارەزووی ئـەدەبی‌و سیاسییەوە خـۆی بـە پوترۆسبۆرگدا کـرد. وەکـو گـەلێك لـە

خەڵكی ئۆكراین هەم حەنەكچیو هەم خەیاڵاوی، هەم خەیاڵڕێس و هەم حەقیقەت بین، هەم وردبینو هەم چاولێكەر بوو، بەڵام هەندێ سۆخەتێن دیكەی هەبوون كە لە خەڵكی ئۆكرایندا نەبوون ئەوەیش ئەمە بوو كە مرۆڤێكی مەندومەنگو توندە تەبیعەتو توڕە بوو بەڵام دڵناسك نەبوو.

لە گیروداری ململانێی پایتەختی تزاراندا گۆگۆل هیچ دۆست و ئاشنایەكی نەبوو، هەموو ئەو دژواریو ناڕەحەتیانەی لە ژیانی شارێن مەزندا دێنە پێشێ، لەو روویدا. زۆری حەز لێبوو، لە كاری دەوڵەوتیدا دابمەزرێو، هەوڵی فرەی دەدا كە لە شانۆدا بەشداری بكات بەڵام سەر نەدەكەوتو كاریگەریی ئەم هەوڵە بێهودانە لە بەرهەمەكانیا خویایە. لەم سەردەمەدا لێبڕا بچێتە ناو ژیانی ئەدەبییەوەو یەكەم شتێك كە بڵاوی كردەوە چامەیەك بوو لە ژێر سەرناڤی "گانتس كوخلگارتن" كە بە هەمان رێبازی رۆمانتیكی سەردەمی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی نووسی بوویو لە راستیدا وەسفی ناكامی خۆی بوو لە ڤیانو ئاشقێنیدا. ئەم قەسیدەیەی بە ناوی خوازراوی (ڤ. ئالوڤ – V. Alov) بڵاوكردەوە، بەڵام تاقە كاریگەریی ئەم بەرهەمە ئەوە بوو كە (ن. پالوڤی– N. Palevoi)ی رەخنەگری ئەو زەمانە گوتارێكی توندی تەوسامێزی لە رۆژنامەی (تەلەگرافی مۆسكۆ)دا لەسەر نووسیو كەس قەسیدەی ناڤبری نەكڕی. گۆگۆل هەموو ئەو نوسخانەی كە لای كتێبفرۆشییەكانی دانا بوون وەرگرتەوەو بەو پارەیەی كە لە دوای چاپكردنی قەسیدەی ناڤبری بۆی مابووەوە ژوورێكی بە كرێ گرتو هەموو نوسخە نەفرۆشراوەكانی لەو ژوورەدا سووتاند. لەم قۆناغەدا ئارەزووی سەردانی زاگەی خۆی دەكرد، سەردانێكی شاری "لوبك"ی لە ئاڵماندا كردو لەوێندەرەوە بەرەو مەفتەنی بابو باپیرانی خۆی رۆییو لەو ماوەیەدا كە لە شاری نیژین مایەوە رێبازی نووسینو نووسەرایەتی خۆی گۆڕی و لێبڕا ئەو نەقڵو حیكایەتانەی كە لە منداڵی را لە مەفتەنی خۆی بیستوویو ئەو سەربورو بەسەرهاتانەی كە لەمەڕ خەڵكی ئۆكراین لە بیری ماون بنووسێتەوە، ئەوەبوو یەكەمین كۆچیرۆكی لەساڵی ١٨٣١دا لە ژێر سەرناڤی (شەونشینیەكانی مەزرای دیكانكا)دا بڵاوكردەوەو ئاقیبەت ئەو شۆرەتەی لە ئەدەبیاتدا ئارەزووی دەكرد هاتە دی. ئەم چیرۆكانە هەوەڵجار لە گۆڤاری (یاداشتەكانی نیشتمان)دا بڵاو بوونەوە، چونكە بە تەواوەتی بوونە مایەی سەرنجو بایەخی خەڵكی ئیدی گۆگۆل لەوە بەدواوە چەند چیرۆكێكی دیكەی بەناونیشانی "هەفتە بازاڕی ساراچینتسی" (ناوی گوندەكی نزیكی زاگەی خۆیەتی)و "شەوی جەژنی سەن جان"و "شەوی مانگی مایس"ی بە هەمان شێواز بڵاوكردەوە.

گۆگۆل ئەم چیرۆكانەی بە شێوازێك نووسی كە بەر لەو پوشكین دەست پێشكەری تێدا كردبوو، بەڵام چونكە شەقڵو مۆركێكی ناوچەییان هەبوو وجوانیە مادیو مەعنەوییەكانی ئۆكراینی بە باشترین شێوە دەردەبڕی، لە چیرۆكەكانی پۆشكین جیاوازترو پەسندتر بوونو بە شێوەیەكی نا راستەوخۆ رێگەی ئەدەبیان بە گۆگۆل نیشاندا. لەم سەردەمەدا گۆگۆل ئاقیبەت توانی بووی لە كاری دەوڵەتی دابمەزرێو لەوە بەدواوە بە خەیاڵی ئاسوودە درێژەی بە كارە ئەدەبیەكانی خۆیدا.

گۆگۆل کۆ چیرۆکی "شەڤەریانی مەزاری دیکانکا"ی بە نێوی خۆیەوە بڵاونەکردبووە، بەڵکو بە ناوی خوازراوی "پانکوکندو دارسرخ" بڵاوی کردبووە. سەرباری ئەو زەوق و سەلیقە تایبەتیەی کە لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەدا بەکاری هێنا بوو، وەسفێکی دڵگیری سروشتیانیش تێدا بوو. خەسڵەتێکی سەرەکیانش هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە گۆگۆل یەکەم کەس بوو کە وێنەیەکی شاعیرانەو زندووی خەڵکی سادەو گوندییانی دووره دەستی روسیای هێنا بووە ناو ئەدەبیات و هەر ئەمەش بووە هۆی رەونەق و رەواجی ئەم چیرۆکانە. ئەم چیرۆکانە بە ئەندازەیەك دەنگیان دایەوەو پەسند کران کە پۆشکینشیان، کە لەو سەردەمەدا لە هەرەتی شۆرەتی خۆیدا بوو، راکێشاوە، پوشکین دەربارەیان دەنووسێت و دەڵێت: "ئێستا لە خوێندنەوەی کتێبی شەڤەریانی مەزرای دیکانکار بوومەوە. جوانی ئەم کتێبە سەرسامی کردووم. ئەو شیرین زمانی و حەقیقەت بێژی و ناسکی و راستگۆیی و دڵسۆزییەی کە بێ هیچ غەل و غەشێك و بێ هیچ زێدەرۆیی و رواڵەتبازی و هەندێ جار لەگەڵ هەستی زۆر شاعیرانەدا بەرجەستەیان کردووە، هەر هەمووی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێمەدا بێ پێشینەیەو ئاسایی نین، هێندەیان کار تێکردوم کە هێشتا وەئاگا نەهاتوومەتەوە، پانکو کندو دارسرخ، دەتوانێت بە جۆرێ خەڵکی بێنێتە پێکەنین کە هیچ کەسێکی خەڵکی پایتەخت بە تۆزی پێیدا نەگات. بیستوومە کاتێ کە وەشانکاری کتێبەکە چووبوو بۆ ئەوە چاپخانەیەی کە ئەم کتێبەیان لێی چاپ دەکرد، سەیری کردبوو پیت چینەکان دەستیان بە ورگیانەوە گرتووەو پێدەکەنن. سەرکاری چاپخانەکە پێی گوتبوو هۆی پێکەنین و خۆشحاڵی کرێکارەکان ئەو کتێبەیە کە خەریکی پیت چنینەکەین. هەڵبەتە ئەگەر (مولیرو فیلدینگ)ش بیانتوانیبا چاپکەرێن بەرهەکانیان بەو جۆرە بێننە پێکەنین خۆشحاڵ دەبوون. من پیرۆزبایی لە خەڵکی دەکەم کە کتێبێکی ئەوەندە دڵگیریان بە دەست کەوتووەو لە ناخی دڵەوە ئومێدەوارم کە نووسەری کتێبەکە سەرکەوتنی دیکەش بە دەست بێنێ" ئەم نووسینەی پوشکین باشترین دەربڕی بیروبۆچوونی خەڵکی ئەو سەردەمەیە سەبارەت بەم چیرۆکانەی گۆگۆل.

گۆگۆل، لەساڵی دواتردا بەشی دووەمی کتێبی "شەڤەریانی مەزرای دیکانکا"ی بڵاوکردەوە کە چیرۆکی "ئیڤان فیودوروفیچ و پوری" بە جوانترین چیرۆکی ئەم بەشەو بە شاکاری ئەو دێتە ژماردن، گۆگۆل لەم بەشی دووەمدا زیاتر بە ناو وردەکارییان کەوتووەو بە زمانێکی روونترو وردتر وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی ژێر دەست و دەستکورتی و ناڕەحەتی و بەدبەختییەکانیانی راڤەو شرۆڤە کردووەو بەمجۆرە گۆگۆل رۆژ بە رۆژ پتر لە رای گەشەپێدانی شێوازی خۆیدا کە شێوازێکی تازە بووە لە ئەدەبیاتی روسیدا، تێکۆشاوەو لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم رێبازە تایبەتیەی خۆی و مرۆڤدۆستی و سادەیی و روونی و رەوانی تایبەتی نووسینی خۆی زیاترو زیاتر پەرەداوە.

گۆگۆل، لە ساڵانی ١٨٣٣و ١٨٣٤دا هەندێ چیرۆکی دی نووسی و لەو بەینەدا دەستی دایە دانانی کتێبێك لە ژێر سەرناڤی "مێژووی قۆزاقانی مالاروسیا"و لە زنجیره وتارێکدا رای خۆی

دەربارەی دانانی ئەم کتێبە رونکردووەتەوەو گوتوویەتی مەبەستی ئەمەیە کە داب و نەریت و ئاکارو رۆحیاتی خەڵکی ئۆکراین لەم ڕێگەیەوە نیشان بدات.

لە ساڵی ١٨٣٥دا کتێبێکی دیکەی بەناونیشانی "میرگۆرۆد– Mirdgorod" بڵاوکردەوە. میرگۆرۆد ناوی ناوچەیەکە کە گۆگۆل لەوێندەر هاتووەتە دنیا، و لەژێر ئەو ناونیشانەدا نووسی بووی: "ئەم چیرۆکانە بە درێژەی شەڤهەریانی مەزرای دیکانکا دەژمێردرێن".و ناوی خوازراوی (پانکوکندو داروسرخ)ی لابرد بوو وبۆ یەکەمجار کتێبەکەی بە ناوی راستەقینەی خۆیەوە بڵاوکردبووەوە. ئەگەرچی گۆگۆل ئەم کتێبەی بە درێژەو تەواوکەری کارەکانی پێشووی خۆی دەزانی، بەڵام لە راستیدا حەقیقەتجۆیی ئەوی بە شێوەیەکی تر دەنواندو نیشان دەدا، دیمەنێن تاریك و ترسناکی ژیانی خەڵکی رۆژگارو گەندەڵی و تەماعکاریو نەفس نزمی گەورە موڵکدارانی بە وردیو لە روانگەیەکی دروست و بە دڵسۆزییەکی تایبەتییەوە نیشان دەدا. یەکێك لە چیرۆکەکانی ئەم کۆچیرۆکە، چیرۆکێکە بە ناونیشانی: "چۆن ئیڤان ئیڤانۆڤیچ و ئیڤان نیکولایوڤیچ لێکدی تۆران" کە بە یەکێك لە شاکارەکانی گۆگۆل دەژمێردرێ.

هەمان ئەو ناسکیو شۆخیبازیانەی کە گۆگۆل لە چیرۆکەکانی دیکەی خۆیدا بە کاری بردووە تێهەڵکێشی ئەم کۆچیرۆکەشی کردووە، بەڵام لە ژێر ئەم دڵگیریو ناسکی و جوانی دەربڕینەدا هەندێ ژەهرخەنە هەیە کە نیشانەی ئەوپەڕی رەنجبێوەریو مەینەتی و کلۆڵی خەڵکی ئەو رۆژگارەیە، و هەر بۆیەش رەخنەگری ناودار بیلینسکی دەیگوت: "خەندەکانی گۆگۆل ئاوێتەی تاڵین".

وێڕای هەموو ئەمانەش گۆگۆل هێشتا بە تەواوەتی لە کاری خۆی رازی نەبوو، پێی وابوو هێشتا نەیتوانیوە بە دڵی خۆی مەزناهی و قارەمانیەتی خەڵکی مەفتەنی خۆی بەرجەستە بکات، لەبەر ئەمە دەستی دایە نووسینی کتێبێك کە زوو بە زوو بە نێوی (تاراس بولبا)ەوە لە ساڵی ١٨٣٥دا بڵاوبووەوە. ئەم کتێبە لە راستیدا داستانی نەتەوەیی قوزاقانی ئۆکراینەو هەر کە بڵاوبووەوە رەونەق و رەواجی تەواوی پەیدا کردو لەو زەمانەوە تا نەو یەکێکە لە جوملەی شاکارە ئەدەبیەکانی جیهان. گۆگۆل بەر لەوە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە بودەڵەیی و نەفس نزمی و تەماعکاریو چاوبرسیەتی موڵکدارانی مەفتەنی خۆی راڤەو شرۆڤە بکات. لەم چیرۆکەدا بە پێچەوانەوە سیفەتێن مەردانەو جوامێریو قارەمانێتی دلاوەرانی مەفتەنی باب و باپیرانی خۆی نیشان داوەو نواندووە.

لە هەمان ساڵی ١٨٣٥دا پوشکین گۆڤاری (سەردەم)ی لە مۆسکۆ دەرکردو گۆگۆلیش لە جوملەی ئەو نووسەرانە بوو کە هاوکاری دەگەڵ گۆڤاری ناڤبریدا دەکرد. تێکەڵ بوون دەگەڵ گەورە نووسەرانو شاعیرانی پایتەخت و چوونە کۆڕو ئەنجوومەنە ئەدەبیەکان رۆژ بە رۆژ هونەری سروشتی و خۆڕسکی گۆگۆلی زیاتر گەشاندەوەو توانای نووسەریی زیاد کرد. لەم قۆناغەدا گۆگۆل چەندین چیرۆکی بەنێوبانگی بڵاوکردەوە کە زۆربەیان بە شاکاران حەساو کراون میناکی (وێنە، شەقامی کەناری ندڤا، یاداشتەکانی شێتێك، کەپو، گالیسکەو پاڵتۆ) کە تۆزێ درەنگتر بڵاوی کردووەتەوە.

لـه هـەموو ئـەم چـیرۆکانەدا حەقیقـەتجۆیی و واقیعبـینی گۆگـۆل بـە باشـترین شـێوە دیـارەو بەوپـەڕی وەسـتاییەوە پـەردە لـە رووی گەندەڵییـەکانی کۆمەڵگـەی ئـەو رۆژگـارە هەڵـدەماڵێ و لـە هەموو شـوێنێکدا بێـزاری و نـەفرەتی ئاشـکرای خـۆی لـە جڵـەودارانی گەنـدەڵ و ستەمکارانی ئـەو زەمانەو بەفیڕۆدانی پارەوپول، بە وشـە دەسـپێرێ و هـەر ئـەم گیـانی رەخنـەگری و ئازادیخوازیـەی کە لەم بەرهەمانەی گۆگۆلدا هەن، کردویانن بە شاکارێن ئەدەبی جیهانی.

گۆگۆل، لە ساڵی ١٨٣٦دا شانۆنامە بەناوبانگەکەی (موفەتیشی) بڵاوکـردەوە. بڵاوبوونـەوەی ئەم کۆمیدیا بەنێوبانگە بە ئەندازەیەك لە ئەدەبیاتی روسیدا گرینگە کـە دەشێت بگـوترێ گۆگـۆل بـەو کـارەی ئـەم ژانـرە ئەدەبیـەی لـە زمـانی روسـیادا ئەفرانـدووە. پۆشـکین کـە بـۆ کۆکردنـەوەی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتەکانی راپەڕینی پوگاچوف بۆ شاری ئورنبۆرگ چوو بوو، لەوێ بە هەڵە بـەو موفەتیشـەیان زانـی بـوو کـە چاوەڕوانی هـاتنی بـوون لـە پایتەختـەوە، ئیـدی لـە گەڕانـەوەدا ئـەم چـیرۆکەی بـۆ گۆگـۆل گێڕابـووەوەو گۆگـۆلیش دوای ماوەیـەك ئـەم کۆمیدیایـەی لـەو چـیرۆك و سـەربورە واقیعیـەوە هـەڵێنجا بـوو: خیلسـتاکوف نـاوێکی گـەنجی سـەرگەردان و بـێ هونـەر و بادەنۆش لە سان پوتروسبۆرگەوە لە پشووی هاوینـەدا، بـە مەبەسـتی دیـدەنی ماڵبـاتی خـۆی بـۆ شارستان دەڕوات و لە رێگەدا لە شارۆچکەیەکی بچووکدا پـارەی لێدەبڕێ و چیوای وای نـامێنێ بـۆ زنـدان بـڕوات، لـە ئەنجامـدا خەبـەر دەزانـێ کـە سـەرانی دایـەرەکانی شـار چاوەڕوانی هـاتنی موفەتیشـێکن کـە لـە پایتەختـەوە بۆیـان دانـراوە، ئیـدی خـۆی لـە جێـی ئـەو موفەتیشـە دادەنـێ و بەمجۆرە یەك بە یەکی کار بەدەست و مامۆرانی دەوڵەت لەو شارە بچووکەدا ڕیـاو ساختەچیاتی و نا دروستی و بەرتیل خۆری و دزی خۆیانی بۆ دەنوێنن. لـەم بەینـەدا حوکمڕانی شـار تەنانـەت بـۆ رەزامەندی ئەو ئامادەیە ژن و کیژەکەی خۆیشی عەرز بکات.

گۆگۆل لەم شاکارە زندووەی خۆیدا ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکان وەسف کردووەو هـەر چـەندە هەنـدێکیان لێکـدی دەچـن و هـەمان گیـانی ساختەچیەتی و پانکردنـەوەو ریابێـژی لـە هەموویانـدا یەکسانە، ئەوجاش بە باشترین نموونەی سەردەمی خۆیان و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەو رۆژگارە دێنە ژماردن و بۆیە زۆربەی کاراکتەرانی ئەم کۆمیدیایە لـە روسـیادا بـوون بـە داسـتانی سـەرزاری هــەموو خــەڵکی. گۆگــۆل لــەم کۆمیدیایــەدا گــەورەترین خــەوش و کێماســی کۆمەڵایــەتی ئــەو رۆژگـارەی، کـە بریتییـە لـە بـەرتیلخۆری و غـەرەزداری هـەموو کاربەدەسـتان و تەنانـەت دادوەرو قازیانی دەوڵەتی، بە باشترین و جوانترین شێوە نیشانداوەو لە هەموو ئەو نووسـەرانەی تـری وەك کانتمیرو فن ڤیزین و کریلوف و گریبایدوف کە لەم بوارەدا کاریان کـردووە بـە دەسـەڵات تـر خـۆی نوانـدووە.. ئـەوەی سـەیرە دەوڵـەتی ئـەو رۆژگـارە زۆر بـە خوێنسـاردی پێشـوازیان لـەم کۆمیـدیا جوانــە کــردو ئیمپراتــۆر نیکــۆلا بــە خــۆی مۆڵــەتی نمایشــکردنی داوەو لــە شــەوی یەکــەمی نمایشەکەدا ئامادە بووەو تەنانـەت بـە خـۆی لـە پـێش خـەڵکانی تـردا لـە چـەپڵەی داوەو بـووە بـە سەرمەشـقی خەڵکەکـە. ئـەم کۆمیدیایـە (جـەنابی موفـەتیش) هێشـتاش کـە نمـایش دەکرێـت، سەرنجی خەڵکی روسیا رادەکێشێت و بە باشترین شێوە ژیانی کـارگێڕی بـەر لـە سـەد سـاڵ وەبیر دێنێتەوە.

گۆگۆل لەم بەرهەمانەدا وا دەنوێنێ تا ئەندازەیەك باوەڕی وابووە خەڵكی بەدروستی پەیان بە مەبەستی ئەو نەدەبردو خوییایە زیاتر بۆ دڵی خۆی شتی نووسیوە تا بۆ ڕەزامەندی خەڵكی بۆیە جارجارێك جیلوەیەكی تایبەتی لە بەرهەمەكانیا هەیە كە پێویستە بەیەكێك لە تایبەتمەندییە گشتییەكانی ڕۆماننووسانی ڕوسیای ئەو ڕۆژگارە بزانرێ‌و ئەویش ئەوەیە كە نووسەر لە پاڵ ئەوەدا كە هەوڵیداوە بودەڵەیی‌و زەبوونی‌و بێ كەڵكی ئەو كەسانەی كە وەسفی كردوون بەرجەستە بكات، بێ ئینسافیشی دەرهەق نەكردوون. وەكو چۆن لە زۆربەی بەرهەمێن خۆدا ئەم جۆرە كەسایەتییەیان وەكو ئەهریمەنانی ڕاستەقینە نیشان دەدەن‌و هیچ ناشیرینی‌و بەدكارییەكیان ناشاردنەوەو، هەندێ جار پێی موبالەغەو زێدەڕۆیی زۆر بەرز دەكەنەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش لە تۆ وایە خۆشی دەوێن‌و نەك هەر نەفرەت‌و بێزاری خۆی دەشارێتەوە بەڵكو دڵیشی پێیان دەسووتێ‌و لەوەیە لە دڵی خۆدا عوزریشیان بۆ بێننەوە. ڕەنگە ئەگەر پسپۆڕانی كۆمەڵناسیش بیانویستایە لەم بوارەدا قسان بكەن هەمان تۆنیان هەڵبژاردیە.

لە باری تەكنیكی شانۆییەوە هەندێ ئێرادو عەیبیان لەم كۆمیدیایەی گۆگۆل گرتووەو گومان لەوەدا نییە كە دوا پەردەی كۆمیدیای ناڤبری لاسایی كردنەوەوەیەكی كۆمیدیا بەناوبانگەكەی (بێزار لە خەڵكی)مولێری فەرەنسییە.

شۆرەتی لە ڕادەبەدەو نا ئاسایی كۆمیدیای موفەتیش، كەڵكەڵەو خولیایەكی سەیری لای گۆگۆل چێكرد كە سەرانسەری ژیانی ئایندەی تا دەمی مەرگ ژەهراوی كردو ئەم نووسەرە هەرە مەزنەی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لەسەر لاڕێ مكوڕتر دەكرد.

لە ڕاستیدا ئەو هەستە پەنهان‌و گیانە عیرفانی‌و سۆفیاتیەی كە لەودا هەبوو لەم سەروبەندەدا هاتە كوڵ‌و جۆش‌و گۆگۆل وایزانی دەبێ پایەی واعیزو تەنانەت پێغەمبەر بۆ خۆی وەدەست بێنێ‌و ئیدی لەو ڕۆژەوە تا دوا ڕۆژی ژیانی بە دووی ئەو پایەیەدا دەگەڕا كە بەرزترین ئەركی ڕێنوێنی‌و پەیامی ئاسمانی خۆی ئەنجام بدات‌و گرینگترین بەرهەم كە ئەم خولیایەی بێنێتە دی، بەرهەم بێنێ. هەر بەم خەیاڵە سەفەرێكی بۆ دەرەوەی ڕوسیا كردو ماوەیەك لە ئەسپانیاو مودەتێك لەم ڕۆم مایەوەو ئەنجام لە ساڵی ١٨٤٢دا بەشی یەكەمی "گیانە مردووەكان"ی بڵاوكردەوە.

گۆگۆل ئەم كتێبەی خۆی بە (بەیتێك) زانیوەو ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ كە لەو قۆناغەدا چۆن لە نهێنی كاری خۆی بێ خەبەر بووە، چونكە لە ڕاستیدا لایەنی لاوانەوە پتر لەم كتێبەدا زاڵە. قارەمانی ئەم چیرۆكە كە چیچیكۆڤ ناوە، پیاوێكی سەیرە، كە كار بەدەستی گومرك بووەو چونكە بە تاوانی قاچاخ دەریان كردووە بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەم زیانە دەستی داوەتە ساختەچێتیەكی فرە. لەو ڕۆژو زەمانەدا ژمارەی زەڕخڕیی هەر موڵكدارێك لە كاتێكی دیاریكراودا سەرژمێری دەكران‌و تا سەر ژمێرییەكی تازە ئەم ژمارەیە نەدەگۆڕا، ژمارەی ئەو كۆیلەو زەڕخڕیانەی كە لەسەرژمێری یەكەمدا قەید كرابوون هەموو جۆرە سەودایەكی مینا كڕین‌و فرۆشتن‌و گۆڕینەوەو ڕەهن‌و بارمتەیان پێ دەكراو هەر یەكێك لەو زەڕخڕییانە بە زاراوەی ئەو زەمانە "یەك گیان"یان پێدەگوت.

چیچیکۆف مرخی لەوە خۆش کردبوو "گیانە مردووەکان" واتە ئەو کۆیلەو زەرخڕێیانەی کە مردبوونو هێشتا ناویان لە تۆماری حکومەتی دا رەش نەکرابووەوە بە نرخێکی هەرزان بکڕێتو لە بانقێکدا بە بارمتەیان دابنێو پارەیەکی مۆڵ بە دەست بێنێ. ئەم چیرۆکە باسو شرۆڤەی ئەو سەفەرو سەودایانەیە کە کڕیاری "گیانە مردووەکان" واتە چیچیۆکۆف لەگەڵ عەرەبانچیەکەی خۆیدا کە سلیفانی ناوە لێرەو لەوێی دەکاتو لەگەڵ کاربەدەستانی ئەم مەیدانەی دەوڵەتدا سەروکاروکەین وبەینی هەیە. گۆگۆل ئەم بابەتو نێوەڕۆکەی بە جۆرێ فراوان کردووەتەوە کە هەموو چینی دەسەڵاتداری ئەو رۆژەی هێناوەتە ناوناوان. ئەو نموونە بەرجەستانەی کە گۆگۆل وەسفی کردوون بەم شێوەیەیە: مانیلۆڤ مولکدارە، خاوەنی چەند کۆیلەو زەرخڕێیەکە، کەسێکە کە سەر بە هیچ چین و توێژێك نەبووە، هیچ بیروباوەڕێکی روونو هیچ ئاینو دابو نەریتێکی نەبووە. نۆزدریوف پیاوێکی ئەهلی رابواردنو خۆشگوزەرانیە کە هەموو کەسێك بە "تۆ" بانگ دەکاتو لە قوماردا شەق دەوەشێنێو میوانەکانی خۆی دارکاری دەکات. سوباکیوڤیچ کە پیاوێکی دلاوەرەو لە هیچ کارێك کە سوودێکی بۆ ئەو هەبێ ناپرینگێتەوە، کوروبوچکا، ژنێکی پیری تەماعکارە کە هیچ خەونو خەیاڵێکی نیە جگە لە زیادکردنی ژمارەی کۆیلەکانیو پاشەکەوتکردنی پارەکانی خۆی. کاربەدەستانو مامورانی دیکەی دەوڵەتو تەنانەت خەڵکی شاریش، کە سەروکاریان دەگەڵ ئەواندا هەیە لە گۆشەنیگای گۆگۆلەوە شایستەی رێزو حورمەتێکی زیاتر نەبوونەو وێڕای ئەوەی کە دادسێنی شار پیاوێکی نەفس نزمو خوێڕیو بەدکردەوە بووە سوباکیوڤیچ دەربارەی ئەو گوتوویەتی تاقە پیاوی تەواو ساغە کە لەم شارەدا هەیە.

ئەم کتێبەی گۆگۆل وێنەیەکی دروستی بارودۆخی ئەو زەمانەی روسیایە، پوشکین کە خوێندوویەتیەوە گوتوویەتی: "ئەی خودایا ئەم روسیایەی ئێمە چەند خەمناکە!" گۆگۆل زەبەر دەستیوبەرزە خەیاڵی خۆی لە بەرجەستەکردنی ئەو وەزعو حاڵەدا نیشانداوەو تەنانەت بچووکترینو نزمترین کەسو کارکتەرانی پێناسە کردووە. زمانو داڕشتنی گۆگۆل لەم کتێبەدا هەندێ جار رەمەکیو هەندێ جار ئەدەبیو هەمووجار لەو پەڕی روونیو رەوانی دایە، گۆگۆل بە خۆی گوتوویەتی کە بابەتی ئەم کتێبەشی لە پۆشکین وەرگرتووە کە ئامۆژگاری کردووە کە سیرڤانتسی نووسەری زۆر بە ناوبانگی ئەسپانیایی بکات بە سەر مەشقی خۆی، و لە ساڵی ١٨٤٠دا کە لە شاری رۆما بووە یەکێك لە رۆمانەکانی دیکینزی نووسەری ئینگلیزی دەخوێنێتەوەو لەمەوە دیارە کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا چاوی لە هەردوو گەورە نووسەری ناڤبری کردووە. هەڵبەتە دەبێ ئاگامان لەوە بێ دیکنز هەرگیز ئەو بەزەییو سۆزەی نەبووە کە گۆگۆل دەرهەق بە خەڵکی رەشو رووت هەی بووە. ئەم هەستی بەزەییە سەبارەت بە خەڵکی بێنەواو چەوساوە کە لە خەسڵەتێن نەتەوەیی نەژادی سلاڤییەکانە، لە بەرهەمێن گەلەك لە نووسەرانی گەورەی روسیادا دەبینرێو ئەو نەفرەتو بێزارییەی کە لە ئەدەبیاتی میللەتانی دیکەدا دەربارەی ئەم جۆرە خەڵکانە هەیە لە ئەدەبیاتی روسیدا کەمترەو لە گۆگۆل بترازێ، دۆستۆفسکیو لیڤ تولستۆیو ماکسیم گۆرگیش، بە نەفرەتەوە ئەم جۆرە خەڵکەیان باس

نەکردووەو لە بەرجەستەکردنیاندا ئەوەندە دەستیان دانەگرتووە. هۆی ئەمەش ئەمەیە کە لە روسیای تزاریدا زوڵم و زۆرداریو زێدەگاڤی دەرباروودەربارییان و کاربەدەستانی دەوڵەت دەرهەق بە خەڵکی رەش و رووت بە رادەیەك بووە کە هەرگیز خەڵکی نەیان توانیوە ئەوە ساغ بکەنەوە کە ئەم کەسەی سەرکوێرو سەر شۆڕ کراوە، بە خۆی ئەم تەنەزولە سایکۆلۆژییەی فەراهەم کردووەو بە خۆی سەبەبکاری زەبوونی خۆیەتی یان دەزگای دەوڵەت بە زەبری زوڵم و زۆرداری رۆژی بەم رۆژە گەیاندووە، باشترین پێناسەی ئەم وەزع و حاڵە ئەم دەربڕینەیە کە گۆگۆڵ لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی خۆی نووسیویەتی: "نۆرینی خەماوی ورەفتاری میللەتی ئێمە کاتێ کە کۆمەکی دوور خراوان بۆ سیبریا دەکەن، وەیاد بێنەوە. هەر کەسەو هەرچییەکی هەبێ دەیهێنێ، یەکێك خواردن، یەکێك پارەو پول، یەکێك...." مێژوو زۆر جاران گەواهی داوە کە لە نێو ئەم دوور خراوانەدا پیاوانی زۆر شەریف و ئابڕومەندو زۆر هونەرمەندو تەنانەت بلیمەتانی نمرە یەکی وڵات هەبوونە کە دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەت بە نزمترین و قێزەوەرترین خەڵکی زەمانەیان داناون، بۆیە جەماوەری خەڵك لە کۆنەوە کردبوویان بە عادەت کە دڵیان بە خەڵکانی لێقەوماوو بێ دەرتانان بسووتێ و گەورە نووسەرانیش لە جیهانی سۆزو بەزەیی خۆیاندا جێیان بکەنەوە.

سەفەری ئەوروپای رۆژاوای کە تزار نیکۆلای خەرجیەکەی دابوو، کارێکی یەکجار شوومی کردە سەر دەروونی گۆگۆڵ، ئەو نووسەرەی کە دەیتوانی بە زەبری هونەر شاکارانی دیکە بە جیهان ببەخشێت بەرە بەرە خۆی لێگۆڕاو وای خەیاڵ کرد کە پێویستە دەستبەرداری ناسکە هونەرەکەی خۆی ببێ و مەقام و پایەی پێشەوای ئاینی هەڵبژێرێت و بکەوێتە وەعزدان و ئامۆژگاری خەڵك. زۆر لە گەورە نووسەران ئەم هەڵەیەیان کردووە: شۆرەتیان لە بواری نووسەریی دا غرورێکی لاچێکردوون و قەناعەتیان لا دروست بووە کە پایەی رێنوێنی و وەعزبێژی لە پایەو مەقامی هونەر بالاترە، لەوە بێ ئاگا بوون کە موڕشیدو رێنوێن گیانی خۆی لە قەبێڵی وەعزو رێنوێنییەکانی خۆی دەکات و چونکە هەمیشەش بە دڵی موریدو پەیڕەوەکانی نابێ، ئەنجامی کارەکەی مایەی گومانە، بەلام هونەرمەند هەر چەندە زادەی دڵی خۆی دەبەخشێت، بەلام دڵی خەڵکی خۆش دەکات و دڵیان بە دەست دێنێ و بە جۆرێ لە دڵیاندا ڕێی خۆی دەکاتەوە کە ئەنجامی پەیڤەکانی لە هیچ وەعزو ئیرشادێك کەمتر نیە، زۆر جاران رووی داوە کە بەرهەمێکی ئەدەبی کاری بەرهەمێکی ئاینی کردووە یان کاری بەرهەمێکی شەرعی ئاسانتر کردووە.

لە کاتێکا بیلینسکی وگرتسن لە هەموو کەسێك پتر ستایشی بەرهەمە ئەدەبیەکانی گۆگۆڵیان کردبوو، پێشبینی دابەزین وداڕوخانی قەریحەو بەهرەو زەوقی ئەویان دەکرد. ئەوەی کە زیاتر کاری کردە سەر تەنەزول و دابەزینی گۆگۆڵ ئەمە بوو کە لەو زەمانەدا هەستی ناسیونالیستی لە روسیادا رەونەقێکی زۆری پەیدا کردبوو وئەو رەشبینییە زۆرەی ئەو لەمەڕ وەزع و حاڵی وڵاتەکەی خۆیدا دەری بڕی بوو، خوێنەرەکانیشی لێ بێزارو تەوەللا کرد.

گاڤێ کە بەشی یەکەمی "گیانە مردووەکان"ی بلاوبووەوە گۆگۆڵ بە خۆیشی هەستی کرد کە ئەم کتێبە پەسند ناکرێت، بۆیە عەهدی کرد کە لە بەشەکانی دواتردا بۆچوون و نۆڕینی خۆی

ڕۆنتر بکاتەوەو جوانیەکانی مەزروبوومی روسیاش نیشان بدات. پێش ئەوەی ئەم کارە بکات وای بە باش زانی کە دڵی خوێنەرەکانی بە دەست بێنێتەوەو بۆ ئەم کارەش لێڕا بەشێك لە نامەو وتارو نووسینەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە.

لە ساڵی ١٨٤٦دا بۆ یەکێك لە دۆستەکانی خۆی بە نێوی پلتینڤ – Pletneiv)ی نووسیوە: "هەموو کارێك وەلاوە بنێ‌و دەست بەم کتێبە بکە. هەمووان پێویستیان پێیەتی". ئەو کتێبەی کە گۆگۆل بەو هەموو گەشبینییەوە باسی دەکردو ئومێدەوار بوو کە ئینجیلێکی دیکە بێ، ساڵی دواتر بڵاوبووەوە، بەڵام بووە مایەی حەیرمان‌و نا ئومێدی‌و پەستی هەمووان، چونکە لەم کتێبەدا ستایشێکی لە رادەبەدەری وەزع‌و حاڵی ئەو رۆژگارەی دەکردو بۆ نموونە لە بەشێکی ئەو کتێبەدا بە ناونیشانی "نامە بۆ دۆستانم" باسێکی (تزاری خۆشەویستی) هاتبوو کە توانای رەهای هەبوو وسەختگیرییە یاساییەکانی ئاسان دەکردو دەردە کوشندەکانی میللەتی دەرمان دەکردو لەلاوە باسی (کڵێسای میللی) کردبوو کە دەتوانرا بە تاقە سەرچاوەی ئیلهامی خواناسی‌و پارێزکارییان بژمێردرێ.

بەشێکی ئەم کتێبە بریتی بوو لە وەسێتنامەی ئەدەبی‌و گۆگۆل دەیگوت پێوەیە ئیتر هیچ نەنووسێت چونکە لە ئایندەدا تەنیا خەریکی جسوجۆی حەقیقەت دەبێت تا رۆحی ئەوو عەوامی خەڵکەکە لێی بەرخورداربن. وێڕای ئەمەش خەڵکی هاندەدا سوود لە نووسینەکانی پێشتری وەربگرن‌و ژێراوژێر ئەم خاڵەی دووپات دەکردەوە کە بێدەنگبوونی نووسەری کتێبی "گیانە مردووەکان" خەسارەتێکی گەورە دەبێ بۆ روسیا.

هەر چەندە گۆگۆل بەو ئاشکراییە ماڵاوایی لە مەیدان‌و شانۆی ئەدەبیاتی کرد بوو، ئەوجشا هەر دەینووسی، کە بەشی دووەمی "گیانە مردووەکان"ی نووسی بوو، بە هەندێ لە دۆستەکانی خۆی نیشان دابوو، وئەمەشیان بووە مایەی حەیرمانی خوێنەرەکانی کە چۆن بەهرەو قەریحەی داویەتێ کزی، لەم بەرگی دووەمدا گۆگۆل دیسان چیچیکۆڤ قارەمانی بەرگی یەکەمی هێناوەتەوە ناو ناوان، بەڵام لەم بەرگەدا ئەو وەسفەی روسیای کردووە کە هەموو بە ئاواتیان خواستووە، تەنانەت ئیدیعای ئەوەی کردووە کە شازادەی حوکمڕانی شار کە دژمنی ساختەکاری‌و نا دروستییە کاربەدەستانی نا دروستی دەوڵەتی لە نێو بردووەو راستی و دروستکاری لە شاردا خستووەتەوە رەواج و بە دەستی موراسۆف ناوێك کە پیاوێکی دەوڵەمەندو دیندارەو کارخانەیەکی هەیە، و لە راستیدا دەوڵەمەندێکە کە گۆگۆل شەقڵێکی پیرۆزی داوەتێ، وەعزادەدات‌و چاو لە هەڵەو خەتای خەڵکی دەپۆشێت‌و روسیایەك هاتووەتە ئاراوە کە مایەی سەرسامی هەموانە. خویایە کە ئەم موراسوفە لاسایی کردنەوەیەکی (مادلین)ی قارەمانی رۆمانە بەناوبانگەکەی (بێ نەوایان)ی ڤیکتۆر هۆگۆیە.

گۆگۆل بە خۆی دەستنووسی ئەم بەرگەی سووتاندو دووبارە نووسییەوەو جارەکی دیش سووتاندییەوەو تەنیا چەند بەرپەڕێکی پەراگەندەی ئەم بەشە ماوەتەوە کە پاش مەرگی گۆگۆل بڵاویان کردووەتەوە. کاتێکیش کە هەموو بەیازو کتێبەکانی خۆی سووتاندو تەنانەت ئەو موچەیەی کە دەوڵەت دەیدایە، بە هەژارانی بەخشی‌و بە خۆی گیرۆدەی دەستکورتی بوو، لە

١٨٤٨دا بە مەبەستی زیارەت چوو بۆ ئۆرشەلیم، بەڵام لە جاران پەشێوو پەرێشانتر گەڕایەوە. ئەم پەرێشانیانەی رۆژ بە رۆژ لە زیادی دا بوون، بۆ نموونە لە شوێنێکدا ئۆقرەی نەدەگرت، لەم خانووە دەچووە ئەو خانووە، کە دەچووە هەر خانوویەکی تازە، هەموو دارایی و موڵك و ماڵەکەی جانتایەکی چکۆلە بوو کە پڕ بوو لە نامەو گوتارێن رۆژنامان و ئەو رەخنەو ئیرادانەی کە دەربارەی ئەو نووسرابوون.

یەکێك لە هاوعەسرانی سیمای ئەوی بەمجۆرە وەسفکردووە: "پیاوێکی کوڵەباڵای یەجگار لاواز بوو، کە خوارو خێچ رێی دەکردوبێ سەروبەرو جلو بەرگ شپرێو بوو، ئەو فتیلە قژانەی کەوتبوونە سەر هەنیەی و کەپووە درشت و زەلامەکەی مایەی پێکەنین بوو". تورگنیف دەڵێت: "سیمای رێوی هەبوو، سەراپای شێوەو رواڵەتی ئاموچیاری شارێکی چکۆڵەی دەنواند" لەم قۆناغەدا ئیدی لە نووسین کەوتبوو وهیچی نەدەنووسی و بەزەحمەت قسەی دەکرد. هەندێ جار تای لێدەهات و دەکەوتە وڕێنە. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٥٢دا کۆچی دوایی کرد. زۆر کەس گوتبوویان کە عیبادەت و پارێزکاری کوشتبووی و هەندێکی دی گوتویانە لە بەرانبەر ئەو پەیکەرو وێنە مەزەبیانەی کە شەوبێداری بە دیارەوە دەکردن، گیانی سپاردووەو لەو دەمەدا تەمەنی چل و سێ ساڵ بووە.

ئەم رووداوە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە لە مێژ بوو کاریگەرییەکی بەسەر عەوامی خەڵکییەوە نەبوو، ئەویش بوو بوو بە قوربانی هەمان چارەنووسی شووم، کە زۆربەی نووسەرانی هاونەسلی خۆی دووچاری بوو بوون، چونکە زۆربەی ئەم نووسەرانە هەرکە رووبەڕووی هزرێن تازە دەبوونەوە، میناکی کەسێك کە لەسەر هەڵدێرێك وەستابێ تووشی سەرەگێژکە دەبوون و دەمردن.

کتێبی "نامەێن دۆستانە"ی گۆگۆل، سەر وەختێك دەنگدانەوەیەکی چاوەنۆڕ نەکراوی هەبووە. لیڤ تۆلستۆی ستایشی ئەم کتێبەی کردو خەڵکانێکی دیکەش چاویان لەو کردو لە ساڵانی ١٨٩٣ و ١٨٩٤دا دەیانگوت کە گۆگۆل لەم کتێبەدا پێشبینی زەمانانی دوای خۆی کردووەو تەنانەت لە یەکێك لە چاپەکاندا ئەم کتێبەیان بەناونیشانی "گۆگۆل وەکو پەروەردەکاری ژیان" بڵاو کردبووەوە. بەڵام ئەم گومان و سەهووە دەوامی نەکردو سەرەنجام خویا بوو کە گۆگۆل دەستێکی ئەوتۆی لە فەلسەفەدا نەبووە.

لە راستیدا نرخ و بایەخی راستەقینەی بەرهەمێن گۆگۆل لەوەدایە کە هەست وبیروباوەڕی ئەو کەسانەی بەرجەستە کردووە کە وەسفی کردوون، وشەقڵی هزرڤانیان پێوە دیار نیە. کە سەفەری رومی کردو ماوەیەك لەوێندەر مایەوە زۆر دڵبەندی ئەو رواڵەتکارییە دەربارییەی پاپایان و تەشریفاتکاری بەرنامەداری ئەوان و گروپە مەزەبیەکان بوو کە لە کۆڵانەکاندا دەیانگێڕاو دڵبەندی کۆڵانە تەنگ و پیسەکان بوو، کەیفی بە خەڵکە نیمچە هوڤیەکانیان دەهات و ئیدی رموودی ئەشرافانی ئەو شارەو کەیف وسەفاو رابواردن و هەراو هەنگامەی وان بوو بوو. ئەو مەبالەغەو زێدەڕۆییە مەزەبیەی کە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا هەموو حەواسی ئەوی داگیرکرد بوو، وەکو لە نووسراوو نامەکانیا دیارە پێشینەی کۆنی هەبووەو لە منداڵیەوە لەگەڵیدا بووە.

هەمیشە لەمگێڕو تەبیعەتی ئەودا ململانێیەك لە نێوان ئیلهاماتی شاعیرانەو مەیل و ئارەزووانی زاهیدانەدا هەبووە کە تا رادەیەك بۆ ماوەیی بووە. پاشان کەڵکەڵەیەکی لا پەیدا بووە کە لە کۆمەڵگەدا پایەیەك بە دەست بێنێ، چونکە وێنایەکی بەتاڵی دەربارەی کۆمەڵگەی زەمانی خۆی کردووەو داب و نەریتی خانەوادەیی ئەم هەڵەیەی لەودا چەسپاند بوو، سەرەنجام خزینی ئەو لە کۆتایی ژیانی دا رۆژ بە رۆژ ترسناکتر دەبوو. لە زەمانی ئەودا هزری زانا و فەیلەسوفانی ئاڵەمان لەو ژینگەیەدا کە ئەو تیایدا دەژیا برەوی زۆری هەبوو، وئەو هەرگیز سەری لەم بیروباوەڕانە دەرنەکردو ئەویان بەرەو رێگەیەك برد کە بەخۆیشی نەیدەزانی دەگاتە کوێ. جا چونکە پیاوێك بوو بە تەبیعەت حەزی بەدەمڕاستی و کوێخایی و ئارامی بوو، خۆ بەخۆ بە رێگەی شۆڕش دا دەڕۆیی.

بەمجۆرە ماوەیەکی زۆر تەنانەت لە ئەنگێزەوسۆنگەی ئەسڵی و بنەڕەتی و واقیعی ئەو گەندەڵیانەی کە لە بەرهەکانی خۆیدا وەسفی دەکردن بێ ئاگا بوو،و گاڤێ کە ویستی چاو بکاتەوەو بیر لە هۆو ئەنگێزان بکاتەوە، بوو بەپاشکۆی هزرو بیری کەسانی دیکە. سەرەنجام بیرۆکەیەکی لاپەیدا بوو کە بەقازانجی دەوڵەت دەرسی ئەخلاق و رەوشت بەخەڵکی دابدات، و باوەڕی وابوو کە ئەگەر حوکمڕانانی و یلایەتەکانی روسیا بێنێتە سەر بونیادە ئەخلاقیەکانی خۆی ئەمە بۆ ئەنجامدانی ئەم پەیامە بەسە.

بەمجۆرە گۆگۆل یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی کە رۆژێك بەر لەوەی مەرگ لە نێوبەری بەدەستی خۆی و بەخوایشتی خۆی دەستبەرداری ئەرکە گرینگەکەی خۆی بووەو تەرکی کردووەو نەیتوانیوە تا دوا رۆژی ژیان هونەرەکەی خۆی ودەستڕەنگینی خۆی بپارێزێ. چ گومانێك لەوەدانیە کە گۆگۆل مامۆستای رۆمان و دامەزرێنەری ئەم رێبازو رێچکەیە بووە لە زمانی روسیدا، لە رۆماندا گونچاروف و گریگور یوڤیچ و لە شانۆنامەدا ئەستروفسکی چاویان لەو کردووە. ئەگەر لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا ئەم بارە ناهەموارە سایکۆلۆژیەی بەسەردا نەهاتبا، بێگومان زۆر شاکاری دیکەی دەخستە سەر ئەو شاکارە نەمرانەی کە لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون.

## ٢- گونچارۆف :

ئیڤان ئەلکساندروڤیچ گونچارۆف، لە ساڵی ١٨١٢دا لە سیمبیرسك هاتووەتە دنیا. بە خۆی ژینگەی ژیان و خانەوادەکەی خۆی لە بەرهەمەکانی خۆیدا وەسفکردووە، واتە ئەو موڵکە بەرین وبێدەنگ و کپ و ئارامەی کە هەموو رۆژەکانی چوون یەك بووە و تاقە گۆڕان و رووداوی گرینگ کە لەم رۆژە یەکهاویانەدا رووی دەدا ئەو شیوو فراڤینە بووە کە دەیانخوارد، بۆیە هەمیشە شەیدای ئاسوودەیی و ئاسایشی دەروونی و بەدەنی بوو. لەو قۆناغەدا کە فەرمانبەرو کار بە دەستی دەوڵەتی بووەو دوا وەزیفەی فەرمانبەری سانسۆر بووەو ئەم کارەی بەوپەڕی پارێزو میانرەویی ئەنجام دەدا، تاقە رووداوی چاوەڕوان نەکراوی ژیانی وی ئەمە بوو کە دەگەڵ

دەستەی کەشتیانی جەنگی پالآسدا بۆ ئەفریقیاو ئاسیا چوو،و زۆر سەرڤە سەرڤە و تەنیا بۆ سەرگەرمی ئەم سەفەرەی گێڕاوەتەوە. لە سەرانسەری ژیانیا نە لە ئاین و نە لە سیاسەتدا باوەڕێکی تایبەتی نەبووە، تەنانەت لە هەنبەر گرنگترین رووداوی ژیانی خۆیدا کە هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی بووە لە روسیادا، هیچ ڕاوبۆچوونێکی دەرنەبڕیوە.

تاقە سەرگەرمی و خەمی ئەو ئەدەبیات بووە، هەموو کاتی خۆی بۆ پێداچوونەوەو چاککردنی ئەو سێ ڕۆمانە تەرخان کرد کە نووسیبوونی. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٩١دا بە سەڵتی کۆچی دوایی کرد. یەکەمین رۆمانی (سەربهوردێکی سادە)یە کە لە ساڵی ١٨٤٧ دا بڵاوبووەوە. بیلینسکی لەو زەمانەدا دەربارەی ئەو دەیگوت: "شاعیرە، هونەرمەندەو هیچی ترنیە". بیلینسکی زۆر لەسەر هەق بوو، چونکە گونچاروف لە هیچ بەرهەمێکی خۆیدا هزروبیرێکی نەهێناوەتە ئاراوەو هەوڵی شیکردنەوەی هزری کەسانی دیکەشی نەداوە،و ئەمە جیاوازی زەق و ئاشکرای ئەوە دەگەڵ تورگنیف، لیڤ تۆلستۆی، دۆستۆفسکی، چیخۆف و گۆرگی دا. باوەری ئەو دەربارەی ژیان و تەنانەت بیرەکانیشی زۆر کۆنن. رۆمانی یەکەمی باسی گەنجێکی بەرزە فرە کە رووبەڕووی گرفتەکانی ژیان بووەتەوە. وێڕای ئەمەش لە بەرزە فڕییەکانی خۆشیدا زۆر بەهیمەت نیەو ئەو حەقیقەتانەی ژیان کە رووبەڕوویان دەبێتەوە حەقیقەتی یەجگار کۆن و سواون. لاوەکە دوو دڵە لەوەی کە ئایا بۆ گەیشتن بە کیژێکی هەژار شیعر بڵێ یان بۆ گەیشتن بە کیژێکی دەوڵەمەند مامەڵەو سەودا بکات؟ لەو راوێژانەدا کە دەیکات رێگەی دووەمی نیشان دەدەن، لە کاتێکا نووسەر بەخۆی رێگەی یەکەم بەسەر دووەمدا پەسەند دەدا. هەموو جازیبەیەکی کتێبەکەش لەم جیاوازیەدایە. گونچاروف نووسەرێکی حەقیقەتجۆیە کە تەنانەت ناقۆڵاترین دیمەن و دیاردەی سروشت بەوپەڕی دروستی وەسف دەکات، لێ بەرگێکی شاعیرانە بە بەر ئەم وەسفەی خۆیدا دەکات و بەمجۆرە کەمێك لە ناقولایی و ناهەمواریەکان کەم دەکاتەوە. (ئادویف)ی قارەمانی ئەم چیرۆکە، ئەوەندەش خەسڵەتی روسی بەرجەستەی نیە.

گونچاروف، لە ساڵی پاشتردا واتە لە ساڵی ١٨٤٨دا هەندێ بەشی پەراگەندەی لە رۆمانێکی دیکەی بەناو نیشانی (ئوبلومۆف) بڵاوکردەوە کە دوای دە ساڵ، لە ساڵی ١٨٥٩دا هەمووی بڵاووبووەوە. لەم سەروبەندەدا کە بوو بوو بەکاتب و سکرتێری یەکێك لە دەریا سالاران و ئەو سەفەرە دەریاییەی کردو سەفەرنامەکەی خۆی بڵاوکردەوە، لێ لەم ماوەیەدا حەواس و هۆشی هەر لای رۆمانی دووەمی بوو. گونچاروف لە بیرکردنەوەی خۆیدا درەنگ دەگەییە ئەنجام، بەڵام ئەو هزرەی بەخێراییەکی سەیر دەنووسی، وەکو دەڵێن بەدرێژایی دە ساڵ بیری لە بابەتێك کردبووەوە، بەڵام بە چل و حەوت رۆژ نووسی. ئەمجارەیان گونچارۆف توانی بووی بەو پەڕی باشی نموونەیەکی خەڵکی روسیا وێنە بکێشێت و بەرجەستە بکات و ئەوەش دەستەیەکی خەڵکی ئەو وڵاتەیە کە ماوەیەکی زۆر درێژ تا ئەو زەمانەی کە هێشتا کۆیلایەتی هەڵنەوەشابووەوە لە نێو موڵکدارانی روسیادا زۆر فراوان بووەو لە ئەنجامی هەلومەرجی مادی و مەعنەوی ژیانی روسیادا هاتبوونە ئاراوەو بەو پەڕی بێ ئاوەزی و بێ موبالاتی و ئیسراحەتخوازی دەیانڕوانیە جیهان و رۆژگاریان رادەبوارد. لەو زەمانە دا زستانانی زۆر درێژ

جووتیارانی روسیای بە ناچاری فێری تەمەڵی و تەوەزەلی و بێکاری دەکرد. حکومەتی دکتاتۆری هەستی داهێنانی شەخسی لە نێو بردبووو ڕێگەی لە نەشونماو گەشەکردنی دەگرت و بە هاوتای ئامۆژگاری فراماسۆنەکان و هێزی شۆڕشگێڕان لە قەڵەم دەدرا. خۆ ئەگەر لە کاتی بێگارو سوخرەدا دێهاتی و جوتیار ناچار بوایە بۆ ماوەیەکی کەم تەکانێ بدات و بجوڵێت، موڵکدار بە پێچەوانەوە هەرگیز مەجبوری ئەم کارەش نەدەبوو. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە راهاتبوو کە خۆی ماندوو نەکات و هەر هەوڵ تەقەلایەك لە خۆی دووربخاتەوەو ئەگەر ئەو دە دوانزە کەسەی کە بۆ ئەم کارانەیان پەروەردە کرد بووو راگرتبوو، لە پێناوی ئاسودەیی خۆدا بەکار نەهێنابا، ئەمە جۆرە کەم‌وکورتیەك بوو لە شان‌وشەوکەتی ئەو.

جا لەم رووەوە هیچ کارێکی نەبوو و هیچ کارێکی نەدەکردو پێویستی بە بیرکردنەوەش نەبوو. دەسەلاتی ئەژدادی و خانەوادەیی و ئەو تەعلیمەی کە درابوو، و مۆدی رۆژگار بوو، بە زەرروەت گەندەڵیان کردبوو و نەك هەر هێزو توانای کاریان لێ داماڵی بوو، بەڵکو هێزی پایەداری و خۆڕاگریشیان لێ داماڵی بوو و جگە لە چاوەڕوانی رووداوان هیچ شوێنەوارێکی ژیانی تیا نەمابوو.لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بیرێکی پەنهان وهەستێکی شاراوەی تێدا بوو کە رۆح و سایکولۆجیەتی روسیای ئەو زەمانەی فەراهەم دەکرد. ئەو وەسفەی لەو زەمانەدا، لەو ولاتەدا لەمەڕ ئەم جۆرە خەڵکەیان کردووە ئەمەیە کە پیاوێك بە رێکەوت کەوتووەتە سەر سکەی قیتارێك، بە چاوی خۆی دەبینێ کە قیتارەکە نزیك دەبێتەوەو دەزانێ کە ئەگەر لە جێی خۆی نەجمێ بێگومان دەکەوێتە ژێر قیتارەکەوەو ئەگەر بە حاڵ تەکانێ بداتە خۆی و جوڵەیەکی بۆ بکات لە خەتەر دەخەلەسێ. کەچی لە جێی خۆی نابزوێ و جۆرە فیکرێکی قەدەری و باوەڕ بە چارەنووسی لە مێشکیدا چەسپیوە کە چارەنووس هات ناگەڕێتەوەو هەرچییەك بێ هەر ئەوە دەبێ، و لەوەیە قیتارەکە بەر لەوەی بگاتە ئەو لە رێگەدا ماتەڵ بێ، یان لە سکەکەی دەربچێ. گونچارۆف ئەم جۆرە خەڵکەی لە رۆمانەکەی خۆیدا وەسفکردووە.

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە تەنیا وەسفی یەك رۆژ ژیانی قارەمانی ئەم چیرۆکەیە کە لە هەنبەر ئەو کەسانەی کە یەکیان گرتووە تا ئەو لە نوێنی خەو بێننە دەرێ، مقاوەمەت دەکات و لە دوای ئەوەش هەوڵدەدات دەستبەرداری ئەو قەنەفە نەرمە نەبێت، کە لەبەر تەمەڵی و تەوەزەلی دڵی نایەت بە جێی بێڵێ، پاشان هەموو کارێکی ئەمەیە کە دەگەڵ ئەم میوانە ئیزعاجانەدا نەخشەی نابەجێ و نا عەمەلی و خەیاڵی و لاواز بکێشێت. هەڵبەتە خویایە کە گونچارۆف یەکەم کەس نیە کە ئەم نموونەیەی خەڵکی روسیای داهێنابێ، قارەمانەکەی ئەو تا ئەندازەیەك دەشوبهێتە سەر یڤگینی ئونیگینی قارەمانی ناوداری پوشکین و هەندێ لە قارەمانانی دیکەی ناو ئەدەبیاتی روسی، لەوانە پیچورین لە بەرهەمەکانی لیرمانتۆفدا، ئەم قارەمانانە هەرگیز چ کارێکیان نەکردووەو هەرگیز چ کارێکیش ناکەن چونکە لەو ژینگەیەدا کە بە رێکەوت تیایدا هاتوونەتە دنیاوە هیچ کارێکیان نەبووەو چ کەسێك کاری لێ ناوێن. تەنانەت دەربارەی ژنان و دەرهەق بە ژنانیش هەمان حاڵیان هەیە، هەر کە ترسی ئەوەیان لا پەیدا بوو کە ئەڤینداری ئازادیان لێ بسەنێ، لە ئەڤینداریش هەڵدێن تا چ کەسێك رێگە لە تەمەڵی و تەوەزەلیان نەگرێ، لەم رۆمانەی

"گونجارۆف"شدا ئابلومۆف تووشی دەبیٚ بە تووشی ژنێکەوە کە وێنەو نموونەی لە رۆمانانی روسیدا فرەیە، ژنێکی هۆشیارو دلۆڤانو میهرەبانو خودان داهێنانو تاقە کەسێکە کە لە گینە ئەم پیاوە خۆویستە تەمەڵە بجولێنیٚ، بۆ ماوەیەکی کەم ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە لەو کارەیدا سەر بکەویٚ. بەڵام ئەو ئەوزارو شێوازانەی کە بۆ بزواندنو جولاندنی ئەم لاوەی بەکار دێنیٚو لە هەوەڵەوە وا دێتە بەرچاو کاریگەریی خۆیان ببیٚ، سەرەنجام هیچیان لیٚ شین نابیٚو ئەو لاوە دەگەڕێتەوە سەر بیٚ موبالاتیو خەمساردیەکانی هەوەڵی خۆی.

ئەم ژنە جوانە ئولگای ناوەو پاش ئەوەی بە هەموو هەولٚو تەقەلایەکیەوە لەگەلٚ ئابلومۆفدا هیچ بە هیچ ناکاتو نایگۆڕیٚ، گونچارۆفیش میناکی گۆگۆل ویستویەتی نموونەیەکی ئایدیالیو خەیالٚی لە هێزو هیمەتو غیرەتی مەردانەو پیاوانە بەرجەستە بکات، وسەیر ئەمەیە کە بۆ ئەم کارە چووە بۆ ئەڵمانیاو پیاوێکی ئاڵمانی، بە نێوی شتولز، هەڵبژاردووە لەمەش سەیرتر ئەمەیە کە ئەم پیاوە بابایەکی دەڵاڵی دەستبڕی پارەکێشانەوەیە، و رۆمانەکە بە زەماوەندی ئەو وئولگا کۆتایی دێت.

یەکەم بەشی چیرۆکی ئابلومۆف ساردو سڕ دیارە، چونکە نووسەر هەمان ئەو شەرحو شرۆڤەو وردەکاریانەی بەکار بردووە کە پاشان نووسەرانی حەقیقەتجۆی فەرەنسەویو دۆستۆفسکی لە روسیادا هەندیٚ جاران زێدەڕەویشیان تێدا کردووە. لەم کتێبەدا گونچارۆف لە شوێنێکدا کە قارەمانی چیرۆکەکە دەخوازێت شتێك بنووسێت، تەنانەت رەنگی ئەو کاغەزانەی کە بەکاری بردوونو رەنگی مەرەکەبەکەو خەسێتی مادیو مەعنەوی قەڵەمەکەشی شەرح کردووە.

لیٚ بەشی دووەمی کتێبەکە بە رووداوێکی گرینگ هاتە ژماردن، چونکە بە ماوەیەکی کەم پێش هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی بڵاوبووەوەو بە فاکتەرو بەڵگەیەکی تری زەرورەتی ئەو هەنگاوە هاتە ژماردن. چونکە خەڵکی کردبوویان بە عادەت هەندیٚ لە بیروباوەڕو پێشبینیو تەماکانی خۆیانیش بدەنە پالٚ نووسەران، سەبارەت بەم بەرگی دووەمە شتی ئەوتۆیان گوتووە کە نووسەرەکەی هەرگیز مەبەستی ئاوهای نەبووە. گونچارۆف بۆ وەی بیسەلمێنیٚ کە مەبەستی وەها نەبووە، چەند سالێك دواتر، واتە لە سالی ١٨٦٩دا چیرۆکی سێیەمی بە نێوی "هەڵدێر" بڵاوکردەوەو ویستی بەو کتێبە خۆی بە مەیدانی شەڕی سیاسیو کەلتووری ئەو زەمانەدا بکات، لیٚ ئەم ئاواتەی نەهاتە دیو ئەم کتێبە دەنگی نەدایەوە، بۆیە تا لە ژیاندا مابوو جگە لە چەند کورتە وتارێكو لێکۆڵینەوەیەکی فرە جوان دەربارەی کومیدیا بەنێوبانگەکەی گریبایدوف "زەوقی زیادە بەدبەختییە"، چ شتێکی دیکەی نەنووسی.

## ٣- گریگۆروڤیچ :

دیمیتری ڤاسیلیڤیچ گریگۆروڤیچ- Grogorovitch لە سالی ١٨٢٢ هاتووەتە دنیا، ولە ئەدەبیاتی زەمانی خۆیدا لە وەسفی ژینگەی ئەشرافو خەڵکی سەربەچینی دووەمی شاراندا

پسپۆڕو شارەزا بووە، کۆی بەرهەمەکانی چەند پارچەیەکی پەراگەندەیە کە لێکیان دەداتو لە نێو ئەوانەدا ئەوەی کە زیاتر مایەی سەرنجە وەسفێکە لەمەڕ ژیانی چینی سێیەم، و هەروەها دەربارەی گەندەڵیەکانی کۆیلایەتی نووسینی جوانی هەبووەو دەشێت بگوترێ تورگینیف لەم وارەدا چاوی لەو کردووە. یەکەمین کتێبی بە نێوی "گوند" لە ساڵی ۱۸٤٦دا بڵاوبووەتەوە بریتیە لە کۆمەڵە شاکارێکی بچووك کە بە چاولێکەری جورج ساند نووسیویەتیو توانای نووسەریی و جوانی کاریگەرییان پێوە دیارە. لەم کتێبەدا ژنێکی گەنج، ژنی موڵکدارێك کە تازە هاتووەتە گوند، ئارەزووی دیتنی زەماوەندی جووتیارانو دێهاتیان دەکات. لەبەر خاتری ئەو هەوەڵین کوڕو کچێك کە دەبینن فیدای ئەم هەواو هەوەسە دەکەن. ئەم بووكو زاوایە یەکتر ناناسنو هەر یەکەیان دڵی بە شوێنێکی ترەوەیە، بەڵام ئەمە گرینگ نیە. لە چیرۆکێکی دیکەدا بە نێوی (ئانتونی داماو) کە لە ساڵی ۱۸٤۸دا بڵاوبووەتەوەو لە چیرۆکی "دۆڵی سیمدۆف- Smiedof" گریگۆروڤیچ هەمان پایەیەی لە ئەدەبیاتی روسیدا بە دەست هێناوە کە (خا بیچە ر ستۆ- Beecher Stowe) لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا هەیەتی. لە چیرۆکێکی تردا بە نێوی "ماسیگران- ۱۸۵۳"ولە چیرۆکی "موهاجیران- ۱۸۵۵" هەندێ لە بابەتەکانی خۆی گەورە کردووەتەوەو ژیانی پڕ ناکامی جووتیارانی رەخی روباری ئوکا- Oka و کرێکارانی کارخانانو چاوچنۆکیو تەماعکاری خودان کارخانانی بەرجەستە کردووە.

ئەم چیرۆکانەی گریگۆروڤیچ لە باری کۆمەڵایەتیو مێژووییەوە هێشتا هەر جوانن و هیچ شتێك لە نرخو بابەخیان کەم نەبووەتەوە، بە تایبەتی گلیب- Glieb-ی ماسیگرو زاخار-ی کرێکاری کارخانە بۆ ماوەیەکی زۆر بە دروست ترین وەسفو باشترین ناسنامەونیشانەی خەڵکی چینی سێیەمی روسیا ژمێردراون. گریگوروڤیچ لەواری دەروونناسیدا دەستی نەبووەو تەنیا لە گێڕانەوەو باسکردنی چیرۆکدا تەواو لێهاتوو بووە بەڵام چونکە لە لێکدانو ئاوێتەکردنی بابەتو پەروەردەکردنی بابەتەکانی خۆیدا هەندێ جار سستی نیشان داوەو تەمەڵی کردووە، هەندێ جار درێژدادڕیو زێدەبێژی زۆر دەکاتو جڵەوی مەبەستو بابەتەکەی لە دەست دەردەچێت.

## ٤- ئوستروڤسکی :

ئەلکساندەر نیکولایوڤیچ ئوستروڤسکی – Ostrovski لە ۱۸۲٤دا لە مۆسکۆ لە دایك بووە. بابی لە کاربەدەستانی دادگا بووەوماڵیان لە کۆنە گەڕەکەکانی مۆسکۆدا بووە. ئوستروڤسکی هەر لە منداڵیەوە پەی بە خورافاتو باوەڕی عامیانە، کە لەو گەڕەکەدا تەواو باوی هەبووە، بردووەو رەمزو رازەکانی بە زەینی خۆی سپاردووە. بە خۆی بەمجۆرە وەسفی ئەو وەزعو حاڵانە دەنووسێت: "... من لەو گەڕەکەدا دەژیم کە رۆژەکانی بەسەر رۆژانی شادو شومدا دابەش دەبێو خەڵکەکەی زۆر بە جدی باوەڕیان وایە کە زەوی لەسەر پشتی نۆ ماسیانەوبە گوێرەی دوا هەواڵێك کە گەییوە، یەکێك لەم ماسیانە کەوتووەتە جم وجوڵ، بۆیە وەزع خراپە. لەم گەڕەکەدا

خەڵكی بە چاوەوە دەبن، بە چاوی پیس نەخۆش دەكەون و نەزرو نیاز فریایان دەكەویٚ و شیفایان دەدات، لێرە فاڵبینانی تایبەتی هەن كە نیگەرانی ستێرانی كلكدارن و دوو بەشەریان لە مانگدا دیتووە..."

ئوستروڤسكی ئاشنایەتی دەگەڵ گەلێك لەو مامەڵەچیانەی كە سەروسەختیان دەگەڵ بابیدا هەبوو، و داوای داوەریان لێدەكرد، پەیدا كردو پەی بە بیروباوەڕیان برد. پاش ئەوەی ئامادەیی تەواو كرد چووە زانستگەی ماف لە مۆسكۆ، لێ پێش ئەوەی بەشی ماف تەواو بكات زانستگەی تەرك كردو لە یەكێك لە دادگاكاندا كارێكیان دایە. لە قۆناغی ئامادەیی و زانستگەدا بە خوێندكارێكی ناوەنجی دەژمێردرا كە زیاتر بە خراپیان دەزانی. پاش دوو ساڵ خزمەت لە دادگادا، بۆ دادگای بازرگانی مۆسكۆیان گواستەوەو لەم دادگایەدا هەشت ساڵ دۆسیەی بازرگانانی خوێندەوەو فرۆفێڵی كارەكانی بینین و پەی بەو گەندەڵیانە برد كە لە پەیوەندییە بازرگانیەكاندا هەبوو، ئەم ئەزموونانەش هاتنە سەر ئەو شتانەی كە لە منداڵیدا بە هزرو زەینی خۆی سپارد بوون و سەرمایەو هەوێنێكی بۆ ئەو شانۆنامانەی كە دەبوایە پاشتر بیان نووسێت فەراهەم كرد. لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی پەی بە سایكۆلۆجیەت و باری دەروونی مامەڵەچیان و بازرگانانی روسیا بردو ئاگاداری لەمەڕ پەیوەندییەكانی نێوان بازرگانان و ژیانی ناوخۆیی و خانەوادەییان پەیدا كرد. بۆیە بابەت و تیمەی سەرەكی شانۆنامەكانی ئەو بریتییە لە ژیانی بازرگانان و نێرەنگ و فێڵ و دەهۆكانیان و لەو شانۆنامانەدا سەوداگەرو مامەڵەچیانی بە هەموو گەوجیەتی و لاسارییەكیانەوە، بەوپەڕی وەستاییەوە نیشانداوە.

هەر لە گەنجیەوە، لەو دەمەوە كە لە زانكۆ دەیخوێند لێبڕا دەست بە نووسینی شانۆنامان بكات، و لەو زەمانەوە دڵی بە شانۆوە بوو وەدەیویست شانۆیەكی نەتەوەیی ساز بكات و لەم بارەیەوە دەنووسێت: "ئێمە شێوازی تایبەتی شێوەكاری و مۆسیقای روسیمان هەیە، هەقی خۆمانە شێوازی تایبەتی هونەری دراماتیكیش دابهێنین..." سەرەنجام لەم كارەدا سەركەوت.

یەكەمین شانۆنامەی بەنێوی (نابوت) لە ساڵی ١٨٤٧دا بڵاوبووەوە، و لە ئەنجامی گوشاری سانسۆردا لە ساڵی ١٨٥٠دا بە ناونیشانی "خۆمانین وپێكدێین" نمایشیان كرد. بابەتی ئەم كۆمیدیایە بابایەكی سەوداگەرو بازرگانە كە بۆ خۆ دزینەوە لە داوای خودان قەرزان دارایی و سامانەكەی خۆی بە پێشكارەكەی خۆی دەبەخشێت و كیژەكەی دەداتێ و نابووتی خۆی رادەگەیەنێ. كابرای پێشكار پاش ئەوەی دەست بەسەر سەروەت و سامانەكەدا دەگرێ، بە پێچەوانەی ئەو قەول و قەرارەوە كە دابووی، خۆی لە دانەوەی لە سەدا بیست و پێنجی قەرزەكان بە خاوەن قەرزان، دەدزێتەوەو بەرهەڵست نیە كە خەزووری بۆ زیندان بەرن. چونكە ئوستروڤسكی لەم كۆمیدیایەدا فێڵ و تەڵەكەبازی بازرگانانی زەمان و وەختی نیشان دابوو، هێرشێكی زۆریان كردە سەری و دەوڵەت نواندنی شانۆنامەكەی قەدەغە كرد.

ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی ١٨٥٠دا لە گۆڤاری (مۆسكۆیی)دا بڵاوبووەوەو لەم رێگەیەوە ئوستروڤسكی لە كۆمەڵەی سلاڤدۆستان كە گۆڤاری ناڤبریان بەڕێوە دەبرد، نزیك بووەوەو لەوە بەدواوە هاوكاری دەگەڵدا كردن. لەم قۆناغەدا دوو شانۆنامەی دیكەی بە ناونیشانی "نەبوونی

عەیب نیە"و "هەر کەس لە جێی خۆی" نووسی، ئەمەی دووەمیان لە ساڵی ١٨٥٣دا بڵاوبووەوە. لەم دوو شانۆنامەیە هەم بیروباوەڕی سلاڤدۆستانی نیشان داوە،و هەم بابەتەکانیان دەربارەی ژیانی بازرگانانی روسیایە، کە بەدەم بەرجەستەکردنی عەیب و عاری ئەم تاقمە خەڵکەوە، سەرسەختی و نەزانەوی و وشکی و خۆسەریی تایبەتیشیانی نیشان داوە، کە دێتە سەر نواندنی ژیانی ناوخۆیان لە تۆ وایە دڵی پێیان دەسووتێ.

لە شانۆنامەی دووەمدا بازرگانێکی هەوەسبازی خۆپەرست، لە بازرگانانی مۆسکۆ هەیە کە کیژێکی هەیە وسەرەنجام کوڕێکی گەنج ڕەدووی دەخات، وکە خەبەری دەگاتێ کە بابەکە کیژەکەی لە میراتی مەحروم دەکات، کیژێ بۆ خانەوادەکەی دەنێرێتەوە.

لەو زەمانەدا مامەڵەچی و بازرگانانی روسیا، پابەندو ملکەچی کۆمەڵێك یاساو رێسای تایبەتی بوون و ئەو کەسانەی لە ماڵەکانی واندا دەژیان نەیاندەتوانی سەرپێچی لەو یاساو رێسایانە بکەن، بەم یاساو ریسایانەیان دەگوت (داماستروی)و نەك هەر رێگەی دەدا کە بازرگان لە ماڵی خۆیدا خاوەنی دەسەڵاتی رەها بێ و ژن و منداڵەکانی گوێڕایەڵی تەواوی بکەن، بەڵکو ئەمانە گەمەی هەواو هەوەسی ئەو بوون، لەم یاساو رێساو داب و نەریتەدا چۆنیەتی هەڵسان و دانیشتن و شوێنی هەر یەکێك لەوانە لە ماڵەکەداو تەرتیبی خواردن و خواردنەوەی هەر یەکێکیانیش دیاری کراو بوو. بۆیە سلاڤدۆستان ئەم دوو شانۆنامەیەی دوایی ئوستروفسکیان بەلایەنگری لەم داب و نەریتە لە قەڵەم دا.

ئوستروڤسکی، لە ساڵی ١٨٥٦دا سەفەرێکی بۆ کەنارەکانی ڤۆڵگا کردو ژیانی خەڵکی ئەو دەڤەرەی لە نزیکەوە بینی و دیاری دەستی لەم سەفەرەدا شانۆنامەیەکی دی بوو بەناونیشانی "رەهێڵە" کە هەڵبەتە بە شاکاری ئەو دەژمێردرێ. لەم شانۆنامەیەدا گۆڕانی هزری خۆی ئاشکرا کردووەو بەتوانایەکی تایبەتیەوە ژینگەی سەراپا جەهل و خۆسەری و کەلەڕەقی و توڕەهاتی بازرگانی زەمانەی وەسف کردووە. کێژێك بەنێوی (یکاترینا) کە زەوق و سەلیقەیەکی شاعیرانەو دڵێکی ناسکی هەیەو پابەندی کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەمای ئەخلاقیەو زیتەڵ و دڵ زندوو چەلەنگ و چالاکەو باوەڕی بە بەهرەگیری لە لەزەتەکانی ژیانە، ولە ژینگەیەکی تاریك و بەتەمتومان و خەمناکی خانەوادەی بازرگانێکدا گیرۆدەی تەوق و کۆتی ئەو رۆژگارانەیە. چونکە تین و تاوی گەنجێتی ویستێکی بەهێزی تیا دروست کردووە ناتوانێ مەرج و داواکانی ژینگەی گۆڕین قەبوڵ بکات. سەرەنجام بێ ئاوەزی و ساردی مێردو خۆسەری وسەر زەنشتەکانی دایکی تەنگی پێ هەڵدەچنن و لە غیابی مێردەکەیدا دەخزێ، بەڵام چونکە سروشتێکی پاکی هەیەو پابەستی ئەخلاقە، ئەزابی ویژدان ئۆقرەو هەدای لەبەر هەڵدەگرێت و رۆژێك کە لە ژێر رەهێڵەدا. لە رێورەسمێکی ئاینی دا دەهاڕوژێ و لە بەردەم گروپێکدا دان بەهەڵەی خۆیدا دەنێت، و چونکە ئەم ئیعترافە، ژیانی لێ ناخۆشتر دەکات، هیچ چارەیەك نابینێ جگە لەمەی کە شەوێ خۆی لە روباری ڤۆلگادا غەرق بکات.

لیڤ تولستۆی هەمان نێوەڕۆك و تیمەی لە رۆمانە بەناوبانگەکەی خۆیدا (ئاناکارنینا) بەکار هێناوە.ئوستروفسکی ویستویەتی ژیانی ناخۆشی ژنانی ئەو رۆژگارە لەناو چینی دووەم و

ئەشکەنجەو عەزابەکانی ڕێساکانی (داماستروی)و گەندەڵی ئەو ژینگە تایبەتیە، کە زیاتر زادەی هەرەسهێنانی بناغە کۆنەکان بووە بەهۆی بیرە نوێنەکانەوە، پیشان بداتو بە تەواوەتیش دەرەقەتی هاتووە. یکاترینا قەریحەو تەبعێکی شاعیرانەی هەیە کە هەستو سۆزەکانی خۆی پەردەپۆش دەکاتو لە ئەوینو ئەویندارەکەی خۆی وەڕز بووە، لەبەر ئەمە تەسلیمی بێگانە دەبێت. شووەکەی پیاوێکی زبرو توندو ناقوڵاو ناهەنجارە، کە هەستی باشی هەیە بەڵام تەبعی زبری بەڕێگەی خراپیا دەبات، دایکی ژنێکی بێ ڕوحمو بێ بەزەییە کە قەشە سیلوستر لە کاردەری کردووە. لە کاتی سەفەری مێردەکەیدا کە کاترینا پێشبینی دەکات چی بەسەر دێ، دەیەوێ دەست لە ملی مێردە ساردوسڕو بێ هەستەکەی بکاتو داوای لێبکات کە نەڕوات یان ئەویش لەگەڵ خۆیدا بەرێت، دایکی بەڕوویا هەڵدەشاخێو دەڵێت: "یانی چی؟ مەگەر ماشوقی تۆیە؟ بەدبەخت، بۆی بە چۆکا بێ!" بۆیە یکاترینا هیچ چارێکی نابێ جگە لەمەی کە نەوازشو قسەی خۆشو میهرو دەست لە ململانێ، کە ژنێکی لاوی وەکو ئەو تا ئەو ڕادەیە پێویستی پێیەتی، لە کەسێکی دی داوا بکات.

دوبرالیوف-ی ڕەخنەگری بەنێوبانگ بڵاوبوونەوەی ئەم شانۆنامەیە بە بەڵگەی بنجبڕی کۆتایی پەیوەندی ئوستروفسکی بەسلاڤدۆستەکان دەزانێو ئەم شانۆنامەیەی لە هەموو رویەکەوە بە جوان ژماردووە. لەو هەفتا بەرپەڕەی کە دەربارەی ئەو شانۆنامەیەی نووسیوە گوتوویەتی کە نووسەری ئەم شانۆنامەیە هەنگاوێکی گەورەی لە ئەدەبیاتی وڵاتی خۆیدا ناوەو گەییوەتە شوێنێك کە پێشینانی ئەو لە تورگینیف-وە بیگرە تا گونچاروف نەی گەیشتونەتێ. توانیویەتی خواستە دەروونییە یەکسەرییەکانی میللەت بەجێ بێنێو ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی دوورخستنەوەو وەدەرنانی هزرو ڕەوشتو دابو نەریتو کەلتور لە ژیانی میللەتدا دروست بوو بوو، پڕیکاتەوە، چونکە سیماو نموونەیەکی ئایدیالی بۆ ئایندە هێناوەتە ئاراوەو لە بوونی ژنێکدا دەری خستووە. ئەمە کارێکی وردو دروست بووە چونکە ژنەکە زیاتر ڕەنجدیدەی دەستی ڕابردوو بووەو یەکەمینو گەورەترین قوربانی بووەو ئەوەی لە تەحەمول بەدەر بووە زیاتر بۆ ئەو بووە. دوبرالیوبوف کاتێ کە ئەم قسانەی دەنووسی بیستو چوار ساڵان بوو. دۆستوفسکی-ش دەبووایە ڕۆژێك هەمان بیروبۆچوونان دەربارەی تاتیانا، قارەمانی پوشکین دەربڕێ.

ئوستروفسکی لەم زەمانەدا هاودەنگ لەگەڵ نووسەرانی دیکەی زەمانی خۆیدا مژدەی دەدا کە نەسلو نەوەیەکی تازە بەڕێوەیە، پەیدا دەبێ. لە شانۆنامانی دیکەی میناکی (کاری پڕ دەرامەت) زیاتر مژدە بەم نەسلە بەهێزە دەدات. لەم زەمانەدا گەیی بووە لوتکەی شۆرەتو ئەکادیمیای زانستی ڕوسیا لەسەر شانۆنامەی (ڕەهێڵە) خەڵاتێکیان دابوویە.

لەوە بەدواوە ئوستروفسکی زێدەباری بازرگانان، هاتە سەرباسی چینەکانی تری کۆمەڵگەی زەمانی خۆی، بۆ نموونە لە شانۆنامانی (پارەی بێ حیساب)و "گورگو بەرخ" دا بەسەر و پۆتەڵاکی ئەشرافدا هاتووە. لە شانۆنامەی یەکەمدا کە لە شاکارەکانیەتی، ئەو خانەدانە ئەشرافانەی وەسف کردووە کە لە حاڵی هەرەسو نەماندانو نیشانی داوە چۆن دارایی خۆیانو

ماڵباتەکانی خۆیانو هەندێ جار میراتیەکانیان بە سەوزی خواردووەو ئەمێستا جگە لە ناوو نەریتی ئەشراف چ شتێکیان بۆ نەماوەتەوە. هەروەها ئەوەش نیشان دەدات چۆن ئەمانە کەسانێکی بێهودەنو سەرباری کۆمەڵگەنو هەرچەند دەمو دوویان پڕ لە مژدەو نوقڵانەو رواڵەتیان دڵرفێن بێ هیچ متمانەیەکیان پێ ناکرێو درەنگ یا زوو تیا دەچنو دەمرن. لە بەرامبەر ئەوانەدا کۆمەڵە خەڵکێك هەن کە بە جدی سەر گەرمی کاروباری ئابوریو بازرگانین. نوێنەری ئەم گروپە لاوێکە بە نێوی ڤاسیلکۆف کە هەرچەندە بێ عەیب نیە جازیبەیەکی تایبەتی هەیەو لە هەنبەر ئەشرافێکدا کە جگە لە ناو هیچی تری بۆ نەماوەتەوە، لیدیای کیژە لاوو جوانو دەست بڵاوو منداڵرەفتار دەخوازێ بەڵام لیدیا ڤاسیلکوف خۆش ناوێو سەرەنجام فریوی وەعدو بەڵێنە بۆش و بە تاڵەکانی هەمان ئەشراف دەخواتو لە ماڵە مێرد دەرەڤێ، بەڵام گرفتاری دژواری دەبێتو ناچار داوای یارمەتی لە ڤاسیلکوف دەکات. ڤاسیلکوف پیاوێکی زەحمەتکێشە، دەست بڵاو نیە،و لیدیا ناچار مەرجە قورسەکانی ئەو کە لە سەرەتادا وێناشی نەدەکرد قەبوڵ دەکاتو بۆ ماڵی مێردەکەی دەگەڕێتەوە.

ئوستروفسکی لە شانۆنامەیەکی دیدا بە ناونیشانی (کاری پڕ دەرامەت) بەرتیل خۆرانو کار گوزارانی نا دروستی دەوڵەتو دەستدارانی گەندەڵی ئەو زەمانەی ریسوا کردووە. ڤیشنفسکی کە نموونەی بەرتیلخۆرێکی دەسەلاتداری دەسرۆیە، لەبەرسڤی خوشکەزایەکی لاوی دروستکاری خۆیدا کە خوازیاری سەروەتو ژیانێکی فاخیر نیەو دەم لە هزرو بیری گشتی دەکوتێ، دەڵێت: "ئێمە هزرو بیری گشتیمان نیە. بیری گشتی ئێمە ئەمەیە کە دز نەگیرێت پاشایە، خەڵکی هەقیان چیە کە تۆ بە چ دەرامەتێك دەژیت. خەڵکی حیسابی ئەمە دەکەن کە تۆ ژیانێکی باشت هەیە یان نا،و دەتوانی بە گوێرەی دابو نەریتی گەورە پیاوان هەڵس و کەوت بکەی یان نا؟...."

کۆمیدیایەکی بەناوبانگی دیکەی (بێشەی) ناوە، لەو بەرهەمەدا، وەزعی شەپرێوو بەزەیی ئەنگێزی جووتیارانی زەڕخرێ و ئەو کارەساتانەی لە مەزرا داچێنراوەکانی ئەو زەمانەدا روویان دەدا وەسف کردووەو لەم رووەوە شاکارێکی خستووەتەوە.

ئوستروفسکی بایەخی بە ژیانی ئەکتەرو هونەرمەندانی روسیاش داوەو هەوڵیداوە چەند شانۆنامەیەکی باش بە زمانی روسی فەراهەم بکات. بۆیە وێڕای ئەوەی کە خۆی شتی دەنووسی، کەسانی دیکەشی هاندەدا کە بنووسنو باوەڕی وابوو کە جگە لە شانۆی دەوڵەتی شانۆی جەماوەریو میللیو تایبەتی دامەزرێنن، و بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی پەروەردەکردنی ئەکتەرانی دەداو هەندێ لە شانۆنامەکانی خۆی وەقفی ژیانی ئەوان کرد، لەوانە شانۆنامانی (گوناحکارو بێ گوناح)و (بەهرەکانو ستایشکاران) کە هەردووکیان لە شاکارەکانی ئەون.

بەمجۆرە، خویایە ئوستروفسکی هەموو چینە جیاوازەکانی زەمانی خۆی لەم شانۆنامە هەمە جۆرانەدا وەسف کردووەو لە راستیدا بەرهەمەکانی ئاوێنەیەکی بێگەردی ژیانی گەلی روسیای ساڵی ١٨٤٠ بە دواوەیە.

ئوسترۆفسکی لە ساڵی ١٨٦٠ بە دواوە لێبڕا بوو چاو لە پۆشکین بکاتو بەر لەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی هەندێ نووسەرانی ئەوروپاوە وەکو ئەمە لە شانۆنامەی "پەزێن گومڕا"و

"قاوەخانەیەك"و "كۆیلەیەتی مێردان" بەدی دەكرێت. دوو ساڵ لە پێش مردنیا كە سەرۆكایەتی شانۆی موسكۆیان دایە، قەبوڵی كرد، لە كاتێكا زۆر پێش ئەوە لەو كارە ئیداریەی كە هەی بوو، و بێتاقەتی كردبوو، وازی هێنابوو، بۆیە هەمیشە دەوڵەتی تزاری لێی بەگومان بوو و ئەوی بە جێی باوەڕو متمانەی خۆی نەدەزانی، سەرەنجام ئەم نووسەرە مەزنە لە ساڵی ١٨٨٦دا بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە مرد.

ئوسترۆفسكی راستەوخۆ نەچووەتە ناو رووداوەكانی سەردەمی خۆیەوە، بەڵام لە پەرەسەندنو خەملینی هزرێن ئەو رۆژگارەشدا بێ كاریگەریی نەبووە. دەتوانرێ بگوترێ پەیڕەوی ئەو سەرمەشقەی دەكرد كە گۆگۆل لە سەرەتای قۆناغی نووسەرایەتی خۆیدا بە دەستیەوە دابوو. تا ساڵی ١٨٥٤ هەوەڵین شانۆنامەكانی ئوسترۆفسكی بۆ وەسفی گەندەڵیە ئەخلاقیەكانی ئەو زەمانە تەرخان كراوە. بەڵام پاش ئەو زەمانە لە ئەنجامی بانگەشەو پڕوپاگەندەی سلاڤدۆستانەوە، لە بەرهەمەكانیا ئاراستەو رەوتێكی تازە سەبارەت بە فاكتەرەكانی ژیانی نەتەوەیی كە لەوە دوا لە بەرهەمەكانی خۆیدا ستایشیان دەكات دەبینرێ. بۆ نموونە لە شانۆنامەی (هەركەسە بەجێی خۆی) قارەمانانی میناكی روساكوف-ی، كە بازرگانێكی سادەو دروستكارەو ئاڤدۆتیا ماكسیموڤنای، كە ژنێكی سادەو عەبوسی چینی دووەمە، هێناوەتە ئاراوەو قارەمانەكانی وەكو ڤیخورفو باراچڤسكی، كەسانێكن كە رەنگێكی كەلتورو شارستانیەتی ئەوروپاییان گرتووە، بەڵام ئاژاوەو گەندەڵیان هێناوەتە ناو كۆمەڵگەوە. ئوستروفسكی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦١دا لەم بوارەدا موبالەغەی زیاتری كردووە.

شانۆنامەكانی بە زۆری نە كۆمیدییەو نە تراژیدییە، بۆیە دوبرالیوبف ناوی ناون "نمایشی ژیان" چونكە بینەر نەدەخەنێ و نەدەگری، لە هەر یەكێكیاندا ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی دەبینرێ كە بە تەواوەتی جیایە لەو كەسانەی كە تێیدانو ئەو كەسانەی كە تیایدا دەبینرێن نە چاك كردەوەو نە بەد كردەوەن، بە جۆرێ كە هیچ كەسێك هەڤدڵیان نابێ. ئەو كێشماكێشەی كە دێتە پێشێ لە نێوان ئەواندا روو نادات بەڵكو لە نێو ئەو رووداوانەدا كە ئەوان خۆ بە خۆ دەكەونە ژێر كاریگەرییەوە، روو دەدات. هەندێ قەزاو قەدەری نادیار لەم دیمەنانەدا دەبینرێو بەرەنجامی سروشتی ئەوەش ئەمەیە كە كاری خەڵكی نەباشەو نە خراپ، ژیانیش بە هەمان شێوە نە باشەو نە خراپو هەر ئەوەیە كە هەیەو نابێ كەسیش دڵگیرو دڵتەنگ بێ. زۆربەی شانۆنامەكانی بێ ئەنجامی بنجبڕو ئەنجامەكانیان گوماناوییە چونكە كارەكە ناگاتە كۆتاییو دەبڕێ. نووسەریش قسەی خۆی بە وشەو رستەیەكی كاریگەر خەتم ناكات، بەڵكو زۆر جار لە شوێنێكدا كە چاوەڕوان ناكرێو لە بەینی قسەی یەكێك لە ئەكتەرەكانەوە كۆتایی بە مەبەستو بابەتەكە دێنێ. ئەوانەی كە باوەڕیان بە ئوسترۆفسكی هەبووە گوتوویانە ئەمە رەنگدانەوەی ژیانە كە سەرەتاو كۆتایی نیە.

لەلایەكی دیەوە دەبێ ئەوە بگوترێ كە جگە لە لیڤ تولستۆیو ماكسیم گۆركی هیچ نووسەرێكی دیكە لە روسیادا بە ئەندازەی ئوستروفسكی كاراكتەری جیاوازو باوەڕو هەستو هزری جیاوازی وەسف نەكردووە. ئەو زمانەی كە ئوسترۆفسكی بە كاری بردووە وەكو زمانی

کریلف زۆر روون و ڕەوان و سوارە، پڕە لە دەربڕین و داهێنانی تازەو تایبەتی، و ئوسترۆفسکی لە ڕەمەکی خەڵکی مۆسکۆوە بە تایبەتی لە چینی ژنانەوە زۆر قسان فێر بووەو زۆر لاسایی کردوونەتەوە. ئوسترۆفسکی نزیکەی چل دانە ساڵ لە ئەدەبیاتی روسیدا کاری کردووەو چل و هەشت شانۆنامەی بڵاوکردووەتەوە. تاقە نووسەری روسیە کە جگە لە شانۆ خەریکی چ هونەرێکی دیکە نەبووە. سەرەنجام بە ئاواتی خۆی گەیی و ڕێبازی تایبەتی شانۆی روسی داهێناو یەکەمین کەس بوو کە توانی لە ژیانی زەمانی خۆیدا کۆمەڵێك کەرەستە بۆ ئامادەکردنی قارەمانانی نەتەوەیی بە دەست بێنێ. بۆیە یەکێکە لەو نووسەرە حەقیقەتجۆیانەی ئەدەبیاتی روسی و ژیانی بە گوێرەی دیتن و تێگەیشتنی خۆی وەسف کردووەو خۆی لە موبالەغەو هوشەکاری لە پێناوی ئەوەی کە شانۆنامەکانی سەرنجان رابکێشن دوور گرتووە، لەبەر ئەمەیە کە رووداوو بۆیەرێن بێ پێشەکی و سەیریان کەمتر تێدا دەبینرێ و هەموو بویەرەکان و گشت دیالۆگەکان ئاسایین، هەروەها لەبەر ئەمەیە کە قارەمانانی بەرجەستەیان تێدا نییەو تەنانەت قارەمانە نمرە یەکەکانیشی بەزۆری خەوش و عەیب و کێماسی خۆیان هەیە کە تەمەشاڤان ئەوەندە دڵبەندیان نابێت و، هەروەها دەرهەق بە قارەمانە بەد عەمەلەکانیش کینە لە دڵ ناگرێت، چونکە دەبینێ کە لە ئەنجامی بارودۆخی کۆمەڵایەتی تایبەتی و لەوتانی ژینگەوە، بەو شێوەیە دەرچوون و تەمەشاڤان زیاتر لە وەزع و حاڵی زەمانە بێزار دەبێت تا لە بەدکاری ئەم قارەمانانە. بۆیە پێویستە ئوستروفسکی لەواری وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی وەزع و حاڵی ئەو رۆژگارەدا بە هونەرمەدی تەواو بزانرێ.

یەکێك لە فاکتەرە گرینگەکانی بێداری وهۆشیاری گەلی روسیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی زاینیدا ئەم وەسفانەیە کە لە شانۆنامەکانی ئوسترۆفسکی دا دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و بودەڵەیی خەڵکی ئەو رۆژگارە هەیەو ئەوەی ئەو دەربارەی بەدکارییەکانی ئەو زەمانە کەشفی کردووەو خستویەتیە پێش چاوی خەڵکی رۆژگار، لە ئەنجامدا بێداری کردوونەتەوەو کاریگەریی ئیجابی شانۆنامەکانی زیاتر بە هۆی ئەو زمانە سادەو جەماوەرییەوەیە کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵی بژاردووە. ئوستروفسکی باوەڕی بتەوی خۆی سەبارەت بەمەی کە شانۆنامە دەبێت شەقڵی نەتەوەیی هەبێ و ئاسایی بێ بەمجۆرە دەربڕیوە: "مێژوو پایەی بەرزی بلیمەتی بە نووسەرانێك دەدات کە توانیبێتیان بۆ میللەتی خۆ شت بنووسن و ئەو بەرهەمانە لە دێرزەمانەوە ماونەتەوە کە لە شوێنی خۆدا، لە زاینگەی خۆدا بە راستی نەتەوەیی بووبن...".

لە نێو ئەو کاراکتەرە جیاوازو جۆراوجۆرانەی کە لە شانۆنامەکانی ئوسترۆفسکی دا دەبینرێن و ژمارەیان دەگاتە پێنج سەد دانە، دوو دەستە هەن، دەستەی یەکەم ئەو کەسانەی کە دەبێ بە مێمڵ و سەلبی ناو ببرێن و تەماشاڤانان وێڕای ئەوەی بە کاروکردەوەکانیان پێدەکەنن و ناشتوانن نەفرەت و سەرزەنشتیان نەکەن، ئەوانە زۆریان بازرگانانی بەرژەوەند پەرست و سەرسەخت و تەماعکارو خۆپەسندن کە چارەنووسی خەڵکانی دی بە گەمەی خۆو پاشکۆی هەواو هەوەسی خۆیان دەزانن، ژمارەیەکیش لەم دەستەیە ئەشرافانی بێ هونەرو بێ بەهرەن کە

بەباری سەر شانی کۆمەڵگە دەژمێردرێن و ژمارەیەکی تریشیان کار بەدەستانی دەوڵەتی، تەڵەکەبازو بەرتیل خۆرو نا دروست و ماستاوچی و بەرژەوەند پەرست و خۆ پەرست کە لە هەموو شانۆنامەکانی ئوستروفسکی دا شوێنی تایبەتیان هەیە.

دەستەی دووەم، ئەو کەسانەن کە بوون بە قوربانی تەماعکاریەکانی دەستەی یەکەم یان گەندەڵیەکانی کۆمەڵگەی خۆیان وەکو ئەو کیژانەی کە بە تۆبزی دراون بە مێردانی نەگونجاو یان ئەو ژنانەی کە لە تاو ملهوڕی و ستەمکاری و سپڵەیی و سەرسەختی و بەدمەستی مێردەکانیان ژیانیان لیٚ تاڵ بووە، یان ئەو ئەکتەرانەی کە ناچارن، بیٚ ویستی خۆیان دڵی ستایشکارانی درۆزن و دەوڵەمەند بە دەست بێنن و رابگرن، یان کیژانێك کە لەبەر ئەوەی جیاوازیان نیەو تا کۆتایی تەمەنیان بە نائومێدی و تاڵی بژین، یان فەرمانبەرانی ژێر دەس کە چ چارەیەکیان نیە ئەوە نەبیٚ کە بە ترس و ریاکاری و مەرایی کردن کاری خۆ ڕایی بکەن، یان پیاوانی دروستکارو پاك و بێگەرد کە دەبیٚ هەزاران ناخۆشی وەکو تەوهین و سەر شۆڕی و دەستکورتی قەبوڵ بکەن. هەڤدژی ئەم دوو دەستەیەو ئەو پێکادانەی کە لە نێو ئەواندا روو دەدات و کارەساتی لێدەکەوێتەوە، مایەی جیلوەو رەونەقی تایبەتی شانۆنامەکانی ئوستروفسکییە، لەبەر ئەوەیە خۆ کۆژی یکاترینا لە شانۆنامەی رهێڵەو مەرگی لاریسای کیژی جوان کە گیرۆدەی ئاقیبەتی بیٚ جیازیە،و ژیانی سەرانسەری تاڵی ناموف–ی ئەکتەری لاو کە گرفتاری هەوەسڕانی و قەدر نەزانی بابە نا مەعلومەکەی خۆی بووەو لە شانۆنامەی "گوناهکارانی بیٚ گوناه"دا دەبینرێن.

بەرهەمەکانی ئوستروفسکی ئەمڕۆ کە لە سەرانسەری وڵاتەکانی یەکێتی کۆمەرەکانی سۆڤیەتی سوسیالیستیدا رەواج و برەوی تەواویان هەیەو ئەکتەرانی ناودار لە زۆر شانۆیاندان، شانۆنامەکانی نمایش دەکەن، و تەنانەت زۆربەی شانۆنامەکانیان پاچڤەی زمانە جیاوازەکانی نەتەوەکانی سۆڤیەت کردووەو نمایشیان کردووە، لە ساڵی ١٩٤٩دا بە بۆنەی سەدو بیست و پێنجەمین ساڵیادی لە دایك بوونیەوە ئاهەنگی شکۆدار لە سەرانسەری خاکی سۆڤیەت بەرپا کراو کتێب و گوتاری فرەیان دەربارە نووسی.

### ٥– تورگنیف:

ئیڤان سیرگییوڤیچ تورگنیف، لە ساڵی ١٨١٨دا لە شاری ئۆرپل لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی موڵکدار لە دایك بووە، دوو کەس لە باپیرانی لە دەرباری تزارەکاندا پۆست و پایەی بەرزیان هەبووە، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا، لە ساڵی ١٨٣٧دا کە خوێندکاری ساڵی سێیەمی زانستگەی سانپترسبۆرگ بوو درامایەکی شیعریی بە ناوی (ستینو– Stenio) نووسی بوو،و دابووی بە مامۆستای ئەدەبیاتەکەی خۆی کە (پلتنیف)ی ناو بوو ولە ئەدیبانی ناوداری ئەو رۆژگارە بوو. مامۆستاکەی هەر کە دەیخوێنێتەوە تێدەگات کە لاسایی کردنەوەیەکی (مانفرد)ی شاکاری بەنێوبانگی بایرۆنی شاعیری ناوداری ئینگیزە. هەرچەندە کارەکەی ئەم لاوە نۆزدە ساڵە بەهایەکی ئەدەبی نەبوو، بەڵام ئەوەی دەنواند کە نووسەرەکەی دەبێتە پیاوێکی هونەرمەند. هەر چەند مانگێك دوای ئەو رووداوە هەر هەمان مامۆستا لە گۆڤارێکی ئەدەبی بەنێوبانگی ئەو

زەمانـەدا کـە بـە نێـوی (سـەردەم) بڵاودەبـووەوە، هەنـدێ لـە شـیعرەکانی کـە دیـارە لـە شـیعرە باشەکانی بوون، بۆ بڵاوکردەوە.

دوای ماوەیـەك تورگنیـف، بـە گـوێرەی مـۆدی بـاوی ئـەو زەمانـەی روسـیا، بـۆ تـەواوکردنی خوێندنو زانیاری چوو بۆ ئـەڵمانیا وخۆی گوتـەنی خـۆی بەسـەرا هەڵدایـە نـاو دەریـای ئـەڵمانیاو وەخـتێ گەڕایـەوە خـۆی گوتـەنی (رۆژاواییـەکی) تـەواو بـوو، واتـە خـووی ئـەوروپای رۆژاوایـی گرتبوو.

چـونکە دایکـی لـە مۆسـکۆ بـوو لـە سـاڵی ١٨٤١دا چـەند مانگێـك لـەو شـارەدا مایـەوەو لـەم ماوەیەدا پەیوەندی دەگەڵ سلاڤدۆستەکاندا پەیدا کرد، بەڵام زۆری نەبرد کە لێیـان رەنجاو ئەم دڕدۆنگییە رۆژ بە رۆژ زیاتر بوو. هەڵبەتە دەگەڵ لایەنگرانی تزاریشدا بەینی نەبوو، و ماوەیـەکی کەمیش هەوڵیدا خۆی دەگەڵ حکومەتدا بسازێنێو لە وەزارەتی ناوخۆدا کارێکی وەرگـرت، بـەڵام نەیتوانی دەگەڵیان رابێو لە ساڵی ١٨٤٣دا دەستبەرداری بوو. لـە هـەمان زەمانـدا بـەناوی (ت.ل) هۆنراوەیەکی بڵاوکردەوە کە بووە مایەی ستایشی بیلینسکی. لەمـەوە جۆرە پەیوەندییـەکیان لـە نێوانـدا پەیـدا بـوو. بیلینسـکی دەربـارەی هەنـدێ بەرهـەمێن دیکـەی تونـد بـوو و هەقیشـی بـوو، چونکە بیلینسکی چاوەنۆڕی بەرهەمێن باشترو باڵاتری لێدەکرد.

رێکەوتێك بووە مایەی شۆرەتی ئەو، پانایێڤ- Panaiev کە لە ئەدیبانی ئەو سـەردەمە بـوو، و گۆڤاری (سەردەم)ی بەڕێوەدەبرد، بۆ پڕکردنەوەی یەکێك لە ژمارەکـانی ئـەو گۆڤـارە کـە بابـەتی کـەم بوو،چیرۆکێکی، کـە تورگنیـف بـۆ ئۆفیسـی گۆڤارەکـەی نـارد بـوو،و دەمـێ بـوو لەوێنـدەر مابووەوە، بڵاوکردەوە، خوێنەرانی گۆڤاری ناڤبری لە ساڵی ١٨٤٧دا لـەو ژمارەیـەدا چیرۆکێکیان لـەژێر سـەرناڤی "خـور- khor و کـالینیچ- Kalinitch) خوێنـدەوە کـە لـە روانگـەی هـەموو کەسێکەوە شاکارێك بوو بۆ خۆیو تەنانەت نووسەرەکەشی کە خەریك بوو لـە ئەدەبیات نائومێد دەبوو، چاوەڕوانی ئەوە نەبوو.

پانائیو لە ژێر ئەو ناونیشانەدا کە نووسەرەکە بە خۆی بۆ ئەم چیرۆکەی دانا بوو، لـە خۆیـەوە ناونیشانی (بیرەوەری راوچی)شی دانا بوو، کە هەمان ناونیشان دەبوایە رۆژێـك لـە رۆژان بـبێ بـە نـاوی کتێبێکـی بـەناوبانگو بـە یـەکێك لـە شـاکارە نـەمرەکانو نـاوی تورگنیـف-ی خسـتە ریـزی گەورە نووسەرانی جیهانەوە.

ئەم شۆرەت ونێوبانگە زۆرە تورگنیفی لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا، کە روحی میهرەبانو بەرزە خەیاڵی ئەو تیایدا لە کولو گۆڤانان رەها نەبوو، ئاشت نەکردەوەو نەیتوانی لـەزەتی تـەواو لەوە وەربگرێ کە بوو بوو بە نووسەرێکی ناوداری وڵاتی خۆی، ئەوە بوو پاش ساڵێك روسیای بەجێهێشتو خەیاڵی گەڕانەوەی نەبوو، وپاشماوەی (بیرەوەری راوچی) لە پاریس دا نووسی.

ئەگـەر چاوێکی رەوتـەنی بـەم کتێبـەدا بگێڕین دەبینین شـتێکی تـازە نیـە ،وەکو هـەموو ئـەو چیرۆکە دێهاتیانەیـە کـە خـەڵکانی دیکـەش نووسـیویانە، بـە تایبـەتی جـورج سـاند، نووسـەری بـەناوبانگی فەرەنسـاویش لـەو بابەتـە چیرۆکەی هەیـە. جا تورگنیـف بـە خۆیشـی بەرهـەمی ئـەم نووسەرەی زۆر پێ پەسند بووەو گوتوویەتی: "ئەم ژنە یەکێکە لە پێشەوایانی من"، تەنانـەت لـە

روسیاشـــدا چـــیرۆکەکانی گریگـــۆرۆڤیچ و هـــۆنراوەو بەیتـــەکانی نیکراســـوف کـــە تیمـــەو ناوەڕۆکەکانیان لە ژیانی گوندییانەوە وەرگیراوە بـە هـەمان شـێوە بەرهـەم هێنـراون.. بـەڵام ئەگـەر ئەم شاکارەی تورگنیف لەگەڵ هاوتاکانیدا بەراورد بکەین دەبیـنین کـە سـەلیقەو زەوقـی شـەخسـی ئەو، و بـەهرەو ئیلـهامی ئـەو هـەمان بابـەتی گونـدیی سـادەو سـاکاری تـەواو گۆڕیـوەو شـێوەیەکی دیکـەی داوەتـێ. تورگنیـف لـەم بەرهەمـەدا نیگارکێشـێکی ناسککارە کـە هاوئاهەنگی وسـازانێکی تەواوی لە نێوان سروشت وئادەمیزادا چێکردووە.

تورگنیف لە ئەدەبیاتی روسیدا یەکەمین کەسە کە دێهاتیانی تەنیا وەکو بوونەوەرانی شـایانی روحـم و بـەزەیی تەسـەور نـەکردووە، بـەڵکو بـە بوونـەوەرانی هەسـتیارو ئەقڵمەنـدی زانیـون کـە میناکی هەموو مەردم روح و هەستێکیان هەیـە، بـەڵام جـۆری هـزرین و هەسـتەکانیان لـە خـەڵکانی دی جیاوازە.

بۆیـە ئـەو روحـەی کـە گۆگـۆل نـەیتوانیوە دەرکـی بکـات. ئـەو کەشـفی کـردووەو بـە خـەڵکی روسیای نیشان داوە. بۆیە دەبێ تورگنیف بە یەکێك لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی پێشڤەچوون و پەرەسـەندنی هـزری خـەڵکی روسـیا بزانـرێ و هەرچـەندە هـیچ کاتێـك بـە ئاشـکرا خـۆی لـە پرسـی هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی نەداوە، لەم کارەدا کاریگەر بووە، چونکە لە ناساندنی قارەمانـانی ئـەم چیرۆکانەی خۆیـدا کـە گشـتیان دێهـاتین، بـاوەڕی بنجـبڕی خـۆی لـەم بـوارەدا بـە قـازانجی ئـەوان دەربڕیوە. چیرۆکی (خۆروکالینیچ) نموونەیـەکی گەشـی ئـەم بوارەیـە لـە ئـەدەبیاتی روسـیدا، کـە وەسفی دوو دێهاتیە کە لە حاڵەتی زەرخرێیی و کۆیلەیـەتی دەردەچـن کـە یـەکێکیان لـە شـوێنێکی دوور، لە باتلاخ و زەلکاوێکا دەژی و مل بۆ بێگاری وسوخرە نادات و دووەمیان بووە بە قۆرخچـی ئاغاکـەی خـۆی، یـەکێك لەوانـە پیـاوێکی حەقیقـەت بینـەو ئـەویتریان پیـاوێکی خـەیاڵاوی و خۆشخەیاڵە لێ هەردووکیان دڵسافن و یـەکێکیان فیـداکارو دلۆڤانـەو ئەویتریان جددی و دڵسـۆزو میواندۆستە. تورگنیف لەم رێگەیەوە نیشانی داوە کـە لـە نێـو ئـەم گوندیـە کۆیلـەو زەرخرێیانـەدا خەڵکانی باشیش پەیدا دەبن، و ئەگەر هەندێکیان زبرو دڕندە خوو بەد ئەتوارو توندە تەبیعە تن، ئەوا ئەم کێماسیانەیان زادەی یاساو رێسای کۆیلایەتیە، ئەگینا بە سروشت خراپ نین.

تورگنیف دوای ماوەیەك بۆ روسیا گەڕایەوەو ماوەیەکی کـەم لـە زاگـەی خـۆی مایـەوە، چونکە لە ساڵی ١٨٥٢دا وتارێکی دەربارەی مەرگی گۆگۆل نووسی و بۆ ماوەی مانگێك حـەپس کرا بوو و بە شەفاعەتی خانم سمیرنۆڤا – Smirnova کە لـەو زەمانـەدا گـەورەترین هاندەرو پشـتیوانی ئەدەبیاتی روسیا بوو، ئازادیان کرد. بۆیە دووبارە رێگەی سـەفەری گرتـە بـەرو لـە شـاری بـاد، لـە ئەڵمانیا لـە تـەلارێکی گەشـتیاری ئاکنجی بوو. لـە سـاڵی ١٨٤٥دا لـە پوتروسبۆرگ، دۆسـتایەتی دەگەڵ خانم ڤیاردوگارسیای گۆرانی بێژی بەنێوبانگی فەرەنسیدا پەیـدا کردبـوو، و تـا لـە ژیانـدا بـوو پەیوەنـدی دەگـەڵ ئـەم خانەوادەیـەدا هـەبوو و لـەم سەفەرەشـدا لـە نزیکـی ئەوانـدا خـانووی گرتبوو. لەم ماوەیەدا ژمارەیەك چیرۆك و نۆڤڵ و رۆمانی گەورەیی یەك لە دووی یەکی نووسیوەو دەکـرێ بەرهەمـەکانی تـا سـاڵی ١٨٦٠ی بەسـەر دوو دەسـتەدا دابـەش بکـرێ: بەشـێکیان ئـەو بەرهەمانـەن کـە تـەنیا لایـەنی هونـەریان هەیـەو بـریتین لـە رۆمـانێن دڵـداری و بابـەت و تیمـەی

دەستکرد یان حەقیقە تێن زۆر سادەن وەك: "یەکەمین ڤیان"و "سێ هەڵوێست" کە هیچیان لایەنی ئەخلاقی گرنگیان تێدا نیەو تاقە پەیوەندی نێوانیان گومانکاری‌و نا ئومێدیە کە لە کۆتاییەکانیاندا دەبینرێ. بەشەکەی تر، هەندێ لەو بەرهەمانەیەتی کە مەیل‌و لایەنگرییەکی تایبەتی تیایاندا نیشان داوەو جۆرە جیاوازەکانی یەك جۆرە مەردمیان تیادا بەرجەستە دەکات‌و ئەو مەردمەن کە بە خۆی ناوی "بنیادەمی زیادە"ی لێناون. وەکو چیرۆکانی: "هەملێتی دەڤەری شحیگری"، (بیرەوەریانی بنیادەمێکی زیادە)، (نامەکاری)، (فاوست)، (رودین)، (ئاش)، (ئاوی بەهاری)، (ئاشیانەی نەجیمزادەکان)، قارەمانی چیرۆکی (ئاشیانە)ی پیاوێکە کە هزر لەلای ئەو بەسەر ویست دا زاڵەو لە ئەنجامدا هزر توانای ویستی لێدەسەنێ.

ئەو قارەمانانەی کە لەم چیرۆکانەدا وەسفیان دەکات وەکو خۆی ئەو ئەشرافزادانەن کە لە نەجیبانی روسیەن‌و هەموو لە وڵاتانی بیانیدا خوێندویانەو پەروەردە بوون، و سەر راست و دروستکارن، بەڵام بە کەڵکی هیچ نایەن‌و جگە لە ئاشقێنی چ شتێکیان لە دەست نایەت، وێڕای ئەمەش ئەگەر ئاشقێنیەکەیان نەبێ بە هەواو هەوەس، ئەوا هونەرێکی گەورەیان کردووە چونکە وەکو ئەو گەنجەی کە لە چیرۆکی (ئاش)دا لە کەناری روباری (رن)دا دڵبەند دەبێت‌و هەر کە دڵبەند دەبێ ئیدی هەڵدێ‌و دەڕوات، لەوەیە ئەم گەنجە خزمایەتی نزیکی دەگەڵ تورگنیف دا هەبێ.

قارەمانی چیرۆکی (رودین) زیاتر قوەتی ویستی هەیە بەڵام لە رووی ئەخلاقەوە پەسند نییە، ئەوە نییە. دەربارەی ئەم قارەمانەی تورگنیف زۆر بیرو بۆچوونی هەڤدژیان دەربڕیوە. بە هەر حاڵ سەرەتای ژیانی کە هاونشینی قەسرنشینێکەو کێژەکەی لە رێ دەردەکات مایەی شانازی نیەو سەرەنجام پاش ئەوەی سەرچەوتی ونادروستی خۆی ئاشکرا دەکا بێ غیرەتی‌و بێ جورئەتیش نیشان دەدات و لەبەر رەقیبەکەی خۆی هەڵدێ. خوێنەر لە هەوەڵەوە بە بودەڵەو نامەردی دەزانێ، بەڵام پاشان کە بۆی دەردەکەوێ کە مەعلوماتێکی زۆری هەبووەو مەردایەتی‌و جوامێریشی تێدا هەبوو، سەیری پێدێ. بە شێوەیەکی گشتی پیاوێکی بەشەردۆستە کە هەر لایەنی کرداری تێدا نیەو سەرەنجام چونکە لە روسیادا دەرفەتی تاقیکردنەوەی بە دەست نایەت، دەچێت بۆ پاریس و لە شۆڕشەکانی ئەویدا بەوپەڕی دلاوەری گیان دەسپێرێت.

چیرۆکی (ئاشیانەی نەجیمزادان) لە نێو بەرهەمەکانی تورگنیفدا شوێنێکی تایبەتی هەیە، چونکە لەم چیرۆکەدا تورگنیف چووەتە ناو ژینگەیەکی ئەرێتییەوە کە پێشتر گوێی نەداوەتێ، و تەنانەت هەوڵیداوە وەڵامێکی ئەم پرسیارە بەناوبانگەی چرنیشڤسکی بداتەوە: دەبێ چ بکرێ؟

لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠دا تورگنیف وەکو ئوستروفسکی‌و هەموو نووسەرەکانی تری ئەو رۆژگارە، داخڵی ئەو راپەڕینە گشتییەی زەمانی خۆی بوو کە هەمووانی وا لێدەکرد مەسەلە گشتییەکان بخەنە بەر باس ولێکۆڵینەوەو ئەو لەو سێ رۆمانەدا کە یەك لە دوای یەك نووسینی هەوڵیدەدا بە گوێرەی پێداویستییە گشتییەکانی ئەو زەمانە کە هەموویانی بە دەوری ئامانجێکی ئایدیالیدا دەسوڕاندەوە رەفتار بکات. یەکێك لەم رۆمانانەی کە (شەو بێداری) ناوەو زیاتر تەنزو ژەهرخەنەیەو لەم چیرۆکەدا ئەویش میناکی دیوجینۆس یان مەولانا جەلالەدین گوتەنی چرا

بەدەست بە دوای ئینسانندا دەگەڕێ‌و پاش ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە بنیادەمی دروست و تەواو نەبوون تاقی دەکاتەوە، وەکو چۆن نووسەری بەناوبانگی روسی گونچارۆف بنیادەمە دڵخوازەکەی خۆی لە ئەڵمانیادا دۆزییەوە ،ئەویش ئەو کەسەی کە بۆی دەگەڕا لە بولغارستاندا دۆزییەوەو ئەوجاش ئەو کەسەی کە دۆزی بوویەوە سوکنایی بە دڵی نەدەدا، چونکە بە رواڵەت پیاوێکی کەتەو لە ناخدا پیاوێکی بە ویست بوو کە بۆ پێشڤەچوونی کارەکەی پێویستی بەوە بوو ژنێك دەستی بگرێ.

رۆمانی دووەمی ئەم زنجیرەیە بەناونیشانی (باوکان‌و فەرزەندان)ـەو لە کاتی بڵاوبوونەوەدا هەراو هەنگامەو مشت‌و مڕێکی فرەی نایەوەو ئێستاش خویا نیە بۆچی ئەو هەموو مشت و مڕەیان لەسەر ئەم رۆمانە ناوەتەوە، چونکە ئەوەی راستی بێ ئەم رۆمانە ئەم هەموو مشت و مڕەی نەهێناوە. هەندێ کەس قارەمانی ئەم رۆمانەیان بە نەهلیست، واتە نکۆڵی کار لە هەموو شتێك، زانیوە. خۆ ئەگەر ئاوهاش بێ لە روسیادا زۆر پێش نووسینی ئەم رۆمانە خەڵکانێك لەسەر ئەم باوەڕ بوونەو ئەگەر کەسێك ئاوڕی لێ نەدابنەوەو لێی نەکۆڵیبنەوە، خەتای تورگنیف نیە. باشترین بەڵگە ئەمەیە کە تەنانەت نەیارانی ئەو ریفۆرمانەی کە پوشکین لە ئەدەبیاتدا کردبووی، بەویشیان دەگوت نەهلیست و دیارە هەر کەسێکیان بە دڵ نەبووبێ ئەم تۆمەتەیان داوەتە پاڵی، رۆژێ ئەم سیفەتەیان داوەتە پاڵ پوشکین‌و رۆژێ لە تورگنیف-یان بار کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە تورگنیف زۆر لەوە دوور بووە کە دەست پێشکەری لە پەروەردەکردن‌و بڵاوکردنەوەی هزرو بیری دژ بە عورف و باوی زەمانی خۆی بکات، چونکە لە بنەڕەتدا پیاوێکی خەیاڵ پەروەردو زۆر نەرم ونیان‌و دڵ ناسك بووەو پیاوی ئەمە نەبووە بەر بەستێك بشکێنێ‌و داوێك بپچڕێ.

لە رۆمانێکی دیکەدا کە تورگنیف بە ناونیشانی (دوکەڵ) لە ساڵی ١٨٦٧دا نووسیویەتی کەسانێکی، کە هەر بۆ خۆنواندن‌و خۆشی لایەنگری هزرێن شۆڕشگێڕین، رووبەڕووی کەسانێك کردووەتەوە کە بۆ موجامەلەی ئەشرافان دەم لە کۆنەپەرستیەت دەکوتن، پیاو راست بڕوات هەردوولایانی بە شێوەیەکی گەپجاڕانەی کۆمیدی بەرجەستە کردووەو خۆی گوتەنی بیروهزرینی هەردوولایان حوکمی دوکەڵێکی رەوتەنیان هەیەو میناکی دووکەڵ بە بەرچاودا رەت دەبێ، بەڵام دوکەڵێکە چڕو چڵکن‌و قێزەوەر.

دوا رۆمانی مەزنی تورگنیف چیرۆکێکی بەنێوبانگە بە ناونیشانی (بەیار)و لەم بەرهەمەشدا جارەکی دی بە دوی بنیادەمێکی دروست‌و تەواودا دەگەڕێ تا گرفتێکی فرە گرنگ چارەسەر بکات، ئەویش ئەوەیە کە پاراستنی بنەماکانی ئێستا مەحاڵەو هەروەها لابردنیشی مەحاڵە، باشە لەم بەینەدا چارچییەو دەبێ چ بکرێ؟

تورگنیف، سەرەنجام لە کۆتایی ژیانیدا، وەکو نووسەرە مەزنەکانی روسیای پێش ئەو یان هاوچەرخی ئەو دووچاری قەیران‌و ئاستەنگێکی هزری توند بوو. بە رواڵەت پیاوێکی خۆش پەیکەرو تۆکمەو بتەوو تەنانەت ئاشقە راویش بوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەویش لە کەناری هەمان هەڵدێری گیانکێشدا کە گەورەنووسەرانی دیکە، بەر لەو تێی کەوتبوون، دووچاری

هاوڕۆژانێکی فیکری تایبەتی بوو. پاش شەڕی فەرەنساو ئەڵمان لە ساڵی ١٨٧٠دا لە پاریس ئاکنجی بوو، و تێکەڵاوی گەورەترین نووسەرانی ئەو وڵاتە بوو بوو. لە کاتێکا نەخۆشی مێشك بەرە بەرە بڕشتی لەبەر دەبرێ، نەخۆشیەکی زۆر بە ئازاری گیان پروکێن کە زۆریش کەم بوو، کنەی لێ دەکرد ئەویش نەخۆشی شێرپەنجەی مۆخ بوو.

لەو رۆژەوە کە مەرگی بە چاوی خۆی بینی، سۆڤ مەشرەبێکی سەیری لێدەرچوو و بەرە بەرە بوو بە قەلەندەررەفتارێکی بێ موبالاتی رەها. لەم قۆناغەدا دوو چیرۆکی کورتی نووسی یەکێکیان بەناونیشانی(گۆرانی چیانی سەرکەوتوو)وئەویتریان بە ناونیشانی (کلرمیلی تیش) دەڵێن چیرۆکی دووەمی پاش مەرگی لەنکاوی یەکێك لە ژنانی ئەکتەری ناوداری روسی نووسیوە، ئەم دوو چیرۆکە هەندێك رێبازی تایبەتی و سەیری هوفمان، نووسەری بە ناوبانگی ئاڵمانی وەبیر دێننەوە. لێرەدا دیارە کە تورگنیف پیاوێکی بەگومانە کە دەیەوێ باسی دنیای غەیب بکات. هەر لە هەمان قۆناغ دا ژمارەیەك "پەخشانە شیعر"یشی نووسیوە کە هەمان هزرو بیریان تێدا دەبینرێ‌و لە روسیادا ئەوەندە بایەخیان بەو شیعرانەی نەداوە. لە هەندێ لەو پەخشانە شیعرانەدا تورگنیف هەمان ورەی بەرزو روحی بەهێزی جارانی خۆی نواندووەو تەنانەت قوولْ بینی‌و هەستە توندەکانی لە جارانیش پترەو لە رووی فەساحەت‌و رەوانی‌و روونیەوە گەییوەتە ئاستێك کە بێگومان چ کەسێکی تر لە ئەدەبیاتی روسیدا نەگەییوەتە ئەو ئاستە لە رەوانی‌و روونی دا.

نێوەڕۆکی هەندێ لە چیرۆکەکانی داهێنانی خودی ئەون‌و پێشتر بوونیان نەبووە، وەکو چیرۆکی: (فاوست، مولو، یادگارێن زندوو، سەگ) بە شێوەیەکی گشتی تورگنیف لە جیهانی نووسیندا مەبەستی خۆی وەکو دیکنز، نووسەری بناڤی ئینگلیزی، بەرجەستە کردووە. لە واری فیکری کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتیدا رێچکەی ڤیکتۆر هۆگۆو جۆرج ساندی گرتووە، لە واری فیکری فەلسەفیدا پەیڕەوی شوپنهاوەری فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانە. تورگنیف لە هونەری نووسیندا لە دیکنز باڵاترە، چونکە لە بەرهەمەکانی دیکنزدا هەندێ جار هزر مەحو دەبێتەوەو تاپۆیەکی نادیارو دوورە دەست دەمێنێتەوە. بەڵام لەبەرهەمێن تورگنیفدا هزرو بیران بە رادەیەك روون‌و بەرجەستەیە کە بە خۆی گوتوویەتی توانای تەسەورو ئەفراندن لە نووسیندا بەکار دێنێ. لایەنی گرینگی بەرهەمەکانی تورگنیف ئەمەیە کە میناکی گەلێك لە نووسەرانی روسیا سروشتی زۆر خۆش ویستووەو لەبەرهەمەکانیدا وەسفێکی زۆری سروشتی کردووە، بە تایبەتی وەکو راوچیان لەزەتی لەتەی کردنی بێشەو سەوزەزارە بە ناوبانگەکانی وڵاتەکەی خۆی دیتوە.

لایەنی رەشبینی‌و نائومێدی لەبەرهەمەکانی تورگنیف دا زۆر کەمترە لە نووسەرەکانی تر، خۆ ئەگەر هەندێ جار هەندێ رەشبینی لێ بەدیار بکەوێ، خویایە کە زادەی ژیانی خۆی‌و دوور بوونی لە خاکی باوان‌و ژیانی غەریبایەتیە. لە هەموو بەرهەمەکانیا لایەنێکی زۆر روون دیارە، کە بریتییە لەو هاوسەنگییەی کە لە نێوان بەش و پاژ و فەسڵە جیاوازەکانی هەر چیرۆکێکی دا رەچاوی کردووە. واتە نە فەسڵی درێژی تاقەتبەری هەیەو نە فەسڵێن کورت و نوقستان‌و نا تەواو، تەقریبەن هەموو فەسلێن چیرۆکەکانی خۆی دەگەڵ ئەسڵی بابەتەکەدا هاوسەنگ کردووەو

گونجاندویەتی. خاڵێکی دیکە کە لە سەرانسەری بەرهەمەکانیدا دیارە، هەرگیز هەوڵی نەداوە رستەبازی بکاتو لە نووسین وداڕشتن دا تەکەلوف بەکار بێنیٚ.

تورگنیف لەو ماوەیەدا کە ئاکنجی پاریس بوو، لەگەڵ گەورە نووسەرانی فەرەنسی میناکی ئەمیل زولا و گوستاف فلوبیرو ئالفونس دودیەو پروسپیرمریمەدا تێکەڵاو بوو. زۆلا لە یەکێك لە وتارەکانی خۆیدا نووسیویەتی کە رۆژێك گوستاف فلوبیر لە نك وی باسی هۆی بەدنووسینی پروسپرمریمەی دەکردو تورگنیف-ش لەو مەجیلسەدا بووەو لە خەوشەکانی نووسینی مریمە حاڵی نەبووە، چونکە ئەو بە بەهرەی خوادادی و قەریحەو سەلیقەی سروشتی خۆی شتی دەنووسی و هەقی بەسەر رێساویاسای نووسینەوە نەبووە.

تورگنیف لە شەرح و باسی دیمەناندا میناکی بالزاك، نووسەری بەنێوبانگی فەرەنسی وریای هەموو وردو درشتێك بووە، بەڵام وەکو ئەو وردەبینی دانەناوەو پاژە بێهودەکانی وەسف نەکردووە،و تەنانەت قارەمانەکانی خۆیشی وادار نەکردووە کە خۆنوێنی بکەن و لەوەشدا لە چوارچێوەی دەربڕینی ئاسایی دەرنەچووە. بەشێکیش لە هونەری نووسینی تورگنیف دەشوبهێتە سەر رێبازو میتۆدی دۆستۆفسکی، ئەویش ئەمەیە کە رەفتاری بەرە بەرەی قارەمانەکانی خۆی شیدەکاتەوەو تەبیعەتیان بە تەواوەتی بەرجەستە دەکات. هەڵبەتە نابیٚ نکۆڵی لەوە بکریٚ کە لەم تەکنیك وهونەرەدا بە ئەندازەی دۆستۆفسکی کارامەو لێهاتوو نیەو ئەم میتۆدە تایبەت بە دۆستۆفسکییەو تا ئێستاش قۆرخی ئەوە. لە راستیدا دەبیٚ بگوتریٚ ئەم جۆرە بەرجەستە کردنو وەسفە هەمان رەوش و رێبازی سینەماتۆگرافیەو کە نووسەر جارێك هەڵسوکەوتو رەفتارەکانی شیکردەوە خوێنەر دوایی بە خۆی دەتوانیٚ جارێکی دیکەو دووبارە بیانداتەوە دەم یەكو لێکیان بداتو پێچەوانەیان بە هزرو زەینی خۆ بسپێریٚو بەرجەستەیان بکات.

تن، رەخنەگری بەنێوبانگی فەرەنسی باوەڕی وابووە کە تورگنیف، ئەو تورگنیفەی کە رۆمانی (دوکەڵی) نووسیوە، یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە بیٚ عەیبەکان کە لە زەمانی ئەدەبیاتی یۆنانی کۆنەوە تا ئێستا لە نێو ئادەمیزاداندا پەیدا بووە.

هەڵبەتە دەشێت بەوپەڕی راشکاوی بگوتریٚ کە تورگنیف میناکی فیردەوسیو شەکسپیرو مۆلیرو تەنانەت گوتەو شیللەرو پوشکین ودانتی قارەمانانێکی وەسف نەکردووە کە هەمیشە لە دنیادا نموونە بن، بەڵام دەبیٚ بە ویژدانەوە بگوتریٚ کە ئەو لە نێو گەورەترین نووسەرانی حەقیقەتجۆو حەقیقەت بینو لە نێو مەزنترین هونەرمەندانی جیهانی ئەدەبدا پایەیەکی بەرزی هەیەو قارەمانانی چیرۆکەکانی بەو ئەندازەیەش بێناو نین کە لە یادی خوێنەر بچن، بەڵکو هەمیشە لە زەیندا ئامادەنو لە جیهانی دەرەوەدا خەڵکی نموونەی وەکو ئەوان زۆر دەبینن.

تورگنیف، سەرەنجام لە بورژیڤاڵ، نزیکی ڤیرسای لە دەرێی شاری پاریس، لە ساڵی ١٨٨٣دا کۆچی دوایی کردو جەنازەکەیان بۆ پۆترسبۆرگ بردەوەو لەویٚ بە خاکیان سپارد. مردنی تورگنیف یەکێك بوو لە بویەرە ئەدەبیە گرینگەکانی ئەو رۆژگارە، چونکە لە ئاخرو ئۆخری

تەمەنیدا بوو بە یەکێك لە ناودارترین نووسەرانی ئەوروپاو، بەرهەمەکانی بۆ زمانانی ئەوروپایی، بە تایبەتی بۆ فەرەنسیو ئاڵمانی پاچڤە کرابوون.

تورگنیف جگە لە نووسەرایەتی، دەورێکی دیکەی گرینگی لە ئەدەبیاتی روسیدا هەیە، ئەویش ئەمەیە کە چونکە لە ئەوروپای رۆژاواییدا دەژیا، لەواری بڵاوبوونەوەی ئەدەبیاتی روسیو بەرهەمێن شاعیرانو نووسەرانی پێش خۆیدا دەورێکی کاریگەریی هەبووەو چونکە زمانانی ئەوروپایی بە چاکی زانیوە، هەوڵەکانی زۆر پەسندو بەجێ بووەو ئەنجامی باشیان لێکەوتووەتەوە... بۆ نموونە بەیتی (نوچە)ی، کە بەیتێکی بەناوبانگی لیرمانتوفە بە هاوبەشی دەگەڵ پروسپیرمریمە، نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی، بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوەو یەکێکە لە پاچڤە بەناوبانگەکان، پاشان مریمە کە هاتووە کۆمەڵێك شاکاری تری ئەدەبی روسیو هەندێ بەرهەمی تورگنیف-ی پاچڤەی فەرەنسی کردووە بووەتە مایەی رەواجی ئەدەبیاتی روسی لە وڵاتی خۆیدا، هەمووی ئەنجامی رێنوێنییەکانی تورگنیفە.

# فەسڵی دوازدەیەم

## نووسەرانی پلە دووەمی سەدەی نۆزدەیەم

### ١-رۆمانێن مێژوویی :

رۆمانی مێژوویی لە روسیادا، لە هەوڵین قۆناغی خۆیدا بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەری رێبازو میتۆدی والتەرسکوت، نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزدا بووە، هەوەڵین کەسانێك کە لەم بوارەداو بەم سەبك وشێوازە بەرهەمیان نووسیوە: (زاگوسکین ولاژچنیکۆف وکوکالینك وزاتوف)ن کە هێشتا بە تەواوەتی نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری والتەرسکوت و تەنانەت هەواداری شێوازی مێژوونووسیی کارامزین-ش نەبوون.

رۆماننووسانی ئەم قۆناغەش میناکی مێژوونووسان هیچ بایەخێکیان بە قۆناغی پێش پوترۆسی مەزن نەدەداو بە شایانی بایەخیان نەدەزانی. لاژچنیکوف، رۆمانێکی بە ناونیشانی (ئاوێنەی ماڵ) نووسی بوو کە باسی بویەرەکانی زەمانی ئیمپراتۆریس (ئانا)بوو و رێگەی چاپی دووەمیان نەدا. پاش بویەرو رووداوەکانی ساڵی ١٨٥٠ کە مەسەلە کۆمەڵایەتییە گەرماو گەرمو نمرە یەکەکان هەموو هۆشو گۆشیان بەلای خۆدا راکێشا بوو، نووسەرانی خۆیان لە مێژوو نەدەداو هەموویان سەرگەرمو مژولی مەسەلەکانی رۆژ بوون. لەگەڵ ئەمەشدا دوو مێژوونووسی مەزن: سۆلۆڤیف- Solovief و کوستوماروف- Kostomarof پەرەیان بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی داو کەوتنە وەسفو باسی داب و نەریتو خووخدەو بیرەوباوەڕو مەحەبەتو بوغزی زەمانانی رابردوو. دوای ئەوە چەند گوڤارێکی تایبەت بە بلاوکردنەوەی بەڵگەنامەو دیکومێنتانی مێژوویی دامەزران: (ئەرشیفی روسیا) لە ساڵی ١٨٦٠و(شوێنەوارێن کۆنی روسی) لە ١٨٧٠و (پەیاماوەری مێژوو) لە ساڵی ١٨٨٠و (شوێنەواری کۆنی کیف) لە ساڵی ١٨٨٢و بەڵگەنامەیەکی زۆر گرینگ بلاوبووەوە کە پاشان دەبوایە سوودی زۆری لێوەربگرن. دیارە لەم بەینەدا رۆماننووسانیش زۆر سوودمەند بوونو جیاوازی رۆمانێن مێژوویی ئەم قۆناغە لە هەمە جۆریو رەنگامەیی بابەتەکانوئازادی دەربڕینی باوەڕو زانیاری وردە دەربارەی وردەکارییەکانی ژیانی رابردووە. تاقە کێماسییەك کە لە کاری بڕێ لە نووسەراندا بوو ئەمە بوو کە سەرڤە سەرڤە دەیانڕوانییە رابردوو وهەقیقەتو ئەفسانە، وراست و درۆیان لێکدی جودا نەدەکردەوە، حەیف ومەخابن کە (کوستوماروف)ش هەمان کێماسی لە کاری خۆیدا هەیەو لەم مەیدانەدا لە درامایەکیدا کە بەناونیشانی (کریموتیوس کوردوس- Cremutius Cordus) لە ساڵی ١٨٦٢دا نووسیویەتی، ئەم کێماسیە پتر دەبینرێ. لەم درامایەدا وردەکارییەکانی ژیانی شەخسی خۆی دەگەڵ مێژووی زەمانی بروتوس وکاسیوسو رۆمانیانی کۆندا ئاوێتە کردووەو (کودیار- Koudeiar)ی قارەمانی دراماکە لە ناو بویەرەکانی زەمانی ئیڤانی سامناك دایە.

گۆڤـاری (پـەیاماوەری روسـیا) لـە سـاڵی ١٨٦١دا رۆمـانێکی گـراف ئەلکسـی تۆلسـتۆی بەناونیشانی (کنیاز سیربریانی) کە ئەویش پەیوەستە بە بویەرەکانی زەمانی ئیڤانی سامناکەوە بڵاوکـردەوە، ئـەم رۆمانـە رەواج ورەونـەقێکی تایبـەتی پەیـدا کـرد. قارەمـانی ئـەم چیرۆکە هـەمان شازادەیە کە پێشەواو رێبەری ئەو نەجیمزادانـەی ئەو زەمانـە بـووە کـە لـە هەنبـەر دکتاتۆریـەت و ستەمی ئیڤانی سامناك وقەرەوڵـە تایبەتیـەکانیا وەسـتاوە کـە لـە مێژوودا بـەناوی (ئوپریچنینا) ناسراون.

لـەم بەرهەمـەدا ئـەو دیمەنانـەی کـە لـە وەسـفی شـکاری تـزارو تـاقم و دەسـتەێن نـەیاری ئـەوو هەڵاتن و تیاچوونی لاوێك بەنێوی سکوراتۆف وخیانەتی گروپی ئوپریچنینادا بەرجەستە کراون رێك بە چاولێکەری رێبازی والتەرسکوت نووسراون پڕن لە راستی و زۆر کاریگەرن.

گ. پ. دانیلیڤسکی، چیرۆکێکی بەناونیشانی (میروڤیچ) لـە سـاڵی ١٨٧٩دا بڵاوکردووەتـەوەو لەو چیرۆکەدا زیاتر هونەربازی کردووەو بە دووی بویـەرو واریقـاتی خەیاڵیـدا گـەڕاوە. یـەکێك لـە رۆمانـە مێژووییـەکانی ئـەم قۆناغـە (جـەنگ و ئاشـتی) لیـڤ تۆلسـتۆییە کـە لـە سـاڵی ١٨٦٧دا لـە گۆڤاری (پەیاماوەری روسیا) بڵاوی کردووەتەوە.

لـە هـەمان سـەردەمو قۆنـاغ دا رۆمـانێن کۆمەڵایـەتی بـە هـۆی هـەوڵ و کۆششـی نووسـەرانی میناکی کۆلتسۆف و گریگۆروڤیچ و تورگنیف، رێگەی بۆ نووسەرانی دی کردبووەوە، لەوانـە پـی. ئای. میلنیکۆف (١٨١٩– ١٨٨٣) کە سـەردەمانێك زیـاتر بـە نێـوی خـوازراوی (ئـەی. پیچرسـکی) بەناوبانگ بووە. یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی ئەو لە سـاڵی ١٨٣٩دا بڵاوبووەتـەوەو لـەو زەمانـەدا لـە گۆڤاری (نوچەێن نیشتمان)دا سەفەرنامەیەکی یەکجار جوانی بڵاوکردووەتـەوە. پاشـان لـە نیـژنی نڤگورود بوو بە فێرکاری مێژوو وئامار ولـە سـاڵی ١٨٤٧دا لـە ئیدارەی حوکمڕانی ئـەو شـارەدا (کنیاز ئوروسۆف) دامەزراو ناچاری کرد دەربارەی نەیاران و ناڕازیان سەختگیر بێ. پـاش ئـەوەی چەند رۆمانێکی سایکۆلۆژی نووسـی و نـەبووە مایـەی هـیچ سـەرنج و بایـەخێك، لـە ئـەنجامی ئـەو ئەزموونانـەی کـە بـە دەسـتی هێنـا بـوو لـە کۆتـایی تەمـەنیا باشـترین بەرهـەمی خـۆی لـە سـاڵانی ١٨٧٥و ١٨٨٠دا بڵاوکـردەوە ئـەوەش دوو رۆمـانی مێـژوویی بـوو کـە هـەوەڵجار لـە گۆڤـاری (پـەیاماوەر)دا بڵاوبوونـەوە. ئـەم دوو بەرهەمـە بایـەخی هونـەری و ئـەدەبییان نیـەو حەقیقـەتی سایکۆلۆژیان تێدا نیە، بەڵکو پتر فەنبازی و خەیاڵڕێسی تێدا بـەکار بردووەو بە تـەواوەتی بیری فـەرمی ئـەو قۆناغـەی تێـدا بەرجەسـتە کـردوون، لـێ وێـڕای ئەمـەش ئـەم دوو کتێبـە کـە (لـە لێرەواران)و (لە کۆساران)یـان نـاوە تـەژی وردەکاریـانی جـوانن و وەکـو دیکۆمێنتی مێـژوویی فـرە بایەخدارن.

## ٢–ئاکساکۆف :

سـێرگی تیمـوفییڤیچ (١٨٩١– ١٨٥٩) بـابی کونسـتانتین و ئیڤـان ئاکسـاکوف بـوو کـە لـە لاپـەڕەکانی رابـردوودا باسمـان کـردوون و لـە سلاڤدۆستە بەناوبانگـەکان بـوون. ئاکسـاکوف لـە

نووسەرە نمرە دووەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بووە. لە برادەرانی گۆگۆل بووەو بە نووسەرێکی کۆنەپەرستی رۆژگاری خۆی ژمێردراوەو دڵبەندییەکی زۆری بە رابردووەوە هەبووەو بە دژمنی هەر نوێخوازییەك حەساوکراوە. چونکە پیاوێکی گەلێك دڵ و دەروون پاك و باش بووە، زۆری تەبیعەتو سروشت خۆش ویستووەو لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا زەوقی نووسینی لا پەیدا بووەو یەکەمجار (یادگارەکانی ماسیگر)و پاش ئەوە (یادگارەکانی راوچی) بڵاوکردووەتەوە. کتێبی دووەمی کە بەر لە کتێبە بەنێوبانگەکەی تورگنیف کە هەمان ناونیشانی هەیە بلاوبووەتەوە، بە تۆنو ئاوازێکی فرە سادەو حەنەك ئامێز وەسفێکی شیرین وخەیاڵاوی دیمەنانی هۆڤی و شاعیرانەی ئەو بێشەو دەشتە بەناوبانگانەی روسیایە کە نووسەر لە گەنجیدا تیایاندا ژیاوە. کاتێ کە ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٨٤٧دا بڵاوکردەوە لە سەرەتای پیریدا بوو، پیری تازە بەردەرکەی پێ گرتبوو. پێشتر بەوپەڕی پارێزو ناوبزری لە ژیانی ئەدەبی رۆژگاری خۆیدا بەشداری کردووەو میناکی شیشکۆف، کە لە دۆستەکانی بووە، زۆر پابەندی یاساو رێساو داب و نەریتی کۆن بووە. چونکە کۆنستانتینی کوڕی دەگەڵ گۆگۆلدا تێك چوو ئەویش رێگەیەکی تری گرتە بەرو لە رێگەی ئەو شۆرەتەوە کە بە نسیبی ئەو بوو پەی بە هونەری خۆی برد. بۆیە لە ساڵی ١٨٥٦ـەوە تا ١٨٥٨ زنجیرەیەك کتێبی دیکەی بڵاوکردەوە لەوانە: (مێژووی خانەوادە، ساڵانی منداڵیەتی نەوەی باگروڤ، و یادگارەکان). ئەم کتێبانە کە تەواوکەری یەکترن زنجیرەیەك دیمەنێن خانەوادەیی ژیانی ناوخۆی روسیای سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی ناوچەی ئوفایان لەخۆ گرتووە. ئەو سادەییەی لەم بەرهەمانەدا بەکاربراوە بە ئەندازەیەکە کە هەندێ جار منداڵانە دێتە بەرچاو، بۆیە ناوی والتەر سکوتی روسیاو تەنانەت هۆمەری روسیایان لێنا بوو. ئەوەی لەم کتێبانەدا باسی کردووە ژیانێکی هێدیو ئارامە کە هیچ کێشماکێشو پێکادانێکی تێدا نییەو باپیرەیەك کە (باگروڤ)ی ناوە دەسەڵاتداری رەهاو فەرمانڕەوای هەموو کەس و هەموو شتێکە، ئەم فەرمانڕەواییە بە هۆی باڵادەستی رۆحانیو هزرییەوە نیە بەڵکو تەنیا زادەو بەرەنجامی داب و نەریتی میللیو ناوچەییە. دەشێت بگوترێ کە لەم کتێبانەدا رژێمی پێشووی روسیای بە شێوەیەکی شاعیرانەو لەبەر دڵان نواندووەو باشترین شیلەی هزروهزرینی سلاڤدۆستانی دەربڕیووە. بۆیە دابرولیوبوف لەم کتێبانەوە دیمەنێکی بەناونیشانی (زەمانەی بەختەوەری جاران)ەوە هەڵێنجاوەو بەوپەڕی ستایشەوە وێنەی گرتووە. ئاکساکۆف تا رادەیەکیش لە باسی مێژووی ئەو رۆژگارەدا راستگۆیی نواندووەو دەشێت بگوترێ کە کتێبەکانی ئەو بەرزەخێکە لە نێوان رۆمان و بیرەوەریانی شەخسیو بویەرو رووداوانێکی شەرح و شرۆڤە کردووە کە پاشان لایەنگرانی شۆڕش لە روسیادا ئەوپەڕی بەهرەیان لێوەرگرتووە، بەلانەکی ئەو ئەم بویەرو واریقاتانەی بە کەیفی دڵی خۆی دەربڕیوە. ئەم رێبازەی ئەو دەبوایە دۆستۆفسکیو تۆلستۆی بە شێوەیەکی دیکەو بە وەستایەتیەکی کارامەترەوە بیگرنە بەر.

## ٣-لیسکۆف (١٨٣١- ١٨٩٥) :

یەکێکـە لـەو نووسـەرانەی کـە ماوەیـەکی زۆر سـتەمیان دەربـارەی کـردووەو بـە هـۆی بیروباوەڕەکانیەوە هیچ بایەخێکیان پـێ نـەداوە. (ن. س. لیسکۆف– Lieskof) ڕۆژنامەنووس‌و ڕۆماننووسێکی یەکجار پڕ بەرهەم بووەو لە کۆتاییەکانی ژیانـدا هاتووەتـە نـاو ئەدەبیاتـەوە. تا ساڵی ١٨٦١، لە ڕای ڕاپەڕاندنی کارە بازرگانیـەکانی سکوت ناوێکـەوە، کە بازرگانێکی ئینگلیز بووە، سەفەری ناو ڕوسیاو وڵاتانی فەرەنگی دەکرد. لەم سەروبەندەدا ڕەخنەیـەکی وەستایانەی لەمەڕ ڕۆمانی (چ بکرێ)ی چرنیشڤسکی بڵاوکردەوەو هونەری خۆی لەم مەیدانەدا نواند. چونکە لـە منداڵی‌وجەوانیـدا فـرە هـەژار بـووە نـەیتوانیوە خوێنـدن تـەواو بکـات‌و تـەنیا لـەم سـەفەرانەدا چاوی کرابووەوەو لە بۆتەی ڕۆژگاردا قاڵ بوو بووەوە، ولەم ڕووەوە لێکچوونێکی سەیری دەگەڵ ماکسیم گۆرکی نووسـەری فـرە مـەزنی ڕوسیادا هەیـە. ڕەنگـە هـەر لەبـەر ئەمـەش بـێ کـە گـۆرکی زووتر لە هەموو کەس پەی بە گەورەیی پایەی ئـەدەبی ئـەو بـردووەو لـە کاتێکـا کـە ئـەوانی دی چ بایەخێکیان نەداوەتێ، ئەو ناوی هێناوەتە ناو ناوان.

یەکەمین بەرهەمی وتارێك بوو کە لـە ساڵی ١٨٦٢دا نووسـیویەتی‌و لەوێـدا هێرشـی کردبـووە سـەر لاوانـی شـۆڕشگێڕوپاشـان دوو کتێبـی یەکـەمی بەناونیشـانی (بنبەسـت)و (تاپـای خەنجـەر) ڕقی ئەم لاوانەی دەرهەق بەو زیاتر کرد، چـونکە لـەو کتێبانـەدا هێرشـێکی تونـدی کردبـووە سـەر پرەنسیپەکانی سوسیالیزم‌و بۆ ئەم مەبەستەش ناچار بووە هەڵەی زۆر زەق و ئاشـکرا بکـات‌و لـە ڕادەبـەدەر غـەرەزنوێنی بکـات، بۆیـە نـابێ بـە هـیچ جۆرێـك پشـت بـە هـزرویرە غەرەزناکـەکانی ببەستری‌و لەبەرچاو بگیرێن، دەبـێ تـەنیا لایـەنی هونـەریی نووسـینەکانی لەبەرچـاو بگیرێ. لـە کتێبێکـی دیکەیـدا بەناونیشـانی (دورگەنشـینان) دیسـان هـەمان هـزرێن ژەهـراوی دووبـارە کردووەتەوەو دەخوازێ بە زەبری کاروهەوڵ و کۆشش سوسیالیزم لاببات. بـەڵام ئـەم مەبەسـتەی بـە شـێوەیەکی زۆر ئـاڵۆزو لێـڵ دەربڕیـوەو نـاتوانێ ڕوونـی بکاتـەوە. بـۆ نموونـە لـە یـەکێك لـە شـاکارەکانی خۆیـدا (لەیـدی مـاکبتی ناوچـەی مترسـك) ئـەم ژنـەی کـە قارەمـانی ئـەم چـیرۆکەو پاڵەوانی ئەم باوەڕەیەو لە ژینگەی بازرگانانـدا دەژی، پـاش زنجیرەیـەك تـاوان لـە ڕای گەیشـتن بـە ماشوقەکەی خۆی، خۆی دەکوژێت و ئەمە ئەو لایەنە پراتیکییەیـە کـە ئـەو ویسـتوویەتی نیشـانی بدات.

لیسکۆف لە بەرهەمەکانی هەوەڵیدا گیانێکی تاریك‌و ڕەشبینی هەیە، ئەم گیانی ڕەشبینییە لە کتێبـەکانی تریـدا وەکـو: (بـەختیاری وبەدبـەختی، ڕێـوانی جـادولێکراو) دیـارترە. لـەم کتێبـەی دووەمیاندا نموونەیەك لە فیشاڵبازانی ڕوسیای ئەو زەمانە لە چوارچێوەی دیمـەنانی زۆر ڕەنگـاو ڕەنگ و فرە جواندا کە ناکاتە نموونەیـەکی باشـی ڕوحـی نەتـەوەیی ڕوسـیا، وەسـف دەکـات. ئـەم قارەمانە کە خۆی بە پاڵەوانی ئاشتی دەزانێ دەکەوێتە هاندانی خەڵکی بۆ فێربوون‌و پـەروەردەو یارمەتی‌و باربوی قوتابخانەکان دەداو دەکات‌و، لە بەرانبەر ئەودا حوکمڕانی دەڤەرەکە ئـارەزووی ئەوەی هەیە کە ئەورووپا بگرێت‌و مەڵبەندی ئیدارەکەی خۆی بۆ پاریس بەرێت، ولێرەدا لیسـکۆف بە تەواوەتی چووەتەوە سەر گۆگۆل وسالتیکۆف شچدرین.

لیسکۆف له بەرهەمەکانی دیکەی خۆیدا بەرە بەرە ئەم هزرە غەرەزدارانەی کەم کردووەتەوەو شاکاری بێ چەندوچوونی لیسکۆف کتێبێکی بەنێوبانگە بە نێونیشانی (کەشیشان) کە بووەتە مایەی نێوبانگی لە جیهانداو لە ئەدەبیاتی روسیادا یەکەمین وەسفی وردە لەمەر ژیانی لە وتاری روحانیان‌و لێرەدا کەمتر غەرەزی بەکار بردووە. ئەم کتێبە کە لە ساڵی ١٨٧٢دا بڵاوبووەتەوە لە پاڵ ئەوەدا کە کەشیشانی بەدکار نیشان دەدا زۆر پیاوی چاکەکاریش بەرجەستە دەکات‌و دەناسێنێ. قارەمانی ئەم چیرۆکە (توبراسۆف)ـە، پیاوێکی دینداروچاکەکارە، هەمیشە لەگەڵ رق‌و کینەی رۆشنبیران‌و کورتبینی سەرۆکەکانی خۆیدا لە کێشەوململانێدایەو سەرەنجام دەمرێت.

لیسکۆف، ویستویەتی لەم کتێبەدا کەشیشێکی شەریف وەسف بکات کە ببێ بە سەرمەشق و نموونە بۆ کەسانی دی‌و لەبەر ئەمە هەموو هەوڵێکی لە ژیاندا تەرخانە بۆ بەشەردۆستی‌و زانست پەروەری. وێڕای هەموو ئەمەش بیرەوەرییەکانی ئەم کەشیشە کە لە زمانی ئەوەوە نووسراوە هەرچەندە لە هەوەڵەوە هەندێ هزری لە خۆگرتووە بەرە بەرە کاڵ دەبنەوەو جگە لە هەندێ شتی کۆن‌و باوی بازاڕی و کورتبینی‌و تەنانەت بیروبۆچوونی پوچەڵی مەزەبی چ شتێکیان لێ نامێنێتەوەو هەر هەموو ئەمانە بە زمانی پیاوێکەوەیە کە نووسەر دەیەوێ تەقدیسی بکات. لەم کتێبەدا تەنیا توبراسۆڤ بەمجۆرە نەناساندووە، بەڵکو کەشیشێکی دیکەش کە (ئاخیل)ی نێوەو دێهاتی زادەیە، بێ هیچ پێشەکیەك بەرگی کەشیشی لەبەر دادەکەنێ‌و دەچێ بۆ مەیخانەو ئالکاوی زۆرانبازانی گەڕۆڵ دەبێت‌و یان بە رووت و قووتی سواری ئەسپ دەبێت و بۆ گەرماو دەڕوات. خویایە کە ئەم وەسفانە تاچ رادەیەك ئەو گیانەی نەتەوەییەی کە ویستوویەتی لەم کتێبەدا نیشانی بدات سووك وریسوا دەکات.

لیسکۆف لە ناخدا زۆر پڕباوەڕ بووەو بۆ ئەوەی ئەم دڵبەندیە نیشان بدات‌و دڵی خۆی رازی بکات لە دوو کتێبی تریدا هەوڵیداوە بگەڕێتەوە سەر بنەماکانی ئاینی نەسرانیان‌و دوو چیرۆکی بەنێونیشانی(کێوسار)و(ئازاری جوان) لە ژیانی خواناس و تەرکە دنیایانی میسرییەوە هەڵێنجاوە ونووسیوە، ولێرەدا زۆر لە لیڤ تۆلستۆی نزیك بووەتەوە، وەکو لە چیرۆکێکی تریدا بە نێونیشانی (لە بنی دنیا)دا بیست ساڵ بەر لەوەی تۆلستۆی چیرۆکی (ئاغاو نۆکەر) بنووسێت هەمان بابەتی خستووەتە روو.

شتێکی ئاشکرایە کە لیسکۆف هەمیشە بەشەردۆستی بە بناغەی هەرجۆرە کارێکی ئەرێتی زانیوەو هەمیشە دەگەڵ زانست و شارستانیەت‌و کەلتووری مودرێندا ئاوێتەی کردووە. لەم رووەوە جیاوازی باوەڕی ئەو دەگەڵ تۆلستۆی دا خویایە و هیچ گومانێك نایەڵێتەوە، چونکە ئەو باوەڕی وابووە خەڵکی رۆژگاری ئەو پەی بەو باوەڕانە بەرن کە خەڵکی لە سەرەتای ئامۆژگارییەکانی عیسەویەتەوە هەیان بووە، و ئەو باوەڕانەی بە ناکۆك نەزانیوە لەگەڵ هزرێن مودێرندا، وێڕای ئەوەی پەی بە باڵادەستی باوەڕێن تازە بردبوو، باوەڕێن کۆنیشی بە تازە دەزانی.

لیسکۆف، جگە لەم کتێبانە کۆمەڵێك چیرۆکی دیکەشی هەن کە تا رادەیەك جوانن وەکو: (فریشتەی دەستو پیٚ بەستراو، ژنی شەڕەنگێز، قۆنتەراتکاری).

لیسکۆف لە بواری رۆژنامەوانی دا، بە تایبەتی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠دا، چالاکییەکی فرەنی هەبووەو زۆر پرس ومەسەلەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی خستووەتە روو، ئەو خوێندنەوانەی دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کردوونی جوانن. یەکێك لە بەرهەمە جوانە کۆمیدیەکانی دەقێکە بە نێونیشانی (ڤیانی بەڕێز) کە لەوێدا وەسفێکی جوانی دێهاتییەکی دەوروبەری مۆسکۆی کردووە کە بە پەیڕەوی کردنی پرەنسیپانی نەهلیزمیان تاوانبار کردووە، چونکە لە دەست بێدادی ژنە ئینگلیزێکی پەرستاری خۆی کە ویستویەتی کۆلۆنیای بە بەدەنا بماڵیٚ، هەڵاتووەو لە سنوور ئاودیو بووەو لە پاریس دا بە ردێنی نەتاشراوو ئشتیای تێر نەبوو و رەفتاری نیمچە هۆڤییەوە کە شارستانیەت نەیتوانیوە رامیان بکات ودایان بمرکێنێتەوە دەژی.

## ٤-تیوچیف :

فیودۆر ئیڤانۆڤیچ تیوچیف یەکێك بووە لە شاعیرە بە تواناکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. لە ٢٣/ نۆڤەمبەر/ ١٨٠٣دا لەماڵباتێکی ئەشراف ناوچەی ئورال لە دایك بووە. پاش ئەوەی لە ماڵەوە خوێندیو خوێندنێکی باشی کرد، رائیچ کە مامۆستایەکی باشی بوو، بۆچوونە زانستگەی مۆسکۆ ئامادەی کردو قۆناغی زانکۆشی تەواو کردو لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دامەزرا. لە هەوەڵین قۆناغەکانی خزمەتدا بۆ(مونیك)یان ناردو بیست ودوو دانە ساڵ لە وڵاتانی بێگانەدا مایەوەو تەنیا جار جارێك بە مادونی بۆ روسیا دەگەڕایەوە. سەرەنجام کە بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە لە ساڵی ١٨٤٨ەوە بوو بە ماموری سانسۆر لە دیوانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. لەم قۆناغەدا پیاوێکی پڕ معاشەرەت بوو، و بە دەمو زارخۆشی بە نێوبانگ بوو لە تەمەنی نزیکی پەنجا ساڵیدا گیرۆدەی ئەشقێکی ئاگرینی ئەوتۆ بوو کە تا مردن هەم ئازاری دەداو هەم سوکنایی و شادی پیٚ دەبەخشی وبەم حاڵەوە لە ١٨٧٣/٧/١٥دا لە سان پترسبۆرگ کۆچی دوایی کرد.

هەوەڵین هوزانێن تیوچیف لە ساڵی ١٨١٩دا، لە زەمانێکا کە پوشکین هێشتا لە ژیانا بوو بڵاوبووەوەو لەوە بە دواوە لە ئەڵمانیاوە هۆزانی بۆ ئەو گۆڤارە دەنارد کە پوشکین بەڕێوەی دەبرد، و بە ناوی (ف. ت)ەوە بڵاودەبووەوە. لە ساڵی ١٨٤٠ بە دواوە هەندیٚ وتارو هۆزانێن رامیاری بڵاوکردەوە کە لەو بەرهەمو شیعرانەدا بە تەواوەتی باوەڕی بە پرەنسیپی سلاڤدۆستەکان هەبوو. بەڵام وێڕای ئەمەش تا ساڵی ١٨٤٥ هێشتا لەواری شیعردا بیٚ ناو بوو. نیکراسۆف لە ساڵی ١٨٥٠دا وتارێکی پڕستایشی دەربارەی نووسی و بە شاعیرێکی گەورەی لە قەڵەم دا، هەر بۆیە دووبارە دڵبەندی شیعر بووەوەو لەوە بە دواوە هەندیٚ لە باشترین قەسیدەکانی خۆی گوتوە.

تایبەتمەندی هـۆزانێن تیوچـیف هـەم لـە شـێوەدایەو هـەم لـە نێـوەڕۆك. لـە بەرانبـەر ئـەو سروشتەدا کە لـە نۆڕینی ئـەوەوە یەکەیـەکی جاویـدانیو خواییـە هەمیشـە لە خۆپەرستیو خۆ پەسندی خەڵکیو ئارەزووپەرستی خەڵکان پەستو بێزار بووە. بە نۆڕینی ئەو بۆچوونی ئەو لە پشـت پـەردەی ئـەو شـتەوە کـە بـە ڕۆژ دەیبـینیٚو دیمەنـەکانی لێدەشـاریٚتەوە هـەراو ئاژاوەیـەکی هەمیشـەیی هەیـە کـە لێـی حـاڵی نـابیٚو تـەنیا شـەو پـەردەی لەسـەر لادەبـات. ڕوحـی بەشـەری نموونەیەکی هەمان یاسای جیهانگیرەو (ئاگری تاریکی) هەوەسبازی دەوری داوە. تیوچیف لـە هەندیٚ هۆنراوە ودەقی بچووكو فرەکاریگەردا بە زۆری بەرزە فڕییەکی سەیری هەیـەو ژێـراو ژێـر ڕێبـازی تایبـەتی سەمبولیسـت وئەمپرسیونیسـتەکان لـە هۆزانەکانیـدا دەبینـریٚو لـەم ڕووە لـە حافیز دەچێت ودەشێت لە جۆری خۆیدا بە حافیزێکی بچووك دابنریٚ.

تیوچـیف لـە لاویـدا بەرهەمـەکانی (هـۆراس)، شـاعیری بـەنێوبانگی لاتـینی پاچـڤەی ڕوسـی کردووەو لە ساڵی ١٨٤٥دا تورگنیف هانیداوە کۆمەڵە شیعرێکی سـەربەخۆی خـۆی بڵاوبکاتـەوە. شاکارەکانی بریتین لە چەند قەسیدەیەکی جوان بە تایبەتی ئەمانـە: (سروشـت، بـەهار، شـەوێکی خـەزان، کۆشـکی بەخشـراو، بـۆ بـرا سـلاڤەکانم، کۆشـکی کـەنار بوسـفور، دەریـای ڕەش، تۆفـانی بەهار، خەیاڵ، گازی شەوانە، خامۆشی، سەرچاوە، شەوو ڕۆژ، مەلی قو، ڕوندکان، ١٨٥١/٧/١٤، شەپۆل، دوایەمین ڤیان، لە نیس ١٨٦٥/١/٢، ١٨٦٥/٨/١٨ لە ڕێدا، دەریاو تاوێر).

## فەسڵی سێزدەیەم

## نووسەرانی سیاسی و کۆمەلایەتی

### ١-هزرێن شۆڕشگێڕی :

یەکێك لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی ئەدەبیاتی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی، روسیا زۆری و فرەیی ئەو نووسەرە کۆمەلایەتیانەیە کە بە جورئەتێکی سەیرەوە هزری شۆڕشگێڕیی وئارەزووی ریفۆرمیان لە هەنبەر سەختگیریە ئاشکراکانی دەرباری تزاران دەخستەڕوو. هەندێ لەم نووسەرانە کە هونەرمەندانی لەزەبر بوون و دەیانتوانی شاکارێن ئەدەبی فەراهەم بکەن بە ئانقەست وازیان لەم بوارە هێناو کەوتنە باسی کۆمەلایەتی ،وەکو سالتیکۆف شچدرین هەر چەندە لەمەیدانی نووسەری و هونەرمەندی دا لە تورگنیف کەمتر نەبووە، کەمتر بە خەمی چیرۆکنووسینەوە بووە.

لە هەمان کاتدا ستانکیڤیچ لە مۆسکۆدا لە نێو خەڵکیدا بانگەشەی بۆ فەلسەفەی ئەڵمانی دەکردو ژمارەیەك لە دەوری خڕ بوو بوونەوە، گروپێکی دیکەش لە خوێندکارانی زانکۆ هەواداری باوەڕو پرەنسیپێکی دیکە بوون کە ئەویش بۆچوونێك بوو بەلام بە ئاراستەیەکی دیکەدا. بەمجۆرە لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی وەزع حاڵی ناوچەیی دەگەڵ ئەو هزرو بیرانەدا کە لە دەرەوە هاتبوون، بەتایبەتی بلاوبوونەوەی هزرێن چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەمی ئەورووپاو هۆزانێن شیللەرو بەرهەمێن ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەورووپای رۆژاوایی، لە هەوەڵەوە ئاوێتە بوونێکی شپرێوو بێ سەروبەر فەراهەم بوو کە هەموو جۆرە هزرێکی تێدا هەبوو وپاشان بەرە بەرە پرس ومەسەلە کۆمەلایەتییە تایبەتیەکانی روسیا بوو بە تەوەری هزروبیرەکان. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٠دا ئەم دوو دەستەیە هێشتا لە یەکتری جیا نەبوو بوونەوەو لە یەکدی نزیك بوون، لێ بەرە بەرە جیاوازییەك لە نێوان شێوازو سەلیقەکاندا چێبوو و راستڕەو وچەپڕەو هاتە ئاراوەو سەرەنجام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا ستانکیڤیچ و بیلینسکی بە نوێنەری چینی راستڕەوو گرتسن و ئۆگاریف بە نوێنەری چەپڕەو ناسران و دەشێت بگوترێ راستڕەوەکان میانڕەووچەپڕەوەکان توندڕەو بوون. زۆری پێ نەچوو کە دوو دەستەی ناڤبری بەتەواوەتی لە یەکدی جیا بوونەوە: ستانکیڤیچ و بیلینسکی لایەنگری ئەدەبیاتی پەتی وبەرهەمهێنانی کارێن ئەدەبی موتڵەق بوون و گۆگۆل و تورگنیف پەیڕەوی ئەوانیان دەکردو رەوت و رێبازو پرەنسیپەکانی ئەوانیان بەکاردەبرد. گرتسن و ئوگاریف بە پێچەوانەوە لە شۆڕشی هزری دەگەران و لە رێگەی وتاری بێ ناوو شەونامەو بەیانی نهێنییەوە هەراو هەنگامەی سیاسیان دەنایەوەو هەندێ جار ئەم کارە مەترسی لێدەکەوتەوە وەکو چۆن لە ساڵی ١٨٤٩دا پتراشڤسکی و هاوبیرەکانی گیرۆدەی چارەنووسی ترسناك بوون، پتراشڤسکی کتێبێکی لە ژێر سەرناڤی (فەرهەنگی زمانانی بێگانە) چاپ و بلاوکردەوەو هزرو بیری ئەو لەم کتێبەدا هەمان کاری لە هاوچەرخانی خۆی کرد کە کتێبە بەنێوبانگەکەی ڤولتێر (فەرهەنگی فەلسەفە) لە زەمانی خۆیدا

کردبووی. داینەمۆی ئەم هزرانە شۆڕشی ١٨٤٨ی فەرەنساو باوەڕێن سەن سیمون و فوریەو پرودونی هزرڤانانی فەرەنسی بوو. دەوڵەتی ئەو رۆژگارە بلاوبوونەوەی ئەم باوەڕانەی بە پیلان و دەسیسەیەکی ترسناك زانیو بەم بیانووەوە تا ماوەیەك ژمارەیەکی زۆر لە ئازادیخوازان گیرۆدەی بەڵاو نسیبەتی کوشندە بوون. یەکێك لەو کەسانەی کە دەگەڵ دانەری ئەم کتێبەدا هەواڵەی سیبریا کران دۆستۆفسکی بوو. سالتیکۆف شچدرین-یان بۆ ڤیتکا دوور خستەوەو زنجیرە ئیجرائاتێکی زۆر توندیان گرتەبەر تا وڵات کە تازە کەوتبووە جم و جۆڵ، دووبارە لە ترسا غەرق بکەنەوەو تەنانەت ناردنی شاندێن زانستیان بۆ ئەورووپاو رۆیشتینی لاوانیان بۆ زانستگەکانی ئاڵمانیا قەدەغەکرد. کارگەییە رادەیەك کە پەساپۆرت بەهایەکی گەورەی پەیدا کردو بە پێنج سەد منات دەکڕدراو دەفرۆشرا چونکە زۆر بە زەحمەت پەساپۆرتیان بە خەڵکی دەدا. تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتیشدا ژمارەی خوازیارانی چوونە زانکۆیان کەم کردەوەو دەرسی فەلسەفەیان لە بەرنامەکانی خوێندن لابرد. نەك هەر ژمارەی رۆژنامەکانیان کەم کردەوە بەڵکو سانسۆرێکی یەکجار توندیان دانا، بەڕادەیەك کە نەیاندەهێشت وشەی ئازادی بلاوببێتەوە.. کەسێك ئەگەر سەگێکی لیّ ونبوایە، سەگەکەی ناوی (زاڵم) بوایە نەیدەتوانی بۆ دۆزینەوەی لە رۆژنامەدا ئاگاداری بلاوبکاتەوە، مەگەر ناوی سەگەی گۆڕیباو بیکردایە بە(وەفادار).

بەمەدا دیارە کە رێنوێنانی مەعنەوی ئەم بزووتنەوانە چ کۆسپ و تەگەرەیەکیان لە بەردەم خۆدا دیتووەو لە بەرانبەر سێلاوی خرۆشاوی هزرێن شۆڕشگێڕیدا بەندو بەربەستێن کۆنەپەرستی... (لێرەدا دوو دێڕی ناو کتێبەکە دەرنەچووەونوسخەی دیکەشم دەست نەکەوت تا وەریگێڕم..ببورن.وەرگێڕ)... تەنیا جەنگی قرم (١٨٥٣- ١٨٥٦) کەمێك رێگەی دەربوونو نیشتەوەوەی ئەم دوومەڵەی کردەوە، بەلام لەم رووەشەوە ریفۆرفخوازان بە مەرام نەگەییشتن. ئەنجامی ئەم نیشتمانپەرستیە توندوحکومەتیە ئەمە بوو کە خەوش ولاوازیەکنی دامودەزگای دەوڵەتی ئاشکرا بوو. لەبەر ئەمە سلاڤدۆستانی توندڕەویش لەپڕ چاویان کرایەوەو ئەو نیشتمانپەرستیەش کە دەوڵەت رەواجدەری بوو لەسەر پێی خۆی نەوەستا. ئەم کۆمەڵگەیەی کە بەمجۆرە لە گومانی خۆشو شیرینی خۆی هاتە دەریّ بە ئاشکرا هەستی بە زەبوونیو شەرمەزاری خۆی کردو بە نائومێدیەکی فرەوە پەی بەوە برد کە چۆن لە هەڵەی زیللەت ئامێز چەقیوە.

بۆیە هزری ریفۆرمخوازان تەکانێکی توندی بە وڵات دا، بە رادەیەك کە شەخسی تزاریشی بزواندو سەرەنجام ئەو دەوڵەتەی کە تا ئەو رۆژگارە دەگەڵ جەماوەری خەڵکی دا ناکۆك بوو ناچار بوو رێبازی خۆی بگۆڕیّو هەر ئەم هاودەردیو هاوخەمیو هاوبیریە لە نێوان دەوڵەتو جەماوەری گەلدا خۆی لە خۆیدا شۆڕشێك بوو کە رۆژ بە رۆژ رێگەی بۆ شۆڕشانی دیکە دەکردەوە. کەمێك ئازادیان بە چاپەمەنیان دا، لیّ ئەم ئازادیە بەس نەبوو وتینویەتی رێنوێنانی ئەو رۆژگارەی نەدەشکاند، بۆیە هێشتا پێویستیان بەوە بوو لە رێگەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەوە کە لە دەریّ وڵات دەریان دەکرد هزری خۆ بە گەل بگەیەنن. بۆیە لەم قۆناغەدا باشترین

نووسەرانی کۆمەڵایەتیو سیاسی روسیا لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژاوادا دەژیانو لەوێندەرەوە رێگەی راست و دروستیان بە جەماوەری خەڵك نیشان دەدا.

## ٢-گرتسن :

لە ساڵی ١٨١٢کە لویزهاگ Haagی ئاڵمانی خەڵکی شاری شتوتگارت لە ئیڤان یاکوڤلیڤ ناوێکی روسیایی، لە نەجیمزادە دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە، کورێکی هێنایە دنیا، بابی تەبیعی خۆی تەنیا ناوی ئەلکساندەری لێنا، وئەم منداڵە کە گەورە بوو و پێویستی بە ناوی خانەوادەییو شۆرەت بوو، لە ناوی باوکی خۆی تەنیا ئیڤانوڤیچی هەڵبژاردو لە پێکهاتەی (هرزنس کیند- Herzens Kind)ش کە مانای فەرزەندی ئازیز دەگەیەنێ وشەی (هرزن-Herzen)ی هەڵبژارد کە بە رووسی بە (گرتسن) دەخوێنرێتەوە وئەم ناوە (ئەلکساندەر ئیڤانوڤیچ گرتسن) ئەمرۆکە لە ئەدەبیاتی روسیدا ناوێکی پڕ لە شانازییە کە ئازادیخوازانی جیهانیش دەیناسن.

لەدایك بوونی ئەم منداڵە رێکەوتی جەنگە بەناوبانگەکەی رۆژگاری ناپلیۆنی یەکەم (١٨١٢) بووەو گرتسن بە خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت: "چیرۆکی سوتانی مۆسکۆو جەنگی بارادینوو گرتنی پاریس بۆ من هەم وەکو لای لایەو ئەفسانەی منداڵانو هەم میناکی ئیلیادەو ئودیسە بووە". منداڵی ئەو لە نێو ناکامیانی سەیروعەنتیکەدا بوریوە. گیانی یاخیەتی لەودا زووتر لە هەر منداڵێکی دیکە دەرکەوتووە. سیازدە ساڵان بوو کە نەجیمزادان دژی سەڵتەنەتی دکتاتۆرییو حکومەتی خان خانەکیێ، لە مانگی دیسامبەری ١٨٢٥دا هەستان و پاشان بە نێوی (دیکابریەکان) ناویان دەرکرد. هەر کە پێی نایە چواردە ساڵیەوە خۆی بە باشترین میراتگری دیکابریستەکان دەزانیو باوەڕی وابوو کە دەبێ درێژە بەکارەکانی ئەوان بداتو کەلەپورو میراتی ئەوان لە هەر دەستدرێژییەك بپارێزێ.

کەسێك کە بەمجۆرە دەست بە ژیان بکات خویایە کە لە قۆناغی خوێندکاریدا دەبێ سەرێکی پڕ سەودای هەبێ، گرتسن لە هەوەڵەوە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی لە نێو لاوانی زانکۆدا بڵاودەکردەوە وگروپێك لە لاوانی پێشڕەو ئەویان بە پێشەوای خۆ هەڵبژارد. لە ساڵی ١٨٣٤دا کە تەمەنی بیست و دوو ساڵان بوو لەسەر ئەم بیرە شۆڕشگێڕانەیەی بۆ شاری (ڤیتکا)یان دوور خستەوەو جارێکی دیکەش لە ساڵی١٨٤١دا بۆ شاری نوڤوگورودیان نەفی کرد، خویایە کە ئەم نەفی کردنی شارانە هیچی لە جۆش وخروشی ئەو کەم نەدەکردەوە بەڵکو لەسەر بیروباوەڕی خۆی سوورتری دەکرد.

کاتێ کە ویستی کارێك بکاتو دابمەزرێ لە ژێر دەستی حوکمڕانێکدا دایان نا کە لەلاویدا پەتباز (ئاکروبات) بوو وچونکە چووبووە دڵی ئیمپراتۆرەوە لەم کارەیان دانا بوو. زۆری پێ نەچوو کە ئەم لاوە پڕ جۆش و خرۆشە (گرتسن) بینی لەگەڵ کەسانی وەکو توفیایڤ-Toufiaiev، (هەمان پەتبازی کار بەدەست)و لە وڵاتێکا کە توفیایڤەکان تەراتێنیانە تیایدا

هیچی پێناکرێ، رۆژێ کە دەیانویست ژنێکی زەرخرێ لە دایەرەکەی هەمان حوکمڕانو کار بەدەستدا لە منداڵە وردەکانی جیابکەنەوەو ژنە شێوەنی دەرکردو کەس بە دادیا نەدەگەیی، گرتسن ئیدی نەیتوانی هەڵبکات، و بە بیانووی نەخۆشییەوە لە دایەرە چووە دەرێو جارەکی دی بۆ ئەوێندەر نەگەڕایەوەو هەر ئەو دەمە لێبڕا لە ڕێگەی قەڵەوە بە رووی ئەم زوڵم و زۆرو بێدادیانەدا بچێتەوە. زۆری پێ نەچوو کە بە نێوی خوازراوی (ئەسکەندەر) لە رۆژنامەی (نوچەیێن نیشتمان) زنجیرە وتارێکی لە ژێر سەرناڤی (چەند نامەیەك دەربارەی تەبیعەت) بڵاوکردەوە کە زۆر دەنگیان دایەوە، پاشان لە ساڵانی ١٨٤٥و ١٨٤٦ دوو رۆمانی (خەتای کێیە)و (دکتۆر کروپۆف) بڵاوبوونەوە.

ئەم زنجیرە وتارە بریتییە لە باسێکی یەکجار جوانو رەوان دەربارەی هەموو رێبازو مێتۆدە فەلسەفیەکان لە سەرەتاوە تا زەمانی بیکنی ئینگلیزی، ولە روانگەی زانستانی زەمانی خۆیەوە رەخنەیەکی یەجگار جوانی لەم رێبازو میتۆدە جیاوازانە گرتووە، بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی فرە جوانە کە مەخابن تەواو نەبووە. رەنگە گرتسن ویستبێتی هزرێن شۆڕشگێڕانەی خۆیشی بەگەڵ ئەم باسانە بخات بەڵام سەرقاڵی بەکاری ترەوە مەودای ئەم کارەی نەدابێ.

بەڵام رۆمانە بەنێوبانگەکەی گرتسن (خەتای کێیە) بیوگرافی پیاوێکی بێکارەیە کە لە ئەدەبیاتدا نموونەی زۆر دەبینرێو رۆماننوسی بەنێوبانگ تورگنیف ناوی (مرۆڤی زیادە)ی لێناون. (بیلتوڤ)ی قارەمانی ئەم رۆمانە پیاوێکە لە ژیانا سەرگەردانەو کاری خۆی نازانێ تاتووشی ژنێك دەبێ بە ناوی (لیوبا)و ئەو ژنە بە ئەشقی خۆی تەلقینی دەداو چارەنووسی ئەویش دیاری دەکات، لێ مەخابن ئەم ئەشقو و ڤیانە ئاراستەی کروسیفرسکییە کە لە دۆستانی ئەوە. ئەو کێشەیەی لە نێوانیاندا روو دەدا بۆ ئەمەیە کە نووسەر بیسەلمێنێ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیای دەژی لەسەر بناغەیەکی نا دروست رۆنراوەو پێویستە لە نوێ دروست بکرێتەوە.

ئەم کتێبە کە لە راستیدا ئاوێنەی هەموو دەردە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو رۆژگارەیە، رۆشنبینیو زیرەکیو مامۆستایەتی نووسەرەکەی نیشاندەداتو بۆ ناساندنی سەردەمی ئەو بایەخێکی تایبەتی هەیە. ئەو رەوش ورێبازە تایبەتیەی کە لیڤ تۆلستۆی لە دەربڕین و نیشاندانی پەیوەندیەکانی خێزان و کۆمەڵگەدا بە زمان و تۆنێکی شۆڕشگێڕانە هەڵیبژاردووە لەم کتێبەوە هەڵێنجراوە. یەکێك لە فەسڵە بەرجەستەکانی کتێبەکەی گرتسن شرۆڤەی ژیانی ئەشرافیانەی خانەدانوماڵباتە قەیمەکانی روسیایە و (لیوبا) کە کیژێکی نا شەرعیە، لە ماڵی نیگروڤدا کە لەوێ هاتووەتە دنیا وەکو دایکی کە ئەوی هێناوەتە دنیا شەرمەزارو نەنگینەو ئەم خاڵە بۆ یەکەمجار لەم رۆمانەدا باسکراوە.

لەم کەین و بەینەدا کە گرتسن سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ئەم هزرە شۆڕشگێڕییە پڕ جۆشو خرۆشە بوو بابی مردو سەروەتو سامانێکی فرەی پێ بڕاو ئەویش لە ساڵی ١٨٤٧دا روسیای بەجێهێشتو ئیتر نەگەڕایەوە. هەوەڵجار لە پاریسدا دەگەڵ سوسیالیستانی فەرەنسیو موهاجیرانی پۆڵاندی دا پەیوەندی پەیدا کردو بوو بە یەکێك لە هاوکارانی رۆژنامەی (دەنگی

میللەت) کە (پرودون)ی پێشەوای بە ناوبانگی سوسیالیستەکانی فەرەنسا (١٨٠٩- ١٨٦٥) دەری دەکرد. زۆری پێ نەچوو کە لە پاریس دەریان کردو چوو بۆ شاری نیس و یەکەمین بەرهەمی شۆڕشگێڕانەی پڕ خرۆشی خۆی بە نێونیشانی (لە ڕەخێکی ترەوە) بە زمانی ئاڵمانی بڵاو کردەوە. لەم کتێبەدا بە هەمان بێباکی خۆیەوە نەمانی حەتمی و نزیکی داموو دەزگای سیاسیو کۆمەڵایەتی دنیای کۆنی ئەوروپای نەسرانیو خان خانەکیو تازە بوونەوەی ژیانیان بەدەستی میللەتی روس بە متمانەو دڵنیاییەکی سەیرەوە پێشبینی دەکات. لەو زەمانەدا کە ئەم بیرانە بڵاودەبوونەوە هێشتا کەس لێیان حاڵی نەدەبوو، بەڵام ئێستا کە هەموو پێشبینییەکانی گرتسن پاش شۆڕشی ١٩١٧و بەتایبەتی پاش ئەم شەڕەی دوایی هاتوونەتە دی و گەییونەتە ئەم ئەنجامەی کە ئەمڕۆ دەی بینین، گەورەیی پایەی ئەم نووسەرە مەزنەو توانای پێشبینی ئەو بە تەواوەتی ئاشکرا دەبێت.

لەم زەمانەدا گرتسن پەیوەندی نزیکی دەگەڵ (کارل ڤۆکت)ی زانای تەبیعیاتی ئاڵمانی دا (١٨١٧- ١٨٩٨) هەبوو. لە ساڵی ١٨٣٨دا دڵبەندی ژنێك بوو بوو وخواستبووی. لەم زەمانەدا کە لە شاری نیس دەژیا دایکی دەگەڵ دوو منداڵەکەیدا لە بەینی نیس و مارسیدا غەرق بوونو ئەم رووداوە دڵتەزێنە ژیانی ئەو شارەی لەبەرچاو خست وچونکە شارەوانی پاریس رازی نەبوو بۆ پاریس بگەڕێتەوە بە ناچاری بۆ لەندەن رۆییو لەو شارە گەورەیەشدا وەکو روسیا کەسێکی نەدۆزییەوە کە لە بیرەکانی ئەوەوە نزیك بێ، بۆیە لە هاوبیرانو هاوخەمانێك کە تاقە مایەی دڵخۆشی ئەو بوون لە جیهاندا مەحروم بوو. هەڵبەتە ئەو شۆڕشگێڕە بیانیانەی دیکەی کە لە لەندەن بوون، نەیاندەتوانی مەدارای ئەو ڤیانە توندەی گرتسن دەرهەق بە روسیا هەی بوو، بکەن.

جا بۆ ئەوەی ئەم خاڵە بگەیەنێ لە ساڵی ١٨٥٣دا کتێبێکی تری لە ژێر سەرناڤی (گەشە کردنی هزێن شۆڕشگێڕی لە روسیادا) بڵاوکردەوە. لێ حیزبی دیموکراتی پۆڵاندی لە لەندەن و پێشەوای حیزبی ناڤبری (ورسیل- Worcell) کە گرتسن ئاواتە خواز بوو بیرەکانی پەسەند بکەن، هاوفکرییان دەگەڵدا نەکرد، واتە نەهاتنە سەر بیروبۆچوونی ئەو. ئەوە بوو یەکێك لە پیتچنانی چاپخانەیەکی پۆڵاندی لە لەندەن کە چیرنیسکی ناو بوو یارمەتی دا کە چاپخانەیەکی پیتی روسی دابمەزرێنێ. لەم کەین و بەینەدا جەنگی قرم کەمێك کاری لە هەست و سۆزی کردو دەستی لە سیایسەتی ئەوروپایی هەڵگرت و تەنیا خەریکی سیاسەتی ناوخۆی روسیا بوو.

لەلایەکی ترەوە هاوڕێ پۆڵاندیەکانیو هەندێ بویەری تری وەك مەرگی نیکولای یەکەم، تزاری روسیا لە ساڵی ١٨٥٥داو ئەو شکستە سیاسیانەی کە دوای ئەوە روویان دا، هەموو ئەمانە کردیانە کارێك سوورتر بێ لەسەر ئەم رێگەو رێبازە، لەبەر ئەمە لێبڕا گۆڤارێك بە نێونیشانی (ئەستێرەی جەمسەری) بڵاوبکاتەوە. گرتسن لە هەوەڵین ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا گرینگترین ریفۆرمی پێویستی، بە ئازادی وەرزێرانی زەرخرێ دەزانیو لەهەمان قۆناغ داو لە ساڵی ١٨٥٦دا کتێبێکی بە زمانی ئینگلیزی لە ژێر سەر ناڤی (تاراوگەی من) کە بیرەوەرییەکانی خۆی بوو، بڵاوکردەوەو دەنگدانەوەیەکی فرەی بوو.

له ساڵی ١٨٥٧دا گۆڤاری (ئەستێرەی جەمسەری) هەر شەش مانگ کەڕەتێ بڵاودەبووەوە، بۆیە ئەمەی بە بەس نەزانی و لە ١ی تەمووزی ئەو ساڵەدا هەفتەنامەی (زەنگ)ی دەرکرد کە دەبوایە چارەنووسێکی سەیری هەبێ، چونکە پێنج مانگ دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی، ئەلکساندەری دووەم، تزاری روسیا لە ٢/دیسامبەر/١٨٥٧دا فەرمانە بە نێوبانگەکەی دەرکردو نەجیمزادەو موڵکدارانی روسیای بانگهێشت کرد کە پێشنیازی خۆیان دەربارەی ئازادی زەرخرێیان پێشکەش بکەن و بۆیە لەوە بە دواوە هەفتەنامەی زەنگیان بە ئۆرگانی نیمچە فەرمی پشتیوانی دەوڵەت لە هەنبەر مقاوەمەت و سەرسەختی چینی ئەرستۆکرات و ئەشراف، دەزانی. دەوڵەتی روسیا بە فەرمی بڵاوبوونەوەی ئەم رۆژنامە هەفتانەیەی قەدەغەکرد بوو، کەچی وێڕای ئەمەش لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاودەبووەوەو تەنانەت ژمارەکانیان لەسەر مێزی ئەو سەرتیپەی کە سەرۆکی کۆمیتەی ئازادی زەرخرێیان بوو، دیتووە. هەندێ جاریش کە کاربەدەستانی پۆلیس و ئاسایش دەیانویست دەستی بەسەرا بگرن بۆ نموونە سەد هەزار نوسخەیان لە بازاڕی نوڤوگورودا دەکەوتە دەست. گرتسن وردترین زانیاری بەخێراترین شێوە دەربارەی وڵاتی خۆ بەدەست دێنا. رازونهێنی ئەوتۆی دەخستە بەردەست خوێنەرانی خۆی کە لە هەموو روسیادا دە کەس پێیان نەدەزانی. بۆ نموونە ناوی ئەو زندانیانەی دەزانی کە لە گرتووخانەکانی سان پوترسبۆرگ یان کانەکانی نرچنیسك دا بوون، هەر چەندە زندانەوانەکان ناویان نەدەزانین و هەر بە ژمارەدا دەیان ناسین.

سەرەنجام گرتسن لە ١٨٦١/٣/٣دا لە ماڵەکەی خۆیدا لە لەندەن ئاهەنگی ئازادی زەرخرێیانی گێڕاو دوو بەیداخی گەورەیان بە دەرگای ماڵەکەیەوە هەڵواسی بوو کە لەسەر یەکێکیان نووسی بوو (ئازادی دێهاتیانی روسی)و لەوی تریان نووسی بوو (چاپەمەنی ئازادی روسی).

لەوە بەدواوە گرتسن بوو بە لایەنگری جدی راپەڕینی دێهاتیان و هاوکاری نزیکی دەگەڵ باکونین، شۆڕشگێڕی بەنێوبانگی روسی دا هەبوو. ئەگەر گرتسن لە بانگەشەی شۆڕشگێڕی خۆیدا کەمێك خاو بوو بووەوە، هاتنی باکونین بە جۆرێ چارچی کردەوە کە رۆژنامەی زەنگ لەوە بە دواوە هەندێ لە توندڕەوانی شۆڕشگێڕیشی دەترساند.

گرتسن لە دوای ساڵی ١٨٦٣ـەوە چالاکی شۆڕشگێڕانەی خۆی کەم کردەوەو تەقریبەن قەناعەت بە ژیانی نەسیاسی کردو لە نێو ئەو بەرهەمە زۆرانەدا کە پێشتر بڵاوی کردبوونەوە، یەکەم کتێبی بە نێونیشانی (بۆ دۆستانی روسی و پۆڵاندیم) کە لە لایپزیگ لە ساڵی ١٨٦٢دا بە فەرەنسی چاپی کردو پاشان کتێبێکی دیکەی کە بە نێونیشانی (گەشەی مێژوویی ئەنتەرناسیونال) لە جنێف لە ١٨٦٤دا بڵاوی کردووەتەوە، دەبێ بە هەند بگیرێن. سەرەنجام ئۆفیسی رۆژنامەی زەنگ لە ساڵی ١٨٦٥دا بۆ جنێف گوێزرایەوەو دوای چوار ساڵ ئیدی وەستاو لە ساڵی دواترا، واتە لە ساڵی ١٨٧٠دا گرتسن لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

یەکێك لە خەسڵەتە گەورەکانی گرتسن کە تانهو چ کەسێك گومانی لێنەکردووە ئەمەیە کە یەکێك بووە لە باشترین و جدی ترین و سەرسەخترین رابەرانی هزری بەشەری. بەهەر چوار زمانی روسی و فەرەنسی و ئاڵمانی و ئینگلیزی بابەتی دەنووسی و سەرباری ئەوەی کە لە زمانی

زگماکی خۆیدا نووسەرێکی لە زەبر بووە بە سێ زمانەکەی تریش هەمیشە بە دروستی و هەندێ جار بەوپەڕی باشی بابەتی نووسیوە.

کۆ بەرهەمەکانیان لە دە بەرگ دا، پاش مردنی خۆی، یەکەمجار لە سالی ١٨٧٥- ١٨٧٩ لە جنێف بلاوکردووەتەوە، بەلام جگە لەو دە بەرگە نامەو وتارگەلێکی زۆریشی نووسیوە. لە بواری مێژووش دا کتێبێکی لەمەڕ بیرەوەرییەکانی یکاترینای دووەمو پرنسس داشکۆف، لە سالی ١٨٥٩دا بلاوکردووەتەوە.

سەبارەت بە سوخەتو خەسلەتە تایبەتیەکانی گرتسن، پیاوێکی زۆر رووخۆش و دەستو دڵ کراوەو دلۆڤانو دەمو زارخۆش بووەو هەر چەندە زۆر بەدەمو زمان نەبووە بەلام قسەکانی کاریان لە خەلکی کردووە. لە مەیدانی نووسیندا داڕشتنو ئینشایەکی تایبەتیو زمانو دەربڕینێکی سۆزبزوێنو کاریگەری هەیە. ئەو شتەی کە هەمیشە لە بەرهەمەکانیا دەبینرێ ئەمەیە کە یەکجار دلبەندی ولاتی خۆو گەورەپیاوانی ولاتی خۆو کەلتوورو شارستانیەتی ولاتی خۆی بووە، بۆیە ئەو رۆژگارەی ئەو تیایدا دەژیا یەجگار خەمبارو پەشێوی کردبوو.

ئەو چاپخانە روسیەی کە گرتسن لە لەندەن دایمەزراند بوو، پاش رۆیشتنی خۆی بۆ سویسراوو پاش مردنیشی هەر مابوو وگەلێك لەو کتێبانەی کە لە ئازادیو بێداری میللەتانی روسی دا دەوری فرەیان بینی لە هەمان چاپخانە دەرچوونو تەنانەت رۆژنامەی شۆڕشگێڕی (پێشڕەو)یش کە لاڤرۆڤ دەری دەکرد لە سالی ١٨٧٠ەوە تا سالی ١٨٨٠ لەوێندەر چاپ دەبوو، دوو شۆڕشگێڕی دیکەش (ڤیراسولیچ، وکنیاز پترکرا پوتکین، ئەنارشیستی بەنێوبانگ (١٨٤٢- ١٩٢١) بەرهەمەکانی خۆیان لەو چاپخانەیە چاپ کردووە.

لینین گوتوویەتی: "گرتسن لە فەراهەم کردنی ئەنگێزەکانی شۆڕشی روسیادا پایەیەکی بەرزی هەیە" گرتسن بە خۆی دەربارەی روسیا بەمجۆرە پێشبینی کردووە: "رەوشو رێچکەی حکومەتێکی نوێی تیا دەردەکەوێ... هەموو هەوێنو هۆکارێکی گەشەکردنو ئەوزاری پێشڤەچوونی تیادا ئامادەیە..." گرتسن هەموو کاتێ خۆی بە نوێنەری (روسیای لە حالی دروستبوون)و (روسیای ئازادو گەنج و زندوو)و (روسیای جەماوەری خەلك) دەزانی.

لیڤ تۆلستۆی یەکێکە لەو کەسانەی کە گرتسنی دیتووەو دەلێت هەلسوکەوتی هیچ کەسێك ئەوەندەی ئەو لەزەتی پێ نەبەخشیوە. تۆلستۆی بەرهەمی گرتسنی زۆر بە دڵ بووەو حەزی دەکرد بە دەنگی بەرز بیانخوێنێتەوەو هەمیشە سەرسامی ئەوە بووە کە چۆن توانیویەتی بابەتەکانی بەو هەموو وردی و گرنگییەوە بەم هەموو رەوانیە دەربڕێ.

ئیڤان تورگنیف دەیگوت کە قسەی گرتسن (سەراپام دێنێتە ستایش) مەکسیم گۆرکی بەرهەمێن گرتسن بە مەزرای پڕ بەرەکەتو بە بڕشتی هزرو بیران دەشوبهێنێ. لینین لە جێیەکی تردا دەربارەی گوتوویەتی: "لە روسیای خان خانەکێدا لە ناوەڕاستی دەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بە جۆرێ بەرز بووەوە کە بوو بە هاوتای گەورەترین زانایانی زەمانی خۆی".

یەکێك لە شاکارەکانی گرتسن بیرەوەریەکانیەتی بەناونیشانی (رابردوو وئەندێشان) کە پاچڤەی زۆر زمانان کراوەو لە ئەدەبیاتی جیهاندا جێی خۆی کردووەتەوە.

لە سەردەمی تزاری دا هەمیشە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی گرتسن قەدەغە بووە، بۆیە کۆ بەرهەمەکانی نەکەوتبووە بەردەستی خەڵکی، تا لە سەردەمی حکومەتی سۆڤیەتی ئەم کارەکراو لە ساڵی ١٩٣٥دا بڵاوکردنەوەی کۆبەرهەمەکانی تەواو بوو.

ئەو شتەی کە گرتسنی بۆ ئازادیخوازی هاندا بوو وەکو خۆی گوتوویەتی یاخی بوونی ساڵی ١٨٢٥ی دیکابریستەکان بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت لەو زەمانەدا هەموو شتێك لە حاڵی کپیو بێدەنگیدا بوو وتەنیا دەنگی (کار بەدەستانی نا رەسەنی دەوڵەت) دەبیستراو و لە جیاتی زانستێن بە سوود بنەماکانی کۆیلەیەتیو ئەسارەتیان فێری خەڵکی دەکرد. گرتسن بە پشتیوانی هزرێن زانستانەی ئازادیخوازانە، تەواو لە دوا تیوریانی فەلسەفەی رۆژاوایی ورد بوو بووەوەو هەوڵی دەدا خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کە بە فاکتەری هەرە کارای گەییشتن بە ریفۆرمو گۆڕانکاری دەزانین، ئاشنای زانستە تازەکان بکات. بەڵام دیارە کە بۆ گەییشتن بەم مەبەست و مەرامەو بۆ ئەوەی زانست ببێ بە رەمزونیشانەی هێزو دەسەڵاتی میللەت، دەبێ بە تەواوەتی لە کۆیلایەتی و وابەستەگیو کورتبینی پیشەییو بەرژەوەندێن جۆراوجۆر کە یەخەی وڵاتی گرتبوو، پاك بێتەوە. ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا حەقیقەتە کۆمەڵناسیەکان کە میناکی یاساو رێساکانی تەبیعەت پایەدارو حاشاهەڵنەگرە دەرك بکاتو حاڵی ببێ.

لێرەدا دەشێت پەی بە گەورەیی پایەی گرتسنو بایەخی ئەو کارەی کە لە بواری رێنوێنی گەلی روسیادا کردویەتی ببرێ. گومان لەوەدا نیە کە گرتسن یەکێك بووە لە کاریگەرترین کەسانێك کە لە تاریکترینو رەشترین رۆژگاری دەسەڵاتداریەتی حکومەتی دکتاتۆری تزاراندا رێنوێنی میللەتی خۆی لە ئەستۆ گرتووەو نزیکەی سی دانە ساڵ لەم رێیەدا تێکۆشاوەو سەرەنجام ئەو زاناو هزرڤانانەی کە لە دوای ئەو هاتوونو درێژەیان بە کارەکەی ئەو داوە توانیویانە ئەو ئەنجامەی کە ئەو بە تەمای بووە بە دەست بێنن.

## ٣-باکۆنین :

میخائیل باکۆنین (١٨١٤- ١٨٧٦) بە یەکێك لە گەورە پێشەوایانی شۆڕشگێڕانی ئەم قۆناغە دەژمێردرا. وەکو هاوکارانو هاوبیرانی خۆی لە گەنجیدا تووشی ئەشکەنجەی دەوڵەتی تزاری بوو و بۆ سیبریایان دوور خستەوە. دوای ساڵانێك لە رەنج و ناخۆشی سەرەنجام توانی لە سیبیریا هەڵێتو خۆی بگەیەنێتە ئەمریکا. باکونین لە لاویدا یەکێك بوو لە لایەنگرە جدیەکانی فەلسەفەی هیگلو لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤١دا سەفەرێکی ئەڵمانیای کردو پەیوەندی بە ئازادیخوازانی ئەو وڵاتەوە کردو پاشان چوو بۆ پاریسو لە خۆ پێشاندانەکانی موهاجیرانی پۆلاندی دا بەشداری کرد، بەڵام لە زەمانی حکومەتی گیزو – Guizotدا لە پاریس دەریانکردو پاشان لە شۆڕشی ١٨٤٨دا بۆ پاریس گەڕایەوەو جارێکی دیکەش دەریان کردو لەوێندەرەوە بۆ پراگ رۆییو دەزگای ئاسایشی نەمساش لەوێ دەریانکردو ئەنجام بۆ ئەڵمانیا چوو و لە شۆڕشی (درسدن)دا بەشداری کرد. کاتێ کە دەوڵەتی نەمسا خاکی (ساکس)ی گرت (باکونین)ی

دایەوە دەست کار بەدەستانی ئاسایشی روسیاو لە کانەکانی سیبریادا خستیانە سەرکاری قورس و لەوێوە بۆ ئەمریکا هەڵات و پاشان بۆ لەندەن رۆیی. لە لەندەن دا پەیوەندیەکی نزیکی دەگەڵ گرتسن دا پەیدا کردو تا گرتسن لە ژیانا بوو هاوکاری دەگەڵ دەکردو یەکێك بوو لە نووسەرە توندڕەوو بێ پەرواکانی رۆژنامەی (زەنگ).

ئەو وتارانەی کە باکونین لەو رۆژنامەیەدا نووسیوونی هەمیشە کاریگەریی تایبەتیان بەسەر خەڵکی روسیاوە هەبووە، بۆیە دەبێ بە یەکێك لە نووسەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیە گرینگەکانی ئەم قۆناغە بزانرێ. باکونین لایەنگرێکی جدی پرەنسیپەکانی یەکێتیی میللەتانی سلاڤی بووەو دەوری وی لە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرەدا لە خەڵکانی دی پتر بووە.

## ٤-سالتیکۆف شچدرین :

میخائیل یوگرافوڤیچ سالتیکوف کە ماوەیەك بەنێوی خوازراوی شچدرین- Chtchedrine شتی دەنووسی، بۆیە لە ئەدەبیاتدا زیاتر بە شچدرین یا سالتیکوف بەناوبانگە لە ١٨٢٦/١/٢٥دا هاتووەتە دنیایە، لە هەمان زەماندا کە دۆستۆفسکی هاتە نێو دنیای نووسین و بڕێك دوای نیکراسۆف کەوتە شت نووسین. لە ساڵی ١٨٤٧دا هەندێك لە شیعرەکانی لە گۆڤارێکدا بە نێوی (کتێبخانەی خوێندنەوە) بڵاوبووەوەو لە ساڵی ١٨٤٧دا رۆمانێکی بە چاولێکەری جورج ساند لە ژێر سەرناڤی (دژخوانی) بە نێوی خوازراوی (نپانوف- Nepanof)وە بلاوکردەوەو لەم رۆمانەدا هێشتا دیار نەبوو کە ئەم نووسەرە لە تەنزدا دەستی تەواوی هەیە.

تەبیعەتی حەنەکچیانەی ئەو دەبوا لە ئایندەدا، لە ئەنجامی ئەو هزرە سوسیالیستیەدا کە لەلای ئەو پەیدا بوو وماوەیەکی زۆر کە لە تاراوگە مایەوە گەشە بکات. هەر ئەو رۆمانەی کە لە ساڵی ١٨٤٧دا بڵاو بووەوەو ئەو کات هیچ ئیرادێکیان لێنەگرت، ساڵی دواتر واتە لە ١٨٤٨دا بە دژی سیاسەتی دەوڵەتیان لە قەڵەم داو ئەوە بوو بۆ شاری (ڤیتکا)یان نەفی کرد. دوای هەشت ساڵ، ئەویش دوای بویەرە شوومو ترسناکەکانی جەنگی قرم کە کەمێك ئازادیان بە خەڵکی داو دوای مردنی نیکولای یەکەم ئەوجا ئازادیان کرد.

لە هەمان کاتدا گۆڤاری (پەیاماوەری روسیا) دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەشێك لە شاکارێکی ئەو بەنێونیشانی (نامە دەوڵەتیەکان) کرد کە بە راوبۆچوونی خەڵکی درێژەی (گیانە مردووەکان)ی گۆگۆل بوو، بەڵام ئەو شۆخی و حەنەکانەی لێرەدا بەکاربراون کەمتر بوون و تۆن و ئاوازەکەی تاڵترو ناخۆشتر بوون و زمانەکەی وەکو قامچی وشەلاقان بە ئازارو سوێ بوو. جا چونکە سالتیکوف لە بنەماڵەیەکی نەجیمزادەو خانەدانی زۆر بەنێوبانگی روسیا بوو، و گەلێك پایەی گرنگی وەکو حوکمڕانی (ریازان و تڤیر)یان گرتبووە دەست، رەخنەکانی زۆر ناخۆشتر بوو. ئەمە جگە لەوەی کە سالتیکۆف لەو کەسانە نەبوو کە لەبەر ئەم پایە فەرمیانە دەستبەرداری رەخنەبێ و لەلایەکی ترەوە ئەو شایستەیی ئەم پلەو پایانەی لەو سەردەمەدا نەبوو. بۆیە لە ساڵی ١٨٦٨ەوە سالتیکوف هەرچییەکی دەنووسی بە هەمان ناوی خوازراوی (شچدرین)ەوە

بڵاوی دەکردەوەو بۆ ئەم کارە دەستی لە خزمەتی دەوڵەت هەڵگرت. هەوەڵجار لە گۆڤاری (سەردەم)دا شتی دەنووسی و کە دایانخست ئیدی بە هاوبەشی دەگەڵ نیکراسۆف دا گۆڤاری (نوچەێن نیشتمان)یان دەرکرد، بەڵام ئەمەشیان لە ساڵی ١٨٨٤دا داخست.

لەم سەروبەندەدا سالتیکوف لەبواری ئەدەبیاتدا ڕێگەی خۆی دۆزی بووەوەو لەو ڕۆژەوە تا لە نووسین بەردەوام بووە جگە لە تەنزو سوعبەت و شۆخیبازی و داشۆرینی چاپەمەنیان و کۆمەڵگەی ئەو ڕۆژە هیچ کارێکی تری بە شایستەی خۆی نەزانیوەو لە سەرانسەری بەرهەمەکانی خۆیدا هەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئەو ڕۆژگارەو هەموو بیروباوەڕێکی خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی داوەتە بەر هەجوو هەندێ جار بیروباوەڕەکانی خۆیشی بە شێوەیەکی تەنزئامێز دەربڕیوە، چونکە زۆر جار بیروڕای گۆڕیوەو بیروباوەڕەکانی پێشووی خۆی بە توندی بەرتەوس و توانجان داوە.

لەم زنجیرە وتارەدا (نامە دەوڵەتیەکان) هەوەڵجار هاتووە کاربەدەستانی دەوڵەتی لە شارەکاندا وەسف کردووەو نامەکارییەکانیانی (مراسلات) بەمجۆرە شرۆڤە کردووە کە ژمارەیەك کاربەدەستانی دەوڵەت لەشاری کورتاگورسك ژمارەیەك نامەی دەوڵەتی بۆ یەکدی دەنێرن و کەس لێیان حاڵی نابێت. سەرەنجام مامورێکی ئەرشیف لە ڕێگەیەکی دوورەوە بۆ شیرەوت و راوێژان دێنن و ئەویش لە سەرگەردانی دەربازیان دەکات و دەپرسێت: "ئاقیبەت حاڵی بووی؟" بەرانبەرەکەی وەڵام دەداتەوە: "نە ، بەڵام دەتوانم وەڵام بدەمەوە".
ئەم زنجیرە گوتارە، دێهاتیان و بازرگانان و خەڵکی چینە باڵاو نزمەکانی بەرجەستە کردووەو هەر جۆرە داب و نەریتێکی زەمانەی میناکی داب و نەریت و ڕێوڕەسمی خزمەتگوزارانی دادگاو کەشیشان و ئەوانی تری راڤەو شرۆڤە کردووە. بۆ نموونە یەکێك لە تەحقیقکاران دەڵێت: "من بە چ هەقێك باوەڕم هەبێ؟ ئەسڵەن چ پێویستە کە هەمبێ؟ تەنیا یەك جار کە دەگەڵ سەرۆکی دادگادا قسەم دەکرد قیروسیام کردو گوتم: بە باوەڕی من... مۆرەیەکی وای لێکردم کە چیتر ئەم کارەم نەکرد. چ پێویستی دەکرد من بزانم ئایا تاوانێك کراوە یان نا؟ ئایا سەلماوە؟ جەوهەری قسە لێرەدایە".

لە بەرانبەر ئەم قازیە حەقیقەتجۆیەدا قازیەکی دیکە هەیە، کە دەرهەق بە تاوانباران نەرم و ملایمەو دەیەوێ بە بێگوناهیان بزانێ. بەڵام ئەم مەعنەویەت و ملایمیەی ئەویش فایدەی نیەو یەکێك لەو تۆمەتبارانەی کە ئەو بە نەرمی تەحقیقی دەگەڵ دەکات بەدەم هاوارەوە دەڵێت: "بۆ لێم نادەی؟ ئاخر لێم بدە، ڕەنگە شتێك بدرکێنم".

بەمجۆرە سالتیکوف هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرزەوە تا نزم بە هەمان ڕەفتارو کرداروگوتاری خۆیانەوە نیشان دەدات، هەڵبەتە هەوڵدەدات گەندەڵی و کرێتی و بودەڵەیی و نابەکارییەکانیان بخاتەڕوو، وبە تایبەتی سستی و زەبوونی، تاوانباری، درۆ، زۆرداری بەرانبەر بە ژێر دەست، وسەر شۆڕی و ملکەچی لە هەنبەر باڵادەستان، گوێڕایەڵی کوێرانە، ڕواڵەتبازی و مۆدبازی و مۆدرێنخوازی زاهیری بۆ ئەوەی زەبوونی و کەساسیەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن، ئەمانە دیمەن گەلێکن کە لە بەرهەمەکانی ئەودا یەك لە دوای یەك دەبینرێن.

وا دیاره كه سالتیكوف له بنەڕەتدا هەمیشه باوەڕی وا بووه كه له روسیادا، له سەدەی هەژدەیەمەوه تا ئەو زەمانه هیچ گۆڕانێك رووی نەداوەو ئەخلاقی گەندەڵو هزری سەرڤه سەرڤەو رواڵەتبازیو دڵڕەشیو شەڕەنگێزی ناخ بە دەقی خۆیەوەو وەكو خۆی ماوەتەوەو تەنانەت ریفۆرمی ئازادیخوازانەی ساڵی ١٨٦٠ش جگه لەوەی كۆمەڵێك دیاردەو رواڵەتی تر له گەندەڵی ئەخلاقو فەساد هەڵڕێژێ چ شتێكی تری نەكردووه.

لەم زنجیره وتارەدا (نامه دەوڵەتییەكان) رێبازو میتۆدی تایبەتی سالتیكوف ئەمەیە كە بابەتەكەی زۆر بە سادەییو بێ ئەوەی نیشانی بدات كە نیازونیەتی تەوس و توانجە، دەردەبڕێتو تەنیا تەشەرو توانجانێك دەهاوێ كە له هەر رستەیەكی ئاشكراو راستەوخۆ كاریگەرترن. بۆ نمونه له شەرح و شرۆڤەی شاعیرانەی ژیانی كۆنی خەڵكی شاری كروتا گورسك دا دەڵێت: "خودایا ئەگەر كاربەدەستانی ئەمن وپۆلیسو كێچ نەبووانەیە ئێره چ بەهەشتێ بوو!".

تا نووسەر پتر دەچێته پێشێ پتر پەره بە ژینگەی خۆی دەداتو مەودای دیمەنو هزرو بیرەكانی بەرینتر دەكات. دوای جەنگی قرم دەكەوێته راڤەو شرۆڤەی ئەو شكسته ئەخلاقیو فكرییانەی كه له ئەنجامی هەرەس و داڕوخانی بونیادی وەتەنپەرستی فەرمی ئەو زەمانەوە كە دەوڵەت پشتیوانی لێدەكرد، هاتووەته ئاراوه. لەم باسەدا بەیاناتو وشەبازی بێ بنجو بناوانو بۆش و بە تاڵ دەگێڕێتەوەو وێڕای ئەوەی كه خۆی باوەڕی بە نوێخوازی هەبووە، هزرێن بێ بناغەو ناعەمەلی نوێخوازان بەر تانەو تەشەران دەدات.

له ساڵی ١٨٦١ەوه تا ١٨٦٧ ئەو بەرزەخەی كه له ئەنجامی ئەو ریفۆرمانەوه پەیدا بووه باس دەكات،لەوانە ئەو موڵكدارانەی كە نازانن وەزعو حاڵی تازەی خۆیان چۆن دەبێ، ئارەق فرۆشان، قۆنتەراتچیانی هێڵی ئاسن و ئەو سووتخۆرانەی كه لەم وەزع و حاڵە سوودمەند دەبن و تاقە كەسانێكن كه سوودیان لەم ریفۆرمانه دیتووه، ئەو حوكمڕانانەی كه له ئەنجامی حوكمڕانی خۆیان نیگەرانن، ئەو نووسەرانەی كە هەموو رۆژێك باوەڕوسەلیقەی خۆیان، دەگۆڕن. لەم بارەیەوە دەڵێت بەم نوێنەره تازانەی چینی دەسەڵاتدارەوەو بەم (پیاوانی كەلتور)ەوە كە هاتوونەته مەیدان روسیا وەكو دەفرێكه كە دیوی ناوەوەیان شۆردبێ بەڵام دیوی دەرەوەی هێشتا هەر پیسە. لەم بارەیەوه ئەو وتاره جوانانەی: (مێژووی شارێك، پەخشانه تەنز، حیكایەتێن بێ گوناح، سیماكانی زەمانه، رۆژنامەی شارێك،) بە شاكار دەژمێردرێن. بۆ نموونه له زمانی ورده موڵكدارێكەوه كه ناچار بووه پارەی بلیتی شانۆ له پوترسبۆرگ، له گیرفانی خۆی بدات، دەڵێت: "ئەم ژنه گۆرانی بێژه هەرچەنده جوانیش بێ، ناگا بە تۆزی پێی یەكێك لەو ژنه خۆمانیانەی جاران، پیاو كه تەمەشای دەكات و گوێ له دەنگ و ئاوازی دەگرێ، چەندیش حەز بكات، ناتوانێ بڵێ: هی خۆمە، سبەی یان ئێستا هەر كارێكم بوێ دەگەڵی دەكەم، كەیفم لێ بێ دەڵێم زلفەكانی ببڕن، مەیلم لێ بێ بۆ (ئانتیپ)ی شوانی خۆمانی دەخوازم... ئەفسوس! كه ئێمه ئیدی ناتوانین تەنانەت ئاسیو بە مریشكێكیش بگەیەنین!"

لـە سـاڵی ١٨٦٧ەوە تـا ١٨٨١ سـالتیکوف زنجـیرە بەرهـەمێکی دیکـەی بڵاوکردووەتـەوە کـە سـەرجەلەیان کتێبێکـی بەنێوبانگـە بـە نێونیشـانی (ئاغایـانی تاشـکەندی) کـە بـە خـۆی (پیـاوانی فەرهەنگی)و (پاڵەوانانی تەعلیماتی بێ ئەلفبا)یان ناو دەنێت و دەڵێت بـێ ئـەوەی کاریـان کردبـێ عەوداڵی داراییں.لەو زەمانەدا، لە ١٨٦٥دا شاری تاشکەند تازە بوو بوو بە بەشێك لـە قەڵـەمڕەوی تزارەکـان و خـەڵکانێکی بـێ هونـەر کـە دەسـتیان لـە بـنی هەمبانـەوە دەرچـوو بـوو، بـە ئومێـدی بەختەوەری و کامەرانی ڕژابوونە ئەوێندەر. تاقە عـەیبێ کە لـەم کتێبەدا (ئاغایـانی تاشـکەندی) هەیە ئەمەیە کە چونکە شەرح و شرۆڤەیەکی ئاڵۆزو نا ڕوونی دەربارەی بویەرەکانی ئـەو ڕۆژگـارە بە دەسـتەوە داوەو هەنـدێ جار درێژدادڕییـەکی فـرەی کـردووەو لـەم بابەتـەوە چـووەتە سـەر ئـەو بابەتە، خوێندنەوەی زۆر ئاسان نیە و هەموو کەسێك مشتەری نیە.

(برایـانی گۆلۆڤلیـف) ناونیشـانی کتێبێکـی تریـەتی و بێگومـان لـە نێـو ئـەم زنجـیرە کتێبەیـدا ریزپەڕەو شاکاری ئەوە. لەم کتێبەدا نەفرەت و بێزاری تایبەتی خۆی کە دەگاتـە ئاسـتی هێـرش و تـەعلیق و تەشـەرەکانی شەکسـپیر، سـەبارەت بـە کۆمەڵگـەو ڕۆژگـاری خـۆی ئاشـکرا دەکـات. بەوپەڕی جورئەت و دڵنیاییەوە دەشێت بگوترێ سەربهوردی ماڵباتی گۆلۆڤلیف باڵاترین تۆمەتـە کە لـە ئـەدەبیاتی جیهانـدا، نووسـەرێك ئاراسـتەی کۆمەڵگەیـەکی کردبـێ، و تەنانـەت ئـەمیل زۆلا، نووسەری بێباك و دلێری فەرەنسا کە لـە کتێبە بە نێوبانگەکەی خۆیدا (زەوی) باڵاترین کینـەی دەرهەق بەزەمانەی خۆی و ژینگەی خۆی دەربڕیوە، نـەیتوانیوە بـەپێی ئـەم کتێبـەی سالیتکوفدا بگـات. لـەم کتێبـەدا کەلـەپورومیراتی ژیـانی کـۆنی ڕوسـیاو کۆمەڵگـەی ئـاینی و هزرینـی تایبـەتی وان، پاش ئـەو ریفۆرمـە کۆمەڵایەتیانـەی کـە تـازە کردبوویـان، لـە بنەماڵەیـەکی موڵکداردا نیشـان دەدات. ئـەم ماڵباتـە بریتییـە لـە سـێ بـرا کـە بابێکـی گـەوج و کـەودەن بـەدەقی خۆیانـەوە بـەرەڵای کـردوون و دایکـە تـەماعکارو ڕژدەکەشـیان جگـە لـە کاروخـەمی کۆکردنـەوەی زیـاتری سـەروەت و دارایی ماڵباتەکەیان چ خەم و کارێکی دیکەی نیە. کە دەگەنە تەمەنی خۆناسین و باڵق بوون هـەر سـێ بـرا بـە دەسـتی بـە تاڵـەوە بـەڕەڵای ناوجەرگـەی ژیـان دەکـەن و ئەگـەر فریـای خـۆ نەکـەون و مشـوورێکی خـۆ نـەخۆن تـەنیا کـەمێك خـۆراك و پۆشـاکیان لـە گوندیـدا دەسـت دەکـەوێ. بـرا گەورەکـەیان لــە نائومێدیــدا ڕوو دەکاتــە مــەی خــۆری و دەمــرێ. بــرای دووەم شــوێنی بــابی دەگرێتـەوەو ئـەقڵی لە دەست دەدات. برای سێیەم کە خۆشەویست و پاشەبەرەی ماڵباتەکەیـە، دوو برایەکـەی تـر بـە تەشـەرو کینایـە بـە (یـەهودای بچـووك)و (خـوێن خـۆر) بـانگی دەکـەن، بـە زیرەکی بەرە لە ژێر پێی دایکیان دەردێنێ تا ئەوەی کۆی کردووەتـەوە لەگەڵیاندا بەشـی بکـات و بەرە بەرە دەست بەسـەر هـەموو داراییەکەدا بگرێ. ئەویش دوو کوڕی هەیە کە دەبێ ئەوانیش ڕێگەی خۆیان لە ژیاندا بکەنەوە. یەکێکیان دلبەرێکی هەیەو دەیەوێ بیخوازێ. بابی دەڵێت: "بە کەیفی دڵی خۆت بکە"، بەڵام هەرکە زەماوەندەکە سەر دەگرێ، ئیدی مووچەی کوڕو بووکەکـەی دەبـڕێ و کـوڕەش ناچـار خـۆی دەکوژێـت. کـوڕی دووەم کـە ئەفسـەرە شـەوێك پەرێشـان و ڕەنـگ پـەڕیوو بـۆ مـاڵ دەگەڕێتـەوەو دەردەکـەوێ پـارەی فەوجەکـەی، کـە لـە لای ئـەو بـووە، لـە قومـاردا دۆڕاندووەو بـابی کـە سـەروەت و داراییەکەی بـە ملیۆنانـە، ناچێتە ژێـر بـاری دانـەوەی ئـەو سـێ

هەزار مناتەی کە ئەو دۆڕاندویەتی و بەوپەڕی خوێنساردیو بێ موبالاتی دەعوەتی چای دەکات. سەرەنجام نەجمەکانی لێ دەسەننەوەو دەینێرنە کاری قورسو لە نەخۆشخانەی زینداندا گیان دەسپێرێ. باوکەکەش بە خۆی ماشوقەیەکی هەیە کە کیژە کەشیشەو هەوەڵجار سەر گەورەی ماڵەکەی بووە. کاتێ کە خەبەری دەدەنێ کە لە حاڵی زاین دایە، توڕە دەبێ گوایە لە کاریان کردووە چونکە ئەو پیاوی خوایەو لەم کاتەدا مژولی نوێژو وێردان بووە.

بە هەر حاڵ نەوزاکە بە فرزەنی قەبوڵ ناکاتو ساواکە دەبەنە هەتیوخانەیەك. ئەم باوکە دوو خوارزاشی هەن کە لە برسانا دەچنە شاریو دەبنە ئارتێست و هونەرپیشە.خوشکە گەورەکەی لە ناچاریدا ژەهر دەخواتو داوا لە خوشکە بچکوکەشی دەکات ژەهر بخواتو چونکە ئەو ئامادە نیە ئەم کارە بکات دەڵێت "بێ غیرەت بیخۆ!" ئەم بەستەزمانە زات ناکات ژەهر بخواتو پەنا دەباتە لای هەمان ئەو خاڵەیو خاڵیشی بەکینایە داوای لێدەکات کە ببێ بە جێنشینی هەمان کیژە کەشیش. ئەویش بە نەفرەتەوە لەوێ دەڕواتو دوای ماوەیەك کە دەگەڕێتەوەو مل بۆ ئەو ریسوااییە دەدات ئیدی پیر بووەو زەمان تێ پەڕیوە. ئەویش نەخۆش دەکەوێو موفتەلای بادەخۆری دەبێت. شەوێك خاڵی لە ناغافڵدا دەچێ بەسەرا، سەیر دەکا دەگەڵ کیژە کەشیشەکەدا خەریکن ئارەق دەنۆشنو شیعری مەکشوف وناشیرین دەڵێن. لەگەڵ خۆیدا دەیباتو لەوە بە دواوە دەبێ بە هاودەمی ئەو لە کۆڕی بادەنۆشیدا. شەوێك لەم ماڵە کپ و چۆڵەدا هەردوو مەست دەبن و سەرەنجام لێیان دەبێ بە شەڕو هەزارو یەك جنێوی ناشیرینی سەر بەکوڵکە بە یەکتر دەدەن. لەم کەین و بەینەداو لە گەرمەی مەستیدا رابردووی ئەوان دێتەوە بەرچاویانو ئەو پیاوە بەدعەمەلو نابەکارە هەر هەموو یادگارە نەفرەت ئەنگێزو ریسواییو تاوانو دەردو ئازارو ئەشکەنجەو کەساسیو زەبوونییە بێ حەدوحیسابەکانی لە بەردەم خۆیدا دەبینێ، لە حاڵەتێکا کە لە نێوان مەستی و بێداریداو بە هەستێن شلۆقو بەترس و هەراسێکی فرەوە پەی بە مەسئولیەتی خۆی دەبات. ئەوەی سەیرە ئەمەیە کە ئەم پیاوە، گوایە خواناسیشە، چونکە ئەگەر رۆژانی پەی دەرپەی لە پشت مێزەکەی خۆیەوە دانیشتووەو حیسابی دارایيو بەرژەوەندیو قازانجەکانی خۆی دەکاتو لە دووی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانە، ئەوا بە سەعاتانیش لە خزمەتی قەدیسان دایەو دوعاو وێردان دەخوێنێ.

خویایە کە تا چ رادەیەك ئەم وێنە نەفرینەی کە سالتیکۆف دەربارەی ئەم پیاوە دروستی کردووە هەم جوانەو هەم ریسوا. ویستوویەتی پیاویکی ساختەچی دوو روو نیشان بدات کە میناکی (تەڕتوف)ی قارەمانی بەنێوبانگی مولیر سەرباری ئەوەی کە لە دوو روویيو ریاو زمان لوسیدا نقوم بووە باوەڕی بە خودا هەیە، بەڵام ناتوانێت ئەم باوەڕەی خۆی دەگەڵ هیچ بنەمایەکی ئەخلاقیدا بسازێنێ. لەمە بە دواوە شەوانی دوورو درێژی بەدمەستیو شەهوەترانی لە پاڵ ئەم خوارزا نەگبەتەیدا کە کەوتووەتە ونگەی بەدبەختیو فەلاکەتەوە، بە سەرزەنشتە توندەکانی خۆشکەزاکەیەوە رادەبوێرێو سەرەنجام خوارزاکەی دکارێت هەستی پەژیوانی لەلای بێدار بکاتەوەو بۆیە هەوەڵجار بیرو پاشان نیازی قەرەبوو کردنەوەی ئەم ریسواییانەی لەلا پەیدا

دەبێتو ڕۆژێکی زستان، سپێدە زوو، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە بەردەم پەیکەری مەسیح دا کە تاجی دڕووی لە سەرە، وێرد دەخوێنێ دەچێت بۆ سەر گۆڕی دایکی و خۆی دەکوژێت.

پاش باس و وەسفی ئەم تاقمە خەڵکانەی کە سالتیکوف بەوپەڕی جۆش و جدی کردوونی، و لەم بوارەدا هیچی بۆ وتن نەهێشتووەتەوە، دەبوایە روو بکاتە بابەتێن دیکە، بۆیە چووەتە سۆراخ و تاقیبی موڵکدارانو لە کتێبێکی دیکەدا کەوتووەتە باسی ئەوان، لەو زەمانەدا موڵکداران گروپێکی دیکەی تورگنیف گوتەنی (بنیادەمانی زیادە) بوونو سالتیکوف لە خەڵکانی دی باشتر پەی بەم خاڵە بردووەو لە کتێبێکدا لە ژێر سەرناڤی (مجێزی ماخولیایی) حاڵی گیانەڵڵای موڵکدارێکی شرۆڤەو راڤە کردووە کە لە موڵکەکەی خۆیدا لە هەموو کەسێك دوور کەوتووەتەوەو بە کەڵکی هیچ نایەتو دەڵێی بە خاکیان ئەسپاردووە. هەقی ئەوەی کە پێویستی بە جووتیارو گوندیەکانی خۆی بێ، لێ سەلب کراوەو جووتیارو رەعیەتەکانیشی ئیدی پێویستیان بەو نیە. هەست دەکات کە ئیتر بە هیچ جۆرێ هیچ کارێکی لە دەست نایەت.

لەم وەسفانەو لە بەرجەستە کردنو نیشاندانی ئەو کەسە جیاوازانەی کە لەم کتێبانەدا وەسفی کردوون، سالتیکوف هەرچیەکی دیتووە زۆر بە وردی خستوویەتیە سەر کاغەزو توانایەکی نڤیساری لە رادەبەدەری لە بەرجەستەکردنی خەسڵەتێن واندا بەکار بردووە، بەڵام ئەوەی راستی بێ لە سەرانسەری بەرهەمەکانیا، نەفەسی شاعیرانەو خەیاڵپەروەری ئەو زاڵەو لە جیاتی ئەوەی پسپۆڕی کۆمەڵناسی بێ شاعیری تەنزو تیژبینییە.

دەشێت بگوترێ کە سالتیکوف پڕ بە مانای راستی رۆمان، رۆماننووس نەبووەو لەو پێشەکیەدا کە بۆ کتێبەکەی خۆی (ئاغایانی تاشکەندی) نووسیوە، تەنانەت نکوڵی لە تایبەتمەندییەکانی رۆمان کردووەو گوتوویەتی کە ئیتر ئەم کارە رەوانیەو پێداویستییەکانی زەمان و رۆژ بەدی نایەنێ. دەبێ بگوترێ کە بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانی ئەویش جوانیو دڵگیری رۆمانیان نیەو زیاتر کۆمەڵێك باری سەرنج و دیتن و باسی رەخنەیی کۆمەڵایەتین کە هونەرکارییەکی زۆری تیاکردوون و زێدەڕۆییو موبالەغەیەکی عەمدیان تێدا دەبینرێ. پیسارۆف پێی وابووە کە ئەو تەنیا بۆ پێکەناندن شتی نووسیووە.

ئەم نڤیسارە مەزنە پاش ساڵی ١٨٨٠ جارەکی دی رێچکەی خۆی گۆڕیوە، چونکە هەراو زەنای هزریو رامیاری ساڵانی پێشوو بەرە بەرە نیشتبووەوەو ئیدی ئەو جیاوازیو هە ڤدژییە زۆر توندوتیژە لە نێوان هزرو بیروباوەڕەکاندا نەما بوو. بۆیە سالتیکوف لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (وردەواڵەکانی ژیان) وا دەنوێنێ کە لەگەڵ خەڵکی رۆژگاردا سازاوەو هەوڵدەدات سوودو فایدەی ئەو وردەواڵانەی کە ژیانیان پڕکردووەتەوە نیشان بدات. دوای ئەوە لە کتێبێکدا بەناونیشانی (حیکایەتان) کەوتووەتە شیکردنەوەو لێکدانەوەی ژیان و رەگەز گشتییە هاوبەشەکانی ژیانی هەموو میللەتانی لە هەر زەمانێکا، خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. جگە لە هەندێ هزرێنی هەڤدژو ناکۆك کە هاوئاهەنگی هەندێ بەشی ئەم کتێبەی شێواندووە، دەشێت بگوترێ کە هاوتای باشترین نڤیسارانی ئەورووپایە. تۆنی سالتیکوف لەم کتێبەدا زمانی پیاوێکی بە گومانو رەشبینو بێ متمانەیە کە هیچ باوەڕو متمانەیەکی بە مەردم نیەو هەوڵ و تێکۆشین لە

رای ژیانو بژێوی بەتاقە ئارمانجی ژیانو یاسای ژین دەزانێ. بۆ نموونەی لە شوێنێکدا باسی (گورگێکی داماو) دەکات کە ناچارە دزی بکات و لە رای ژیاندا بکوژێو ببڕێ. بەلام لە هەنبەر ئەم بیرانەدا لە حیکایەتێکی دی دا بە ناونیشانی (چیرۆکی جەژنی کریسمیس) کە یەجگار سۆز بزوێنە، باوەڕێکی مەزەبی رووتی دەربڕیوەو بە ئاشکراو راشکاوی باوەڕی بە ئەشق و ڤیانی خواییە کە ئادەمیزاد لە هەموو بەدبەختییەك دەخەلەسێنێ.

وا دیارە کە سالتیکۆف لە کۆتایی تەمەندا ویستوویەتی خۆی لەم هەڤدژیو ناکۆکی باوەڕانە، تەبەڕا بکاتو کتێبێکی بە ناونیشانی (مێژووی پوشەخونیە – Pochekkkhonie) واتە خەلکی پوشخون، نووسیوە. ئەم کتێبەش شەرح و شرۆڤەیەکی ژیانی مولکدارانی بەر لە هەلوەشاندنەوەی کۆیلایەتیەو بە شێوەیەکی گشتی جۆرە بەیت و داستانێکە کە میهرو دلۆڤانیو ڤیانو خۆشەویستی ئاینی عیسەویەت سەرەنجام هەندێ لە خزینو هەلنووتانو سستییەکان قەرەبوو دەکاتەوەو ئەم کتێبە ئەگەر لە رووی نواندنی ژیانی ئەو رۆژگارەوە لە ئەکساکوف (مێژووی خانەوادە) باشتر نەبێ، بەلای کەمەوە لە رووی وردەکاری هزرو هونەری نڤیسارییەوە لەو باشترە.

سەرەنجام سالتیکوف شچدرین لە سالی ١٨٨٨دا لەکاتێکدا کە یەکێك بوو لە ناودارترین پیاوانی زەمانی خۆی، کۆچی دوایی کرد. جگە لەم بەرهەمە سەرەکیانە هەندێ بەرهەمی نمرە دووشی لە پاش بە جێماوە میناکی (پومپادورەکان– Pompadours، ئاغایانو خانمان)و (حوکمڕانانو دلبەرەکانیان) و (هاتنی جەنابی موفەتیش). لە هەر هەموو ئەم بەرهەمانەدا تاقە تاقم و دەستەیەکی گەل، کە بەر هێرشو رەخنەی ئەو نەکەوتوون دێهاتیانن.

کتێبی (مێژووی شارێك)ی سالتیکوف لە راستیدا مێژووی ولاتی روسیایەو ئەو حوکمڕانانەی کە وەسفیان دەکات، تزارەکانو خەلکی شاریش هەمان ئەو خەلکەی روسیان کە بە هەموو شتێك قایلنو مل بۆ هەر زولم و بێدادییەك دەدەن. یەکێك لە گرفتەکانی بەرهەمێن سالتیکوف ئەمەیە کە هەندێ وردەکاری زۆر ورد لە کتێبەکانیدا هەیە کە خەلکی بە دروستی لێیان حالی نابێت و هەندێ جاریش زمانەکەی ئالۆزو قورسەو خوێندنەوەی زەحمەت دەکاتو بە شێوەیەکی گشتی سالتیکوف نیگارکێشێکی یەجگار لەزەبری دیمەنانی ئەو رۆژگارەیە کە تیایدا ژیاوەو بۆ کەسانێك کە ئاگاداری ئەو رۆژگارەن، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو یەجگار خۆشترە.

هەلبەتە ئەمڕۆکە سالتیکوف شچدرین بە یەکێك لە گەورەترین نووسەرانی روسیا دەزانن، لە سالی ١٩٤٦دا کە سەدو بیستەمین سالیادی لە دایکبوونی بوو، لە سەرانسەری ولاتانی یەکێتیی سۆڤیەتدا ئاهەنگێن فرە بەرپا کراو وتارو کتێبانی زۆر بە زمانانی جیاواز دەربارەی نووسرانو بەرهەمەکانی بۆ زۆر زمانانی ئەو ولاتە پاچڤە کران.

گەورەترین بەهای کۆمەلایەتیو ئەدەبی ئەم نڤیسارە مەزنە لەمەدایە کە هەر چەندە لە چینی ئەشراف نمرە یەکی ولاتەکەی خۆی بووە، بە تەماعکاریو بوغزنی ئەو چینە نەلەوتاوەو تەنانەت دژی وەستاوەو بەرگری لە ماڤی ژێردەستانو مەحرومانی بەسەر هەر شتو پایەو شکۆیەکی

ئەشراف‌و تەنانەت پایەی دەوڵەتیشدا پەسند داوەو بەم رادەیە بە سەربەرزی و گەورەیی لەو ژینگە یەجگار لەوتاوەی کە تیایدا ژیاوە، هاتووەتە دەرێ. بە خۆی لە شوێنێکدا بەمجۆرە وەسفی ژینگەکەی خۆی کردووە: "من ئێستا کەوتوومەتە ژینگەیەکەوە کە بۆگەنی زبڵ‌و هەڵمی زۆنگاوەکانی دەوروبەری شار ئاسمانیان تەنیوە، ژیانی خەڵکی ئێرە بە خواردنی کوبیاکی (جۆرە خواردنێکی) چەورو دوو زمانی‌و غەیبەت دەچێتە سەر...".

سالتیکوف، لە سەردەمی خۆیدا بە یەکێك لە پیاوە ناودارەکانی وڵاتی خۆی دەژمێردراو هاوعەسرەکانی ئەوپەڕی رێزیان دەگرت‌و قەدرزانیان لە خزمەتگوزاریە گەورەکانی دەکرد. چرنیشڤسکی دەربارەی چیرۆکەکانی‌و کاریگەرییان لەو زەمانەدا دەڵێت: "هیچ کەسێك کەموکوڕیە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەی بەم تاڵی و زەقییەو زامەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی بەم بێ روحمیە نەخستووەتە بەرچاومان". لەو زەمانەدا کە گۆڤاری (یاداشتەکانی نیشتمان)ی بە درێژایی شازدە ساڵ بەرێوە دەبرد، دەستەیەك لە خوێندکارانی زانستگە لە نامەیەکدا بۆیان نووسیوە: "بانگەوازو گازی تۆ هەموو ئەو کەسانەی کە تۆزقاڵێك توانای بەراوردو بیرکردنەوەیان هەبوو، کرد بە دوو بەشەوەو ئەوانەی کە لاوانی خوێن گەرم و بە راستی حەقیقەتخوازو روناکی خواز بوون لە ژێر ئاڵاو بەیداخی راستگۆیانەی تۆدا گیرسانەوە".

## ٥-پیسمسکی :

ئەلکسی فیوفیلاکتوڤیچ پیسمسکی- Feofilaktovitch Pissemsky (١٨٢٠- ١٨٨١) لە بنەماڵەیەکی ئەشرافی کۆنی روسیا بوو. ئیڤانی سامناك لە ساڵی ١٥٨٢دا یەکێك لە باپیرانی ئەوی بۆ ئینگلیستان ناردبوو تا یەکێك لە کەنیشکە نزیکەکانی شابانو ئەلیزابت-ی بۆ خوازبێنی بکات. بەڵام هەندێ لە پاشماوەو پاشینانی ئەو لێکەوتبوون‌و هیچیان بە دەستەوە نەمابوو، ئەم نووسەرە مەزنە لەو تیرەیە بوو. بە خۆی دەڵێت کە باپیری خوێنەواری نەبووە و بە خۆی زەوی‌و زاری خۆی دەکێڵا. باوکی کە بە خۆی لە یەکێك لە چیرۆکانیدا باسێکی کردووەو وەکو نموونەیەکی سەربازانی کۆن وەسفی دەکات کە یەکەمجار سەربازێکی رووت بووەو سەرەنجام گەییوەتە پلەی سەرگوردی، بۆیە پیسمسکی لە منداڵیدا خوێندنێکی باش‌و بەردەوامی نەکردووەو میناکی گۆگۆڵ‌و دۆستۆفسکی هەمیشە لە زانیاری گشتی بێ بەهرەو بەش بووەو چونکە خودان هزرو فکرێکی بە برشت و دەوڵەمەند نەبووە میناکی وان مایل بە خورافات‌و تورەهات بووە. کاتێ کە خوێندنی زانستگەی تەواوکرد بابی مردو دایکی ئیفلیج بوو و خێزانەکەیان دووچاری دەستکورتی‌و نەداری بوو. بۆیە لە سەرەتای ژینەوە گیرۆدەی کۆمەڵێك گیروگرفتان بوو، وەهەمان گرفتاریان بوونە مایەی ئەو رەشبینییەی کە هەمیشە لە بەرهەمەکانیا بەدی دەکرێ. جا بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی دەستی بە شت نووسین کردو رۆمانێکی بەنێونیشانی (رۆژگاری بویارەکان) بە چاولێکەری رۆمانە بەناوبانگەکەی جۆرج ساند (ئیندیانا) نووسی، لەم رۆمانەدا باوەڕی بە سەربەخۆییە لە ڤیاندا.

کاربەدەستانی سانسۆر نەیانهێشت بڵاوبکرێتەوە. ناچار پەنای بردە بەر کارێن ئیداریو لەویشدا هیچ پێشکەوتنێکی بە دەست نەهێنا، سەرەنجام لە ساڵی ١٨٥٥دا ڕۆمانی دووەمی نووسی کە بە تەواوەتی ناوبانگی پێ دەرکرد، ناونیشانی ڕۆمانەکە (دەمدەمی) بوو. لە دوای ئەوەە زنجیرە چیرۆکێکی بڵاوکردەوە کە لە هەموویاندا میناکی تورگنیف کۆمەڵی گوندیی شەرح کردووەو هەندێ جاریش خۆی لە چینی ڕەش و ڕووت و عەوامی خەڵکی داوە. هەڵبەتە ژێراو ژێر هەندێ لایەنی ئاسایی جۆرە ڕەشبینییەکی تایبەت بە خۆیشی شەرح داوەو بەکاربردووەو لە ڕوانگەو گۆشەنیگای ئەوەوە هەموو ڕەفتارو خەیاڵێکی بەشەری تەنیا دوو ئەنگێزەی هەیە، لە هەندێکدا چاوچنۆکیو تەماعکاریەو لە هەندێکی دیکەدا شەهوەتو ئارەزووی حەیوانیە. وێڕای ئەمەش ئەو گوندییانەی کە وەسفیان دەکات زیاتر دەچنە دڵەوەو بگرە شایەنی ستایشن. لە ساڵی ١٨٥٨دا کاربەدەستانی سانسۆر ئاقیبەت مۆڵەتی (ڕۆژگاری بویارەکان)ی داو لە هەمان ساڵدا کتێبێکی تری لە ژێر سەرناڤی (هەزار ڕوح)دا بڵاوکردەوە کە باشترین ڕۆمانی ئەوەو لەویدا لایەنە دزێوو کرێتەکانی ژیانی ڕوسیای پێش ئازادی زەڕخڕییانی بە هەمان جۆشی بەرهەمەکانی سالتیکوف و بگرە بە تۆنێکی توندترو زبرتر لەو نیشان داوە. مەبەست لە (هەزار ڕوح) هەزار زەڕخڕییەو قارەمانی ئەم ڕۆمانە کالینوڤیچە کە پیاوێکی بە زەوقو کارامەیە، دەستبەرداری ئەو کیژە لاوە دەبێت کە فیداکاری لە پێناودا کردووەو بە دەنائەتێکی تایبەتییەوە ماشوقەی شازادەیەك دەخوازێتو لەم ڕێگەیەوە دەوڵەمەندو زەنگین دەبێت. دوای ئەوە کە دەگاتە پایەی حوکمڕانی هەوڵدەدا ئەو بنەماو پرەنسیپانەی کە لە زانکۆ فێریان کردووەو زۆربەیان ناعەمەلین پیادە بکاتو ڕووبەڕووی مقاوەمەتی دەزگا ئیداریو کۆمەڵایەتیەکان کە هەموو جۆرە داوەشێن و تاوانکارییەکیان تێدایە دەبێتەوەو پاش ئەوەی لە کار دەکەویو دارایی خۆی لە دەست دەدات دیسان بۆ لای ناستینکا، واتە هەمان کچۆڵەی کە لە ڕای پێشکەوتنی خۆیدا، دەستبەرداری بوو، و هەنوکە لە یەکێك لە شارستانەکان مژولی ئارتێستیە، دەگەڕێتەوەو دەیخوازێتو بە پاشماوەی ئەو داراییەی کە بەم ڕێگە ناڕەوایە بە دەستی هێنا بوو، گوزەران دەکاتو ئیدی چاوەنۆڕیی هیچ نیە لە جیهان.

قارەمانی ئەم ڕۆمانە، کالینوڤیچ، دیارە کە بەرەنجامی هزری نووسەرەو بە هەموو ئەو هەڤدژیو ناکۆکیانەوە کە تیایدایە حاڵەتێکی ئاسایی هەیە. ئەو بویەرو ڕووداوانەی کە لەم ڕۆمانەدا شەرح وشرۆڤە کراوە زۆر جوانو ڕێكوپێکن. نووسەر بە زمانو دەربڕێنێکی سادە ڕووداوەکان بە جۆرێکی ئاسایی ڕاڤەو شرۆڤە دەکاتو لە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆوە بە مەبەست دەگاتو تەنانەت زۆریش دەربەستی بنەما ئەستاتیکیو سەرەتا ئەخلاقیەکانیش نیە. دەیەوێ بە پەلە و زوو بە مەبەست بگاتو جگە لە قارەمانی چیرۆکەکەو ناستینکا هەقی بەسەر کەسی ترەوە نیەو وەختی خۆی بە کەسی ترەوە ناکوژێ، و ناستینکا کە لە یەکێك لە شاروچکەکاندا ئارتیست وئەکتەرەو هەر بە داوێن پاکی ماوەتەوە، تەنانەت لە ڕوسیای ئەو زەمانەشدا سەیر دەنوێنێ. بناغەو بنەمای ئەم کتێبە کە باسو وەسفی ژیانی دێهاتیانەو کتێبەکانی سالتیکوف

شچـدرین وەیـاد دێنێتـەوە، کۆمەڵـە سـیفەتێکی بەرجەسـتە کـردووە کـە لـە وەسـفەکانی (سالتیکوف)ش دیارترە.

پیسمسـکی لـە ڕۆمـانێکی تـری خۆیـدا بەناونیشـانی (گونـاهی پیرەمێـر) دەربـارەی ئـەو کۆمەڵگەیەی کە باسی کردووە دەڵێت: "مرۆڤ دەبێ جورئەتێکی زۆری پاشەکەوت کردبێ تا لەم کۆمەڵگەیەدا بـژی". پـاش ئـەوە، لـە سـاڵی ١٨٦٣دا یەکـەمین درامـای خـۆی لـە ژێـر سـەرناڤی (چارەنووسێکی ناخۆش) بڵاوکردەوەو ئەمە یەکەمین درامایە کە لە ژیانی رەمەکی خەڵکیەوە هەڵێنجراوەو پتر لە دراما بە نێوبانگەکەی لیڤ تۆلستۆی (هێزی جەهل) لە روسیادا دەنگی داوەتەوە. ئەم دەنگدانەوەیە زیاتر بە هۆی جۆری ئەنجامدانی مەبەستەکەیە، چونکە چارەنووسی تاڵی زەڕخڕێیەك کە تا رادەیەك بووە بە نوێخوازو چووە بۆ پترسبۆرگ و لەوێندەر داراییەکی پێکەوە ناوە، زۆر وەستایانە شەرح و شرۆڤەکراوە. قارەمانی ئەم درامایە کاتێ کە بۆ ناو خانەوادەکەی خۆی دەگەڕێتەوە دەبینێ وەزع و حاڵەکە گۆڕاوە، چونکە خاوەنی گوندەکە ژنەکەی لە ڕێ دەرکردووەو منـاڵێکی لێی بووە کە دەبێ بە ئاغاو ئەربابی ئەو. بەشی هەرە کارەساتباری ئەم درامایە لێرەدایە کە کابرای زەڕخڕێی نەگبەت و بێزار لەم دنیایە تەقریبەن بە بەرچاوی تەماشـاڤانانەوە ئـەو منداڵـە دەکوژێـت و لـەوە بـە دواوە نووسـەر دنیـاو زمـانی عەرەزدارانەی ڕێساکانی زەڕخڕێی بەڕاستی پەرستیەکی رەهاوە نیشان دەدات و دەگاتە ئەم ئەنجامگیرییـەی کـە موڵـکدارو رەعیـەت و ئاغـاو کۆیلـەی زەوی و تەنانـەت هـەموو کـارگوزارانی دەوڵـەت خـەڵکانێکی دڵاوا میهرەبـان و دلۆڤـانن و ئـەوەی وادار بـەم تاوانانـەیان دەکـات ئـەم پرەنسیپی کۆیلایەتی و ئەم یاسا بێ کەڵك و هیچەیە.

پیسمسـکی لـەو بەرهەمانـەدا کـە دوای ئەمـە بـڵاوی کردونەتـەوە لێـبڕاوە تۆڵـەی ئـەو شـتانە بکاتـەوە کـە بـە پێچـەوانەی بـاوەڕی خۆیـەوە گوتـوونی، بـەڵام خوێنـەرانی ئـەم کارەیـان لـێ نـە سەلماند. ساڵانی پاش ئازادی زەڕخڕێیان، لە روسیادا ساڵان و قۆناغی پەریشانی و پەڕاگەندەیی هزرو بیران بوو وخەڵکی هەستی حەقیقەتبینیان لە دەست دابوو و لە دنیای خەیاڵات و وەهماندا دەژیان.

پیسمسـکی هەوڵیـدەدا لـە ڕێگـەی کتێبـانی مینـاکی (دەریـای پەشـێواو)وە خـەڵکی هشـیار بکاتـەوەو هیچـی نەدرویـەوە جگـە لـەوەی هـەموویانی نـاڕازی کـرد. ئـازادیخوازان سـیفەتی کۆنەپەرستیان دایە پاڵی و حیزبە سیاسیەکانیش وەکو عادەتی باوی خۆیان کۆمەڵێك نیازو غەرەزیان دایە پاڵی کە لەودا نەبوو. نووسەری بێچارەش هەرچیەکی دەبینی وەسفی دەکردو ئەگەر هاوعەسرانی هزری پراتیکی و دروستیان نەبوو، خەتای ئەو نەبوو.. لە راستیا خەڵکی کە هەندێ شتی نا عەمەلیان لە کتێبەکانیا دەبینی، بە ناچاری بە کابرایەکی بێ ئاگایان وێنا دەکرد. لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا جگە لەم دەردەسەریانە تووشی نەخۆشی مالیخولیاش بوو بوو و زۆرجار مەرگی بە ئاوات دەخواست.

جگـە لـەو شـاکارانەی باسـم کـردن پیسمسـکی هەنـدێ کتێـب و بەرهـەمی دیکەشـی هـەن کـە بەناوبانگترینیان: (تۆپە قوماش لە ساڵی ١٨٥٠، کەللەشەقان لە ١٨٦٨، خەڵکی ساڵانی چل لە

١٨٦٩، شارنشـينانى نـاوەنجى لـە ١٨٧٧و ماسـۆنيان لـە ١٨٨٠دا بلأوبوونەتـەوە دوو كتـێبى ديكەشى هەن بە نێونيشانى: (لە گەردەلوول)داو (دەرهێنەران) كە جوانن.

بـيروڕاى هەڤـدرژ دەربـارەى پيسمسـكى هاتووەتـە دەربـڕين، هەنـدێك بـە نووسـەرى گـەورەو هەندێكى دى بە نووسەرى ناوەنجيان زانيوە. لەم بەينـەدا بەڵگـە نەويست ئەمەيـە كە لـە رۆمـانو شانۆنامەكانى خۆيدا ئامانج و مەبەستێكى راميارىو كۆمەڵايەتى ديارو هێرش بردنـە سـەر وەزع و حاڵو بارودۆخى رۆژگارى نەبووە. هەميشە هەوڵيداوە كە لە روانگەو گۆشـەنيگاى هونەرييـەوە جيهـان ببـينىو وەسـف بكـاتو پاچـڤەوانێكى ئـەمين و دەسـتپاكى سروشـت بـىَ، هەرچـەندە دۆستۆفسكى دەربارەى گوتويەتى كە: "تـەرجومانێكى رواڵـەت بين و ساويلكە" بووە. دەشێت هەمان شتى دەربارە بگوترىَ كە دەرهەق بە زۆلاَ، نووسـەرى بـەنێوبانگى فەڕەنسيان گوتـووە كـە: "هـەموو شـتێكى بـەليٚلىو چـڵكنى دەبـينى"، بۆيـە دەبـىَ بـە يـەكێك لـەو كەسـانە بزانـرىَ كـە رەشبينانەو نائومێدانـە گوزارشـتيان لـە سـەردەم و رۆژگـارو خـەڵكى سـەردەمى خۆيـان كـردووە. بابـەت و قارەمانـانى كتێبـەكانى پيسمسـكى بـە زۆرى هـەمان ئەوانـەن كـە تورگنيـفو تەنانـەت ليرمانتۆف مامەڵـەيان دەگەڵدا كردوون، وتەنانـەت لـە رۆمـانى (باتمانۆف)دا قارەمانێك بەهـەمان نـاوەوە هەيـە كـە تاڕادەيـەك خزمايـەتى نزيكـەى دەگـەڵ (پچـورين)ى قارەمـانى بـەنێوبانگى ليرمانتۆف دا هەيە.

بە شێوەيەكى گشـتى بەرهەمـەكانى تـا رادەيـەك لـە بەرهەمـەكانى گونچـارۆف نـزيكنو مينـاكى ئـەو بـە ئاشـكرا دژى ئـەو حەقيقـەت بينييـە شـاعيرانەيەى تورگنيـف بـووەو ئـەو خەڵكانـەى كـە وەسفيان دەكات، بۆيـەى دەوێـن كـە هـزرو هزرينيـان بخاتـە روو، و كـەمو زۆر پاكى بەوە نيـە كـە ريسواو سوكيان بكات. لە گۆشەنيگاى (پيسمسكى)شـەوە وەكـو گونچـارۆف تـەنيا كـارو كـردەوە بەهاو بايـەخى هەيـەو تۆزێك لـە تەبيعـەتى گۆگـۆل، پيچـەك لـە سروشـتى تورگنيـفو بڕێكيش لـە خووى پوشكين لە هەردووكياندا هەبووە.

تاقە جياوازييـەك كـە لـە نێـوان ئـەم جووتـەو تورگنيفـدا هەيـە ئەمەيـە كـە تورگنيـف هەميشـە هەوڵيـداوە لايەنـە ريزپـەڕو تايبەتيـەكان لـە خەڵكانـدا كەشـف بكـاتو ديمـەنێن يـەكجار جـوان بنوێنىَ. لىَ گونچارۆفو پيسمسـكى بەپێچەوانەوە هـەموو هـەوڵێكى خۆيـان بـۆ شـتێن ئاسـايىو خەڵكێن ئاسايى تەرخان كردووەو هەر شتێك لـەم زەمينـەو بازنەيـەدا نـەبىَ لـە روانگـەى ئەوانـەوە نادروست و ناڕەوايـە. هەرچـەندە وەكـو تورگنيـف، ئـەوانيش ژيـانى رۆژگـارى خۆيـان بـە خـراپو ناخۆش زانيوە، بەلاَم لەم رووەوە هاوبيرى ئـەو نـەبوون كـە بـۆ ريفـۆرمى ئـەم خـەوش وكيماسـيانە پێويسـت بـە پيـاوانى دەسـتەبژێرو خـەڵكى شايسـتەيە. بـە بۆچـوونى گونچـارۆفو پيسمسـكى خـەڵكى ئاسـايى ئەگـەر چالاكو كـارا بـن بەسـە. قارەمانـانى ئـەم جووتـە وەكـو پترايوڤانوڤيچ، لـە رۆمانى (سەربهوردێكى سادە)ى گونچارۆف و بيلاڤين. لـە رۆمـانى (هـەزار روح)ى پيسمسـكى كـە دەگـەڵ زەمـانى خـۆدا دەسـازێنو ئامانجێك بـۆ خـۆ ديـارى دەكـەنو لـە ئەنجامـدا دەيگـەنىَ، هـزرو ئەنديٚشـەى تازەيـان نيـە، بـەڵكو رەوتو رێبـازێكى تازەيـان لـە ژيانـدا هەيـە كـە بـۆ خـەڵكى روسـيا تازەييـەكى تێدايـە، واتـە لايـەنى پراكتيكيـان هەيـەو وەختناسـن و كاردەكـەن. بۆيـە ئەمانـە زۆر

زیاتر له خەڵکانی داڕوخاوی وەروخاوی ڕۆمانەکانی تورگنیف، دەتوانن نوێنەری شارستانیەت و کەلتوری ئەوروپای ڕۆژگاری خۆیان بن. مەخابن ئەمانەش میناکی قارەمانەکانی تورگنیف خەڵکانێکی نیمچە شارستانین و هەندێکیان تەنێ ڕواڵەتیان و بڕێکیان تەنێ ناخیان شارستانیە. خویایە کە ئەنجام و بەرەنجام یەکسانە و لەم سەرو لەو سەرەوە نەرێتی و سەلبییە. پێدەچێت کە گونچارۆف بە خۆی نابووتی و دەستکورتی و هەژاری ئەم جۆرە خەڵکەی ڕۆژگاری خۆی دیتبێ چونکە قارەمانە بەناوبانگەکەی ئەو، واتە (ئابلوموف) لە تاقی کردنەوەکانی خۆیەوە دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە مەبەستی حەقیقی و ئەسڵی ئەم ژیانە ئاڵۆزە، کە تێکەڵەیەکە لە تەمەڵی و کار، بەزگرتنی دڵ و سەکتەی دڵە. (پیسمسکی)ش ئەگەر مەبەستی ئەسڵی و ستراتیژی خۆی بەم ڕاشکاویە دەرنەبڕی بوایە لە ڕووی بیروباوەڕو سەلیقەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی دەگەڵ گونچارۆفدا نەدەبوو. هەڵبەتە لە نێو نووسەرانی ئەم قۆناغەدا باوەڕی نیکراسۆف وسالتیکوف شچدرین دەربارەی کۆمەڵگەو خەڵکی ڕۆژگار زۆر توندتر وزبرتر بووە.

## ٦-پلیخانۆف :

لە نێو گەورە نووسەرانی واری کۆمەڵایەتی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دا هیچ کەسێك وەکوگیورگی ڤالنتینوڤیچ پلیخانۆف- Valentinovitch Plekhanof (٢٦/ نۆڤەمبەر/١٨٥٦-١٩١٨) لە ژیانی ئایندەی روسیاو وڵاتانی تردا کاراو کاریگەر نەبووە. لە ساڵی ١٨٨٣دا کە یەکەمین بەرهەمی ئەو بڵاو بووەوە هێشتا بنەماو پرەنسیپەکانی مەتریالیزم و دیالکتیك لە جیهاندا تازە بوو وگەلێك لە هزرڤانان ڕەتیان دەکردەوەو لە گۆشەنیگای خەڵکانێکی هزرڤانان ڕەتیان دەکردەوەو لە گۆشەنیگای خەڵکانێکی زۆرەوە، لایەنگرانی ئەم پرەنسیپانە زیانیان بە کۆمەڵگەی بەشەری دەگەیاند. پلیخانۆف نزیکەی بیست ساڵێك بە ناوانی خوازراوی (بیلتوف- Beltof)و (ڤۆلگین- Volguine) لە بوارە جیاوازەکانی فەلسەفەی دیالکتیك دا قەڵەمڕانی کردووەو لەم کتێب و نامیلکە جیاوازانەدا هەمیشە بانگەشەی بۆ پڕەنسیپی مەتریالیزمی دیالکتیك دەکردو بیروباوەڕەکانی مارکسی ڕاڤەو شرۆڤە دەکرد. پلیخانۆف دامەزرێنەری یەکەمین دەستەی مارکسیستانی روسیایە کە بە ناوی (ئازادی کار) هاتوونەتە مەیدانی سیاسەت و بۆیە لە نێو ڕابەرانی ئەنتەرناسیونالی دووەمدا پایەیەکی بەرزی هەیە. پلیخانۆف بایەخێکی زۆری بە ئەدەب و هونەر دەداو باوەڕی وابوو کە پێویستە پرەنسیپەکانی مەتریالیزم لە مێژوودا بەکار ببرێ و بۆیە بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی مەتریالیزمی مێژوویی و دیالکتیکی سروشت ومێژوو دەژمێردرێ. لە لایەکی تریشەوە باوەڕی بە پرەنسیپ و بنەمای ئەستاتیکای زانستی بوو، و لەو باس و لێکۆڵینەوە جوانانەدا کە لەم بوارەدا کردوونی ئەوەی سەلماندووە کە هونەر تا ئەنگێزەو بزوێنەرو هۆکاری ستراتیژی نەبێت ناتوانێ بمێنێ و هەر دیاردەیەکی هزری و هونەری هەر کۆمەڵگەو جڤاتێك بەندە بە جۆری ژیانی ماددی ئەو

کۆمەڵگەیەوە، و لەم بارەیەوە زۆر گوتاری دەربارەی نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی روسیا نووسیوەو سەلماندویەتی کە لەواری رەخنەی ئەدەبی و هونەریشدا مامۆستا بووە.

دانراوە گەورەو سەرەکیەکانی پلیخانۆف و ساڵی بڵاوبوونەوەیان بەمجۆرەیە: (سوسیالیزم و کێشماکێشی رامیاری- ساڵی ١٨٨٣، جیاوازی بیروبۆچوونەکانمان- ١٨٨٤، ئەنارشیزم و سوسیالیزم- ١٨٩٤، دەربارەی بەکارهێنانی تیورۆمونیستیك لە مێژوودا- ١٨٩٥، چرنیشڤسکی- ١٨٩٥، دەربارەی مەتریالیزمی مێژوویی- ١٨٩٦، دەربارەی رۆڵی تاك لە مێژوودا- ١٨٩٨، هەوەڵین قۆناغی ئامۆژگاری دەربارەی ململانێی چینایەتی- ١٩٠٠، رەخنە لە رەخنەگرانی ئێمە، مێژوو لە گۆشەنیگای مەتریالستیەوە، پێشەکی مێژووی جڤاتی روسیە. بەرهەمەکانی پلیخانۆف چ لە ژیانی خۆیداو چ لە پاش مردنی بۆ هەموو زمانانی ئەوروپایی پاچڤەکراون و کۆ بەرهەمەکانیان لە بیست و چوار بەرگدا، لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٢٧دا بڵاوکردووەتەوە.

وێڕای ئەوەی پلیخانۆف لە دوا ساڵانی تەمەنیدا لایەنگری مەنشەویکەکان بووەو لە سیاسەتدا هاوکاری دەکرد، چونکە خزمەتێکی فرەی بە پرەنسیپانی مارکسیسزم کردبوو، لە سەردەمی سۆڤیەتی دا بایەخی ئەو کەم نەبووەوەو بە یەکێك لە رێبەرە نمرە یەکەکانی ئەم رێبازە دادەنرێ و دەربارەی ئەو گوتوویانە: "دانراوەکانی پێشووی پلیخانۆف کە لە باشترین رۆژگاری قۆناغی کاری ئەودا بەرهەم هاتوون، هێشتا بەهاوبایەخی خۆیان لە دەست نەداوە". لینین دەربارەی ئەو گوتوویەتی: "دەبێ دانراوە فەلسەفیەکانی پلیخانۆف لە نێو کتێبە ئیجباریەکاندا دابنرێت، چونکە هیچ کەسێك تا هەموو ئەو نووسینانەی پلیخانۆف دەربارەی فەلسەفە نووسیونی نەخوێنێتەوە ناتوانێ ببێ بە مارکسیستێکی راستەقینەو فامیدە، چونکە نووسینەکانی ئەو باشترین بەرهەمی ناو دانراوە ئەنتەرناسیونالییە مارکسییەکانە".

ئەوانەی کە باوەڕیان بە پرەنسیپەکانی دیالکتیکی مێژوویی و مەتریالیزمی مێژووییەو تەنانەت ئەوانەش کە نکۆڵی لە دەوری کەس یان تاك و تەنانەت قارەمان لە مێژوودا دەکەن، هەمیشە پلیخانۆف بە پێشەواو دامەزرێنەری رێبازی خۆ دەزانن. لەو سەروبەندەدا کە پلیخانۆف ئەم پرەنسیپ و سەرەتاو بنەمایانەی بڵاودەکردەوە، لە روسیادا دەستەیەك هەبوو بەنێوی (بارودنیك) یان ناسیونالیستان کە دەوری جەماوەری خەڵکیان لە خولقاندنی رووداوە مێژووییەکاندا بە کەم وناچیز دەزانی و بە پێچەوانەوەی رابەران و پێشەوایانیان کە بە قارەمان و پاڵەوانیان ناو دەبردن بە تاقە هێزی کاریگەرو خولقێنەری رووداوان دەژمارد و لەم رووەوە پەیڕەوی بیروباوەڕێکی سواوو بێ بنج و بناوانیان دەکرد کە تۆماس کارلیل (١٧٩٥- ١٨٨١)، کەشیشی ئینگلیزی خستبوویە روو و لە ئینگلیستان و وڵاتانی ستەمکاریدا بوو بوو بە ئەوزاری مەرایی و ریاکاری بۆ دەسەڵاتداران و ستەمکاران. ئەم (نارودنیك)انەش لە روسیادا هەمان بیروبۆچوونیان بڵاودەکردەوەو دەیانگوت سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بویەرێن مێژوویی پەیوەندی بە یاسایەکی دیاری کراوەوە نیەو هیچ نەزم و نیزامێکی نیە. هەڵبەتە ئەمانە باوەڕیان بە پەرەسەندنی مێژووش نەبوو، دەیانگوت مێژوو زنجیرەیەك بویەرو رووداوی لەنکاوو بێ

پێشەکیەو هەمیشە هەر قۆناغێك پاشکۆو پەیڕەوی ئەو پاڵەوان یان پێشەوایەیە کە لەو قۆناغەدا هەیەو دەژی،وهەر پێشەواو قارەمانێك دەتوانێ ڕەوڕەوەی مێژوو وکاروانی مێژوو بگۆڕێت و تەنانەت هەواو هەوەسی ئەو قارەمانو پێشەوایانەش لە رووداوە مێژووییەکاندا دەوریان هەیەو ڕۆڵ دەبینن و ئیدی جەماوەری میللەت واتا هەموو خەڵکی جگە لەو تاکە (رابەرو پێشەوا) هیچ چارێکیان نیە جگە لە گوێڕایەڵی کوێرانە.

خویایە کە ئەم باوەڕە پوچ و گەوجانەیە چەند لە لوژیك و ژیرییەوە دوورە، کاری گرنگی پلیخانۆف دژایەتی ئەم باوەڕەو سەلماندنی بێ بنچ و بناوانی ئەم باوەڕە بووە. لە باسی ئەم مەسەلەیەدا گوتوویەتی کە هێزی بزوێنەری مێژوو هەوڵ و کۆششی بێ پایانی جەماوەری خەڵکە لە پێناوی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و بەم پێیە فاکتەری ئابووری هەر سەردەمێکە. لەم وارەدا شەش بەرهەمی گرنگی هەیە یەکەمیان بە نێونیشانی (گوزارشتی مەتریالیستی مێژوو)ەوە دووەمیان (دەربارەی بەکارهێنانی تیۆری مونیستیك لە مێژوودا) و سێیەمیان (دەربارەی مەتریالیزمی مێژوویی) و چوارەمیان (دەربارەی رۆڵی تاك لە مێژوودا) و پێنجەمیان (مێژوو لە روانگەی مادییەوە) و شەشەمیان بە نێونیشانی (پێشەکی مێژووی کۆمەڵایەتی روسیا) لە هەندێ لەم باسانەدا بۆچوونی فەیلەسوفانەی خۆی زۆر بە وردی دەخاتە روو و شەرح و شرۆڤە دەکات... هەوەڵجار باسی هەر فاکتەرێکی مێژوویی واتە هەر هێزێك کە بشێت رووداو بخوڵقێنێ و بێنێتە ئاراوە دەکات و بە بەڵگەوە بێ ئەسەر بوونیان دەسەلمێنێ، بۆ نموونە نەیارانی باوەڕەکانی ئەو (کەسایەتی)یان بە فاکتەرێك و (رێکەوت)یان بە فاکتەرێکی دی دەزانی، ئەویش یەك بە یەکی ئەم فاکتەرانە ئەم فاکتەرانە رەتدەکاتەوەو دەیسەلمێنێ چۆن هەر یەکێك لەم فاکتەرانە پاشکۆی ئابوورین و چۆن مادیاتی هەر چەرخ و سەردەمێك ئەم فاکتەرانە دەخوڵقێنێ و دێنێتە ئارا یان دەیخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. نەیارانی ئەو هەمیشە جووتە فاکتەری گرینگی (مێژوویی) و (کۆمەڵایەتی)یان دەخستە روو. بۆ رەتکردنەوەو سەلماندنی بێ بنچ و بناوانی تەواوی ئەم باوەڕە، پلیخانۆف هەوەڵجار هاتووەتە سەر بابەتی جەبرو ئیختیار، و هەر چەندە فەیلەسوف و هزرڤانانی پێشتر، بە تایبەتی لە ئیسلامدا ئەم بابەتەیان زۆر باس کردووە، یەکجار شارەزایانە خۆی بەم باسەدا دەکات و بە بەڵگەێن زۆر بەهێزەوە باوەڕی جەبریەکان و قەدەریەکان رەت دەکاتەوەو بوونی هێزی ئەقڵ و هزرێن و کاریگەری مرۆڤانی لە هەموو قۆناغەکانی بوون و دیاردەکانی ژیان نیشان دەدات و دەیسەلمێنێ کە تەنانەت فاکتەرەکانی سروشتیش دە ئیختیاری مرۆڤدایەو هێزی مودەبیرەو مودریکەی مرۆڤانی دەتوانێ خێرو قازانجیان وەربگرێ و زەرەریان دوور بخاتەوەو هیچ هێزێکی کوێروکەڕو هیچ هێزێکی ناچاری و جەبری لە جیهاندا نیەو جیهان جیهانی ئیختیاری مادیە. پاش ئەوەی ئەم خاڵە زۆر گرنگانە بە بەڵگەی زۆرەوە دەسەلمێنێ دێتە سەر راڤەوشرۆڤەی رۆڵی کەس وتاك لە مێژووداو ئەم بابەتەش بە بەڵگەی زۆر روون و بتەوەوە شرۆڤە دەکات و دەیسەلمێنێ چۆن بزوێنەری هەر تاکێك ئابوورییەو سەرەنجام دەگاتە ئەم ئەنجامگیرییەی کە تەنانەت هەست وسۆزو ڤیان و پایەخوازی و باوەڕێن ئاینی و فەلسەفیش هەر هەموو مەبەستی مادیان هەیە.

پلیخـانۆف لـە فەلسـەفەدا لایـەنگری بـاوەڕی مونیسـت– Moniste)کـان بـووە کـە دەگـەڵ فەیلەسوفانی کۆندا، واتە ئەو کەسانەی کە هـەموو شـتێکیان بـەوە زانیـوە کـە لـە جەوهـەرو شـێوە پێکهـاتووە نـاکۆك و دژ بوون‌و قەناعـەتیان وابـووە جەوهەروشـێوە جمکانـەن‌و فاکتـەری بنـەڕەتی یەك مادە پتر نیەوئەم پرەنسیپ و بنەمایە دەتوانرێ بە بنەڕەت‌و پرەنسـیپی یەکیـەتی‌و وەحـدەت ناو بنرێ.

جگە لە مەیدانی چەمکێن مێژوویی و فەلسەفی ماتریالیزم پلیخانۆف لە مەیدانەکانی دیکەشـدا بـاس و تۆژینـەوەی ئـەنجام داوە، بـۆ نموونـە لـە هەنـدێ تۆژینـەوەی خۆیـدا وەکـو: (جیـاوازی بۆچوونەکانی ئێمـە، سوسـیالیزم‌و کێشماکێشـی رامیـاری، دەربـارەی پەرەسـەندن و پیـادەکردنی تێـوری مونیسـتیك–ەکـان لـە مێـژوودا) لـە هـەموو شـوێنێکدا تێوریـە غەڵەتـەکانی ناردونیکـەکانی رەت کردووەتــەوە. لەوانــە نارودنیکــەکان وایــان وێنــا دەکــرد کــە کاپیتــالیزم لــە روســیادا رێکەوتەکیـەو بـارودۆخی ئـەو وڵاتـە دەگـەڵ کاپیتالیزمـدا هـەڵناکات‌و ناسـازێ بۆیـە دەسـەڵاتی کرێکاران‌و رەنجبەران لە روسیادا چێنابێ. دەیـانگوت سوسـیالیزم بـێ بـاوەڕی لـەلای کرێکـاران‌و رەنجبـەران فەراهـەم دەکـات‌و جووتیـاران بەرێبـەری رۆشـنبیران تاقـە هێـزی شۆڕشـگێڕی وڵات فەراهـەم دەکـەن‌و هـەر گونـدێکی روسـیا دەبـێ بـە بنکـەو مەڵبەنـدێکی نەشـونمای سوسـیالیزم. پلیخانۆف هـەموو ئـەم باوەڕانـەی بـە بەڵگـەێن لـوژێکی‌و بـە هشـیاریی تـەواوەوە رەتکردووەتـەوەو ئەگەرچـی پـاش سـاڵی ۱۹۰۵ کـە کرێکـارانی روسـیا دووبـەرەکیان تـێ کـەوت‌و بـوون بـە بـەرەی بەلشەویك و مەنشەویك‌و پلیخانۆف چووە ناو بـەرەی مەنشـەویکەکان، بـەڵام ئەمـە هـیچ لـە قـەدرو نرخی بیرەکانی‌و ئەو خزمەت وکارانەی کە لە رای بڵاو بوونـەوەی ئـەم باوەڕانـەدا کردوونـی کـەم ناکاتەوە، بە تایبـەتی ئـەو بەرهەمانـەی لـە سـاڵانی ۱۸۸۳– ۱۹۰۳دا نووسـیونی یـەکجار جـوان‌و شــاکاری گرینگیــان تێــدا هەیــە مینــاکی (دەربــارەی پەرەســەندن‌و پیــادەکردنی تێــوری مونیستیکەکان لە مێژوودا) و (مێژوو لە گۆشەنیگای مەتریالیستییەوە، دەربارەی دەوری تـاك لـە مێژوودا) کـە ئەمڕۆکـە* لـە هـەموو وڵاتـانی جیهانـدا وەکـو سەرچـاوە دەچـنەوە سـەری‌و سـوودی لێوەردەگرن.

-----

* ئەم کتێبـە یەکـەمجار لـە سـاڵی ١٩٦٥دا چاپ و بڵاوبووەتـەوە بۆیـە مەبەسـتی نووسـەرانی سـاڵانی پێش ئەو بەروارەیە.

## فەسڵی چواردەیەم

# لوتكەی ئەدەبیاتی روسی لە سەدەی نۆزدەیەمدا

لە ئەدەبیاتی هەر وڵاتێكدا قۆناغێك دێت كە درەخت چرۆ دەكات، گەڵا دەردەكاتو شكۆفە دەكاتو بەرەكەی دەگاتو ئاوی تێ دەزێو شیرین دەبێت و باڵاترین بەرومیوەی ئەو درەختە بەدەستەوە دەدات. لە ئەدەبیاتی روسیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لەو رۆژەوە كە دۆستۆفسكیو لیڤ تۆلستۆیو ئانتون چیخۆف كەوتنە بڵاوكردنەوەی بەرهەمی خۆیان ئەم بەرومیوە بێ چەندوچونە بەدەست هاتووە.

لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا كە هەوەڵین بەرهەمێن دۆستۆفسكی بڵاوبووەوە، رۆمانی روسی نەك هەر لە ئەوروپادا برەوی پەیدا كرد، بەڵكو بوو بە كۆڵەكەیەكی ئەدەبیاتی ئەوروپا. وەكو چۆن رۆژێ لە رۆژان رێبازو میتۆدی تایبەتی نووسەرانی فەرەنسا یا ئاڵمان یا ئیتاڵیا یا ئەسپانیاو هەندێ جار ئینگلیستان لە هەموو ئەوروپادا بڵاودەبووەوەو خەڵكانێكی زۆر چاویان لێدەكرد، ئێستا ئەو رۆژە هاتبوو كە رێبازی تایبەتی دۆستۆفسكی و تۆلستۆیو چیخۆف-یش لایەنگرو پەیڕەو موریدان پەیدا بكەن.

گەورە نووسەرانی ئەم قۆناغەی روسیا جیاوازییەكی زەق وئاشكرایان دەگەڵ نووسەرانی پێش خۆیاندا هەیەو لە جیاتی ئەوەی حەقیقەتەكانی رۆژگاری خۆیان پشت گوێ بخەنو بایەخی نەدەنێو چاوپۆشی لێبكەن بە پێچەوانەوە بایەخی تایبەتیان پێ داوەو هاوسۆزیان دەگەڵ كردووە. لە جیاتی ئەوەی هەمیشە لە ژینگەی خەواڵوو خەیاڵی دنیای ئایندەدا بۆ شادمانی بگەڕێن لە هەوڵی ئەوەدان كە ئەگەر بە تۆبزیش بووە دەگەڵ بارودۆخی زەمانی خۆدا هەڵبكەنو هەوڵبدەن لەوێندەرەوە سووكە شادمانیو بەختەورەیەك و تیشكێكی كز بە دەست بێنن. لێرەدا هەمان خاڵی دێرین كە لە ئەدەبیاتی فەرەنسادا دەربارەی كورنیو راسین گوتراوە دێتەوە ئارا. گوتراوە كە كورنی خەڵكی (بەو جۆرەی كەدەبێ بن) وەسف كردووەو راسین (بەو جۆرەی كە هەن) باسی كردوون. گەورە نووسەرانی روسیاش لەم قۆناغەدا رێگەی دووەمیان گرتووەتە بەر. لە جیاتی ئەوەی قارەمانەكانیان پێشەوای هزرو رێنوێنانی خەیاڵی خەڵكی بن، بە پێچەوانەوە قارەمانانێكیان هەڵبژاردووە كە نەك هیچ كێشەو دەعوایەكیان نیە بەڵكو نووسەریش وا دەنوێنێ كە هیچ حونەرو فەزڵێكیان تێدا نابینێو نەك هەر رێبەرو رێنوێنی خەڵكانێك نین بەڵكو بە خۆیان موریدو گوێڕایەڵی كۆمەڵگەن و نەك هەر توانای ئەمەیان نیە كە جڵەوی چارەنووسی كۆمەڵگە بگرنە دەست بەڵكو زەرورەتی ژیان وا دەخوازێ كە لە بەردەم حەقیقەتەكاندا كڕنۆش بەرن و سەر دابنەوێننو ئەو حەقیقەتانە بە حەقیقەتی بەڵگەنەویست و بێ چەندو چوون بزاننو خۆیانی تەسلیم بكەنو تەنانەت ئەو حەقیقەتانە بە هی خۆیان بزانن. ئەم رەوت و رێبازە سەرەتا لە رۆمانە بەنێوبانگەكەی ئاكساكۆف (مێژووی خانەوادە)دا دەردەكەوێ و پاشان لە (برایانی كارامازۆف)ی دۆستۆفسكیو (حیكایەتەكانی سباستوپول)ی لیڤ تۆلستۆیو (باغی ئاڵوباڵو)و (سێ خوشك)ی چیخۆفدا بە تەواوەتی دەخەملێ.

راسته تۆلستۆی له هەموویان پتر بایەخی بەم هزره بەرزە داوه، بەلاّم کۆلّکەی هاوبەشە لە نێو ئەم سیٚ نووسەره مەزنەدا، هەرچەند تۆلستۆی لایەنگری پرەنسیپەکانی سلاڤدۆستان نیەو جگە لە ئەفراندنی قارەمانانی تازه بیری لە هیچ شوێنێکی دیکە نیە، و دۆستۆفسکی بە پێچەوانەوە وا دەنوێنیٚ کە پەیڕەوی ئەم هونەرنمایيە تایبەتیەی تۆلستۆی، کە خستویەتیە ریزی پێشەوەی گەوره نووسەرانی جیهانەوه  نیە، و چیخۆف ئەو هەست وسۆزو گودازه بە زەیی ئامێزو غوربەت ئەنگێزەی کە دۆستۆفسکی دەربارەی قارەمانەکانی بەرجەستەی دەکات، هەموار دەکات و بە سووکە دڵسۆزیی و میهرەبانیی و دلۆڤانیەك دەرهەق بە قارەمانەکانی قەناعەت دەکات، وێڕای هەموو ئەمەش ئەم سیٚ گەوره نووسەره لە بنەماکاندا هاوبیری یەکترن و هەر سێکیان خوازیاری یەك ئەنجام بوون و ویستوویانە لە یەك رێگەوه میللەتێکی گەوره هشیارکەنەوه، دۆستۆفسکی هەوڵیداوه بنەمايەکی ئەخلاقی ئاوێتە بە باوەڕی ئایینی وجۆره عیرفان و سۆفیگەرێتییەکی تایبەت بە خۆی بکات بە هۆو ئەوزاری رزگاری، تۆلستۆی بە دوای (حەقیقەتێکی ژیان)دا گەڕاوە کە لە هەموو هزرو ئاموچیاریەکی ئەخلاقی و ئایینی بالاّتر بیٚ و تەنیا هەستێن مرۆڤانی و تەنانەت ویژدانی سەرڤە رێنوێنی بیٚ، چیخۆف بەم رادەیەش بەرزەفڕی نەکردووەو تەنیا بەمە قەناعەتی کردووه کە خەڵکی نەنگی کرێت وکێماسی زەق و ئاشکراو گەوجانەیان نەبیٚ.

## ١-دۆستۆفسکی :

فیودۆرمیخائیلوڤیچ دۆستۆفسکی لە ١٨٢١/١٠/٣٠دا لە یەکێك لە نەخۆشخانە خۆڕاییەکانی دەرێی شاری مۆسکۆ هاتووەتە دنیا. بابی پزیشکی سوپایی بوو و لە هەمان نەخۆشخانە کاری دەکرد. یەکێك لە عاجباتیەکانی تەبیعەت ئەمەیە کە ئەو نووسەرەی لە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆیدا پەرێشان فکریی و نەخۆشییە دەروونیی و روحیەکانی چینیە جیاوازەکانی تیرەی بەشەری باسکردووه، بە خۆی لە نەخۆشخانە هاتووەتە دنیا.

برایەکی لە خۆی گەورەتری بەنێوی میخائیلەوه هەبوو کە بەرهەمەکانی شیللەرو گۆتەی پاچڤەی زمانی روسی کردووەو بەرێوەبەری دوو گۆڤاران بووه بە نێوی (زەمان)و (سەردەم)و لەم رووەوه بەناوبانگو ناسراوه. خێزانەکەیان بریتی بوو لە نۆ کەس و بابی پیاوێکی زبرو مەنگ و دووره پەرێز بوو، ورەفتاری دەگەڵ منالّەکانیدا باش نەبوو، هەڵبەتە ئەم گیروگرفتانەی قۆناغی منالّیەتی دەبوایە لە دەروونی ئەودا (دۆستۆفسکی) بمێنێتەوه. ئەمە جگە لەوەی ئەم منالّە لە رۆژی لە دایکبوونیەوه نەخۆش وکەم خوێن بوو وهەندیٚ جار دەبورایەوەو کە بالق بوو فێی لێدەهات و جار جار فیٚ دەیگرت.

وێڕای ئەمەش لە شانزه سالّیدا لەگەڵ برایەکەی خۆیدا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە مۆسکۆوه بۆ پوترسبۆرگ رۆیی، وچووه خوێندنگەی ئەندازەی سوپایی و لە قۆناغی خوێندنگەدا لە قوتابییە چاکەکان بوو و بە سێیەم لە خوێندنگەی ناڤبری دەرچوو. لە قۆناغ و ماوەی خوێندندا نەك هەر دڵبەندی بیرکاریی و تەکنیکی ئەندازه بوو، بەڵکو زۆریشی حەز لە بەرهەمێن بالزاك و

ڤیکتۆر هۆگۆو هوفمانی ئاڵمانیش بوو. لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا کە هێشتا لە خوێندنگە بوو، واتە لە ساڵی ١٨٣٩دا ڕووداوێکی ناخۆش لەو و لە بنەماڵەکەیان قەوما، دایکی کە لە شاری (تولا)دا موڵکێکی بچووکی هەبوو، لە وێندەر کۆچی دوایی کرد، بابی کە چوو بوو بۆ ئەوێندەر بەمردنی ژنەکەی زۆر نارەحەت بوو بوو و بەدخوورییەکی زۆری کردبوو و لە ئەنجامی ئەم بەدرەفتاریانەدا یەکێك لە وەرزێرە زەرخرێیەکان کە لە دەستی تەنگەتاو بوو بوو، کوشتی. خویایە کە مەرگی دایك و باوك کە بەم شێوەیەو لە ماوەیەکی کەمدا ڕووی داوە، چۆن کار لەم لاوە دەکات و چ ڕەنگدانەوەیەکی لە روح و دەرونیا دەبێت.

لەو ڕۆژگارەدا ئەم جۆرە ڕووداوانە کە نیشانەی داڕوخان و هەرەسی کۆمەڵگەی ئەو ڕۆژو سەردەمەی روسیاو نیشانەی ناکۆکی و دژایەتی توندی نێوان موڵکداران و وەرزێرانە، بەزۆری روویان دەدا، بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٤٣وە بۆ ١٨٥٣ واتە لە ماوەی نۆ ساڵدا چوار سەدو شازدە جووتیاریان بە تاوانی کوشتنی ئاغایانی خۆ نەفی کردووە.

مردنی دایك و باب بووە هۆی ئەوەی کە دۆستۆفسکی لە سەرانسەری قۆناغی خوێندندا لە خوێندگە تەنگدەست و دەستکورت بێ، کە لە ساڵی ١٨٤٣دا خوێندنی تەواوکرد، چونکە بەتەما بوو بتوانێ لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە بژی، نەچووە سلکی سوپایی. لەم سەردەمەدا خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (شیللەرو جورج ساندو ئوجین سو)ی فەرەنسی چاویان بەرەو جیهانێکی تر کردبووەوە. لەزەتێکی تایبەتی لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بالزاك دەبینی. هەروەها زۆر دڵبەندی گەورە نووسەرانی روسیای میناکی پوشکین و گۆگۆل و گریبایدوف بوو، هەر بۆیەش سێبەرو ڕەنگدانەوەی ئەم نووسەرانە بە چڕی بە بەرهەمەکانیەوە دەبینرێ.

لەم زەمانەدا لاوێکی دیکە، کە ئەویش لە ئەدەبیاتدا تازەکار بوو، هەمان دیمیتری ڤاسلیلیوڤیچ گریگۆروڤیچ-ی بەناوبانگ بوو،کە ڕێك هەڤساڵی ئەو بوو، دۆستۆفسکی بۆ لای نووسەری ناودار نیکراسۆف برد کە لەکنوکۆی ئەوەدا بوو گۆڤارێك دەربکات و لە خەڵکانێك دەگەڕا کاری دەگەڵ بکەن. دۆستۆسکی ڕەفتاری سارد زبری شاعیری بەنێوبانگی بەدڵ نەچوو، بەڵام دەستنووسی ئەو یەکەمین ڕۆمانەی کە نووسی بووی، لەسەر مێزەکەی ئەو داناو بێ ئەوەی هیچ بڵێ دزئاسا لە بەردەمی هەڵات. کە لەوێندەر هاتبووە دەرێ بە رادەیەك شەرمەزارو نا ئومێد بوو بوو کە بۆ بە بادانی خەمی دڵی خۆی چوو بۆ یەکێك لەو کۆڕو ئەنجوومەنانەی کە لەو ڕۆژگارەدا زۆر بوون و لەو سەردەمانەدا لاوانی هاوساڵی ئەو زۆر جار ڕێك دەکەوت لە شوێنێك دا خڕ دەبوونەوەو بە درێژایی شەو بەرهەمەکانی (گۆگۆل)یان بۆ یەکدی دەخوێندەوە. سپێدە زوو کە بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە، چونکە خەوی لێنەدەکەوت، لەبەر پەنجەرەیەك وەستاو هەوای نیوەی مانگی مایسی هەڵدەمژی کە دەنگی زەنگی دەرگا رای چڵەکاند، کە دەرگای کردەوە، نیکراسۆف و گریگۆروڤیچ کە بە دوو قۆڵی بۆ ماڵی ئەو هاتبوون، لە ئامێزیان گرت. ئەم شاعیرو نووسەرە کاتێ کە دۆستۆفسکی دەستنووسی ڕۆمانەکەی خۆی دانا بوو و ڕۆیی بوو، شەوێ دانیشتبوون هەموو کتێبەکەی ئەویان خوێندبووەوەو ئێستا هاتبوون پیرۆزبایی لێبکەن. ئەو ڕۆژگارە باشترین ڕۆژانی شکۆفایی ئەدەبیاتی روسی بوو. سبەینێی ئەو ڕۆژە نیکراسۆف

دەستنووسەكەی دۆستۆفسكی بۆ لای بیلینسكی بردو گوتی: "مژدەت دەدەمێ كە گۆگۆلێكی دیكە پەیدا بووە". بیلینسكی بەپارێزەوە گوتی: "ئەمڕۆكە وەكو قارچك لە زەویەوە هەڵدەتۆقن!" ئەویش كتێبەكەی خوێندەوەو ویستی نووسەرەكەی بناسێت، كاتێ كە بینی لێی پرسی: "بەخۆت دەزانی چیت كردووە؟".

ئەم دەستنووسە چیرۆكە بەناوبانگەكەی (بێنەوایان)ی دۆستۆفسكی بوو كە لە ساڵی ١٨٤٦دا لە گۆڤارەكەی نیكراسۆف دا بڵاوبووەوەو یەكسەر شۆرەت و نێوبانگی پێ دەركرد، پێش ئەم كارە دۆستۆفسكی تەنیا هەندێ بەرهەمی (بالزاك و جۆرج ساندو ئوجین سو)ی پاچڤە كردبوو. لەم چیرۆكەدا (بێنەوایان) ویستبووی لاساییەكی گۆگۆل بكاتەوەو وەلامێكی چیرۆكی (پاڵتۆ)ی ئەو بداتەوەو لە راستیدا قارەمانی ئەم رۆمانەی ئەو كە (ماكار دیوڤشكین)ی ناوە خزمی هەمان ئاكاكیی ئاكاكیوڤیچی قارەمانی چیرۆكەكەی گۆگۆلە، واتە زۆر لێوەی نزیكە. بەلام گۆگۆل تەنیا رواڵەتی ئەم پیاوە زبرو بەستەزمانەی نیشانداوەو لە پاڵ ئەوەدا كەمایەی بەزەییە مایەی پێكەنینیشە، لێ دۆستۆفسكی لەگەڵ خۆیدا بۆ ناخی روحی هەستیارو كەسەرداری قارەمانەكەمان دەبات و ئەو نەرم و نیانی و سەنگینیەی كە لە قارەمانی چیرۆكەكەی گۆگۆلدا پێكەنیناوی نەدەهاتە بەر چاو لێرەدا بە تەواوەتی دلێرانەیە بێ ئەوەی نووسەر ویستبێتی شەقڵی دلاوەری بەم قارەمانەی خۆی ببەخشێت. لەم رۆمانەی دۆستۆفسكیدا، دیوڤشكین بابایەكی عەرەق خۆری زبرە پیاوە، بەلام زەین و ئاوەزی سادەیە. كاتێ كە بەرپرسەكەی لە دایەرەدا تەوقەی دەگەڵ دەكات و بەخشیشێكی سەد مناتی وێدەدات وەكو ئەوەیە كە بۆ ئاسمانی حەوتەمیان بردبێ. وێڕای ئەمەش دیارە كە نووسەر دەیەوێ نەك هەر بەزەیی، بەڵكو ستایش-یش دەربارەی ئەو بهاروژێنێ و ئەم حاڵەتە لەوە بە دواوە لەسەرانسەری بەرهەمەكانی دۆستۆفسكی دا دەبینرێ.

ئەم یەكەمین رۆمانەی دۆستۆفسكییە لە باری دارشتن و هونەری نڤیسارییەوە لاسایی كردنەوەیەكی نوقستانی رۆمانانی نامەوانیەو بریتییە لە كۆمەڵە نامەیەك كە كارگوزارێكی ژێر دەست-ی پیری خودان بیروبیركردنەوەیەكی مامناوەندی بە چاولێكەری كتێبە بەنێو بانگەكەی رۆسۆ (هلوئیزی نوێ) نووسیوونی. بە شێوەیەكی گشتی ئەم رۆمانە (بێنەوایان) كۆمەڵە بابەتێكی لە خۆ گرتووە كە نائاساییی و باوەڕنەكردەنیە. بەلام خوردكردنەوەو وردەكاری بابەتەكان یەكجار جوانەو ئەوە دەردەخات ئەم نووسەرە تەمەن بیست ساڵەیە تا چ رادەیەك لە مەیدانی دەروونناسیدا دەستی هەبووە. لە باسی ئەنانیەت وخۆپەرستی ئاسایی كیژێكدا كە لەم رۆمانەدا وەسفی كردووە ئەوپەڕی بالادەستی لە شرۆڤەو شیكردنەوەی هزرو بیراندا بەكار بردووە. بە تایبەتی لەو شوێنەدا كە رووی قسەی لەو بەدبەختەیە كە جگە لەو هیچ ئومێدێكی بەژیان نیە، واتە هەموو ئومێدی ژیانی ئەوەو گەلێك گلەیی و گازاندەو هەڕەشەی لێ هەیە. پاشان كە دەزانێ كە كەمە پارەیەكی لە مەیخانەدا خەرج كردووە، قەرزاربار ی ئەو سەبارەت بە خۆی فەرامۆش دەكات و تەنانەت فیداكاری دەگەیەنێتە رادەیەك كە سی كوپێكی بۆ دەنێرێ بەو مەرجەی كە جارەكی دی ئەو كارە نەكات. دوای ئەوە دێتە سەر راڤەوشرۆڤەیەكی جوانی

زەماوەندێکی نەبەدڵ کە کیژێ ملی بۆ دەدات و بۆ ئەم کارە مێردە ناچار بە کڕینی کۆمەڵێك شتی بێهودەو بێ کەڵك دەکات و پیاوە لە دوا زەڕەی شادی کە لەو بووە بیگاتێ، مەحرومو بێ بەش دەبێ. شتێکی دیکەش کە لەم شەرح و شرۆڤانەدا شایستەی ئافەرینە ئەمەیە کە کیژێ بەزەیی و لێ بوردەیی و چاوپۆشی و دلۆڤانی هەیەو پیاوەش لە سەبرو ملکەچی و مەحەبەتی گوێڕایەڵانەی خۆیدا پایەدارو خۆڕاگرە. دەشێت بگوترێ لەم رۆمانەدا هەستی سروشتی و توانای هەڵێنجان و دەروونناسی نووسەر هەندێ جار پەرجووی نواندووە.

بیلینسکی دەربارەی دۆستۆفسکی و ئەم رۆمانە گوتوویەتی: "وەکو چۆن لیرمانتۆف زۆر لە ژێر کاریگەری پوشکیندا بووە، ئەمیش لە ژێر کاریگەری گۆگۆل دایە، بەڵام ئەم شتی تایبەتی خۆیشی هەیە. ئەم دەست پێکردنەی ئەم دەستی پێکردووە تا ئێستا هیچ نووسەرێکی تر دەستی پێنەکردووە". لەو رۆژگارەدا هەموو رەخنەگرەکان پێیان وابوو کە نووسەری ئەم کتێبە بەهرەیەکی فرەی هەیەو ئەم بەرهەمەی یەکەمین نموونەی رۆمانێکی کۆمەڵایەتیە. دەیانگوت دۆستۆفسکی بەو زووانە پێش (گۆگۆل)-ش دەکەوێ و ئەدەبیاتی تازەو کۆن دەخاتە سێبەری خۆیەوە، واتە ئەدەبیاتی کۆن و نوێ دەبەزێنێ. نووسەرانی بەناوبانگی ئەو رۆژگارەی میناکی تورگنیف و نیکراسوف باوەڕیان وابوو دۆستۆفسکی هەمان ئەو نووسەرەیە کە روسیا لە مێژە پێویستی بووە. دوبرالیوبوف پاش پانزە ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە دەربارەی گوتویەتی: "لەم کتێبەدا نووسەر بە غرورو جۆش و خرۆشی لاوانەوە کەوتووەتە شیتەڵ کردنەوەو لێکدانەوەی ئەو ناسازگاریانەی کە ژیانی ئێمەدا رەنگی داوەتەوەو کاری لەوش کردووە، لەم شیکردنەوەیەدا ئارەزووی بەشەردۆستانەی خۆی هێناوەتە ناوناوان."

دۆستۆفسکی کە ئەم ستایش و هاندانانەی بینی هێندەی دی پشت گەرم بوو ولەسەر کارەکەی بەردەوام بوو، وخووی بەوەوە گرت کە هەمیشە لە نووسین بە پەلە بێ کە هەم نیشانەیەك بووە لە نیشانەکانی بلیمەتی ئەو وهەم هەندێ جار لێی زەرەرمەند بووە. بەرهەمی دووەمی (هاوزا)ی ناوبوو کە لە کاتی خۆیدا، دوای تەواو کردنی بڵاو نەبووەوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆر لەوە دواتر لەگەڵ کۆ بەرهەمەکانیا بڵاویان کردووەتەوە، چونکە بەخۆیشی زۆر بە دڵی نەبووە. بەڵام لە هەمان زەماندا پەیتا پەیتا کەوتە نووسینی دە رۆمانی دیکەو لەو سەردەمانەدا خۆی بە (ئەسپی تە تەر) شوبهاندووە: لە نکاودا لە بەرواری ١٨٤٩/٤/٢١دا لەگەڵ سی و چوار کەسی ئەندامی گروپی (پتراشوفسکی- Petrachevski)دا دەستگیریان کردو لە ڕاڕەوە تەنگ و تاریك و پڕ پێچ و پەناکانی قەڵای ئالکسیدا لە بورج و قوللەی سانپترۆسبۆرگ، خستیاننە زیندانەوەو دەرگای ئاسنینی زیندانەکەیان لەسەر داخستن.

ئەم گروپە بریتی بوو لەو لاوانەی کە پەیڕەوی بیروباوەڕەکانی فوریەی فەیلەسوفی فەرەنسیان دەکردو بە دەستووری ئەو کەمتر بایەخیان بە پرسێن رامیاری رەها دەداو بە هەرحاڵ ئەم گروپە بە هیچ کلۆجێ بیری شۆڕشگێڕیی نەبوو، دۆستۆفسکی لە نێو ئەندامانی ئەم گروپەدا بانگەشەی بۆ پرەنسیپ و بنەماکانی سلاڤدۆستان دەکردو باوەڕی وابوو کە لە رووی کۆمەڵناسی و سوسیولۆجییەوە، نابێ روسیا رۆژاوا بکات بە سەرمەشق و نموونەو چونکە سەندیکاو یەکێتیی

کرێکاران چێبووەو جەماوەری خەڵك پەیان بە مەسئولیەتی هاوبەش بردووەو باج دەدەن دەبێ جۆرە گروپ و ئەنجوومەنێکی کۆمەڵایەتی زۆر نایاب بێتە دامەزراندن. تەنانەت شەوێك کە گەرم بوو بوو، قەسیدەیەکی پوشکین، کە دەربارەی هەڵوەشاندەوەی کۆیلایەتی بوو، دەخوێندەوە، لە نێو ئەو جۆش وخرۆشەدا کە خوێندنەوەی ئەم قەسیدەیە نابوویەوە، یەکێك گوتبووی کە ئەم ریفورمانە مەگەر تەنیا لە ڕێگەی شۆڕشەوە بکرێ، گوایە ئەویش گوتوویەتی: "جا با شۆڕش بکەین!". جگە لەمە هیچ ئیرادێکی تریان لێی نەبوو بوو، بەڵام ئەمە بەس بوو، دوای هەشت هەیڤان لە حەپس رۆژی ٢٢/ دێسامبەری هەمان ساڵ لە گەڵ بیست ویەك مەحکومی دیکەدا بردیانە مەیدانی (سیمیانۆڤسکی – Siemionovski)و لەوێندەر ریزە سێدارەیەکیان حازر کردبوو. پلەی سەرما بیست و یەکی ژێر سفر بوو، زندانیەکانیان رووت کردەوەو تەنیا سەرو یەك کراسیان لە بەردا هێشتنەوەو حوکمی خە نە قاندنیان بۆ خوێندنەوە. دۆستۆفسکی تازە بە کەماڵی ئیسراحەت نەخشەی چیرۆکێکی کە لە زینداندا دای رشتبوو، بۆ یەکێك لە هاوڕێکانی گێرابووەوە. پرسی: "بشێت ئیعدامامان بکەن؟" هاوڕێکەی لە وەڵامدا بەدەست ئەو گالیسکانەی پیشان دابوو کە پەردەیان پێدا دابوون و لە ژێر پەردەکانەوە هەندێ شتی وەکو تابوت دە بینران، سکرتێری دادگا لەسەر سەکۆی سێدارەکان هاتە خوارێ و کەشیشێك لە جیاتی ئەو سەرکەوت و خاچ بە دەست، مەحکومەکانی هاندەدا کە دان بە گوناحەکانی خۆدا بنەن. تەنیا یەکێکیان، پیاوێك کە لە چینی بازرگانان بوو، بە قسەی کرد. ئەوانی دی بەوەندە قەناعەتیان کرد کە خاچەکە راموسن. دۆستۆفسکی لە نامەیەکدا کە بۆ میخائیلی برای نووسیوە کۆتایی ئەم دیمەنە دڵتەزێنەی بەمجۆرە گێڕاوەتەوە: "هەندێ شمشێریان بەدیار سەرمانەوە شکاندو کراسی سپی تایبەت بە مەحکومانی ئیعدامیان لەبەر کردین. دوای ئەوە سێ بە سێ بە عاموودیانەوە بەستین تا ئیعدامامان بکەن، چونکە من لە نێوان یەکێك لەو ریزە سێ کەسیانەدا بووم هەستم کرد کە ئیدی لە چەند دەقیقەیەکدا دەمرم. تۆو کەسوکاری تۆم بیرکەوتنەوە... توانیم (پلچیئو– Pletcheieu و دوروڤ– Dourov) کە لەگەڵمدا بوون لە ئامێز بگرم و خوا حافیزیان لێ بکەم. لە پڕ گەڕانە دواوە، کۆت و بەندەکانیان کردینەوە، بردیانینە سەر سەکۆکەو پێیان گوتین کە خاوەن شکۆ عەفوی کردوین".

تزار، بە بڕیاری دادگای سوپاییدا چوو بووەوەو لە بری ئیعدام حوکمی کاری قورسی دابوون، لە ناو گالیسکەکاندا جل و بەرگی تایبەت بە مەحکومانی کارێن قورس هەبوو دەبوا مەحکومەکان یەکسەر لەبەری بکەن. یەکێك لەوانە کە هەمان گریگۆریوف بوو، شێت بوو بوو.

دۆستۆفسکی لەوانی تر باشتر باری ئەم مسیبەتانەی بردبوو وهەمیشە پێی وابوو کە ئەگەر ئەم بارودۆخ ووەزعە نەهاتبا پێشێ خۆ بەخۆ شێت دەبوو. سەیر ئەمەیە کە لە ئەنجامدا کاردانەوەی ئاسایی ئەم مەحکومیەتە هێزو ورەی سایکۆلۆجی و بەدەنی ئەوی زیاد کرد. ئەم خەڵکەی مۆسکۆ کە میرات و کەلەپوری چەندین پشت لە سروشت و تەبیعەتیان دا هەیە و یادگاری سەدان ساڵ لە فەلاکەت و زیللەتیان لە ناخ و وێژدان دایەو توانایەکی سەیرو حەوسەڵەیەکی باوەڕنەکردەنیان لە هەنبەر ناخۆشی و تەنگانەدا هەیە. پاش چوار ساڵان کاتێ کە

ماوەی مەحکومیەکەی تەواو بوو، ئاقیبەت لەو شوێنە، کە لە کتێبە بەنێوبانگەکەی خۆیدا (یادگارێن خانەی مردووان) باسی کردووەو بە خانەی مردووانی زانیوە، هاتەدەرێ و لە باری بەدەنیەوە بەهێزتر بوو بوو، مێشکی ئارامترو روح و دەروونی ئاسودەتر بوو. ئەوجا دەبوایە بۆ ماوەی سێ ساڵان لە فەوجێکدا سەربازی بکات و پاش ئەوەی کە نمرەی ئەفسەرییان دایە، رێگە درا لە (تڤێر– Tver)و دوای ئەوە لە سانپترسبۆرگ دانیشێت. ئەمجارەیان لە گروپ و ئەنجوومەنی پتراشوفسکی هاتە دەرێ و لە گۆڤاری (زەمان)دا کە میخائیلی برای بەرێوەی دەبرد کەوتە کارکردن، ودوای ماوەیەك بە دوو قوڵی گۆڤاری (سەردەم)یان دەرکرد. لەم سەروبەندەدا هەوەڵین کۆبەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٨٦٠دا رۆمانێکی تازەی بەنێونیشانی (شەرمەزاران و رەنجاوان) بڵاوکردەوە، لێ خوێنەر بە ساردی پێشوازیان لێکرد. لەم رۆمانەدا ڤانیا و ناتاشا پیاوو ژنێکن کە قارەمانی رۆمانەکەن لە رووی هزرییەوە لە (دیوڤشکین)ی قارەمانی رۆمانی (بێنەوایان)ەوە نزیکن، بەڵام جیاوازییەکیان لە نێوان دا هەیە ئەویش ئەمەیە کە ئەمان بە ویستی خۆیان بوون بە قوربانی و ڤانیا کە شێت و شەیدای ناتاشایە، دیار نیە بۆچی ناچاری دەکات ببێ بە ماشوقەی کنیاز ڤالکوڤسکی– Valkovskiی لاو کە خۆی تەسلیمی ئەو کردبوو. پاش ئەوە دەبێ بە رازگری ئەم ژنەو هانی دەدا عەشقبازیی و ئاشقێنی دەگەڵ ئەو پیاوەدا بکات، ئەم خاڵە هەم پێکەنیناوی و هەم سەیر دێتە بەرچاو. پاش ئەوە ناتاشا وێڕای ئەوەی دێوانە ئاسا شەیدای ئەو شازادەیە قایل دەبێ شوو بە ڤانیا بکات. ئەم کارە پێچەوانەی هەر پێشبینییەکەو شازادەو گەوجێتی و بێ ئەقڵی وەها دەنوێنێ کە ناچێتە ئەقڵەوە. بابە پیرەکەی ئەم شازادەیە پیاوێکی دڵڕەشی بەدکارە. (نیلی– Nelly) لاو کە کیژی نامەشروعی ئەوە، ئازاروئاسیوێکی زۆر بە دەستییەوە دەبینێ، جوانی و دڵگیرییەکی تایبەتی هەیە، بەڵام وەکو چۆن ناوەکەی ئینگلیزیە، بە خۆیشی وەکو ئەوە وایە لە ئینگلیستانەوە هاتبێ و لە ژینگەو دەوروبەرەکەی خۆی بێ ئاگایە. بەشێوەیەکی گشتی وادیارە کە دۆستۆفسکی لەو رۆژگارەدا هەندێ کتێبی تازەی خوێندووەتەوەو کەوتووەتە ژێر کاریگەرییانەوەو تاقە رۆمانێکی لەسەر شێوەی رۆمانانی ئەڤینداری سەدەی هەژدەیەمی ئەوروپا نووسیوەو ئەو یادو یادگاریانەی لەمەڕ (ئوجین سو) هەی بووەو هەمیشە لە نووسەرانی دڵخوازی ئەو بووە، لێرەدا جێ کردووەتەوە. هەندێ نیشانانیش ئەوە دەگەیەنن کە لەم رۆمانەدا هەندێ لە بیرەوەریە شەخسیەکانی خۆیشی بەکار هێناوەو هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کتێبێکی باشی بە دەستەوە نەداوە، بەڵام دۆستۆفسکی دەبوایە زوو قەرەبووی ئەمە بکاتەوە.

کەمێك پێش ئەمە (یادگارێن خانەی مردووان)ی لە ساڵی ١٨٦٢دا بڵاوکردبووەوە کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (چارە رەشان)ی ڤیکتۆر هۆگۆ دەچێت. ئەم کتێبە کە شرۆڤەیەکی وردو زۆر کاریگەری ئەو ژینگە تاریکەیە کە دۆستۆفسکی چوار ساڵی ژیانی خۆی لەوێندەر رابواردووە هێشتا مایەی سەرنج و بایەخی خەڵکی جیهانە. گومانی تێدا نیە کە لەم شاکارە نەمرەدا هەندێ دیمەنان هەن کە لە وێنەگرتنیاندا ئەوپەڕی هونەرنوێنی کردووەو حەقیقەتجۆییشی هەندێجار گەیاندووەتە رادەیەك کە ناخۆشی کردووە، لەوانە لە شوێنێکدا کە باسی چوونە گەرماوی

زندانیەکان دەکات یان لەو شوێنەدا کە باسی ئەوە دەکات چۆن بە زەبری شەلاق زندانیانیان بۆ نەخۆشخانە دەبرد. لێرەشدا هەندێ حەقیقەتی رووت هەن‌و بنیادەمان بەر شەلاق دراون‌و بە شێوەیەکی هێندە بێ پەروایانەو رەق پەردە لە رووی بەدکاری‌و نەفس نزمیەکان لابراوە کە ڤیکتۆر هۆگۆ بەو زەبردەستیەوە کە لەم کارەدا هەی بووە، بەو هەموو شۆرەتەوە کە لەم مەیدانەدا هەیەتی، لە هەنبەر ئەودا کورتی هێناوە. دۆستۆفسکی بۆ ئەوەی زیاتر رق‌و تورەیی خۆی بنوێنێ‌و باشتر ئەو کاریگەرییە فەراهەم بکات کە ویستوویەتی لە زۆر شوێنداو رەنگە لە هەموو شوێنێکدا، زێدەرۆیی‌و موبالەغەی کردووەو ئەم خەسڵەتە لە سەرانسەری کتێبەکەیدا دیارە، پێناسەو ناساندنی دوو تاقم لە زندانیان: دەستەیەکیان کە تاوان‌و خەتای ئاساییان کردووەو دەستەیەکی تریان کە تەنێ تەخسیرکاری سیاسین، تا رادەیەك نادیارو تەم‌و مژاویە، هەندێ لەم نادیاری‌و ئاڵۆزییە بە ئانقەستەو ئەوی تری وەکو دەڵێن لەبەر ئەوەیە کە ماموری سانسۆر ناچاری ئەم کارەی کردووە. سانسۆر هەمیشە رێگەی دەرباز بوون بۆ نووسەران دەکاتەوەو لە وڵاتێکی وەکو روسیای ئەو رۆژگارە هەمیشە توانیویانە بە جۆرێ مەبەستی خۆیان بەکینایەو لە ژێر پەردەوە بڵێن کە مامورو کاربەدەستی نەزان‌و بێ ئاگای سانسۆر پەی بە مەبەستەکە نەبات، وەکو چۆن گەلێك لە نووسەرانی دیکە ئەم کارەیان کردووە. بەڵام وا دەردەکەوێ کە دۆستۆفسکی بە جۆرێ شیفتەی حەقیقەت بووەو بە رادەیەك پێی لەسەر وێنەگرتنی حەقیقەت داگرتووە کە تەنانەت بیری لەمە نەکردووەتەوە کە پەردەیەك بەم حەقیقەتانەدا بدات. ئەمجا روح و ورەی ئەو لەمە بەهێزترو بەرزتر بووە کە بیەوێ روحم و بەزەیی خەڵکی سەبارەت بە مسیبەت‌و بەڵاکانی خۆی بوروژێنێ، هەروەها ئەو دزو تاوانبارانەشی کە لەگەڵ ئەودا حەپس بوون زۆر بە بەدکارو خوێڕی‌و تۆڕی نەزانیوە. لەلایەکی ترەوە لەو زەمانەدا زوڵم‌و زۆری کارگوزارانی دەوڵەت دەرهەق بە خەڵکی ئەوەندە زۆر بووە بێ متمانەیی‌و بەدگومانیەکی ئەوتۆ لە نێو هەموو خەڵکیدا بڵاو بووەتەوە کە خەتاو تاوانە ئەخلاقی‌و سیاسیەکانیان بە هاوسەنگ وهاوتای یەکتر زانیوەو هەردووکیان بە زادەو بەرەنجامی دەرچوون لە خەتی یاساو رێسای باوو ملهوری‌و زۆرداری دەوڵەتی دەزانی‌و هەر کاتێ کاربەدەستانی دەوڵەت دزو تاوانبارێکیان دەگرت، خەڵکی هەمان هاوسۆزی‌و هاوخەمیان دەگەڵدا دەکرد کە دەبوو دەرهەق بە خەتابارانی سیاسی بیکەن. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە هزریە تایبەتیە هەمیشە لە قۆناغانی گوشارو دکتاتۆریەتدا لە کۆمەڵگەدا پەیدا بووەو بۆیەش تەنانەت تاوانکارانی دیکەش، لە ئەنجامدانی تاواندا ئەو شەرم‌و حەیایەی لە کاتی ئاسایی دا هەیانە، لەلا نامێنێ‌و بگرە زۆر جار تاوان بە جۆرە تۆڵەیەك لە سەختگیری‌و زەبرو زەنگ‌و دکتاتۆریەتی دەوڵەت دەزانن. وادیارە خەڵکی تەنانەت سزادانی تاوانبارانیش بەجۆرە تەعەدایەك لە خۆیان دەزانن، بۆیە ئیدی چ کەسێك باکی بە تاوان‌و ریسوایی نیەو دەربەست نیە.

ئەم حاڵەتە روحی‌و دەروونییە لە یەکێك لە بەرهەمە هەرە بەناوبانگەکانی دۆستۆفسکیدا کە زۆربەی خەڵکی بە شاکاری ئەوی دەزانن، واتە لە رۆمانی (تاوان‌و سزا)دا دەبینرێ. دۆستۆفسکی لە ساڵی ١٨٦٦ بەدواوە، بە بەردەوامی بەرهەمەکانی خۆی لە گۆڤاری (پەیکی روسی)دا بڵاودەکردەوە کە یەکێك لە هزرڤانانی کۆنەپەرستی سەر بە دەربار بەڕێوەی دەبردو ئەم

کتێبەش لە هەمان گۆڤاردا بڵاوبووەوە. لەم کتێبەشدا هەمان حاڵەتی روحیو دەروونی دیارە کە وەختێ موفەتیش دوای ئەوەی دڵنیا بوو (راسکولنیکوف- Raskolnikof)ی قارەمانی ئەم رۆمانە تاوانبارەو لە ڕای دزیدا بەشەری کوشتووە، کەچی دۆستانە رەفتاری لەگەڵ دەکات. تەنانەت (تورگنیف)ش کە زیاتر لە هەموو نووسەرانی دیکەی روسیا هۆگری بنەما ئاکارییەکانی ئەوروپای رۆژاوایی بووە، لەم چەشنە حاڵەتەدا هەمان هەڵویستی وەرگرتووە وەکو لە کتێبی (زەوی بەیار)دا دیارە، نیژدانۆف- Niejdanof کە فەرزەندێکی حەرامزادەیە لەگەڵ ماریان دا کە فەرزەندێکی حەڵاڵزادەی باوکێکە کە لەسەر دزی نەفیان کردووە لە روانگەی تورگنیفەوە یەکسانن. لە گۆشەنیگای هەموو ئەم نووسەرانەوە تاوان خەتا نیە بەڵکو بەدبەختییەکەو هەندێ جاریش سزا زوڵم نە هەقیو تەعەدایەکە کە دەرهەق بە بابایەکی داماوی شایستەی روحم و بەزەیی کردوویانە. ئەم بیرۆکەیە لە سەرانسەری بەرهەمەکانی دۆستۆفسکی دا هەیەو ئەو چەند ساڵەی کە لە زنداندا قەتاندوویەتی ئەم بیرەی لە زەینیدا خەملاندووەو ئەنجامگیرییەکی مەنتیقی پێ بەخشیوە کە بە هەموو غەریبی و نامۆییەکی خۆیەوە، ئاساییە. هەڵبەتە سەرباری ئەمەش ئەو تاوانبارانەی کە لە زینداندا دەگەڵی بوون، بۆ ساتێکیش نەیان ویستووە ئەو لە رووی ئەخلاقو ئاکارەوە لە خۆیان بە باڵاتر بزانن‌و بە بۆچوونی وان، ئەوان لە یاسایەك لایان داوەو ئەو لە یاسایەکی دی. ئەم بیرۆکەیە کارێکی یەکجار زۆری لە دۆستۆفسکی کردووە، چونکە روح و دڵ و دەروونێکی شاعیرانەو تەبعێکی هەستیاری هەبووەو پابەندو وەفاداری هیچ فەلسەفەیەك نەبووە. بۆیە بە ناچاری ژینگەی ئەخلاقی ئەوێندەر کاری تێکردووە. لەلایەکی ترەوە بیروباوەڕێکی ئاینیوسۆفیانەی ئەوتۆ لەوێ لەبرەودا بووە کە زیاتر هەڵقوڵاوی هزرینی رەش‌و رووتانی روسیایە. دۆستۆفسکی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەمەشەوەو لەم رێگەیەوە تەسلیم‌و هۆگری روحی سادەی تاوانکاران بووە. هەمان ئەو کەسەی کە نەیویستووە لە پای قەنارەدا ئیعتراف بە گوناحەکانی خۆی بکات، دەبێ بە شەریکی ئەم بەدبەختانەو لە خوێندنەوەی ئەو تاقە نووسخە تەوراتەی کە ژنی یەکێك لە دیکابریستەکان بۆی هێناون‌و تاقە کتێب بوو کە بۆیان هەبوو بیخوێننەوە، بەشداری دەکات‌و بەمجۆرە نەك هەر تەسلیم و تەفویز لەویشدا پەیدا دەبێت بەڵکو خۆی بە کەمتەرخەمیش دەزانێ.

لە ئەنجامی ئەو گۆشارانەی کە لەو رۆژگارەدا کاربەدەستانی سانسۆر خستوویانەتە سەر نووسەران و ناچاریان کردوون کە بابەتەکانیان لەژێر پەردەوە دەربڕن بەرەبەرە هەندێ رەمزو راز لە ئەدەبیاتدا پەیدا بووە، کە تەنانەت ئەو کەسانەشی کە لە ئەدەبیاتی روسیدا تووشی ئەم دیاردەیە بوون بە هەڵە بە جۆرە پەرچدانەوەو رەتکردنەوەیەکی وەزعو حاڵی رۆژگاریان لەلایەن نووسەرەوە زانیوە. بێگومان دۆستۆفسکی بە ئاشکرا دڵسۆزیو دلۆڤانی دەرهەق بە هەموو ئەو کەسانە هەبووە کە دەگەڵیا حەپس بوون. تواناو بە کاری حەیوانانەی هەندێ لەو دزانە ستایش دەکاتو چونکە چاکی سروشت و کەرەمی زاتیان تێدایە، چاوپۆشیان لێدەکات. ئەمەش لە راستیدا رەنگدانەوەیەکی هزرێن نووسەرانی رۆمانتیکی رۆژاوایە. جگە لەمانە، لە بەرهەمەکانیا لایەنێکی گوێڕایەڵی وملکەچی دەبینریو نووسەر کەسێکە کە نەك هەر ئەو سزایەی کە داویانە،

هەرچەندە لەگەڵ تاوانەکەیدا ناگونجێ، بێ چەندوچوون قەبوڵ کردووە، بەڵکو هەندێجار ئەو سزایەی بە دادپەروەرانەو بەجێ زانیوە. وەکو چۆن لە ژیانیشدا هەمان حاڵی نیشانداوەو نەك هەرگیز گلەیی و گازاندەی لەو چارەنووس و مەینەتیانەی کە کێشاویەتی نەکردووە بەڵکو هەمیشە سڵی لەوەش کردووەتەوە کە ئەو رۆژانە وەبیر خۆی بێنێتەوەو وەکو کەسێك بووە کە بە سزای خۆی گەییوەو چ قسەیەکی نیە.

دۆستۆفسکی لە ساڵانی ١٨٦٢- ١٨٦٦ دیسان رووبەرووی گیروگرفتان بووە، لە ساڵی ١٨٦٢و ١٨٦٣دا سەفەری یەکەم و دووەم و لە ساڵی ١٨٦٧دا سەفەرێکی تری بۆ دەرێی روسیا کردووەو تا ساڵی ١٨٧١ لە هەندەران ماوەتەوەو سوودێکی ئەوتۆی لەم مانەوەیەی لە وڵاتانی رۆژاوا، نەدیتووە. مومکین نەبوو پیاوێك کە هەمیشە لەناو هزرو بیرەکانی خۆیداو لە خەمی دەردەکانی خۆیدا بووە دڵبەستەی شتێك یان شوێنێك بێ، و کەسێك کە هەمیشە لە هەمووان دڕدۆنگ و بێگانە بووەو روحێکی سادەی منداڵانەی هەبووە بێگومان نەدەبوو هۆگرو رمودەی کەسێك یان شتێك بێ.

سەفەرێکی (بادن باد)ی کردو تەنانەت کەلپەلی ژنەکەشی فرۆشت و خەرج کرد. شێت و شەیدای قومار بوو، تاژنی دووەمی نەهێنا بوو، هەمیشەو هەرچی هەبوو دەیدۆڕاندو لەوپەڕی دەسکورتی و هەژاریدا دەژیاو هەرچەندە دەرامەت و دەسکەوتی فرەی هەبوو دەرەقەتی ژیان نەدەهات، سەفەرێکی (فلورانس)شی کرد، بەڵام هەرکە گەییە ئەوێندەر نەخۆش کەوت و گەڕایەوەو لەم ماوەیەدا لە قاوەخانەیەکدا دەگەڵ هاوسەفەرێکدا قسەی دەکردو کتێبانی دەخوێندەوە کتێبی (بەخت رەشان)ی ڤیکتۆر هۆگۆ لەو سەردەمەدا بڵاوبوو بووەوە. زۆر بە تاسەو ئاڵهاوە دەیخوێندەوەو شوێنەواری ئەم رۆمانە لە رۆمانی (تاوان و سزا)دا دیارە.

ژنی یەکەمی (ماریا دمیتریوڤنائیسایوف- Dmitrievna Isaiev) لەم قۆناغەدا کۆچی دوایی کرد. خەڵکی بە هەمان (ناتاشا)ی قارەمانی رۆمانی (بێنەوایان)ی دەزانن. ساڵی دواتر میخائیلی برای مردو ناچار بوو کە بە تەنێ گۆڤارەکەی بەڕێوەبەرێ و ئەمە کارێکی خراپی لە ژیانی کرد چونکە دەرەقەتی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەی نەدەهات. لە ساڵی ١٨٦٦دا لە وەزع و حاڵێکی دارایی زۆر دژوارا بوو، بەڵام بڵاوبوونەوەو فرۆشی نائاسایی رۆمانی (تاوان و سزا) لەم وەزع و حاڵەی رزگار کرد.

ئەم کتێبە بێ چەندوچوون لەوساوە کە بە زمانانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەوروپا بڵاوبووەوەو لەوە دواتر کە بۆ زۆربەی زمانانی ئەمڕۆ پاچڤە کراوە، بووە بە یەکێك لە بەنێوبانگترین رۆمانانی جیهان و سوخەت و خەسڵەتێن (راسکولنیکوف)ی قارەمانی بەسەر زارو لە زەین ویادگەی خەڵکی دنیادایە.

راسکۆلنیکوف، خوێندکارێکی هەژارو دەستکورتە کە گوزارشتێکی تایبەتی لەو بنەما زانستییە کردووە کە فێری بووەو خۆی بە هەق زانیوە کە بدزێ و بکوژێ. ئەم قارەمانە لە داهێنانی تایبەتی دۆستۆفسکی نیەو زۆر لەگینە کە دۆستۆفسکی بەر لە بەرهەمەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ یان پاش ئەوە، کتێب و بەرهەمەکانی (لوردبلور لاتین- Bulwer lytton، ١٨٣٠-

١٨٧٣)شی خوێندبێتەوە، بۆ نموونە (یوجین ئارام- Eugene Aram)ی قارەمانی ئەو رۆمانەی کە لاتین بە هەمان ناونیشان لە ساڵی ١٨٣٢دا بڵاوی کردووەتەوە تاوانکارێکە ئەگەرچی زۆر لە راسکۆلنیکوف دەچێت، بەڵام لە قوماشێکی ترەو لەو باڵاترە. ئەو نەك وەکو راسکولنیکوف تاوان بە هۆیەکی خێرای دەوڵەمەند بوون دەزانێ، بەڵکو بیرێکی لەوە باڵاتری لایەو لە رای ئەو زانستەدا کە خۆی بە پێشەنگ و ڕەمکێشی دەزانێ گەورەترین فیداکاری دەکات. ئەویش میناکێ راسکۆلنیکوف جگە لەمە هیچ بەهرەیەکی دی لەو دەسکەوتەی کە بە دەستی هێناوە فەراهەم ناکات و میناکی ئەو دەیخاتە ژێر گڵەوە، ئەویش نەك هەر ژێوان دەبێتەوە بەڵکو زۆر بە داخەوە ئەم بیروخەیاڵە ئازاری دەدات کە لەمە بەدوا دەکەوێتە دەستی خەڵکی و دەبێ بە گەپجاڕی فزولیەت و فێڵ و دەهۆی خەڵکی رۆژگار. زیاتر ئەم بیرە ئازاری دەدات کە جیاوازییەکی زۆر زەق و ئاشکرا کەوتووەتە نێوان پەیوەندی ئەو لەگەڵ خەڵکیدا. بەمجۆرە هەم بابەت و هەم تەرزی دەربڕینی بابەتەکە لە بنەڕەتدا یەکن و تاقە جیاوازی لە کۆتایی ئەم دوو رۆمانەدایە. ئەو ئەنجامگیرییەش کە دۆستۆفسکی کردوویەتی تازە نییەو (تورگنیف)ش لە چیرۆکی (میوانخانەدا) باسی (ئاکیم) ناوێکی دێهاتی دەکات کە ژنەکەی دەکوژێت و بۆ ئەوەی خۆی تەمبێ بکات بە حوسن و ڕەزای خۆی دەکەوێتە دەرۆزەو گەدایی.

هەندێ لە رەخنەگران پێیان وا بووە کە راسکولنیوف لە راستیدا یەکێك بووە لە خەتاکارانی سیاسی و وەکو چۆن دۆستۆفسکی لە کتێبی (یادگارێن خانەی مردووان)دا خۆی وەکو قارەمانی ئەم چیرۆکە بەرجەستە کردووە، لەم رۆمانی (تاوان و سزا)یەشدا ئەو بەم شێوەیە دەنوێنێ. ئەم بیروبۆچوونەش لەمەوە هاتووە کە دوو – سێ رۆژ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی دۆستۆفسکی، تاوانێکی نزیك لەو تاوانە لە سانپترسبۆرگدا روویداوەو تاوانکارەکە تەنیا لە ژێر کاریگەریی باوەڕی نەهلیستیەکاندا ئەم کارەی کردووەو هیچ مەبەستێکی رامیاری نەبووە. ئەم پرەنسیپانەش وەکو تورگنیف لە زمانی (بازارۆف)ی قارەمانی خۆیەوە دەری بڕیوە لە راستیدا لایەنێکی گشتی هەیەو سەرچاوەی هەموو تاوانکارییە گشتی و تایبەتیەکانە. هونەری گەورەی دۆستۆفسکی لەمەدایە کە ئەوە نیشان دەدات ئەم بیرەی کە هەوەڵجار لە دەف تاك دێتە ئاراوە لەوەیە ببێ بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی. جا لە مەیدانی بابەتی سایکۆلۆجی و نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەم گەورە نووسەرە قەرزارباری کەس نیەو لە پایەیەکی ئەوەندە بەرزدایە کە ئەگەر هەندێ کێماسی لە هەندێ بەرهەمیدا هەبێ، هیچ لە شان وشەوکەتی ئەو کەم ناکاتەوە.

مەبەستی سەرەکی دۆستۆفسکی لە باری سایکۆلۆجیەوە تەنیا ئەم خۆیبوونی فەردی و ئەم بە شەخسیەتیەیە کە سلاڤدۆستەکان بە هێڤی بوون بیکەن بە هێم و بناغەی ژیانی نەتەوەیی، بە گوتەیەکی دی جۆرە خۆویستییەکی بێ سنوورە کە ئەگەر بویەرو رووداوان رێگەی نەشونمای بگرێ بەوپەڕی توندو تیژی سەرهەڵدەدات و هەڵدەچێت. (راسکولنیکوف)ی قارەمانی(دۆستۆفسکی)ش میناکی (بازارۆف)ی قارەمانی رۆمانی (باوکان و کوڕان)ی تورگنیف دنیایەك سوخەت وخەسێتی هەڤدژی هەیەو هەندێکیان بە رادەیەك قێزەونن کە هەندێ کەس گومانیان لەوە پەیدا کردووە ئایا مەبەستی نووسەر وەسف و باسی حاڵەتی شێتی بووە یان نا.

یەکێك لەمانە ئەم خۆویستییە سەیرەی ئەوە، کە دوا پولی خۆی سەرفی کفن و دفنی (مار میلادوف) دەکات، واتە سەرفی ئەو مەیخۆرەی کە جەنازەکەی لە کوچەو کۆڵان کەوتبوو، وچەند سەعاتێك پێش ئەوە بۆ یەکەمجار دیتبووی. لەم رووەوە (یوجین ئارام)ی قارەمانی (بلورلایتن) تەنانەت لە گۆشەنیگای سایکولۆجی و دەروونناسیەوە پایەدارترە وەکو چۆن پایەی ئەخلاقیشی بەرزتر بووە. راسکولنیکۆف تەنیا پیاوێکی فەلەکزەدەی بێ ویست و ئاوەز پەشێوەو هزرو بیرێکی لە کەللەدایە کە مێشکی نایگرێ. پاش ئەنجامدانی تاوانەکە دووچاری پەرێشانی هزرو ترس و دڵەڕاوکێی شێت ئاسایی دەبێ و ئەوە ساغ دەبێتەوە کە ئەگەر بە تەما بووە لە نێو پیاوانی بە تواناد جێیەك بگرێ، ئەمە تەنیا خەیاڵ پڵاوێك بووەو هیچی دی و بە خۆیشی پەی بەم دەسەپاچەیی و پەرێشانیە دەبات. ئەو بیرەی کە زەینی داگیرکرد بوو کە کەسێك بکوژێت و دزی بکات بە تاڵ دەبێتەوەو بیرێکی دیکە جێی دەگرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە دان بە تاوانەکەی خۆیدا بنێ. بەڵام لە بارەیەشەوە هەر بێ جورئەتەو ئەو راستگۆیە نیە، لاڕێ دەگرێت و پاش ئەوەی ماوەیەك بە دەوری پۆلیسخانەدا دێ و دەچێت، دەچێت بۆ لای سۆنیا تا گرێی دڵی بۆ ئەو بکاتەوە.

سۆنیا، بابەتە ژنێکە کە لە روسیاو شوێنانی دیدا نموونەی فرەیە، سۆزانیەکە کە لە باری رەوشت و ئاکارەوە گەندەڵ نیە، دۆستۆفسکی بەوپەڕی سادەیی هەڵی بژاردووە تا ئیجابیاتی سزا لە راسکۆلینکوف حاڵی بکات و ئەو خەسڵەتەی کە لەودا هەیە، هەر چەندە حاڵەتێکی تایبەتیە، بەڵام فرەیە، ئەمەیە کە لە تەوازوعی خۆیدا راستگۆیە. دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئایا ئەم حاڵەتەی کە گوناحکار خۆی تەسلیم بە سزای خۆی بکات حەقیقەتی هەیە یان نا، لایەنی واقیعی هەیە یان نا. گەلێك لەو نووسەرانەی کە بەر لە دۆستۆفسکی بوون، لەوانە (پریڤۆست– Prevost) نووسەری بە ناوبانگی فەرەنسی، دانەری کتێبی (مانون لیسکوت – Manon Lescaut) ئەم بیرەیان کردووەتەوە. هەندێکیش پێیان وایە کە ئەم بیرە لە هەندێ بواری ئاکاری و ئەخلاقی و تەنانەت لە بواری سروشتیشدا دێتە پێشێ و ئاکامی لاوازی و بگرە نەخۆشییەکە کە بێ دەرمانە. سۆنیا لە راستیدا فریشتەیەکە کە تەنانەت هەموو رۆژێ ئینجیلیش دەخوێنێتەوە.

دۆستۆفسکی لە وەسف وباسی ئەم کەسایەتیانەو لە شیکردنەوەی هەست وسۆزو بیروبیرکردنەوەیاندا زۆر باڵا دەستەو ئەو هەستی ترس و میهرەی کە لە خوێنەریشدا چێدەبێ فەرامۆش ناکات. بەڵام لە گۆشەنیگای هونەری و بگرە زانستیشەوە ئەم پرەنسیپانە جێگەی هەندێ رەخنەو ئیرادن، چونکە هەندێ کەس پێیان وایە کە ویستویەتی لایەنی زانستیش بەکار بێنێ. ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو بەکاری بردووە بە زۆری هەمان بنەماو پرەنسیپن کە لە ژیانی ئاساییدا هەموو کەس بۆ پەی بردن بە حاڵەتێك بە کاری دێنن. نووسەر نەهاتووە پێمان بڵێ راسکۆلنیکوف کێیەو بایەخی چەندە، بەڵکو هاتووە بەتانی هەزاران وردە شتدا دەچێت و راڤەو شرۆڤەی دەکات و بەمجۆرە کەسایەتی قارەمانی رۆمانەکە وردە وردەو خۆبەخۆ بەدیار دەکەوێ. چونکە لە دنیای حەقیقەتیشدا ئەم وردە بویەرانە تەرتیب و ریزبەندی لۆجیکیان نیەو ئەوەی

گرنگترە زووتر رووی نەداوە، نووسەریش هەمان پرەنسیپ و بنەمای رەچاو کردووە. لە لاپەڕەی دووەمی رۆمانەکەدا پەی بەوە دەبەین کە راسکۆلنیکۆف خۆی ساز دەدا ژنە پیرە سوتخۆرەکە بکوژێت و لە کۆتایی رۆمانەکەدا ئەوجا دەزانین کە گوتارێکی لە گۆڤارێکدا بلاوکردووەتەوەو لەو گوتارەدا هەولی داوە پاکانە بۆ نیازی شەڕوشومی خۆی بکات. زێدەباری ئەمەی کە خوێنەر پێویستە بە حەوسەلەو پشوودرێژ بێ تا ئەم وردەکاریانە بخوێنێتەوەو زەینی تەحەمولی بکات، ئەوجاش ئاکامو ئەنجام تا ئەندازەیەك ئالۆزە. عەیبێکی دیکەش لەم رۆمانەدا هەیە، و لەلای زۆربەی رۆماننووسانی روسی هەیە، ئەویش ئەمەیە کە هونەرەکەیان لەو بنەمایانە دەچێت کە لە تەلارکاری کلێسا کۆنەکانی روسیادا بەکاربراوە. لە دیمەنو روکاری ئەو کلێسایانەدا ئەوەی کە مایەی سەرسامیو سەرنجە ئەمەیە کە پێنج شەش بینای جودا دەبینی کە چوون بەناو یەکدا. لە رۆمانی (تاوانو سزا)شدا کۆمەڵێك چیرۆکی جیاواز هەن کە بە هۆیەکی نادیارەوە پێکڤە گرێدراون.بەلام ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندیە بە هیچ کلۆجێ تایبەت بە ئەدەبیاتی روسی نیەو تەنانەت دەشێت بگوترێ کە هەوەڵجار لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بینراوە. یەکێك لەوانە رۆمانی (دانیل دروندا– Daniel Deronda)ی نووسینی جۆرج ئیلیوت– Georyes Elliot، ئەو ژنەی کە لە ئەدەبیاتی ئینگلتەردا فرە ناودارە.

بە شێوەیەکی گشتی لە سەراپای بەرهەمەکانی دۆستۆفسکی دا جگە لە (خەڵکی دەستکورت)و لە هەندێ پاژی (بیرەوەرییەکانی خانەی مردووان)دا رێبازی ئاسایی نڤیساری ئەو هەمیشە خویایەو ئەوە نیشاندەدا کە شتی بۆ پارە دەنووسیو هەر لەبەر ئەمەش بابەتەکانی درێژ دەکردەوەو شاخو باڵێکی فرەی پێوە دەنان، چونکە هەمیشە دەستکورت بووەو نەیتوانیوە بەپێی پێویست بنووسێت رۆژێك لە ئیختیزال نووسێك گەڕاوە تا کارەکانی زووتر بۆ تەواو بکات، کیژێکی گەنجیان، بە نێوی ئاناگریگۆروڤنا سڤیتکین، پێ ناساندو دوای ماوەیەك بوو بە ژنی دووەمی. جگە لەوەی کە لە رای گوزەراند پێویستی بە نووسین بوو، ئارەزوویەکی بێ پایانیشی هەبوو کە هەمیشە پەیوەندی بە خوێنەرانی خۆیەوە هەبێو یەکجار تاسەمەندی ئەو بوو ئەو شۆرەتو نێوبانگەی لە نێو خەڵکیدا پەیدای کردبوو لە دەست نەدات، بۆیە هەموو بەهرەو هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان دەکرد. خەوشەکانی ئەم کارەی لە رۆمانی (تاوانو سزا)دا زەقاو زەق دیارە، وەکو چۆن ئەمە دەربارەی سۆنیا لە سەرەتای رۆمانەکەدا هەست پێدەکرێت، چونکە یەکەمجار کە دەردەکەوێ نووسەر وەکو ژنێکی جوان دەیناسێنێ، کەچی کە جاری دووەم دێتەوە مەیدان، ژنێکی دزێوو ناشیرینە.

لە بەرهەمەکانی دوای ئەم رۆمانە، ئەم خەوشانە برێك زیاترن، بۆ نموونە لە رۆمانی (کەودەن) کە لە ساڵی ١٨٦٨دا بلاوی کردووەتەوە، و لە رۆمانی (جن زەدەکان) کە لە ساڵی ١٨٧٣دا بلاوی کردووەتەوە، ورۆمانی (برایانی کارامازۆف) کە لە سالانی ١٨٧٩و ١٨٨٠دا نووسیویەتی. لە کتێبی (کەودەن)دا سێبەرو کاریگەریی لیڤ تۆلستۆی بەدی دەکرێ، دۆستۆفسکی بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو پرەنسیپە عیسەویە تایبەتیەی کە تۆلستۆی ئیدیعای دەکرد، پیادە کردووە.

لەم رۆمانەدا کەودەنەکەی ئەو ویستویەتی ئەم خاڵە بسەلمێنێ کە ئەگەر هەندێ تانوپۆی دەماغی کە ئێمە بۆ ژیان یەجگار بە پێویستی دەزانین، بەلام لە راستیا تەنیا بۆ خراپ کردنە دووچاری هەندێ خەلەل ببێ، هێشتا هەر ئەو دەماغە دەتوانێ لە باری تێگەییشتنەوە، بە تایبەتی لە روانگەی ئەخلاقەوە بالادەستی خۆی لە دەست نەدات.

بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە وردە دۆستۆفسکی کنیاز مویشکین دەخاتە بەر وردکردنەوەو شیکردنەوەو لە روانگەو گۆشەنیگای سایکولۆژییەوە وەسفی دەکات. ئەم شازادەیە میناکی هەمان ئەو کەودەنانەیە کە لە نێو دێهاتیاندا فرەن، بەلام لێرەدا یەکێکە لە ئەشرافان و چەند نمرەیەك لەوان بالاترە. لەم رۆمانەدا (کەودەن- ئەبلە) بەشێك هەیە کە ژینامەی خودی نووسەرەو لەم رووەوە یەجگار جوان و سەرنجڕاکێشەو هەندێ برگەی تێدایەو بابەتی هەرە گرینگ وجوانی ئەوە ئەمەیە کە شوێنەواری شێتی بەشێکە لە شوێنەواری سروشتی و لە جوملەی شوێنەوارە شەهوانیەکانە، بەلام ژێراوژێر هەندێ بابەتی سادەی مندالانەشی تێدا هەیە.

دۆستۆفسکی رۆمانی (جن زەدەکان)ی لە هەنبەر رۆمانی (باوکان و کوڕان)ی تورگنیف نووسیوەو هزری تورگنیف و باوەڕی گرانفسکی و بیروبۆچوونی هەندێ لە رۆژاواناسانی داوەتە بەر تەوس وتوانجان. ئاشکرایە کە دۆستۆفسکی نەیتوانیوە تەحەمولی ئەوە بکات کە لە باسی بابەتێکی کۆمەلایەتی گرینگی وەکو نەهلیزمدا، کە لە باسی راسکولنیکۆف دا تەنیا باسێکی کالوکرچ و ئالۆزی کردووە، خەلکانێك پێش ئەو کەوتبن. هەلبەتە ناتوانرێ بگوترێ کە لەم مەبەست وکارەیدا بە تەواوەتی سەرکەوتووە. (ستاڤرۆگین)ی شا قارەمانی ئەم رۆمانە بوونەوەرێکی ئالۆزو مەنگ نیە کە زیاتر ئەفسانە ئامێز بێ، هەندێ وردە شتی تێدا دەبینرێ کە دیارە لە چیرۆکی (دزانی دەریایی) بایرون و (ئەرنانی) ڤیکتۆر هۆگۆو ئەشرافانی عەوام خەلەتێنی چیرۆکەکانی جۆرج ساندو ئوژین سۆو خەلکانی دیکەوە وەرگیراوەو لە راستیا ئەم قارەمانەی دۆستۆفسکی کابرایەکە لە ئەنجامی بێکاریەوە بووە بە یەکێك لە شۆڕشگێڕان و لە رووی داب و نەریت و خووخدەی روسیەوە لە کۆنی کۆنەوە هاوتاو هاوشێوەی بینراوە.

دۆستۆفسکی بابەتێکی گرینگی کە بەسەر تورگنیف دا رەت بووە، نیشانداوەو ئەوەش بابەتێکە کە بووەتە هۆی بە هێز بوونی رێبازی نەهلیزم لەواری پراتیکی دا. ئەم بابەتەی لە رێگەو بەهۆی کۆمەلێك بیری ئالۆزو تێکەل و پێکەل و تەنانەت بێهودەی ژمارەیەك خەلکی کەچرەوو لادەرو بەهۆی رێکخستنی بێ سەروبەری حیزبێکی سیاسیەوە، بێ کاریگەر نیشان نەداوە، بەلکو بەهۆی ویستی سەرکێش و یاخیانەی کۆمەلێك خەلکی پرجۆش و نەسرەوت-ەوە نیشانی داوەو بەمەش ئەرکی مێژوونووسی ئەنجامداوە.

بەلام رۆمانی (برایانی کارامازۆف) یان بە بینایەك شوبهاندووە کە تەنیا هەیکەلەکەیان بینا کرد بێ، دۆستۆفسکی لە سالی ۱۸۷۰دا کە چەند مانگێك لە شاری دیرسدنی ئەلمانیادا بوو نەخشەی ئەم رۆمانەی داڕشتبوو. ئەم رۆمانە دەبوایە پێنج بەش لە خۆبگرێ و بەناونیشانی "ژیانی گوناحکارێکی گەورە" بلاوببێتەوەو ژیانی چەندین نەسل وتۆرەمە لە زەمانی چائادائیف بە دواوە بەرجەستە بکات و نیشانبدات. رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) تۆلستۆی تازە دەرچوو بوو،

و ئەمجارەیان دۆستۆفسکی سوور بوو لەسەر ئەوەی هەڤرکی تۆلستۆی بکات. پاشان ئەو پێنج بەشەی هێنایە سەر دوو بەش، لیٚ لە ئەنجامدا تەنیا بەشی یەکەمی تەواو کرد کە بە تەنیا چوار بەرگە. هەوڵی داوە راپەرینی دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ بە هەموو جۆش‌و خرۆشێکی خەڵکی ئەو زەمانەوە، بە بیروباوەڕی خەیاڵپەروەرانی شۆڕشگێڕەوە بخاتە روو. جووتە برا گەورەکانی قارەمانانی ئەم رۆمانە وا دەنوێنیٚ کە نموونەو نیشانەی نەخۆشییە دەرونییەکانی خەڵکی ئەو رۆژگارە بن. لەم جووتە برایە، (دیمیتری)یان کە پیاوێکی گەندەڵ ئاکارە موفتەلای نەخۆشی ئیرادەیەو ئیڤان کە مێشکی تەواو نیە گیرۆدەی نەخۆشی هزرییە. برای سێیەم، ئالیوشا نموونەو نوێنەری خەڵکی ساغڵەمی ئەو زەمان‌و رۆژگارەیە کە لە ئەنجامی هزرێن نەتەوەیی‌و ڤیان‌و ئەڤینداری دا لادانی هزری‌و گەندەڵی ئاکاری نیەو هەندیٚ کەس پێیان وایە کە ئەم وەسفەی دۆستۆفسکی وێنەیەکی (سۆلۆڤیوڤ)ی زانای هاوعەسری خۆیەتی کە پیاوێکی یەکجار نەرم و سازگارو میهرەبان‌و بە حەوسەڵەو لێبوردە بووە. هەندێکی دیکە گوتوویانە کە مەبەستی دۆستۆفسکی لە برای یەکەم روسیای مایل بە ئەوروپاو لە برای دووەم روسیای دواکەوتوو لە شارستانیەت‌و لە برای سێیەم روسیای ئایندەیەو بەمجۆرە بیٚ ئەوەی بە ئاشکرا دەری بڕیبیٚ توخم و رەگەزە نەتەوەییەکانی کەلتورو شارستانیەتی روسیای دەگەڵ ئەو هزرو بیرانەدا کە لە ئەوروپایان وەرگرتبوو، گونجاندووە. بەڵام ئەم ئەنجامە تەنیا لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا دێتە دی، چونکە لە بەشی یەکەمدا ئالیوشا هێشتا پایەیەکی گرینگی نیەو زۆسیما نوێنەری ئەو بیروباوەڕە فەلسەفی‌و ئاینی‌و کۆمەڵایەتیانەیە کە دۆستۆفسکی کۆمەڵێك ئامۆژگاری لیٚ هەڵێنجاون، زۆسیما قەشەی دێرێکە کە ئالیوشا لەوێندەر پەروەردە دەبیٚ. زۆسیما خوازیاری ئەوەیە کە شاگردەکەی تەجرەبەیەکی سەرەتاکانی ژیان بکات بۆیە واداری دەکات کە ژن بێنیٚ. دۆستۆفسکی بەمجۆرە پرەنسیپی سەرەکی‌و ئەسڵی ئامۆژگارییەکانی خۆی دەردەبڕێت‌و ئەوەش ئەمەیە کە مرۆڤ لە رای خەبات بەرەو کەماڵی دەروونی‌و روحی دەبیٚ ئازاد بیٚ.

لە بەشی یەکەمی ئەم رۆمانەدا دۆستۆفسکی نەگبەتی‌و ناکامی‌و دزێوی‌و نزمیەکانی ئادەمیزادی شرۆڤە کردووەو بە تایبەتی نەخۆشییە دەروونی‌و روحیەکانی بە وەستایەتیەکی تەواوەوە وەسف‌و باس کردووە. بە بۆچوونی ئەو دەرمانی دەردی گەندەڵی ئەخلاقی مل دانە بۆ سزا، ئەگەر ئەو سزایە زاڵمانەش بیٚ، چونکە دەردەکە دەرمان دەکات‌و تاقە هۆی قەرەبووکردنەوەی ئەو ژیانەیە کە پڕ لە فسق وفجور و داوێن پیسی‌و بەدکاری بووە. هەمان سزای دیمیترییە کە بە هەڵە تاوانی بابکوژیان داوەتە پاڵ‌وسزایان داوە. بۆ نەخۆشانی دەروونی‌و روحیش ئومێدو هیوایەك هەیە چونکە نەخۆشێك ئەگەر ئاسیو بە روح و دەرون بگەیەنیٚ رێگەی رزگاریش دەکاتەوەو ئیڤان کە وەکو فیکر لەگەڵ دیمیتری دا هاودەست بووە، بە رواڵەت لەو تاوانبارترە کەچی تەنیا دیمیتری سزا دەدەریٚ.

لەم رۆمانەدا، جگە لە وەسف و باسی وردی نەخۆشیانی دەروونی‌و شرۆڤەی شاراوەترین دیاردەێن دەروونی مرۆڤانی، دنیایەك زانیاری بەنرخیش دەربارەی ژیانی ئەخلاقی‌و کەلتوری‌و شارستانی‌و کۆمەڵایەتی روسیا هەیە. بۆیە خویا نیە ئەو خوێنەرانەی کە ئاگاداری ئەو وەزع و

حالأنـه نـين تـا چ رادەيـەك لـە زەتـی لێـدەبينن. دۆستۆفسـكی خـۆی هەسـتی بـە سـەنگەلايی بابەتەكانی ئەم رۆمانە كردووەو دەيزانی كـە لـە سـەرەتاوە هاوسـەنگی لـە دەست داوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەشێت بە جورئەتەوە بگوترێت بالأترين ئەو لاپەڕانەی كە تائێستا لە ئەدەبياتی روسـی دا تۆمـاركراون لـەم رۆمانەدايـە.دەربـارەی باس‌وخواسـە فەلسـەفی‌و ئاينييـەكان كـە گيـانی ئامۆژگارييەكانی كلێسای بيزەنتيەی بە تـەواوەتی تێدا ديارەو كۆمەڵە باس‌و خواسێكی دوورو درێـژو ئـاڵۆزو بـە پـێچ و پەنايـە، نووسـەر بـاوەڕی بتـەوو نـەگۆڕی خـۆی سـەبارەت بـە مەسـيح دەربڕيوەو تەنانـەت هەنـدێجار بـاوەڕی بـە كـەرامات‌و مـوجيزات‌و گەڕانـەوەو ژيانـەوەی روحـيش هەيە.

هاوسەری دووەمی دۆستۆفسكی خوێندنی بەرزی تەواو نەكردبوو، بەڵام بە تەواوەتی پەی بـە ئـەركی گرنگـی خـۆی بردبـوو، و بـوونی لـە ژيـانی بـێ سـەروبەرو پەشـێوی دۆستۆفسـكيدا فـرە كاريگەر بووە، بۆيە لە دوا ساڵەكانی ژيانيا پياوێكی بەختـەوەر بـووە. قـەرزەكانی دايـەوەو ماڵ‌و ژيانێكی ئاسوودەی بۆ دابينكرد. لە گۆڤاری "دەفتەرچەی نووسـەرێك" كـە لـە سـاڵی ١٨٧٣دا بـە بـەردەوامی بڵاودەبـووەو لـە گۆڤـاری (گـراژدانين- شـاری) كـە كنيـاز مشچرسـكی دەری دەكـرد، گوتاری بڵاودەكردەوەو لـەم رێگەيـەوە سـەنگ‌و ناوبـانگێكی لـە رادەبـەدەری لـە سـەردەمی خۆيـدا هـەبوو. لـە سـاڵی ١٨٨٠دا بەبۆنـەی پـەردە لادان لەسـەر پەيكـەری پوشـكين وتـارێكی دا كـە بـووە مايەی ئەوپەڕی شۆرەت‌و شانازی ئەو. لەو كاتەوە كە دۆستۆفسكی بـۆ سـيبريا دوور خرابـووەوە هەندێجار بە يەكێك لە كۆنەپەرستان‌و هەندێ جار بە يەكێك لـە (سلاڤدۆستان)يـان دەزانـی. بـەڵام لـە حەقيقەتـدا ئـەو مەيلـەی بـەلای ديموكراسـيدا هـەی بـوو لـە كۆنەپەرسـتانی دوور دەخسـتەوەو چـونكە هـيچ ئاماژەيـەك بـۆ رووداوە مێژووييـەكان‌و تەنانـەت هـيچ خـەياڵ پەروەرييـەك لـە بەرهەمەكانی ئەودا نيە، ديارە كە لە سلاڤدۆستەكانيش جيا بووە.

دەشێت بگوترێ كە دۆستۆفسكی خەڵكی روسيای بەجوان نەزانيوەو كە خۆشی ويستوون بە خۆشەويستی نەژماردوون‌و لە زۆر لايەنەوە تەرزی هزرينی وانی پەسند نەكردووە بەڵام روح و دەروونی ئەم خەڵكەی بە ريفۆرم پەزێر زانيوەو پێی وا بووە كە شايستەی عەفوو چاوپۆشين‌و ئامادەی پەشيمان بوونەوەن، بۆيە پايەيەكی ئەخلاقی بەرزيان هەيە كە چەندێ مادياتی ژيان بيان لەوتێنێ، هەر ژەنگ نايەن‌و ئاسيويان ناگاتێ.

دۆستۆفسـكی ئـەم بيروبۆچـوونەی بەوپـەڕی روونـی‌و رەوانـی لـەو گوتـارەدا كـە خوێنديـەوە دەربڕيوەو لـەم بوارەدا هەندێ بيروبۆچوونی تـازەی دەربـڕی كـە ديـارە تـەنيا كەڵكەڵـەو خوليـای شۆرەت‌و ناوبانگ ئەمەی پێ كردووە، چونكە هەندێ لەو بۆچوونانە رێك پێچەوانەی هەندێ لـەو بيروباوەڕانەيە كە لە شوێنانی تردا نيشانی داون‌و تەنانەت هەندێكيان زۆر دووبارە كردووەتەوە. بۆ نموونـە بـەرزی ئـەخلاقی ميللـەتی روسـيا كـە دەيگێڕێتـەوە بۆ بـێ فيـزی‌و سـازگاری‌و نـەرم و نيانی ميللەتەكە پێچەوانەی ئەو شتانەيە كە پێشتر گوتوونی. دۆستۆفسكی لـەم گوتـارەدا باسـی (ميللەتێكی هەڵبژاردە)ی كردووە كە پێويستە نموونـەی سـەفای خـوايی بـێ لەسـەر رووی زەوی، چـونكە غـرورو قۆڕەدەمـاغی گـومڕای ناكـات‌و هـەر بێگانەيـەك بـە بـرای خـۆی دەزانێـت‌و هـەر

تاوانکارێـك بـه بەدبـەخت دەژمێـریٚ‌و بـەبیٚ کـەڵکی نـازانیٚ‌و تاقـه میللەتێکـه کـه ئـارەزووی مەسـیحیانی، کـه خۆشەویسـتی و لێبوردەییـه، لـه خـۆدا کۆکردووەتـەوە. لـەم گوتـارەدا دۆستۆفسکی تەنیا له یەك شوێندا دەگەڵ سلاڤدۆستەکاندا ناکۆکە، ئەویش ئەوەیه که پێی وایه گیـانی نەتـەوەیی روسـیا ئامادەیـه کـەلتورو شارسـتانیەتی بێگانـه قـەبولٚ بکـات‌و توانیویـەتی‌و دەتوانیٚ ئەو شته بیٚ که لەو زەمانەدا بەشۆخیەوە پێیان دەگوت: "مرۆڤی هەمەکارە"، بەڵام ئەم بۆچـوون‌و دەربڕینـه روون و رەوانانـەی دۆستۆفسـکی کردویانەتـه کارێـك کـه خـەڵکی، بـه سلاڤدۆستەکانیشـەوە، بـه تاسـەو خۆشـییەکی تایبەتیـەوە وەریـان گرتـووە. جـا چـونکه دۆستۆفسـکی بەشـێکی زۆر گرینگـی لـه ئاینـدەی میللەتـدا بـۆ کڵێسـای ئەرەتەدوکسـی دیـاری کردبوو، له مخالەفەتەکانی ئەو نەڕەنجان.

لـه راسـتیدا ئیڤـان کارامـازۆف کـه یـەك لـه قارەمانـانی (برایـانی کارامـازۆف)ـەو گـێرۆدەی گوماندراری خۆی بووە بەلای کەمەوە ماوەیەك نموونەو نوێنەری هزرو ناخی دۆستۆفسکی بووە، ئەو ئاماژە ئاینییانەی که لەم رۆمانەدا هەیه، به دروستی خویا نیه که تا چ رادەیەك دەگەڵ روح و دەروونی نووسەردا هەڤبەندی هەبووە. وا دەردەکەویٚ که دروست ترین و راستترین گوزارشتی بیروبـاوەری بـاتینی ئـەو ئـەم گفتوگۆیـه بـیٚ کـه لـه رۆمـانی (جـن زەدەکـان)دا لـه نێـوان شـاتوڤ و ستاڤروگینی قارەمانانی ئەو رۆمانەدا رووی داوە. ستاڤروگین له شاتوڤ دەپرسێت که باوەڕی به خـودا هەیـه یـان نـا؟ بەرسـڤی دەداتـەوە: "مـن بـاوەڕم بـه روسـیا هەیـه، بـاوەڕم بـه کڵێسـای ئەرتەدوکس هەیه... باوەڕم به بەدەنی عیسا هەیـه... باوەڕم به وەیـه کـه ژیانـەوەی پـاش مردنـی عیسـا لـه روسـیادا دەبـیٚ..." دیسـان لێـی دەپرسـێتەوە: "ئـەدی بـه خـوا؟ بـه خـوا؟" بەرسـڤ دەداتەوە: "من... لەوەیه باوەڕم به خوداش هەبیٚ!".

لـەوە دەچـێت لـه گۆشـەنیگای دۆستۆفسـکییەوە بیروبـاوەڕی ئەرتەدۆکسـی تاقـه ناسـنامەی نەتـەوەیی روسـەکان بـیٚ، لـەم بارەیـەوە، لـەزمانی سـاتۆڤەوە دەڵێـت: "هـیچ میللـەتێکی مـەزنی مێـژوویی نیـەو کـه خوایـەکی نەتـەوەیی خـۆی نـەبێت". هەڵبەتـه ئەگـەر پـێش ئـەوە لـه راپـەڕینی هزری رۆژگاری خۆی‌و ئاقیبەته مادیەکانی جیا نەبووبێتـەوە، بەلای کەمـەوە لـەو سـەردەمەوە کـه کەوتووەتـه تاراوگـه لێـی جیابووەتـەوەو دابـڕاوە. تـەنیا یـەك خـاڵی هاوبـەش لـه نێـوان ئـەوو شۆڕشگێڕانی ئەو رۆژگارەدا هەبوو ئەوەش ئەمه بوو که هـەوڵیان دەدا لـه دەرێـی داب و نـەریت و رێسـا نەتەوەییـەکانی خۆیـدا حەقیقـەتێك بدۆزنـەوە. ئـەم حەقیقەتـه لـه گۆشـەنیگاو بـه بـاوەڕی دۆستۆفسـکی دەبـوا لـه دیـاردە دەرەکـی‌و پەیمانـه کۆمەڵایەتیـەکان بـه دەربـیٚ، بۆیـه لـه روانگـەی ئـەوو لـه گۆشـەنیگای تۆلسـتۆیەوە لـەوە بـوو سـۆزانیەك لـه بـاری ئـەخلاقی‌و لـه رووی ئـەرکی دەرەکییەوە زۆر له ژنێکی بیٚ عەیبی کۆمەڵایەتی، باشتر بیٚ. وەکو چۆن راسکۆلنیکوف‌و سۆنیا‌و دیمیتری‌و ئەو کەسانەی که له کتێبی (یادگارەکانی خانەی مردووان)دا مەحکوم بەکاری قورسن، وێڕای ئەوەی چەندین تاوان‌و عەیبیان تێدا کۆبووەتەوە، دۆستۆفسکی هەموویانی خۆش دەویٚ. رقی هـەرە گـەورەی ئـەو لـه قۆڕەدەمـاغی‌و فیززلـی شەخسـی‌و خۆپەرسـتی‌و درۆیـە. لەمەشدا پتر مایـل بـه بەخشـین‌و چاوپۆشـی‌و لێبوردەییـه. هـەموو کەسـێك‌و تەنانـەت سـەمێردیاکوفش کـه

بابکوژی راستەقینەیە عەفو دەکات‌و دەبەخشێت.هەر هەموو ئەم عەفوو چاوپۆشی‌و لێبوردەییانە حەقیقەتی پرەنسیپە ئەخلاقی‌و فەلسەفیەکانی ئەو نیشان دەدەن‌و ئەمە جۆرە ئینجیلێکی تازەیە کە دەشێت بگوترێ هەر سێ دیمەن و لایەنەکانی تاوان، واتە تاوانباری پەشیمان‌و فرزەندی سەرپێچی کارو ژنی داوێن تەڕ شایستەی بەزەیی‌و روحمن.

ئەم گوتارەی کە ئەم هەموو شۆرەتەی بە دۆستۆفسکی بەخشی لە دوا ژمارەی گۆڤاری (دەفتەرچەی نووسەرێك) بڵاوبووەوە. ژمارەی دواتر لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٨٨١دا لە هەمان رۆژدا کە نووسەری مەزنیان بە خاك دەسپارد بڵاوبووەوە. ماوەیەکی زۆر بوو تەنیا کۆمەڵێك چڵ‌و چێو بوو، وهەمیشە لە جم‌و جۆڵدا بوو، و بە تەواوەتی پوکابووەوە. سەرەنجام فێیەکی توندی لێهات‌و مرد. خوێندکارانی زانستگەی پترسبۆرگ دەیانویست ئەو کۆت وزنجیرەی کە لە کاتی نەفی کردندا لە دەست و پێیان کردبوو، بە دوای جەنازەکەیدا بەرن. لەم سەروبەندەدا نەهلیستیەکان یەجگار مژولی کوشتار بوون‌و تەنیا یەك مانگ مابوو کە ئەلکساندەری دووەم، تزاری روسیاش بکوژن. بەڵام ئیمپراتۆر رێگەی نەدا ئەم رووداوە شوومە کە خەڵکی لە بیریان چوو بوو، دووبارە وەبیر خەڵکی بێننەوە. وێڕای هەموو ئەمەش لە راستیدا بەرێکردنی جەنازەکەی دۆستۆفسکی جۆرە نمایش و خۆنواندنێکی هێزە شۆڕشگێڕەکان بوو و لە تۆ وایە دەیانویست شەخسی تزار ئاگادار بکەنەوە کە بەو زووانە چی بەسەر دێت.

ژیانی دۆستۆفسکی لە باری نەشونماو گەشەکردنی هزرییەوە بە دوو قۆناغی زۆر جیاوازدا رۆییوە: تا ساڵی ١٨٦٥ قۆناغێك بوو کە بەردەوام بەرەو کەماڵ دەڕۆیی، ئەمە قۆناغێك بوو کە هەموو هاوعەسرانی ئەو پەیرەوی راپەڕینی فیکری ساڵانی ١٨٤٠یان دەکرد. لە دوای ساڵی ١٨٦٥وە ئیدی قۆناغی دژی ئەم راپەڕینە دەستی پێکردووە، کتێبی (یادگارەکانی خانەی مردووان) لەم رووەوە پێگەو شوێنێکی جیاوازو تایبەتی هەیە. یەکەم ئەوەیە کە داڕشتن‌و شێوازەکەی زۆر لە کتێبەکانی تری سادەترەو لەوێدا بانگەشەی بۆ هیچ جۆرە هزرێك نەکردووە. دۆستۆفسکی دواتر ئەم هزرەی دەربڕیوە کە کارێن قورس لەوەیە تاوانی ئەخلاقی بێ، بەڵام ئەم هزرە هێشتا لەم کتێبەدا نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وا دەنوێنێ کە مەحکومانی کاری قورس هیچ هەستێکی پەشیمانیان نیەو تەنانەت بەراشکاوی دەڵێت کە زندان نابێتە مایەی چاك بوون.

هۆیەکەشی دیارە: دۆستۆفسکی ئەم کتێبەی، بەر لەوەی بۆ سانپترسبۆرگ بڕوات‌و بکەوێتە ژێر کاریگەریی ژمارەیەك لە سلاڤدۆستانەوە، نووسیوە. بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ هەرگیز بە تەواوەتی تەسلیمیان نەبووە. تاقە شتێك کە لەوانی وەرگرتبوو ئەمەیە کە پێی وابوو خەڵکی روسیا دەبێ لە رێگەی نەتەوەییەوە نوێ ببنەوە، بەڵام ئەم تازە بوونەوەیەی لە داب و نەریتی کۆن و لە رواڵەتەکانی ژیانی وەکو داب و نەریت و جلك و بەرگو... هتد نەدەبینی، بەڵکو باوەڕی وا بوو ئەم تازە بوونەوەیە دەبێ لە روح و ناخ‌و دەروونی میللەتدا روو بدات‌و روحی میللەتی بە درەوشاوەیی لە ژێر توێژاڵی ئەو چڵکی نەزانیەوە کە بە درێژایی ساڵان لە سەری کەڵەکە بوو، دەبینی، دیارە کە لێرەوە لە سلاڤدۆستەکان جیا بووەتەوە.

خـاڵێکی هاوبەشـی دیکـەی دەگـەڵ سلاڤدۆسـتەکان و لـیڤ تۆلسـتۆی دا هەیـە، ئـەویش وەدەرنانی شارستانیەتی رۆژاوایی و قبوڵ کردنی ئەم باوەڕەیە کە نابێت شارستانیەتی رۆژاوا تاقە بناغەو سەرچاوەی شارستانیەت و کەلتووری نەتەوەیی بێ و دەبێ جەماوەری میللەت بهێنرێتە مەیدان تا ئەم نەشونما شارستانیە تەواو بکات. لەم مەیدانەدا تۆلستۆی باوەڕی بە پرەنسیپەکانی ئاینی مەسیح و سوور نەبوون لەسەر خراپەیەو تەقریبەن هەمان ئەو باوەڕانەی هەیە کە گاندی-ش پاش ئەو لە هندوستاندا بانگەشەی بۆ کردووە. لێ دۆستۆفسکی هەندێ ئاموچیاری دیکەی لە ئینجیلەوە وەرگرتووە، ئەویش قەرەبوو کردنەوەی خراپەیە لە رێگەی رەنج و مەینەتیەوە. لێرەشدا دەبێ دۆستۆفسکی و تۆلستۆی لێکدی هەڵبرێن. تۆلستۆی لە بەشێکی هزرو بیرەکانیدا کە هەمووان دەزانن زۆر ناکۆکە، باوەڕی بە کەسایەتی تاکەو لە گۆشەنیگای ئەوەوە کەماڵی بوون و پەروەردەی نەفس و خەملاندنی خود لوتکەی پێشکەوتنەو ئەگەر دەوڵەتیش رێگەی نەدات دەبێ دەوڵەت لە نێو ببرێ. بەڵام دۆستۆفسکی لە بناواندا سوسیالیستە، ئازادی و کەماڵی شەخسی و تاك لە روانگەی ئەوەوە بایەخی کەمەو ئامادەیە تاك بکات بە قوربانی کەماڵی مرۆڤانی کە ئەو ئارمانج و مەبەستە لەسەر دەستی میللەتی هەڵبژاردە واتە میللەتی روسیا دێتە دی. ئەم بۆچوونە بە تەواوەتی پێچەوانەی بۆچوونی تۆلستۆی یە، بەڵام بە پێچەوانەی سلاڤدۆستەکانەوە کە وا نیشان دەدات پەیوەندی بەوانەوە هەیە، هیچ رق و کینەیەکی دەربارەی رۆژاوا نیە. ئومێدەوارە هەردوو روانین و بۆچوونی رۆژهەڵاتی و رۆژاوایی پێکڤە بسازێنێ و حەزدەکات کە روسیا ببێ بە پێشەنگی ئەم سازاندنە. سەیر ئەمەیە کە پاش شۆڕشی ١٩١٧ رۆژ بە رۆژ ئەم ئارەزووەی گەورە نووسەری روس زیاتر پەسند دەکرێ و دێتە دی. لەمەش سەیرتر ئەمەیە کە دۆستۆفسکی بە پێچەوانەی بۆچوونی دۆستانی کۆتایی تەمەنیەوە، وەدی هاتنی ئەو ئامانجە بە نزیك دەزانێ. ئەم بیروبۆچوونەی لە "ئاگادارینامەیەك"دا کە لە سەرەتای ژمارە یەکی گۆڤاری (سەردەم) لە ساڵی ١٨٦١دا بڵاو کردووەتەوەو پاشان لە وتارێکدا کە لە ساڵی ١٨٨٠دا خوێندویەتیەوە، بەوپەڕی راشکاوی دەربڕیوە.

هەڵبەتە ئەمەی کە دۆستۆفسکی هەمیشە لە بیری ئەوەدا بووە (روحی نەتەوەیی) لە ژێر تاریکی پۆخڵەوات و ناپاکی ئاکاری ژیانی کۆمەڵایەتی بێنێتە دەرێ لە سەرانسەری بەرهەمەکانیا دیارو ئاشکرایەو هەر ئەمەش بووەتە مایەی ئەمە کە تا ئەم رادەیە مژول و سەرقاڵی هەڵدانەوەی روح وناخی خەڵکی زەمانی خۆی و هەڵرشتنی ناخیان بێ. بۆیە وەسفی جیهانی دەرەوەو سروشت ومادیات لە بەرهەمەکانی ئەودا زۆر کەمەو وا دەردەکەوێ کە لە بنەڕەتدا گوێی بە جوانیەکانی سروشت نەدابێ و نەیدیتبن یان لە وەسفیاندا بێ توانا بووبێ، کەم نووسەر لە جیهاندا هەیە بە ئەندازەی ئەو ئەم لایەنە رۆمانسی و شاعیرانەیەی پشت گوێ خستبێ. دەشێت بگوترێ کە دۆستۆفسکی تەنیا لە مەیدانی دەروونناسی و سایکۆلۆژیدا حەقیقەتجۆو حەقیقەتدۆزە، وچونکە هەمیشە بابەتی تایبەتی و نائاسایی پەسند دەدات، خویایە کە رێبازو رێچکەی رۆمانتیکەکانی لا پەسندترە، لەم مەیدانەشدا ئەم ناکۆکیەی هەیە کە هەمیشە لە وێنەێن

خەیاڵی دەگەڕێو هەندێ جار شتانێك دەخاتەڕوو کە خەڵکانی تر خۆیان لێ نەداوە،بۆ نموونە خۆی لە معایەنەی پزیشکی هەڵدقورتێنێو لەم رووەوە باسی نەخۆشیەکەی خۆی دەکات.

سەیر ئەمەیە پزیشکەکانی هەمیشە ئامۆژگاریان دەکرد بیر لەو فێیە نەکاتەوە کە زۆر جار لێی دەهات، کەچی نەك هەر بە قسەی نەدەکردن، بەڵکو لە بەرهەمەکانی خۆیدا باسی نەخۆشییەکەی خۆی دەکرد.

دۆستۆفسکی بەخۆی پێی وابوو کە نووسەرێکی حەقیقەتجۆیەو هەرگیز لە خەمی زاهیرو رواڵەتدا نیە. ئەو هەستی نەفرەتو بێزارییەی کە لە خۆیدا دەیبینی بە تەواوەتی بە حەقیقەت و واقیعی دەزانیو دەکەوتە وردکردنەوەو شیتەڵکردنەوەیو لەم بارەیەوە پێی وابوو کە "هەر کەسێك لە ناخدا جەلادێکە". هەروەها باوەڕی وابوو کە هەر کەسێك ژێراو ژێر پیاوکوژو دزێکە بۆ خۆیو دەیگوت: "ئەمانە دیاردەو رواڵەتی زۆر ئاساییەو هەر ئێمە گوێی نادەینێ".

(دۆستۆفسکی)ش میناکی نیکراسۆف خۆی بە ناچار دەزانی کە لە بەردەم خوێنەردا دان بە خەتاو هەڵەی خۆیدا بنێت و خوێنەر بهاڕوژێنێو تەنیا لە میانی قۆناغە پڕ ئازارەکانی نەخۆشیەکەی خۆیدا دەیگوت هەست دەکات لەسەر خەتایەكو لەسەر ئەوەی تاوانێکی مەزنی کردووە تەمبێی دەکەنوسزای دەدەن. بۆیە دەشێت بگوترێ کە دۆستۆفسکی پیاوێکی فێداری تەواوو خۆی گوتەنی "دەست لێوەشاو" بووە، بەڵام لە بواری دۆزینەوەو دەست نیشان کردنی نەخۆشیانی روحیو دەرونی دا نۆڕینو تیژبینییەکی سەیری هەبووەو لە واری نیشاندانی دەردە ئەخلاقیو سایکولۆژیەکاندا تواناو بەهرەیەکی وای هەبووە کە کەس بە بای قولیا نەگەییوە. هەر بۆیە زۆربەی قارەمانەکانیشی فێدار یان جنو پەری زەدەن یان پێشبینی دەکەنو پەی بە نهێنیان دەبەن. وەکو چۆن ئالیوشا کارامازۆف نیازونیەتی خەڵکی دەبینێو شتە نهێنییەکان کەشف دەکاتو دەدۆزێتەوە. زۆسیمای کەشیش پێشبینی دەکات کە دیمیتری بە درێوترین و کرێتترین تاوان تۆمەتبار دەکرێتو لە روانگەی عیرفانی ئاینی مەسیحەوە لە بەرانبەر ئەودا کە لە هەمووان کەمتەرخەمترو موقەسیرترە چۆك دادەدات، چونکە قەدەرو چارەنووسی ئەوە کە ببێ بە هۆکاری شەفاو رزگاری برایانی ئاینی خۆی. هەر بۆیەش لەو ساڵانەی دواییدا گەلێك لە گەورە پسپۆڕانی مەیدانی نەخۆشییە دەروونیو مێشکییەکان رۆمانو کتێبەکانی دۆستۆفسکییان بە هۆی دۆزینەوەو شیکردنەوەو مالیجەی نەخۆشیانی هەمە جۆر داناوە. هەندێك لەو پسپۆڕانە ئەم هونەرو زەبەردەستیەی ئەم نووسەرە مەزنەیان لە مەیدانی دەست نیشان کردن و وەسفی ئەم نەخۆشیانەدا زۆر ستایش کردووەو تەنانەت هەندێ لەوانە دۆستۆفسکییان بە یەکێك لە هاوکارە مەزنەکانی خۆ ژماردووە.

دۆستۆفسکی لە نێو چینی سێیەمی خەڵکی شاردا هاتووەتە دنیاو لە هەمان ژینگەدا ژیاوە، بۆیە هونەری ئەو لە وەسفی سروشت دا لەوانی دی، کە هەموو سەر بە ئەشرافو موڵکداران بوون، کەمترە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی رستەکانی وەکو ئەوە وان کە تەواو نەکرابن. شێوازی داڕشتنی یەك دەستو یەکهاویو یەك نەوا نیە، هەر چەندە ئەمە بلیمەتیو توانای هزریو تەنانەت عەسەبیەتی ئەو دەگەیەنێ، بەرزیو نزمیو لاوازیو بتەوی لە رستەکانیا زۆرە. ئەوەی

که فره سەیره ئەمەیە که له سەرانسەری بەرهەمی دۆستۆفسکیدا ژنێك نابینی مایەی سەرنج بێ، هەموو قارەمانەکانی پیاون، له کاتێکدا هەموو نووسەرانی روسی، بێجگە لەو نیگارکێشانێکن که شەیدای جوانی روالّەت و ناخی ژنانن‌و ئەم ژنانه له بەرهەمەکانی تورگنیف دا گەرم و گورترو لـه بەرهەمـەکانی تۆلسـتۆی دا ناسـکترو دلّـرفێن تـرن، بـەلاّم لـه بەرهەمـەکانی دۆستۆفسـکیدا ئەگـەر توندەمجێز یان دەمدەمی نـەبن‌و ئەگـەر جـۆره نـەرمی‌و سـازگارییەك لـه رەفتاریانشـدا هـەبێ، هـەر زبرو توندن. لەم مەیدانەدا تواناو لێهاتوویی دۆستۆفسکی تـەنیا لـه وەسـفی ژنـانی گـەنجی وەکـو "نلـی" رۆمـانی "سەرشـۆڕان‌و زەلـیلان"و (لیـزا)ی رۆمـانی (برایـانی کارامـازۆف) دایـه. لێرەشـدا سوور بوونی لەسـەر وردکردنـەوەو شیکردنەوەی دەرون بەسـەر شتەکانی دیدا زالّـەو لەبـەر ئەمـه هەندێ شتی ناخۆشی دەربارەی زووڕەسینی هەستی شەهوانی ئـەم ژنـه گەنجانـه هێناوەتـه ئـاراو هەر ئەمەش بووەته هۆی ئەوه که تورگنیف له نووسینەکانی خۆیدا، مەیل‌و ئارەزووی نا ئاسایی داوته پالّ.

بەشێوەیەکی گشتی دەبێ ئەوه بگوترێ وێڕای ئەو درێژدادڕییەی کـه لـه بەرهەمـەکانیا هەیـەو سەرباری ئەو پچڕپچڕییه فراوانـەی هەیـەتی، دۆستۆفسـکی نووسـەرێکی فره مەزنـه، وێـڕای ئـەو هزره پەرێشان‌و پەشێوانەی هێناونیه ئاراوه، پیـاوێکی بـەرزەهزر بـووه، وهـەر چـەنده نـەیتوانیوه هەنـدێ لایـەنی مرۆڤپـەروەری‌و هەنـدێ لایـەنی شـەڕۆخی رەوای ئـادەمیزادان دەرك بکـات‌و پشـتیوانیان لـێ بکـات، هێشـتاش هـەر پیـاوێکی گـەوره بـووەو بـه هـەرحالّ هێشـتا لـه جیهـانی ئەدەبدا کەسێکی وەکو ئـەو نەبۆتـەوەو لـه ئـەدەبیاتی روسـیدا هەنـدێك بـه گـەورەترین پایـەداری ئەدەبی دەزانن، و ئەوانەیش که ئـەم پایـەی پـێ رەوا نـابینن، لـه دوای تۆلسـتۆی بـه پێشـەنگ و پێشـەوای هـەمووانی دەژمێـرن. هەلّبەتـه ئـەو کەسـانەش کـه پایـەی دووەمیـان داوەتـێ. نـەیان توانیوه چاوپۆشی لەم حەقیقەته بکەن که توانای ئەو لـه نووسینداو هونـەری ئـەو لـه وێنـەگرتن‌و نیشـاندانی ژیـان‌و هـزرێن دەرونیـدا لـه ئاسـتێکدایه کـه کـەم نووسـەر لـه جیهانـدا بـه بـای قولیـدا گەییوه.

جگـه لـەو شـاکارانەی کـه لـه هـەموو دنیـادا لـه ریـزی پێشـەوەی بەرهـەمێن ئەدەبیاتـدا دەژمێردرێن، دۆستۆفسکی ژمارەیەك کتێبی نمره دووەمیشی هەیە وەکو (قوماربان) کـه لـه سـالّی ١٨٦٦دا بلاّوی‌کردووەتەوەو (شووی هەرمان) که له سالّی ١٨٦٩دا بلاّوکردووەتەوەو (لاو) که لـه سـالّی ١٨٧٢دا بـلاّوی کردووەتـەوه، هـەروەها چـەند رۆمـانێکی دیکـەی مینـاکی (لەسـەردابەکەی مندا)و (گازیی ژێر زەمینی)و (نیتوچکا نیزڤانون)و (ئەهریمـەنان) و ئـەم رۆمانانـەش لـه جیهـانی خۆیاندا به رۆمانی شایسته دەژمێردرێن.

رووداوان لـه شاکارەکانی دۆستۆفسـکیدا یـەجگار سـادەیەو ئەوەنـده ئـالّۆز و تاریـك نیـه. بـۆ نموونه له (تاوان‌و سزا)دا خوێندکارێکی لاوی شۆرەت وپایەخواز پیرەژنێك دەکوژێت بۆ ئـەوەی داراییەکەی بدزێ‌و له ئەنجامدا نهێنییەکەی خۆی کەشف دەکات. قارەمـانی رۆمـانی (کـەودەن-ئەبلـه) پیـاوێکی یـەجگار میرەبانـه نـازانێ ئـەو ژنـه بـێنێ کـه خۆشـی دەوێ یـان ئـەو ژنـەی کـه پێویسته رزگـاری بکـات، لـه ئەنجامـدا ژنـی دووەم هەلّدەبـژێرێ، بـەلاّم ئـەم ژنـه ناچێته ژێـر بـاری

فیداکارییەکەی ئەوو تەسلیم بە پیاوێکی دی دەبێ کە ئەو دەکوژێت. لە ڕۆمانی (جن زەدەکان)دا باسی ژمارەیەك سوسیالیستی هاودەست دەکات کە یەکێك لە خۆیان بە خاین دەزانن‌و دەیکوژن. لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)دا باسی هەڵەیەکی دادڤانی کارەساتاوی کراوە. دەشێت لەم ڕۆمانانەوە کەرەستەیەکی زۆر بۆ ڕۆمانانی پۆلیسی هەڵێنجرێ، بۆ نموونە هەندێ لەم قارەمانانە تا کۆتایی ڕازو نهێنییەکانیان دەشارنەوەو هەندێ ڕووداوی باوەڕنەکردەنی هەیە کە قارەمانەکان لە شوێنێك داو لە کاتێکدا کە چاوەڕوان ناکرێ کۆ دەکاتەوە. لەم ڕۆمانانەدا ژمارەیەك ڕووداوی نمرە دووەم دێتە پێشێ و لە تۆ وایە هێزو توانای داهێنان‌و ئەفراندنی دۆستۆفسکی بە ڕادەیەکە کە ئەم قارەمانانە خۆ بە خۆ دێنە مەیدان‌و هەر کە ئەو دەیان بینێ، بە چەند کورتە ڕستەیەك بە جۆرێ بەرجەستەیان دەکات کە هەمیشە لە زەینی خوێنەردا دەمێننەوە.

وەکو گوترا دیمەنانی سروشتی لە بەرهەمەکانی ئەودا کەمەو ئەوەی هەیە لە شارەکاندایەو وەسف‌و باسی ناوەوەی ماڵ‌و ژوورەکان کە بۆ نووسەر هیچ زەحمەتێکی تێدا نیەو بە دوو سێ وشە نیشانی خوێنەری دەدات ئەویش لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەوە کە لە نێوان ئەوان و ڕوح و دەرونی قارەمانانی چیرۆکەکەدا هەیە، چونکە تاقە شتێك کە جێی بایەخی ئەوە هەمان ڕوح‌و سایکۆلۆژیای مرۆڤە. جا چونکە ئەو لە تۆلستۆی پتر حەقیقەت بینەو لەو زیاتر خولیای وێنەێن دەرەکی بووە، بۆیە زۆر بە کەمی‌و پچڕ پچڕی خودی خۆی دەخاتە پێستی قارەمانەکانیەوە، بەڵام شەریکی ژیانیانەو هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیاندایە. یەکێك لەو شتە تازانەی کە ئەو هێناویەتە نێو ڕۆمان‌و لە داهێنانی ئەوە، ئەو بایەخە تەواوەیە کە بە قارەمانەکانی خۆی دەدات‌و تەنانەت حاڵ و بارو ژیانیان لە هەندێ کات‌و شوێنی وەهادا کە پەیوەندی بە ڕووداوانی چیرۆکەکەشەوە نیە دەخاتە بەر شیتەڵکردنەوەو خوێندنەوە، هەروەها بایەخ بەو دیوی ویژدان‌و بەو هێزە پەنامەکی و نادیارانەش دەدات کە لەگینە هەر کەسێك وادار بکات بڕیارێکی کوتوپڕو لە ناکاو بدات‌و بەمجۆرە ئەو گرفتارە هەوەسبازو دەرونیانەی کە زیاتر جێی بایەخی ئەون‌و زۆریان گیرۆدەی نەخۆشی دەرونین بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەسیرو دیلی ئەم هێزە پەنامەکیانەن. بۆ نموونە لە نێو قارەمانەکانی ئەودا کنیاز مویشکین‌و سەمیردیاکوف هەردووکیان فێدران، بەڵام یەکەمیان فریشتەیەو دووەمیان ئەهریمەن. گەلێك لەوانە تەسەورو جیهانبینییەکیان هەیە کە ئەگەر خەڵکێکی ناپاك هەیان بێ، دەبێتە جێی ترس بەڵام لە ئالیوشا کارامازۆف دا هاوتای ئارامیە.

دۆستۆفسکی بایەخی بە ژینگە ئارامەکان نەداوە، بۆیە لە ڕۆمانی (ئەهریمەنان)دا گاڵتەی بە قارەمانەکانی تورگنیف وخودی تورگنیف کردووە، بە پێچەوانەوە ئەو هەمیشە بایەخی بەو کەس و بوونەوەرانە داوە کە تاوانێك بکەن‌و کاری گەورەو دیار بکەن. ئەم جۆرە قارەمانانە، بەو ئەزموونەوە کە لەم مەیدانەدا هەیەتی، دەخاتە بەر شیکردنەوەو وردکردنەوەو لە مەحەکی تاوان‌و ڤیانیان دەدات‌وسەرەنجام پەی بە سێ دەستە لە خەڵکی دەبات، دەستەیەکی هزرڤان کە هزر بەسەریاندا زاڵە، دەستەیەکی تری شەهوەتران کە شەهوەت‌و ئارەزوو بەسەریاندا زاڵە، و دەستەی سێیەم کە خەڵکانی سادەوپاکن.

هەندێ لە رەخنەگران هەوڵیانداوە ئەو بایەخەی کە دۆستۆفسکی بە تاوانانی داوە، بە بنەماو پرەنسیپەکانی فرۆیدی زانای نەمساوەییەوە گرێ بدەن وبە نیشانەی خەتایەکی پەنامەکی بزانن، بەڵام بە راستی نابێ ئەم بابەتە بە رادەیەك وردبکرێتەوەو هێندە سادە بکرێتەوە وا بنوێنێ کە هەڵوەستەی ئەو لە نێو مەحکومان بەکاری قورس ، کەڵکەڵەیەکی لای ئەو دروست کردووەو واداری کردووە بیر لە پەیوەندی نێوان تاوانبارو تاوانەکەی بکاتەوەو خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بکاتو بگاتە ئەم ئەنجامەی کە هەستی پەشیمانی لەنك تاوانکاران نیەو تاوان تەنیا رەنگدانەوەیەکی لە روح و دەروون دا هەیە. وەکو چۆن راسکولنیکوف-ی خوێندکار، قارەمانی رۆمانی (تاوانو سزا) پیاوێکی بەفیکرو هۆشە کە بیرکردنەوە بۆ تاوانی هاندەدات. هاندەرو بزوێنەری ئەو ئەمەیە کە پیرەژنێکی سووتخۆری بە زیان لەنێو بەرێو زەمینەو کەرەستەی سوودمەندی بۆ کەسێکی نا ئاسایی بەهرەدار، کە خۆیەتی، لە ژیاندا فەراهەم بکات، هەڵبەتە ئەم نیازو نیەتە تاوان نیە چونکە خەڵکی وەکو نیوتونوناپلیۆن نابێ بمرێ. بەڵام سەرەنجام هۆشی بەسر ویستیدا زاڵ دەبێتو ناتوانێت سوود لە تاوانەکانی خۆی ببینێو ناتوانێ نهێنییەکەی خۆی بپارێزێتو ئاقیبەت کەشفی دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، پەشیمانی نەبووەتە مایەی درکاندنی رازەکەی، چونکە هێشتا ئەو هێزە ئەقڵیو هۆشیاریەی کە رێنوێنی بووە لەم کارەدا بە راست ودروست دەزانێ و تەنیا لاوازی ئەوی زەبوونو کەساس کردووە. بەڵام دوای ماوەیەك لە نێوان مەحکومانی کاری قورسدا کە تووشی سۆنیای سووك دەبێ پەی بە یاسای ئەو ڤیانو میهرە دەبات کە سەرپێچی لێکردووە.

ئیڤان کارامازۆف-یش کە هۆش و گۆشێکی سەررێژی هەیە، باوەڕی بەم پرەنسیپە هەیە کە هەموو شتێك رەوایە لێ ئەویش لە کردارا زۆر لە راسکۆلنیکوف بێ تواناترە. سەمیردیاکوف لە ئەنجامی تەنزیراتو بیروبۆچوونەکانی ئەودا کارامازۆڤ پیر دەکوژێت، بەڵام ئیڤان خۆی بە مەسئول دەزانێ.

لە هەموو رۆمانەکانی دۆستۆفسکیدا لە هەنبەر ئەم دەستە رۆشنبیرانەدا کەسێکی شەهوتپەرستیش هەیە کە ناتوانێ شەهەواتو ئارەزووی ناپاکی خۆی جڵەو ولغاو بکات. بۆ نموونە سڤیدریگایلوف لە رۆمانی (تاوان و سزا)و رۆگۆژین لە رۆمانی (کەودەن- ئەبلە) و دیمتری لە رۆمانی (برایانی کارامازۆف) کە زاڵی ویست پرزەی لێ بڕیوەو بەسەر سروشتی بەخشندەییدا زاڵ بووە، ئەمە جگە لەوەی کە هەستی ئارەزووی نەفسانی نزم لە هەر ئادەمیزادێکدا هەیەو، تەنانەت ئالیوشاش کە پیاوێکی فریشتە سروشتە دەزانێ کە هەوێنو خەسڵەتی خانەوادەی کارامازۆف لەودا هەیە، بۆیە لە بابی دڕدۆنگو بێزار نیە. ئەو خەڵکە بێگەردوشیرپاکەی کە بە شەهوەتو ئارەزووان نەلەوتاون بەو ئەندازەیە خۆویست نین کە خۆیان لە داوێن پیس و تاوانکاران بە زیاتر بزانن، و برایانە خۆشیان دەوێن، لە کاتێکا رۆشنبیرانو ئارەزووپەرستان هەردوولایان خۆویست و خۆپەرستن، خەڵکی پاك وشیرپاك سەراپایان خۆشەویستیە و خەڵکیان خۆش دەوێ، چونکە خەڵکی باوەڕیان بە خودایە. ئەم دەستەیە زیاتر بریتین لە منداڵو ژنانن، وەکو چۆن سۆنیای سۆزانی لە رێگەی فیداکاری خانەوادەییەوە لەگەڵ

راسکۆلنیکۆفدا دەچیّ بۆ کاریّن قورس و داشا ئامادەیە گیانی خۆی فیدای ستاڤروگین بکاتو گروشنکاش خۆی فیدای دیمتری بکات. هەندیّ جاریش بریتین لە پیاوانی میناکی کنیاز مویشکین کە ئەوەی هیچ رۆشنبیریّك لە ریّگەی ئەقڵەوە پەی پیّ نابات ئەو لە ریّگەی دڵەوە دەرکی دەکات یان وەکو زۆسیمای کەشیش و ئالیوشکا کارامازۆفە کە بنیادەمیّکی گەلیّك بیّ وەیو نەرمە. ئەو ریّسای ڤیانەی کە لەم جۆرە کەسانەدا هەیە لە دوا ئەنجامدا بەسەر باوەڕە ئاینی وسیاسەکانی (دۆستۆفسکی)شدا زالّ دەبیّ.

دۆستۆفسکی لەم رۆمانانەدا بایەخیّکی فرەی بە گفتوگۆو باسو گەنگەشەی بیروباوەڕان داوەو هەندیّ جار ئەم گفتوگۆیانە بە رادەیەکە کە زنجیرەو داوی چیرۆكو گیّڕانەوەکەی دەبڕیّتو لە خەتو رەوتی هونەری نڤیساری دەردەچیّ. بەلاّم ناشیّت نکوّلّی لەوە بکریّت کە هەمان ئەم پچڕانانە لایەنی هزری رۆمانەکە زیاد دەکاتو ئەوە نیشان دەدات کە چۆن نووسەر گیرۆدەو دووچاری رارایيو دوودڵییەو لەلایەکەوە تەبیعەتیّکی گومانا‌وی هەیە کە هیّزیّکی پەنامەکی نیشانی دەداتو لەلایەکی ترەوە ئاوەز لە هەوڵی ئەوەدایە پەرسڤی بداتەوە.

لەوساوە کە دۆستۆفسکی لە سیبریا گەڕابووەوە، بە ئاشکرا خۆی بە لایەنگری حکومەتو دەسەلاّتی ئەشراف نیشان دەدا. لە چیرۆکی (ئەهریمەنان)دا هیّرشیّکی توندی کردووەتە سەر سوسیالیزم، بەلاّم ویّڕای ئەمەش هیّشتا شتیّکی لەو باوەڕەی سەردەمی لاوی لەلا ماوەو پیّدەچیّت کە تەبع و تەبیعەتی سەرکیّشی ئەو هەمان رەگ و ریشەی شۆڕشگیّڕی لە دەست نەدابیّو بۆ ئەوەی تەسلیمی ئەو شۆڕشگیّڕییە نەبیّ، پەنا وەبەر لایەنگری لە حکومەتی ئەشراف دەبات، وەکو چۆن بۆ دوورکەوتنەوە لە گومانی مەزەبی پەنای وەبەر ئاینی ئەرتەوکس بردووە. رەنگە ئەنگیزەو سۆنگەی مادی ئەم باوەڕە سیاسییە ئەوە بیّ کە لە قۆناغی ئەسارەتو مەحکوم بوون بە کاری قورس، هیّندەی ئازار چەشتووە کەدەترسیّت جارەکی دی بیروباوەڕە شۆڕشگیّڕییەکانی دوچاری هەمان نسیبەتو بەلاّی بکەنەوە، بۆیە بۆ رزگار بوون لەو ئەگەرە، ئەم باوەڕە سیاسیە کە باوەڕی ناخی ئەو نەبووە، نیشان دەدات.

لە رووی باوەڕی ئاینیشەوە ئەگەرچی سوسیالیزمو ئازادی هزری بەگەن دەکات، هەندیّجار سەرزەنشتی ئەو کەسانەی کردووە کە تەنیا لە بیری مادیات دانو نکوّلّی لە ئازادی تاك دەکەن، بۆ نموونە لە رۆمانی (برایانی کارامازۆف)دا لەو شویّنەدا کە موناقەشەی باوەڕانی لە شیّوەی چیرۆکڤانی دا دەربڕیوە مەسیح داوایەکەی ئەهریمەن کە بەرد بکات بە نان، رەت دەکاتەوە. لە گۆشەنیگای ئەوەوە ئاینی ئەرتەدۆکس ئاینیّکی ئازادە، بە پیّچەوانەی ئاینی کاتولیکەوە کە ئاینی ریّورەسمو تەشریفاتکارییو فەرمانو قەراردادانەو لەو سەردەمەدا کە عسا هاتبوو خەڵکی ئازاد بکات بەپیّچەوانەوە گیرۆدەی کردوون. هەر کەسیّك کە روسی بیّ دەبیّ ئەرتەدۆکس بیّ. تەنانەت دەڵیّت میللەتی روسیا (میللەتیّکی خوادارە)و (رۆژیّ لە رۆژان پەیڤیّکی تازە بە خەڵکی جیهان دەڵیّت). بۆیە دۆستۆفسکی بە باشی زانیوە ئەرتەدۆکس بیّ تا لە میللەتی خۆی دانەبڕیّ، ئەویش میناکی کیریلوف، قارەمانی چیرۆکی (ئەهریمەنان) خولیای ئەمە بووە کە حاشا لە ئاین بکاتو ئازادییو جیاوازی تەواوی خۆی لە خەڵکانی تر لە ریّگەی خۆکوژییەوە بنویّنیّ، بەلاّم

میناکی شاتوف، قارەمانێکی دیکەی هەمان چیرۆکە، لەم رووداوە دەرباز بووە، چونکە باوەڕی بە روسیا بووەو وەکو ئالیوشا (ویستوویەتی باوەڕی) بە خودا هەبێ و روحی بێ ئۆقرەی، ئاسودەیی روحی و دەروونی زۆسیمای کەشیش و نیشانەکانی ئالیوشای لە دوورەوە دیتوە. ئەم ئاسودەییە لە رێگەی باوەڕ بوون بە خوداو مرۆڤدۆستی و تەنانەت لە رێگەی دەردێکەوە کە یەکێك، بۆ وەی لە فەوتان رزگار بێ، تەحەمولی بکات، دێتەدی و بە دەست دێ. بەدبەختی و نەگبەتی لایەنی پیرۆزی هەیەو تا جیهانیان پەی بەم حەقیقەتانە، کە پەیامی روسیایە بۆ خەڵکی جیهان، نەبەن هەر ئەسیرو دیلی ریاو هەواو هەوەسی رۆحانی و بەدەنی و ئارەزوو و کەڵکەڵەی تاوان دەبن و لە هەنبەر بەدی و خراپیدا گیرۆدەو دەسەپاچە دەبن. هەموو رۆمانەکانی دۆستۆفسکی دیمەنی دڵتەزێنی ئەم ژیانە پڕ لە رەنج و عەزاب و گیان پڕوکێنە دەنوێنن.

بە شێوەیەك گشتی دەشێت بگوترێ دۆستۆفسکی لە نیشاندان و بەرجەستەکردنی ئەم بیرودیمەنانەدا هێندە بە توانایە کە کەم کەس دەتوانێ بە تۆزی پێیدا بگات. هەر لەبەر ئەمەشە کە دۆستۆفسکی یەك لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە وێڕای هەموو ئەو باسانەی کە لەم ماوە دوورو درێژەدا دەربارەی کردویانە، هێشتا زۆر شت ماوە کە دەرهەق بەو نەگوترا بێ و تەنانەت لە روسیاشدا هێشتا باس دەربارەی بەرهەمەکانی ئەوو هونەری نڤیساری ئەو کۆتایی نەهاتووە.

لە رۆژگاری دۆستۆفسکیدا کێشەو کێشمەکێش لە نێوان موڵکداران و وەرزێراندا زۆر توند بوو، هەردووك لایەن هەوڵیان دەدا رەوڕەوەی رۆژگار بە قازانجی خۆیان بچەرخێنن. دۆستۆفسکی پشتیوانی لە موڵکداران و دەرباری تزار دەکردو باوەڕی بەو پرەنسیپەی سلاڤدۆستەکان بوو کە دژی هەر جۆرە سەرمایەداری و پیشەسازیکردنێکی وڵات بوون و تزاریان کە نیشانەو رەمزی موڵکداری بوو بە پێویست و زەروری دەزانی. بەڵام وێڕای ئەمەش پرەنسیپەکانی سەرمایەداری لە ئەوروپای رۆژئاواوە وردە وردە دەهاتە ناو روسیاو لەلایەکەوە ئیفلاسی بە موڵکداران دەکردو لەلایەکی ترەوە زات و جورئەتی زیاتری وەبەر جووتیاران دەخست. جا دۆستۆفسکی لەمبارەیەوە لە سەرانسەری بەرهەمەکانیدا چ ئەوانەی کە لە گەنجی دا نووسیوونی و چ ئەوانەی کە لە کۆتایی ژیاندا نووسیوونی هەوڵیداوە ئەم ئارەزووی شۆڕشە لە هزرو زەینی خەڵکی چەساوەو ناکام و بەدبەخت دەربێنێ و لە هەنبەر هزرێن شۆڕشگێڕانەی ئەو رۆژگارەو خەبات و تێکۆشانی وەرزێران و زەحمەتکێشان لە رای گەییشتن بە ماف و ئازادی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان، بە فەلسەفەی تەحەمولی دەردو عەزاب وخۆڕاگری لە هەنبەر مەینەتی و مەحرومی و ناکامی، کە لە گۆشەنیگای ئەوەوە پێویست و پیرۆز بووە، گۆش بکات و رابهێنێ. نکۆڵی کردن لە هەر جۆرە خەبات و تێکۆشانێك لەو رۆژگارو سەردەمەدا بە تەواوی پێچەوانەو دژی فەلسەفەکانی ئەوروپا بووە، و خۆی لە خۆیدا جۆرە روحێکی سۆفیانەو عیرفانی بووە، بۆیە لە ئەوروپای رۆژاواییدا بەگشتی و لە ئەڵمانیادا بە تایبەتی کە خەڵکی رێك بە پێچەوانەی ئەمەوە بیریان دەکردەوە، ئەم پرەنسیپەیان بە پرەنسیپی تایبەتی روسەکان دەزانی، بۆیە میللەتی روسیان زیاتر بە ئاسیایی و سۆڤ سروشت زانیوە تا مادی و حەقیقەتجۆ، و تەنانەت گوتوویانە (دۆستۆفسکی روحی میللەتی روسی نەخشاندووەو وێنەگرتووە".

ئەو ڕووداوانەی کە لە شۆڕشی ١٩١٧ بە دواوە لە جیهاندا ڕوویاندا، سەلماندی کە ئەم خاڵە دروست نەبووەو ڕوحی میللەتی ڕوسیا لەو ڕوحە مەینەتکێش و ملکەچەی کە دۆستۆفسکی نیشانی داوە، جیایە.بۆیە دەشێت بگوترێ دۆستۆفسکی تاقە شرۆڤەکارو ڕاڤەوانی ئەو دزێوی و گەندەڵیا نەبووە کە لە ڕۆژگاری ئەودا زۆر بووە، ئەگەر کەسانی تر زۆریان نەدەبینی، لەبەر ئەوە بووە چاوانی تیژو بەهرەی سەررێژی ئەو لەوان زیاتر شتەکانی دەرك کردووە. ڕەنگە باشترین پێناسە دەربارەی نڤیساری دۆستۆفسکی ئەوە بێ کە گۆرکی کردوویەتی و دەڵێت: " دۆستۆفسکی خۆی بە جاڕچی هێزە تاریکەکانی دژمنی ئادەمیزادان دەزانێ، ئادەمیزادێك کە لە هەموو حاڵێکدا عەوداڵی ئازادی شەخسی تەواوەو دەخوازێ کە ماف سوودمەندی ئەو لە هەموو شتێك و ماف لەزەت وەرگرتنی لە هەر شتێك مایەی ڕێز بێ بێئەوەی پابەندو پەیڕەوی هیچ ڕێساو یاسایەك بێ".

دەشێت بگوترێ کە دۆستۆفسکی خۆی بە دۆزەرەوەو داهێنەری یاسا ڕەهاکانی سروشتی ئادەمیزادان دەزانی و بە بۆچوونی ئەو گرینگترین پرەنسیپی ئەم یاسایانە خراپە دۆستی و دڵڕەشی و نیهاد پیسییەو بەبۆچوونی ئەو ئەم لایەنە لە ئادەمیزادا لەلایەنی چاکەخوازی و جوانی پەرستی زاڵترە. بۆیە لە زمانی میتنکا کارامازۆفەوە دەڵێت: "حەزم لە فسق و فجورو داوێن پیسی و ڕابواردن بوو. تەنانەت ڕیسواییەکەشیم پێ خۆش بوو. حەزم لە زبری و توندوتیژی بوو. مەگەر من ئەسپێ نیم؟ مەگەر مێرویەکی موزیر نیم؟". گروشنکا لە پەرسڤیا دەڵێت: "دەزانم... دڕندەیت، بەڵام لە بنەچەدا ڕەسەن و نەجیبیشی".

دۆستۆفسکی وەکو نووسەرانی دیکە باوەڕی بە ئەقڵ و ویستی بەشەری نەبووەو باوەڕی وابووە مادامێکی هێزێن پەنهانی ئادەمیزادان وادار بە زبری و ستەمکاری دەکات، تاقە هێزێك کە بتوانێ ڕامی بکات، هەر ئاینە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە ژیانێك کە ترسی پەروەردگارو باوەڕی ئاینی تیا نەبێ ژیان نیەو هەر بۆ سەلماندنی ئەم خاڵەیە کە قارەمانەکانی دۆستۆفسکی هەموویان بەدنیهادو بەدکارو نزم و بەدسروشتن، باوەڕی ئاینیشیان هەیەو هەر ئەم ترس و داخوازیە دەرونیەیە کە واداریان دەکات کە دان بە خەتاو تاوانەکانی خۆدا بنەن. دۆستۆفسکی ئازاردانی منالانی بەخراپترین گوناح و تاوان زانیوەو دەڵێت: "ئەمە سروشتی ئادەمیزادانەو دەبێ بە تەحەمولی ڕەنج و نسیبەت و بە دینداری و ترس لە دین و ئاین ڕام بکرێ." لایەنە ترسناکەکانی ژیان و ئازاردانی مندالان لە گۆشەنیگای ئەوەوە بەڵگەی ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێ ناتوانرێ لە ڕێگەی ئاوەزو لۆژیکەوە گۆڕان لە ژیاندا بکرێ. لەم بارەیەوە لە یاداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت: "ئاشکرایە کە خراپەو بەدی لە نیهادی بەشەردا لەوە چەسپاوترە کە پزیشکان واتە سوسیالیستەکان وێنای دەکەن... بە هەر جۆرێ کە کۆمەڵگە پێك بهێنین ناتوانین خۆ لە خراپی و باشی ببوێرین. ڕوح و دەروونی بنیادەم هەر وەکو خۆی و بە دەقی خۆیەوە دەمێنێ، شتی نا ئاسایی و گوناح شتێکی خودیەو دەبێ وابێ".

وێڕای هەموو ئەمەش دەبێ ئەوە بڵێین دۆستۆفسکی لە ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژگاری خۆی دانە بڕابوو و ڕاپەڕین و شۆڕشی وەرزێران ناچاریان دەکرد کە بایەخی پتر بە ژیانی خەڵکی

روسیا بدات. بە چاوی کراوەوە دەیڕوانیە ئەو گەندەڵیو عەیب وخەوشانەی کە میللەتی روسیای بەرەو هەڵدێر دەبردو بۆ دەست نیشانکردنو نیشاندانی ئەم گەندەڵیانە رۆشنبینییەکی تەواوی هەبوو، بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەو رێگایانەی کە ئەو بۆ نەهێشتنی گیروگرفتانو لابردنی ئەم کەمو کوڕیانە گرتبوونیە بەر تازە نەبوون، و رێیەکی تازەی نەدەخستە بەردەم خەڵکی.

بۆ نموونە لە رۆمانی (تاوانو سزا)دا کە تاریکیەکانی روحو دەروونی قارەمانەکانی خۆی بە تەواوەتی رۆشن دەکاتەوەو باجی دەروونیو رووداوەکانی ژیانیان بە وردی نیشان دەدات، ژیانی ترسناکی راسکۆلنیکوڤ لاوو ئەو رەنجو عەزابە یەك لە دووی یەکانەی سۆنیای کیژی لاو، دەکەنە کارێك کە رێگەیێن تازە لە ژیاندا بگرنە بەر. سەرەنجام راسکۆلنیکۆف رێگەیەکی نوێ دەدۆزێتەوەو دەخوازێت لە خەڵکانی دی باڵاترو زیاتر بیٚو ئەوان ئازار بدات.

دۆستۆفسکی لێرەدا هەندێ بنەماوپرەنسیپی نوێی دۆزیوەتەوەو بەلای خۆیەوە تاوەکو ئێستا هەمیشە هەروا بووەو هەمیشەش وا دەبێت، بەڵام چ کەسێك بەر لەو نەیتوانیوە ئەم پرەنسیپانە بەدەست بێنێ. دیمەنێکی تری ئەم یاسایە ئەمەیە کە سۆنیای سۆزانی لاویش کە دەخوازێ رێگەیەکی تازە بگرێتە بەر لێدەبڕێ بە خاکیەتیو ملکەچی بمێنێتەوەو هەموو بەڵاو نسیبەتەکانی ژیانی بێ هیچ درێغیەك تەحەمول بکاتو ئەمە بە تاقە رێگەی چارەسەر دەزانێ. کەواتە بە بۆچوونی دۆستۆفسکی بۆ پێشڤەبردنی ژیان تەنیا دوو رێگە هەیە یەکێکیان ئەوەیە لە خەڵکانی تر باڵا دەست تر بیٚو ئەویتریان ئەوەیە هەموو رەنجو مەینەتیەکان تەحەمول بکەی، لەم بەینەدا بە هیچ کلۆجێ ئاوڕی بەلای رێی سێیەمدا نەداوەتەوە کە میللەتێك دەتوانێ بەهێزی شۆڕشو راپەڕین کۆتو زنجیران بشکێنێو بیچڕێتو زۆرانبازی دەگەڵ رووداوەکاندا بکات.

(ئەهرەیمەنان) لە هەموو رۆمانەکانی دی پتر سایکولۆژیەتی دۆستۆفسکی نیشان دەدات. ئەم رۆمانەی کاتێ نووسیوە کە راپەڕینە بەناوبانگەکەی (کۆمۆنە) لە پاریس دا رووی دابوو و خەڵکی ئەو شارە راپەڕینیان کردبوو وهێشتا هیچ ئەنجامێکیان بە دەست نەهێنا بوو و دەوڵەت هاندەرانی ئەم کارەی بە توندترینو نامەردانەترین شێوە ئازارو ئەشکەنجە دەدا. دۆستۆفسکی لەم رۆمانەدا خوازیارانی شۆڕشی، لە روسیادا، بەو ئەهریمەنانە زانیوە کە کەوتوونەتە گیانی میللەتی دەردەداری بیٚ توانا. لەم بۆچوونەدا تا رادەیەك هەق بە دۆستۆفسکی بوو. چونکە شۆڕشگێڕەکانی ئەو رۆژگارە وەکو دیتمان نەیان توانی دنیایەکی تازە بخوڵقێننو تاقە کارێك کە کردیان ئەمە بوو کە هزرێن هاوچەرخانی خۆیان پوختە کرد.

ئەم خاڵەش لە هزرو هزرینی دۆستۆفسکیدا جێی سەرنجە کە لە هەموو قۆناغی نووسەرایەتی خۆیدا دەگەڵ ئەو مەسەلەو دۆزانەدا کە پێشتر ئاماژەم کردنێ لە گیرودارا بووەو هەمیشە ئەو چارەسەرانەی پێشنیاز کردووە کە بۆ ژیانو سیاسەتی ئەو رۆژگارەی بە گونجاوو لەبار زانیوەو ئازادیخوازانی پێشڕەو ئەم چارەسەرانەیان پەسند نەکردووە. بۆیە ئەم بیروبۆچوونە لە هەموو شوێنێکداو تەنانەت لە روسیای سۆڤیەتیشدا دەربارەی ئەو بڵاوبووەتەوە کە گوایە بەر لەوەی بگیریٚو بەکاری قورس ودژوار حوکم بدریٚ ئازادیخوازو شۆڕشگێڕ بووەو پاش ئەوەی لە تاراوگە

گەڕاوەتـەوە (یادگارەکـانی خانـەی مـردووان)ی نووسـیوە، تـا مـاوە هـەر کۆنەپەرسـت و ئەشـراف پەروەر بووە. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە بەم خەستیە دروست نیە، دەشێت بە ئینسافەوە بگـوترێ کـە چونکە لە رۆژگـاری خۆیـدا گیرۆدەی پـێچ وپـەنای پرەنسیپانی کۆنەپەرستانەی دەربـاری تـزاران بوو، وێڕای ئەوەی هەرگیز لە ریفۆرمی بارودۆخی وڵاتەکەی خۆی ئومێـدبڕ نـەبوو بـوو، و چـونکە هیچ کۆمەڵگەیەکی راوەستاوی مەحکەمی لەسەر بناغەی ئاوەزو لۆژیـك نـەدەبینی و ئـەوەی تێپـەڕ بوونی رۆژگارو رووداوانـی دوایـی سـەلماندویانە لـە روانگـەی کەسـێکەوە ئیمکـانی تەسەوریشـی نـەبووە، ناچـار چارەسـەرو پێشـنیازەکانی ئـەو وەکـو ئـەم رووداوانـە خواسـتوویانە دەرنەچـووەو نەیتوانیوە وەکو ژمارەیەك لە هاوکارە گەورەکانی خـۆی ئـەو ئایندەبینی و ئـەو متمانـە تـەواوە بـە شـۆڕش و میللـەت لـە خۆیـدا پـەروەردەو بـە هێـز بکـات و رۆژانـی رونـاکی دوورە دەسـت لـە نێـو تاریکییە کوشندەکانی زەمانی خۆیەوە بدینێ.

بۆیە ئەمڕۆکە لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بایەخدان بە دۆستۆفسکی و بەرهەمەکانی، لە نووسـەرانی دی کەمتر نیە. هەڵبەتە خویایە کە بەرهەمی دۆستۆفسکی لەو وڵاتە گەورەیەدا میناکی بەرهـەمێن پوشکین و تۆلستۆی و چیخۆف و گۆگۆل و تەنانەت گۆرگی-ش برەوی نیە، چونکە تێگەییشتن لـە دۆستۆفسکی بە هەمان ئاسانی تێگەیشتن لەو پێنج نووسـەرە گەورەیـە نیـە، ئەوەنـدەی ئـەوان لـە دڵـی عـەوامی خـەڵکی، لـە پـیرو لاو، ژن و پیـاو، وردو درشـت، زانـاو نـەزان نزیـك بوونەتـەوە، ئـەو بـەهۆی ئاڵۆزیەکانیـەوە نزیـك نەبووەتـەوەو ئەمـەش زۆر ئاسابییە، چـونکە ئـەم حاڵەتـە لـەو زمانـە ئەوروپاییانەشدا کە بەرهەمی ئەم نووسەرانەی بۆ پاچڤە کراوە، هەیە. بە هەر حاڵ کۆ بەرهـەمێن دۆستۆفسـکی لـە یـەکێتیی سۆڤیەتدا زۆر جار بە چاپی جوان، چاپ وبڵاوکراوەتـەوەو هـەروەها هەڵبـژاردەیان لـە کتێبـە درێـژەکانی فەراهـەم کـردووەو ئێسـتا چیرۆکەکانی کە لـە زەیـنی خـەڵکی نزیکترن و لەوێدا مەبەست و بابەتەکانی روونتر بە دەستەوە داوەو بابـەتی ئاڵۆزیـان کـەمتر تێدایـە بە بەشێك لە شاکارە بێ چەندو چوونەکانی ئـەدەبیاتی روسـی دەژمێـردرێن و لـە وڵاتـانی یـەکێتی سۆڤیەتدا هـەموو کـەس دەیـان خوێننـەوەو بەناوبانگترینیان بـریتین لـە: "خـەڵکی دەسـتکورت" و (شەوانی سپی) و (نیتو چکانزوانۆڤ) و (قوماربازی) و (ژنێکی هەستیار) و (گوندی ستپان چیکۆف و خەڵکەکەی) و (تاوان و سزا) و (جووتیار) و (خەوی لیبۆك) کە لە بەرهەمـەکانی تـری دۆستۆفسـکی خوێنەریان زیاتر هەیە.

یەکێك لە رەخنەگرە بەناوبانگەکانی سەردەمی سۆڤیەتی دەربارەی دۆستۆفسکی گوتوویەتی: "سەربارەی هەموو ئەو هەڵە و لادانانەی کە تایبەت بە دۆستۆفسکین، سەرباری ئەوەی کـە (تـۆن و ئـاوازی بـەدی) لـە بەرهەمـەکانیا زیـاترو بـەرزترە لـە (تـۆن و ئـاوازی چـاکی) ئـەوجاش قۆنـاغی سوسیالیستی ناتوانێ هەقی ئەم بلیمەتە نەدات".

## ٢-لیڤ تۆلستۆی :

لیڤ نیکۆلایوڤیچ تۆلستۆی لە ١٨٢٨/٨/٢٨ لە موڵکەکەی باپیریدا، بابی دایکی، یاسنایا پالیانا لە بەشی کرپیونسکی لە بیست کیلۆمەتری باشووری شاری تولا کە نهو بووە بە وێستگەی هێڵی ئاسنی مۆسکۆ بۆ کروسك، هاتووەتە دنیا. ماڵە باوانی لە ئەشراف و نەجیمزادان بوون. دایکیشی هەر ئەشراف زادە بوو و کیژی جەنەراڵ گراف نیکولا سرگیوڤیچ فالکونسکی (١٧٥٣- ١٨٧١) بوو. ئەو ئەم موڵکەی ئاوەدان کردبووەو لە رەخە جەنگەڵیەکەیدا سێ خانووی تەختەی دروست کردبوو، یەکێکیان گەورەتر بوو و لە ناوەڕاست دابوو دوانی بچووکتری وەکو یەکێشی لەملاو لەولایەوە دروست کردبوو. تۆلستۆی لە خانووی ناوەڕاستینەدا هاتە دنیاو تا شەش ساڵی لەوێندەر ژیاو کە ئەم موڵکە بەمیرات بەر ئەو کەوت، ئەو خانووەی ناوەڕاستی، کاتێ کە بێ پارە بوو بوو، هەمووی بە موڵکدارێکی دراوسێی خۆی فرۆشتبوو و ئەویش بردبووی بۆ ناو موڵکەکەی خۆیو پاش ماوەیەك ئاگرێك کەتبووەوەو سووتا بوو.

ئەم موڵکە پاش مردنی باپیری، بە دایکی کە کیژە گەورەی باپیری بوو بڕا،و پاش مردنی دایکی بە لیڤ تۆلستۆی کە کوڕی گەورەی دایکی بوو، بڕاو پەنجاو پێنج ساڵی دوایی تەمەنی لەوێندەر گوزەراند، کە مرد جەنازەکەیان بۆ ئەوێندەر بردو بە خاکیان سپاردو پاش مردنی ژنەکەی ئەو موڵك و خانووەیان کە لە مۆسکۆ هەی بوو کرد بە مۆزەخانەیەکی تایبەتی و ئێستا بە کۆڕی زانیاری سۆڤیەت سپێردراوە.

دایکی تۆلستۆی ژنێکی فریشتە تەبیعەتی فرە میهرەبان بووەو تۆلستۆی بەخۆی لە رۆمانی (جەنگ و ئاشتی)دا بەنێوی پرنسس ماریاوە وەسفێکی کردووە. ئەم دایکە زۆر میهرەبانە کە هێشتا ساواکەی نەگەیی بووە سێ ساڵان کۆچی دوایی کردو یەکێك لە خزمە دوورەکانیان، مادمۆزیل تاتیانا ئەلکساندرڤنا ئێرگولسکایا ئەم منداڵەی دەگەڵ سێ برای تریا کە لەو گەورەتر بوون، پەروەردەو بەخێوکرد. ماوەیەکی کەم دوای مردنی دایکیان بابیشیان مردو ژیانێکی پەشێوو پەرێشانی بۆیان بەجێ هێشت. لەبەر ئەمەو بە مەبەستی کەم کردنەوەی مەسرەف، منداڵەی سێویان لە ماڵەکەی مۆسکۆیان دوور خستەوەو ناردیان بۆ هەمان مۆڵك کە بە دایکی بڕا بوو و لەوێندەر هەندێجار لەلەی ئەڵمانی و هەندێ جار کەشیشی روسی پێی ڕادەگەیشتن.

ئەو چەند ساڵەی کە تۆلستۆی لەو موڵکەی دایکیا، لە یاسنایا پاڵیانادا ماوەتەوە، کارێکی یەجگار گەورەی لە روح و دەروونی کردگەو ئەم شەهامەت وبوێرییە تایبەتیەی کە وای لێکردووە گەلێك لە کۆت وبەندو باوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی بشکێنێ، رەگ و ریسشەی دەچێتەوە سەر ئەو ئازادیو ژیانە سادەیەی کە لە رۆژگاری منداڵیدا هەی بووە. ئەو خۆشەویستییە تایبەتیەی کە دەرهەق بە ئادەمیزادان هەی بوو درێژەی ئەو میهرو سۆزە تایبەتیەیە کە لە منداڵیدا لە ناخ و دەروونی ئەودا پەیدا بووە، بە خۆی لەم بارەیەوە دەنووسێت: "نەك هەر دایکم بەڵکو هەموو ئەو خەڵکانەی ئەوێ لە بابمەوە بیگرە تا عەرەبانچییەکان خەڵکانێکی زۆر باش بوون و بە شایستەی خۆشەویستی و میهرەبانیم دەزانین".

دایکی ژنێکی زانا بوو، لە ئەدەبیاتی رووسیدا دەستی هەبوو و زمانانی فەرەنسی و ئاڵمانی و ئینگلیزی و ئیتاڵیایی دەزانی و لە ئەستێرەناسی و نوجومگەری ومێژووی سروشتی و

**زانستەکانی دیکەشدا دەستی هەبووەو زۆریش دڵبەندی هونەرە جوانەکان بووەو بە خۆی پیانۆی بە باشی لێدەداو ئەو بەیت وحیکایەتانەی کە لە بیری بوون یان خۆی دای دەنان بە جوانی ئەدا دەکرد. لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا شووی بە نیکۆلائیلیچ تۆلستۆی بابی نووسەری مەزن کە چوار ساڵ لەو بچووکتر بوو و پیاوێکی قۆزی مەجلیس ئارای خۆش مەشرەب بوو کرد. بابی تۆلستۆی کە پیاوێکی میهرەبان و دلۆڤان و بندەست پەروەر بوو لە شەڕەکانی ١٨١٣- ١٨١٥دا دژی سوپای ناپلیۆن بەشداری کردووەو پاشان دەستی لە کاری سوپایی هەڵگرتووەو دوای ژن هێنان بە تاقی تەنیا خەریکی کاری گوندیاتی وجووتێری بووە.**

**تۆلستۆی نەیتوانی لە منداڵیدا، لە بەرزی ئەخلاقی دایکی و میهرو دلۆڤانی تایبەتی بابی بەرخوردار بێ چونکە لە هاوینی ساڵی ١٨٣٧دا کە نۆ ساڵان بوو بابیشی مردو، تۆلستۆی زیاد لە هەموو کەسێك قەرزارباری ئەو پەروەردەو سەرپەرشتی و چاودێریانەی تاتیانا ئێرگولسکایە کە لێی دەکردو پاشان بوو بە مەحرەمی رازەکانی تۆلستۆی و لەبەرهەمەکانیا زۆر جار کاریگەریی مەعنەوی ئەوی لە پەروەردەی هزری خۆیدا دەربڕیوەو نیشان داوە.**

**لیڤ نیکۆلایوڤیچ تۆلستۆی لەو زەمانەدا منداڵێکی شەڕانی لاسار بوو کە تەنانەت بەمامۆستاکانی خۆشیدا هەڵدەشاخی و لەزەتی لە ترساندن و تووڕەکردنی خەڵکانی گەورەتر دەبینی، بۆ نموونە رۆژێك هەر بۆ ترساندنی خەڵکی ماڵەکە لە پەنجەرەی قاتی دووەمی تەلارەکەوە خۆی هەڵدایە خواریێ و بە رێکەوت لەمردن خەلەسی. سیفەتێکی تری ئەوە بوو هەر لە منالیەوە ئاشقی شۆرەت وناوبانگ بوو، بە جۆرێ کەحەزی دەکرد لە مەیدانەکانی شەڕیش دا سەرنجان بۆ لای خۆی راکێشێت. لەگەڵ ئەمەشدا منداڵێکی تیژ سەرنج و بە ئاوەز بوو، لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوە بوو کە لە تەمەنی یازدە ساڵیدا ئاشقی ژنێك بووەو پەنجا دانە ساڵ لەوەدوا لە ساڵی ١٨٨٩دا ویستویەتی ئەم ئەڤینە لە کتێبێکدا شرۆڤە بکات، بەڵام دوایی دەستبەرداری ئەم کارە بووە.**

**سەرەنجام لە ساڵی ١٨٤١دا خات یوشکۆڤا کە سەرپەرشتی ئەوی لە عۆیە گرتبوو، بۆی دەرکەوت کە ئەم منداڵە پڕ هۆش وگۆشە پێویستی بە زانیاری جدی تر لەو زانیاریانە هەیە کە لە موڵکەکەی دایکیدا پێی دەڵێنەوە ئەوە بوو لەگەڵ خۆیدا بۆ شاری قازانی بردو پێنج ساڵ و نیو لەوێندەری هێشتەوە. تۆلستۆی کە لە ساڵی ١٨٤٤دا قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد چووە بەشی عەرەبی و تورکی زانستگەی قازان، چونکە لە هەموو روسیادا تەنیا ئەم زانستگەیە بەشی خوێندنی زمانانی رۆژهەڵاتی تیا بوو. لەم سەروبەندە دەیویست بچێتە ناو کارێن سیاسیەوە، بەڵام وازی لەمە هێناو لە کۆلیجی ماڤ ئەوێ ناوی خۆی قەید کرد، بەڵام هەر زوو لە کارێن دادڤانیش تەوەلا بوو، بۆیە بەرێکو پێکی و بەردەوامی لە وانەکانیا ئامادە نەدەبوو، و زۆربەی کاتی خۆی بە رابواردن و خۆشگوزەرانی دەبردە سەر.**

**هەر زوو لەم کارەش بێ تاقەت بوو وکەڵکەڵەی خوێندنەوەی کەوتەسەر، بەڵام تەنیا ئەو شتانەی دەخوێندەوە کە لەگەڵ زەوقی خۆیدا دەگونجا،و بەخۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەر کە بابەتێك سەرنجی رادەکێشام ئیدی چەپ و راستم نەدەکردو هەوڵم دەدا هەرچییەك پەیوەندی بە**

بابەتەکەی منەوە هەبوو دەرك بکەم، تیَ بگەم. لە قازان-یش هەر دریَژەم بەم ریَچکەیە دەدا". لەم ماوەیەدا ئاشقی فەلسەفە بوو، چونکە لاویَکی زۆر کنەکار بوو دەیویست لەم ریَگەیەوە پەی بە حەقیقەتەکانی ژیان ببات، وئەویش میناکی عومەری خەیام زۆری هەوڵداوە پەی بە رازو نهیَنی خوڵقان و ئەفەراندن و مەبەستی ژیان و بوون و هۆو سۆنگەی مەرگ و نەمان بەریَت و بزانیَت بۆچی دیَن و بۆ دەڕۆن و مەبەست لەم هاتنو رۆییشتنە چیە؟ لەم سەروبەندەدا بە رادەیەك خووی بە زانایانی پیَشین-ەوە گرتبوو کە پەیکەریَکی جان جاك رۆسۆی بە زنجیر لە ملی خۆی کردبوو.

لە کۆتایی ئەم قۆناغەی کە لە قازان بوو، دەستی بە نووسینەوەی رۆژانە یاداشتەکانی خۆی کرد، دەیویست لەم ریَگەیەوە پەرەسەندو پیَشکەوتنی دەروونی و روحی خۆی هەڵسەنگیَنیَ و هزروهزرینی هەر رۆژیَکی خۆی لەگەڵ رۆژی پیَشوودا بەراورد بکات و بەمجۆرە ریَگەی گەشەکردن و پیَشکەوتن ببریَ، وهەموو شەویَك دەگەڵ ویژدانی خۆیدا تاك دەکەوتەوەو دەرگای لە رووی ئەغیارو نەیار دادەخست و دەکەوتە دادگایی کردنی خودی خۆی و دەروونی خۆی.

کاتیَ کە هیَشتا لە قازان بوو سەروەت و سامانی بنەماڵەکەیان لە نیَوان ئەوو براکانیا دابەش کردو یاسنایا پالیانا بەر ئەو کەوت. لەم سەروبەندەدا ئەم لاوە هەژدە ساڵانە هەر کە بوو بە خاوەنی موڵکی تایبەتی خۆی یەکسەر هەستیَکی دلۆڤانەو سەرپەرشتکارییەکی حەکیمانەی سەبارەت بە جوتیارودیَهاتیان لەدڵ و دەرووندا پەیدا بوو، وبۆ ئەوەی وەزع و حاڵی ژیانیان چاك بکات و لە حاڵی ملکەچی کۆیلایەتی رزگار بکات چوو بۆ ئەویَ و تەنانەت لە پیَناوی ئەمەدا دەستی لە دریَژەدانی خویَندنەکەشی هەڵگرت، بەڵام هەڵبەتە ژیانی ئارام و یەك نەواویەکهاوی یاسنایاپالیانا خاوی دەکردەوەو تەمەڵی دەکرد، و ئەویش لاویَك بوو پەلەی بوو بگاتە کەماڵ، ئەمە ناچاری دەکرد ئەویَندەر بەجیَبیَلیَ، ئەوە بوو چوو بۆ مۆسکۆو دوای ماوەیەکی کەم بۆ ئەوەی بچیَتە کۆلیژی ماف پوترسبۆرگ چوو بۆ ئەو شارە. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٤٨دا شادەتنامەیەکی لە زانستگەی پوترسبۆرگ وەرگرت، بەڵام خۆی لەمبارەیەوە دەنووسیَت: "هیچ شتیَکم لە ئەدەبیات نەدەزانی". پیَدەچیَت بەهرەو زەوقی ئەدەبی ئەو تەنیا دوو ساڵ دواتر، پاش ئەو سەفەرەی کە بۆ قەفقازی کردووە، پڕابیَ و نەشونمای کردبیَت، چونکە لە مانگی نیسانی ١٨٥١دا دەگەڵ نیکۆلای برایدا کە بە ماموری بۆ ئەویَ دەچوو، بۆ قەفقاز رۆیی. ئەم دەڤەرە خۆش و پاراوو تەڕوبڕە بە جۆریَ رایکیَشا کە خزمەتی سەربازی لەویَندەر قەبوڵ کرد. لەم سەروبەندەدا لە بیری نووسینی رۆمانیَکی گەورەدا بوو کە دەیویست یادگارە خانەوادەییەکانی خۆی وەکو کتیَبی (میَژووی بنەماڵە)ی سیرگی ئاکساکوف، لەویَدا تۆمار بکات.

یەکەم فەسڵی ئەم کتیَبەی لە قەفقازدا نووسی و بیرەوەرییەکانی سەرەتای تەمەنی خۆی تیَدا شرۆڤە کرد بوو کە پاشان بوو بە کتیَبیَکی سەربەخۆ بە ناونیشانی (منداڵی، نەولاوی، لاوی) دواتر هەر لەسەر هەمان ریَباز زنجیرە چیرۆکیَکی بچووکی نووسی وەکو: "کازیَوەی موڵکداریَك"، (لوتسرن)، و(قوزاڤان). لەبەرهەمەکانی سەرەتای لاویدا، هەمان ریَچکەی هزروهزرینی پوشکین و لیرمانتۆف-ی گرتە بەرو قارەمانەکانی خەڵکانی ئەشراف خەیاڵپەروەرن کە ئارەزووە

خەونامێزەکانیان، لە بەردەم بچووکترین هەقیقەتدا هەڵدەوەرێن، ئالینین-ی قارەمانی چیرۆکی قوزاقان وەکو (ئالکو)ی قارەمانی پوشکین و پیچورین-ی قارەمانی لیرمانتۆف، شادە بەوەی کە لە باوەشی سروشتی قەفقازدا، بێتاقەتی و بێزاری خۆی لە ژیانی ئەشرافی دەردەکات، بەڵام لە ناکاودا رۆژێ ماریانکای قەفقازی هۆڤی و سەرەتایی ئەو هەڵدێرەی کە کۆسپە لە نێوان خەڵکانی شارستانی و خەڵکانی بەدەوی و سەرەتایی دا، ئەو بەدەویانەی کە حەز دەکەن وەکو ئەوان بن، بەو نیشان دەدات. دەشێت بگوترێ ئەم بابەتە تایبەتە بە ئەدەبیاتی روسییەوە چونکە تەنیا روسەکان کەوتبوونە سەر زەمینێکەوە کە دەیانتوانی جیاوازیوناکۆکی نێوان ئەم دوو تەبیعەتە سەرکێشە بدینن و لە هەنبەر سروشتی بێ لغاووجڵەوی خۆدا سروشتی چەموش و بێباکی خەڵکی ئاسیاش بجەرِبێنن. ئەوروپاییەکان تەنیا ئەو کاتانەی کە کۆلۆنیانیان پەیدا کردووەو چوون بۆ ئەوێندەر، ئەم جۆرە بابەتانەیان هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی خۆیان. لەم سەردەمەدا تۆلستۆی بە تەواوەتی پەیرەوی لە رێساو نەریتی نەتەوەیی ئەدەبیاتی روسی دەکردویەکەمین دیاردەی نهێنی ئاینی ئەویش یادگاری هەمان قۆناغەو باشترین هزری ئەو لەم قۆناغەدا رووداوێکە کە خۆی بۆ پۆگۆدین-ی، یەکێك لە نزیکترین دۆستەکانی گێراوەتەوە کە کاتێ قەولی دابوو چیتر دەست بە وەرەقەوە نەدات و لەگەڵ ئەمەشدا بەڵێنی دا بوو ئەو برِە پارەیەی لە قومارێکدا دۆراندبووی بداتەوە، بەڵام ئەم پارەیەی بۆ هەڵنەدەسورِاو چونکە هەرچەند بیری کردەوە فیکری بە هیچ کوێرا نەگەیی، بە ملکەچی و مەلولیەوە دوعایەکی خوێندبوو و لێی خەوتبوو، لە خودا پارِابووەوە چارەیەکی بۆ بکات. کە بێدار بووبووەوە نامەیەکی، کە بە هیچ جۆرێ چاوەروانی نەبوو، پێ گەیی وئەو پارەیەی کە پێویستی بوو بوو بۆیان ناردبوو.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەوەڵین چیرۆکانە یەکسەر بووە مایەی شۆرەت وناوبانگی تۆلستۆی. چرنیشڤسکی یەکەم کەس بوو کە پەی بە گەورەیی و مەزنایەتی ئەم نووسەرە تازە کوورەیە بردو گوتی گرنگترین هونەری ئەو بریتییە لە وردکردنەوەو شیکردنەوەی جیهانی روحی و دەروونی و تێگەییشتن و بەرجەستەکردنی گۆرِانکاری چۆنیەتیە سایکۆلۆژیەکان و تواناو بەهرەی تایبەتی ئەو لە شرۆڤەو راڤەو دەربرِین و نیشاندانی دیالکتیکی روح و دەروندایە. مەبەستی چرنیشڤسکی لە دیالکتیکی روح، وەسفی دینامیزمی هەمیشەیی و بەردەوامی پەرەسەندنی چۆنیەتی و جیهانە سایکۆلۆژیەکانە. چرنیشڤسکی پێی وابووە کە خەسڵەت و خەسێتی دووەمی تۆلستۆی بریتیە لە دڵبەندی بە بنەما بەرزە ئەخلاقییەکان و پەیرەوی کردنیان، و ئەم باوەرِەی لە ئەنجامی کتێب خوێندنەوەی زۆرو رامان و وردبوونەوە لە ژیانی زاهیری و باتینی خەڵکی و رۆچوون بە هەستە شەخسییەکانی خۆیدا، لا دروست بوو بوو، لەبەر ئەمەش بوو کە لە نڤیساریدا خۆیبوونی تەواوی هەبوو و پەیرەوی هیچ سەر مەشقێکی ئەدەبی و فەلسەفی نەدەکردو تا خۆی بیری لە بابەتێك نەکردباوەو لە بنج و بناوانی نەکردباوەو قورِی بنی دەرنەهێنابا باوەرِی پێنەدەکردوپەسندی نەدەکرد، وئەمەش بووە هۆی ئەوە کە گەلێك لەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە بەر لەو بە سەلماووچەسپاویان دەژمارد، بشڵەقێنێ و رێگەی تازە لە ئەدەبیاتدا بکاتەوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی نڤیساری تۆلستۆی ئەو توانا گەورەیەیە کە لە وەسفی تەبیعەتدا هەیەتی،و لەم بارەیەوە بە زۆری دیمەنەکانی تەبیعەت دەگەڵ خەسڵەتوسۆزو گودازی قارەمانەکانی خۆیدا دەسازێنیٚو ژینگەیەك دەخوڵقێنیٚ کە تەواو دەگەڵ هزرێن واندا دەگونجیٚو تێکدەکاتەوە. چونکە بە خۆی ماوەیەك لە ریزی سوپادا بووەو بەشداری شەڕی کردووە لە وەسفی شەرگەو مەیدانانی شەڕو نیشاندانی ورەی سوپاییاندا توانایەکی تەواوی بەدەست هێناوە، بۆیە لەم بارەیەوە چەند چیرۆکێکی نووسیوە کە بەناوبانگترینیان بریتییە لە: "دەستبرد"و(جەنگەل بڕی) لەم دوو چیرۆکەدا هەست و سۆزو گودازی شەرڤانانو ئەتوارو کردارییانی لە دەمی خەتەرو تالوکەدا بە هەموو وردەکارییەکی ئەخلاقیەوە نیشانداوە.

ئەو نووسەرەی کە لە منداڵی ڕا هەمیشە خولیای هونەرنوێنی لە مەیدانی جەنگ، لە کەللەدا بوو وردە وردە پێی نایە تەمەنی لاویو فام کردنەوە، بێزاری خۆی لە زێدەگاڤیو دەستدرێژی زۆرداران بۆ سەر ژێردەستان بە توندی دەربڕیوە. بۆ نموونە لە رەشنووسەکانی چیرۆکی (دەستبرد- دزی)دا چەندین جار هێرش وپەلاماری لەشکریانی تزاری بۆ سەر خەڵکی قەفقاز سەرکۆنە کردووەو تا لە قەفقاز بوو لەشکرکێشییەکانی دەرباری تزار هەستی نیشتمانپەروەری ئەویان نەدەجولاند، بەلاّم کە بۆ شەڕی قرم رۆیی، رووداوەکانی ئەوێندەر هەستی نیشتمانپەروەریان لەلا جولاند. لە هەیڤی نۆڤبەمبەری ١٨٥٤دا چوو بۆ شەڕی قرمو لە بەرگرییە مێژوویەکەی شاری سباستوپولدا بەشداری کرد. تا ساڵی ١٨٥٣ لە قەفقاز مابوو وزەحمەتو مەینەتیەکی زۆری دیتبوو، لە سالاّنی ١٨٥٤و ١٨٥٥دا لە شەڕی قرمدا یەکێك بوو لە سەرکردە جەنگییەکانی کنیازگورچاکوف- Gortchakofوجگە لە شەڕی سباستوپۆل لە شەڕی چرنایا- Tchernnaiaش بەشدار بووە. لە رۆژانە یاداشتەکانی ئەم قۆناغەدا نووسیویەتی:

"میللەتی روس هێزێکی مەعنەوی زۆر گەورەی هەیە. لە گێرِوداری ئەم ساتە قەیراناویو مێژووییانەی کە بەسەر روسیادا دەبورێ حەقیقەتێکی فرە کەشف دەبیٚ ئەم ئاگری نیشتمانپەروەریەی، کە لە ئەنجامی دیتنی ئەم بەدبەختیو نەگبەتیانەی روسیادا لە دڵو دەروونی رۆڵەکانی ئەم سەرزەمینەدا هەڵایساوە، کاریگەرییەکی بنجڕو هەمیشەیی دەبێت. رۆڵەکانی ئەم ولاّتە لە ئێستا بە دواوە بە لیاقەتو شایستەییەکی پترەوە دێنە ناو کارە کۆمەلاّیەتیەکانەوە. ئەو جۆش و خرۆشەی کە ئەمرۆکە شەڕ هێناویەتیە پێشیٚ، لە ئایندەدا فیداکاریو لە خۆ بوردەییان لە جاران بەهێز تر دەکات".

بەماوەیەکی کەم پاش ئەوەی چووەتە سباستوپول، ئەمەی بۆ براکەی نووسیوە: "ورەی سەربازان بە رادەیەك بەرزە کە نایەتە گوتنو باسکردن، تەنانەت لە یۆنانی کۆنیشدا ئەم هەموو قارەمانیەتیو دلاوەرییەیان نەنواندووە. کورنیلف لە تەفتیشو بەسەرکردنەوەی ریزبەستێکی هێزەکانی ژێر دەستی خۆیدا لەهەموو شوێنێکدا لە جیاتی پیرۆزبایی ئاسایی کە لە سەربازان دەکریٚ، دەیگوت: کوڕینە دەبیٚ گیان بەخت بکەین، ئامادەن؟ سەربازەکانیش بە هەمان دەنگی دلێر پەرسڤیان دەداوە: بەڵیٚ، گیان بەخت دەکەین. هەڵبەتە ئەم کارە تەنیا خۆ نواندن نەبوو، چونکە لە سیمای هەر سەربازێکدا ئەوە دەبینرا کە عەزمی جەزمە بمریٚو تا ئێستا بیست و دوو

هەزار سەربازو ئەفسەر بە دلاوەرییەکی بێ وێنەوە ئەم عەزمەیان بردووەتە سەر. چ رۆژگارێکی خۆشە!" هەروەها لە ٤ی سێپتامبەری ١٨٥٥دا بۆ تاتیانا ئێرگولسکایا، کە لە منداڵیدا بە خێوی کردگە، دەنووسێت: "کە لەسەر قوللەکانی خۆمانەوە شارم لە ژێر ئاگرو ئاسن و ئاڵای فەرەنسیەکاندا بینی، فرمێسك لە چاوانم رژا".

تۆلستۆی بە خۆیشی لەم شەڕو فەرتەنانەدا قارەمانیەتی زۆری کردووەو ئەو خولیای هونەر نوێنییەی کە لە منداڵیدا لە کەللەی دابووە بە جۆرێ هێناوەتە دی کە بۆ ماوەی پتر لە یەك مانگ لە ترسناکترین شوێنی شەڕەکەدا، کە بە سەنگەروقوللەی چوارەم بەناوبانگ بوو، مایەوەو ئەوەی لەو شەڕەدا دیتبووی لە سێ شاکاری بچووکدا بەناونیشانی (سباستوپول لە کانوونی یەکەم، لە مایس، لە ئاب)دا، تۆمار کردووەو نووسیوە. لەم چیرۆکانەدا یەکێك لە هەوەڵین ئەو نووسەرە ئەوروپاییانەی کە نەگبەتییە مەرگبارەکانی شەڕگەو مەیدانانی شەڕی راڤەو شرۆڤە کردووە، چونکە لەو سەردەمەدا گەیی بووە ترۆپکی توانای نڤیساری خۆی. ئەو وەسفەی کە دەربارەی وردەکارییە مادییەکان و ئەو وردەکاریانەی کە دەربارەی سایکۆلۆژیاو وەروباری دەروونی سەربازانی مەیدانی ئەم شەڕو شۆڕو خوێنڕێژیانە کردوویەتی ئەوپەڕی نڤیساری ئەو دەنوێنێ. هیچ کەسێك نەیتوانیوە لە وەسفی وردی ورەو باری دەروونی خەڵکانی مەیدانی جەنگدا بگاتە ئاستی ئەو. بۆ نموونە ئەوە نیشاندەدات کە چۆن هەمان ئەو پیاوەی کە دەقیقەیەك لەوە پێش لە گەرمەی جەنگدا گیانی خۆی بەخت دەکرد، دوای دەقیقەیەکی دی ناشیرین ترین شێوەی خۆپەرستی دەنوێنێ. لەگینە لەم بارەیەوە زەینی داهێنەرو بەهرەی بەرزو سەرکێشی تۆلستۆی هەندێ لەم وردەکارییانەی خوڵقاندبێ و کردبێتی بە بیانوویەك تا شەڕانیەتی خودی بەشەری لە رێگاوە شەرح و شرۆڤە بکات، بەڵام بەخۆی لە کۆتایی چیرۆکی دووەمدا زۆر بە روونی و رەوانی لەمبارەیەوە دەڵێت: "قارەمانی چیرۆکەکەی من، ئەو قارەمانەی بەدڵ و گیان خۆشم گەرەکە، ئەو قارەمانەی کە هەوڵم داوە هەموو جوانی و گەورەییەکی بەرجەستە بکەم، ئەو قارەمانەی کە تا هەتا هەتایە بە زندوویەتی دەمێنێتەوە، راستییە" جا رووداوەکانی ئەم رۆژگارانەی ئێمە سەلماندی کە لیڤ تۆلستۆی لە باس و پێناسەو نیشاندانی سەربازی روسیدا زێدەرۆیی نەکردووەو ئەو حەقیقەت و راستییەی کە ئەو ویستویەتی بیخاتە بەرچاو هەمان سەربازە کە بە سادەیی و دڵنیاییەوە، بێ هیچ لاف و گەزاف و خۆهەڵکێشان و خۆنواندنێکەوە، بێ ئەوەی ئەجرێکی دنیایی یان پاداشتێکی ئاینی بخوازێت بەرگری لە خاکی باوانی خۆی دەکات. لە چیرۆکی (سباستوپول لە کانونی یەکەم)دا دەڵێت:

"کاتێ دەکاریت پەی بە نیشتمانپەروەری گشتی بەریت کە تەوسەر بکەیت ئەم پیاوە سادەو بێ رتوشانە، ئەم سادەو بێگەردانە، لەو رۆژە مێژووییانەدا هەریەکەیان قارەمانێك بوون و مەرگیان بە هیچ نەدەزانی. شەڕی مێژوویی سباستوپول کە میللەتی روسیا قارەمانی مەیدانەکەی بوو، شوێنەوارێکی نەمر بەو سەر زەمینە دەبەخشێت".

پاش ئەوەی سباستوپول تەسلیم بوو، تۆلستۆی لە نیوەی دووەمی نۆڤامبەری ١٨٥٥دا بۆ پترسبۆرگ گەڕایەوە. ئەو نووسەرو شاعیرە مەزنانەی کە لەو رۆژەدا لە پایتەختی تزاراندا بوون،

وەك تورگنیف و نیکراسۆف و گونچارۆف و پیسمسکی وچرنیشڤسکی وەکو نووسەری نمرە یەکی روسیا، ئەویان لە کۆڕی خۆیاندا پێشوازی کرد، هەرچەندە هێشتا ئەدەبیاتی نەکرد بوو بە پیشەی یەکجارەکی خۆی. بەلاّم زوو بە زوو ولە هەمان ساڵدا داوای خانەنشینی لە سوپا کردو دوای ماوەیەك نڤیساری کرد بە ڕێگەی ژیان و گوزەرانی خۆی و ڕەنگە ئەو زیاتر لە هەر نڤیسەڤانێکی دیکەی بەر لە شۆڕش توانبێتی لە ڕێگەی قەڵەمەکەی خۆیەوە ژیانێکی ئاسوودە دابین بکات.

جگە لەو نووسینانەی پێشتر نووسیبوونی، لە سەرەتای ئەم قۆناغی دووەمی نڤیساریەدا چەند چیرۆکێکی تری میناکی (منداڵ، مەشمولی عەفوی گشتی، و دوو سوار)ی بلاّوکردەوە. بلاّو بوونەوەی (کازێوەی موڵکدارێك) کە لە هەمان سەروبەندا بلاّوبووەتەوە، بە وەرچەرخان و ڕووداوێکی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە هاتە ژماردن و هەموو گوتیان لە دوای چیرۆکە بەنێوبانگەکەی تورگنیف (یاداشتەکانی ڕاوچی) ئیدی هیچ بەرهەمێکی دیکەی لەمە باشتر لەم بوارەدا بلاّونەبووەتەوە. تۆلستۆی لەم چیرۆکەدا نەك هەر زمانی ڕەوان وجوانی تورگنیفی بەکار بردبوو، بەڵکو کێشەوململانێی نێوان موڵکداران و وەرزێرانی لە تورگنیف-ش باشترو ئاشکراتر شرۆڤە کردووە.

تۆلستۆی، پاش ئەوەی لە خزمەتی سوپایی دەرچوو، دوای دوو هەیڤان سەفەرێکی ئەوروپای ڕۆژاوایی کردو شەش هەیڤان لە فەرەنساوسویسراو ئاڵمانیاو باکووری ئیتاڵیادا گەڕا. دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٦١دا سەفەرێکی تری بۆ ڕۆژاوای ئەوروپا کرد. لە سەرەتای قۆناغی نیڤساری خۆیدا کە چوو بو یاسنایا پالیانا، لێرا گۆڕان و کرانەوەیەك لە ژیانی ئەو وەرزێرانەی لەسەر موڵکەکەی ئەو کاریاندەکرد فەراهەم بکات وئەم گۆڕان وکرانەوەیەی بە کردنەوەی قوتابخانانی سەرەتایی دێهاتی دەست پێکرد تا سەرەتا چاوی منداڵەکان بە نوری زانست ڕوناك بکاتەوە، جا بۆ پەی بردن بەو بنەمایانەی کە لەم بوارەدا لە ئەوروپادا باو بوو ئەم دوو سەفەرەی کرد. لە سەفەری سویسرادا بوو کە چیرۆکی (لوتسرن)ی نووسی و لەم چیرۆکەدا هەست و سۆزی خۆی دەربارەی ئەم سەفەرە شرۆڤە کردووە.

لە ئاخرو ئۆخری تەموزی ساڵی ١٨٥٧دا لە سەفەری یەکەمی گەڕایەوە، ماوەیەکی کەم لە مۆسکۆ مایەوەو ئەوسا بۆ یاسنایاپالیانا چوو و تا ساڵی ١٨٥٩ بە ڕادەیەك سەرگەرمی ریفۆرمێن کۆمەلاّیەتی و چاککردنی ژیانی دێهاتیان و منداڵەکانیان بوو کە لە ماوەی دوو ساڵاندا تەنیا چیرۆکی (سێ مردن) و ڕۆمانۆکێکی بە ناونیشانی (بەختەوەریی خانەوادەیی) نووسی و پاشان چیرۆکی (ئالبێرت)ی کە ئوتوبیوگرافی سازڤانێکە، تەواوە کرد. چیرۆکی (سێ مردن) یادگاری زەمانێکە کە سەرقاڵی ریفۆرمی ژیانی وەرزێران بووەو لەو زەمانەدا باوەڕی وابووە کە ژیانی سروشتی و ئاسایی گوندییان زۆر لە ژیانی دەستکردی قەڵب و ریاکارانەی مفتەخۆرانی شاران پەسند ترە، لەم چیرۆکەدا مردنی سێ بوونەوەری، واتە ژنێکی موڵکدارو پیاوێکی دێهاتی و درەختێکی بەوپەڕی وەستایی نیشان داوە، ئەو ژنە موڵکدارە کە لە سەرانسەری ژیانا جگە لە سك لەوەرێنی و ریا و قەڵبکاری هیچ کارێکی تری نەکردووە بە شێوەیەکی بێزەوەرو

کرێت گیان دەسپێرێت، بەڵام دێهاتیە جوتیارەکە کە لە هەموو تەمەنیا هەر هاونشینی سروشت بووە بەوپەڕی دڵنیایی و بارسووکی و ئاسوودەیی لە جیهان دەڕوات، و مەرگی درەختەکەش کە پتر لەو دوو بوونەوەری دی ئاوێتەوپابەندی سروشتە، بە شکۆداری و جوانیەکی تایبەتیەوە روو دەدات و بە رادەیەك سروشتی و پڕشکۆیە لە تۆ وایە مەرگ نیەو خۆ ئامادەکردن و خود رابوونێکە بۆ ژیانێکی تر. لەم سەروبەندەدا تۆلستۆی شەیدای تەبیعەت و دڵبەندی بیروباوەڕەکانی رۆسۆ بووەو پڕ بەدڵ باوەڕی وابووە کە هەرچییەك لەگەڵ تەبیعەتدا بگونجێ و بسازێ جوان و شەریفەوهەرچیەك لە سروشت دوور بێ، ناشیرین و سووك و کرێتە. تۆلستۆی هەمان بیروباوەڕی کەم و زۆر و هەندێجار لە بەرهەمەکانی دیکەی خۆیدا دووبارە کردووەتەوەو هەمیشە خۆی وا نیشانداوە کە شیفتەو دڵبەندی تەبیعەت و سروشتە، هەر بۆیەش لە ١٨٦١/٢/١٩وە کە لە یاسناپالالیانادا جێگیر بوو، تا دە رۆژ پێش مردنی خۆی ئیدی لەوێ و لە باوەش سروشت وەدەرنەکەوت.

تۆلستۆی بە درێژایی ئەم ماوەیە جارچی وپەیامبەری سوڵح و ئاشتی بووەو پەروەردەو فێرکردنی منداڵانی بە یەکێك لە کارە گرینگەکانی خۆی زانیوەو بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەیەکی تایبەت بە پەروەردەو فێرکردنی بەناوی موڵکەکەیەوە دەرکردو لەوێدا زۆربەی کات بیروباوەڕی تایبەتی دەربڕیوە. بۆ نموونە بە دەم شەرحی باوەڕو بۆچوونی خۆیەوە دەربارەی پەروەردەی نەتەوەیی بیروباوەڕی زۆر لێکدژی لەمەڕ فێرکردن و پەروەردەو مەدەنیەت و پێشکەوتن خستووەتە روو. بۆ نموونە نووسیویەتی کە پێشکەوتن تەنیا بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوە کە ئەو دەرفەتەیان هەبێ و بۆ خەڵکانی دی نەك هەر زیادە بەڵکو بە زیانیشە، خویایە کە لەم بارەیەوە بیروباوەڕەکانی جان جاك رۆسۆی دووبارە کردووەتەوە.

لە ساڵی ١٨٦٠دا دەگەڵ خوشکەکەی و خوشکەزاکانیدا بۆ دیدەنی یەکێك لە براکانی کە بۆ مالیجەی نەخۆشی چوو بووە ئەورووپا، سەفەری دووەمی بۆ رۆژاوای ئەورووپا کردو ئەم سەفەرەی پتر لە نۆ هەیڤانی خایاند، جارەکی دی ماوەیەك لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا گەڕاو کەمێکیش لە لەندەن و برۆکسل مایەوەو لەم سەفەرەدا تاسەمەندی ئەوە بوو کە فێرگەکان بدینێ و لە فێر کردن و پەروەردەدا کارامەترو مەعلانتر ببێ. لەم سەفەرەدا بوو کە نووسەری نێودار (گرتسن)ی لە لەندەن بینی و لە برۆکسل (پرودن)ی پێشەوای بە ناوبانگی سوسیالیستەکانی فەرەنسای ناسی و ئاشنایەتی دەگەڵ چەند ناودارێکی پۆڵاندی وئاڵمانیشدا پەیدا کرد. کاتێ کە بۆ یاسنایا پالیانا گەڕایەوە سەیری کرد لە غیابی ئەودا دەوڵەتی تزاری کۆمەڵێك موفەتیشی بۆ ئەوێندەر ڤڕێکردووەو تەفتیشێکی وردی ماڵەکەیان کردووە، چونکە دلۆڤانی و میهرەبانی ئەو دەگەڵ وەرزێران و گوندیان و هەوڵدانی بۆ چاککردنی وەزع و حاڵی کۆمەڵایەتیان و بێدار کردنەوەو فێرکردنیان، بەدگومانی لەلای دەوڵەت چێکردبوو وئەویان بە بزوێنەرو هاندەری شۆڕش و هەراو هەنگامە زانی بوو. تۆلستۆی کە لەم سەفەرەی گەڕایەوە لە ساڵی ١٨٦٢ لە گەڵ سۆفیا ئاندرئیونابرسدا، کە کیژی پزیشکێکی ئاڵمانی نەژادی ئاکنجی مۆسکۆ بوو، زەماوەندی کرد. ئەم ژنە کە تا کۆتایی ژیانی نووسەری مەزن هەر لەگەڵی بوو، لە گەنجی دا جەزبەو

لوتفێکی تایبەتی لەلای ئەو هەبوو، تەنانەت لە ئەدەبو موسیقاشدا بێ بەهرەو سەلیقە نەبوو، بۆیە زەماوەندی دەگەڵ تۆلستۆی دا بە بەرزترین شادیو نیعمەت دەزانی. ئەم ژنە لە دایکبووی ساڵی ١٨٤٤ بوو و لە ١٩١٩/١٠/٢٢دا کۆچی دوایی کرد، واتە شازدە ساڵان لە شووەکەی بچووکتر بوو ونۆ ساڵ دوای ئەو مردو بۆ ماوەی چل وهەشت ساڵ شەریکی ژیانی بوو. یازدە فرزەندی هێنا کە هەشتیان هاتنە بەرهەمو لە دوای بابو داکیان مان، پێنج کوڕ: سێرگی، ئیلیا، لیڤ، ئاندرێ، میخائیلو سێ کیژ: تاتیانا، ماریا، ئالکساندرا، وێڕای ئەمەش ئەم ژنە چەند دەچووە ساڵەوە درژپەسندترو بیانوگرترو ناسازگارترو بەدخوو تر دەبوو. لە هەڵسوکەوتیا دەگەڵ پیاوانی تردا زۆر رێو ڕەسمو دابو نەریتی رەچاو نەدەکردو هەمیشە شووەکەی دەرەنجانو دەیخستە گومانەوە. تۆلستۆی لە بەرهەمەکانی خۆیدا چەندین جار بە گۆشەو کینایەو درکە باسی پەیوەندی خێزانداری خۆی کردووەو تەنانەت یەکێك لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی (سۆنات کروتزر– Sonate Kreutzer) بە باسی ئەم بابەت دەزانن.

سۆفیا ئاندرئیونا بە هەموو مانای وشە ژن بوو، یانی خەمساردو بێ موبالات سەبارەت بە شتە گرنگەکانو منجڕولاسارو پابەند بە شتە بێ بایەخو نرخەکان. تەبیعەتێکی هەبوو کە زۆر زوو لە هەر شتێك بێ تاقەت دەبوو و دڵی، بۆ ماوەیەکی کەم نەبێ، بە هیچ شتێك خۆش نەدەبوو. ئەو هەموو شانازییەی کە بە نسیبی مێردەکەی بوو بە دروستی نەدەبینیو لەزەتی لێ نەدەبینی، بە پێچەوانەوە لەو هەموو بایەخەی کە خەڵکی پێیان دەدا بە گومان بوو، لەو ریفۆرمانەی کە لە ژیانی دێهاتیاندا دەیکردو لەو لێبوردەییەی کە دەرهەق بەوان (دێهاتیان) هەی بوو، ناڕازی بوو، تەنانەت ئەو رۆژانە یاداشتانەی کە تۆلستۆی دەربارەی رووداوە رۆژانەکانی خۆی تۆماری دەکرد، بە نێهنی دەخوێندەوەو وای دەزانی نهێنییەکیان تێدایە کە دەبێ کەشفیان بکات. سەرەنجام ئەم بەدخوویی و بەدگومانیانە گەییشتنە شوێنێکی ترسناكو بوونە باعیسی مەرگی نووسەری مەزن.

تۆلستۆی، لە سەرەتای ژیانی ژنو مێردایەتیدا بە پێچەوانەوە یەجگار شاد بوو و تا رادەیەك ئاشقێنی دەگەڵ ژنەکەیدا دەکردوخۆشی دەویستو هەمیشە لە ژیاندا زۆر دڵبەندی منداڵەکەی بووەو تاقە پەناگەی بۆ رەهایی لە دەست دژواریە ناخۆشو ناگەواراکانی ژیان میهرو سۆزی منداڵەکانی بووە. بۆیە لەم قۆناغەدا کە هێشتا بەدخووییەکانی سۆفیا ئاندرئیونا دەستی پێنەکردبوو، چەندین شاکاری نەمری بەرهەم هێنا. لە ساڵی ١٨٦٠دا چیرۆکی (پالیکوشکا)و دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٦٢دا چیرۆکی (قوزاقەکان)ی بلاوبوونەوە. چیرۆکی (قوزاقەکان) یەکێکە لە جوانترینو رۆمانتیکی ترین بەرهەمەکانی ئەو. لەو چیرۆکەدا هزروهزرینی تایبەتی قوزاقان لە باوەشی جوانیەکانی سروشتی قەفقازدا بە شێوازێکی یەجگار جوان هاتووەتە نیشاندانو دەربڕین. لەم چیرۆکەدا یروشکاوماریانکای کیژی جوانی قوزاقو لوکاشکا بەکەماڵی سادەیی، لە ئاسوودەیی موتڵەق داو لە ژینگەی میهرو وەفادا دەژین. ئولنین Olenine بەپێچەوانەوە بووە بەشارنسپنو گیرۆدەی خەیاڵاتی تاقەتبەروئاڵۆزو کێشماکێشی دەروونییەو هەمیشە لە نێو کێژەنگو شەپۆلی پەریشانیدا دەست و لاقان دەکوتێو ئەو پاکیو بێگەردیە دەروونییەی

دۆڕاندووه، لەگەڵ ئەمەشا بەغیلی بە ژیانی سادەی ئەم خەڵکە بەختەوەرە دەبات و هەرچەند دەکات دەروونی خۆی وەکو ئەوان ئارام بکات ناتوانێ و بۆیە هەست دەکات کە لە ناویاندا نامۆو بێگانەیە، وبۆیە هیچ سوودێك لەو ڤیان و خۆشەویستییە نابینێ کە بۆ ماریانکای دەردەبڕێ و سەرەنجام هیچ چارێکی نامێنێ جگە لەوەی کە لە نێو ئەم خەڵکە بڕوات وحەسرەت و ناکامی دەگەڵ خۆیدا بەرێ.

چیرۆکی (پالیکوشکا)ش کە پێش ئەو نووسراوە، دیمەنێکی ترە لە ناکامیەکانی دەستەیەکی تری ئەو زەمانە، یانی ناکامی گوندنشینەکان، ئەم چیرۆکە باسی ژیانی وەرزێرێکە کە بەباوەڕی تۆلستۆی موڵکدارەکان هەرچیەکان کردووە تا ژیانی باشتر بکەن، هیچ ئەنجامێکی نەبووە، وادیارە لەم چیرۆکەدا ویستوویەتی زەحمەتی بێهودەی خۆی لە رای چاککردنی وەزعی جوتیارەکانی سەر موڵکەکەی خۆی بەرجەستە بکات و نیشانبدات.

لە ساڵی ١٨٦٩دا هەوەڵین فەسڵەکانی رۆمانە بەناوبانگە ئیقلیمگیرەکەی (جەنگ وئاشتی) نووسی و گۆڤاری بەنێوبانگی (پەیام ئاوەری روسیە) لە ساڵی ١٨٧٠دا دەستی بە بڵاوکردنەوەی کرد. بێگومان ئەم بەرهەمە نەك هەر شاکاری بێ چەندوچونی ئەم کەڵە نووسەرەیە، بەڵکو لە شاکارە جاویدانەکانی ئەدەبیاتی جیهانەو دەبێ بڵاوبوونەوەی بە وەرچەرخان و رووداوێکی گرینگ لە ئەدەبیاتدا بزانرێ. ئەم رۆمانە لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوەو وێڕای ئەمەش تۆلستۆی لە کارەکانی تری نەکرد. لە کاتێکدا لە سەرانسەری روسیادا خەڵکی ئەم کتێبەیان، کە بوو بووە مایەی شۆرەتی هەمیشەیی ئەو، دەخوێندەوە، ئەو لە یاسنایاپالیانادا کتێبی ئەلفباو کتێبانی سەرەتایی بۆ قوتابیە سەرەتاییەکانی خۆی چاپ دەکرد.بایەخدان بەلایەنی سایکۆلۆژی لەم کتێبانەدا یەجگار جوانە، چونکە لە هەر لاپەڕەیەکدا پیاو مرۆڤێکی یەجگار مەزن و بەرزە ئەندێش دەبینێ کە بە زەحمەتێکی تایبەتیەوە هەوڵی داوە ئاستی هزرو هزرینی خۆی بێنێتە خوارێ و ببێ بە هاوزوبانی منداڵانی سەرەتایی و هەندێجار لەمبارەیەوە گۆی گرەوی بردووەتەوەو کۆمەڵە شاکارێکی سەیری فەراهەم کردگە کە بە تەواوەتی دەگەڵ روح و زمانی منداڵدایە.

هەموو رەخنەگرە مەزنەکانی دنیا بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) دەربڕیوە. ماکسیم گۆرکی کە باوەڕێکی تایبەتی بە تۆلستۆی هەبووە، لە سەرەتای قۆناغی نڤیساری خۆیدا کە رێکەوتی کۆتاییەکانی ژیانی ئەو بووە، لە یاسنایا پالیانادا چووەتە دیدەنی، دەرهەق بەو رۆمانە دەڵێت: "جەنگ و ئاشتی باشترین بەرهەمی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمە". تەنانەت گوستاف فلوبیر، نووسەری فرە بەنێوبانگی فەرەنسی دانەری ئەم بەرهەمەی بە شەکسپیری دووەم ناوبردبوو، وپاش خوێندنەوەی ئەم رۆمانە نامەیە کی زۆر گەرم و گوڕی بۆ تورگنیف، نووسی بوو و سوپاسی کردبوو کە نوسخەیەکی رۆمانەکەی بۆ نارد بوو، لەو نامەیەدا دەڵێت: "ئەگەر بڵێم بەرهەمی نمرە یەکە، وەکو ئەوەیە هیچم نەگوتبێ، ئەمە چ نیگارکێش و چ دەروونناسێکی بێ وێنەیە، بەدەم خوێندنەوەی ئەم رۆمانەوە، زۆر جاران بە

جۆرێ ئاوێتەی دەبووم‌و رایدەکێشام کە بێ ئختیار لە جێی خۆ رادەپەڕیم‌و ئافەرینم بۆ نووسەرەکەی دەنارد".

ئەم رۆمانە باسێکی یەجگار جوان‌و وەستایانەیە دەربارەی راپەڕینی میللەتی روس لە هەنبەر ناپلیون لە ساڵی ١٨١٢ و ١٨١٣ کە شکست‌و پاشەکشە بەنێوبانگەکەی ناپلیۆنی لێکەوتەوە. ئەم نووسەرە مەزنە بەدەم شرۆڤەی رووداوەکانەوە، جۆش‌وخرۆشی خەڵکی وڵاتی خۆی بە جۆرێ وەسف کردووەو نیشانداوە کە بێ چەندوچون ئەوپەڕی کاری کردووەتە سەر هزرو بیری ئەو کەسانەی کە لە دوای ئەوەوە هاتوون. بە خۆڕایی نیە کە لەم کتێبەدا هێزی روحانی‌و ئەخلاقی خەڵکی ئەو وڵاتە بە هۆکاری ستراتیژی پێشکەوتنی روسیە دەزانێ. دەڵێت ئەگەر لە شەڕە بەناوبانگەکەی (ئوسترلیتس)دا هێشتا ئەم تایبەتمەندییە نەتەوەییانە لەلای سەربازی روسی پەیدا نەبوو بوو لەبەر ئەوە بوو کە ئەم قارەمانە گیانبازانە ئامانجێکی پیرۆزیان لە بەردەم دا نەبوو کە شایستەی خۆبەخت کردنیان بێ. بەڵام لە جەنگی بۆردینۆ– Borodino دا کە یەکەمین جەنگی گەورەی نەتەوەیی روسی بوو ئامانج گۆڕاو ئەو سەربازەی کە لە جەنگ کردن لە رای خەڵکی دی دا خەمساردو بێ موبالات بوو، هەر کە هەستی کرد شەڕ بەرۆکی خۆی گرتووە راپەڕی‌و تا بەردەم شەڕەکە نەوەستایەوە، شەوی بەر لەم شەڕە هەرچی سەرباز هەبوو خۆی سازدا بوو و عەزمی جەزم کرد بوو کە سبەینێ فەتح بکات، ئەم ویست ووڕەو متمانەو باوەڕە بە تەوێڵی هەر سەربازو ئەفسەرێکەوە دەبینرا. بالا دەستی ئەم سەربازە گیانفدایانە بەسەر سەربازانی ناپلیۆن دا کە خۆشیان نەیاندەزانی بۆچی وبۆ کێ دەجەنگن، وتەنیا بە مەبەستی گوێڕایەڵی فەرمانی ئیمپراتۆرەکەیان هاتبوونە مەیدانی جەنگ بووە مایەی ئەمە کە ئەم خودای شەڕەو ئەم بالاترین سەردارەی شارستانیەتی تازە، شکست بێنێ‌و لەشکرەکەی پەرش و بڵاوبێتەوەو بەو حاڵەوە بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە. بەڵام کوتوزوف، سەرداری بە نامێی روسیا کە تۆلستۆی ئەوپەڕی ستایشی کردووە، چونکە ئامانج‌و مەبەستێکی پیرۆزی لە بەردەم بوو، بە شانازی سەرکەوتن گەیی.

تۆلستۆی وەکو جاران لە موڵکەکەی خۆیدا سەرقاڵی کارەکانی بوو، کە لە ساڵی ١٨٧٣دا قات‌وقڕی ناوچەی سامارای گرتەوەو تۆلستۆی بەجۆرێ نیگەران کرد کە چوو بۆ ئەوێندەر، کە گەڕایەوە لە (رۆژنامەی مۆسکۆ)دا باری سەرنج‌و دیتنەکانی خۆی بڵاوکردەوە کە دەنگێکی سەیری دایەوە، چونکە دەوڵەت هەوڵی دەدا حەقیقەت وەشێرێ‌و پەردەپۆشی بکات، بەڵام تۆلستۆی بێ هیچ رتوشێك هەرچیەکی بینی بوو خستبوویە سەر کاغەزو دەوڵەت ناچار بوو مدارای خەڵکەکە بکات‌و یەکسەر یارمەتی‌و کۆمەك بە خەڵکی ئەوێندەر بگەیەنێ.

تۆلستۆی لە ساڵی ١٨٧٥دا دووەمین شاکاری بێ چەندوچوونی خۆی، واتە (ئاناکانینا)ی بڵاوکردەوەو چاپکردنی تا ساڵی ١٨٧٧ درێژەی کێشا، واتە چوار دانە ساڵ سەرقاڵی ئەم کارە بوو. هەوەڵجار نەخشەیەکی تری بۆ داڕێژا بوو وسەرەنجام بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ لەبەر دەستدایە دەرچوو. لەو سەروبەندەدا کە مژولی نووسینی ئەم رۆمانە بوو، دیسان هەندێ رووداوان روویان دا کە زۆریان کار لە هزرو بیری کرد. لە ساڵی ١٨٧٧دا شەڕێك لە نێوان

روسـیاو عوسمانیـدا هەڵگیرسـا، جـارەکی دیکـە هەسـتی نیشـتمانپەروەری نووسـەری مـەزنی جوڵاند. لە کاتی شەڕەکەدا هەمیشە نیگەران‌و دڕدۆنگ بوو، کە لە کۆتایی شـەڕەکەدا سـوپاییانی روس شـاری (قـارس)یـان گـرت، ئوخـژنێکی کەوتـە دڵ‌و دەروون‌و هـێمن‌و ئـارام بـووەوەو لـەم قۆناغی ئارامی‌و ئاسودەییەدا ئەم رۆمانە بە نێوبانگەی تەواو کرد.

کـاتێ کـە ئـەم رۆمانـە تـەواو بـوو دۆستۆفسـکی نووسـی: "ئاناکارنینـا لـە رووی ئەدەبیـەوە لوتکەی کەماڵە. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوروپای ئەم رۆژگارە ناگاتە ئاستی".

ئاناکانینـا کیـژێکی جوانی خـوێن گـەرمی پڕهەسـت‌و سـۆزە، و بەگـەنجی دەبێ بـە هاوسـەری (کـارنین)ی فەرمانـدار کـە دوای ماوەیـەك دەگاتـە پلـەو پایەیـەکی بـەرز لـە پترسـبۆرگ. کـارنین پیاوێکی وشکی بێ زەوقی بێ سۆزە. لە هەموو ژیانیا جگە لە کارێن ئیداری‌و نووسراوێن فەرمی بێهوودە هیچ کـارێکی دیکـە ناکـات، بـە تـەواوی دڵبەنـدو پابەنـدی خورافـات‌و بـاوەڕێن کـۆن‌و بـێ نێوەڕۆك‌و پوچەڵی ژینگەی ئەشرافی خۆیەتی. هەشت ساڵی سەرەتای ژیانی ژن‌و مێردایـەتیان بـە ئارامی‌و یەکنەوایی‌و نەگۆڕی دەبورێ. ئانا لـەم ماوەیـەدا هـەموو ژیـانی خـۆی بـۆ کـاری ناومـاڵ‌و تـەربێت‌و پـەروەردەی (سـێرگی)ی کـوڕی تـەرخان دەکـات‌و نـازی دەکێشـێت، وئیـدی سـەرگەرمی هاتوچۆی ئەشراف‌و شادی‌و بۆنەکانی ژینگەی ژیانی خۆیەتی. ئانا ئەو بەختەوەری‌و ئاسودەییە مادییـەی کـە لـەو رۆژگـارەدا هـەزاران ژنـی گـەنج بـە ئاواتیـان دەخواسـت‌و هـەزاران بـاب‌و داك بـۆ کیـژەکانیان بـە ئـاوات دەخواسـت هـەبوو، بـەڵام سـەرەنجام تەبیعـەتی هەسـتیاری ئـەو بەمـە قاییـل نەبوو و منەی بەختەوەرییەکی دی دەکرد.

کـوت‌وپڕ رۆژێـك ئەفسـەرێکی لاوی قـۆز بـە نێـوی ڤیرنسـکی دەناسـێت‌و زوو بـەزوو، ئەشـقی ئەوی لە دڵەی بێ ئارام‌و پڕ ئـارەزووی خـۆی گـرت. ئـەم ئەشـق‌و ڤیانـە لـە دڵـی ئانـادا کـە تـا ئـەو رۆژە تینوی رووداوێکی وەها بوو، جۆشی سەندو سەراپای بوونی گرتـەوەو بـۆ ژیـانێکی دیکـەی ئامادە کرد. ئەو رۆژە لە لە پڕا زانی کە تا ئێستا لە چ ژینگەیەکی تاریك وساردا ژیـاوەو چـۆن لـە بەختـەوەری بـێ بـەش بـووەو چـۆن ئەشـق‌و ڤیـان دەتـوانێ ژیـان دڵگیرو خـۆش بکـات. کـاتێ کـە دەخوازێت خۆی بەو ئەفسـەرە تەسلیم بکـات، بە خـۆی دەڵێـت: "گونـاحی من چیە کـە خـوا بـەم جۆرەی دروست کردووم کە دەبێ کەسێکم خۆش بوێ تا بتوانم بڵێم زندووم".

سـەرەنجام داب‌و نـەریت و قـەراردادەکانی ژیـانی ئەشـرافیەت وەلاوە دەنـێ‌و ماڵەکـەی خـۆی بەجێ دێڵـێ و خـۆی بـەو جیهانـە نوێیـەدا دەکـات کـە دەرکـەی لـە رووداکردبووەوە. مـەخابن کـە ڤیرنسکی ئەو پیاوە نەبووە کە بتوانێ لە گەورەیی‌و حەقیقەتبینی ئەشق‌و ڤیانی ئانـا تـێ بگـات، ئەشق و ڤیان لەنك وی تەنیا سـەرگەرمی‌و رابواردنێك بـوو، لـە کاتێکدا لای ئانـاو بـۆ ئانـا هـەموو شتێك بوو، ولە پێناوی گەییشتن بەم ئاواتە گەورەترین فیداکاری کردبوو.

ئانـا، لـە نێـو ئـەم بەدبـەختی‌و رەنجـەڕۆیی‌و نـا ئومێدیـە لـە ئەشـق‌و ڤیـان، دیسـان بـە خـۆی دەڵێـت: "مـن تینـووی ئەشـقم‌و چ ئەشـقێکیش لـە گـۆڕێ نیـە. کەواتـە ژیـان بـۆ مـن تـەنیا بـارێکی گرانەو هیچی تر. تیشکی مۆم کاتێ پێویستە کە کەسێك بیەوێ شتێك بدینێ.کە شـتێك بـۆ دیـتن لە ئارادا نەبێ، وا چاکترە مۆمەکە بکوژێننەوە". ئانا ئەم مۆمـەی تەمراندو جەستەو قـەڵافاتێکی،

کە لە جوانیو قۆزیدا زینەتو ئارایشی ژینگەی ئەشرافیەتی پایتەختی تزاران بوو، لە ژێر چەرخی ڤیتارا بە دەستی مەرگ سپارد. ئەو ئەشقو ڤیانەی کە ئانا بە سەرمایەی بەختەوەریو ئامانجی ژیانی خۆیی دەزانی، سەرەنجام لە ژینگەی ریاو قەڵبکاری ئەشرافیەتدا فەوت و فەنای کرد، سەری خوارد.

تۆلستۆی، لەم رۆمانەدا قارەمانانی نمرە دووشی هێناوەتە مەیدان، لەوانە لڤین– Levineو کیتی دەزگیرانی، کە سەرەنجامو پاش دوو دڵیو رارایییەکی فرە دەبێت بە هاوسەری. هەڵبەتە لڤین تاپۆو نوێنەری هزرێن نووسەرە کە پاش تاقیب و گەڕانێکی زۆر بە دووی بەختەوەریدا، ئەو شادیو بەختەوەرییە تەنیا لە دنیای خەیاڵدا دەدۆزێتەوەو لە رێگەی پالاوتنی نەفس و پارێزکاری لەخراپەو سادەژینییەوە دەیگاتیّو جگە لە باوەشی خێزانوکاری کشتیاریو خزمەتکردنی ژێردەستانی خۆو جووتیاران چ رێگەی دی بۆ گەییشتن بەو ئاواتە نیە. تۆلستۆی ویستویەتی بەمجۆرە رێگەی ئەو بەختەوەریە راستەقینەیەی کە ئاناکارنینا منەی دەکردو پێی نەدەگەییو کیتی بەو شێوەیە دۆزی بوویەوە، نیشانبدات.

ئەم رۆمانەی تۆلستۆی وەسفێکی تەواو عەیاری روسیای زەمانی ئەوە، بۆیە بە وردترینو رەوانترین رۆمانی ئەو رۆژگارەی دەزانن. ئەو رۆژەی کە تۆلستۆی ئەو رۆمانەی بلاوکردەوە لە هونەری نڤیساریو شارەزایی لەم بوارەدا گەیی بووە لوتکە، بۆیە بە گەورەترین نووسەری ئەو رۆژگارەیان زانی، لە فە سڵە جیاوازەکانی ئەم رۆمانەدا زۆر دیمەنی وەزع وحاڵی کۆمەلایەتیو سیاسی روسیای ئەو رۆژگارو سەردەمە دەبینریّ، ودەشێت لە باری سەرنجی سایکولۆژیەوە بە رۆمانێکی فەلسەفی بزانریّ.

تۆلستۆی لەم رۆمانەدا ویستوویەتی ئەم حەقیقەتە سەلماوە ئاشکرا بکات کە رێگەی بەختەوەری لە رووی ئەشرافی روسیای ئەو زەمانەدا داخراو بووەو لە هەر نەگبەتیەك هەلاتوون تووشی نەگبەتیەکی تر بوون. کۆتو بەندو ریّو رەسم و داب ونەریت و تەشریفاتکاری لەمپەرو بەر بەستێکی لە نێوان ئەوانو بەختەوەریدا چێکردبوو، لەوەش خراتر پیاوانو ژنانیان بوو بوون بە دیلو ئەسیری ئەم دابو نەریت و قەراردادانە، خووی مرۆڤانەی خۆیان لە دەست دا بوو و بوو بوون بە خەڵکێکی وشكو نەگبەتو سەرگەردانو ئەگەر بیانویستبا پەی بە بەدبەختیو نەگبەتیو بێهودەیی بوونی خۆیان بەرن، شتێکی تریان بە بەختەوەری دەزانی کە نەك هیچیان لیّ هەڵنەکڕاند بەڵکو نابوتی دەکردن.

تۆلستۆی لەم رۆمانەدا زۆر پرسی جۆراوجۆری کۆمەلایەتی میناکی داب ونەریتی موڵکداران، ئەو یاساورێسایانەی کە بۆ پەردەپۆشی ئاژاوەو هەراوهەنگامانیان دانا بوو، ریسواییو بیّ سەروبەری دەزگا دەوڵەتیەکانو تەنانەت پرسە گرینگە زانستیو هونەریو فەلسەفیەکانیشی هێناوەتە ناو ناوانو زۆر وەستایانە تاوتوێی کردوونو رووداوە مێژووییەکانو وەزع و حاڵی کۆمەلایەتی ئەو رۆژگارەشی نەبواردووە.

لەو سەروبەندەدا کە تۆلستۆی(ئانا کارنینا)ی دەنووسی،واتە لە ١٨٧٠ەوە تا ١٨٨٠، هزرو بیری دەربارەی ژیانو بونیادی ژینو ئەخلاقو ئاکارو ئاینو پەیوەندیە کۆمەلاییەتیەکانیش

دەگۆڕاو یان بە گوتەیەکی دی ئەو بۆچوونە رەخنەییانەی کە لەم ماوەیەدا لە هزرو بیریا رەگی داکوتا بوو، پایەدارترو مکوم ترو تیژبین تر دەبوو. رووداوەکانی رۆژگاریش ئەم گۆڕانو شۆڕشانەیان بەرینتر دەکردو ئەویش لەو ئەنجامەی کە دەبوایە بیگاتیٚ نزیکتر دەبووەوەو مکوم تر دەبوو.

شاکارەکانی دیکەی ئەم قۆناغەی: (دان نان بە تاوانا، باوەڕی من، دەبیٚ چ بکریٚ؟) پتر لایەنو مۆرکی فەلسەفیو سیاسیان هەیە تا لایەنی ئەدەبی رووت، و لەم بەرهەمانەدا رێبازو رێچکەی جیهانبینی خۆی شرۆڤە کردووە. لەم سیٚ بەرهەمەدا بە زمانێکی راشکاوی بیٚ پەروا پەردەی لەسەر وەزعو حاڵی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ژیانی چینە باڵاکانی وڵات هەڵماڵیوە.

تۆلستۆی، لەو رۆژگارەدا یەکجار پەرۆشی نەگبەتیو نەزانی گشتیو ئەو بیٚ سەروبەریانە بوو کە خەڵکی بیٚ تاوان گیرۆدەی بوون، وەدەیویست بە پێی توانای خۆی ئەم بارودۆخانە بشڵەقێنیٚو بگۆڕیٚ، لەم سیٚ کتێبەدا وا دیارە کە تۆلستۆی وردە وردە نەگبەتی خەڵکی رەنج بێوەروبێبەش، لە خۆیشیدا دەبینیٚو زۆر بە گلەییو گازاندەیە. خویایە رۆژیٚ دیٚ کە جووتیارەکانی سەر موڵکەکەی خۆی دەکات بە شەریکی خۆیو سەرو بەشێکیان لە موڵکەکانی خۆی دەداتیٚ. نەفرەتی لە داموو دەزگای شومو تاوانبار دەکرد کە سەبەبکاری ئەم هەموو بەدبەختیو نەگبەتیانە بوو.

بەڵام هێشتا نەگەییوەتە دوا ئەنجامی هزروبیرەکانی خۆیو تەنیٚ جاڕدانو بڵاوکردنەوەی ئامۆچیاری ئاکارییو ئاینی بە چارەی دەردو هەوێنی دڵدانەوەی بیٚ بەشانی رۆژە رەش دەزانیٚ نەك ئەو راپەڕینو سەرهەڵدانانەی کە لەو سەروبەندەدا هزرێن شۆڕشگێڕیان پێشنیاز دەکردو بە چارەسەری ئەم دەردانەیان دەزانی. تۆلستۆی پێی وابوو کە دەستکەوتو سەرکەوتنە زانستیو هونەرییەکان ئادەمیزادیان لە جاران بەدبەخت تر کردووە. بۆیە بە ئاشکرا دژی کەلتورو شارستانیەتی نویٚومودێرن بوو، وبە توندی هێرشی دەکردە سەر.

لە رای پێشڤەچوونی ئەم ئامانجە بەرزوشەریفەدا روحانیانی مەرایی کەرو ریاکاری روسیای بەر تانەوە تەشەران دەداو ئەوجا پەردەی لە رووی ستەمکاریەکانی کارگێڕانو بەڕێوەبەرانی وڵات هەڵدەماڵی. یەکێك لەوکارانەی ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٨١دا نامەیەکی بۆ ئەلکساندەری سێیەم، ئیمپراتۆری روسیا نووسیو داوای بەخشینی بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە کردووە کە بە کوشتنی ئەلکساندەری دووەم تۆمەتبار بوون. (پوبدنسوف)ی دەرباریی بەناوبانگ کە رەمزی کۆنەپەرستیو کۆنەپارێزی ئەو رۆژگارە بوو، ئەم نامەیەی بە تزار نەگەیاند، و تۆلستۆی هەر لەو سەروبەندەدا لە رۆژانە یاداشتەکانیدا دەینووسی: "شۆڕشی ئابوری تەنیا لەگێن نیە، بەڵکو حەتمیە. پێم سەیرە کە بۆچی تا ئێستا ئاگرەکە بڵێسەی نەسەندووە".

بڵاوبوونەوەی ئەم زنجیرە بەرهەمەی تۆلستۆی بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی تزارو کڵێسای روسیا سیمای تورەی خۆیانی نیشانبدەن، بەڵام ئەو دەسەڵاتو خۆشەویستیەی کە لە دڵی خەڵکی روسیادا پەیدای کردبوو، ئەو قەدرو رێزەی کە لە هەموو جیهاندا هەی بوو نەیانهێشت کە کارگوزارانی ئەو رۆژگارە هیچ ئازارێکی پیٚ بگەیەننو میناکی گەلێك لە گەورە نووسەرانی

روسیای تزاری هەواڵەی زندانی بکەن. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو ڕێبازە نوێیەی کە لە ژیانی شەخسی خۆیدا گرتبوویە بەر، تەنانەت ژینگەی خانەوادەییشی لیّ تەنگ کردبوو وکەس و کارەکەی ژیانیان لیّ تاڵ کردبوو، بە رادەیەك کە چەند جارێك لێبڕا کە ماڵ‌ومنداڵەکەی بەجیّ بێڵیّ.

لەم قۆناغەدا، جیهانبینی و نۆڕینی تۆلستۆی بۆ هونەریش گۆڕا بوو. هونەرێکی بە سوودمەند دەزانی کە دەردی خەڵکی دەرمان بکات‌و بەدبەختی‌و مەینەتیان چارەسەر بکات، و بۆیە لەو هونەرەی کە تەنیّ هەواو هەوەس‌و سەرگەرمی چینە باڵاکانی دابین دەکرد بێزار بوو. بۆیە جارەکی دی، وەکو قۆناغی شکۆفایی لاویی خۆی، بایدایەوە سەر ئەدەبیاتی نەتەوەیی‌و میللی میناکی ئەفسانەو چیرۆك‌و گۆرانی‌و ئاوازو داستان‌و پەندی روسی‌و لەمبارەیەوە هەندیّ چیرۆکی نووسی‌و لە ڕای دابینکردنی ئەم ئامانجەداو لە پێناوی بێدارکردنەوەی عەوامی خەڵکی کەوتە نووسینی هەندیّ نمایشنامەی ئەوتۆ کە دەبیّ لە ریزی بەرهەمە بەرجەستەکانیدا حەساو بکرێن. (هێزی تاریکی) کە یەکێکە لە باشترین شانۆنامەکانی، بەرهەم‌و یادگاری ئەم قۆناغەیە.

ئەم شانۆنامە شرۆڤەیەکی رەوان‌و جوانی ئەو زیان‌و ئاسیوە فراوانەیە کە بیّ ئاگایی‌و نەزانی بە خەڵکی دەگەیەنیّ، نووسەری مەزنی (شەڕو ئاشتی، و ئاناکارنینا) لێرەدا روویەکی هونەرو توانایی خۆی دەنوێنیّ‌و نیشان دەدات. ئەو کەسەی کە تووڕەیی لە دامرکان نەهاتنەوەی خۆی دەربارەی بەدکاران‌و ستەمکاران بەو هەموو گیانە بەرزەو بەو هەموو شەرافەتی ویژدانەوە نیشانداوەو دەربڕیوە، لەم شانۆنامەیەدا دڵسۆزی‌و نیگەرانی قوڵی خۆی دەرهەق بە زۆرلێکراوان‌و بەشمەینەتانی کۆمەڵگە ئاشکرا دەکات.

تۆلستۆی لە ساڵی ١٨٨١دا بۆ سەرپەرشتی خوێندنی منداڵەکانی بۆ مۆسکۆ چوو،و لەم سەفەرەدا بازاڕێن گشتی (خیترواوینکا)و ئەو ماڵە گشتیانەی کە هەژاران شەوانیان لەویّ رادەبوارد، بینی. هەر لەو کاتەدا لە مۆسکۆدا بۆ سیّ دانە رۆژ سەرژمێریان دەکرد‌و لەو سیّ رۆژەدا ئەو هەژاری‌و نەگبەتی‌و بەدکاریانەی کە لە سەرانسەری روسیادا لەبرەودا بوو بینی، و ئەم دیمەنانەی لە کتێبە بەنێوبانگەکەی خۆیدا (دەبیّ چ بکریّ؟) نیشان داوەو بەرجەستە کردووە. هەر لەم کتێبەدایە کە پوختەی هزری خۆی دەربارەی ئاین وئەخلاق‌و زانست‌و هونەر نیشان داوەو دەشێت ئەو کتێبە بە کورتەو پوختەیەکی روونی بیروباوەڕی ئەو لەم بوارانەدا دابنریّ. لە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەیدا خۆزیا‌و ئارەزوو ئاواتی ملیۆنان خەڵکی مزیارو کرێگرتەو زەرخرێی بیّ ماڵ‌و حاڵی، کە دیل‌و ئەسیری دەستی زاڵم‌و ستەمکاری سەرمایەداران بوونە، هێناوەتە ئارا. بۆیە دەربارەی ئەو گوتوویانە: "ئایدولۆژیای تۆلستۆی هاوارو گازی‌و فریادو ناڵەی ملیۆنان وەرزێرو کشتیارانی بیّ زەوی‌و مەینەتباری روسیایە". هەر هەمان پیاوی گەورە گوتوویەتی: "دەریای بیّ کەناری میللەت کە تا بنی بنی هاڕوژا بوو، بە هەموو بیّ توانایی‌و سستییەکانیەوە بە هەموو لایەنە بەهێزەکانیەوە لە بەرهەمی تۆلستۆیدا رەنگی داوەتەوە".

تۆلستۆی بە خۆی لە کتێبی (دان نان بە گوناح)دا دەڵێت: "من دەستم لە ژیانی پێشووم شتووە چونکە من نەدەژیام. جۆرە لاساییەکی ژیانم دەکردەوە. زۆری ئەو نیعمەتو فرەیی ئەو ئاسوودەییەی کە ئێمەی تێدایین نایەڵێت ئێمە پەی بە حەقیقەتو ئامانجی دروستی ژیان بەرین. ژیانی کۆمەڵێك مێملۆو مشەخۆری جیهانی وەکو ئێمە، هیچ مانایەکی تێدا نیە، هیچ دەرس و پەندێکی تێدا نیە. تەنێ ژیانی خەڵکی سادەو رەنجبەر، ئەو خەڵکەی چەرخی ژیان دەگێڕن، چەمك و مانای هەیە. جا بۆ حاڵی بوون لە حەقیقەتو کەشفکردنی حەقیقەت، بەناچاری دەبێ لە ژیانی خەڵکی رەنجبەرو سادە نزیك ببیەوە". تۆلستۆی لە ڕای هاوسۆزی دەگەڵ ئەم خەڵکە سادەو رەنجبەرەدا کە مەبەستی وەرزێرانی کرێگرتەو زەڕخرێی روسیای تزاری بووە، دژی دامو دەزگای زۆردارو ملهوری ئەو رۆژە ڕابووە.

وەکو پێشتر باسکرا، هەر لە میانەی ئەم چارەسەرانەوە بە راشکاوی گوتوویەتی کە پێشکەوتنی زانستۆ هونەرو ئەوەی کەلتورو شارستانیەتی پێ دەڵێن بۆ ئەم خەڵکە رەنجبەرو زەحمەتکێشە جگە لە زیان هیچی تری پێ نییە، چونکە بە هیچ میتۆدێکی سیاسیو رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیو جیهانبینیو تیۆریەکی ئابووری ناتوانرێ خەڵکی بەراستی بەختەوەر بکرێ. تاقە رێگەی بەختەوەری ئاکارو ئەخلاقی بەرزەو کەسێك بەختەوەرە کە ئەو ئەخلاقە بەدەست بێنێ. پرتەوو تیشکی بەختەوەری کاتێ بەسەر تاریکیی نەگبەتیو پەشێویو پەرێشانیە جۆراو جۆرەکاندا زاڵ دەبێت کە هەموو خەڵکی جیهان بە ئەخلاقی بەرز گۆش بکرێنو ئەم ئەخلاقە بەرزەش جگە لە پالاوتنی دەروونو پابەندی بە ئامۆچیاری روونی ئاینانو شەریعەتانی مەزنی دنیا، بە هیچ شتێکی دی فەراهەم نابێت.

مەخابن کە ئەم باوەڕە مەردانەیەی تۆلستۆی ئەو کاریگەرییەی نەبووە کە ئەو بەتەمای بوو، چونك ئەو ئاموچیاریەکانی خۆی لەسەر بناغەو پایەی پەندو ئامۆژگاری ئاینیو یاساو دەستورانی میتافیزیکیوپرەنسیپی روت دانابوو،و یاسا سەلماوەکانی گۆڕانی مێژوویيو پەرەسەندنی ئاساییو رەوتی حەتمی شارستانیەتی بە هەند نەگرتبوو. راستە کە تۆلستۆی پرەنسیپی سەرمایەداریو زاڵی سەرمایەداری بە تاقە سەرچاوەی نەگبەتیو چارە رەشی هەژارانی رۆژگاری خۆی دەزانیو هۆی ئەم کەساسیانەی کە دەیبینیو ئەم دەردو رەنجە بەسوێیەی کە هەستی پێدەکرد دەگەڕاندەوە بۆ هەمان پرەنسیپی سەرمایەداریو هەندێ جاریش کە دەهاتە سەر چارەدۆزی لە هەندێ پرەنسیپانی سوسیالیستی نزیك دەبووەوەو بە خۆی سەرمەشقی پراکتیکی سنووردارکردنی موڵکایەتی دانا بوو،بەلام لەگەڵ ئەمەشدا پەیڕەوی ئەم هزرە توندڕەوانانەی نەدەکرد کە لە زەمانی ئەودا لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا بەخێرایی برەوی دەسەندو رەواجی پەیدا دەکرد. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە دەربارەی بۆچوونو ئاموچیاریەکانی گوتوویانە: "هەرچەند ئامۆچیاریو بۆچوونە فەلسەفیەکانی تۆلستۆی بە شێوەیەکی گشتی کۆنەپەرستانەو نا عەمەلی بووە، ئەوجاش نکۆڵی لە بایەخو گرنگیان لە رەوتو رێبازی سوسیالیستیدا ناکرێ. تۆلستۆی لە مەیدانی سوسیالیزمو ئامانجو مەرامی سوسیالیستیدا راو بۆچوونێکی ئیجابیو سوودمەندی دەرنەبڕیوە. بەلام رەخنەی بێ پەروای

ئەو لە پرەنسیپەکانی سەرمایەداری جەزرەبەیەکی توند بوو لە سیستەمی سەرمایەداریو لە مەیدانی کێشماکێشی چینایەتی پێشڕەو ڕۆشنبیر دەگەڵ سەرمایەداریدا، ئەم رەخنە بێ پەروایانە جەزرەبەیەکی کاریگەرو بناغە روخێن بووە". ئەوانەی کە بیروباوەڕی ئەویان بە رەنگدانەوەی خۆزیاوئاواتی ملیۆنان وەرزێرو زەحمەتکێشو نامرادی ئەو رۆژگارە زانیوە هەقیانەو دەشێت تۆلستۆی بە پشتیوانی جۆرە حکومەتێکی باب فرزەندیوعێلیاتی دابنرێ.

هەڵبەتە ئەم گوتارە پڕ جورئەتانەی هەر دەبوا دامودەزگای حکومەتی ستەمکاری رۆژ بجوڵێنێ، بۆیە کارگوزارانی دەوڵەتی تزار رێگەیان لە بڵاوبوونەوەی پەیام وگوتارە ئاینیو فەلسەفیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی دەگرت.

ناچار دەبوایە رێگەیەك بۆ بڵاوکردنەوەیان وەدۆزێ، بە یارمەتیو کۆمەکی چرتکۆف، یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی، بەرهەمەکانی هەوەڵجار لە سویسراو پاشان لە لەندەن بڵاوکردەوەو لە ساڵی ١٨٨٤ بە دواوە تۆلستۆیو چرتکۆف بە شەریکی چاپخانەو وەشانخانەیەکی چاپەمەنی تایبەتیان بە نێوی (پوسردنیك) لە دەرێی روسیا دامەزراندو گەلێك لە بەرهەمو نووسینەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی لەوێندەر بڵاوبوونەوەو بە قاچاخ دەهاتنە ناو روسیا.

ئەو بیروبۆچوونانەی کە لە بەرهەمێن ئەم قۆناغەیدا دەربارەی ئەدەبو ئەرکی ئەدیبانو فەیلەسوفان دەری بڕیون، بیروبۆچوونی جوانو مایەی سەرنجن. زۆر بە جدی دژی ئەدەبو هونەرێك کە لە ڕای سەرگەرمیو دڵخۆشی دەوڵەمەندانو مێملانی کۆمەڵگەدا بوایە دەخەبتی. باوەڕی وابوو کە هونەر دەبێ نەتەوەییو گشتی بێ‌ولایەنی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی تێدا بێ، دەبێ بە جۆرێ بێ کە خەڵکی رەشوکیو رەنجبەر بە زوویی دەرکی بکەنو دەردەکانی خۆیانی تێدا ببینن‌و بۆ دەرمانی ئەو دەردانەیان بگەڕێنو پێداویستییە مەعنەویەکانی خۆیانی لێوە هەڵێنجن. باوەڕی وابوو کە نووسەرو شاعیر نابێ لە جەماوەری میللەت دووربنو کونجی قەناعەت بگرن، دەبێ لە دەوروبەری کۆمەڵگەو لە ناو کۆمەڵگەو لەگەڵ کۆمەڵگەدا بژین، چونکە هونەرو زانست بالاترین ئەرکی کۆمەڵایەتیان دەستۆدایە، ئەویش رابەرایەتی کردنی هزرو پەروەردەی سۆزو رێنوێنی هەستی عەوامی خەڵکیە. دەیگوت هونەرمەند مامۆستای قوتابخانەی ژیانە، بۆیە هەمیشە دژی پرەنسیپی هەرە باوی (هونەر بۆ هونەر) بوو وپەیڕەوی (هونەری ئامانجدار)ی دەکرد.

هەڵبەتە ئەمە بوو بووە هۆی ئەوە کە بایەخێکی تایبەتی بە کەلتووری نەتەوەییو کەلەپوری فۆلکلۆری بداتو بە جۆشو خرۆشێکی تایبەتیەوە نەقڵو حیکایەتو گۆرانیو چیرۆكو پەندو قسەی نەستەقی روسی گردەکردەوەو وەکو خۆی گوتوویەتی لە بەرهەمەکانیا سوودی لێوەردەگرتن. هەر ئەم ئەشقە واداری کرد زنجیرە چیرۆکێکی میللی بنووسێتو دەیویست لەم رێگەیەوە ئەخلاقی عەوامی خەڵك بخاتە سەر رێگەی راست ودروست. ئەم چیرۆکانەی بە زمانێکی زۆر سادەو بە شێوازێکی نزیك لە شێوازی پوشکین نووسیوەو هزری بەرزو دروستی خۆی بە زمانی پەندو وەعزی زۆر سادەو هەندێ جار بە شیعرێن زۆر رەوان دەربڕیوە.

وەکو پێشتر ئاماژە کرا، هەر بە هەمان مەبەست ژمارەیەك شانۆنامەی عەوامفامی نووسیوەو لەوانەشدا هەمان پرەنسیپ و بنەمای رەچاو کردووە، کە هەندێ لەو شانۆنامانە بە هاوتای شاکارەکانی شەکسپیر دەزانن و بەناوبانگترینیان (هێزی تاریکی)یە. لەم درامایەدا نیشانە دەروونی و پێچ و پەنا روحیەکانی بەشێوە تایبەتیەکەی خۆی، بەوپەڕی وەستایی رون کردووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە پەرەسەندنی بنەمای سەرمایەداری لە گوندێکی دوورە دەستدا نیشاندەدات و ئەو جیاوازیە ناشیرین و بەرجەستەیەی کە لە نێوان پرەنسیپانی کۆن و رێبازی کۆن لەگەڵ جیهانی نوێی سەرمایەداریدا پەیدا بووە، ئاشکرا دەکات. نمایشی ئەم درامایە لە روسیادا بە رووداوێکی گرینگ هاتە ژماردن و دوای ماوەیەکی کەم پاچڤەی ئەم بەرهەمەیان بە زمانانی دیکەی ئەوروپا نمایش کرد.

پاش ماوەیەکی کەمی دیکە کۆمیدیای (سوودەکانی زانست)ی نووسی و لەوێدا پەردەی لە رووی چاوچنۆکی و تەماعکاری و بەرژەوەندپەرستی دزێوی دەوڵەمەندانی بێکارو مفتەخۆر هەڵماڵی بوو. لەم شانۆنامەیەدا دەستەیەك لە خەڵکی بێکاروبەرەڵڵای سەروە تیەرست لە گەردی بەیانیەوە تا ئێواری هیچ کاریان نیە جگە لە باس وخواسی ئامادەکردنی روح و باسی خورافات و پڕوپوچان. لە هەنبەر ئەوانەدا ژمارەیەك خەڵکی بێبەش و نامراد دەبینرێ کە تۆلستۆی بەوپەڕی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە باسیان دەکات. لە ماڵی ژن و مێردێکی دەوڵەمەندا، کە قارەمانانی سەرەکی ئەم شانۆنامەیەن، ژنێکی کارەکەری بە هۆش و تیژبین هەیە کە بە ناسکییەکی تایبەتییەوە ئامادەی باس و خواسەکانی ئامادەکردنی روحانی گەورەکانی خۆی دەبێت و گاڵتەو قەشمەریان پێدەکات. سەرەنجام بە هەمان زەبەردەستی و تیژهۆشی و لە رێگەی ئامادەکردنی روحانەوە وایان لێدەکات کە بە نرخێکی کەم زەوی و زارەکانی خۆیان بە جوتیارانی نەدار بفرۆشن.

چیرۆکی (مەرگی ئیڤان ئیلیچ )یەکێکە لە شاکارەکانی تری تۆلستۆی کە کەمێك دوای ئەم شانۆنامەیە بلاّویکردووەتەوە، گی دی موپاسان، نووسەری زۆر بەنێوبانگ کە پاچڤەی فەرەنسی چیرۆکی ناڤبری خوێندووەتەوە هەر هەمان رۆژ لە دەفتەری یادگارەکانی خۆیدا نووسیویەتی: "ئەم کتێبەی تۆلستۆی بەتەواوەتی منی لە خۆم نائومێد کرد. ویستم دە دە کتێبەکانی خۆم بسووتێنم". بابەتی ئەم چیرۆکە وەسف و باسی ترس و واهیمەیەکە کە پیاوێکی ئاسایی لە هەنبەر مەرگی خۆیدا هەیەتی. هیچکەسێك پێش ئەوو تەنانەت پاش ئەویش دەردو ئازارە کوشندەو گیان پروکێنەکانی پیاوێکی لە حاڵی مەرگ و گیانەڵڵای، کە هەموو تەمەنی بە خۆڕایی رۆییشتووەو هیچ کارێکی لێنەوەشاوەتەوە، بەم توانایی و حەقیقەتبینییەوە بەرجەستە نەکردووە.

دوو کتێبی دیکەی کە دوای ئەوە بلاّوی کردنەوە (ئاوازێك بۆ کروتیسر)و (ئەهریمەن)ش لەو بەرهەمانە بوون کە لە سەرانسەری دنیادا دەنگیان دایەوە. لە ئاخرو ئۆخری ژیاندا، بابەتێك کە پتر بیری تۆلستۆی مژول کردبوو پەیوەندی نێوان پیاو ژن بوو. لەم دوو چیرۆکەدا پەیوەندی نێوان ژن و پیاوی هێناوەتە ئاراو گەییوەتە ئەم ئەنجامەی کە تاقە بزوێنەروئەنگێزەی ئەو

پەویەندییە شاوەت و لەشپەرستی و خۆ ویستییەو حەقیقەت و ئەشقێکی رووت و پەتی تێدانیە. تۆلستۆی باوەڕی وا بووە کە ئەو مەیلەی پیاو بۆ ژنی هەیە ئەگەر جمکانەی جیهانی مەعنەوی و ڤیانی پاك و بێگەرد نەبێت ئاگرێکە دەسووتێ و دەبێ بە خۆڵەکەوەو مرۆڤ دەکات بە هاوتای گیانەوەران. لەم دوو کتێبەدا بە تایبەتی و لە هەموو کتێبەکانی کۆتاییەکانی ژیانیا بە گشتی هەمان ئەو هزروبیرانەی کە لەمەڕ زیانەکانی نەزانی هەبووە پەروەردە کردووەو لە ساڵی ١٨٧٥ەوە تا ساڵی ١٨٩٠ هەرچیەکی نووسیوە رەنگدانەوەی ئەم بیرەیە. لەم بەرهەمانەی خۆیدا ئەشقی شەهوانی بە کوشندە زانیوەو ئەوەی نیشانداوە کە چ رۆژە رەشییەك بە نسیبی قوربانیانی ئەم هەواو هەوەسە دەبێت.

لە ساڵی ١٨٩١دا رایگەیاند کە چاوپۆشی لە مافی هەموو ئەو بەرهەمانەی خۆی دەکات کە لە ساڵی ١٨٨١ەوە تا ئەو کاتەی نووسی بوونی، ئەم کارەی خزم و کەس و کارەکانی ناڕەحەت و بێتاقەت کرد. لەم قۆناغەی ژیانیدا زۆربەی کاتی خۆی بە هاوکاری و دەستگیرۆیی خەڵکی و کارێن خێرخوازی رادەبوارد. لە سالآنی ١٨٩١، ١٨٩٣، ١٨٩٨دا قات و قڕییەکی دژوار لە ناوچەکانی ریازان و تولاوارلف دا رووی دا. تۆلستۆی هەرچیەکی لە توانادا بوو بۆ دڵدانەوەی ماڵوێرانانی قات و قڕییەکە بە کاری برد. بە خۆی بۆ ئەو دەڤەرانە دەچوو، شتی بە وەرزێرو جوتیاران دەداو پیتاکی بۆ دەکردن و بە نووسین و گوتاران هاوسۆزی و هاوخەمی خۆی بۆ خەڵکی دەردەبڕی. بۆ نموونە کاتێ وتارێکی بەنێونیشانی (بۆچی جووتیارانی روسیا گیرۆدەی قاتی و برسێتین؟) نووسی و لەو گوتارەدا بە توندی و بێ پەروا رەخنەی لە دام و دەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژ گرت،دەرباریانی تزار ئەم گوتارەیان بەڕادەیەك لەبەر گران بوو کە مقۆ مقۆی دوورخستنەوەو گرتن و ناردنی تۆلستۆی بۆ شێتخانە هاتە بەرەوە. لەو زەمانەدا دۆستێك نامەیەکی بۆ تۆلستۆی نووسیوە و تیایدا دەڵێ: "یەك هەفتەیە کە گوتارەکەتان بووەتە وێردی سەر زاران، پارەداران و مفتەخۆران پیس هاڕوژاون".

هەر لەم سەروبەندەدا چەندین نامەی بۆ تزار نووسیوەو دەستبەرداری رەخنەو ئیرادەکانی خۆی نەبووە. بۆ نموونە لە ئاخروئۆخری دیسامبەری ١٩٠١دا نامەیەکی بۆ نیکۆلای دووەم، دوا تزاری روسیا نووسی بوو و داوای لێ کردبوو نیری دکتاتۆریەت و زۆرداری بشکێنێ و رێگە بە خەڵکی روسیا بدات کە ئازادانە گوزارشت لە مەیل و کەڵکەڵە مادی و مەعنەویەکانی خۆ بکەن، ئەو یاسایانە هەڵبوەشێنێتەوە کە عەوامی خەڵکیان کردووە بە زەڕخڕێ و گلاوانی هندوستان و خەڵکانی بێ بەهرەو مەحروم لە ژیان، ئازادی بیروباوەڕو فێر بوون وپەروەردە رابگەیەنێ و لە هەموو ئەمانەش فەرتر ئەوەیە کە مافی موڵکداری لە تاقمی مفتەخۆرانی بێ حونەر بسەنێتەوەو زەوی بەسەر جووتێرو وەرزێراندا دابەش بکات.

دوا شاکاری جیهانی تۆلستۆی رۆمانی (ژیانەوە)یەوە کە لە ساڵی ١٨٨٩دا هەوەڵجار لە گۆڤاری (نیڤا)دا بلاوبووەوە، کە لە ساڵی ١٩٠٠دا ویستیان لە پوترسبۆرگ بە کتێب بلاوی بکەنەوە کاربەدەستانی سانسۆر هەندێ بەشی بەرجەستەیان، کە دەگەڵ سیاسەتی ئەو رۆژگارەدا تێکی نەدەکردەوە لێ لابرد، بۆ ماوەیەکی زۆر نووسخەی تەواوی ئەو رۆمانە بریتی

بوو لە پاچڤە ئینگلیزیو ئاڵمانیو فەرەنسیەکانی، دەقە تەواوە روسیەکەی چرتکۆف لە لەلەندەن چاپی کرد، بۆیە ئەمڕۆ دوو نووسخەی ئەو رۆمانە لەبەر دەستی خەڵکیدایە کە یەکێکیان تەواوەو ئەویتریان نا تەواوە. هەرچەندە ئەم رۆمانە بۆ ریسواکردنی کڵێسا نەنووسراوەو تەنیا لە هەندێ شوێنیدا ئاماژەی بۆ بەدکاری وتاوانکاری کەشیشان تێدایە، ئەنجوومەنی باڵای روحانیانی روسیا لە ساڵی ۱۹۰۱دا تۆلستۆیان لە کڵێسا دەرکردو تەکفیریان کرد.

ژیانەوە چیرۆکێکی یەجگار پڕجۆشو هەستبزوێنە دەربارەی ژیانی کیژێکی سەر بە چینی سێیەمی روسیا بە نێوی (کاتیوشا ماسلوڤا) کە لە لاویدا لە ژینگەیەکی ئەشرافیدا ژیاوەو لەوێندەر شازادەیەکی لاو بەنێوی (نەخلیودوف) فریوی داوەو گومڕای کردووەو خستوویەتیێ دنیای بەدکارییەوە. کاتیوشایان بە غەرەزو بە هەڵە، لە رووداوی قەتڵێکدا تۆمەتبار کردووەو داویانە بە دادگاو (نەخلیودوف) وەکو ئەندامێکی ئەنجوومەنی دادڤانی بۆ داوەری بانگ کراوە. لە ئەنجامی سستییەوە ناتوانێ زەمینەی تەبرێ بوونی خۆش بکات، بەڵام لەو بەینەدا هەست بە خەتاو تاوانی خۆی دەکاتو دەزانێ کە ئەم بەدبەختیە ئەو بەسەری هێناوە. لێرەدا ویژدانی نووستوو وغافڵی شازادە بێدار دەبێتەوەو لە ڕای قەرەبووکردنەوەی ئەم کارە خراپەیدا هەوڵدەدا ئازادی کاتیوشا فەراهەم بکاتو تەنانەت لەگەڵیا بۆ تاراوگەی سیبریا دەڕوات.

لەم سەفەرەدا تێکەڵی ژمارەیەك لە خەتابارانی سیاسی دەبێت، کە هەندێکیان گیانێکی شۆڕشگێڕانەی توندڕەویان هەیە، لەم بەینەدا نووسەری مەزن، بەوپەڕی هونەرمەندییەوە ئەو حاڵەتی شەرمەزاریو پەشیمانیو هەوڵو کۆششەی کە نەخلیودوف لە رای ئازادی قوربانیەکەی خۆیدا دەینوێنێو دەیدا، بەرجەستە کردووە. لاپەڕە زۆر جوانەکانی ئەم رۆمانە بریتییە لە راڤەو شرۆڤەی نەگبەتیو رەنجو عەزابو جەورکێشانی ئەم تاقمە تۆمەتبارە لە دادگاو زندانو تاراوگەدا،و بە ناچاری دیمەنو پەردەی زۆر زندوو لەمەڕ بارودۆخی کارگێڕیو رامیاریو دادڤانی ئەو رۆژگارە دەکەوێتە بەرچاوان.

تۆلستۆی لە هەموو شوێنێکدا ئەم خاڵە هەرە گرینگەی هێناوەتە ئاراوە کە ئەم هەموو ستەمکاریە لە شوێنانی دیکەی دنیاشدا کاری خۆی دەکاتو ملیۆنان خەڵکی رۆژ گیرۆدەی ئەم سەرکێشیو زوڵمو بەدکاریەن کە بە زۆری سەرەنێزە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنرێ. گەلێك لە رەخنەگرانی جیهان ئەم لاپەڕە بەناوبانگانەی رۆمانی ژیانەوە، بە گەورەترین جەزرەبەی دەزانن کە نووسەرێك لە پرەنسیپو بنەماکانی سەرمایەداریو حکومەتانی ستەمکاری دابێت. زۆر جار گوتوویانە کە هیچ یەکێك لە کتێبەکانی تۆلستۆی لە رووی وردیو قووڵبینیو وردکردنەوەو شیکردنەوەی گیانو دەروونی زۆرداریو جەورکێشیو هەستێن مەردانەی مرۆڤدۆستیدا بە پێی ئەم کتێبەدا ناگات. تۆلستۆی لە سەرانسەری رێگەدا دێهاتی وێران، خەڵکی برسیو رووت، جووتێرو وەرزێران، لاوانی شۆڕشگێڕ، دادوەرانی خۆپەرستی مەسڵەحەتچی درێوو فەرمانبەرانو کارگوزارانی گەندەڵکاری دەوڵەت نیشاندەداتو سیمای زۆر قێزەوەرو نالەبارو بێزراوی کارگوزارانی دەرباری تزاری لە هەموو شوێنێکدا دیارە.

ئەوی لە کاری نڤیساری تۆلستۆی دا جوانومایەی سەرنجە ئەمەیە کە لە ئەدەبیاتدا بە وەسفی قەفقاز دەستی پێکردووەو لە کۆتایی کارەکەشیا دووبارە بۆ قەفقاز گەڕاوەتەوەو کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی (حاجی مراد)ی نووسیووە. حاجی مراد پیاوێکی چیانشینی دلێری خەڵکی قەفقازە کە لە ڕای ئازادیو سەربەخۆیی خاکی وڵاتی خۆیدا ڕاپەڕیوەو دەگەڵ دەستەیەك لە هەڤاڵانی خۆیدا لەم پێناوەدا تێدەکۆشێتو ئەم دلاوەرە قەفقازییە یەکێکە لە باشترین ئەو قارەمانانەی کە سوورە لەسەر باوەڕێکی نەگۆڕو لە بەرانبەر هیچ زوڵمو زۆرێکدا کوڵ نادات. سەیر ئەمەیە کە ئەم تۆلستۆیە پەیامبەر تەبیعەتە کە لەلایەکەوە لە بەرهەمەکانی خۆیدا خەڵکی بۆ چاوپۆشیو لێبوردەیی هاندەداو ئامۆژگاری دەکردن کە بە خراپە وەلامی خراپە نەدەنەوە، لەم ڕۆمانەدا کە یەکێکە لە دوا بەرهەمە ئەدەبییەکانی تا ئەم ئەندازەیە ئەم چیانشینە قارەمانە قەفقازیەی کە بەم مەردایەتیە هاتووەتە مەیدان ستایش دەکات، وئەم ڕۆمانە لە ڕاستیدا داستانێکە دەربارەی ڕاپەڕینی مەردانەی ئەم خەڵکە ڕۆژگار ڕەشەی کە گیرۆدەی کۆتو زنجیری ئەسارەتو کۆیلەیە تین، هەر بویە گەورە هزرڤانان دەربارەی تۆلستۆی گوتوویانە: " لە کاروانی پەرەسەندنی بەشەریەتدا هەنگاوێك لە پێشتر بووە".

تۆلستۆی لەو چەند ساڵەی دوایی تەمەنیشیدا هەر بەکارێن ئەدەبییەوە خەریك بوو. هەر چەندە لە ساڵانی ١٩٠١- ١٩٠٨ گیرۆدەی نەخۆشیەکی دژوار بوو، بەڵام هێشتا هەر بە تاقەتو بەگوڕ بوو وئومێدی ئەوەی لێدەکرا چەند ساڵێکی دیکەش بمێنێ. لە ساڵی ١٩٠٥دا لە دەفتەری یادگارەکانیدا دەنووسێت:"لە جاران پتر لە ڕەفاهیەتو ئاسوودەیی خۆمو لە دەست کورتیو هەژاری ئەوانەی دەوروبەرم بێتاقەتو بێزارم".

شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥، دەلاقەیەکی ئومێدی لە ڕووی ئەو پیاوەدا کردەوە کە لە سەرانسەری تەمەنیا هەمیشە هەر چاوەڕوانی ڤەبوونی دەروویەك بووە. بەڵام ئەو دەورو دوکانە کۆنەپەرستە توندوتیژو گیان پڕوکێنەی دوای ئەوە بۆ تەڵە ئەستاندن لە شۆڕشگێڕان دامەزرا، حەپس و دوور خستنەوەو کوشتنی ئازادیخوازان ئەم پیاوە مەزنەی لە پیریدا زۆر پەرێشان کرد، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٨ نامەیەکی بەنێوبانگی بە نێونیشانی (ناتوانم بێدەنگ بم) بڵاوکردەوەو تیایدا شەلاقێکی فرە مەردانەی بە سەری دامو دەزگای تزاریدا کێشا. ئەم پیاوەی کە لەوەپێش خەڵکی بۆ ئاشتیو سەبرو ئارامی هاندەدا چیتر نەیدەتوانی لە چوارچێوەی ئەو جیهانی پەندو ئاموچیاریانەدا وەمێنێ، و ئەو کەسەی کە لە سەرانسەری ژیانیا هەر دەرسی ڕازی بوونو ئاشتیو لێبوردەیی خەڵکی دادەدا ئەمجارەیان بە جۆرێ لە زوڵمو بێدادی تەنگەتاو بوو بوو وهاڕوژا بوو کە بە ئاشکرا خەڵکی بۆ ڕاپەڕینو پەلامارو تێك شکانی نیری ملکەچیو کۆیلایەتی هاندەدا. بەخۆیشی لەم قۆناغەدا بەوپەڕی سادەیی دەژیاوگوزەرانی خۆیو خێزانەکەی بەو سووکە کشتیاریەی کە هەی بوو دابیندەکرد، بەڵام خۆی لە بەرانبەر چین وگروپە سیارۆژەکانی ڕوسیا کە لە هەموو شتێك بێ بەهرەو بەش بوون، بە شەرمەزاری دەزانیو هەستی دەکرد ئەرکێکی پیرۆزی دەستۆیە کە نابێ درێغی لێبکاتو لێی بێ دەنگ بێ.

ئەو شتەی کە ئەم نیگەرانیو پەرێشانیەی زیاتر دەکرد ژیانی خانەوادەیی خۆی بوو. کەسەکانی خوویان بە شکۆو گەورەییەوە گرتبوو. ئەو لە دەرامەتی مۆڵی مافی نووسینی کتێبەکانی خۆش بوو بوو وچاوپۆشی لیٚ کردبوو. ئەو سووکە دەرامەتەی کشتوکاڵی یاسنایا پالیانا کە هەموو رۆژانی ژیانی ئاخری پیری لەوێندەر رادەبوارد، بەشی نەدەکردنو تینویەتی وانی نەدەشکاند. ژنەکەیو پێنج کوڕیو سیٚ کیژی کە لە کۆی یازدە منداڵی مابوونەوە، دەیان رەنجاندو زویریان دەکرد. تاقە دڵخۆشی ئەم مەزنە پیاوە ئەو شۆرەت و نێوبانگە جیهانیە گەورەیە بوو کە کەم نووسەری ناوداری جیهان لە ژیانی خۆدا بەخۆیانەوە دیتوە، لە هەر چوار نکالی دنیاوە دەچوونە دیدەنیو گەورەترین زانایانو هونەرمەندانی ئەو رۆژگارە ناسین و هاونشینی ئەویان بە شانازی دەزانی، هەر لەم سەروبەندەدا بوو کە دوو نووسەری مەزنی روسی، ئانتون چیخۆف وماکسیم گۆرکی چووبوونە دیدەنی، لە سەرانسەری دنیاوە نامەو بروسکەی پیٚ دەگەیی، بەرهەمەکانی تەقریبەن بۆ هەموو زمانە زندوەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا پاچڤەکرا بوون، سەد حەیف ومەخابن کە ئەم پیاوە بەم هەموو مەزناتیو شۆرەتە جیهانییەوە لە وڵاتی خۆیاو لە ماڵی خۆیدا ئاسوودەیی هزری نەبوو. ئەم قۆناغی پەرێشانیو نیگەرانییە پێنج ساڵ درێژەی کێشا. بە خۆی لە ساڵی ١٩٠٥دا لە دەفتەری یادگارەکانیدا دەنووسێت: "کاتیٚ ژیان ئارامو ئاسودەی خۆم دەگەڵ دەستکورتیو هەژاری خەڵکیدا بەراورد دەکەم، دڵم دەنیشێتە سەر خوێن، ژارۆ خەڵکێن دەستکورتو نەگبەت. تاقمێك چاك دەپۆشنو تێر دەخۆنو دەخۆنەوە، کە جگە لە فریودانو دژمنایەتی یەکدی چ کارێکیان نیە، وخەڵکانێکی زۆری دیکە بە ناوی رەنجبەرو کارەکەروخولام بۆ ئامادەکردنی کەرەستەی خۆشگوزەرانیو ئاسوودەیی خۆیان، بەردەوام دەچەوسێننەوە". بەلام ئەم ئاسوودەییەی کە لەم دێرانەدا پێی شادمانە، لە دوا رۆژەکانی تەمەنیا نەمابوو. سەرباری هەموو ئەمانەش ئەوەی دەینووسیو کاربەردەستانی دەوڵەتی دڕدۆنگ دەکرد، لە ماڵەوە پەسندیان نەدەکردوهەندیٚ جار لە نێویان دەبرد.

سەرەنجامی پیرەمێردی هەشتاو دوو ساڵە لەو لوتکەی شانازیە جیهانیەوە، لەو رۆژانەدا کە ملیۆنان خەڵکی دنیا لێیان دەپرسیو نیگەرانی بوون، لە ١٩١٠/١٠/٢٨دا دوای نیوەشەو، بەو سەرماو تۆفەی سەرەتای زستانی روسیا، لە نوێنی خەو وەدەرکەوتو لە ئەنجامی ئەو ناڕەحەتیەی بەو شێوەیە بۆی چێبوو بوو بە پەلە جلکی پۆشیو توڕەودڵگران، بیٚ مالاوایی لە ماڵەکەی خۆی وەدەرکەوتو لەوێستگە بچووکەکەی یاسنایا پالیانادا، شوێنێکیان لە نمرە سێی قیتاردا پیٚ داو بەرەو باشوور رۆیی. لەم سەفەرەدا تووشی برك وسینەپاڵو بوو وحاڵی تێکچوو. لە قیتارەکەدا کە بۆ باکوری قەفقاز دەچوو دەرمانی ئەو نەبوو، هەر کە گەییە وێستگەی ئاستاپۆڤ و لەسەر رێی ریازانەوە گەییە ئورال، دایانبەزاندو بردیانە ماڵە پەرپوتەکەی سەرۆکی ویستگەکە. زوڵمو بەدکاری ئادەمیزادانو ناپایەداری جیهان کاری خۆی کردبوو ونەیان توانی ئەم پیاوە مەزنە لە چنگی مردن رزگار بکەن. لە هەمان ژوورە پەرپوتەکەی وێستگاکەدا، لە ١١/٧دا پاش دە رۆژ نەخۆشی سەخت لە دنیا دەرچوو. لە هەمان رۆژدا جەنازەکەیان بۆ یاسنایا پالیانا بردەوەو لە کۆتایی یەکێك لە شەقامە سێبەردارەکانی ئەویٚ، لە بەینی چوار درەختی

کۆنی (شیردار – جۆرە درەختێکە، وەرگێڕ)دا، لەو شوێنەدا کە بە منداڵی لێی دادەنیشت و یادی چیرۆك‌و حیکایەتی پەریانی دەکردەوە، لەو شوێنەدا کە بە منداڵی دەیگوت جادوگەرێکی دارین خۆی لەوێندەر وەشاردووە، بە خاك سپێردراو ئەم پیاوە لەوە گەورەتر بوو کە تەنانەت بەردە نووسێکیش لەسەر گۆڕەکەی دابنەن.

ئەمڕۆ ئیتر گومان لەوەدا نیە کە لیڤ نیکولایوڤیچ تۆلستۆی لە رۆڵە هەرە گەورەکانی تیرەی بەشەر بووە. گەورەیی ئەو تەنیا لەوەدا نیە کە بەشەردۆستی خۆی لە جوانترین قاڵبی جیهانیدا دارشتووە، مەزناتی ئەو لەوەدایە کە هەمیشە هەوڵیداوە کە ژیانی پاچڤەی هزرو بیروباوەڕەکانی بێ. ئەم هەوڵ‌و کۆششەی لە پێناوی مشت ومالْدانی دڵ ودەروون‌و بڕینی قۆناغەکانی کەماڵدا، لە سەرانسەری بەرهەم و نووسینەکانیا، هەر لە لاوییەوە تا دەمی مردنی دەبینریْ‌و خویایە. لە خۆڕایی نازناوی (دێرنشینی یاسنایا پالیانا)یان نەداوەتە پاڵ‌وخەڵکی جیهان لە پلەی پەیامبەریدا دایاننناوە، تۆلستۆی ژیانی تەنیا لە رای خزمەتی خەڵکیدا دەویست‌و هونەری بە رێگەو کەرەستەی ئەم خزمەتە دەزانی. باوەڕی وابوو کە هونەریش وەکو ژیان دەبێ رێگەی کەماڵ بگرێتەبەرو لە هەر وەستانێك دووربێ. کوڕ ئەو کوڕەیە کە هەمیشە عەوداڵی مانا‌و گوزارەو رونکاری تازە بێ تا بتوانرێ بە هونەرەکەی بگوترێ: "ئەمەیە هونەری رۆژگاری ئێمە".

کەم نووسەر، هونەرمەندیی‌و وەستایی ئەویان لە واری وردکردنەوەو شیکردنەوەی روح‌و سایکۆلۆژیای ئینساندا هەبووە، بەڵام نەك روحە نەخۆشەکان، وەکو ئەوانەی کە دۆستۆفسکی نیشانمانی دەدات، بەڵکو روحێن دروست‌و بەهێز، قارەمانانی چیرۆکەکانی بە رووتی لە بەردەممانا دەردەکەون، ئەو هەڤدژیانەی کە لە روح وسایکۆلۆژیاو ئاکاریاندا هەیە،وئەو بیروباوەڕانەی کە لە هەنبەر پرسە گرینگەکانی ژیان‌و پێداویستیە روحی‌و دەرونیەکانی مرۆڤ دێنە پێشێ، هەر هەمووی بە باشترین شێوە دەنوێنێ. ئەو لە چاوی دێهاتیەکی سادەوە، لە چاوی پیاوێکی کارامەوە، لە چاوی کەسێکەوە کە نەکەوتبووە گێژاوی غەرەزو بەرژەوەندییەوەو ژیانی لە پێناوی کارو کاری لە پێناوی ژیاندا دەویویست، دەیڕوانیە ئەم جیهانە گەورەیە. بۆیە دەیتوانی هەموو ئەم درۆوساختەچیاتی‌و خۆپەرستی‌و مەسڵەحەتچیاتیەی لە هەموو جیهاندا بڵاوەو لە هەزار کەس یەکێك لێی خەلەسیوە ببینێ‌و هەموو دزێوی‌و بەرەنجامە نەفرەت ئەنگێزەکانی بە خەڵکی نیشانبدات. تۆلستۆی لە هەموو ژیانیا هەر منەی حەقیقەتی کردو جگە لە حەقیقەت هیچی نەدی‌و هیچی نەنواند.

بەرهەمە زندووەکانی تۆلستۆی ئاوێنەیەکی یەجگار پرشنگدارو روونی ژیانی رۆژگاری ئەوە . لە ساڵی ١٨٦١دا یاسای ئازادی جووتیارانی زەرخرێ و وێڕای سوور بوون‌و پێ داگرتنی بنەماکانی سەرمایەداری کە تازە دەیویست لە روسیادا هەوار بخات، پەسندکرا.هەموو پرەنسیپ‌و بنەماو یاسا رزیوو کۆنەکان، کە دام‌ودەزگاکانی حکومەتیان لەسەر بینا کردبوو، هەرەسی هێناو ئەم شۆڕش‌و گۆڕانکاریانە، واتە لە نێوچوون‌و هەرەسی دەورودوکانی پێشوو و هاتنە سەرکاری پرەنسیپ‌و سیستەمی کارخانەداری‌و سەرمایەداری کە دیاریی‌و سەوقاتی شارستانیەتی موزیری ئەورووپای رۆژاوایی بوو، لە بەرهەمەکانی تۆلستۆیدا رەنگ دەداتەوە.

لەم بەینەدا ئەو پیاوەی کە لە ژینگەیەکی ئەرستۆکراتی ئەشراف هاتبووە دنیایەو بەشێکی ژیانی خۆی لەو ژینگەیەدا قەتاندبوو، بە یەکجاری لە ژینگەکەی خۆی دادەبڕیٚو بیٚ ئەوەی هیچ سنوورێك بێڵێتەوە لە ناکاودا دەداتە پاڵ ملیۆنان جووتیاری رۆژە رەشو خەڵکی بەدبەختو دەبیٚ بە هاوزوبانو هاوخەمی وان. لەوە بەدواوە پەیوەندیو مامەڵەو هاوئاهەنگی وی دەگەڵ ئەم چینەی خەڵکیدا لە سەرانسەری بەرهەمەکانیا خویایە. لەگەڵ ئەمەشدا نەیدەتوانی لە هەموو ئەو کۆتو بەندو لەمپەرانەی کە ژینگەو کۆمەڵگە لە بەردەمیانا دانا بوو رەهابیٚ. باوەڕی وابوو کە رووداوە مێژووییەکانی جیهان لەوە بەهێزترن کە کەسێك بتوانیٚ بەربەرستێکی لە بەردەما دروست بکاتو تەنانەت پردێکیشی لەسەر دروست بکاتو بنیادەم لەوە بیٚ دەسەڵاتو بیٚ تواناترە کە کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکات.

لەو سەروبەندەدا کە تۆلستۆی کتێبە بەنێوبانگەکەی خۆی (جەنگ و ئاشتی) دەنووسی، لە روسیادا نووسەرانی تری میناکی پیسارۆف باسو ستایشی (ئاوەزو ئیدارەی ئاقڵانەی ژیان)یان دەکرد. بەڵام ئەو لە شاکارەکەی خۆیدا کاری رووداوەکانی بە حەتمی دەزانیو تەنانەت لەم بیرەدا تا رادەیەك قەدەری بووە.

تۆلستۆی میناکی چیخۆفو گۆرکی بە هەموو مانای وشە روسی بوو وگوندییانو خەڵکی چەوساوەی روسیای، بە هەموو چاکیوخراپییەکەوە کە لێی دەدیتن، بە مرۆڤی کامیل دەزانی، پێی وابوو کەماڵ ئەوەیە کە یەکێك چاکیو رەفتاری ئەم نەگبەتە ساویلکانە بکات بە پیشەی خۆی. بەڵام ئەم باوەڕەشی هەبوو کە هونەرمەندانو زانایانی جیهان باشترین ئاموچیارانی خەڵکین. گرنگترین لایەنی ئەدەبی ئەو ئەمەیە کە سیمای راستەقینەی زەحمەتکێشانو چەوساوانو پێشڤەچوونی وان بەرە ئامانجی ستراتیژی مرۆڤانی، وەهەروەها دزێویو قێزەوەری چینی دەسەڵاتدارو باڵای بە جۆریٚ نیشانداوە کەم کەس بە باشی ئەو نیشانیداوە.

لە دنیای نڤیساریدا ئەوەی کە پایەی تۆلستۆی یەجگار بەرز کردووە ئەمەیە کە پاش دوو دڵییەکی کەم لێبڕاوە هونەری خۆی بخاتە خزمەتی کۆمەڵگەوەو نموونەی بەرجەستەی ئەم هزرینو بیرکردنەوەیەش لە زۆربەی بەرهەمەکانیا، لەوانە لە ئاناکارنینادا هەیەو رەنگی داوەتەوەو یەکێك لە قارەمانەکانی، لوین نموونەی راستەقینەی ئەوە. لە وتارێکدا کە بە ناونیشانی (ئاینی من) نووسیویەتی هۆیەکانی ئەم گۆڕینی بیروباوەڕە شرۆڤە دەکاتو پاش ئەوە لە زنجیرە وتارو کتێبانێکی دی دا بنەماکانی ئەم باوەڕە روون دەکاتەوە. لەو سەروبەندەدا هەندێك پێیان وابوو کە تۆلستۆی لە جیهانی هونەردا لە کورتی دەداتو تەنانەت تورگنیف لە نامەیەکیا کە لە دەمی مردنا بۆ ئەوی نووسیوە، بەمجۆرە دواندوویەتی: "دۆستی من، بگەڕێوە سەر کارە ئەدەبییەکانی خۆت، ئەم هونەرمەندییەی تۆ لەوێوەیەو هەرچییەك ئێمە هەمانە لەوێوەیە... دۆستی من، تۆ کە مەزنترین نووسەری وڵاتی روسیای ئەم داوایەی من قەبوڵ بکە". (تۆلستۆی)یش ئەم داوایەی قەبوڵ کرد، لە نێوان ئەم دوو گەورە نووسەرەدا کە لە خەڵکانی دی باشتر قەدری یەکیان دەزانی جۆرە دڕدۆنگیو رەنجانێك رووی دابوو. کاتیٚ کە تورگنیف دەستنووسی رۆمانە بەنێوبانگەکەی خۆی "باوکانو کوڕان"ی بۆ دەخوێنێتەوە، تۆلستۆی

خەوی لێکەوتبوو، بەڵام تورگنیف لە دەمی مردندا ئەم ساردییەی لە بیر بردبوو و تۆلستۆی دەبوو تەسلیم بە دوا داوای هەڤڕکەکەی خۆی بێ.

پاش ئەوەی ماوەیەك هەموو کاتی خۆی بۆ باسی باوەڕێن ئاینیو راڤەوشرۆڤەی تەوراتو ئینجیلو خوداناسیو عیرفان تەرخان کرد، هەمدیس بایدایەوە سەر کارێن ئەدەبیو (مردنی ئیڤان ئیلیچ)و (ئاوازێك بۆ کرویتسر)و (وەستاو شاگرد)و (هێزی تاریکی) یادگاری ئەم قۆناغەنو لەم چەند بەرهەمەدا گەڕایەوە سەر هەمان دەست رەنگینیو هونەرنوێنی ئەو زەمانەی کە (جەنگ و ئاشتی) دەنووسی. (ژیانەوە) یەکێکە لە دوایەمین نموونەی جوانی ئەم دەست رەنگینیو هونەرنوێنییەی ئەو.

تۆلستۆی ماوەیەك بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم رۆمانە تەنازولی لە ماڤ نووسینەکانی کردبوو، بەڵام کە ئەم کتێبە بڵاوبووەوە هەقەکەی وەرگرت تا بە پارەکەی ئەو کتێبو نووسینانەی تری کە دەترسا فرۆشێکی ئەوتۆیان نەبێ، چاپ بکات.

هەندێ لە رەخنەگران رۆمانی (جەنگو ئاشتی)یان بە پوختەترینو گەشترین نموونەی دەستڕەنگینیوهونەری تۆلستۆی زانیوەو گوتوویانە ئەم رۆمانە بالاترین پلەی هاوئاهەنگی هونەری تێدایەو زنجیرەی رووداوەکانی تەواو ئاساییو سیستەماتیکەو نووسەرەکەی بالاترین ئاستی پوختەیی فیکری نیشاندەدا. تۆلستۆی بە خۆ لە کتێبی (ئاینی من)دا دەربارەی خۆی حوکمی داوەو گوتوویەتی کە بەر لەوە دووچاری قەیرانو هەڤدژیو پەرێشانی فیکر بوو بوو. لەو سەروبەندەدا ئەم پەرێشانیو هەڤدژییەی بە بەرەنجامی ئەو قەیرانە فیکرییە دەزانی کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٥دا لە روسیا پەیدا بوو بوو. بەڵام لە راستیدا ئەم قەیرانە بەر لەوەش لە بەرهەمەکانیا دیارەو لە دواتریشدا ئاشکراتر دەبێت. لە راستیدا ئەو نووسەرە بە تواناو دەستڕەنگینو هونەرمەندەی کە لە کتێبی (منداڵیو باڕی)داو لە زۆر شوێنی (جەنگو ئاشتیدا) ئەوەندە دڵی بە ژیان خۆش بووەو تەنانەت لەم بارەیەوە لە هەموو نووسەرانی روس گەشبین تر بووە، کەچی لەچیرۆکی (مردنی ئیڤان ئیلیچ)و (ئاوازێك بۆ کرویتسر)دا پرسی ترس لە مردنی هێناوەتە ئاراو تەنانەت لە هەوەڵین بەرهەمێن سەردەمی لاوی خۆیدا هەمان هزرو بیری پەروەردە کردووە. هەرچەندە گەشبین بووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە رەشبینییەکی ئاشکراشی لەلا هەبووە. ئەوێ کە ئەوەندە لە وردکردنەوەو شیکردنەوەی باری دەروونیو روحی مرۆڤدا باڵا دەست بووەو دەیتوانی هۆکارو ئەنگێزەی هەموو هزرو فکرێك لە هەڵس و کەوت و رەفتاردا کەشف بکات، دوای چەند کتێبێکی دی لە ناکاودا وەك پیاوێکی سادە لە ئەنجامی هێزێکی شاراوەدا کە خویا نیە چیە، دەبێ بە پیاوێکی دیندارو خواناس، نموونەی ئەم گۆڕانە لە ناکاوە (پێربزوخوف)ـە کە یەکێکە لە قارەمانەکانی جەنگو ئاشتی-ی ئەو کە بە گوتەی خۆی زۆر پێش قەیرانی ساڵی ١٨٧٥ وەسفی نووسیوە.

تۆلستۆی بە هەموو شۆرەتێکی جیهانییەوە هەمیشە هەر نووسەرێکی روسی تەواو عەیارو بێ عەیب بووەو هەمیشە ئەم خەسڵەتە نەتەوەییەی دەمێنێ و لە پەیرەوی کردنی روحیاتی گشتی خەڵکی روسیای ئەو زەمانەدا بیروباوەڕو هەستەکانی خۆی پێکڤە سازاندووە. یەکێك لە

تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەمەیە کە قەت باوەڕو متمانەی بە تاك نەبووەو وای وێنا کردووە کە ناتوانێ بە تەنیا بەهێزی خۆیو بە دەستی خۆی هیچ بە هیچ بکات. هەرچەندە لە یەکێك لە کتێبەکانیدا (یادگارەکانی سباستوپول)دا گوتوویەتی کە جگە لە حەقیقەت هیچ قارەمانێکی دیکە وەسف ناکات، هەڵبەتە لەم گوتەیەدا زێدەڕۆیی کردووە.

تاقە قارەمانی پەسندو دڵخوازی ئەو هەمیشە ڕەمەکی مەردم بوو. ئەو حەقیقەتەی کە گەرکی بووە کەشفی بکات لە بیروباوەڕی خەڵکیو بیرکردنەوەی ئەوانەوە هەڵی هێنجاوە. پێی وابووە کە باشترین ژیان، ژیانی هاوبەشی تاکەکانی نەتەوەیە. هزرو ئەندێشەی دروست هەمان هزرو ئەندێشەی ئەوانە چونکە زانست، ئەقڵو ئاوەز ناهێنێو ئاوەز تەنیا لە هەستی ئاسایی جەماوەری خەڵکیدایە. نابێ لە بیری ئەوەدا بی کە ئەم جەماوەرە ڕێنوێنی بکەی، بەڵکو باشتر وایە کە بکرێ بە ڕێنوێنو سەرمەشق چونکە هێزی بەشەر لەوەدایە کە شەپۆلو پێلی ئەم ئۆقیانووسە لەگەڵ خۆیدا ببیات و هێزی پێ ببەخشێت. لە شاکارەکانی تۆلستۆیدا پیاوانی مێژوویی یان خەیاڵی کە لە ڕەشو ڕووتی خەڵکی باشترو باڵاترین سەرنجیان ڕانەکێشاوە، مەگەر کاتێك کە نوێنەری ئەندێشەی نەتەوەیی بنو نەخوازن هزری خۆ بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنن. بۆیە لە (جەنگو ئاشتی)دا کوتوزوف، چونکە لە خۆیو هاوکارەکانی خۆی بەد گومانەو تەنیا پشتی بە هەستی ئەندامانی میللەتی قایمە، بەسەر ناپلیۆندا پەسند دەدا. ناپلیۆنی بیست ساڵ وای وێنا دەکرد کە ڕابەری ئەورووپایە، کەچی تەنێکی بەر شەپۆلان بوو کە بە باوەشی شەپۆلەکانی مێژووەوە دەڕۆییو گەمەی دەستی ڕووداوەکان بوو و بە خۆی نەیدەزانی.

بە هەمان جۆر لە ڕۆمانی (ئاناکارنینا)دا یەکێك لە قارەمانەکانی، (لوین) کە، پیاوێکی سادەو دڵنەرم بوو سەرەنجام حەقیقەتی دۆزییەوەو ڕێگەی ژیانی دۆزییەوە، لە کاتێکدا ڤیرونسکی کە پیاوێکی بەهۆشو زیرەكو جەربەزە بوو خۆیو کەسوکارەکەی بەدبەخت کرد. خاڵێکی دیکە ئەمەیە کە تۆلستۆی تەنیا لەمەدا هاوبیرو بۆچوونی دۆستۆفسکی بووە کە دلاوەریو بێ پەروایی بەکار نایەتو ململانێ لە ژیانا ناگاتە هیچ شوێنێكو جگە لە تەسلیم بوونو ڕازی بوون هیچ چارێکی دیکە نییە. بەڵام ئەو تەسلیم بووانەی کە لە بەرهەمەکانی دۆستۆفسکی دا پەسندئاکارنو خەڵکانێکن کە لە ژیاندا شکستیان هێناوە، لە کاتێکا لە بەرهەمەکانی تۆلستۆیدا داننان بە بێ تواناییو زەبوونی لە هەنبەر سروشت و کۆمەڵگەو یەزداندا بۆ تاك نەك هەر کارێکی ئاقڵانەیە بەڵکو ڕێگەی گەییشتن بە بەختەوەریەو بەختەوەری تاك تاقە ئامانجی ژیانە.

لە بەرهەمی تۆلستۆیدا هەمیشە چەند پیاوێکی جیاواز هەن کە ڕەنگدانەوەی یەکترن. ئەگەر توانیویەتی لە جیاوازی دەروونی ڕزگار بێو بەم کارە سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی زەمانی خۆی ڕاکێشێ، بە زەبری ئەو قوەتەیە کە لە هونەری نقیسارییدا هەی بووەو لەبەر ئەمە توانیویەتی قارەمانێك بێنێتە ئاراو بخوڵقێنێ. ئەگەر وەکو خەڵکانی دی لە مەیدانی کاردا بوایە ئەویش دووچاری ناکۆکی هزرو ڕووداوان دەبوو. لێ چونکە پیاوێکی هونەرمەند بووە توانیویەتی ژیانی هەمە جۆرو پڕ ڕووداوی سەرزەمینو وڵاتی خۆی لە ئاوێنەیەکی ڕوناكو

پرشنگداردا بنوێنێ. لە رووی جازیبەی جیهانیەوە رەنگە هاوتاو وێنەی نەبێ، بۆیە بە هەمان ئەندازەی کە لە کوختەو کۆلیتی گوندییاندا لەزەتیان لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەبینی لە ژینگەو ناوەندی ئەشرافی سانپترسبۆرگیش دا هەمان لەزەتیان لێ دەبینی.

ئەو شارەزاییەی کە ئەو دەربارەی ژیانی رۆژگاری خۆی هەی بووە، بووەتە مایەی ئەوە کە قارەمانانی جیاواز بێنێتە ناو ناوانو میناکی هەر نووسەرێکی دی خودی خۆی باس کردووەو روحی خۆی لە هەموو شوێنێك دا تۆوداوە. لەم رووەوە جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ نووسەرانی رۆژاواییدا هەیە کە هەرگیز پێوە نەبووە خۆی باشترو زیاتر لە وەی کە هەیە بنوێنیێو نیشانبداتو زیاتر مایل بەوە بووە کە دەربارەی خۆی ناملایم بێ.

ئەمە جگە لەوەی ئەم مەیلە کە لە بەرهەمێن پوشکیندا ئاشکراترو لە بەرهەمێن دۆستۆفسکی دا هەست پێکراوترە خەسڵەتو خەسێتی گشتی نووسەرانی روسییەو رەنگە جوانترین لایەنی ئەدەبیاتی روسی بێ.

قارەمانان، لە بەرهەمێن تۆلستۆیدا وەکو بەرهەمێن تورگنیف دەستەیەك قارەمانی گشتین، ئەو شا قارەمانانەی کە لە سەرانسەری بەرهەمەکانی ئەودا دەبینرێن لە نیکولنکای قارەمانی چیرۆکی "منداڵی"یەوە بیگرە تا (پوزدنیشف)ی قارەمانی چیرۆکی (ئاوازێك بۆ کرویتسر)و (نەخلیودوف)ی قارەمانی رۆمانی (ژیانەوە) خەڵکانێکن کە بەوپەڕی زەبەردەستی ژیاننامەی خۆیان نووسیوەو گەلێك لە جوزییاتی ژیانی تۆلستۆیان تێدایە، هیچ یەکێك لەو حاڵەت و سیفەتو تایبەتمەندییە نائاساییانەیان تێدا نیە کە (بایرون)ی شاعیری ناوداری ئینگلیزی دەیداتە پاڵ قارەمانەکانی خۆی. بە زۆری خەڵکانی ئاساییو تەنانەت مامناوەندین کە لە ژیانا نەگبەتیو بەدبەختیان پترە لە شادیو بەختەوەری، بە زۆری کاری ناسایشتە دەکەنو تەنانەت وەکو قارەمانەکانی تورگنیف ئەم سیفەتەشیان تێدا نیە کە ناکامیو بێ موڕادی خۆیان بە شۆخی و حەنەکان وەشێرن یان دەربڕن. بۆ نموونە قارەمانانی میناکی ڤیرنسکیو ئەندرێ ڤولکونسکی لە (جەنگ و ئاشتی)دا کە پیاوانی جوانو بەهرەو توانای سەررێژیان هەیەو لە ژیاندا بەختەوەرن، هەمیشە رووبەڕووی شکست خواردووانی ژیانو نەفرەت لێکراوانی چارەنووسو قەدەر دەبنەوە. وێڕای ئەمەش نووسەر بەخۆی بەسەر کەسانی دیکەدا پەسندیان نادات و سەرەنجام لە ناکاودا لە دووڕیانێکدا بەخت پشتیان تێدەکات.

قارەمانانی نمرە دووش لە چیرۆکەکانی تۆلستۆیدا هەر یەکەیان نوێنەری یەکێك لە چینەکانی کۆمەڵگەن، بۆ نموونە نیکولای راستوف لە رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) ستیڤا ئەبلونسکی لە رۆمانی (ئاناکارنینا) کە خەڵکانێکی بەختەوەرن چونکە نە لە شوێنانی بەرزو نە لە شوێنانی نزم منەی بەختەوەری دەکەنو بە شێوەیەکی گشتی خەڵکێکی خۆویستن بەڵام دلۆڤانو میرەبانو تۆلستۆی بەخۆیشی بزەیەکی حەقارەت ئامێزیان بە رووڈا دەدات.

گرینگتر لە هەموو ئەوانە، قارەمانانێکن کە ئەو پتر بایەخیان دەداتیێو بە پیاوانێکی داناون کە لە ناخی خۆدا هەندێ حەقیقەتیان پێیەو چاوەڕوانی چ شتێك نین لە ژیان چونکە ژیان هیچیان ناداتێ کە شایستەی ئەوان بێو لەقەد خۆیان بێ. شادیو بەختیاریان لە دەروونو

ناخی خۆیاندایە، روح و دەروونێکی سادەو پایەدارو خاکیان هەیە. وەکو ئەو سازڤانە داماوەی کە لە چیرۆکی (لوتسرن)دا وەسفی کردووە یان پلاتن کاروتایف لە رۆمانی جەنگ‌و ئاشتیدا یان (ئاکیم)ی وەرزێری پیر لە چیرۆکی (هێزی تاریکی)دا.

ئەو ژینگەیەی کە نووسەر ئەم قارەمانانەی تیا نیشاندەدات زۆر بەرینە، تۆلستۆی لە سەرەتاوە هونەرمەندی‌و دەسترەنگینی خۆی لە بواری نیشاندانی دەروونی منداڵاندا نواندووەو لەم مەیدانەدا کەسێکی تەواو حەقیقەتبین‌و حەقیقەت نوێن بووە. وەکو نیکولنکو لە کاتێکدا عەسری کەسەرو داخان بەسەر گۆڕەکەی دایکیا دەرێژێ، لە بیرو خەیاڵی هەزاران شتی دیکەشدایە کە هیچ پەیوەندییەکی بە دەردە کوشندەکانی ئەوەوە نیە. ئەو ژینگەیەی کە نیکولنکوی تێدایە ژینگەیەکی ئەشرافییەو ئەو وەسفەی کە ئەو لەمەڕ ئەم ژینگەیەی کردووەو لە وەسفیا ئەوپەڕی خەمساردی‌و بێ موبالاتی نیشاندەدات. بە هیچ جۆرێ رەنگدانەوەی وەزع‌و حاڵی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارە نیەولەو تەسەورەی کە خەڵکانی دی دەربارەی ئەو بارودۆخە هەیانە دوورە. گرتسن‌و چرنیشڤسکی لەو رۆژگارەدا ئەم جۆرە پرسیارانەیان دەکرد: (خەتای کێیە؟ چ بکرێ؟) لێ تۆلستۆی هیچ وەلامێکی ئەو پرسیارانەی نەداوەتەوە، وا دەنوێنێ کە هەر ئاگای لێیان نەبووە. (منداڵی، نەوجەوانی‌و جەوانی)و (بەختەوەری خێزان)و (دوگوسارد) لە جوملەی ئەم زنجیرە بەرهەمەی ئەون.

لە بەرهەمێن (یادگارەکانی سباستوپول)و (داگیرکردن)و (سێ مردن)و (قۆزاقان)دا کۆمەڵە دیمەنێکی تری هێناوەتە ئارا، ئاسۆی ئەوە بەرینتر دەبێ، ئەو زاناو فەیلەسوفە فرەزانەی کە لە بەرهەمەکانی پێش ئەوانەدا خۆی نیشان نەدا بوو، دێتە مەیدان، خۆی لە پرس و مەسەلەکانی ژیان دەدات، واتە لەو مەسەلە حەقیقییەی کە دەبێ چۆن بژی تامەرگ خۆش بێ؟ لێرەدا قانون گوزارێکی ناپابەند ئاموچیاری خۆی دەربارەی بەختەوەری دەست پێدەکات. قارەمانانی راستەقینەی شەڕی قرم دنیایەك سەربازی دڵپاك و دڵساف و دلێرو گەورەن بۆیە لە مەزنایەتی کارەکەی خۆیان کە مردن لە رای نیشتمانە بێ ئاگان. ئەم خاڵە لە چیرۆکی (سێ مردن)دا ئاشکرا ترە: مەرگی دژوارو ناخۆشی ژنێکی سەر بە چینی ئەشراف، مەرگی ئاسانی پیاوێکی سەر بە چینی ئاسایی خەڵك‌و مردنی درەختێك کە لە خۆشیادا دەمرێت. پاش ئەوەی لەم بەرهەمانەدا هونەری مردن لە کامەرانیدا ی نیشان داوە، لە چیرۆکی (قوزاقان)دا هونەری ژیان لە کامەرانی دا نیشان دەدات، لەم کتێبەدا پاش ئەوەی ستایشی سادەیی‌و ساکاریی خەڵکی سەرەتایی دەکات، بە بابەتێك دەست پێدەکات کە لەوە پاش دەبێ بە ئەنجامی فەلسەفەی ئەو، و ئەویش ئەوەیە کە لە ناو هەموو شێوە بەختەوەریەکاندا، واتە رازی کردنی هەستە فیتری‌و خۆڕسکەکاندا، خۆشەویستی یەکترو فیداکاری رەواترین‌و ئاسانترین بەختەوەریە. لەوە بە دواوە خۆیبوونی خودی‌و مرۆڤدۆستی پێکەوە لە بەرهەمەکانی خۆیدا نیشاندەدا.

لە رۆمانی جەنگ‌و ئاشتی‌و ئاناکارنینادا ئەم لێکدژی‌و جیاوازییە کەمتر دیارە، چونکە لە زۆربەی شوێنەکاندا زیاتر بایەخی بە وێنەگرتن‌و بەرجەستەکردنی رووداوەکان داوە تا بە فیکرو هزران. ئەو ئەنجامگیرییەی کە لە مەیل و کەڵکەڵە شەخسییەکانەوە کردوویەتی وەکو خەڵفێکە لە

قەدی درەختێكی گەورە دەرچوو بێ، بۆیە لێبڕاون لە ئەسڵی ڕۆمانەكەی دەربێنن‌و بیكەن بە پاشكۆیەك. لە بەرهەمی ئەم نووسەرە مەزنەدا پرەنسیپی هەستێن فیتری‌و خۆڕسك هۆی شەخسی‌و تایبەتی هەیە:

گەورەیی ئەو زیاتر لەوەدایە كە بتەوێ و نەتەوێ‌و لە ڕێگەی ئەو ئاڵۆگۆڕە دەروونیانەوە كە دەشێت بگوترێ خۆبەخۆ ڕوویانداوە، كاریگەریی دەرەكی وەردەگرێت. ئایا لێبڕاوە ئەم كاریگەرییانە شی بكاتەوەو پاژەكانی لێكدی هەڵاوێرێ؟ یان ویستویەتی بەكاردانەوەیەك ئەو ڕەگەزانەی كە ژیان پێك دێنن لێكدی جیا بكاتەوە؟ لەم بەینەدا زۆر پێناسەو پێوەرو بەڵگەو بەڵگاندن هەیەو واپێ دەچێت كە سەلماندنەكانی خۆی كەمتر لە خەڵكی تر قەبوڵ بكات، هەروەها جۆرە سەلماندن‌و بەڵگاندنێكی ژنانەشی تێدا هەیەو بەلای ئەوەدا دەچێت كە بەڵگە لوژیكی یەكان‌و كاریگەرییە ڕاستەوخۆكان، بە گوتەیەكی دی ئەقڵ لەگەڵ دڵدا یەك بخات.

هەڵبەتە ئەو ئەنجامگیرییەی لەم كارەوە كراوە چوون یەك نیە. دەشێت بگوترێ كە ڕۆمانی جەنگ‌و ئاشتی بە شێوەیەكی گشتی‌و لە ڕوانگەی گشتییەوە كەم دابێژێك پاشكۆو ڕەنگدانەوەی هەستە مرۆڤانیەكانە. مەبەستی ئەمە نیە كە شتێك بسەلمێنێ، بەڵكو دەخوازێت ڕوسیا وەكو چۆن لە سەردەمی شەڕەكانی ناپیلون دا بووە، لە ئاوێنەیەكی فرە مەزن‌و بێگەردا بە چاكبینییەكی تایبەتیەوە نیشان بدات‌و تەنانەت پرەنسیپەكانی زەڕخڕێی جووتیارانیشی هێناوەتە ئاراوە. هەر شتێك ڕوسی بێ لە گۆشەنیگای تۆلستۆییەوە ئازیزە، چونكە بەخۆیشی ڕوسی بووە. لە بەرهەمەكانی تۆلستۆی دا نە ئەو خەمساردی‌و بێ موبالاتیە تایبەتیەی گوتە هەیەو نە كاریگەرپەزێری ئەو نووسەرە فەرەنسیانەی لە هاوعەسری ئەو بوونەو پەیڕەوی ڕێبازو میتۆدی ناتورالیزمیان دەكرد. لە ڕاستیدا جۆرە تەوجوهو چاوپۆشییەكە سەبارەت بە بێ تواناییە مرۆڤانیەكان‌و بێ ئەنجامی بالاترین ژیان، ئەم هەستە جارەكی دی ئەو (تۆلستۆی) لە دۆستۆفسكی نزیك دەخاتەوە.

بەڵام ئەم هەستە لە بەرهەمەكانی تۆلستۆیدا سنووردارترەو خەڵكانی دڵ بەژان‌و گوناهكار ناگرێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی تۆلستۆی لە دۆستۆفسكی سەختیگرتر بووە، بەڵكو لەبەر ئەمەی كە ژان‌و ئازارو گوناح لە گۆشەنیگای ئەوەوە ئەوەندە بێ بایەخە كە ئەوە نایەنێ بایەخی بدرێتێ. دەشێت بگوترێ ڕوحی شانۆنامەنووسانی یونانی كۆن لەم بیرانەی تۆلستۆیدا خویایە، كە خەتاو غەمی قارەمانەكانی خۆیان بە ویستی ڕەهای خواوەندان دەزانی. ئەم گەورە نووسەرەی ڕوسیاش میناكی گەلێك لە خەڵكی وڵاتی خۆی قەدەری بووەو جەبرو ئیختیاری قەبوڵ كردبوو، ئەو هزرو بیرانەی كە لە (یادگارەكانی سباستوپول)دا گەڵاڵەی كردبوو، هەندێجار لە (جەنگ و ئاشتی)شدا چووەتەوە سەری، تەنانەت بە ئاشكرا ئەم باوەڕەی بە قەزاو قەدەر لەو جەنگە خوێناویانەدا كە نەوەسانێكی لە چارەنووسی ناپلیۆن‌و چارەنووسی ڕوسیادا فەراهەم كردبوو، جێ كردووەتەوە.

بەمجۆرە كوتوزۆف لە ئەنجوومەنی سوپاییدا كە نەخشەوپلانی جەنگی ئوسترولیتس لەوێ دەكێشن، خەو دەیباتەوەو پاشان لە شەوی پێش شەڕەكەدا دەگەڵ ڕادنیودا ڕۆمانێك

دەخوێنێتەوەو بەم شێوەیە فیکری ئەسڵی خۆی نواندووە. بەمجۆرە کوتوزوف کاری ئاوەزداران دەکات چونکە ڕێگە دەدات ڕووداوەکان کاری خۆی بکەن و داوا ناکات گۆڕان لە قەزا بکات، لەم کتێبەدا ڕووداوەکان بە هەوڵ وکۆششی ئەمو ئەوەوە بەند نییە، بەڵکو بەندە بە کاری بێ بیرکردنەوەی خەڵکانێکەوە کە ویستی جیهانیو نا ئینسانی بزوێنەریانە، پیاوان تەنیا گەمەن. کەسێك کە بیەوێ ڕێ نیشاندەرییان بکاتو ئەگەر بەو ڕێگەیەدا کە بۆی داناون نەڕۆن، گلەییان لێ بکات شایانی گاڵتە پێ کردنە. دەتوانرێ حاڵەتی دەرونییان لە ئەنجامی هێزە پەنهانیەکانو ئەوەی بە دڵیاندا دێ کەشف بکرێ، وتۆلستۆی هەمان ئەو کارەی کە لە باس و وەسفی شەڕەکانی سباستوپولدا گرتبوویە بەر، جارەکی دی لەم کتێبەدا دووبارەی کردووەتەوە، بۆیە هەوەڵین کەسانێك کە (جەنگو ئاشتی)یان خوێندووەتەوە سەریان سووڕماوەو ئەم حیرەتو سەرسوڕمانە تەنیا لە ڕوسیادا دەرکەوتووە، چونکە لە ئەوروپای ڕۆژاوادا کەمتر لە ڕوسیا باسی ئەوەیان کردووە. بێگومان تۆلستۆی بۆ نووسینی مێژووی شەڕەکانی ناپلیۆن شارەزاییو زانیاری تەواوی هەبووە.

هەر ئەو زانیاریانەی کە لەلاویدا، کاتێ کە لە ساڵی ١٨٥٤دا ئەفسەری دەستەی تۆپخانە بووە، بە دەستی هێناوە لە مەیدانەکانی شەڕی ئوسترلیتس و پارادینو بەکاری بردووە، گومانی تیا نیە کە هیچ نووسەرێك نەیتوانیوە لەو باشتر دستەیەکی تۆپخانە یان سوارە لە مەیدانی جەنگدا نیشان بدات، لێ وا دیارە ئەم ئەفسەرە بچووکەی تۆپخانە ئەوەی لە یاد چوو بێ کە چۆن کاری ئەم تاقم و دەستانە پەیوەندی بەکاری تاقم و دەستەکانی ترەوە هەبووەو لایەنی هونەرمەندیو دەسترەنگینی ئەو بەسەر لایەنە سوپاییەکەیدا زاڵ بووەو گەییوەتە ئەمەی کە ئەم جۆرە پەیوەندییە لە ئارادا نەبووە. چ شتێك بووە هۆی ئەمە کە لە جەنگی ئوسترلیتس دا لایەنێك زاڵو لایەنێك شکستی هێنا؟ ناپلیۆن هیچی لەو بارەیەوە نەزانیوەو کوتوزۆف-ش بێ ئاگا بووە. ئەو پێشڕەوە فەرەنسیانەی کە بە ڕێکەوت لە فلانە جێ بوونە توانیویانە بە هۆی ئەو تەمو مژەوە کە دەوری گرتبوون ئەو پێشڕەوە ڕوسیانەی کە دەبوایە لەوێ بوایەن غافڵگیر بکەن.

بێ سەروبەرییو بێ زاکونیو پەشێوی کاری خۆی کردو جگە لەمە چ شتێکی دی نەبوو. لە چەندین لاپەڕەدا کتێبەکەی تۆلستۆی-ش بێ سەروبەر دەنوێنێ. لە ڕووی سوپاییەوە ئەم بەشەی کتێبەکە منداڵانەیە، بەڵام لە باری هونەرییەوە ئەو نیگارکێشە دەست ڕەنگینەی کە ئەم دیمەنەی کێشاوە، کۆمەڵە دیمەنێکی زۆر لێهاتووانە ڕەسم کردووەو شاکارێکی لێ چێکردوون: بەمجۆرە گوێی بە پرەنسیپە چەسپاوەکانی هونەر نە دواوە تەنانەت گوێی بە حەقیقەت دۆزیش نەداوە. بەڵام ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت کە فیلمێکی لەو ڕووداوانە چێکردووەو لەم فیلمەدا نەك هەر جوزییاتی نیشان داوە بەڵکو بە زەبری مۆنتاجو لێکدانی پاژەکان، گشتەکانیشی یەك خستووەو لێکی داون.

هەڵبەتە ئەو جوزییاتەی کە ئەو دیتوویەتی زۆربەی ئەو وردیو ئیحتوبارەی نیەو گوتراوە کە بایەخدانی فرە بە جوزییات هەندێجار ئەم لادانو هەڵانە فەراهەم دەکات.

لـە شـوێنێکی تـری ئـەم کتێبـەدا شـرۆڤەی ڕووداوەکـانی سـاڵی ١٨١٢ی مۆسـکۆ دەبینـرێ. ئاشـپەزێکی فەرەنسـی کـە گومـانی سـیخوڕیان لـێ کردبـوو لـە دار داوە. تۆلسـتۆی دەڵێـت: "جەلادەکە ئەو کابرا تۆمەتبارەی لە سیاسەتگاکەوە هێنایە خوارێ، کابرایەکی توندوتۆڵی تۆکمە بـوو، ردێنێکـی دوو فلیقانـەی زەردبـاوی هـەبوو، گۆرەویـەکی درێـژی ئەسـتووری زبـری شـین و جلێکی سەوزی لەبەر بوو".

ئەو جوزییاتەی کە وەسفی کردووە یەجگار وردە بەڵام دروست نیە، چونکە ئەو پیاوەی کە لە داریان دابوو بە ناچاری ڕووت بوو وهیچ جلکێکی لەبەر نەبوو.

لـە ڕووی فەلسـەفییەوە ئـەو بـاوەڕەی کـە نووسـەر بـە قـەزاو قـەدەری هەیـە، لـە ڕوانگـەی ئەویشەوە موسەلەم نیەو بە ئاشکرا پێچەوانەی ئەو باوەڕەی گوتووە. قارەمانانی جەنگ و ئاشتی دوو دەسـتەن: دەسـتەیەکیان ئـەو کەسـانەن کـە دەزانـن چ مەبەسـت و ئامانجێکیـان هەیـە لەوانـە ئیمپراتـۆری فەرەنسـاو ئیمپراتـۆری ڕوسـیا، شـازادە بالکونسـکی و بابـە پیرەکـەی، ماڵبـاتی کوراگین و ئـەو ژنـەی کـە قارەمـانی ژنانـەی چیرۆکەکەیە، واتـە ناتاشاراستوڤا. دەستەکەی تریـان ئەو کەسانەن کە ڕەوتی ڕووداوەکان دەگەڵ خۆدا دەیـان بـەن: پـتیر بزوخـوف، ڕاستوڤی پیرەمێر، شـازادەخانم ماریـا، پلاتـون کـاراتویف و کوتـوزۆف. هەڵبەتـە لـە دوا ئەنجامـدا پێشـکەوتن بـۆ ئـەم دەستەی دووەمەیە. بەڵام ئەگـەر لـە نزیکـەوە بڕوانین ئـەم بەختەوەرییـەی ئـەوان سـوکنایی بـە دڵ نابەخشێت، بۆ نموونە پیتر بزوخوف مێردی ژنێکی خەتاکارە، بۆ نەگبـەتی ئامـادەی شـەر بـووە، لەگەڵ رادینوداو خۆیشی نازانێ لەوێ چ دەکـات و بۆچـی بـۆ ئەوێنـدەر چـووە، پاشـان لـە کوچـەو کۆڵانـانی مۆسـکۆدا ماڵوێران و سـەرگەردان دەبـێ، لەوێـدا فەرەنسییەکان وا دەنوێنن بـە تـاوانی بەشداری لـە سـووتانی شـاردا دەیانـەوێ گوللـە بـارانی بکـەن، پاشـان بـە هـەمان سـەرگەردانی لـە پاشمـاوەی لەشـکری نـاپلیۆن هەڵـدێ و، ئـەم کەسـایەتیە کـە تۆلسـتۆی دەخـوازێ لەبـەر چـاوی خەڵکی بیڕازێنێتەوە، ڕەنگە نەتوانێ هەموو خوێنەران ڕاکێشێت.

لە ڕووی مێژووییەوە کوتوزۆف کـاتێ دژمـن نەخشـەی جـەنگی دەکێشـا، خـەوی بردوویەتـەوە یان ڕۆمانی خوێندووەتەوەو سەرەنجام بەسەر ناپلیۆندا زاڵ بووە، خۆشبەختانە لە مێژووی ئەو ڕۆژگارەدا کەسێکی واهی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە بووە.

تۆلستۆی لە نووسینی (ئاناکارنینا)دا بە هەمان شێوە بە پرەنسیپەکانی خۆیەوە پابەند بووە. لـەم ڕۆمانەشـدا هـەمان جوزییـات یـەکجار زۆرە، بـەڵام لـە ژینگەیـەکی سنووردارتردا کـە ژینگـەی بنەماڵەیە. هەروەها هەمان ناکۆکی لە نێوان خۆیبوونی خودی مەغرورانەو پڕ تواناییانـەو تەسـلیم بـوونی نـاچاری و بـێ دەسـەڵاتانە لـە هەنبـەر هێزێکـی باڵاترو پەنهانیـدا دەبینـرێ. ئـەم نـاکۆکی و جیاوازیـە لـە یـەك کاتـدا لـە بـوونی شـا قارەمـانی چـیرۆکەکەدا دەردەکـەوێ کـە گرفتـاری کێشماکێشێکی دەروونییـەو لـە نێوان ژیـانی پڕ هـەراو هوریـای شـارانی گـەورەو ژیـانی هێـدی و هێمنی کشـتزاراندا وێڵ و سـەرگەردانە. لەلایەکـەوە پیـاوانی بـەهۆش و کارامـەو لەلایـەکی تـرەوە خـەڵکی سـاویلکەو دڵسـاف و خۆشـباوەڕ،و ئـەم گروپـەی دووەم کـە لـوین نوێنەریانـە لـە گروپـی یەکەم کە بزوخـوف نوێنەریانە، دەبەنـەوەو، بـەڵام لـوین کـە فرزەنـدی ڕوحـانی هـەمان بزوخۆفـە

ئەمجارەیان دەبوایە دەستووری شفابەخشی روحانی کە تۆلستۆی بە خۆی لە گەنمەزارەکانی یاسنایا پالیانا دەیدا بە خەڵکانی تر بدات‌و ئەویش کەفارەتی کارە خراپەکان نیە.

لەم بەینەدا هزری سوسیالیستەکانیشش کە لە رۆمانی جەنگ‌و ئاشتیدا هێشتا نەی هێنا بووە ناو ناوان دەردەبڕێ، بە تایبەتی لەو بەشە بەناوبانگەی ڕاوگەکەدا کە لوین هێرش دەکاتە سەر بلونسکی‌و لە ناکاو بۆی دەردەکەوێ کە خواردنی بەری رەنجی خەڵکانی دی زوڵم‌و بێدادیە لەو خەڵکانە. تۆوی هەموو فەلسەفە تازەکەی تۆلستۆی کە لە ئایندەدا بەو رادەیە پەروەردەی کردووەو بە ناوی ئەوەوە ناسراوە، لێرەدا تۆو دەکرێت. سەیر لەمەدایە کە بۆ نۆبەرەکردنی ئەم تۆوە لوینی هەڵبژاردووە، چونکە ئەم خوردە مولکدارە، سەر لێ شێواوێکە کە لە رۆژی زەماوەندەکەیدا لە بیری دەچێت بۆ کڵێسا بڕوات‌و لە کاتی هەڵبژاردنا لە هەموو کەسێك دەپرسێت دەبێ رەئی بەکێ بدات؟ تۆلستۆی وا دەنوێنێ کە ئەو پیاوێکی خوێنەوار بووەو بە هۆی بەرهەمێن فەیلەسوفانی ئاڵمانییەوە تووشی گومان‌و دوو دڵی بووە، بەڵام بێزاری خۆی لە هەمان فەلسەفە دەردەبڕێ. لەگەڵ هەموو ئەمەشا پیاوێکی زبرو سەختەو لە نێو ئەم سەرگەردانیە روحییەدا ئەرکی خۆی نازانێ تا رۆژێ سەری قسان دەگەڵ جووتیارێکدا دەکاتەوە و جووتیارەکە رێگەی راستی پێ نیشان دەدات. پێی دەڵێت ئەوەندە بەسە کە پیاو رێگەی راست بگرێ و تەنیا لە خودا رێنوێنی بخوازێ. بۆیە لوین لە گوندیدا دەژی‌و رێنوێنی ئەو پیاوێکی جووتێرە. جووتیارێکی دیکەش لە رۆمانی (جەنگ‌و ئاشتی)دا هەیە، کاراتوئیف-ی ناوە، ئەویش باوەڕی وایە کە دەبێ کوێرانە پەیڕەوی خودا بکرێ. لەو رۆمانەدا هێشتا تۆلستۆی بەگومانەو خویا نیە مەبەستی لە کام خودایە. بەڵام لەم رۆمانەدا ئەو خودایەی کە لوین بە رێنوێنی خۆیی هەڵدەبژێرێ مەسیح نیە بەڵکە بودایەو ئەوەی لەم بەینەدا سەیرە ئەمەیە کە خویا نیە تۆلستۆی چۆن پرەنسیپی نیرڤانای بوداییان‌و فەناف اللە لەگەڵ ئەو قانونەدا کە داینا‌وە دەسازێنێ.

دەربارەی ئەو جیاوازی‌و ناکۆکیەی کە لە بەینی ژیانی شارو ژیانی گوندا هەیەو تۆلستۆی ژیانی گوندی پەسندکردووە، نووسەرانی دیکەش، لەوانە پوشکین، هەمان باوەڕیان هەبووەو هەڵبەتە بیری رۆسۆو جۆرج سانیش کاریگەرییان بەسەر تۆلستۆییەوە هەبووە، لێ رۆسۆو جۆرج سان رێگەیەکی روناکیان گرتووەتە بەرو گوتاری تۆلستۆی بەو ئەندازەیە روون نیە. لەم بارەیەوە زاراوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیەو ناوی ناوە (درۆی ژیانی شارستانیانە)و تەنانەت لەو کتێبانەدا کە پاشتر نووسیوونی‌و لە واری فەلسەفەی رووتدا، لەم بارەیەوە دوو دڵەو جارێ زانستە تازەکان‌و جارێ شێوەی حوکمڕانی لەم کارەدا بە کاریگەر دەزانێ.

لایەنی هونەریی ئاناکارنینا شایستەی هەمان ستایش وئیرادگیریانەی رۆمانی جەنگ‌و ئاشتییە. هەمان هونەرمەندی‌و دەستڕەنگینی ئەو لە شرۆڤەی جوزییات‌و وەسفی جیهانێن روحانیدا دەبینرێ‌و هەمان جیاوازی‌و ناکۆکی لە کولیات داو هەمان ریزبەندی ئەفسانانی جیاواز هەن کە سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتێن چاوەڕوان نەکراوو تەنانەت درێژدادڕی نابەجێ رادەکێشێت. لەلایەکی ترەوە بە هەمان وەستایی‌و هونەرمەندیی تەواوەتی پێچ و پەناکانی

دەروونــی ئــەو ژنــەی کــە قارەمــانی ئەمــە چــیرۆکەیە، راڤــەو شــرۆڤە کــردووە. لایەنــە ســەرنج راکێشەکانی ئەم بارە دەروونیە ژنانەیە ئەمەیە کە سەفەرێکی هەندەران دەکاتو لەوێوە دەگەڵ دڵدارەکــەی خۆیــدا پــاش ئــەوەی دەســتبەرداری شــووەکەی خــۆی دەبــێ دەگەڕێتــەوەو وێــڕای سەرزەنشتو لۆمەی خەڵکان دەگەڵ دڵدارەکەیدا دەچێت بۆ شانۆو چونکە لەوێدا بۆنی تەوهین دەکەن لە چاوی کەسێکەوە دەی بینێ کە ئەوی لەو کارە قەدەغە کردبوو. هەرچەندە دڵبەندی دڵدارەکــەی خۆیــەتی، بــەڵام ئــەو میهروســۆزەی دەرهــەق بــە منداڵەکــەی هەیــەتی ئــارامی لــێ هەڵدەگرێ، هیچ جۆرە هەست جوڵانێك لە ئارادا نییەو تاقە شتێك کە لە دابو نەریتان بەدەرە ئەمەیە کە ژنەی خەتاکار بەمەبەستی ئازاردانی شووەکەی خۆی، بە دەم خەمینییەکی زۆرەوە دان بــە هەڵــەو خــەتای خۆیــدا دەنێــت. خویایــە کــە تۆلســتۆی ئــەم خاڵــەی لــە بەرهەمــەکانی ئوستروفسکیو تەنانــەت لیرمانتۆفــەوە وەرگرتــووەو لیرمــانتۆف لــە رۆمــانی (قارەمــانی زەمــانی ئێمە)شدا ئەم خاڵەی هێناوەتە ئاراوە.

لایــەنێکی دیکــەی سەرنجڕاکێشــی ئــەم کتێبــە شــەرحو شــرۆڤەی منــداڵ بــوونی کیــتی لــوین و مــەرگی مێردەکــەی، لوینــەو لــەم دوو هەڵوێســتەدا وردبــینیو هەڵچــوونێکی تایبــەتی هەیــەو تۆلستۆی ئەنجامگیرییەکی پڕ جۆشو خرۆشی لە رێکەوتی ئەم دوو رووداوەوە هەڵێنجاوەو لە دابی ژیانی ئاسایی هێوەتر رۆییوەو خانمانێکی سەلارو سەنگینی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە کە لــە کتێبــەکانی تریــدا نیــە. لێــرەدا حەقیقــەتجۆیی ئاوێتــەی جوانییــەکی تایبــەتی کــردووەو لــە سەرانسەری ئەم باسەدا تاقە وشەیەکی ناشیرینو فکرۆکەیەکی، کە هەستو سۆز بهاڕوژێنێ، بە کار نەبردووە.

گەلــەك لــە رەخنــەگرەکان گوتوویانــە تۆلســتۆی بــەر لــە رۆمــانی جــەنگو ئاشــتیو بــەر لــە ئاناکارنینــا بایــەخێکی ئــەوتۆی بــە ســایکۆلۆژیاو بــاری دەروونــی ژنــان نــەداوە، بــەڵام لــەم دوو رۆمانەدا هەندێ وەسفی دەربارەی ژنان هەیە کە بڕێکیان یەجگار جوانو شیرنن.

گوتوویانە کە ئەم هونەر نوێنییەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ زەماوەندەکەی خۆیو ئەو کارەی کە هاوسەرەکەی، سوفیا ئاندرییونا، لێی کردووە. بەڵام ئەو شتەی کە مایەی سەرسامیە ئەمەیە کە وێــڕای ئــەو پرەنســیپانەی بــۆ ریفــۆرمی کۆمەڵایــەتی داینــاون، لــە ئاناکارنینــادا خــەتاکاری زۆر ئاسایی ژنێکی مێردار بووە بە تەوەرەی بیرکردنەوەی.

پــاش بڵاوبوونــەوەی ئــەم رۆمانــە تۆلســتۆی تــا ماوەیــەك بەرهەمــەکانی خــۆی بــۆ وەعــز تــەرخان کــردووە. کــاتێ کــە کتــێبی (ئــایینی مــن)ی بڵاوبــووەوە، لــە تــۆ وایــە ئــەوەی کــە لــە (ئاناکارنینــا)دا دەربــارەی گــۆڕانی بــاوەڕی لــوین گوتووبــووی، حاڵەتێکــە کــە بەســەر خــۆی هــاتبوو. گــەلێك لــە هزرڤانــانی جیهــان، لەوانــە شــوپنهاوەرو هارتمــان، فەیلەســوفانی ئاڵمــانیی ســەر بــە رێبــازی راســیونالیزم لــە پــڕ پەیوەندییــەکی راســتەوخۆیان دەگــەڵ تەبیعــەتو خوداناســیدا گرتــووەو (تۆلستۆی)ش میناکی وان بووە. تا ئەو رۆمانە کێشمەکێشێك لە نێوان ئاوەزو هەستی ئەودا هەبووە، ئاوەز بەرەو ئامۆچیاری فەیلەسوفانو هزرڤانانی تازەی بکێش دەکردو هەست بەرەو تەبیعەتو سروشتی دەبردو جاویدانی بوونو هەرمانی روحو بایەخدان بە خواناسی بە گوێیدا

دەدا. لەوە دەچێت کە گومانی لە حەقیقەتی ئەم قەیرانو ئاستەنگە دەرونیو روحانیە هەبوو بێ، لەوەیە وای وێناکردبێ کە حەقیقەتێکی تازەی دەرك کردووەو هەوڵی داوە تیشکی ئەو حەقیقەتە لە خەڵکانی دی درێغی نەکات.

لە کتێبی (دان نان بە گوناح)داو کتێبی (ئاینی من)دا بنەمای ئەم باوەڕەو بناغەی ئەم ئاموچیاریانەی خستووەتە روو ولە بەرهەمێن دیکەی خۆیدا رەخنەیەکی وردی لە حیکمەتی ئیلاهی شەرعی گرتووەو پاچڤەیەکی تازەی چوار ئینجیلەکەی کردووە. هۆی دەست دانە ئەم کارە دژوارەی لە کتێبی (ئاینی من)دا بەمجۆرەو وەستایانە دەربڕیوە: "نەمتوانی مودەتێکی درێژ خوو بەم هزرەوە بگرم کە پاش هەژدە سەدە کە قانونو یاسای مەسیح هەزاران هەزار خەڵکی بەکاریان هێناوە، دوای هەژدە سەدە کە هەزاران هەزار خەڵکان تەمەنی خۆیان سەرفی موتاڵاو خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئەم یاسایە کردووە، سەیرم کرد کە من شتێکی تازەی تیا دەبینم".

کەسێك کە کتێبی (ئاینی من) بخوێنێتەوە دەگاتە ئەم ئەنجامگیرییەی کە پاش دۆستۆفسکی، ئامۆچیاریەکانی مەسیحی لەم پێنج خاڵەدا چڕ کردووەتەوە: "رکونی مەبن، زینا مەکەن، سوێند مەخۆن، بەزبریوتوندوتیژی بەرگری لە خۆ مەکەن، شەڕ مەکەن". ناچار بەهۆی ئەم ئاموچیاریانەوە دام و دەزگاو رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی زەمانی خۆی بە دیاردەو رواڵەتە جیاوازەکانی ئەو دامو دەزگایانەوە، وەکو دادگا، وهێزی سوپاییو باجو...هتد یەکسەرو راستەوخۆ وەلاناوەو نەی هێشتوون. پێدەچێت کە رۆمانی (ژیانەوە)شی بۆ ئەم مەرامو مەبەستە نووسی بێ.

نێوەڕۆکی ئەم رۆمانە ئەمەیە کە پیاوێك وەکو ئەندامی دەستەی گەواهی بۆ دادگا بانگ دەکەنو دەبێ رای خۆی دەربارەی ژنێك بدات کە ماشوقەی ئەو بووەو ئەو وازی لێ هێناوەو ژنەی تووشی بێ ناموسی کردووە. ئەنجامو گوتاری ئەم رۆمانە ئەمەیە کە دەبێ ئە نجوومەنانی مونیسیفەو هەر جۆرە دادگایەکی دیکە لابرێ. لەم رۆمانەدا پیاوێکی دیکەیان کە گسکێکی دزیوە کێشاوەتە دادگا. خاوەنی گسکەکە بۆ گەواهی هاتووە دەڵێت هاتوچۆی بۆ دادگا تا ئێستا دوو هێندەی نرخی ئەو شتەی کە لێیان دزیوە خەرجی تێ چووە: ئەنجام ئەمەیە کە دەبێ واز لە دزان بهێنرێ لە کاری خۆدا ئازادبن. ئەمە ئەوەیە کە لە رواڵەتی ئەم قسانەوە دەخوێنرێتەوەو لەوەشە هەندێ لە خوێنەرانی رۆمانەکە ئەنجامێکی دیکەشی لێوە هەڵێنجن.

کاتیوشا، ژنێکە کە لەم رۆمانەدا باسی کراوە، هەرچەندە چاوی کەمێك تیلە، بەڵام یەکجار دڵڕفێنە. وادیارە خۆشی ئاگاداری ئەو گومانە بووە کە هەندێ لە خوێنەران لە بەرهەمەکانی ئەویان دەکرد، بۆ نموونە لە یەکێك لە دوا کتێبەکانیا کە بەناونیشانی (ئاینو ئاکار) کە لە ساڵی ١٨٩٣دا بڵاوی کردووەتەوە پاش ئەوەی دوو پەیوەندی ئەسڵی لە نێوان ئینسانو جیهاندا شرۆڤە کردووە، لە میانی باسێن دیدا پەیوەندییەکی سێیەمیشی نیشانداوە کە زادەی پەیوەندی یەکەمە.

ئەو ئەنجامە گوماناوییەی کە لەم بانگەشانەوە هەڵدەهێنجرێ وا دەنوێنێ زادەی جیاوازیو ناکۆکی بیروباوەڕی ئەو گروپە جیاوازانە بوو بێ کە لەو رۆژگارەدا لە ئیمپراتۆریەتی پانو بەرینی روسیادا زۆر باوبووەو هەروەها هەستی بێ موبالاتی کە لەو رۆژگارەدا بوو بوو بە خوی میللی روسەکان لەم کارەدا بێ کاریگەریی نییە. حکومەتو دەوڵەتی ئەو زەمانە سوود لەم بانگەشانە وەردەگرێتو بە هۆیەوە رێگە لە بانگەشەی شۆڕشگێڕی کە یەجگار لەوە ترسناك تر بوو، دەگرێت. بێگومان بیروباوەڕێك کە بانگەشە بۆ تەسلیم بوونو سەردانەواندن لە هەنبەر خراپیاندا بکات، لە روانگەی هیچ دەوڵەتێکەوە ئاقیبەتی ئەوەندە ترسناکی نیە.

هونەرمەندیو دەستڕەنگینی ئەو لە نووسینی رۆمانانو ئەو کورتە چیرۆکانەی کە ناو بە ناو لە بەینی بەرهەمە فەلسەفیەکانی خۆیدا بڵاوی دەکردنەوە بە هەمان تینو تاوو گەشاوەیی رۆژی یەکەمی خۆیەوە مابووەوە، هەرچەندە لە هەندێکیاندا هەمان وەعزو ئاموچیاری دووبارە کردووەتەوە. هەڵبەتە بە زۆری ئەو دەستوورەی کە گوتە بە هەموو هونەرمەندانی داوەو گوتوویەتی: "نیگارکێشی بکەن، قسە مەکەن" فەرامۆش کردووە، بەڵام دوو بەرهەمی دیکەی ئەو کە یادگاری هەمان قۆناغن، واتە (ئاوازێك بۆ کرویتسەر)و (مەرگی ئیڤان ئیلیچ) کە لە هەردووکیاندا باسی سەلبیاتو گەندەڵی زەوجینی کردووە، لە زۆر بەرهەمی پێشووتری ئەو باشترن.

هەندێ کەس، پازدنیشف، قارەمانی چیرۆکی (ئاوازێك بۆ کرویتسەر)یان بە وێنەیەکی نووسەرو بە جاڕچیو پەیڤداری ئەو زانیوەو هەندێکی دی ئەم بۆچوونەیان رەت کردووەتەوە. لە راستیدا هەڵبژاردنی ئەم بابەتە سەیر دێتە بەرچاو، بەڵام لە وتارێکدا بەناونیشانی (ژیان) کە لە هەمان ساڵدا ١٨٨٩ نووسیویەتیو لە پاشکۆیەکدا کە بۆ (ئاوازێك بۆ کرویتسەر) لە ساڵی دواتردا نووسیویەتی هەمان بابەتی هێناوەتەوە ناو ناوانو پێدەچێت کە ئەم چیرۆکە ژیاننامەی خودی نووسەر بێ. ئەو شتەی کە پێچەوانەی ئەخلاقەو لە پەناوپاسارەکانی ویژدانی ئێمەدایەو ئەو فاکتەرە مەتریالیانەی کە جگە لە مەرگ چ شتێکیتر بە ئێمە ناڵێت، رووبەڕووی یەکتر کردووەتەوەو بەمجۆرە ئەو جیاوازیو ناکۆکییە ئاشکرایانەی کە لە ژیاندا هەیە نیشانداوە. جا بۆ دەرباز بوونو رزگاریی لەم ناکۆکیانە چ چارەیەك نیە ئەوە نەبێ کە تا دەتوانین لە جیهانی مادی بچینە دەرێو ئەم جیهانە مادیە فاکتەری کاتی گوێزانەوەی ویژدانی ئێمەیەو دەبێتە هۆیەك بۆ هەرەسهێنانی. ئەگەر بمانەوێ دەربارەی رەگەزو توخمی هیولایی بوونی خۆمان چاوپۆشی بکەین لە بەرانبەر ئازارو ترس لە مردن دەمرینو مەرگ هەر مەرگی هیولایی دەبێ. کەواتە ناچار ژیانی حەیوانیو بە پلەی یەکەم پەیوەندی سێکسی کە بناغەی ئەو ژیانەیە نابوت دەبێت،.(مەسیح)ش ئەم حەقیقەتەی لەوەپێش خستووەتە روو، بەڵام چ کەسێك گوێی نەداوەتێ. وەکو چۆن پەرستنکاری لە ئاینی مەسیحیاندا نیە، زەوجینش لە ئاینی مەسیحیاندا نابێ، هەروەها لەشکری مەسیحیانو دادگای مەسیحیانو دەوڵەتو حکومەتی مەسیحیانیش نابێ هەبێ. مەسیحی راستەقینە دەبێ پەیوەندی ژنو مێردایەتی بە گوناه بزانێ، نابێ هاوسەرگیری بکات. ئەگەر لەوە پێش ژنی هێناوە دەبێ هاوسەرەکەی رابگرێ بەڵام وەکو خوشك رەفتاری

لەگەڵ بکات. هەرچەندە ئەم ئاموچیارانە لە چاوی هەندێ مێردان‌دا دڵگیرو پەسەند بێ، بەڵام گومانی تیا نیە کە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك مەترسی تێدایە، لەگەڵ ئەمەشدا تۆلستۆی دڵبەندیەتی. زنجیرەیەك لەم هزرە سەیرانە، کە لە رۆمانەکانی جۆرج ساندیش دا هەیە، دەخاتە روو وقسەی خۆی دەبڕێت و لە زمانی (بازدنیشف)ەوە دەڵێت: "هەموو ئەمانە تازە بوون‌و زۆری سەرسام دەکردم.." بەڵام تا چ ئەندازەیەك ئیلهاماتی روحی‌و دەروونی لەهەنبەر ئەم سادە دڵیانە هەیەو دەڵێت: "لە ژنێکی بە نازو عیشوەی کارامەی ئەزموون‌دار کە لێبڕاوە پیاوێك گومڕا بکات بپرسن کە کامیان پەسند دەکات: لە بەرانبەردا لە درۆو خیانەت‌و بێ میهری خۆی دڵنیا بێ یان بە جلێکی نا قۆڵاوە لە بەرانبەریا دەربکەوێ؟ هەڵبەتە ئەوەی یەکەم هەڵدەبژێرێ".

لێرەدا حەقیقەت دۆزییەکی جوان دێتە ئاراوە. بازدنیشف کە ژنەکەی کوشتووە، کاتێ کە دەڕوات بکەوێتە گیان دۆستی ژنەکەی کە رایکردووەتە ژوورەکەی تەنیشتەوە، سەیر دەکات کە پێڵاوی لەپێ نیە. پێڵاوەکانی داکەندووە بەو مەبەستەی کە (بەدکارەکان) باشتر غافڵگیر بکات،و هەستێکی شەرمەزاری دەیگرێت‌و ئەمە خۆبە خۆ نایەڵێ بچێت. دەشێت ئەمە لە جێی یەك کتێبی فەلسەفە دابنرێ.

لە روسیادا رەخنەگران تا رادەیەك بە توندی داوەریان دەربارەی ئەو چیرۆکە میللیانە کردووە کە تۆلستۆی زۆربەی وەختی خۆی بۆ تەرخان کردوون، گوتوویانە کە تۆلستۆی ویستوویەتی شتی سادە بنووسێت بەڵام دەرەقەت نەهاتووە، دەشێت بگوترێ کە سادەییەکەی تا رادەیەك دەستکردە.

یەکێك لە دوا چیرۆکەکانیان، کە بەر لە رۆمانی (ژیانەوە) نووسیویەتی‌و بەناونیشانی (خاوەنکارو کرێکار)ە، بە باشتر زانیوەو بریتییە لە شەرحی بابەتە هەرە باوەکەی بێ کەڵکی‌و بێهودەیی سەروەت. پیاوێکی دارفرۆش کە پیاگێکی زبروقسە رەق‌و نا ئینسانە دەگەڵ کرێکارێکی خۆیدا بۆ بێشە دەڕوات، رێگە ون دەکەن‌و بەفرێکی زۆر غافڵگیری دەکات. ئەسپی عەرەبانەکە دەکاتەوە، سواری دەبێ‌و هەڵدێت‌و هاوسەفەرەکەی خۆی بە جێدێڵێ. ئەسپەکە کە لە نێوان تۆف‌و بۆرانەکەدا رێ دەرناکات، دەیگەڕێنێتەوە بۆ لای سورتمەکە(خزاك) – عەرەبانەیەکی تایبەتیە، کە کابرای کرێکار لە سەرما پەنای بۆ بردووە– بەفر تەقریبەن دای پۆشیوەو لە سەرما کەسیرە بووە. لە پڕ بێهودەیی ئەو هەوڵە سەخت‌و دژوارەی کە بۆ رزگارکردنی خۆی داویەتی‌و بێ سوودی ئەو هەوڵانەی پێشتر لە پێناوی سامان پێکەوەنان داویەتی‌و لەم دەمەدا هیچ سوودێك بەو ناگەیەنێ، لە ویژدانی ئەم خاوەنکارە تەمەعکارەدا بێدار دەبێتەوەو پەردەی دەستکردی هەستێن خۆپەسندی ئەو دەدڕێت‌و هەستی سەرەتایی‌و خۆڕسکی مەردمدۆستی‌و ژێردەست پەروەری بە سەریا زاڵ دەکات، بیری بە هیچ کۆییەك ناگات ئەمە نەبێ کە بە پاڵتۆکەی خۆی‌و بە بەدەنی خۆی ئەو بەدبەختەی کە تا ئەو کاتە بەو رادەیە فەرامۆشی کردبوو، گەرم بکاتەوە. خۆی بە سەریا دەدات‌و دوای چەند سەعاتێك ئەو بەو حاڵەوە دەبینن کە دوا کاری خۆی ئەنجام داوەو لەسەرمانا مردووە، بەڵام کرێکارەکەی لە مردن رزگار کردووە.

ئـەم چـیرۆکە کـە لـەباری هونـەریی و شـەرح و شـرۆڤەوە لەوپـەڕی سـفتی و فەسـاحەت و بەلاغەتدایـە، شـاکارێکی بـێ چـەندو چوونە. بـەڵام دەبـێ ئـەوە سـاغ بکرێتـەوە کـە ئایـا لـە رووی سایکۆلۆژییەوە ئەم بێدارییە کوت و پڕو گۆڕانەی کە لە هزری ئەم پیاوەدا روویداوە سروشتی و ئاساییە؟!.

وێنەی هەمان گۆڕانی کوت و پڕ لە نـەخلیودوف، قارەمـانی رۆمـانی (ژیانـەوە)شدا دەبینـرێ. نەخلیودوف، لـەوەپێش ئەفسـەری گـاردبووە، پیـاوێکی ئەهلی رابواردن، خۆشگوزەران و سـەراپا غـەرق لـە فسـق و فجـورو داوێـن پیسـی و شـەهوەتڕانی، ئاشـقی خـۆ ئـارایی و رواڵـەتبازی و بادەنۆشی، بەم حاڵەوە، کیژێکی بە نێوی کاتیوشا کە لە ماڵە خزمەکانی ویدا کارەکەری کـردووە لە رێ دەرکردووە. بەڵام لە پڕ دەکەوێتە هەوڵی ئەوەی کە لە قەحپەخانەو پاشان لـە کـاری قـورس و تاراوگەی رزگار بکات. ئەو هـزروبیرو هۆکارانـەی کـە تۆلسـتۆی هـەوەڵجار لـە چیرۆکی (خـاوەن کـارو کرێکـار)داو پاشـان لـە رۆمـانی (ژیانـەوە)دا بـۆ نیشـاندانی ئـەم گۆڕانـە کـوت و پـڕو بـێ پێشەکیەی بەکار بردوون جیاوازی ئاشکرایان لێکدی هەیـە. هـەمان جیـاوازی لـە نێـوان (ئاوازێك بۆ کرویتسەر) و (مەرگی ئیڤان ئیلیچ)ش هەیە.

وێڕای هەموو ئەمەش ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کـە (هێـزی تـاریکی) شـاکارێکی بـێ چـەندو چوونەو لە ئەدەبیاتی جیهانـدا لـە لوتکـەی جوانیدایـە. تۆلسـتۆی لـەم شـانۆنامەیەدا دەسـتورێکی تازەی بە جیهانیـان داوە بـۆ شـانۆی عەوامپەسـند. هەڵبەتـە یـەکێك لـە بابـەت و نێوەرۆکـەکانی کـە بریتییـە لـە داننـان بـە هەڵـەو خـەتاو ملدان بـۆ سـزا، تـازەیی تیـا نیـەو نووسـەرانی تـریش خۆیـان لێداوەو پـەروەردەیان کـردووە. بـەڵام هیچکەسـێك بـەر لـە تۆلسـتۆی نـەیتوانیوە ئـەم خـاڵ و بابەتـە گرینگە بە شێوازو گوزارشتکارییەکی ئەمەنـدە پـڕ فەسـاحەت و سـفت وچـڕو بـە تـۆنێکی ئەمەنـدە راشکاوانەو زندوو پڕماناو بە کاکڵ ئەنجام بدات و بخاتە روو. لەم شانۆنامەیدا سروشت و خووی مرۆڤـانی لـە ژیـانی گوندیاتیـدا بـێ هـیچ پێشـەکیەك و بـێ هـیچ رتـوش ودەسـکارییەك وەکـو چـۆن هەیـە دەبینـرێ، دیمـەن و دیمەنسـازی، ئـەو قسـەو هەسـتانەی کـە تیایـدا بـەکار هـاتووە، ئـەو وردەکاریانەی لە بواری دەروونپشکنیدا هاتوونەتە ئارا تەنانەت کەمترین جوزییاتی قسەو رەفتـار بەوپـەڕی هونـەرکاری و وەسـتایی تیایـدا گـونجێنراوەو بـەکار هـاتووە. نیکیتـا کـە جووتیـارێکی خەتاکارە بە زمانی ئاسایی میللی قسان دەکات، بەڵام هەندێ زاراوەو ئیدیۆمانی لەسـەر زارە کـە ئەوە دەگەیەنێ دەگەڵ خەڵکانێکی دیکە کە گوندنشین نەبوونە هاتوچۆی هـەبووە. دەشـێت پـەی بـەوە بـبرێ کـە هێڵـی ئاسـن و سـکەی قیتـار گەییوەتـە ئـەم گونـدەو لـە نێـو کـوخی دێهاتیـەکان و مەیخانەی گوندەکەدا تۆوی گەندی هزروبیرێن خەڵکی شاری داچاندووە.

هەندێ لە رەخنەگران، رەخنەی زۆر توندیان لە هەندێ لەو بیروباوەڕانەی تۆلستۆی کە دەگـەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیداو بە تایبەتی ژیـانی مودێرنی جیهـانی ئـەمڕۆدا بـە ئاشـکرا نـاکۆکن، گرتـووە. بیروباوەڕی ئەوەیان سەبارەت بە دژایەتی زەوجین وهەندێ لەزەتپەروەری تـری دنیـایی کـە لەوەیـە زیـاد لـە هـەر شـتێ ئـادەمیزاد بـۆ کاروکۆشـش و ئـاوەدانی و سـوود گەیانـدن هـان بـدات، پەسـند نـەکردووە. کـاری هزریـان، کـە ئـەو (تۆلسـتۆی) لـە کـارێن بـەدەنی بـەنزمتری دەزانـێ، بـۆ ژیـان و

شارستانیەت بە پێویستو حەتمی زانیوە. گوتوویانە کە ئەگەر بە گوێرەی ئاموچیاریەکانی ئەو کاری بەدەنی تاقە تەوەرەی ژیان بێ، ژیان بێ تامو بێ ئەنجام دەبێت. ژیانی دەروێشانەی وشك کە لایەنی عیبادەتکاریو ریازەتی فیکری بەسەرا زاڵە، بە زیانی ئادەمیزادان دەشکێتەوەو کێشەو دەردە کۆمەڵایەتیەکان دەرمان ناکات. خاڵێکی دیکە کە رەخنەیان لێگرتووە ئەمەیە کە ئەو (تۆلستۆی) کارو کۆشش، زانستو جیهانبینی ئادەمیزادی لە رووداوەکانی جیهانو پێشهاتە چاكو خەراپەکاندا بەکاریگەر نەزانیوەو هەوڵیداوە جەبریەت بەسەر ئختیاردا پەسند بداتو خەڵکی قەدەریانە گۆش بکاتو بۆ مل دان بە هەر رووداوێکیان ئامادە بکات. ئەو گیانی (بەرگری نێگەتیف)و مقاوەمەت نەکردن لە هەنبەر خراپیەکاندا، ئەوەی کەپاشان گاندی پێشەوای مەزنی هند ناوی نا (لاعونف) کە لە زۆر بەرهەمی ویدا رەنگی داوەتەوەو هەیە، یادگاری قۆناغی بێ دەسەلاتیە لە هەنبەر حکومەتە ستەمکاریو زۆردارەکاندا، لەگەڵ گەلێك لە پرەنسیپە بەشەریەکانی ئەمرۆدا تێك ناکاتەوەو تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی گوتوویەتی کە هەمیشە سەرکەوتن بۆ جەماوەری خەڵکە، تێك ناکاتەوەو ناسازێت.

تەنانەت گوتوویانە تۆلستۆی کە خۆی بەم رێگا خزو پرپێچ و دەورانەدا کردووە، بە خۆیشی خزیوەو بە ئاموچیاریێن زۆر کۆنی سەلبی رێگەی لە پێشڤەچوونی ئادەمیزادان بەرەو جیهانێکی باشتر گرتووەو تەنانەت لە ئاموچیاریەکانی بودا نزیك بووەتەوە.

ژمارەیەکی دیکە لەرەخنەگران رەشبینی ئەویان کە لە لایەکەوە لە شوبنهاوەرو لەلایەکی ترەوە لە بایرون نزیك دەبێتەوە، بە ناسازگار نەزانیوە. لە کۆتایی ژیانیدا کە خەڵکی هانداوە هەرچیەکیان گەرەکە لە نێو جەماوەری خەڵکیدا منەی بکەن هەمدیس زێدەرۆیی کردووەو دەسەلاتی پەیڤ وکاریگەریی بلیمەتی زانایانو پێشەنگانی زانست و هونەری پشت گوێ خستووە. ئەگەر لە زەمانی ئەودا حکومەتو دەولەتانی ستەمکارو دادگایانی زاڵم کە بە قازانجی بەرژەوەندییە نزمەکانی چینی دەسەلاتدارو ئەرستوکرات کاردەکەنو خەڵکانێکی زۆر بەدبەختو رۆژە رەش دەکەن، ئەمە مانای وا نیە کە حکومەتانو دامو دەزگای بە سوودو مەردومدۆستو خزمەتگوزار پەیدا نەبنو ئەم نەگبەتیو ستەمکاریانە لا نەبەن. ئەگەر دادگاو دادسێنو سوپاییو کاربەدەستانی ئەمنو ئاسایش زۆردارو زاڵم نەبن هەڵبەتە ژیانی خەڵکی باشتر دەبێ، بەلام ئەگەر هەر لە بنی نەبێت خویا نیە کە ئەم خەڵکەی کە ئەو بەو جۆرە پەی بە رۆژ رەشی و داماویان بردبوو لەمە بەختەوەرتر بن. بە ماوەیەکی زۆر بەر لە تۆلستۆی، جان جاك رۆسۆش، بیروباوەڕو هزرێکی نزیك لەوەی تۆلستۆی هەبوو کە تەنانەت لە شۆڕشەکانیش دا دەورو کاریگەریی خۆی هەبوو، بەلام ئەو شۆڕشانە نەشیان بناغەی ئەم ژیانە کۆمەلایەتیە هەڵتەکێنن، و تاقە رێگەی جوتیارو خۆشگوزەرانی ئادەمیزاد بوو بەمەی کە ئەم دامو دەزگایانە هەبن، بەلام بە زیانی خەڵکی نەبن.

هەڵبەتە گومانی تیا نیە کە ئەو پیاوە تەماعکارە چاوچنۆکە زاڵمەی کە ماڵو سەروەتو سامانی ئێمەی بە کوشتارو تالان زەوت کردووە بوونەوەرێکی بێزەوەری ناشیرینی بەدعەمەلی ناپەسندە. بەلام ناتوانرێ نکۆڵی لەوەش بکرێ کە ئەو پیاوە چلەکێشو ریازەتکێشەی کە

گۆشەی بێکاری گرتووە بە هەمان ئەندازەی ئەو ناپەسند نەبێت. هەڵبەتە زندوو دەبێ بمێنێ‌و دەبێ بژی‌و ژیان کاری دەوێ‌و کار زندوو دەهێڵێتەوە. ئەگەر خەڵکانی دی کاری ناشیرین‌و دزێو بکەن ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە هیچ کەسێك کار نەکات، پێویستە کاری خراپ لە جیهاندا نەهێڵرێ‌و بناغەو پایەی ژیان لەسەر کاری باش دابنرێ. هەق بەو زانایانەیە کە تەنیا کاری باشیان بە مەرجی ژیان داناوە، نەك لەبەر ئەگەری دەردو رەنج خەڵكێك مل بۆ خۆكوژی بدات.

ئەو كەسانەی كە ئەم رەخنانەیان لە هەندێ لە بەرهەمەكانی تۆلستۆی گرتووە گوتوویانە كە هەموو جیلوەو دڵگیرییەكی ژیان لە پێشڤەچوون‌و تەرەقی دایە. دامو دەزگایەك باش و جوانە كە تەرەقی‌و پێشكەوتن ئاسان‌و ئامادە بكات. ئەگەر كەسێك بخوازێ هەموو ئاموچیاریەكانی ئەو بەكار بێنێ، ئەو ئازادیەی نابێ كە پێویستە لەواری پێشكەوتن هەی بێ، وەكو چۆن ژیانی هونەریی خودی تۆلستۆی–ش سەرمەشق‌و نموونەیەكی ئەم ئازادیە بووە لە هەنبەر پێشكەوتن‌و تەرەقی‌و بەرزین جیهان لە هەموو شتێك پتر پێویستی بە زانستەو نكۆڵی كردن لە زانست‌و فەرامۆش كردنی بێگومان بەزیانی ئادەمیزادان دەشكێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی تۆلستۆی بە خۆی كاتێ نامەیەكی بۆ یەكێك لە دۆستانی خۆی نووسیوە بە ئاشكرا دژی ئەو كۆمەڵەیە بووە كە لەو رۆژگارەدا لە روسیا هەبووەو (بویە لیودی)یان پێ دەگوتن‌و ژمارەیان یەكجار زۆر بووەو پشتیان كردووەتە ژیان‌و كاروكۆشش، و بە ئاشكرا گوتوویەتی كە ئاموچیاریەكانی ئەوان بە زیان بەخش دەزانێ. لە نێو ئەو گروپ و كۆمەڵانەدا كە لە روسیادا هەبوونەو لە بیروبۆچوونی كۆمەڵایەتیدا زێدەرۆییان كردووە، تۆلستۆی زیاتر بەلای كۆمەڵەی (دوخوبورتسی) واتە (تاقیكارانی هزر) و كۆمەڵەیەكی دی دا بەناوی (مولوكان) مایل بووەو، ئەم كۆمەڵەیەش (مولوكان) وەكو تۆلستۆی پێی وابووە كە حەقیقەتی ئاینی مەسیحی كەشف كردوەو ئەوانی تر هەموو هەڵەن. بۆیە نەدەچوونە ژێرباری خزمەتی سوپایی‌و دانی باج و پەیرەوی كردنی هەندێ یاساو دەستوران تەنانەت وا باوە كە بە یەكێك لە شوێنكەوتووانی ئەم رێبازەیان گوتووە: "هەواڵەی سیبریاتان دەكەن، شوێنێكی یەجگار خراپە، سەگیش ناتوانێ لەوێ هەڵ بكات". پەرسڤی داوەتەوە: "خۆ خوا لەوێ هەیە!".

وێڕای هەموو ئەمەش ناتوانرێ نكۆڵی لەوە بكرێت كە لەو رۆژگارە رەشەی بێدادی حوكمڕانی دكتاتۆریانەی تزاران دا، دەسەڵات و كاریگەریێ تۆلستۆی لە بێداركردنەوەی خەڵكیدا زۆر بووە.

هەوڵی بەردەوامی ئەو لە دژایەتی كردنی ئەو دەزگا سەركوتكارەدا، بێگومان یەكێك بووە لە فاكتەرە هەرە گرینگەكانی راپەڕینی جەماوەری خەڵك.تۆلستۆی نزیكەی چل ساڵ لەم پێناوەدا ئەوپەڕی خەباتی كردووەو بەرهەمە نەمرەكانی بوون بە یەكێك لە كاریگەرترین فاكتەرەكانی بێداری‌و هوشیاربوونەوەی خەڵكی ئەو رۆژگارە.

یەكێك لە تابلۆ بەنێوبانگەكانی (رپین)ی شێوەكاری ناوداری روسی وێنەیەكی تۆلستۆی یە كە لە یاسنایا پالیانادا، لە كێڵگەیەكدا ئەسپێكی سپی كە هەوەجارێكیان لێ بەستووە، داژوێ‌و لە دواوە ئەسپێكی دیكە كە چانێكیان لێ بەستووە، بە دوی خۆیدا رادەكێشێت. نیوكۆتێكی كەوەیی یەخەوازی لەبەر كردووەو كاسكێتێكی سپی لەسەر ناوەو پوتێكی درێژی لە پێدایە،

هەڵبەتــە ئــەم تابلۆیــە باشــترین ناســنامەی کــاری ئــەوە کــە زەوی وڵاتــی خــۆی دەکێڵــێ‌و ناهەمواریـیـەکان تـەخت‌و هـەموار دەکـات. هەڵبەتـە مەبەسـتی ڕیـین ئەمـە بـووە کـە ئەگـەر زەوی کێڵدراو ناهەمواریـەکان تـەخت کـرا، تـۆو دەدرێ‌و ئـاو دەدرێ‌و چـەکەرە دەکـات‌و دەڕوێـت‌و گوڵ دەکات‌و بەر دەدات، وەکو ئەمە روویداو بوو.

## ٣-ئەنتون چیخۆف :

ئــەنتون پـاڤلوڤیچ چـیخۆف لــە ١٨٦٠/١/١٧دا لــە شــاری تاگــانروگ، لــە باشــووری روسـیا هاتووەتـە دنیـا، بـابی لـە نووسـینگەیەکی بازرگـانی دا کارمەنـد بـوو، دوای ماوەیـەك دوکـانێکی ئازوقەفرۆشــی کــردەوەو لــە سەرانســەری ژیانیــدا دەوڵەمەنــد نــەبووەو هەمیشــە ژیــانێکی مامناوەندی هەبووە. بەڵام پیاوێکی بەهرەمەند بووە، خۆی فێری کەمانچەژەنی کردبوو، زەوق و سـەلیقەی نیگارکێشـی هـەبووەو بەخۆیشـی نیگارکێشـی دەکـرد، چـیخۆف دەربـارەی خـۆی‌و براکانی‌و خوشکەکەی دەیگوت: "ئێمە بەهرەو تواناکانمان لە باب‌و میهرو سۆزمان لە دایکەوە بۆ ماوەتەوە".

چیخۆف شـازدە سـاڵان بـوو کـە بـاب‌وداك‌و براکـانی‌و خوشـکەکەی باریـان کـرد بـۆ مۆسـکۆو ئەویش پاش ئەوەی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە تاگانروك تەواو کرد چوو بۆ مۆسـکۆو چووە کۆلیـژی پزیشـکیی زانسـتگەی مۆسـکۆ. هـەر لـەم سـەروبەندەدا کەوتـە هاوکـاری دەگـەڵ گۆڤـارە کۆمێك‌وفوکاهیـەکانی مۆسـکۆدا. ئیـدی بـەمجۆرە بـەهرەی نڤیسـاری ئـەو لـە سـەرەتای لاوییـەوە ئاشکرا بوو. ئەو هەق‌و پاداشتەی لە بری وتارە ئەدەبیەکانی وەری دەگرت ژیـانی خـۆی‌و هـەموو ماڵباتەکەی دابینـدەکرد. دیـارە نـابێ ئـەوە لـە یـاد بکـرێ کـە لـە قۆنـاغێکی دژوارو پەشێودا هاتـە دنیای نووسینەوە، ئەم قۆناغە کە لە ساڵی ١٨٨٠ بەدواوە درێژەی کێشاوە، لە مێژوودا بـە نـاوی قۆنـاغی زاڵبـوونی زەبـرو زەنـگ‌و بـێ شـەرمیی حـوکمڕانی کۆنەپەرسـتیەت تۆمـار کـراوە. بـەڵام لەلایــەکی تــرەوە لــە هەنبــەر ئــەم ســتەمکاری‌و ســەرکوتکارییە بــێ وێنانــەی حکومــەتی کۆنەپەرسـتیەتدا، هـزرێن پێشـکەوتووخوازانەو پێشـڕەوی میللـەتی روسـیاو زانسـتێن روسـی‌و هونەری روسی پەیتا پەیتا نەشونمای دەکردو پەرەی دەسـەندو سـەرکەوتنی گرینگـی بـە دەسـت دێنا.

هەر لەم قۆناغەدا بوو کە گەورەترین زانایانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمی روسی، مەنـدەلیف‌و تیمیریازف، بە کەشف‌و دۆزینـەوە گرینگـەکانی خۆیـان رەونـەقیان بـە گەنجینـەی زانسـتی جیهـان دەدا. لـە هـەمان قۆنـاغ‌و سـەردەمدا سـوریکۆف و ڕیـین، گـەورە نیگارکێشـانی روسـی تـابلۆ بـە نێوبانگـەکانی خۆیـان بەرهـەم دێنـا، چایکۆفسـکی‌و ریمسـکی کورسـاکۆف لـەواری مۆسـیقادا بەرهەمـە نـەمرەکانی خۆیـان بـە مۆسـیقای جیهـانی دەبەخشـی. لـە ئەدەبیاتیشـدا بـەهرەو توانـای لیڤ تۆلستۆی لە لوتکەی شکۆفانەوەی خۆیدا بوو. چیخۆف لەم قۆناغەدا دەستی بەکارکرد.

لـه سـەرەتادا، حیکایـەتێن کـورتی کۆمیـدی دەنووسـی، گـەلێك لـە خوێنـەران و رەخنـەگران لـە سەرەتاکانەوە بە نووسەرێکی ئاسایی سەر بە رێبازی حەنەکچیاتی و شۆخیبازیان دەزانـی. بـەڵام خوێنـەرانی وردتـرو جـدی تـر بۆچـوونێکی تریـان دەربـارەی هـەبوو وپـەیان بـەوە بردبـوو کـە شتێکیان لە بەردەمدایە تـەنیا لـە رووی رواڵـەتەوە لـە بابـە تێن ئاسایی دەچێت. ئـەوەی بـەوردی هەوەڵێن بەرهەمەکانی ئەوی دەخوێندەوە سـەری لـەو بـەهرەو توانایـە سوڕدەما کـە بـەو گـەنجییە لەوەدا هەبوو.

سیٚ چوار ساڵێك زیاتری نەبرد کە بەهرەو قەریحەی ئەم نووسـەرە لاوە بـە تـەواوەتی خـەملّی و لـەو رۆژەوە ئیـدی بـە مامۆسـتای بیٚ هـەڤڕکی هونـەری خـۆی هاتـە ژماردن. تـوانی لـە ئـەدەبیاتی جیهانیدا قاڵبی گونجاوو نێوەڕۆکی دەوڵەمەنـدو نـەخت و پوخـت رەنـگ رێـژی بکـات و دابڕێـژێت، کورتـە چیرۆکەکانی بەدیمـەنی سـنووردارو گفتوگۆیـانی کـورت و قسـەی سـادەو کـەم بایەخـەوە بەرەبەرە گەیینە ئاستێك کە پایەیەکی داستانییان پەیدا کرد.

دەشـێت سـەرهەڵدانی زوو بـەزووی بلیمـەتی چـیخۆف، لـە ئـەدەبیاتی روسـیدا بـە بلیمـەتی پوشـکین و لیرمـانتۆف، و لـە ئـەدەبیاتی ئینگلیزیـدا بـە بلیمـەتی بـایرون بـەراورد بکـریٚ. ئـەم پەرەسەندن و شکۆفیانە لەزە، ئەنجام و زادەی کاروخوێندنەوەی بەردەوام و جددی خۆی بوو.

لە چیرۆکە کۆمیدی و شانۆنامەکانیدا گەلێك بابـەتی پێکـەنینۆك و پڕلوتـف و میهرەبـانی هەیـەو لایەنی هیجایی و تەوسیان پێوە دیارە. لە هەموو چیرۆکەکانیا زیاتر خەڵکی رەش و رووت و وەك دەڵێن چینی دووەم نیشاندەدات و دڵسۆزی و دۆستایەتی و خەمخۆری خۆی لەمەڕ وان دەنوێنیٚ و ئـەم دڵسـۆزیانەی لـە هـەموو شـوێنێکدا خویایـە. گـۆرکی دەڵێـت: "لـە هـەر چیرۆکێکی کومیـدی ئەنتون چیخۆفەوە ئاهێکی ئەسپایی ئەمما بۆکوڕوزاوی دڵـی پـاکی پیـاوێکی بەشەردۆستم دێتـە گویٚ[٧]".

چیخۆف لـە سـاڵی ١٨٨٤دا کۆلێـژی پزیشـکی تـەواوکردو لـە شارۆچـکەی زڤنیگـۆرۆد، نزیکـی مۆسـکۆ لـە کـاری پزیشـکیدا دامـەزرا. ئـەو دڵبەندییـە نـا ئاسـاییەی دەربـارەی دیمەنـە سروشـتییەکانی ناوەنـدی مۆسـکۆی هـەبوو، لەوێـدا نەشـونمای کـردو هـەر ئـەم دڵبەندییـە کردیـە کارێك کـە پاشـان لـە وێنـەگرتن و بەرجەسـتەکردنی دیمەنـەکانی روسـیادا ببیٚ بـە مامۆسـتای بیٚ هـەڤڕك. لـەم شارۆچـکەیەدا ئاشـنایەتی دەگـەڵ خـەڵکانێکی زۆری پیشـە جیـاوازدا پەیـدا کـردو جیهـانێکی تـازەی دۆزییـەوە. لـە نزیکـەوە ژیـانی جووتیـاران، پزیشـکان، دێهاتیـان، ئاغـاو موڵکـداران، کارمەنـدانی دەوڵـەت، مامۆسـتایان و ئەفسـەرانی بـینی و پـەی بـە بـاری دەروونـی و سایکۆلۆژیان بردو بە هیچ جۆریٚ تەماشاڤانێکی بیٚ لایەن و بیٚ موبالات نەبوو.

لەو شارەدا ماوەیەك بەرپرسی دەرمانگە بوو و بە دەردی نەخۆشان ڕادەگەیی و ناچار وەکو پزیشـکی گونـدی دەبوایـە بـە تـەواوەتی تێکـەڵاوی ژیـانی جووتیـاران ببیٚ. ژیـانی مەینـەتباری و کارەساتاوی ئەو رۆژگارەی جووتیارانی روسیای لە یادو بیرەوەریدا چەسپی، دیارە ئەگەر ئەو هـەموو زانیـاری و شـارەزاییەی لـەو بارەیـەوە نەبووایـە نەیـدەتوانی چیرۆکانی مینـاکی: (خـەم،

جەڕاحی، فیراری، ڕێکەوتی ناپەسند)و گەلێك لە چیرۆکانی تری وەکو ئەوانە کە هەر هەمووی پەیوەندی بە ژیانی پزیشکی گوندەوە هەیە، بنووسێت.

لەم شارە بچووکەدا زیاتر دەچووە دادگاکانی شارو وەکو پسپۆڕیان پزیشکی یاسایی لە دادگاییدا ئامادە دەبوو یا توێکاری جەنازانی دەکرد. دۆستایەتی چیخۆف دەگەڵ لوتیان، نیگارکێشی بەنێوبانگدا، لەوێوە دەستی پێکرد، لوتیان ماڵی لەو نزیکانە بوو و میناکی چیخۆف ئاشق و شەیدای دیمەنەکانی دەوروبەری مۆسکۆ بوو.

لەم ساڵانەدا بۆی بە دیارکەوت پیشەی دڵخوازی ئەو دکتۆری نیە بەڵکو ئەدەبیاتە، بۆیە لەوە بە دواوە وەختی خۆی بۆ ئەدەبیات تەرخان کردو بوو بە نووسەری ڕۆشنبیرانی دیموکراتی چینی دووەمی ڕۆژگاری خۆی. لەم سەروبەندەدا چیرۆکی (هەرزە)ی بڵاوبووەوە. ئەم چیرۆکە باسی ژیانی دکتۆر دیمۆف ناوێکە کە هیچ شتێکی نیە مایەی سەرنج بێ. لە ناخدا بە هێزو دەوڵەمەندە، سوورە لەسەر گەییشتن بە ئاوات و ئامانجی خۆی و سەبارەت بە زانست و پیشەکەی خۆی وەفادارو فیداکارە، ژنەکەی، کە مێردەکەی لە ناخی دڵ و لە کانگای تەبعی پاك و گەورەیی خۆیەوە خۆشی گەرەکە، ژنێکی (هەرزە)یەو بە رواڵەت هونەر دۆستە. لە هەموو تەمەنیا بەوپەڕی تامەزرۆییەوە عەوداڵی (پیاوانی گەورە) بووە. لە نێو ئەو کەسایەتیە ناودارانەی کە سەروسەختیان دەگەڵ ئەم ژنە، ئولگا ئیڤانۆڤنادا هەبووە، مێردەکەی، دکتۆر دیموف، لە چاو ئەوەوە پیاوێکی یەجگار ئاسایی و سادەو بێ بایەخە. بەڵام کاتێ کە دکتۆر دیموف لە رای رزگارکردنی کوڕیژگەیەکدا کە دووچاری ملەخڕە (دیفتری) بووە، بە لولەیەك چڵکی گەروی ئەو هەڵدەمژێ و دەمرێت، یەکێك لە هاوکارەکانی، دکتۆر کاراستیلیوف بە ئولگا دەڵێت کە دکتۆر دیموف پیاوێکی گەورەو زانایەکی بێ نەزیر بوو. بەڵام ئەم ژنە تا ئەو رۆژە نەیزانی بوو ئەو پیاوە مەزنەی کە ئەوەندە منەی دەکرد لەگەڵیا بووە. ئەو شتەی کە دەبوا بیدیتبا، نەی دیتبوو بە (هەرزەیی) باشترین شتی لە دەستی خۆی دابوو، نە پەی بە جوانی دیموف بردبوو نە بە تواناو بەهرەی، بە کورتی نەی توانی بوو خەسڵەتێن بەرز لە کەسێکی ئاساییدا بدینێ و کەشف بکات.

یەکێك لە گرنگترین خەسڵەتە جوانیناسیەکانی چیخۆف توانای دەست نیشانکردن و دۆزینەوەی جوانیە ئاساییەکان، جوانییەکانی ژیانی رۆژانەیە، ئەو جوانیانەی بەئاسانی نابینرێن، ئەم ژنەش (هەرزە) لام سەرلایی بەسەریا تێ پەڕیوەو نەیدیتوە، ئەم پرەنسیپە ئەستاتیکییە، واتە پەنهان بوونی جوانی لە شتانی ئاساییدا کە نایەنە بەرچاو، هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا هەیە. بە بیروبۆچوونی چیخۆف ئەم پەیوەندییە بە بەهرەو تواناو قەریحەو هەمە جۆری تەواوی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئاسایی روسیاوە هەبوو. پەیڕەویی کردنی ئەم پرەنسیپە مەیل و ئارەزووی دیموکراسیانەی چیخۆفی دەگەیاند. هەموو بەرهەمەکانی چیخۆف بریتییە لە تاقیب و سۆراخی پەیتا پەیتاو هەمیشەیی لە پێناوی جیهانبینییەکی ئاشکراو تەواودا کە لەسەر بناغەی زانست و زانیاری وردو دروست دەربارەی واقیع رۆنرا بێ، و بتوانێ لە

چوارچێوەی بارودۆخو هەلومەرجی مێژوویی تازەدا وەڵامی ئەم پرسیارە چارەنووسسازە "دەبێ چ بکرێ" بداتەوە. بە دووی قارەمانانێکدا دەگەڕا کە بتوانن گوتار بگۆڕن بۆ کردار.

چیخۆف ساڵ بە ساڵ پتر هەوڵی دەدا بێتە ناو ژیانی جدیو چالاکی سیاسییەوە. بە تایبەتی ئەم ویست و بیرەی کە بۆ خاكو خەڵکی خۆی بە سوود بێ، ناچاری کرد کە لە ساڵی ١٨٩٠دا سەفەرێکی ساخالین بکات کە لەو رۆژگارەدا یەکێك بوو لە تاراوگەکانی حکومەتی تزاری. مەبەستی لەم سەفەرە پێش هەر شتێكو زیاد لە هەر شتێکی دی ئەوە بوو کە وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە (دەبێ چ بکرێ؟) بدۆزێتەوە. ئەویش منەی ئەو شتەی دەکرد کە هەموو نووسەرە دیموکراتەکانی لەو رۆژگارەداو لیڤ تۆلستۆی-یش منەیان دەکردو ئەمەش خۆی لە خۆیدا فیداکاریو خزمەت بوو بە کۆمەڵگە. خویایە ئەگەر کەسێك لەو رۆژگارەدا پێی گوتبا کە سەفەری ئەو بۆ ساخالین فیداکاریە، گاڵتەی بەو کەسە دەکرد، چونکە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا ئەو سەفەرە بەکارێکی (ئاسانو کەم) نیشان بدات. لەگەڵ ئەمەشدا ناشێت نکوڵی لەوە بکرێت کە فیداکاری بوو، چونکە نەك هەر ئەو نەخۆشییەی کە تووشی بوو بوو، ترسی هەبوو، بەڵکو رێگەش نەبوو، لەو رۆژگارەدا هێشتا سکەی قیتاریان رانەکێشا بوو. بەڵام نیازی چیخۆف ئەمە بوو کە رووبەڕووی ترسناکترین حەقیقەت ببێتەوەو باسو راڤەو شرۆڤەی بکات... یادگاری ئەم سەفەرە لە پێشا کتێبێك بوو دەربارەی ساخالین کە جەزرەبەیەکی توندی لە داموو دەزگای ستەمکاریو سەرکوتکاری تزاران داو پاشان چیرۆکێکی بەناوبانگ بوو بەناونیشانی (قاوشی ژمارە شەش) کە رەنگە ترسناکترین چیرۆکی ئەدەبیاتی روسی بێ. بابەتو نێوەڕۆکی ئەم چیرۆکە یەجگار سادەیە:

لە شارێکی دوورە دەستا، کە لە سکەی قیتاریشەوە دوورە، نە خۆشخانەیەك هەیە کە دکتۆر ئاندرێ یەفیمیچ راگین، بیست دانە ساڵە پزیشکی ئەوێندەرە. ئەم نەخۆشخانەیە وەزعو حاڵێکی فرە پەشێوی هەیە، پیسی، بێ موبالاتیو خەمساردیو دزی لەوێدا زاڵە، لە کۆنەوە، ماوەیەك لەوەبەر، دکتۆر راگین بە جدی لەوێدا کاری کردووە. هەوڵیداوە هەندێك چاکسازیو ریفۆرمان بکات. بەڵام لە ئەنجامدا گەییوەتە ئەو قەناعەتەی کە هەر جۆرە هەوڵو تەقەلایەك بۆ چاك کردنی وەزع و حاڵەکە بێهودەیەو ئێستا نا ئومێدو هیوابڕاو بووە، دکتۆر هەمیشە رووبەڕووی بێ موبالاتیو خەمساردی گشتی بووەتەوەو گەییوەتە قەناعەتێك کە بوونی ئەم جۆرە نەخۆشخانەیە بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەخلاقو ئینسانیەتە. بەڵام ناتوانرێ دیوار بەسەر بڕوخێنرێ، ئەو هیچ کەمتەرخەمیو خەتایەکی لەم خراپەکاریانەدا نیە، بۆیە هیچ چارێك نیە جگە لەوەی کە کارو ئەرکی خۆی ئەنجام بداتو کونجی ماڵەکەی خۆی گرتو کەوتە خوێندنەوەی کتێبێن فەلسەفەو مێژوو،و دوورکەوتنەوە لە تەنیاییو دڵتەنگی-ش ڤۆدگاو مەزەشی فەراهەم کرد. بەرە بەرە لەلای خۆیەوە فەلسەفەیەکی بۆ ئەم بێ کاریە داتاشیو گەییە ئەم قەناعەتەی کە:

"ئاسودەییو شادمانی بنیادەم لە دەرێی خۆیدا نیە، بەڵکو لە ناخو دەرونیدایە." کەواتە پێویست نیە هەوڵو تەقەللا بدات، خۆی ماندوو بکات، هەوڵ بدات ژیان رێك بخات. دکتۆر راگین

دەیگوت: "دەرد بریتییە لە رواڵەتی زندووی دەردەکە: هەوڵ بدە تا ئەو رواڵەت و وێنایە بگۆڕی، توڕی بدە، واز لە سکالاو گلەیی بێنە تا دەردەکە بڕوات و بڕەوێتەوە".

لەو سەرو بەندەدا کە دکتۆر راگین سەرقاڵی ئەم جۆرە بیرانە بوو و بەردەوامو لە جاران پتر لە ژیانی واقیعی و راستەقینە دووره دەکەوتەوە. لە خەستەخانەکەدا ژمارەیەك تالانچی بەوپەڕی بێ شەرمی حوکمیان دەکرد. کۆنترۆڵی نەخۆشخانەکە دەستۆی نیکیتا، فەڕاشی خەستەخانەکەدا بوو. کار بە دەستێکی زبروکەوەدەن و زەین کوێر بوو، خراپ لە نەخۆشەکانی دەداو لە قاوشی ژمارە شەشدا کە تایبەت بوو بە نەخۆشانی ئەعساب هیچ کەسێك هەڵی نەدەکرد. رۆژێك دکتۆر راگین بە رێکەوت چووه قاوشی ژمارە شەش، نەخۆشێکی بینی کە بە رواڵەتا لە رۆشنبیران و نەجیمزادان بوو. سەری قسەی دەگەڵ کردەوەو بەخۆشحاڵیەوە پەی بە ئاقڵی و هۆشمەندی ئەو برد. سیماو رواڵەتی ئەو پیاوە کە نیشانەی هزری وردو هەستی ناسکی ئەو بوو، ودیار بوو کە زۆری ئازار دەچەشت، سەرنجی دکتۆری راکێشا. بەرە بەرە دڵبەندی قسەکانی ئەم نەخۆشە بوو. ئەم نەخۆشە، ئیڤان دیمتریوفیچ گروموف، لە رووی هزروهزرینەوە تەواو پێچەوانەی هزرو هزرینی دکتۆر راگین بوو. گروموف، بە بەڵگەوە دەیسەلماند کە دەبێ کار بکرێ و ململانێ بکرێ، گفتوگۆ پەیتا پەیتاکانی دکتۆر دەگەڵ نەخۆشەکەداو هەڵس و کەوتی سەیرو سەمەرەی ئەو، کە زادەو بەرەنجامی تەنیایی و گۆشەگیری تەواوی ئەو بوو، دەوروبەرەکەی خستە گومانەوە کە ئەویش شێت بووەو ئیدی خستیانە قاوشی شەشەمەوەو دەرگایان لەسەر داخست.

لێرەدا هەر هەموو ئەو فەلسەفەیەی کە دکتۆر راگین بۆ خۆیی چنی بوو بێ سەروبەری و نادروستی خۆی نیشان دەدات و دەیسەلمێنێ کە بە هەڵەدا چوو بوو. بۆیە دەردەکەوێ کە تا ئێستا بە هەڵەدا چووەو هەر کەسێك لە کۆت و بەندا بێ ناتوانێ بەختەوەربێ. بۆیە هاوڕێ دەگەڵ هەمان نەخۆشدا، واتە دەگەڵ گروموفدا کە دەکەوێتە پشتیوانی ئەو لە هەنبەر ستەمکاری و خۆسەریدا رادەبن. نیکیتا بە هەمان بێ رەحمی لە هەردووکیان دەدا. دکتۆر راگین لە جێدا دەکەوێ و "لە ناکاودا لە نێو ئەو پاشاگەردانی و پەشێوی و بێ سەروبەریەدا دەگاتە ئەم قەناعەتە تاڵ و ناخۆشەی کە هەڵبەتە هەموو ئەو خەڵکەی کە لەم نەخۆشخانەیەدا بوون بە درێژایی ساڵان گیرۆدەی ئەم جۆرە دەردو عەزابانە بوون." هەم گروموف و هەم زندانییەکانی دیکەی قاوشی ژمارە شەش "بۆچی لە ماوەی پتر لە بیست ساڵدا بەمەیان نەزانیوەو نەیویستووه بیزانن، بەخۆیشی نەیزانیوەو تێ نەگەییشتووه کە دەردو عەزاب چیە، لەبەر ئەمە گوناح و خەتایەکی نەبووە، بەڵام ویژدانی ئەو کە میناکی نیکیتا زبر بوو وهەستی بە هیچ نەدەکرد، وای لێ کردبوو کە لە تەپڵی سەرەوە تا بنی پێ سڕ بێ". دکتۆر راگین رۆژی دوایی سەکتەی کردو مرد. ئەو رۆژەی کە ئەم چیرۆکەی چیخۆف بڵاو بووەوە هەموو خەڵکی روسیا خۆیان تیادا بینییەوەو زانیان کە لە قاوشی شەشەمدا زندانین.

چیخۆف لە ساڵی ١٨٩٢دا موڵکێکی بچووکی بە نێوی ملیخۆف، لە نزیکی مۆسکۆ کڕی، بەپێی عادەتی هەمیشەیی خۆی لە بەیانی زووەوە تا خۆرئاواو دەرنگتریش هەر کاری دەکرد. بەڵام بە کاری جووتیاران راگەییشتنیش وەختێکی زۆری لێدەگرت. هەموو بەیانیەکی زوو

گوندییانی نەخۆش‌و یاوەرانی نەخۆشخان لەبەر ماڵەکەیدا کۆ دەبوونەوەو ئەویش چەندی بتوانیبا یارمەتی دەدان، یەجگار شارەزای کاروباری کۆمەڵایەتیش بوو. سەرپەرشتیاری قوتابخانەی گوند بوو، خەریکی بینای فێرگە دەبوو، هەڵبەتە بە سەرمایەی خۆی ئەم کارەی دەکرد، بۆ چارەسەری نەخۆشی پەتا خەڵکی تری دێنا و بە خۆشی لەو کارەدا بەشداری دەکرد. بە گەرم‌و گوڕییەکی یەجگار زۆرەوە بەشداری کاری خێرخوازانەی دەکرد، وەکو دروستکردنی رێگاو فێرگەو نەخۆشخانانی تازە کە دەبوا بیکەنەوە. سەبارەت بە دروستکردنی فێرگە یەکجار بە پەرۆش بوو. بە خۆی نەخشەکانی ئامادە دەکرد، کەرەستەی دەکڕی‌و بەخۆشی چاودێری بیناکەی دەکرد. بە دڵ‌و بەگیان ئەو فێرگانەی خۆش دەویست. ئەم موڵکە، ملیخۆف لە رووی هونەرییەوە کۆمەکێکی فرەی پێکرد، چونکە هێندەی دیکە شارەزای ژیانی جووتیارانی کرد، بەم جۆرە قۆناغێکی تەواوی چیرۆکەکانی چیخۆف کە بەناوبانگترین بەرهەمی ئەوی وەك: (موژیك، لە نێو دۆڵێدا، هاوینگەی تازە) لە خۆگرتووە، هاتە ئاراوە.

لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٥و دواترا لە مەیدانی شانۆنامەنووسیدا سەرکەوتنێکی فرەی بە دەست هێنا.

لە ساڵی ١٨٩٥ دا شانۆنامەی (کاکایی) نووسی. لە ئۆکتۆبەری ١٨٩٦دا ئەم شانۆنامەیەیان لەسەر شانۆ بە نێوبانگەکەی ئەلکساندرەنیسکی دا، لە پترسبۆرگ نمایش کرد. جوانی سەرەکی ئەم شانۆنامەیە هونەرو فیداکارییە. لەو ماوەیەدا کە لە نووسینی ئەم شانۆنامەیە بوو بووەوە، خەریکی دەرهێنانی بوون، شانۆنامەیەکی تری بە نێوبانگی خۆی بە ناونیشانی (لالۆ ڤانیا) تەواو کرد. بابەتەکەی، بابەتێکی بنەڕەتی بیری چیخۆفەو پەیوەستە بەو شتەوە کە ئەو پێی دەگوت (بنیادەمانی بچووك) واتە رەنج و عەزابی ئەو خەڵکە رەش ورووتەی کە وەها نایەتە بەرچاو کە کارو گیانەهاری ئەوان بەختەوەری خەڵکانی دی فەراهەم بکات. بە شێوەیەکی گشتی نێوەڕۆکەکەی ئەو جوانیانەیە کە بە فیڕۆ دەڕوات‌و بە هەند وەرناگیرێ، لەم شانۆنامەیەدا سادەیی‌و کەم رزقی‌و ئاسایی بوونی قارەمانەکانی خۆی‌و دەردو عەزابیان بەرجەستە دەکات. لالۆ ڤانیاوسۆنیای خوشکەزای بە درێژایی ژیانی خۆیان کاریان کردووەو هەرگیز دەستیان لە کار هەڵنەگرتووە، تا خەڵکانی دی بە خۆشی بژین، رەنج دەدەن تا زەمینەو کەرەستەی خۆشگوزەرانی‌و ئاسوودەیی پرۆفیسۆر سربریاکوف، بابی سۆنیا فەراهەم بکەن، چونکە خوویان بەوەوە گرتووە بە زانایەکی پڕ بەهرەو پێشڕەوێکی مەزنی بزانن، لالۆ ڤانیا چل‌و حەوت ساڵانەو کابرایەکی دەستکورت وهەژارە، هەرگیز نە رووی شادی دیتووەو نە ئیسراحەتی هەبووە. بەڵام سەرەنجام رۆژێك لە هەوەڵی پیری دا چاوانی کرانەوەو حەقیقەتێکی ترسناکی بینی. بۆی دەردەکەوێ کە باشترین ساڵانی ژیان‌و لاوی‌و هەموو بوونی خۆی وەقفی خزمەتی کابرایەکی ناچیزو (تبێك) کردووە، ئەمێستا بە ئاشکرا دەبینێ کە پەرستراوەکەی بوونەوەرێکی بێ تواناو پوچەڵ‌و خۆپەرستە، تەپڵێکی بۆش و بە تاڵە خۆی گوتەنی "ناوی زل‌و دێی وێرانە" ئەم شتە وەختێ دەردەکەوێ کە پروفیسۆر سربریاکۆف ئیستیقالەی کردو ئیدی چ کەسێك نەیدەناسی‌و لە پڕ ناوی سڕدرایەوەو لە ناو ناوانا نەما. ئیدی بۆی ئاشکرا بوو کە ئەم کابرایە بیست‌و پێنج

دانە ساڵ بە خۆڕایی جێی خەڵکانی تری گرتبوو. بیست و پێنج دانە ساڵ دەرسی هونەری دەگوتەوەو بە خۆی فری بە هونەرەوە نەبوو و نەیدەزانی هونەر چییە. تەنیا قسەی خەڵکانی دیکەی کاوێژ دەکردەوەو بەم پێیە لالۆ ڤانیا بیست و پێنج دانە ساڵ رەنجی داوە تا پرۆفیسۆر سربریاکوف بە نەهەق جێی خەڵکانی تر بگرێت. سەرەنجام بە رادەیەك رقی لالۆ ڤانیا هەستا کە گوللەیەك بە سەری سربریاکوفەوە بنێ. پاش ئەم هەڵچوونی هەستە ماوەیەك لە بیری خۆکوژیدا بوو. بەڵام لە دوا ئەنجامداو لە ژێر کاریگەریی ئامۆژگارییەکانی سۆنیای خۆشەویست و میهرەبانـدا هەمدیس گەڕایەوەو سەر کارەکەی جارانی و دیسان کەوتەوە خزمەتکردنی سربریاکۆف. چیخۆف لەم شانۆنامەیەدا هەرچەندە ئەم بیرانەی پەروەردە دەکرد، بەڵام بە باوەڕێکی پتەوەوە لە ئایندەی پرشنگداری وڵاتە ئازیزەکەی خۆی دڵنیا بوو. شانۆنامەکانی دیکەی چیخۆف-یش سەرڕێژن لەم هەستانە.

هەوەڵین کەسانێ کە پەیان بە تازەیی و بلیمەتی هونەری چیخۆف لە مەیدانی شانۆنامەنووسیدا بردو بەرهەمەکانیان لەسەر شانۆ بەوپەڕی وردی نماش کرد ستانسلافسکی و نەمیروڤیچ دانچنکو، دوو کەڵە پیاوی شانۆی روسی و دامەزرێنەرانی شانۆی هونەری مۆسکۆ بوون، کە لە ساڵی ١٨٩٨دا دایان مەزراند.

چارەنووسی ئەم شانۆیە وەها بوو کە دەبوایە لە شانۆیی روسیادا کودەتایەکی مەزن بەرپا بکات و ببێ بە دەسکەوتێکی پڕ شانازی نەتەوەیی و نیشتمانی میللەتی روسیا. بەختەوەریی هاوکاریی چیخۆف دەگەڵ دامەزرێنەرانی شانۆی هونەری مۆسکۆ لەمەدا بوو کە لەوێدا تایبەتمەندییە گرینگەکان و شێوازی چیخۆف و ئەستاتیکای تایبەتی چیخۆفیان دەرك کردو پەیان بە هەندێ پرەنسیپی بنەڕەتی کارەکانی برد، کە یەکێك لەوانە شاراوەیی جوانیی بوو لە شتە ئاساییەکاندا، واتە ئەو جوانییەی خۆی ناخاتە بەرچاو، بەرچاوی نیە.

شانۆی هونەری مۆسکۆ، زەوق و دڵبەندی ئەم کەڵە نووسەرەی جۆش دەداو لە جاران زیاتر دەیجوڵاند کە لەم بوارەدا کار بکات و ئەم شەوق و زەوقەی رۆژ بە رۆژ پتر لەلا بەهێز دەبوو و بۆ کاری هاندەدا.

شانۆنامەی (کاکایی) کە لە زۆر لایەنەوە پەیوەندی بە ژیانی شەخسی چیخۆفەوە هەبوو، پەیوەندی بە رووداوێکی گرینگی ژیانی ئەوەوە پەیدا کرد. لە سپتامبەری ١٨٩٨دا لە کاتی پرۆڤەی ئەم شانۆنامەیەدا نووسەری گەورە، ئاشنایەتی دەگەڵ خائولگاکنیپەر پەیدا کردو دوای ماوەیەك زەماوەندی دەگەڵ کردو ئەم ئەکتەرە بەنێوبانگە لەوەپاش بە نێوی ئولگاکنیپەر چیخۆفاوە ساڵانێك لەسەر تەختەی ئەم شانۆ بەناوبانگەدا دەوری گرنگی بینی. لەم ژینگەی هونەرو زەوق و جوانیەدا، بەدەم چاوەڕوانی جەژنێکی هونەری پڕجۆشەوە، تیشکی ڤیانی لێ هەڵات. بەڵام دەبوا هەم مۆسکۆو هەم مولکەکەی، ملیخوف بە جێبێڵێ، چونکە نەخۆشی سیل بەرەبەرە تەنگی پێ هەڵدەچنی و پزیشکان بۆیان نووسی بچێ بۆ باشووری روسیا، بۆ قرم.

لە ساڵانی کۆتایی ژیانـدا، دۆستایەتی و پەیوەندیی دەگەڵ تۆلستۆی وماکسیم گۆرکیدا روناکییەکی بە ژیانی ئەم کەڵە پیاوە بەخشی. چیخۆف گۆرکی خۆش دەویست، لە ریزی

پێشەوەی ئەو کەسانە بوو کە پێشبینی دەکرد گۆرکی "دەبێ بە نووسەرێکی هەژی فرە مەزن".
ئەم دوو کەڵە پیاوە لە چەند لایەنێکەوە خزمایەتی روحیو دەرونیان هەبوو، هەردووکیان هەوادارو دڵبەندی کاروشارستانیەتو کەلتور بوون. وەکو باسم کرد کەڵە پیاوانی ئەو رۆژگارەی میناکی چایکۆفسکیو رپینو لوتیانو ستانسلافسکی-ش لە دۆستانی نزیکی چیخۆف بوون.
نێوی ئەو لەزەین و بیروباوەڕی خەڵکی پێشڕەوو پێشکەوتووخوازدا لە جاران پتر چەسپیو بوو بە یەکێك لە نیشانەکانی نەشونماو پەرەسەندنی کۆمەڵگە. لەم بەینەدا نەخۆشیەکەی رۆژ بە رۆژ خەتەرتر دەبوو. پزیشکان ئاموچیاریان کرد کە بۆ چارەسەر سەفەرێکی ئەوروپای رۆژاوایی بکات، لە کاتی رۆیشتنا بە (تلشف- Tele chef)ی، کە لە نووسەرانی ئەو رۆژگارە بوو، گوت: "دەڕۆم بۆ مردن، کارم کراوەو ئیتر یەکدی نابینین". ئەوجا دەستە بێ تواناو رەنگ بواردووەکانی بۆ درێژ کرد، تەوقەی دەگەڵ کرد. دەگەڵ ئولگاکنیپەر چیخوفای هاوسەریدا بۆ چارەسەر بۆ ئاڵمانیا رۆییو لە ئاسایشگەی سیلداران، لە بادن ڤیلەر بارگەی خست، و هەر لەوێندەر لە ١٩٠٤/٧/٢دا کۆچی دوایی کردو جەنازەکەیان بۆ روسیا هێنایەوەو لە دێری ناڤادیڤیچی، لە مۆسکۆ بە خاکیان سپارد

*           *           *

چیخۆف زۆری دڵ بە ژیانەوە بوو وهەمیشە "دەیویست بمێنێو بەشداری بکات" واتە لە کارێن بەرهەمهێنانو داهێنانی خۆیدا، لەو کارە گەورانەدا کە ئەو بەو چاکیە پێشبینی دەکرد. هەم بۆ رۆژگاری خۆیو هەم بۆ ئایندە کاری دەکرد. ستانسلافسکی لەو رۆژگارەدا نووسیویەتی: "ئەو فەسڵەی دەربارەی چیخۆفە هێشتا تەواو نەبووە، هێشتا ئەو کتێبەیان وەکو پێویست نەخوێندووەتەوە، پەیان بە جەوهەرو کرۆکی نەبردووەو زوو ئەو کتێبەیان داخستووە، دەبێ جارەکی دی بیکەنەوەو تا کۆتایی بیخوێننەوە".
ئەمێستا ئەو رۆژگارەی کە ستانسلافسکی چاوەڕوانی بوو هاتووە. لە سەرانسەری دنیادا چیخۆفیان بە دڵەو خۆشیان گەرەکە، لە ئێراندا ئەوەندەی من ئاگادارم پەنجا چیرۆکی درێژو کورتیان بە جیاو دە چیرۆکیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکانداو دوو شانۆنامەیان کردووە بە فارسیو چاپ و بلاویان کردووەتەوە (**ئەمە قسەی ساڵی ١٩٦٥، ئێستا هەموو بەرهەمەکانی چیخۆف کراون بە فارسی. وەرگێڕ**).
بەرهەمەکانی بە تیراژی ملیۆنەها دانە بە زمانانی هەموو نەتەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت چاپو بلاوبووەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٢دا کۆی بەرهەمەکانی لە بیست بەرگداو بە سیو پێنج هەزار دەورە جارێکی دی چاپ کرایەوە. هەموو ساڵێك چیرۆكو شانۆنامەکانی بە کۆمەڵەی جیاجیا چاپو بلاودەکرێنەوە. ئێستا لەو ولاتەدا کە چیخۆڤ بە جیهان بەخشیوە، تەنانەت ئەو میللەتانەش کە تا بەر لە شۆڕش خەتو نووسینیان نەبووە، بەرهەمەکانی چیخۆف بە زمانی زگماکی نەتەوەیی خۆیان دەخوێننەوە. لە هەر هەموو شارەکانی ئەو ولاتە گەورەیەدا

شانۆنامەکانی بە زمانی زگماکی نمایش دەکەن. ملیۆنان پیاوو ژن، وردو گەورە، پیرو گەنج (کاکایی)و (لالۆ ڤانیا)و (سێ خوشك)و (باغی ئالوبالو)یان لەسەر شانۆ جیاوازەکاندا تەمەشا کردووەو دیتوە. لە تۆ وایە چیخۆف بە زمانی قارەمانە نەمرەکانی شانۆنامەکانیەوە، تا ئەمڕۆش خەلکی دەدوێنێ، ئەو خەلکەی کە بەرهەمەکانی خۆی بۆ ئەوان نووسیوە، واتە خەلکانی ئایندە، و بە زمانێکی سادەو رەوان و جوانی تایبەت بە خۆی گرینگترین بابەتی پەیوەست بە بەختەوەری و راستگۆیی راستەقینەی ژیان دەخاتە روو.

داهێنان و ئەفراندنی چیخۆف لە سەرانسەری جیهاندا پەسندوبەنێوبانگە، برنادشۆ، نووسەری نێوداری ئینگلیزی دەلێت: "نووسەرانی هەموو ولاتان چیخۆف بە پرشنگدارترین ئەستێرە دەزانن". شون ئوکیسی، بە تەمەنترین نووسەری ئیرلەندی دەلێت: "ئێستا ئیرلە ندی لە کانگەی دلەوە درود بۆ چیخۆف دەنێرێ، بەلام نەك بۆ ئەو چیخۆفەی کە دەلێن مردووە، بەلکو بۆ ئەو چیخۆفە زندوو چەلەنگە، بۆ ئەو چیخۆفەی کە تا هەتا هەتایە لە دلی ئەو خەلکەدا دەژی کە لە رێگەی هەموو ئەوەی ئەو دەرهەق بە بەشەریەت کردوویەتی، یانی لە رێگەو بەهۆی چیرۆکە جوان و شانۆنامە هەژەکانیەوە نەجیبانە رووبەرووی ئادەمیزادان دەبنەوە".

چیخۆف هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە خەلکی ئاسایی، خەلکی سادە، خەلکی کارامەو دامەزرێنەرانی راستەقینەی ژیان هەقی شادمانی و گەورەییان هەیە. گومانی تیا نیە چیخۆف لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی جیهانی ئێمەدا، بەزەبری تواناو بەهرەی خۆی لە دەربڕینی هەست و هزری سەرانسەری ژیانی خەلکی ئاسایی، بایەخێکی تایبەتی هەیەو دەتوانرێ لەم بوارەدا پایەی یەکەمی بدرێتێ. تایبەتمەندی سەرەکی و بنەڕەتی میتۆدو رێبازی ئەو لە ئەستاتیکاو پرەنسیپە هونەری و ئەدەبیەکاندا ئەو توانایەیە کە لە ریسواکردن و لە قاودان و ئاشکرا کردنی لایەنە کارەساتبارەکانی ژیانی ئاسایی رۆژانەی خەلکیدا هەی بووە، واتە نواندنی ئەو چەمکە قولّ و مانە وردانەی کە لە شتە زۆر سادەکانی ژیاندا، کە هیچ نایەنە بەرچاو، پەنهانن.

ئەو خالّە جوانەی کە چیخۆف لەلای خەلکی دروستکارودلساف و بە ویژدانی هەموو ولاتانی جیهانی خۆشەویست دەکات، سادەیی زمان و گوتارەکەیەتی کە بلیمەتیەکی تایبەتی تێدایەو هەروەها راشکاوی ئەو هەموو هەست و هزرو پەندانەیە کە لە بەرهەمەکانی خۆیدا بۆ هەتا هەتایە بەرجەستەی کردووەو هونەراندویەتی، لە هەموو ئەمانەش زیاتر ئەو باوەڕە بتەوو هەمیشەییەیە کە بەژیانی ئایندەی تیرەی بەشەری هەبووە.

لایەنی هەرە جوانی بەرهەمێن چیخۆف خەلك دۆستییە. بە جۆش وخرۆشێکی تایبەتیەوە بەرگریی لە خۆیبوون و ئازادی هزری ئادەمیزادان کردووە. هەموو کاتێك و لە هەموو شوێنێ دژی بێدادی و زولّم و کەرب و کینەو درۆ وەستاوەو هەمیشە بە ئاواتی سەقامگیری و بەرپایی پەیوەندییەکی کۆمەلایەتی نوێی ئەوتۆ بووە کە هیچ جۆرە زبری و توندی و ئازارگەرییەکی تێدا نەبێ. چیخۆف لە رۆژگارێکا ژیاوە کە رووسیا لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی ستەمکاریی تزارەکاندا دەینالاند. جا خەلکی ئازاد، کە چیخۆف یەکێك بوو لە بژاردەکانیان، ناچار هێرشیان

دەكردە سەر ئەم بارودۆخە ناخۆش و نالەبارە. بەڵام چیخۆف ئەم هێرشەی بەزمانی كۆمیك و تەوس و توانج و گۆشەو كینایەی یەجگار ناسك وشیرین ئەنجام دەدا.

چیخۆف لە سەردەمێكی بێدادی تایبەتی دا، كە لە ١٨٨٠وە تا ١٨٩٠ درێژەی كێشا، دەستی بە نڤیساری كردووە، لەم قۆناغەدا پوبیدونوستزیف- Pobedonostzef سەرۆك وەزیری ستەمكاری تزار وەكو خۆی دەیگوت لێبڕا بوو كە "روسیا لە زەواق بنیٚ"ودژی هەر هەنگاوێك دەوەستا كە مایەی فێر بوون و هۆشیاریی خەڵكی بوایەو بە ئاشكرا دەیگوت كە خوێندن و فێر بوون موزیرە. لەم قۆناغەدایە كە چیخۆف لە چیرۆكە كۆمیكەكانی خۆیدا ژمارەیەك لە كارگوزارانی زبرو بیٚ مێشكی ئەم قۆناغەی بەرجەستە كردووە. هەڵبەتە چیخۆف چاوی لە كۆمیدیا بە نێوبانگەكانی گۆگۆل و سالتیكۆف شچدرین، كە راستەوخۆ بەر لەو بوون، كردووەو بۆیە (چیرۆكە رەنگاو رەنگەكانی) خۆی بە پەیڕەوی لە (نامە رەنگاورەنگەكان)ی سالتیكۆف شچدرین نووسیوەو بیروبۆچوونێكی زۆر بەرزی دەرهەق بەم مامۆستا مەزنەی خۆی هەبوو. لە نامەیەكیا كە لە ١٨٨٩/٥/٤دا بۆ (پلیشچیوڤ)ی نووسیوە دەربارەی شچدرین گوتوویەتی: "شوێنی سالتیكوف سەوزە. پیاوێكی زیرەك و بە هۆش بوو. لە دوای مەرگی ئەو (خەڵكی بیٚ سەروبەر) كە رۆشنبیرانی ناوەنجی روسیا پێك دەهێنن، و بودەڵەو دزن، دژمنێكی سەر سەخت و كۆڵ نەدەریان لەكۆڵ بووەوە. هەموو شەونامەنووسێك دەتوانیٚ عەیب و عارانو كیماسی و كەمو كورتیان ئاشكرا بكات و لەقاوبدات، (بورینین- Bourinine)ش شایستەی ئەوەیە نوقورچێك بگریٚ. بەڵام تەنیا سالتیكوف شچدرین دەیتوانی بە ئاشكرا تەحقیربكات. دوو سێیەكی خوێنەران خۆشیان نەدەویست، بەڵام هەموویان هەڤباوەڕی وی بوون، هیچ كەسێك گومانی لە راستگۆیی حەقارەتەكانی ئەو نەبوو".

وەكو گوترا ئەو لە سەرانسەری بەرهەمەكانی خۆیدا هەمیشە دەگەڵ ئەم (خەڵكە بیٚ سەرو بەرە)دا كە رۆشنبیرانی ناوەنجی روسیای ئەو رۆژەیان پێكدێنا، لە كێشماكێشدا بووەو هەرگیز ئەم خەتەی بەر نەداوە. نابیٚ وا وێنا بكریٚ كە نكوڵی لە یاساو رێساو نەریتانی سالانی ١٨٦٠- ١٨٧٠ كردووە، لە نامەیەكیا بۆ هەمان دۆست نووسیویەتی: "سالانی ١٨٦٠- ١٨٧٠ قۆناغێكی پیرۆزە ئەگەر رێگە بە گەوجان بدەین زەوتی بكەن، مانای وایە لەوتاندوومانە".

چیخۆف لەگەنجیدا بەنێوی خوازراوی (ئانتوشاچیخونتی – Antoena Tchekhonti)شتی دەنووسی. لەو رۆژگارەوە بەحوكمی ئەو چالاكی و چەلەنگیەی كە لە ژیاندا هەی بوو، بە ئاشكرا لە خەڵكانی دی جیاواز بوو، ودژی خەڵكانێكی زۆر لەوانەی كە بیرۆكەی رەش بینی و ملكەچیان لە هەنبەر (خراپەی حەتمیدا) بڵاودەكردەوە، دەوەستایەوە. كارلنیكۆ، نووسەری بەنێوبانگی هاوعەسری ئەو، لە یاداشتەكانی خۆیدا نووسیویەتی كە لە ساڵی ١٨٨٥ بە دواوە چیخۆڤ وەكو "پیاوێك كە زۆری دڵ بە ژیان خۆش بیٚ" هاتووەتە بەرچاو. "وا دەهاتە بەرچاو كە لە چاوەكانیەوە سەرچاوەیەكی لە بن نەهاتووی زەوق و خۆشحاڵیەكی بیٚ پێشەكی، كە لە چیرۆكەكانیا دیارە، هەڵدەقوڵا. پەی بەشتێكی قوڵ دەبرد، شتێك كە دەبوا نەشونما بكات و..."

ستانسلافسکی دەڵێت: "چیخۆف یەکێکە لە گەشبین ترین کەسانێك کە من دیوومە". بەخۆی دەیگوت هەست بەخۆشی ژیان دەکات، بەمجۆرە ئەو بیروبۆچوونە کە لەو رۆژگارەدا لە نێو ئەهلی نەزەردا باوو بڵاوبوو، وبە تایبەتی لە ئینگلیستاندا برەوی پەیدا کردبوو، وئەویان بە رەشبین دەزانی، رەت کردووەتەوە.

عەیب و عاروکەموکوڕی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ئەو رۆژگارەو جاڕچیان و بەکرێگیراوانی ئەو دامو دەزگایەی لە قاوداوە. لە کورتە چیرۆکی (نیشانەی زەمانە– ١٨٨٣)دا لایەنێکی دیارو زەقی شرۆڤە کردووە: ئەو ترسە سیاسی و ئەخلاقییەی کە هێزی کۆنەپەرستیەت بەسەر خەڵکیدا سەپاندبوو.

نیشانە راستەقینەکانی دەوری پاشایەتی ئەلکساندەری سێیەمی بەگۆشەو کینایە، لەچەند رستەیەکی زیرەکانەدا ئاشکرا کردووە. پیاوێك ئەشقبازی خۆی دەردەبڕێ: "ئازیزەکەم، سوێندت بۆ دەخۆم کە بەپێی تۆ ناتوانم بژیم، لەوساوە تۆم دیتووە. ئارامم لەبەر بڕاوە". کاتێ کە ماشوقەکە زار هەڵدێنێ کە وەڵام بداتەوە، برایەکەی گازی دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە: "کە قسە دەگەڵ ئەم پیاوەدا دەکەی وریا بە، زمانت بگرە، نەخەڵەتابی شتێکی زیاد بڵێی". هەڵبەتە مەبەستی ئەو لەم (شتێکی زیاد...)ە ئاشکرایە: "لەگەڵی رێك بکەوە، شووی پێ بکە، بەڵام مەعز بۆ رەزای خوا وریابە.. من ئەم پیاوە دەناسم... نا ڕەسەنێکە تاکی نیە، کەمترین شتی لا بڵێی یەکسەر خەبەرت لێ دەدا، جاڕت لێ دەدا". دیارە کە بۆچوونی چیخۆف تا ئەندازەیەك خویایە. هەمان نێوەڕۆك و تیمە لە کورتە چیرۆکێکی دیکەدا بەنێونیشانی (بیرەوەری کیژێکی گەنج) هەیە. کیژێکی گەنج کە شانی بە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیدا داوە، پیاوێکی رەشتاڵەی جوانی چاو ڕەشی چاو لە قولا. دەبینێ. دڵی خۆش دەبێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ئیدی نۆرەی ئەو هاتووە کە بەختەوەر ببم. کەچی دەردەکەوێت کە یارۆی رەشتاڵەی جوان جاسوسەو تاقیبی براکەی ئەو دەکات. دوای ئەوەی ئەوی خستە زندانەوە، ئیدی بە تەواوەتی ئامادەیە عاشقێنی دەگەڵ کیژەدا بکات، بەڵام کیژێ توڕە دەبێت و هاواری بەسەردا دەکات: "ناڕەسەن، من لە تۆ بێزارم".

چیخۆف لە سەرەتای قۆناغی نڤیساری خۆیدا وێنەیەکی جوانی پیاوێکی کۆنەپەرستی بە نێوی (پریشیبیڤ) کە ئەفسەرێکی بچووکە، بەرجەستە کردووە کە نێوی لە زمانی روسی دا بووە بە داستانی سەرزاران. پریشیبیڤ–ی ئەفسەری بچووك بەرجەستە کردنێکی ئەخلاقیاتی بەکرێ گیراوانە: مەرایی وخۆشکێنی لە هەنبەر دەست داران و توندی و زبری لە هەنبەر ژێر دەستان، بوونەوەرێکە کەشایستەی بیرکردنەوەش نیە، داردەستێکی گەوج و دڵرەقە، بوونەوەرێکی ملکەچی کوێرە کە دەست پەروەردانی زۆرداران و ستەمکاران وەیاد دێنێتەوە.

چیخۆف، لەم بوارەدا وەستایە، تەنانەت لەو سکێچانەشدا کە بە پەلە نووسیونی تایبەتمەندی ئەسڵی دەروونناسی ئەم جۆرە خەڵکە نیشان دەدات. بەبێ زێدەرۆیی دەشێت بگوترێ کە خوێنەر وەکو چۆن پەی بە رەخنەگیری لە هەموو ئەو بنەماو هەموو ئەو رێبازە ئیداری و خانخانەکێیەی روسیا دەبات، بەو ئاوایەش ئاگاداری رەخنەگیری لە هەندێ لایەنی ژیانیش دەبێ.

چیرۆكێكی تری بەنێونیشانی (زانیاری- ١٨٨٣) كە دەزگای ئیدارەبازی دەوڵەتی كە تا سەر مۆخ گەندەڵە، وەسف دەكات، راڤەوشرۆڤەی یەكێك لە رووداوەكانی ئەو رۆژگارەیە. پیاوێك دەچێتە دایەرەیەك تا زانیاریەك وەربگرێ، دەچێتە لای فەرمانبەرێك، بەڵام فەرمانبەرەكە بە كەماڵی ئیسراحەت، وێڕای زەرورەتی داواكانی ئەو پیاوە، گوێی ناداتێ. كابرای فەرمانبەر مژولی كارە هیچەكانی خۆیەتی، "مێشێك لەسەر لێوی خۆی دەگرێ، بە وردی تەمەشای دەكات و پاشان دووبارە توڕی دەداتەوەو بەرەڵلای دەكات".

پیاوەكە هەرچەندە دەكۆكێ، هەر ناتوانێ سەرنجی كابرای فەرمانبەر رابكێشێت: كاتێ كە دوومنات لەسەر لاپەڕەی كراوەی كتێبێك دادەنێ، هەر فایدەی نیە، سەرەنجام بە دەستووری دەرگاوانی دایەرەكە ئەسكەناسێكی دیكە دادەنێ، هەنگێ وەكو جادوویەكی كردبێ، بارودۆخەكە دەگۆڕێ. رووی كابرای فەرمانبەر دەگەشێتەوە، بزەیەكی قوڵ لەسەر رووی نەخش دەبێت، دەپرسێت: "كاكە گیان، چیت گەرەكە؟" نەك هەر ئەو زانیاریەی كە دەیویست، دەداتێ، بەڵكو دەكەوێتە باسی كەش و هەواو بەرو بوومیش". تا خوارەوەی قاڵدرمەكان دەگەڵیا دەڕوات و بزەی رێزو حورمەتی بەرووا دەدات. لە تۆ وایە ئامادەیە لە هەر ساتێكدا كڕنووشی بۆ بەرێ. كاتێ كە دەڕوات بە سەرسامیەوە دەڵێت: "خەڵكانێكی عەجیبن!" ئەم سەرسامیە خوێنەرانیش دەگرێتەوە: "خەڵكانێكی عەجیبن، خەڵكانێكن كە شەرافەت و ئابڕوی ئینسانیان نیەو جگە لە ئەسكەناس هیچ پرەنسیپێكی ئەخلاقی دیكەیان لەبەر چاو نیە". هەڵبەتە حكومەتی ستەمكاریی ئەو رۆژگارەی روسیا بەمجۆرە خەڵكانەوە بەند بوو. لە هەموو شوێنێك ژینگەی گەندەڵ و هەست سزی و دوو روویی فەراهەم بوو بوو. بۆیە چیخۆف فەرمانبەرانێك بەرجەستە دەكات كە لە بەردەم سەرانی ئیداری خۆیاندا دەكەوتنە سكە خشكێ و پاشان تۆڵەی ئەوانیان لە ژێردەستانی خۆیان دەسەندەوە. خەڵكانێك كە لە قەب و عینوانیان لە هەموو شتێك بە زیاتر دەزانی، خەڵكانێك كە باوەڕی شەخسیان نەبوو وهەمیشە لە بەردەم سەرانی خۆدا دەلەرزین.

لە چیرۆكی (قەڵەو ولاواز)دا پێك گەییشتنی دوو دۆستی رۆژانی منداڵی وەسف دەكات كە دەمێ بوو یەكتریان نەبینی بوو. بەدیتنی یەكتری خۆشی و شادییەكیان لا دروست دەبێ. بەدەم یەكترەوە دەخەننەوە، چاوانی فرمێسكاوی دەبڕنە یەكتروسەرگەرمی یادگارانی رابردووی خۆیان دەبن. بەڵام لە پڕ دێنە سەر باسی زەمانی حازر. كاتێ كە پیاوە لاوازەكە كە هێشتا دادیارێكی پلە هەشت بوو دەزانێ كە هاوڕێكەی، هاوڕێی رۆژانی منداڵی، بووە بە راوێژكاری تایبەتی پلە سێ و بە پێنج پلە لە پێش ئەوەوەیە بە جۆرێ رەفتاری دەگۆڕێ كە زبانی دەكەوێتە تەتەڵە.

لە چیرۆكێكی دیكەیدا (مەرگی فەرمانبەرێك) باس باسی پیاوێكی داماوە كە لە شانۆدا كە لە پشت سەرتیپێكەوە دانیشتبوو، بێ موبالاتی دەكات و بەسەر سەرە روتاوەكەی ئەو سەرتیپەدا، كە لە بەردەمیا دانیشتبوو، دەپژمێ وپریشكی پژمینەكەی بەر سەری ئەو دەكەوێ. كە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە لە ترس ونیگەرانیدا زەنەقی دەچێت و دەمرێ.

لە چیرۆكی (پشتیوانی)دا لاوێك كە ئارەزوومەندی ئەوەیە كە لە سەرۆكەكەیەوە پایەیەكی باشی دەست بكەوێ و هاتووە هەر جۆرە ملكەچی و سەرشۆڕیەكی لەبەردەمدا قەبوڵ بكات و

دەڵێت: "گریمان من بەرازم، بەڵام هەرچیەك بێ ئابڕووم هەیە". چیخۆف لە شوێنێکی دیکەدا کۆمەڵێك وێنەی زندووی دەربارەی ئەو زۆردارانەی کە هەر یاسایەك پایەماڵ و پێشێل دەکەن، گرتووە. یەکێك لەوانە (پومۆئیڤ- Pomoiev)ـە ئەمە موڵکدارێکەو لە جووتیارێکی داوەو دەهێنرێتە بەردەم قازی کە لە باشترین دۆستانی خۆیەتی. باوەڕی وایە کە هەر کارێك بۆ ئەو رەوایەو دەستوور بە قازی دەدات کە ئەو جووتیارە کلۆڵەی کە ئەو لێی داوە بۆ زندان بنێرێ.

چیخۆف لە وێنەگرتنی ئەم خەڵکە دڵڕەق و زبرەدا پەیڕەوی رێبازوشێوازی سالتیکۆف (شچدرین)ی کردووە کە زۆر نموونەی بەرجەستە لە بەرهەمەکانیا هەیە. ئەویش میناکی شچدرین ئەو کەسانەی ریسوا کردووە کە لە هەنبەر ئەم خەڵکە زۆردارو زبرەدا چۆکیان داداوە. شچدرین بە توندی ئەو ئازادیخوازەی کە لە بەردەم کۆنەپەرستاندا خۆی سووك کردووە، ریسوا کردووە، چیخۆفیش هەوڵی ریسواکردنی ئەم تاقمە خەڵکەی داوەو لە چیرۆکی (ئازادیخوان)دا بەوپەڕی راستگۆیی ئەم جۆرە خەڵکەی بەرجەستە کردووە. پونیمائیڤ- Ponimaiev هەوەڵجار (ئیعتراز دەگرێ) بەڵام چونکە ژنەکەی بەوپەڕی مەستی راکێش راکێش بۆ لای سەرۆکێکی دەبات کە بە بۆنەی جەژنی پیرۆزباییەوە (ناوی خۆی بنووسێت) پەیتا پەیتا قسە بە سەرۆکان دەڵێت و هێرس دەکاتە سەر ئەم جۆرە پیرۆزباییانە، بەڵام ئەنجام بە ملکەچی و سەرشۆڕی تەسلیم دەبێت. چیرۆکێکی تری هەیە بە ناونیشانی (روحێکی چکۆلەی ئازادیخواز) لەم چیرۆکەدا کەسێك راسپێردراوە بەرنامەیەکی نمایشی لەمەڕ هەواخوازانی شانۆ ئامادە بکات و ئاگای لە بەهەند نەگرتنی هۆکارەکانی ئەو دوا نمایشە بێ کە (چوشکین- Chouchkine)، راوێژکاری ئیداری سەرو دەستی نیوەی شانۆنامەکەی شکاند بوو و نووسەرەکەی رەنجاند بوو. ئەم پیاوە ئازادیخوازە بە هەمان بەدی (یەکێك لە ماڵباتی بوربون) ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات. ئەو رستەو دەستەواژانەی کە دەربارەی ئازادی هیچ عەیبێکیان نیە روحی حەقیقی ئەم کاربەدەستی تەئمیناتە دەشارێتەوە. ئەو دژمنی هەموو خەڵکێکی (توندڕەوە) لەوانە شیعرەکانی نیکراسۆف وچیرۆکی (ژنی گوناحکار)ی لیڤ تۆلستۆی و دوا گفتوگۆی شانۆنامەی (بەدبەختی پڕ زەوق)ی گریبایدوڤ بە توندڕەوی دەزانێ.

ئەم وەسفانەی چیخۆف ئەو ئازادیخوازانە وەبیر خوێنەر دێننەوە کە سالتیکۆف شچدرین وەسفی کردوون. ئەوانیش دژی (توندڕەوی)و (زیادەڕۆیی لە ئازادی)دا بوون و خەڵکیان بۆ (میانڕەوی) هاندەداو باوەڕیان وابوودەبێ بە گوێرەی مومکین هەنگاو بنرێ. لەو چیرۆکانەدا کە چیخۆف لە ساڵانی ١٨٨٠- ١٨٩٠دا نووسیونی تاقمە ئازادیخوازێکی ترسنۆك بەرچاو دەکەون، لەوانە لە چیرۆکی (نوێنەری ئەنجوومەن- ١٨٨٣) ئازادیخوازێك هەیە راسپێردراوە لە بەرانبەر سەرۆکێکدا ئیعتراز بگرێ. هەر کە پێ دەنێتە ئۆفیسەکەی ئەوەوە ترسی لێ دەنیشێت و بەوەندە واز دێنێ بە هەموو ئەو پارەیەی کە پێیەتی ئەو بلیتی یانەسیبانەی کە ئەو سەرۆکە تەکلیفی لێدەکات، بکڕێ. لە چیرۆکێکی دیدا بەناونیشانی (حەقیقەتی خاڵیسە- ١٨٨٣) کۆنووسێکی دادگا کە پلەی چواردەیەمی هەیە، لێبڕاوە بچێت بۆ لای سەرۆکەکەی خۆی و وەزع و حاڵی خۆی پێ بڵێ. بەڵام هەرکە دەگاتە ئۆفیسەکەی ئەو گوتارێکی تەحقیرئامێز سەبارەت بە خۆی

دەخوێنێتەوە. لە چیرۆکێکی تردا بەناونیشانی (ڤیدڤیل- ١٨٨٤) باسی ئازادیخوازانێکی پێنج دەقیقەیی دەکات کە چۆن یەکێك لەو ڤیدڤیلانەی کە یەکێك لە هاوڕێکانیان نووسیویەتیو بۆیان دەخوێنێتەوەو گوێیان لێی دەبیٚو سەرەتا زۆر بە گەرمی وەری دەگرن بەڵام چونکە لەو ڤیدڤیلەدا خویا نیە چ هێماو ئاماژەیەك دەبینن ترسیان لیٚ دەنیشێتو سەرەنجام داوا لە نووسەری ڤیدڤیلەکە دەکەن کە بیدڕێت، چونکە لەوەیە (بمان ناسن).

چیخۆف لە ساڵانی ١٨٨٠- ١٨٩٠دا میناکی سالتیکۆف شچدرین کۆمەڵێك لە پاڵەوانانی قۆناغی کۆنەپەرستیەتی وەسف کردووە. لەم چیرۆکانەدا وەکو شچدرین بەرگری لە ماف تاكو ئازادی خەڵك لە کۆتوبەندی دامودەزگایانی سەدە ناڤینییەکانو نیمچە خانخانەکی زاڵ بەسەر خەڵکیدا، دەکات. لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا کە جلکی فەرمیان لە بەردایە خەڵکانێکی جوامێرو ئازاد تەبیعەتو ئاسایی بە هەموو هیواوئاواتە راستەقینەکانیانەوە دێنێتە ئارا. لە نامەیەکیا بۆ سالتیکۆف شچدرین دەڵێت: "بۆ ئەوەی یارمەتی هاوڕێی خۆ بدەین تا حورمەتی خۆیو کاری خۆی رابگریٚ، بۆ ئەوەی خۆ لە بەدگۆییو حەسوودی دوور بگرین بۆ ئەوەی درۆی دەگەڵ نەکەینو دوو روویی دەگەڵ نەکەین بۆ هەر هەموو ئەم کارانە ئەوەندە بەسە کە مەردو رەند بین کە پیاو بین".

هەڵبەتە چیخۆف هەر بە هەمان پێودانگ لە بەرانبەر سەرشۆڕیو گەوجێتیدا، واتە ئەم خەسڵەتە ئەخلاقیە قێزەونانەی کە چینی دەسەڵاتدارو حوکمڕان بە ئانقەست برەوی پیٚ دەدەن، وەستاوەتەوەو رابووە. لە چیرۆکی (ماکەرونی- ١٨٨٣)دا رەفتاری لە هەنبەر شەرمەزاریو زەین کوێریو سستفامی زۆر چاك خویایە. یەکێك لە قارەمانانی ئەم چیرۆکە خزمەتکارە گوێڕایەڵو گەوجەکەی خۆی تاقی دەکاتەوە. لە حیسابدا فێڵی لێدەکاتو چونکە ئەو ژنە کڵۆڵو داماوە بە فەرمانی ئەو حیسابەکە قەبوڵ دەکات ئەو رووی تێدەکاتو دەڵێت: " من، تۆم هەڵخەڵەتاند، سەرمەشقێکی دژوارم دایتیٚ، هەموو پارەکەت وێدەدەمەوە، لەم زەرفەدایە، بەڵام چۆن دەبێت خەڵکی بەم رادەیە تەسلیم بیٚ؟ بۆچی بەرگری ناکەی؟ بۆ بێدەنگی؟ بەشەر لەم دنیایەدا دەبیٚ ددانی تیژی هەبیٚ".

لە بەرانبەر ئەم وێنانەی خەڵکانی گوێڕایەڵدا، وێنەی (ژنێکی دەستکورتی زانا)شی گرتووە کە یەکپارچە نەفس بەرزیو غرورەو بەگژ رەفتاری سەرۆکەکانی خۆیدا کە لە ژوورەکەی ئەودا تەحقیقی تەوهین ئامێزیان کردبوو دەچێتەوە، ئەم چیرۆکەی بەناونیشانی (هەراوزەنا)یە، لە چیرۆکە جوانەکانی چیخۆفەو لە سەرانسەری ئەم چیرۆکەدا دەڵێت دەبیٚ ددانی تیژت هەبیٚ. لەم راپەڕینەدا کە ئەو دژی شەرمەزاریو زەینکوێریو سستفامی کردوویەتی پێشەنگی گۆرکییە، کە ئەویش دژمنی سەر سەختی هەر جۆرە کۆیلەتیەك بوو ولە خۆڕایی نیە کە گۆرکی تا ئەم رادەیە باوەڕی تەواوی بەم خەسڵەتە هونەرییەی پێشەوای مەزنی خۆی هەبوو. گۆرکی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەربارەی چیخۆف بەر لە هەر شتێك رقو بێزاری ئەوی لە سەرشۆڕیو شەرمەزاری خەڵك تۆمار کردووە. لە شوێنێکدا دەڵێت کە چیخۆف دەربارەی فێرکارانی دێهاتی ئەم سەرنجەی دەربڕیوە: "برسیو گەوجە، لە ترسی ئەوەی کە نەبا پارووە نانەکەی لە دەست

بدات، دەلەرزێ. هەرچەندە دەبێ لە گوندا کەسی یەکەم بێ، بتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دێهاتیەکان بداتەوە، دێهاتیان بەخاوەنی تواناو سەنگێکی ئەوتۆی بزانن کە شایستەی ڕێزو حورمەت بێ. دەبێ وەکو چۆن هەموو کەسێك: جەندرمە، دوکاندارانی دەوڵەمەندو ئەو فەرمانبەرەی کە عینوانی سەرپەرشتیاری فێرگەکانی هەیە، بەڵام دەربەرستی ریفۆرمی خوێندن نیەو تەنیا بەمە رازیە کە ملکەچانە دەستووری سەرانی خۆی ئەنجام بدات، ئەم کارە لە وڵاتی ئێمەدا دەکەن، هیچ کەسێك نەتوانێ ئیرادی لێ بگرێو سەرکۆنەو شەرمەزاری بکات."

نەفرەتوبێزاری چیخۆف لە گێلیو سستفامیو ترس، بەند بووە بە دڵبەندی ئەو بە خوێندنو شارستانیەتەوە. بە ڕێکەوت دوو جاران دەستەواژەی (پەروەردە کردنی خەڵك)ی دووبارە نەکردووەتەوە. لەوە بەداوە لە هەموو چیرۆکەکانیا هەمان ئارەزووی دووبارە کردووەتەوەو بابەتی سەرەکی چیرۆکەکانی جگە لەمە چ شتێکی دیکە نیە.

ماکسیم گۆرکی هەرچی غرورو سەربەرزییەك کە لە وشەی (مرۆڤ)دا کۆبووەتەوە نیشان داوە، و چیخۆف جەخت لەسەر هەمان بیردەکاتەوەو هەر زەبوونیەك لە وشەی (خوڵام)دا کۆبووەتەوە نیشاندەدات، لە نامەیەکدا کە لە ۱۸۸۹/۱/۷دا بۆ (سۆڤۆرین)ی نووسیوە دەڵێت: "جا چیرۆکێك بنووسنو نیشان بدەن چۆن گەنجێك، کوڕێکی زەڕخڕێ، کۆنە دوکاندارێك، ئاوازخوێنی کڵێسا، قوتابی ئامادەیی، خوێنکار، راهاتوو لەسەر دەست ماچ کردنی کەشیشان، راهاتوو لەسەر کڕنۆش بردنو سەردانەواندن لە هەنبەر هزری خەڵکی، راهاتوو لەسەر سوپاسگوزاریو منەتباری لە هەنبەر هەر پارووە نانێکا، لاوێك کە چەندین جار شەلاقی خواردبێ، بێ پێڵاو بۆ قوتابخانە دەچوو، شەڕەشەقی دەکرد، گیانلەبەرانی ئازار دەدا، حەزی لێ بوو لە ماڵی خزمانی دەوڵەمەند فراڤینو شیڤ بخوات، بێ ئەوەی هیچ پێویستییەکی بەوە هەبێ، تەنیا لەبەر هیچی خۆی دوو ڕوویی دەگەڵ خواوخەڵکیدا دەکرد، نیشانی بدەن چۆن ئەم لاوە دڵۆپ دڵۆپ روحی کۆیلایەتی خۆی دەڕێژێو لە بەرەبەیانێکدا هەست دەکات چیتر خوێنی کۆیلایەتی بەدەمارەکانیا ناگەڕێ، بەڵکو خوێنێکی لە راستیا مرۆڤانی پێدا دەگەڕێ".

چیخۆف بەمجۆرە ڕێگەی بۆ قارەمانانی گۆرکی کردووەتەوە. وێڕای ئەوەی کەکۆیلایەتیو بێکاری بە خراپ دەزانێ، زەمینەش بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك کە پشت بە بنەما بنەڕەتیەکانی پێشکەوتن ببەستی خۆشدەکات.دژمنی کۆڵنەدەری کورتبینی خەڵکی چینی دووەمە کە تەنانەت خەڵکی دروستکاریش وێران دەکەن. قارەمانانی جیاوازی ئەفراندووە کە زۆربەیان کاری شایستە دەکەن، بەڵام بە ناچاری دەکەونە داوی خەڵکی چینی دووەمەوە. لە سەرانسەری بەرهەمەکانی خۆیدا ئەوە نیشاندەدات چۆن لە خەڵکی نەخوێنەوار بێزارە. گۆرکی ئەم خەسڵەتە تایبەتیەی بەرهەمەکانی ئەوی بە تەواوی لە وتارێکی خۆیدا بەنێونیشانی (کتێبی پەرێشانی) باس کردووە. بە گوتەی گۆرکی چیرۆکەکانی چیخۆف فکریان بێدار دەکردەوە، خەڵکی وا لێ دەکرد سەرانسەری ژیان بە شێوەیەکی دی بدینن، وەك بێژی بەخۆیان دەگوت: "هەزارەها خەڵکی وەکو ئەم رەشو رووتانە لە دنیادا هەن". "لە سەرانسەری ژیاندا وەکو قالۆنچە خزیونەتە کونی خۆیانەوەو بۆیە ژیانی ئێوە بەمجۆرە تاریك و خەمناکە". بە باوەڕی گۆرکی

(کتێبی پەرێشانی) کە مەبەستی یەکێك لە کۆ چیرۆکەکانی چیخۆفە، وا دێتە بەرچاو کە هەمیشە وای بــــــــــــــــــــە خوێنـــــــــــــــــــــــەران گوتـــــــــــــــــــــــووە.
چیرۆکەکانی چیخۆف تەنیا چیرۆکی سەرگەرمی رووت و ئاسایی نین. بەڵکو پرسیاری جددی دەخستە بەردەم خەڵکی: "بە کەڵکی چ دێی؟ مانای کاری تۆ چییە؟" هیچ کەسێك لە گۆرکی باشتر مانای بەرهەمەکانی چیخۆڤ دەرك نەکردووە.

چیخۆف میناکی جەراحێکی نەشتەر بە دەست نەشتەرگەری عەیب و عار و کەم و کورتیەکانی کۆمەڵگەی کردووە. یەك زنجیرە مەسەلەو پرسی بە جۆشی لە هەموو وارەکانی ژیاندا خستووەتە روو. هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن کە کۆمیکەکانی لایەن و شەقڵی فرە جدیان هەیەو بەرهەمەکانی سەرڕێژن لە هزری پرشنگدار.

چیخۆف وەستایانە دوو روویی و قەڵبکاری پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی، گەندکاری و درۆ لە زەوجین و ڤیاندا، بێ تەربیەتی مندالانی باس و وەسف کردووە. لە زنجیرە چیرۆکێکی خۆیدا، وریایی و دروستکاری مندالان لە هەنبەر ئەخلاق نزمی نەخوێنەوارانـدا دادەنـێ. منداڵێك خۆشباوەڕانە باوەڕ بەو قەولی شەرەفە دەکات، کە خاڵی هاتووەتە دیدەنی دایکی، بەوی داوەو رازی خۆی بەو دەسپێرێ: بابە دلۆڤانەکەی خۆی کە دایکی تەلاق داوە، بە نهێنی دەبینێ. کوریژگەکە دەپارێتەوە: "بەلام مەعز بۆ خوا ئەمە بە دایکم نەڵێی، بە هیچ کەسێکی مەڵێ، چونکە ئەمە نهێنییەکە". بەلام خاڵی، کە (بلائیوڤ)ی ناوە، لە موڵکدارانی پترسبۆرگە، درۆ دەکات و بێ حورمەتانە لەو قەولی شەرەفەی بە منداڵەکەی داوە ژێوان دەبێتەوەو هەر لەوێدا هەموو شتەکان بۆ دایکی منداڵەکە دەگێڕێتەوەو ئەو منداڵەی کە بۆ یەکەمجار دەزانێ درۆچییە فرە خەمبار دەبێت.

چیخۆف هەمیشە بە پەرۆش و خرۆشێکی تایبەتیەوە مندالانی وەسف کردووە. بەمجۆرە کەڵکەڵە مرۆڤدۆستیەکانی خۆی ئاشکرا دەکات. چیخۆف لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا کەمینی بۆ خەسڵەتە نەرێتی و دزێوەکان نابووەوە تا هێرشیان بکاتە سەرو راویان بکات. زەوجینی یاسایی کە بە نەهەق بە ئەشقی ناو دەبەن و لە راستیدا کارێکە لە پێناوی بەرژەوەندی هیچ دا کردوویانە، بە ناڕەواو نابەجێ دەزانێ و لەم بارەیەوە چیرۆکێکی نووسیوە بە ناونیشانی (چۆن ژنی یاساییم هێنا). لە چیرۆکی (سروشتی پڕ لەغەن)دا ڤیانی کۆیلەیەتی و لە چیرۆکی (تراژدین)و (ئانیت)دا پەیوەندی ناکۆکی نێوان ژن و مێردی هێناوەتە ئاراو زۆر لێکراویی ژن لە کۆمەڵگەی ئەو رۆژگارەدا نیشاندەدا.

دەشێت بگوترێ هیچ کایەیەك لە مەیدانی پەیوەندییە مرۆڤانیەکاندا نیە کە ئەو دەستی بۆ نەبردبێ. لە هەندێ چیرۆکی تردا ململانێی دەگەڵ مانەوەی کۆیلایەتی لە هزری خەڵکیدا کردووەو دژی وەستاوە. بەخۆی دەیزانی کە کۆمیکەکانی دەگەڵ ئوسوڵ و ئەخلاقی باودا نەدەگونجان. ئەمەی لە چیرۆکێکدا بە ناونیشانی "پیاوێکی لاو" دا باس کردووە. خویایە کە ئەم لاو جارچی و گوتیاری هزری نووسەری چیرۆکەکەیە. نوسخەی گوتارێك بۆ ئوفیسی گۆڤارێکی

کۆمیکی دەبات و بیری (پراڤدولیوبوڤ) دەجوڵێنێ کە لە بەرگریکارانی داب و نەریتی باوی کۆمەڵگەی ئەو زەمانە دەبێ.

پراڤدولیوبوف پرسی: "بەم حیسابە ئێوە کۆمیك نووسن؟ بەم گەنجییە ئەوەندە گەندەڵن، دەبێ شەرمەزاربن". ئەو بابەتە کۆمیکییانەی کە ئەو لاوە لەگەڵ خۆی هێنابوونی، بریتی بوون لە رەخنەی توند لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارە.. بۆیە پراڤدولیوبوڤ پێی دەڵێت: "بەم گەنجیە ئەوەندە گەندەڵی" پەیوەندی نێوان چیخۆف و داروودەستەی دەسەڵاتداریش بەو جۆرە بوو. جا خۆش ئەمەیە کە هەمان چیرۆك (پیاوێکی لاو)یان بە بۆنەی پێشێلکردنی داب و نەریتان سانسۆر کردو نەیانهێشت چاپ و بڵاوببێتەوە. چیخۆف لە نامەیەکدا بۆ لیکین– Leikine لە سێپتامبەری ١٨٨٤دا نووسیویەتی: "پیاوە لاوەکەی من بووەتە مایەی تەعەجوب چونکە بە گوێرەی رێساکانی سانسۆر نیە... خەڵکی مۆسکۆی ئێمە کە هەواداری سانسۆرن تاجوبیان دەمێنێ. ئەدی چۆن تەعەجوب نەکەن! لە وڵاتی ئێمەدا وشەیەلی میناکی نەواری سێ رەنگ و ئەم شتانە.. خەتیان بەسەرا دێنن...".

لە نامەیەکی دیدا کە بۆ پلشچیوف–ی نووسیوە دەڵێت: "من لە درۆو دەلەسە بێزارم". ئەم بێزاریە لە درۆو دەلەسە کە ئەنجامی مەردمدۆستیە، لە سەرەتاوەو لە هەوەڵین چیرۆکەکانی خۆیدا بەرجەستەی کردووە. لەوێدا دژایەتی زبری و بێ ئینساف و کورتبینی بە ئاشکرا دیارە.

گۆرکی لە نامەیەکا بۆ چیخۆف نووسیویەتی: "تۆ بە چیرۆکە بچووکەکانی خۆت کارێکی زۆر گەورە دەکەی: نەفرەتێکی زۆر لە نێو خەڵکیدا دەرهەق بەم ژیانە سست و خەواڵوو نیوەگیانە کە خوا بیبڕێ، چێدەکەی". هەروەها گۆرکی لە وتارێکی تایبەتیدا دەربارەی چیرۆکی چیخۆف، بە ناونیشانی: "لە گوند"ا دەربارەی کۆی بەرهەمەکانی دەگاتە ئەم ئەنجامە: "عیبرەت لێرەدایە کە هەر چیرۆکێکی چیخۆف ئاهەنگێکی یەجگار گرانبەهاو پێویست لەزەینماندا چێدەکات: ئاهەنگ و ریتمی قارەمانیەتی و ژیاندۆستی".

چیخۆف وەکو هەندێ لە قارەمانەکانی خۆی، لەوانە (ئیڤانۆڤ)ی قارەمانی درامای (ئیڤانۆف) بە هیچ جۆرێ رەشبین و بیانووگر نەبوو. لە نێوان ئەم ئیڤانوڤەو، کە جگە لە خۆکوژی هیچ چارێکی دیکەی نەدەبینی و بە تەواوەتی دەستی لە ژیان شۆردبوو، وچیخۆفدا کە ژیاندۆستی لێدەچۆڕا، هیچ خاڵێکی هاوبەش نیە، چونکە ئەو هەمیشەو بە ئاشکرا دەیگوت: "ئەوەی بەلای منەوە لە هەموو شتێك پیرۆزترە قاڵبی ئینسانی، تەندروستی، زەوق، هونەر، ئیلهام و سەرۆ، پوختەترین ڤیان و ئازادی، نەهێشتنی درۆو دەلەسە بە هەر شێوەیەك بێ". لە دوو دڵی و رارایییەکانی ئەم رۆشنبیرە نائومێدانەش بێزارە. کەسێك بیەوێ ئەم کەچڕەوی و لادانانەی وەکو ئەو تێی دەگەییشت، دەرك بکات پێویستە لە هەموو ئەم جۆرە خەڵکە باشترو باڵاتر بێ، ئەمە هەمان ئەو مەبەست وخاڵەیە کە لە چیرۆکەکانیا دەی بینن.

رەفتاری دەربارەی ئەم جۆرە خەڵکە پڕە لە ئیرادگیری و رەخنە. بە خۆی لە زۆربەی نامەکانیا ئەمەی گوتووە. بۆ نموونە لە نامەیەکیدا بۆ سوڤورین لە ٣٠/دیسامبەر/١٨٨٨ بە دوورودرێژی باسی درامای (ئیڤانۆڤ)و قارەمانەکانی دەکات، شوێنیان لە ژینگەی ئەو رۆژگارەدا دیاری

دەکات. ئـەم نامـە جوانـە ئـەوە نیشـاندەدات کـە ئـەو تـەواو بایـەخی ئـارەزووە نـزمو خاوەکـانی قارەمانــەکانی خــۆی زانیــوە. هەوڵــدەدات "رێگــەی رۆشــنبیرانی روســیا" دیــاری بکــات. ئــەم رۆشنبیرانەی کە هێشتا هیچ نەبووە، تاقەتیان چووە، چونکە هیچ مەبەست و ئامانجێکیان لە پێش نیە لە دەوروبەری سی و پێنج ساڵیدا دەڵێن: "گیانە... ژن مەیەنە، عیبرەت لە ئەزموونی من وەربگرە". یان: "ئازادی خوازی چییە؟ هەر بەینی خۆمان بێ، هەق بە کاتکۆڤ– Katkov بوو". کاتکۆڤ (١٨١٨– ١٨٨٧) لەو سەردەمەدا سەرنووسەری گۆڤاری (پەیام ئاوەری روسیا) بوو، بە یەکێك لە کۆنەپەرسترین نوێنەرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەژمێردرا.

قارەمانـانی (چـیرۆکی تاقەتبـەر)ی خۆیشـی بـە هــەمان ئیرادگیرییــەوە وەسـف کـردووە. لـە نامەیـەکی تـری دا کـە لـە سـاڵی ١٨٩٣دا بـۆ (پلشچـیوف)ی نووسـیوە ئاگـاداری دەکاتـەوە کـە چیرۆکێك بۆ گۆڤاری (پەیام ئاوەری باکوور)، بۆ ئەو دەنێرێ و دەڵێت: "ناونیشـانەکەی (چیرۆکی تاقەتبـەر)ەوە لـە (رۆژنامـەی پیرەمێـرد)ەوە وەرگـیراوە وەکـو دەیبـینی تاقەتبـەرترین شـتی ئـەم چیرۆکە بەڵگاندنـە دوورو درێژەکانیـەتی کـە بـۆ نەگبـەتی نـاتوانرێ رەت بکرێتـەوە، چـونکە ئـەم قارەمانـە نـاتوانێ چاوپۆشـی لێبکـات.. ئـەم بەڵگانـە قارەمانەکـەو بـاری دەروونـی و خـودی خـۆی نیشان دەدات".

چیخۆف لەم چیرۆکەدا (چیرۆکی تاقەتبـەر) هـەمان ئـەو دوو دڵـی و راراییانـەی وەسف کردووە کە دارو دەستەی رۆشنبیرانی روسیای ئەو رۆژگارەی گرتبووەوە.

یــەکێك لــە قارەمانــەکانی، کــە پروفیســۆر نیکــولاس ستیپانوڤیچــە پەرەســەندنی هزریــی رۆشـنبیرانی ریفۆرمخـواز دەنوێنێ کـە لـە ئەنجامـدا بیرەکانیـان پوچـەڵ دەبێتـەوەو لـە نائومێـدی خـەڵکی چـینی دووەمـدا غـەرق دەبـن. نیکـوڵاس سـتیپانوڤیچ کـە لـەوەپێش یـەکێك بـووە لـە دۆسـتانی (نکراسـۆڤ کـاڤلین)ی رۆژنامەنووسـی ئازادیخوازی بـەناوبانگی روسـیاو هێشـتا لـە نـاو لاواندا دەسەڵاتو پایەیەکی فرەی هەیە، بووە بە پیاوێکی بیانوگر.

(چـیرۆکی تاقەتبـەر) یەکێکـە لـە باشـترین چـیرۆکی کۆچـیرۆکێکی چـیخۆف بـە ناونیشـانی (خـەڵکانی ناڕازی) کە لـە سـاڵی ١٨٩٠دا بڵاوی کردووەتـەوە. لـەم چیرۆکانەدا هونەرنوێنییـەکی فرەی دەربارەی وەسفی ژیانی رۆژانـە کـردووەو لـەم مەیدانـەدا کـەس هاوتـای ناکاتـەوە. دەتـوانێ حەقیقـەتێکی خـەمناك بـە شـێوەیەکی زنـدوو نیشـان بـدات. ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا بەڵگەیـە کـە چیخۆف لە ساڵانی ١٨٨٠– ١٨٩٠دا مامۆستای بێ چەندو چوون بووە لە هونەری خۆیداو بە راسـتی شایسـتەی ئـەوە بـووە کـە نـەك هـەر چیرۆکانی بچـووك بـۆ سـەرگەرمی بنووسـێت،بەڵکو کۆمەڵێك پەردەی حەماسی وەکو (چیرۆکی تاقەتبەر)و (دەشتەکان)ش وێنەبگرێ.

لە کۆچیرۆکی (خەڵکانی ناڕازی)دا تاقمێکی رۆشنبیری نائومێدو بێ ئامانج دەبینین کە بەبەر چاوماندا تێ دەپەڕن. بەڵام بەرهەمـەکانی بە هیچ جۆرێ تایبـەت نین بە باسو وەسفی گروپـی رۆشنبیران. دەتوانرێ بگوترێ ساڵنامەی ئەدەبیاتی ئـەو رۆژگارەیـەو ئـەم پیاوە هونەرمەنـدە کە توانـای وردی دیتنوسـەرنجی هــەبووە، خەسـڵەتە دیارەکـانی دەروونـی چـینە جیاوازەکـانی کۆمەڵگەی روسی وسەف کردووە.

لەلایەکی ترەوە بەوپەڕی زەبەردەستی زنجیرەی وەسفی (خەڵکی بێکارە)ی، کە لە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەمی روسیادا هاتبووە ئاراوە، تەواوکردووە. (خەڵکانی بێکارە)ی چینی ئەرستۆکراتی روسیا لە ژێر قەڵەمەکەی چیخۆف دا لاقیان دەلەرزێ و جەزبەوسەفای دەروونی خۆیان لە دەست دەدەن.

لایوڤسکی – Laievski کە قارەمانی چیرۆکی (شەڕی تەن بە تەنە) نموونەیەکی زۆر باشی ئەم (خەڵکە بێکارە)یە کە ئەو بەوپەڕی نەرێتی وەسفی کردووە. ئەم قارەمانە خۆی بە پاشماوەی زەڕخرێیان دەزانێ، ژیانی بێهودەی خۆی بە هۆی هزرێن وەکو ئەمەوە گەرم دەکات کە: "بۆ ئێمەی پاشکەوتوو وبێکارە هەموو رەهاییەك لە سوخەنڕانی دایە".

لە شانۆنامەی (باخی ئاڵوباڵو) دیمەنێکی ئاشکرا لە گەندەڵی و هەژاری فیکریی چینی ئەرستۆکرات دەبینرێ. دوا نوێنەرانی چینێك کە لەوەپێش بە نامێ بوو وتەنانەت لە ئەنسکلوپیدیای رۆژو وەختدا باسیان دەکردن، ئەمێستا خەڵکێکی نا شایستەو مایەی بەزەیی و بار بوون بەسەر ژیانەوە. چیخۆف لە بەرانبەر ئەمانەدا قارەمانێکی دیکە، کە (پەرمولای) ناوە دادەنێت کە نوێنەرو نموونەی ئەو چاوچنۆك و پارەپەرستە تازانەیە کە جێی ئەوان دەگرنەوە. پەرمولایی، بەسەر پێشینانی خۆیدا زاڵ دەبێ، ماڵێکی هاوینە دەکڕێ و بەوپەڕی خۆ هەڵکێشانەوە دەڵێت: "لەمە بە دواوە ئەم باخە هی منە".

چیخۆف پەردە لە رووی رازونهێنی ئەم خەڵکە تەماعکارو پولەکیە هەڵدەماڵێ و لایەنگری خەڵکی سادەی چینی بندەستوهەژارە. لە هەردووك چیرۆکی زۆر جوانی (ئارەزووی خەو)و (ڤانکا)دا داکۆکیکاری راستەقینەی خەڵکی زۆر لێکراوە. لە نامەیەکی پڕ لە هەڵەی ئاشکرا کە ڤانکای مندالْ بۆ بابەگەورەی نووسیوەو بەدرەفتاری مامۆستاکانی بۆ دەگێڕێتەوە. رق و کینەیەکی ئاشکرا دەرهەق بە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتیەکان بەرچاو دەکەوێ.

لە چیرۆکی (ئارەزووی خەو)دا خزمەتکارێکی ناچیز بە ناوی ڤانیا رۆژێ کە سەبری سوا بوو، لێدەبڕێ منداڵەکەی ماڵە گەورەکەی خۆی خەفە بکات تا بەلای کەمەوە جارێك لە عومراتیا بە دڵی خۆی بخەوێ.

لە هەردووك چیرۆکی (خەون)و (لە تاراوگە)دا ژینگەی دوورخراوەکان وەسف دەکات و لە وەسفی ئەواندا بۆچوونی تایبەتی چیخۆف دەبینرێ. لە نێو خەڵکانی چەوساوەو ستەمدیدەدا سەرچاوەیەکی دلاوەری و گەشبینی دۆزیوەتەوە، وەکو لە چیرۆکی (تاراوگە)دا تاتارێکی بەهێز لە بەرانبەر کەسێکە کە لەمە پێش خوێنەوار بوو، کەچی ئێستا نا ئومێدو رەش بین و بەگومانە.

چیخۆف دەرمانی بێ وەریی و روخاوی کە ئەنجامی بێکاریە، لە تێکەڵ بوون دەگەڵ خەڵك و لە کاردا دەبینێ. لە شانۆنامەی (سێ خوشك)دا ئیرینا دەڵێت: "مرۆڤ دەبێ بە ئارەقی نێو چەوان بژی، کاربکات، ماناو مەبەستی ژیان ئەمەیە". بە گوتەیەکی دی ئەگەر کارێکی گیانبەخش نەبێ خەڵکی کەودەن و گەندەڵ دەبن. "دەخۆن، دەخۆنەوە، دەمرن... و جا بۆ ئەوەی بێ تاقەتی بە تەواوەتی خڕفیان نەکات، دەکەونە چەنەبازی، ڤۆدگا خواردنەوە، قومارو قەرقەشە." هیچ یەکێك

لەم خووانە لە نێو خەڵکی کرێکاردا نیە. وێڕای هەلومەرجی ژیانی ناخۆش‌و نالەباریان، سەرچاوەی رەشبینی‌و بێ ورەیی‌و هەرەسهێنانی ئەخلاقیان لە نێودا نیە.

لە چیرۆکی (قاوشی ژمارە شەش)دا بە ناوی ژیانی ئاسایی جەماوەری خەڵکەوە نهێنی کۆنەپەرستان بە دروستی لە قاودەدات کە چۆن ژیانیان گۆڕیوە بۆ (قاوشی ژمارە شەش). ئەم قاوشە نموونەو وێنەی هەر هەموو پرەنسیپە ئیدارییەکانی روسیای تزاریە کە ژیان لە وێدا تا ئەم ئەندازەیە ترسناك بووە. قارەمانی ئەم چیرۆکە لە دڵی خۆیدا بیر دەکاتەوە: "کەواتە ئەمە حەقیقەتە". ئەم وشانە وەکو تەرجیع بەندی سەراپای چیرۆکەکەیە. لەم چیرۆکەدا گیانی رەخنەگری نووسەر گەییووەتە لوتکەی خۆی. لەو مەسەلەیەدا چاو لە تۆلستۆی دەکات کە بێ پەرواو بێ هیچ دوو دڵییەك پەردەی لە رووی ستەمکارییەکان هەڵدەماڵی. بە بۆچوونی چیخۆفیش ستەمکاری لە هەموو شوێنێکدا، لە هەر هەنگاوێکا، زاڵ‌و فەرمانڕەوایە. مدارای کەسایەتی ئینسانی، تەنیا رۆڵەتەو هیچی دی، بۆ ئەوەی پیاوێکی بێ گوناح‌و بێ تاوان لە هەموو مافێکی خۆی مەحروم‌و بێ بەش بکەن‌و کاری قورسی بەسەردا بدەن تەنیا یەك شت بەسە، ئەویش کاتە، دەبێ مدارای ئەو کاتی تەشریفاتکاریە بکرێ کە قازیەکان پارەی لەسەر وەردەگرن، و پاش ئەوە ئیدی کاری کراوە.

ئەم ژینگە پڕ ئازاروسوێ‌و ترسناکە لە چیرۆکێکی تری خۆیدا بە ناونیشانی (پیاوێکی معلەب ....) نیشانداوە. وەکو (قاوشی ژمارە شەش) نموونەی پرەنسیپ و شتە ئیدارییەکانە، بلیکۆڤ– Belikov، قارەمانی چیرۆکی نێوبراو،نوێنەرانی ئەم پرەنسیپە مەردم ئازارە بەرجەستە دەکات. هەموو خەڵکی شار لە بەردەم ئەم پیاوەدا دەلەرزن، "ئەم پیاوە کە هەمیشە بە گالۆش‌و چەترەوە حەرەکەتی دەکرد لە پازدە ساڵدا هەموو خوێنکارانی هەراسان کردبوو". خویایە کە چیخۆف تا چ رادەیەك لەم قارەمانە بێزارە، یەکێك لە قارەمانەکانی ئەو، ئیڤان ئیڤانوڤیچ، هەڵوێستی ئەوی لە هەنبەر ئەم پرەنسیپ و دابە کۆمەڵایەتیانەی کە (پیاوانی معلەب)ی تیا زۆرترن، بەمجۆرە دەربڕیوە: "نە، چیتر ژیان بەمجۆرە نابرێتە سەر". ئەو قارەمانەی کە ئەو بەرابنەر بە بلیکۆڤ دایناوە، دەگەڵ چیخۆفدا پێکڤە دەڵێن: "مەحاڵە بەمجۆرە ژیان ببرێتە سەر". لەم ژیانە ناڕازین‌و بە هیوای شتێکی ترن. یەکێك لە نەخۆشانی (قاوشی شەشەم)، ئیڤان دمیتریوڤیچ، باوەڕی بە ئایندەیەکی باشتر هەیە: "کاتێ کە پەنجەرەی ئاسندارو نیوکوێتی زندانیان نەبێ". دەڵێت: "رەنگە بە جۆرێکی سواو وکۆن مەبەستی خۆم بڵێم، رەنگە ئێوە پێ بکەنن. بەڵام دەزانم سپێدەی ژیانێکی نوێ هەڵدێ، حەقیقەت دەباتە بەرەوەو نۆرەی ئێمەش دێ کە خۆشحاڵ ببین. من هەنگێ نامێنم، بەڵام نەوەکانی ئێمە ئەو سەردەمە دەبینن، من لە ناخی دڵەوە درودیان بۆ دەنێرم، و لە جیاتی ئەوان دڵخۆشم. هەڕنەپێش، بەهێڤیم کە خوا یاوەرتان بێ، دۆستانی من". ئەم باوەڕە بە ژیان لە سەرانسەری بەرهەمەکانی چیخۆفدا رەگی داکوتاوە.

لە شانۆنامەی (سێ خوشك)دا ڤیرشینین دەڵێت: "لە ئایندەیەکی کەم دابێژێك دوورا، لە دوو سەد سێ سەد ساڵی دیدا، ژیانی ئێستای ئێمە بە شتێکی پێکەنیناوی یان ترسناك دەزانن، هەرچی شتێکی ئەمڕۆ هەیە دژوارو زۆر ناڕەحەت‌و سەیر دێتە بەرچاو پەح ئەمە دەبێ چ

ژیانێکی خۆش بیّ!" ئارەزوو وئاواتی ئاستروڤ، قارەمانی هەمان شانۆنامەو کورولوڤی پزیشك لە چیرۆکی "رووداوێکی جوان"و قارەمانی (پیاوێکی نەناس)و زۆری تر هەمان ئارەزوو ئاواتە. هەندیّ لەوانە پێشوەختە هەست بەو باهۆزو تۆفانی ئایندەیەی کە ژیان لەم سستییەی خۆی دەربێنیّ، دەکەن.

توسینباخ لە شانۆنامەی (سیّ خوشك)دا دەڵێت: "کاتی هاتووە، تۆف وبۆرانیّ بەڕێوەیە، باو بارانێکی سەخت دادەکاتو بەو زووانە تەمەڵیو بێتاقەتی تەواو دەبیّو نامێنیّ".

لەلایەکی ترەوە چیخۆف کەسێکی دیموکراتیش بووە. کە لە نامەیەکیدا گوتوویەتی کە لە منداڵیەوە باوەڕی بە پێشکەوتن هەبووە، ئەمە ڕێکەوتەکی نیە. ئەم باوەڕە بتەوە بە پێشکەوتن، لە هەموو بەرهەمەکانیا خویایە.

لە ساڵانی ١٨٨٠- ١٨٩٠دا باوەڕی ئەو بە هۆی دەسەڵاتی بزووتنەوە دیموکراتە جەماوەرییەکانەوە ریشەی داکوتاوە. دەربارەی ئازادی چاپەمەنی رەئی دەردەبڕیّ، یاری ئەو خوێندکارانە دەدات کە مانیان گرتووە، لە گەڵ حکومەتێکایە کە لەسەر بنەماو پرەنسیپی دادپەروەری رۆنرابیّ. باوەڕی وایە کە روسیا دەستووری دەبێت. ئیلپاتیڤیسکی لە یاداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت کە چیخۆف بەر لە ساڵی ١٩٠٥دا دەگەڵ هەر هەموو ئەو روداوو دیاردانەدا کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی دیموکراسیەوە هەبووە، هاوسۆزی تەواوی کردووە. "هەرگیز ئەوم بەم رادەیە بە کەیفو دڵخۆش نەدی بوو.. نەك تەنیّ میناکی جاران دەربارەی هەواڵی ئەدەبیو دەربارەی ئەدیبان پرسیاری دەکرد، بەڵکو دەی پرسی لە کۆنگرەی پزیشکاندا دەربارەی پیرۆگۆڤ چ دەڵێنو هەست بە چ دەکەن؟ ورەی خەڵکی لە بنکە کۆمەڵایەتیەکانی پێشڕەواندا (ئازادیخوازان)لە مۆسکۆو پترسبۆرگدا چۆنە؟ کەی بە تەمان دابو پرەنسیپە کۆنو رزیوەکان هەرەس بێنن؟... و کاتیّ خۆی شتێکی دەگێڕایەوە وەکو جاران نەیدەگێڕایەوە، لەو رووداوانەدا کە رۆژنامەکان بڵاویان دەکردەوە بە دووی شتێکی دیکەدا دەگەڕا، نەك بە دوای بێتاقەتی، شەرمەزاری، نائومێدی، تاریکاییەکانی ژیانی روسیا، بەڵکو بە دوای ئەو رووداوو نوچانەدا دەگەڕا کە پەرەسەندنو پێشکەوتنی داورەدەستەی ناڕازیانی لە روسیادا نیشان دەدا. ئەمە لە بەهاری ساڵی ١٩٠٤دا بوو، لە کەش وهەوایەکدا کە خەڵکی پێشبینی شۆڕشیان دەکرد".

چیخۆف لە بیروبۆچوونە هونەرییەکانیا هەمیشە باوەڕی بەلایەنی کۆمەڵایەتی هونەر بووە، زۆر جار گوتوویەتی دەبیّ هەر بەرهەمێك هزرێکی بەرز بەرجەستە بکات. یەکێك لە قارەمانەکانی بەنێوی دارن- Darn لە شانۆنامەی (کاکایی)دا دەڵێت: "بەرهەمی هونەری بە ناچاری دەبیّ هزری گەورەو بەرز بەرجەستە بکات. هەر شتێك جدی بیّ گەورەیە. ئەمە جگە لەوەی کە بەرهەمی هونەری پێویستە هزرێکی رۆشنو خویا لە ناوخۆیا پەروەردە بکات. تۆ دەبیّ بزانیت بۆچی دەنووسیت، دەنا هەر گاڤیّ بەبیّ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو ئەم ڕێیە بگریتەبەر گومڕا دەبیت وهونەرەکەت سەرت دەخوات" هەر لە هەمان شانۆنامەدا قارەمانێکی دیکە بە نێوی تریگۆرین- Trigorine دەڵێت: "من تەنیا چاوەنداز ساز نیم، من نیشتمان پەرستیشم،

نیشتمان، میللەتم خۆش گەرەکە، هەست دەکەم کە ئەگەر نووسەرم، لەسەرمە باسی میللەت، دەردو ئازارەکانی میللەت، ئایندەو زانست بکەم."

چیخۆف لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "ئەدەبیاتیان بۆیە ئەدەبیات گوتووە چونکە ژیان وەکو چۆن لە راستیدا هەیە، وێنە دەگرێت. مەبەست ئەوەیە کە حەقیقەت راستگۆیانە بڵێ. ئەرکی هونەرمەند ئەمەیە کە هەرچییەك دەبینێ، ئەگەر ناحەزیش بێ، قێزەوەریش بێ، وێنەی بگرێت، ئەرکی سەرشانی ئەمەیە کە نەفرەتی خۆی ژێر پێ بنێ، توانای وێنای ئەو دەبێ ژیان بە هەموو کرێتی و دزێوییەکانیەوە بنوێنێتەوە، ئەدیب حەڵواچی و عەترسازو چەرچی و لیبۆکی گەڕۆڵ نیە".

لە شوێنێکی تردا پایەی نڤیساری بەمجۆرە دیاری کردووە:"مەبەستی من ئەمەیە کە بە بەردێك دوو کێشکان بپێکم: ژیان لەگەڵ حەقیقەتدا بەرجەستە بکەمو ئەوەش نیشان بدەم تا چ رادەیەك لە رێسا دەردەچێ: وەکو چۆن رێسا بۆ هەر کەسێکی تر نادیارە بۆ منیش دیار نیە".

گۆرکی بەرزترین بۆچوونی دەربارەی پایەی کۆمەڵایەتی چیخۆف هەبوو. دەیگوت چیخۆف "یەکێکە لە باشترین دۆستانی روسیا، دۆستێکی بەهۆش وزرینگ، بێ لایەنو بە ئینسافە، دۆستێك کە روسیای خۆشدەوێ و شەریکی رەنج و ئازارەکانیەتی. روسیا لە بیری ناکات. بەرهەمەکانی چیخۆف بۆ رۆژگارانێکی دوورودرێژ یارمەتیدەری تێگەیشتنی ژیان دەبن، نووسینەکانی ئەو کە بزەیەکی خەمینی دڵێکی ئەڤینداری بە سەرەوەیە، چیرۆکەکانی ئەو کە ئاوێتەیەکە لە زانیاری و مەعریفەتێکی ورد سەبارەت بە ژیان، بێ لایەنیەکی زرینگانەی پیاوێکی هەستیاروهوشیاری تێدایە کە هەست بە هەموو شتێك دەکات و پەی پێ دەبات، نەك هەستی بەزەیی..." بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە باسی نەبوونی خاڵ و ئاراستەو میتۆدی هاوبەش لە بەرهەمەکانی چیخۆفدا دەکەن، گۆرکی گوتوویەتی: "لە بەرهەمەکانی چیخۆفدا شتێکی پتر لە خاڵ و ئاراستەو میتۆدی هاوبەش هەیە. چیخۆف زاڵ بوو بەسەر ئەو باوەڕەدا کە لەمەڕ ژیان هەی بوو.. هەموو بێتاقەتی، هەموو گەوجێتی، هەموو پەشێوی و پەرێشانیەکی ژیان بە دیدێکی بەرزو پوختە نیشاندەدات".

گومانی تێدا نیە کە چیخۆف نووسەرێکی حەقیقەت بینی مەزن بووە. بە بچووکترین رووداو، بە کەمترین حاڵەت شتێکی جوان و بنەڕەتی وەیاد دێنێتەوە. حەقیقەتبینی ئەو لە ئیمساك و(کورتبڕی ودەستگرتنەوە) شایستەیی لەوەدایە کە تەنیا شتی جدی و سەرەکی لە بەرچاو دەگرێ.. پرەنسیپی ئیمساکی لە هونەردا، کە نووسەرانی ناتورالیست زۆر لێی دوورن، بەمجۆرە باسکردووە: "ئەگەر لە فەسڵی یەکەمدا گوتت تفەنگێك بە دیوارەوە هەڵواسراوە، لەم حاڵەدا، دەبێ بە ناچاری لە فەسڵی دووەم یان سێیەمدا ئەم تفەنگە تەقە بکات". ئەم دەستووری ئیختیزال و پاشەکەوتە بناغەی حەقیقەتبینی ئەو پێکدێنێ، پێویستە ئەوە بگوترێ کە لەم بارەیەوە داهێنەری راستەقینەیە بە تایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەو کاتێ ئەم رێچکە هونەرییەی خستووەتە ڕوو کە ناتورالیزم هێشتا دەسەڵاتێکی فرەی هەبووە، واتە ئەو ناتورالیزمەی کە بە درێژدادڕی و زۆربێژی و وردکردنەوەو بە تاناچوونی هەر وردو

درشتێکی بە کەڵك و بێ کەڵك بە نێوبانگ بوو، دەبینین چیخۆف داب و ڕێساکانی وەلاناوەو پرەنسیپ و بنەماو ڕێچکەیەکی هونەریی نوێی هێناوەتە ئارا. بۆیە لە چیرۆك و حیکایەت و کورتە چیرۆکدا مامۆستایەکی بێ نەزیرەو ڕێبازێکی پوختەو تەواوی بۆ باسی سایکۆلۆژیای خەڵکی سەر بە چینی دووەم ونشێوی و نزمیەکانی ژیان داهێناوەو دۆزیوەتەوە.

بە وردییەکی سەیرەوە توانیویەتی نەگبەتی وکلۆڵی ژیانی نەخوێنەواران نیشانبدات. ئەم وردییە لەگەڵ ڕوونی و ڕەوانی و هاوئاهەنگی شێوەو ناوەڕۆکدا یەکانگیر بووە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هونەری چیخۆف پابەندی و ڕەچاوکردنی وردی، هاوئاهەنگی و ئیختیزال و کورتبێژی و کورتبڕییە لە وتنداو ئەم تایبەتمەندییە کاریگەریی بەسەر ئەدەبیاتی ڕۆژگاری ئەوو ئایندەشەوە هەبووە.

لە هونەری وەسفی دیمەناندا مامۆستایەکی مەزن بووە، لەم بوارەدا ڕووبەڕووی یەکێك لە پرەنسیپە پەسندەکانی ئەو دەبینەوە، ئەویش بەرجەستەکاریە. ئەو دیمەنانەی کە ئەو وێنەی گرتوون ژینگەو ناوەندێکە بۆ کاری قارەمانەکان و پێناسەی قارەمانەکان پێك دێنێ و دەشێت بگوترێ کە ژینگەو دەوروبەرێکی کاریگەرە. دیمەنەکانی ئەو ڕێگەمان دەباتە ناو جیهانی ناوەوەو دەروونی خەڵکی. یەکێك لە خەسڵەت و تایبەتمەندیە پەسندەکانی دیکەی هونەری چیخۆف شۆخیبازیە کە بە تایبەتی بۆ نیشاندانی گەوجێتی و ناهەنجاری و ناهەمواریەکانی ژیان بە کاری هێناوە. لە پشت پەردەی کۆمیکەکانی ئەوەوە کە بە ڕواڵەت پاك و بێ غەرەزن زۆر ڕەخنەی مستەهەق و بێ پەردەش سەبارەت بە نەخوێنەواران دەبینین. لەم بارەیەوە دەشێت چیخۆف لە ریزی گۆگۆل لە ئەدەبیاتی ڕوسی و ڤۆلتێر لە ئەدەبیاتی فەرەنسی و عوبەیدی زاکانی لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا دابنرێ، تەبع و بەهرەی شۆخیبازی و حەنەکچیاتی چیخۆف کە لە سەرەتای نڤیساری ئەوەوە دیار بووە تا کۆتایی ژیان لێی نەبووەتەوە. ئەم مۆرکی شۆخیبازیە لە (جدی) ترین بەرهەمیشیدا دەبینرێ.

دەبێ ئەم خاڵەش فەرامۆش نەکرێ کە چیخۆف توانیویەتی زۆر شیکردنەوەی وردی سایکۆلۆژی بکات و پێویستە بە یەکێك لە نووسەرە سایکۆلۆجستەکان بزانرێ. ئەم شتە لە زنجیرەیەك لە بەرهەمەکانیا، بە تایبەتی لە بەرهەکانی دوا ساڵەکانی ژیانی، لە ١٨٩٠ بەدواوە بە تایبەتی لە (چیرۆکی بێتاقەتی) بە دواوەو وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردێ لە شانۆنامەکانیا دەبینین.

چیخۆف بە خۆی لە شوێنێك دا گوتوویەتی: "هەرچییەك من نووسیومە دوای پێنج شەش ساڵی دی لە بیر دەچنەوە، بەڵام ئەو ڕێگایانەی کە من کردوومنەوە هەر دەمێنن، تاقە هونەری من ئەمەیە".

هەڵبەتە دیارە کە ئەم بۆچوونە نا دروستەی لە ڕووی بێ فێزی وخۆشکێنییەوە دەربارەی خۆی گوتووە، دەنا نەك هەر ئەوەی کە ئەو نووسیویەتی هەرگیز کۆن نابێت، بەڵکو ئەو ڕێگایانەش کە ئەو کردوونیەوە هەرگیز لە بیر ناکرێن و نایەنە لەبیر چوونەوە. ئەو کاریگەرییەی کە ئەو تا ئێستا بەسەر ئەدەبیاتی جیهان و ئەدەبیاتی سۆڤیەتیەوە هەیەتی باشترین بەڵگەیە.

خاڵێکی دی که له بهرههمهکانی چیخۆفدا بایهخێکی تایبهتی ههیه ئهمهیه که باوه گهورهی کۆیلهیهکی زهڕخڕێ بووه،ئازادی خۆی و کوڕهکانی که یهکێکیان بابی چیخۆف بووه کریوهتهوهو لـه کـۆتو بهنـدی کۆیلایـهتی ئـازادی کـرد بـوون. رۆژانـی منداڵیـهتی چـیخۆف یـهکجار یـهکهاوی ورۆتینی بوو وجگه له کارکردن له دوکانهکهی بابیو سروود خوێندن لـه کڵێسادا هیچی تر لـه ژیانیا نهبووه. قۆناغی خوێندنی سهرهتایی لـه قوتابخانـهی سـهرهتایی یونـانیو پاشـان قۆنـاغی باڵاتری له ئامادهیی ئهدهبی تهواو کردووه. بهمجۆره ژیانی ئهو لـهم قۆناغـهدا یـهك رهنـگ بـووهو، خوێندنیش لهم قوتابخانانهدا فره وشك و سهرقه سهرقهو رواڵهتی بووهو به ئاستهمیش یارمهتی پهروهرده کردنی فیکری ودهروونی لاوانی نهدهدا. بۆیه دهبێ بگوترێ که چیخۆف منداڵیو لاوی له ژینگهیهکی شارستانی سنووردارو رواڵهتی چینی دووهمی خهڵکی ئهو رۆژگارهدا رابواردووهو مینـاکی هـهموو گـهوره نووسـهرانی جیهـان لـه نێـو خهڵکیـهوه سـهری ههڵـداوهو رووی دهمـی لـه خهڵکی بووهو سهروکارو ههڵسو کهوتی تهنیا دهگهڵ خهڵکی دابووه. بۆیه توانیویـهتی بـه باشـی پهردهکان بدڕێو ئازارو دهردو رهنجهکان ببینێو دهرمانیان بۆ دابنێ.

یهکهمین چیرۆکی له ساڵی ١٨٨٠دا له گۆڤاری کۆمیکی (زیك زیکه)دا به ناونیشانی (نامهیـهك بۆ هاوسێیهکی زانا) بڵاوبووهوه. وهکو پێشتر ئاماژهی بۆ کرا ههوهڵجار بهناوی خوازراوهوه شتی دهنووسیو ههندێ جاریش به ناوی (پزیشکی بێ نهخۆش)و (مرۆڤی بێ زراو)و ئهو شتانه شتی دهنووسی. لهو قۆناغهی ستهمکارییانی بێ سنووری حکومـهتی ستهمکاری تزاراندا کـه ئـازادی دهربڕین بـه هـیچ جۆرێ لـه ئـارادا نـهبووه، چیخۆف بـهمجۆره باسـی کـاری خـۆی کـردووه: "لـهو کهسانه دهترسم که لـه بن دێڕهکانـدا بـۆ ئهندێشـهو ئاهـهنگی مـن دهگـهڕێنو گهرهکیانـه مـن وهکـو محافهزهکار یان ئازادیخواز بدینن، من نه ئـازادی خـوازم، نـه محافـهزهکار، نـه لایـهنگری ریفـۆرمی بهرهبـهره، نـه ڕهبـهنم، نـه بـێ لایـهنی رووت، ئـارهزووم لـێ بـوو ئـهدیبێکی ئـازاد بمو بـهس، بـهڵام حهیف ومهخابن که خوا ئهم توانایهشی نـهدامێ" لێرهشا هـهر خۆشکێنی کـردووهو گومـانی تیـا نیه که چیخۆف یهکجار ئازادو ئازادئهندێش بووه. تهنانهت به رادهیهك پابهنـدی ئـازادی بـووه کـه بانگهشـهی بـۆ رێبـازو ئایدیۆلوجیایـهکی سیاسـی تایبـهتی نـهکردووه. لهگـهڵ ئهمهشـدا لـه نێـو خهڵکیـدا، لـه کۆمهڵگـهدا دهربـارهی پێشـکهوتنو لـه باوهشـی وهچـهو نهسـلێن ئاینـدهدا ههمیشـه مهردانهو بهشێوازی تایبهتی خۆی تێکۆشاوه. گرنگترین کاری ئهو ناساندنی خهڵکانێکه که لـه دیدی خهڵکانی ترهوه نزمو بچووکنو سهنگو بایهخی دیتنو نیشاندانو باس کردنیان نیه، لـێ لـه گۆشـهنیگای ئـهوهوه سـهنگو بایـهخی جیهانیـان ههیـه، چـونکه لـه ئهنجامـدا هـهر ئـهوانن کـه چارهنووسـی جیهـان دیـاری دهکـهن. ههمیشـه لـه رێگـهی نیشـاندانی رواڵـهتو دیـوی دهرهوهی خهڵکییهوه حهقیقهتهکانی دهروونو ناخی بهرجهستهکردوون. لهم بارهیـهوه بچووکترین رووداوی بـهجۆرێ بهرجهسـته کـردووه کـه گـهورهترین حهقیقـهتی ژیـانی خـۆ بـهخۆ تیـادا دهردهکـهوێو خوێنـهر بـه دیـتنی ئـهم دیمهنـه دهرهکیانـه حهقیقـهت باشـترو زۆر زیـاتر دهرك دهکـات. هـهرچیهك نووسـهرانی دی نـهیان دیتـووهو نـهیان بیسـتووهو بـه ههنـدیان نـهگرتووه ئـهو دیتویـهتیو بیستوویهتیو کهشفی کردووهو گوتوویهتی.

بۆیە نووسەرێك نیە كە وەكو ئەو میهرەبان بوو بێ و بە رادەی ئەو هاوخەمی و خەمخۆری كردبێ، قارەمانەكانی ئەو هەرگیز كاری نا ئاسایی ناشیرینی ئەوتۆیان نەكردووە كە خەڵكی سەرگەرم بكات، بەڵكو كارێك دەكەن كە هەموو كەس دەیكەن و هەموو كەس دەتوانن بیكەن، بۆیە هەموو دەی بینن و بە هەندی ناگرن، بەڵام چیخۆف بایەخێكی زۆری لەوەدا دیتووە، بۆ نموونە لە چیرۆكی (خەم)دا عەرەبانچییەك هەیە كە كوڕە تاقانەكەی لە دەست داوەو بە دەم ئەوەوە كە خۆ بەخۆ كاری خۆی دەكات هەوڵدەدای كەسێكە دڵخۆشی بداتەوەو تووشی دەبێ بە تووشی پیرەمێردێكی ردێن سپییەوە كە بەوە دڵخۆشی دەداتەوە كە هیچ لەگەڵ چارەنووسی حەتمیدا ناكرێ و هەڵبەتە ئەم قارەمانانە لە هەموو شوێنێكدا بە زمانێكی سادە، سادەترین شتان دەدركێنن، لە دەستی هەژاری دەناڵێنن، لە زوڵم و زۆرو زێدەگاڤ بێزارن، كەچی هەر هەموو ئارەزووی ژیانێكی باشترو رۆژگارێكی روونتر دەكەن. چیخۆف بەمە بناغەی جیهانی ئایندەی داڕشتووە.

هیچ چیرۆكێكی درێژ نیە، چونكە پێویستی بە تول و تەفسیل و درێژدادڕی نەبووە، پێویستی بەوە نەبووە روونكردنەوەی دورو درێژ بەدەستەوە بدات، بەوەندە وازی هێناوە كە رووداوێكی بچووك وەربگرێ و ئەنجامێكی گەورەی لێ هەڵێنجێ. لە قۆناغی یەكەمی نڤیساری خۆیدا كە هێشتا سەروكاری لەگەڵ رۆشنبیرانی رۆژگاری خۆیدا پەیدا نەكردبوو، قارەمانانی چیرۆكەكانی زیاتر دوكانداران و وردەفرۆشان و خەڵكی دەستگێڕو چەرچیانن و لە قۆناغی دووەمدا زیاتر بەلای رۆشنبیرانی شارانی بچووكدا چووە.

ئەوەی كە چیخۆف-ی لە نێو هەموو نووسەرانی جیهاندا جیا كردووەتەوەو كردویەتی بە خاوەنی رەوت و رێبازێكی تایبەتی ئەمەیە كە لە سەرانسەری بەرهەمەكانیا چ لە چیرۆكەكانیاو چ لە شانۆنامەكانیا تاقە یەك وشەی زیاد نابینرێ، هەر لە دێڕی یەكەمەوەو بێ چ پێشەكییەك خوێنەر دەخاتە ئەو ژینگەیەوە كە دەیەوێت و ئەوجا بەوپەڕی كورتی و پوختی بابەتەكە بە شێوەیەكی یەجگار روون و رەوان پەروەردە دەكات و هەرگیز كەسێك لە ونگەوكوێرە كۆڵانەندا نایەڵێتەوە. هەمیشە لە چەند دێڕێكدا هەرچیەكی پێیەو هەرچییەكی هەیەو هەرچییەكی بوێ دەیلێت و واز لە خوێنەر دێنێ كە بە خۆی هەرچییەكی دەوێ لەپەراوێزدا هەڵی هێنجێ. لە وەسفەكانی چیخۆفدا حاڵەتی جۆراوجۆری سیماكان، پێچ و پەنای قسەكان، زمان و زاراوەی تایبەتی هەر داروەدەستەو چینێك، ئەو دەردو ئازارانەی كێشاویانە، تەنانەت هەڵس و كەوت و رەفتارو كرداریان دیارو ئاشكرایە. ئەوەی لە نڤیساریدا (سەرنج تیژی)یان ناوناوە لە لای ئەو لە هەموو كەسێك بەهێزتر بووە. گرینگتر لە هەموو ئەمانە ئەمەیە كە هەرگیز مەبەستی خۆی بەسەر خەڵكیدا ناسەپێنێ و بە ئاشكرا پەندوئامۆژگاری دانادات، بیەوێ هەر پەندێك بە هەر كەسێك بدات وازی لێدێنێ كە بە خۆی لە رێگەی خوێندنەوەو دیتنەوە پەندو عیبرەت هەڵێنجێ.

دەكرێ بە پڕكێشییەوە بگوترێ كە چیخۆف هەرچیەكی لە سەرانسەری ژیانی خۆیدا دیتووە لە بەرهەمەكانی خۆیدا جێی كردووەتەوە، بۆیە هیچ ئاوێنەیەكی رۆشنترو بێگەردتر لە بەرهەمەكانی ئەو لە ئەدەبیاتی جیهاندا نیە. هەندێ جار چاكی و خراپی قارەمانەكانی ئەوەندە

شاعیرانه وەسف کردووە کە چیرۆکەکەی شەقڵی لیریکی لە خۆ گرتووە لە تۆ وایە لەزەت و نەفرەتی خۆی بە شیعر دەربڕیوە.

بە شێوەیەکی گشتی یەکێك لە سیفاتی مەردانەی ئاشکرای چیخۆف لە ئەدەبیاتی جیهانیدا ئەمەیە کە بە راشکاوی گوتوویەتی: "ئێمە هەموومان لە میللەتین و باشترین کاریٚ کە بیکەین کاری میللەتە". هیواو ئاواتەکانی خۆی بە ئاینده کە لە دیدی ئەوەوە شتێکی بیٚ چەندو چوون بووە بەمجۆرە دەربڕیوە: "ئاپارتمانانی زۆر مەزنی شکۆدار، باغانی سەیروبەسەفا، فوارەی نا ئاسایی و جەماوەری خەڵك شایەنی ستایشن".

لەمەوە دیارە کە چۆن و تا چ رادەیەك باوەڕی بنجبڕی بە پێشکەوتنی جیهان و خەڵکی وڵاتی خۆی هەبووە.

لە رووی ئەدەبی رووتەوە، ئەوە رێگا تازەیەی کە ئەو لە مەیدانی ئەستاتیکای جیهاندا کردوویەتیەوە،هەمیشە مایەی پەسندی باشترین نووسەران دەبێت. هەر بۆیە بەرهەمەکانی چەند لە نێو هاوزمانانی خۆیدا برەو ورەواجیان هەیە لە وڵاتانی جیاوازی دنیاشدا رەواجیان هەیە. چیرۆك و شانۆنامەو بەرهەمەکانی تری تا ئێستا پاچڤەی شەست وهەشت زمانی جیاوازی نەتەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت کراوەو هەزاروپەنجا چاپ کراونەتەوەو چل ملیۆن نوسخەیان لیٚ بڵاوکردووەتەوە.

شاکارەکانیان بۆ هەموو زمانانی ئەوروپایی وزۆر زمانی رۆژهەڵاتی وەرگێڕاوە، ئەم هەموو پێشوازییەی کە جیهانیان لێیان کردووە لەبەر ئەمەیە کە چیخۆف باشترین تەرجومان و رازبێژی خەڵکانێکی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو بووە کە چاوەڕوان بوون کە سەردەمی زوڵم و زۆر بەسەر بچێت. ئەم پیاوە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵ نووسەرایەتیدا کارێکی کردووە کە جیهانیان هەمیشە بەری ئەنجامەکانی دەخۆن و زۆر گەورە نووسەرانی دیکە نەیانتوانیوە لە ماوەیەکی درێژترا هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدەن. هەمیشە ئایندەبین بووە، ئایندەی بە روونی و گەشی دیتووە، بەڵام لەوەیە بە تەما نەبوویٚ بەم خێراییە نۆبەرەی ئەو هزرانەی کە چاندبوونی بچنێتەوە. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە قسەکانی ئەو لە وەدیهێنانی ئەم ئاینده رۆشنەدا دەوری گرینگیان دیتووە.

رەنگە هەندیٚ لە رواڵەتبینان وا بزانن کە چیخۆف تەنیا (نیشاندەری ئەخلاق)ی هاوچەرخانی خۆی بووە، بەڵام لە کنەکاران و توێژەرانی وردی دووربین شاراوە نیە کە لە هەر چیرۆکێکیدا حەقیقەتێکی بەرجەستەو زندووی ژیان پەنهانە کە لە کۆمەڵگەی بەشەریدا بە سەدان ساڵ مایەی باس و گفتوگۆ بووە،و چیخۆف یەکێکە لەو کەسانەی کە باشتر لە هەر کەسێك ئەو بابەتانەی باس کردووە. ئەلهەقی گۆرکی وەسفێکی جوانی چیرۆکەکانی کردووە کە گوتوویەتی: "زنجیرە کارەساتێکی بچووکی یەجگار کاریگەرن".

## ٤- کۆرلینکۆ:

فلادیمیر گالاکتیونوڤیچ کۆرلینکۆ لە ١٨٥٣/٧/٢٧دا لە شاری جیتومیری وڵاتی ئوکراین و لە ناوچەی ڕۆڤنۆ هاتووەتە دنیا. بابی قازی دادگاو پیاوێکی دروستکارو سەرراست وشەریف و بێ تەماع بوو، کە ئەم گەییە پازدە ساڵان بابی مردو خانەوادەکەی بەبێ سەرپەرشت مایەوەو گوزەرانیان تێکچوو لەگەڵ ئەمەشدا قۆناغی خوێندنی ئەدەبی ئامادەیی لە شاری روڤینو تەواو کردو بۆ تەواو کردنی خوێندن چوو بۆ پوترسبۆرگ. پاشان لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم قۆناغەی ژیانی خۆی بەمجۆرە باسکردووە: "لە پترسبۆرگدا دوو ساڵی تەواوم لە پێناوی ژیان و گوزەراندا، لە رای دوو شتدا واتە لە ڕای بەدەست هێنانی نان و بەدەست هێنانی زانستدا رابوارد".

پاش ماوەیەك لەوێندەرەوە بۆ مۆسکۆ رۆیی و چووە ئەکادیمیای کشتکاری و جەنگەڵوانی پترۆفسکایاو لەوێ ناسیاوی دەگەڵ زانای زۆر بەنێوبانگی ئەو رۆژگارە کلیمینت ئارکاردیڤیچ تیمیریازف پەیدا کردو بەرە بەرە ئەم ناسیاوییە بوو بە دۆستایەتی.

لە ساڵی ١٨٧٦دا کودەتایەك لە ژیانیدا رووی دا، واتە دەستەی بەڕێوەبەری ئەم ئەکادیمیایە وەکو خوێندکارێکی گومان لێکراو تەسلیم بە جەندرمەیان کردو ئەم کارە بووە بایسی پەشێویەکی زۆر لە نێو خوێندکاراندا! ئیدی نارەزایینامەیەکی بۆ بەڕێوەبەرانی ئەکادیمیا نووسی کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران ئیمزایان کردو لەگەڵ دوو خوێندکاری دیدا بەنێوی گریگوریف و ڤیرنەر دایان بە ئۆفیسی ئەکادیمیای نێوبراو. کارگێڕانی ئەو ئەکادیمیانە داوایان لە ئاژاوەگێڕان کرد کە دان بە هەڵەی خۆیاندا بنەن و پەشیمان ببنەوە، بەڵام چونکە ئەم سێ لاوە ملیان بۆ ئەم کارە نەدا، کۆرلینکۆیان کە تازە لە تەمەنی بیست ت وسێ ساڵیدا بوو، نەفی کرد.

لەو رۆژەوە قۆناغی نەگبەتی وسەرگەردانی و ژیانی ئەو لە زیندان وتاراوگەکاندا دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٨٧٦ەوە تا کۆتایی ساڵی ١٨٨٥ نۆ ساڵی ژیانی لە زندانەکانی مۆسکۆو پترسبۆرگ، یاتکا، کوستراما، ویشنی، ئالوچتك، توبولسك، تمسك، کروسنایارسك، ئیرکوتشك و یاکوتسك رابورادو تەقریبەن زیندان نەما ئەویان بۆ نەناردبێ. زیندانەوانان و کارگوزارانی دەوڵەت کە دەیانبینی پیاوێکی شەریفی راشکاوی دلاوەرە،و بە دژمنی سەر سەختی خۆیان دەزانی، و گەرەکیان بوو بە هەر شێویەك بووە بۆڕی پێ بدەن و ورەی بروخێنن و بیبەزێنن، بەڵام سەرەنجام نەیانتوانی بەم مرادەیان بگەن. وێڕای هەموو ئەم دژواری و لەمپەرە توانا کوژو گرفتاری و تاراوگانە بە هەمان ورە بەرزی خۆڕسکی خۆیەوە مایەوەو هەرگیز باوەڕی بە ئایندەی پرشنگدار سست نەبوو ودەستی لە کێشماکێش و ململانێیەکانی خۆی هەڵنەگرت. هەرگیز کارەسات و دەردورەنج و پێشهاتی ناخۆش نەیان دەترسان و هێزو ورەی دەرونییان نەدەروخاند.

لە ساڵی ١٨٨٠دا، بۆ شاری (پرم)یان دوور خستەوەو لە یەکی مارسی ١٨٨١دا کە ئەلکساندەری دووەمی تزاری روسیا بە دەستی خەڵکانی سەر بە کۆمەڵەی (ئازادی میللەت) کوژرا، گوشاریان خستە سەر ئەوو دوور خراوەکانی دیکە کە سۆزنامەی وەفاداری دەرهەق بە تزاری تازە، ئەلکساندەری سێیەم ئیمزا بکەن، بەڵام ئە و ئەم کارەی نەکرد. ئیدی بە دەستووری پلیوە، بەرێوەبەری گشتی ئەمن، لە ژێر چاودێری دا، بە رێگا دوورو درێژەکان داو بە قۆناغ و

هێشتنەوەی زۆرو بەردەوام لە زیندانە کاتییەکانی بەینی ڕێگاکاندا، بۆ دەڤەری یاکوتسك، بۆ گوندێکی بچووك بە ناوی ئامگا– Amga، یان نارد، کە لە نێو لێڕەوارانی نیمچە باتلاغیو زۆنگی جەمسەری تایگاو لە شوێنێکی بێ ئاوەدانیو دوور لە خەڵکی ومالآن بوو. سێ دانە ساڵی دی لەوێدا، لە کوخێکی ساردی تاریکدا کە لە جیاتی لە شووشەی پەنجەرەوە روناکی تێ بکەوێ لە دیواری بەستەڵەکەوە تێی دەکەوت، ژیانی بەسەر برد، لە هەمان تاراوگەی ئامگادا خووی بەکارێن قورسی جووتیاریەوە گرت. زەوی دەکێڵا، جووتی دەکرد، تۆوی دەدا، درەوی دەکرد، کلاشو پێڵاوی دەدرو، جلی دەشت، خواردنی لێ دەنا. لە ساڵی ١٨٨٥دا کە قۆناغی دەوروبەریو بەدبەختی تەواو بوو تەمەنی سیو دوو سالآن بوو وباشترین رۆژانی لاویی بەمجۆرە رابواردبوو. چونکە رێگەیان نەدەدا لە پایتەخت بژی ناچار رۆیی بۆ شاری نیژنی نوڤگورودو لەم شارەدا ژینی ئەدەبی ئەم پیاوە دەستی پێکرد وەکو چۆن ماکسیم گۆرکیش لەوێدا دەستی بەکار کردووە.

هەر لەو سەردەمەوە کە خوێندکاری ئاکادیمیای کشتیاریوجەنگەڵەوانی بوو، دەستی بە نڤیساری کردبوو وچارەنووس بۆ هەر کوێیەکی دەبرد، بە چاوانی تیژو قوڵبینی خۆی زەینی دەداو هەرچییەکی دەبینیو هەستی بە هەر چیەك دەکرد لە دەفتەری بیرەوەری رۆژانەی خۆیدا تۆماری دەکرد. لەو سەردەمەدا کە لە ئاوایی ئامگادا بوو چەندین چیرۆکی نووسی بوو، لەوانە: (خەوی ماکار، بکوژ، گوندی ماروسیاو لە کۆمەڵگەی خراپ")دا. لەم چیرۆکانەدا سەرنجی وردی خۆی لەمەڕ بارودۆخی ئەو رۆژگارەو هەلومەرجی دژواری ژیانی ئەو رۆژگارە نیشانداوە.

هەرچەندە ئەم نووسەرە مەزنە، پەیوەندی بەو بزووتنەوە پێشەنگانەوە کە لە رۆژگاری ئەودا رۆژ بە رۆژ پتر برەوی دەسەند، نەکردوە بەلأم ماکسیم گۆرکی گوتەنی: "لە سەرانسەری ژیاندا لە رێگەیەکی دژواری ترسناکەوە دلێرانە دەچووە پێشوازی رۆژگاری ئایندەو ئەو چالاکیەی کە کۆرلینکۆ لە ڕای هەلأتنی رۆژی تازەدا دەیکرد، لە رادەبەدەر بوو. لە هەر شوێنێکدا کە دەی بینی ماڤ مرۆڤ پێشێل دەکرێ، لە هەر جێیەك ملهوڕیو زۆرداری بلأوبوایە، کۆرلینکۆ لەوێدا پەیدا دەبوو و بە قەڵەمە بە تواناکەی خۆی قەڵەمێکی دەوەشانو بە خۆیشی داخڵی شەڕو پێکادان دەبوو".

هەر لە هەمان سەروبەندا کێشەیەك رووی دا کە بە (فایلی مولتان) ناوی دەرکردو گروپێکی سەر بە تیرەی (ئودمورت)ی ئاکنجی گوندی ستاری مولتان – Start Moultan یان بە تۆمەتی ئەمەی کە پیاوێکیان کوشتووە بەلأم بۆ مەبەستی ئاینی دادگایی دەکرد. کۆرلینکۆ بە شەخسی خۆی لەم کارە هەڵقورتاندو توانی ئەم خەڵکە رۆژرەشو بەلەنگازە تەبرێ بکاتو هەموو تیرەکە لە سیاسەتی دەستەجەمی رزگار بکات. هەر لە هەمان سەروبەندا لە دادگاییەکدا کە بۆ ئازاری یەهودیانی بیلیس–یان دانا بوو، کەوتە بەرگری لە تۆمەتباران. پاش شۆڕشی ١٩٠٥ دەوڵەتی تزاری هێندەی دی زەبروزەنگو ستەمکارییەکانی خۆی زیاد کردو بە دەستی فیلونۆف، کار بەدەستی ستەمکاری بەنێوبانگی دەرباری تزاری بناغەی راونانی ئازادی خوازانو ئازارو ئەشکەنجەیان دانا. لە هەمان سەروبەندا کۆرلینکۆ لە رۆژنامەیەکدا بە نێوی (پالتافشچینا)

وتارێکی بە نێونیشانی (نامەیەکی کراوە بۆ فیلونوف، کار بەدەستی پایەبەرز) بڵاو کردەوەو تاوانکارییەکانی ئەو کار بەدەستە هەوسار پچڕیوانەی باسکرد.

لەو رۆژەوە بەرهەمە ئەدەبیەکانی کۆرلینکۆ لە جاران پتر بوون بە چەکی بڕندەی خەباتو تێکۆشانی خەڵکی لە ڕای بەختەوەری. کۆرلینکۆ، سەبارەت بە بنەماکانی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی وەفادار بوو ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشو چەوەساوەی بێ پەروا باسو وەسف کردووەو بەمجۆرە ئاواتو ئارەزووی خزمەتکردنی خەڵکیوباوەڕ بوون بە هێزی جەماوەری خەڵك لەسەرانسەری بەرهەمەکانیا دەبینرێ. بۆ نموونە لە چیرۆکی (خەوی ماکار)دا کە پتر بووە بایسی شۆرەتی ئەو، وەزعو حاڵی زۆر دژواری ژیانی جووتیاران کە "لە سەرانسەری ژیانا هەر لە ژێر گوشاردا بوون" روون کردووەتەوە. زێدەباری ئەوەی کە لە رێگەی (ماکار)ەوە زەبوونیو داماویو کلۆڵی جووتیارانی دوورە دەستی نیشانداوە، هەروەها ئەم خاڵەشی نیشانداوە کە (ماکار) پیاوێکە لە نیهادو ناخیا گەورەییو شایستەیی مرۆڤانی هەیەو هێزێکی پایەداری لە هەنبەر زوڵم وزۆردا هەیەو شایستەی بەزەییو دڵ پێ سووتان نیە، بەڵکو لایەقی رێزو حورمەتە".

لە چیرۆکی (کۆمەڵگەی خراپ)دا بە گەرمیوراستگۆییەکی تایبەتییەوە ئازارە دەروونیو خراپیەکانی ژیانی خەڵکی بە تورەیی وەسف کردووەو ئەوەی نیشانداوە چۆن ئەم خەڵکە رۆژگار رەشە گەییوونەتە نزمترین پلەی شەرمەزاری وخواریو نائومێدی. لەم چیرۆکەدا وەسفێکی خەمناکی بێزاری لەو منداڵانە هەیە کە چارەنووسو قەدەر توڕی داونەتە ژێر زەمینە تاریکەکانەوەو هیچ خوێنەرێك نیە کە لە دیتنی ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە، دڵی تەواو نەگوشرێ. چیرۆکێکی تری هەیە بە نێوی (روناکی) کەسەررێژە لە ئومێدو باوەڕ بە ئایندەی پرشنگدارو درەخشان، چیرۆکی (دەمێك) خوێنەر بۆ تێکۆشان لە ڕای ئازادیدا هان دەدات.

کۆرلینکۆش وەکو مامۆستا پایەبەرزەکانی خۆی، بیلینسکی وچرنیشڤسکی باوەڕی وابوو کە "هونەر بۆ هونەر) هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو دەبێ "هونەر لە ڕای خزمەتی خەڵکیدا" بەکار ببرێو ئەم خاڵە وردو حەساسەی لە چیرۆکی "سازڤانی نابینا"دا کە لە رووی هونەریو وردیو قوڵییەوە بێ هاوتایە بە باشترین شێوە دەربڕیوە.

ئەنجامی ئەم چیرۆکە ئەمەیە کە پیاوی هونەرمەند تەنیا بە ئاوێتە کردنی ژیانی خۆیو کاری خۆی دەگەڵ ژیانی خەڵکیو کاری خەڵکیدا دەتوانێ خزمەتی کۆمەڵگا بکاتو بەختەوەرو شادبێ.

کورلنیکو، ئەدەبیاتی روسی زۆر خۆشدەویستو نەمامی ئەدەبی روسیی کە لە سەردەمی ئەودا لیڤ تۆلستۆیو چیخۆف هەریەکەیان لەلای خۆیەوە ئاویان دەداو ماکسیم گۆرکیش دەستی پێ کردبوو، لەم مەیدانەدا هەنگاوی گەورەی ناو بە دڵسۆزیو خەمخۆری تەواوەوە پەروەردەی دەکردو هاوکاری ئەوانی دەکرد. بۆیە گۆرکی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: " کورلنیکو یەکەمین کەس بوو کە هەندێ بابەتی دەربارەی ئینسانیەت بە من گوت

که له شێوەو قاڵبی زۆر جواندا دەردەکەوت. ئەم بابەتانه که کۆمەڵێك حەقیقەتی سادەو مەفهوم بوون، منیان سەرسام کردو بەوپەڕی ترسەوە بۆم دەرکەوت که نقیساری کارێکی ئاسان نیه".

ئەو کارەی که کورلنیکو له چاپەمەنی رۆژگاری خۆیدا کردوویەتی چ لە باری چەندیو چ له رووی چۆنیەوە یەجگار سەیرە. له رووی چەندییەوە دەتوانرێ تەنیا ئەمه لەبەر چاوبگیرێ که له ساڵی ۱۹۰۳دا پێنج سەدوچوار کتێبی خوێندووەتەوەو به دوورو درێژی بۆچوونی خۆی دەربارە دەربڕیوەو لەسەری نووسیون. کورلنیکو لە کاری نووسیندا چاوپۆشیو خەمساردی قەبوڵ نەدەکردو باوەڕو رەخنەکانی خۆی دەربارەی بەرهەمێن نووسەرانی تازەکار هەمیشه به ئاشکرا دەردەبڕیو هیچ خاترانەیەکی دەربارەی تەمەنی نووسەران قەبوڵ نەدەکرد، چونکه پێی وابوو ئەمه به خۆڕایی رەخنەی لەکاری نووسیندا دەکوشت.

رۆژێ گەنجێکی هەژدە ساڵە شیعرێکی نووسی بوو و بۆی ناردبوو. کورلنیکو پاش خوێندنەوەی بۆی نووسی بوو: "ئامۆژگاری من بۆ تۆ ئەمەیە وەکو خۆت ئیعترافت کردووە تا نەڕوانیتە دەوروبەر شت نەنووسیت، بەڵکو دەبێ ئێستا تۆ واز له شیعر گوتن بێنیو تەنیا خەریکی خوێندنی زانست و ئەدەب بیت. ئامانجی تۆ بۆ ئیستا دەبێ ئەمە بێ: دەرس خوێندن، تەواوکردنی قۆناغی یەکێك له زانکۆکان، خوێندنەوەی کتێبانی ئەدەبی، موتالای وردی بەرهەمی پێشینان، گەشەدانی ئەقڵ و ئاوەز، دۆزینەوەی کارێك بۆ گوزەرانی ژیان، مەرج نیه هەر دەبێ خەریکی ئەدەبیات بی، هێشتا خویا نیه بەهرەو توانایەکت هەیه یان نا. ئەگەر بەهرەیەکت هەبێ بەمەی که جارێ خۆت دوور بگری ناپوکێتەوەو له بەین ناچێت، بەڵکو زەوقو بەهرەکەت شێوەو قاڵبێکی تازەو باشتر به بەهرەکانت دەدات. خۆ ئەگەر بەهرەشت نەبێو دەستبەرداری نقیساری بێ، دنیا ژێرو ژوور نابێ. خۆ دنیا هەر شیعر گوتن نیه. رێگەی ژیان هەر یەك رێگه نیه، به رێگەیەکی به سوودی ترا بڕۆ".

کورلنیکو له ئاخرو ئۆخری ژیانیاو له قۆناغی پاش شۆڕشدا بەرەنجامی هەوڵو کۆششەکانی خۆی به چاو بینی. لینین باوەڕی فرەی به بەرهەمەکانی ئەو هەبوو، نووسەرانی لاوی روسی خۆیان به قەرزارباری ئەو دەزانی. له ئاخرو ئۆخری ژیانیا، له ساڵی ۱۹۰۰ به بانەوە له پاڵتاڤای زاگەی خۆیدا دەژیاو ژیانێکی خۆشی هەبوو. هەر لەوێداو له ۲۵/دیسامبەر/۱۹۲۱دا، له تەمەنی شەستو هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەو خانووەی لەو شارە بەناوبانگەی ئۆکرایندا هەی بوو، له پاش مەرگی کرا به مۆزەخانەیەکی تایبەتی ئەو. له وێدا دیکومێنتو بەڵگەنامەیەکی یەجگار فرەیان کۆکردبووەوە که گەواهی ژیانی پڕکارو پڕجۆشی ئەو بوو، و یادگارێکی فرەی بیست ساڵی کۆتایی تەمەنی لەوێدا کۆبوو بووەوە. کەلو پەلەکانی ژیانیان وەکو چۆن له ژیانیدا بوو، بەو ئاوایە ئامادە کردبوو، نامەیەکی زۆریان لەو نامانەی که بۆ دۆستانو ئاشنایانیان نووسی بوو لەوێ خڕکردبووەوە یەکێك لەوانە نامەیەکی گەورە نووسەری شۆڕشگێڕ چرنیشڤسکی بوو که له لاویدا پاش خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بۆی ناردبوو، دیکۆمێنتێکی دیکه حوکمو فرمانێ بوو که لینین دەری کردبوو تا لەو نەخۆشیەی که به مردنی کورلنیکو

کۆتایی هات دەرمانو مالیجەی بکەن. ئەم ماڵە بوو بوو بە گرنگترین بنکەی کارە ئەدەبیەکان لە وڵاتی ئوکرایندا.

سەربازانی فاشیست کە لە ساڵی ١٩٤١ بۆ ماوەیەك شاری پالتاڤیان داگیرکرد بوو ئەم ماڵەیان دەگەڵ هەموو تەلارە گرینگەکانی دیکەی شارا وێران کردو کاتێ کە شاریان چۆڵ دەکرد هەرچیەك کە مابووەوە سوتانیان. تەنیا سونیا ڤلادیمیرنوڤای کیژی کە ماڵی لەوێ بوو توانی بووی هەندێ لەو یادگاریە بەهادارانە وەشێرێو لە فەوتانیان رزگار بکات. لە دوای جەنگ هەمان خانوویان لەسەر هەمان نەخشەی جارانی دروست کردەوەو ئەوەی بۆیان دەرباز کرابوو، لەوێ دایان نایەوە.

لە زۆربەی چیرۆکەکانی کورلنیکودا، لەوانە "سازڤانی نابینا، بێشەکان سوزە دەکەن، و ئیوم کیپور" دیمەنەکانی باشووری روسیا دەبینرێن،و لە چیرۆکێکی تردا (سیاحەتنامەیەك دەربارەی سیبریا) دیمەنی زۆزانی باکوری وەسف کردووە. لە هەموو ئەم چیرۆکانەدا دڵسۆزیو خەمخۆری بۆ زەحمەتکێشانو رەنجبەرانو تورەییو رقی دەرهەق بە ستەمکاران تێکەڵە. لە رۆمانێکیا کە بە نێوی "خەونی ماکر" لە ساڵی ١٨٨٥دا نووسیویەتی دێهاتیەکی مەست لە بەردەم دادگایەکی ئاسمانیدا دادگایی دەکەن. لە زۆر شوێنی بەرهەمەکانیا تەبعو بەهرەی شاعیرانەی بە شێوەیەکی تایبەتی شکۆفەی کردووە. چیرۆکی (سیاحەتنامەیەك دەربارەی سیبریا) تا رادەیەك کاریگەریی دۆستۆفسکی پێوە دیارە. (زەنگ ژەنی پیر)و (شەوی لە دایکبوونی مەسیح) لەو بەرهەمە جوانانەیەتی کە لە باری فەساحەتو رەوانیو دەوڵەمەندی نیوەرۆکەوە هاوتای بەرهەمەکانی تورگنیفن. بۆ نموونە سەربازێك لە کاتی ئێشك گرتنا، بێ ئەوەی بیەوێ یەکێك لە مەحکومانی بەکاری قورس، لە کاتی هەڵاتندا کوشتووەو ئیدی دەنگی زەنگی شەوی لە دایکبوونی مەسیح رایدەکێشێت. لە چیرۆکی (ئیوم کیپور) کە باسی رێورەسمی چوونە نوێژی جولەکەیە، ئاشەوانێکی خەڵکی روسیای بچووك وەسف دەکات کە مەسیحیەکی ئیمانداراەو دەترسێت ئیبلیس لە جیاتی (یانکیل)ی مەی فرۆشی جولەکە، ئەو گومڕا بکات، چونکە ئاشەوانەکە ویستویەتی چاو لەو جولەکەیە بکاتو ماڤ خەڵکی بخوات. لەم چیرۆکەدا بیرێکی یەجگار بەرزی تێکەڵ بە وەسفێکی دڵگیری رێورەسمی ئەو ژینگەیە کردووە.

لە چیرۆکی (سازڤان نابینا)شدا بیرۆکەیەکی جوان هەیە کە گەلێك لە نووسەرانی تریش ویستوویانە خۆیانی لێ بدەن، ئەویش ئەمەیە کە ئەم سازڤانە نابینایە هەوڵدەدات بە دەنگی سازەکەی ئەو شتەی کە خەڵکانی دی دەیبینن بەرجەستە بکات. لە چیرۆکی (لە رێ دا) و (دوو بۆچوون)دا بە چاولێکەری تۆلستۆیو دۆستۆفسکی منەی پرەنسیپێکی ئەخلاقی کردووە کە ببێ بە بناغەی ژیانی گشتی. ئەو قارەمانانەی کە لەم چیرۆکانەدا هێناونی هەمان ئەو بەسەر هاتانەیان لێ دەقەومێ کە بەسەر خۆیدا هاتووەو لە تاراوگەی سیبریا هەڵاتوونو دەکۆشن بۆ ماڵی خۆیان بگەڕێنەوە بەڵام لە ناکاودا لە رێ ماتەڵ دەبن، درەنگیان بەسەرا دێتو تووشی گومانو دوو دڵی دەبن: بۆچی هەڵێم؟ بۆچی بۆ ئێرە بڕۆم و بۆ ئەوێ نەڕۆم؟ بەمجۆرە ورەی لەق و لەرزۆکی هاوعەسرانی خۆی نیشاندەدات. لە شوێنێکی دیدا پیاوێکی گەنج مەرگی دۆستێکی

خۆی لە کارەساتێکی هێڵی ئاسندا دەبینیٚ. بە رادەیەك خەمبار دەبێت کە بەخۆی دەڵێت: ئاخر بیرکردنەوەو خۆشەویستی بە کەڵکی چی دیٚ؟ ئەو کیژەی کە خۆشی دەویست رەها دەکا تا ئەو کاتەی کە رەنجەکانی ئەو کیژە دروستی راستەقینەی ژیانی تیٚ بگەیەنیٚ.

کورلنیکو، هەرچەند رۆمانووس و چیرۆکنووس بوو، هەندێجاریش نووسین و گوتارانیشی بڵاودەکردەوە، کە ئەوانەیش هەر رەنگدانەوەی روحی ئازادو دلێرانەی ئەون. یەکێك لەوانە ئەو نووسینانەیە کە دەربارەی قات و قڕی ویلایەت و دەڤەری نیژنی نوڤوگورودی نووسیوە.

لە ساڵی ١٨٩٣دا سەفەرێکی ئینگلیستان و لەوێوە ئەمریکای کرد. جوانترین یادگاری سەفەرەکەی ئینگلستانی، شەرحی ئەو کۆبوونەوە پڕ هەراو هەنگامەیەیە کە لە پارلەمانی ئینگلتەردا دیتوویەتی، پاش ئەوە ماوەیەك لە نیویورك ماوەتەوەو پیشانگای نێونەتەوەیی شیکاگۆی دیتووەو بیرەوەرییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەناونیشانی (زەمینی بەڵێندراو)و لە کتێبێکی تردا بە ناوی (سوفرون وئیڤانۆڤیچ) کە بە نیوەچڵی مایەوەو لە زنجیرە وتارێکداو لە هەموو ئەمانەش گرینگتر لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (بیٚ زمان)دا تۆمار کردووە. لەو سەردەمەدا کورلنیکو گەیی بووە لوتکەی شۆرەت و ناوبانگی خۆی و شاکارەکانی: (بێشەکان سۆزە دەکەن، دەگەڵ هاوڕێیانی خراپدا، سازڤانی نابینا) دەستاو دەستیان دەکردو لە هەموویان گرینگتر (روبار دەڕوات) بوو. لە کتێبی (بیٚ زمان)دا وەسفێکی یەکجار جوانی بارودۆخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئەو رۆژگارەی کردووەو بابەت و نێوەرۆکەکەی تا ئێستاش تازەیی خۆی لە دەست نەداوە. جووتیارێکی خەڵکی ڤولینی– Volyine) بە نێوی ماتیڤی لوزینسکی– Matnei Lozinski بە ئومێدی بەختەوەری لە ئوقیانوس پەڕیوەتەوەو بۆ ئەمریکا رۆییوە. بەڵام بەختەوەری بەلای ئەوەوە تەنیا کار پەیدا کردن و نان بەدەست هێنان نیە. دێهاتیان و جووتیارانی ڤولینی لە زەمانی کۆنا لە جیهانی خەیاڵدا بۆ هەموو شوێنیٚ دەڕۆییشتن و لە هەموو شوێنیٚ هەر بە یادی ئازادی رابردووی خۆ دەژیان. ماتیڤی لە پاشماوەو نەوەی ئەو هایداماکانە بوو کە لە رای ئازادی ئۆکراین دا خەباتیان کردبوو. ئەگەر لە جیهانی خەیاڵیشدا بوو منەی ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانێکی بە قەدرو حورمەتی دەکرد، ژیانێك کە ئابروو شەرافەتی مرۆڤانی تیا پێشێل نەکەن. ماتیڤی لۆزینسکی پیاوێکی شەریفی قسە لە رووەو متمانەو باوەڕی بە هەموو کەسێك هەیە. هەمیشە جیهان بە رۆشنی دەبینیٚ و چاوە تیژەکانی شتانێك دەرك دەکەن کە چاوانی (ئاسایی) نای بینن و تێی ناگەن. ئەم جووتیارە ڤۆلینییە لە نێو ژیانی جەنجاڵی پڕ هەراوهەنگامەو پڕ لە کێشماکێش وململانێی ئەمریکادا لە قەفرتیٚ دەکات. هەراو زەنای قیتارانی هێڵی ئاسن، دەنگە دەنگی ترومبیلان، شوتی کەشتیانی بەندەران، هەراو زەنای خەڵکی، هەر هەموو ئەمانە سەرسام و ئەبڵەقیان کردووە. بەڵام ئەوەی زیاتر سەرگەردان و حەیرانی کردووە پەیوەندی نێوان خەڵکیە. لە هامبۆرگدا ئەو خەڵکانەی ڤولینی کە دەگەڵ ئەودا بوون پرسی بوویان: "لە ئەمریکادا ئازادی چییە!" ئەو کەسەی کە بە رێکەوت ئەم پرسیارەیان لیٚ کردبوو، بەرسڤی دابووەوە: "ئەی بابە، قورتمی یەکدی دەگرن– ئازادی ئەمەیەو تەواو".

ئەم تاقمە ڤولینییە هەرکە دەگەنە نیویورک دەبینن ژیان لەوێ ملکەچی کۆمەڵە یاسایەکی هۆڤیانەو بێ ڕەحمانەیە. ئەوەی لە هەموو شتێ پتر بەرچاو دەکەوێ ئەو بێ موبالاتی و خەمساردییەیە کە دەرهەق بە خەڵکی و چارەنووسی خەڵکی هەیە. "تۆ تەمەشا، بنیادەم لێرەدا وەکو دەرزییەکە کەوتبێتە کاوە یان دڵۆپە ئاوێکە کە کەوتبێتە دەریاوە"، کورلنیکو ئەم جۆرە خەڵکەی لەم کتێبەدا ناوناوە (بێ زمان) و ناوی کتێبەکە لەمەوە هاتووە.

یەکێك لە بەشە جوانەکانی کتێبی نێوبراو، ئەوەیە کە ماتیڤی لە یەکێك لە باخە گشتییەکاندا تووشی کرێکارێکی ئەمریکایی دەبێت. ئەم ئەمریکاییەش میناکی ئەو بێ زمانە، چونکە سەرمایەدارانی ئەو وڵاتە زمانی برسیەتی و بەدبەختی و نائومێدی تێ ناگەن. بە شەرو چارەنووسی بەشەرو حەزوو ئارەزووەکانی بەلای ئەوانەوە هیچ بایەخێکی نییە. ئەو نەگبەتە سەرگەردانە کە ڕەنگ زەردو لاواز لەو شارە بێ بەزەییە دەرکراوە دەگەڵ ماتیڤی لوزنیسکی کە بێ ویستی خۆی سەرگەردانە هەردووکیان هەست دەکەن کە ئەو کۆمەڵگەیە دەری کردوون. سەرەنجام ئەو کرێکارە بێکارە لە هەمان باخی گشتیدا خۆی هەڵدەواسێت و ماتیڤی دەبینێ کە ئەویش گەییوەتە دوا هەناسە.

بەشێکی جوانی تری ئەمەیە کە ڕێك لە هەمان کاتدا هۆپکینس، ماموری پۆلیس لە ڕێوە پەیدا دەبێ، ئەو تا ئەم دواییانە پاڵەوانی بۆکس بووە بەڵام دەستی لەم کارە هەڵگرتووەو بووە بەکار بەدەستی ئازاردانی خەڵکی. کۆبوونەوەی کرێکارانی بێکارو یەکانگیری کرێکاران و خۆپیشاندانیان "هەموو ئەمانە زەمینەیەکی لەبار بۆ هونەرنوێنێ ئاسایی ئاغای هوپکینس و زەوقی ئەو لەسەر وەرزشی بەدەنی تا ئەندازەیەك ترسناك بوو". ئەم کاربەدەستەی ئەمن سەرەنجام پێی نیشاندا چۆن دارێك کە لە شارێکی گەورەدا بەسەر موهاجیرێکی دەربەدەرا بدەن، مانای وایە یاسای ئەو وڵاتە بەرجەستە دەکات.

لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا کورلنیکو بەهەمان حەقیقەت بینییەوە، کە لە تایبەتمەندییەکانی گەورە نووسەرانە، ژیانی سیاسی ئەو سەر زەمینە بەرجەستە دەکات. چۆن کۆمپانیای ترامڤای لە هەڵبژاردنەکاندا ڕای خەڵکی دەکڕێ و ڕایەکان بە قازانجی خۆی ئاراستە دەکات. چۆن قارەمانانی چاپەمەنی ئەو وڵاتە ڕاستەیەکان ئاوەژوو دەکەن. لەو نامانەدا کە لە هەمان سەفەردا لە نیویورك و شیکاگۆوە نووسیویەتی بە زمانێکی توندو نەفرەت ئەنگێز پەردە لە ڕووی درۆو بوختانەکانی هەواڵنێران هەڵدەماڵێ. لە هەمان کتێبدا (بێ زمان) دزێوەکارییەکانی چاپەمەنیانیشی نیشانداوە. ڕۆژنامەنووسانی بێ ئیمان و خوانەناس کە لە هەر جۆرە ڕاستگۆیی و دروستکارییەك شۆراونەتەوە هەر یەکەیان لەلای خۆوە خەبەر دەدەن کە ماتیڤی لوزینسکی پیاوێکی هۆڤییەو گاز لە خەڵکی دەگرێ و "سەرکردەی دەستەیەکە لە ڕێگرانی ئیتاڵیایی، لەگەڵ ئەمندا تێ گیراون و دەستەیەك کرێکاری بێکاریان هاڕوژاندووە و هانداوە کە دوکانەکانی دەوروبەر تالان بکەن".

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە درۆیە، هەواڵنێران دەکەونە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی سەرنجراکێش سەبارەت بە واریقاتی عاشقێنی کیژە ملیۆنێرێك و چەندین لاپەڕە بەم چیرۆکە

درۆیە رەش دەكەونـەوە، لـە جێیـەكی تـری ئـەم كتێبـەدا باسـی (گـومپرس– Gompers) ناوێك دێتــە گــۆڕێ كــە "فەرمانــدەی كرێكارانــە"و كرێكــاران دەخــاپێنێ‌و ئامۆژگاریــان دەكــات كــە میانڕەوبن، بەڵام بەخۆی هاودەستی هەمان هەواڵنێران‌و رۆژنامەنووسانەو نوێنەری دەستەیەك لە رێنوێنانی پیشەوەرانە كە بەكرێ گیراوی سەرمایەدارانن‌و بە خۆیشی پیاوێكی درۆزن‌و دوو روو و بێویژدانە.

لـە نێـو ئـەم داروەدەستە خەڵكـە ناپەسـندو بـێ كەڵكـەدا زانایـەكیش هەیـە كـە خـۆی بـە زانـای سنعەت دەزانـێ‌و لـە كەڵكەڵـەی ئەوەدایـە ماكینەیـەك دروست بكات كە شـوێنی مـرۆڤ بگرێتـەوەو لەوە بەدواوە ئیدی پیاو پێویستی بە بەشەران نەبێ‌و (پێشكەوتنی سنعەت) لەمەدا دەبینێ كە سروشــتی بەشــەری بســڕێتەوەو لــە جیــاتی بەشــەر ماكینەیــەك بــەكار بــەرێ كــە بــەكرێگیراوو گوێڕایەڵی سەرمایەداران بێ.

بەشێكی جوانی تری ئەم كتێبە باسی زەبروزەنگەكانی كاربەدەستانی دەوڵەتە سەبارەت بە سـور پێسـتان‌و رەش پێسـتانی ئـەم دەڤـەرە كـە ویـڕای هەڵوەشـانەوەی كۆیلایـەتی، كۆیلایـەتی هەمان رەواجی جارانی هەیە، وتەنانـەت خـەڵكی سـلاڤی نـەژدایش لـە خۆیـان بـە كـەمتر دەزانـن‌و خۆیان بە نەژادی باڵا دەزانن.

لە نێو ئەم بەدكاریانەدا شەرحێكی پڕ جۆش وخرۆشیش دەربارەی خـەڵكی سـادەی ئاسایی ئـەمریكا هەیـە كـە قارەمـانی ئـەم چیرۆكەیان لـە نەگبـەتی رزگـار كـردووەو لـەم سـەرگەردانیانەدا یارمـەتیان داوەو، ئـەوەمان نیشـاندەدات كـە چـۆن ئـەم "رەوت‌و رەوشـی ژیانـە ئەمریكاییـە" كـە سـەرمایەداران بناغەكـەیان داڕشـتوە، دژایـەتی هـەمان خـەڵكی سادەوئاسـایی‌و ئـەم كرێكـارە دڵسـافانە دەكـات. سـەرەنجام لـەم كتێبـە (بـێ زمـان)و كۆمـەڵێك بەرهـەمی دیكـەی یادگـاری ئـەم سەفەرەدا ئەوە نیشاندەدات كە دوور لە شارە گەورەكان ئەگەر عەدالەتێك لە ئارادا نـەبێ، لایـەنی كـەم ئاسـایش‌و ئاسـودەیی هەیـە. لـە كۆتـایی چـیرۆكەكەدا مـاتیڤی لوزینسـكی لـە بەنـدەری نیویوركـدا كەشـتییەكی هـەڵمی یـەجگار گـەورە دەبینـێ‌و "بەسـەر كەشـتییەكەوە دەیـان‌و سـەدان خـەڵكی دەهـاتن تـا كلـۆڵی‌و مەینـەتی خـۆو ئومێـدو ئاواتـەكانی خۆیـان بـۆ ئێرە دەهێنـا.. ئـاخۆ چەندیان لێرە، لەم ئۆقیانووسە مرۆڤانیە ترسناكەدا، دەفەوتێن؟..."ئـەم كتێبـە هـی پتر لـە پـەنجا ساڵ لەمەوبەرە.

بایەخی بەرهەمـەكانی كورلنیكو لـە ئـەدەبیاتی روسـیدا پتر لەبەر ئەمەیە كە لـە رووی بەشـەر دۆستییەوە بە هاوتای مەزنترین نووسەرانی ئەم مـەرزو بومـەیان زانیـوە، چـەندین سـاڵ جاڕچـی‌و پەیڤـداری كۆمەڵگـەی ئـازادیخوازانی روسـیا بـووە، رووبـەڕووی هـەر بێـدادی‌و زێدەگاڤیـەك كـە دەربارەی ماڤی خەڵكی دەكرا وەستاوەو چ بە قەڵەم و چ بە كردەوە بـە هانـای كلـۆڵان و داماوانـەوە چووە. باسی مەینەتیە مادی‌و مەعنەوییەكانی خەڵكی ئەو رۆژگارە بە جۆرێ بوو بوو بە خولیـای كـە تـەنیا لـە هـەوڵی ئـەوەدا بـووە برسـیـەتی خـەڵكی وئـاوات‌و ئارەزووەكانیـان بـە سـەربەخۆیی سیاسی چارەسەر بكات. بۆیە قارەمانەكانی ئەو خەڵكانی دروستكار یـان دزێوكـارن‌و هـەرگیز لـە خـەمی ئـارەزوو وخـەیاڵاتی پوچـی قارەمانـانی وەكـو نـەخیلودوڤ تۆلسـتۆی و راسـكۆلنیكۆڤ

دۆستۆفسکییەوە نەبووە. بۆیە لەمنەی خواو سەرەتای چاکەو خراپەو شەڕوخێردا نەبووە، بەڵکو هەڵوەداو عەوداڵی یاسایەکی بنەڕەتی بووە کە ئەو بارودۆخە بپێچێتەوە.

پێویستە کورلنیکو لە بنەڕەتا بە نووسەرێکی راسیونالیست بزانرێ. لە باشترین کتێبی خۆیدا وەکو (مێژووی پیاوێکی هاوچەرخی من) و (سەهۆڵبەندان) زمانەکەی یەجگار دڵگیرو جوانو رەوانەو خوێنەر بە تەواوەتی دڵبەندی نووسەرو قارەمانەکانی دەبێت و تەنانەت ئازادیش لە گۆشەنیگای ئەوەوە نیعمەتو ئاسودەییەکی مادیە. بۆیە نەك هەر لە مێژووی ئەدەبیاتی روسیدا پایەیەکی هەژی هەیە بەڵکو لە مێژووی کۆمەلایەتی ولاتەکەشیا بە گەورەیی ناوی دەبرێت. خاڵێکی جوانی بەرهەمەکانی ئەمەیە کە چیرۆکەکانی بۆ خەڵکی گەورە نووسیوە کەچی مندالان زیاتر لەزەتی لێ دەبینن.

ئەمڕۆکە کورلنیکو بە دوا نووسەری مەزنی بەر لە شۆڕش دەزانن. گومانی تێدا نیە کە ئەو دەردو رەنجو مەینەتیانەی کە لە زیندانو تاراوگەدا کێشاویەتی، تەبیعەتێکی زۆر میهرەبانی پێدابوو و لە بەرهەمەکانیا دیارە کە پیاوێکی یەجگار ملایمو تەبیعەت باش ومیهرەبان بووە.

لە نێو ئەو چیرۆکانەیدا کە بیرەوەریو یادگارانی رۆژگاری ئەویان لە تاراوگەی سیبریادا لە خۆ گرتووە، چیرۆکی (بازدار)ش جوانە.

جگە لەوەی کە پەیوەندی دەگەڵ ماکسیم گۆرکی دا هەبووە، چیخۆفیش پەیوەندی لە گەڵیا هەبووەو لەو بەڵگەنامانەوە کە لە موزەخانەی کارلینکودا هەیە، دیارە کە چیخۆف باوەڕی پێی هەبووە.

بەشێوەیەکی گشتی قۆناغی نیڤساری کورلنیکو پتر لە چل ساڵ بەردەوام بووە، یەکەم بەرهەمی خۆی لە دەوروبەری ۱۸۸۰دا، کاتێ بلاوکردووەتەوە کە سالتیکوف شچدرینو تورگنیف هێشتا لە ژیانا بوون، و دوا بەرهەمیشی کتێبێکە بەناوی (مێژووی پیاوێکی هاوچەرخی من) کە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر نووسیویەتی. یەکەمین چیرۆکی بەناونیشانی (بەشێك لە ژیانی پیاوێکی فزولێ)ی بلاوکردەوە، ئەم چیرۆکە بە شێوازێکی رۆمانتیکی نووسراوەو بیرۆکەی خوێندکارێکی زانکۆی لە خۆگرتووە کە گەرەکیە شەقلێکی روحانی بە هاوسەنگی ئەخلاقی (یاکوب) ناوێکی دێهاتی بدات. لەوە بەدواوە ئەم نووسەرە هونەرمەندە رۆژ بە رۆژ لە بنەماکانی ریالیزم نزیکتر بووەتەوە، بەلام لە تاراوگەدا بە ناچاری مدەتێك دەمی لێك ناوە. لەم قۆناغەدا لە دابونەریتی خەڵکی یاکوتی– Yakoutie کۆڵیوەتەوەو گەلێك لە چیرۆکەکانی دەربارەی ئەوانە، بۆیە کورلنیکو یەکەمین نووسەرە کە بایەخی بە ژیانی ئاکنجیانی "گۆشەو کەنارە فەرامۆشکراوە دوورە دەستەکانی ئەو سەری دنیا" واتا خەڵکی سیبریا داوە، لە نێو ئەم خەڵکەداو لە قولایی ئەو نەزانیو خورافاتەی کە لە ئەنجامی ژیان لە ژینگەی پاشکەوتوودا دووچاری بوو بوون، هەندێ توخمو رەگەزی کەشف کردووە کە هێزی زاتی و جوانیان مایەی سەرنجەو بۆ یەکەمین جار کەوتووەتە ناساندنیان. بۆیە پێویستە کورلنیکو بە داکۆکیکاری خەڵکی بێ بەش، لە بەرانبەر بێدادی موڵکدارانو بە رێنیشاندەری ئازادیی ئەم جۆرە خەڵکە بزانرێ.

له كۆتايی قۆناغی تاراوگەدا، چیرۆكی (خەوی ماكار)ی بڵاوكردەوە كە زۆر دەنگی دایەوەو ناوبانگی پێدەركرد. لەم چیرۆكەدا دەربارەی جووتیارێكی یاكوتی دەنووسێت: "لە سەرانسەری ژیان دا هەر ئازاری دی! بە دەستی كوێخایانو گزیرانەوە، بە دەستی سەرانی پیشەوەرانەوە، بە دەستی یاریدەدەرانی قازیانو سەرانی ئاسایشەوە كە باجیان لێ دەویست ئازاری بینی، بە دەستی ئەو كەشیشانەوە كە بۆ دەسكەوتی لە رادەبەدەری خۆیان تەماعكاریان دەكرد ئازاری بینی، برسیەتیو مەینەتی ئازاریان دا، سەرماو گەرما، بارانو وشكە ساڵی ئازاریان دەدا، سەهۆڵبەندانو بۆرانیش ئازاریان دەدا..." لەم چیرۆكەدا ماكار بە تەواوەتی تەسلیم بەم ئازارگەریانە نەبووە بەڵكو لە هەنبەر جیاوازی كۆمەڵایەتیو بۆ گەییشتن بە بەختەوەری، تێ دەكۆشێت.

لە زنجیرە چیرۆكێكی تردا، پیاوانێكی وەسف كردووە كە مل بۆ چارەنووسی خۆ نادەنو سوورن لەسەر ئەوەی لە حەقیقەتو ئازادی بگەن. یەكێك لەوانە پایەداریو كەڵنەدەریو جورئەتو سەركێشیو مكوڕی ژنێكی شۆڕشگێڕی گەنجە كە دووریان خستووەتەوە، و یەكێك لە هەوەڵین چیرۆكەكانی خۆی بەناونیشانی (ژنێكی تایبەتی) بۆ ئەو تەرخان كردووە. قارەمانی چیرۆكێكی تری بە ناونیشانی (یاشكا) پیاوێكی جووتیارە كە ئامادەیە خۆی فیدای "هەموو نیشتمانو هەموو خەڵكی) بكاتو دادسێنی مافی خەڵكییە لە بەرانبەر بێدادكاراندا. ئەم پیاوە كە هیچ گومانێكی لە سوودی داواكەی خۆی نیە زۆر باوەڕی بە هەوڵەكانی خۆی نیە، بەڵام كۆرلینكۆ بە نموونەو نیشانەی هێزێكی خودی خەڵكانێكی دەزانێ كە خەو بە بەختەوەری ئایندەوە دەبینن و دەستەو ئەژنۆ دانانیشن.

لە چیرۆكێكی دیكەیدا (چیرۆكەكانی سیبری) قارەمانێك هەیە كە نموونەی (( ژیانی پڕ لە گەرم وگوڕی مەردایەتییەو دلاوەرانە بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت)). لە چیرۆكی (سازڤانی نابینا)شدا كە چیرۆكێكی بەناوبانگەو لە باری سایكولوژیەوە یەجگار جوانە، كە منەی بەختەوەریو روناكی دەكات، سەرەنجام لە خەڵكی نزیك دەبێتەوە، دەردو ئازارو خەون هیواو ئاواتی خۆی دەردەبڕیو دڕ بە تاریكی دەدات. ئەم سازڤانە نابینایە بەسیرەتێكی مەعنەوی پەیدا دەكات وبەمجۆرە پیاوێكی نابینا، گەشبینییەكی تایبەتی پەیدا دەكات. بۆیە میخاییل كالینین لەم بارەیەوە گوتویەتی: "كۆرلینكۆ هونەرمەندێكی گەورەی مەیدانی هونەری زمان بوو و لە (سازڤانی نابینا)دا بە ئاشكرا نیشانی داوە خۆشبەختی پیاوێكی تەنیا تا چ رادەیەك جێی گومانەو چەند زوو دەپوكێتەوە.... بنیادەم ناتوانێ بەختەوەرو خۆشبەخت بێ مەگەر بە دڵو بە گیان تێكەڵی چینەكەی خۆی ببێ، هەموو تانوپۆیەكی بە چینەكەی خۆی بەسترابێ، چونكە تەنیا لەو حاڵەدا ژیانێكی دروست و تەواوی دەبێت.

هەمان بیرۆكە لە چیرۆكێكی تریدا بە ناونیشانی (باوەڕی پێچەوانەی گشت) هەیەو یەكێك لە قارەمانەكانی ئەم چیرۆكە دەڵێت: "بەشەر بۆ بەختەوەری خوڵقاوە، وەكو چۆن باڵندەیان بۆ فڕین خوڵقاندووە".

کورلینکو له هەوەڵین ڕۆژانی نڤیساریەوە هاورەئی چرنیشڤسکی و دوبرولیوبوف بووەو باوەڕی وابووە کە ئەدەبیات شێوازێکی خەباتە بۆ گەییشتن بە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تازە، بۆ نموونە لە دەفتەری بیرەوەریەکانی خۆیدا لە ساڵی ١٨٨٨دا نووسیویەتی:

"ئەگەر... ژیان بزووتنەوەو تێکۆشانێك بێ، هونەریش کە ڕەنگدانەوەی وردی ژیانە، دەبێ ئاوێنەی بزاڤ و تێکۆشان و کێشماکێشی باوەڕو هزران بێ.." لە شوێنێکی تری هەمان دەفتەردا، ئەدەبیات بە (ئاوێنەی ژیان) ناودەبات و دەڵێت: "ئەرکی ئەدەبیات هەر "نواندنەوە" نیە، شتە کۆنەکان دەڕوخێنێ تا بە کەرەستەو دارو پەردووەکانی شتێکی نوێ دروست بکاتەوە، نکوڵی لە کۆن دەکات و جاڕ بۆ تازە دەدات.. وەکو چۆن لاق خەڵکی، لە سەرماو تاریکیان دوور دەخاتەوەو بەرەو خانەی روناکیان دەبات، زمان، هونەر، ئەدەبیاتیش یاوەرو یاریدەدەری بنیادەمانە بەرەو ئاینده".

کورلینکو، کاتێ هاتە ناو ئەدەبیاتەوە کە هەوەڵین شوێنەواری داکشانی هزرێن عیرفانی دەردەکەوت و شەخس پەرستی یان ئەو گوتەنی "خووی مردوو پەرستی"ی عیرفان و هزری عیرفانی ئاشکرا دەبوو. ڕێبازی ناتورالیزم شەقڵێکی نەرێتی هێنا بووە ناو ئەدەبیاتەوە. کورلینکو ئەم قۆناغەی بەمجۆرە باسکردووە: "دەبێ ئەوە بزانرێ.. کە ئەدەبیات لە یەك مەبەست پتری نیە، ئەویش نواندنەوەی حاڵەتی کۆمەڵگەو ژیانی کۆمەڵگەیە، ئەویش لە کاتێکی دیاریکراوا، بێ ئەوەی جاڕ بۆ ئاینده بدات، بێ ئەوەی چ شتێك رەت بکاتەوە، نە نەفرەت بکات و نە ئافەرین".

دەربارەی پێناسەی ژیانی خەڵکی بە ئاشکرا لەو ڕێساو داب و نەریتانەی کە لە پێش ئەودا دایان نابوو، لای داوە. گۆرکی دەربارەی ڕەنگدانەوەی بەرهەمێن کورلینکو لەو مەڵبەندە ناکۆکانەدا لە کۆتایی ساڵانی ١٨٨٠ و سەرەتاکانی ١٨٩٠دا، دەنووسێت: "ئەو بۆ تاراوگە ڕۆیی بوو، قەرزاریاری (خەوی ماکار)ی ئەو بوون، هەڵبەتە ئەو لە پێشی پێشەوە بوو. بەڵام لە بەرهەمەکانی کورلینکودا شتێکی پێچەوانەی عورف و لە هەست و هزری پیاوانێکدا کە ئەسیری ئەدەبیاتی ئایدیالیست بوون بایسی بەدگومانی بوو وئەویش گوندو موژیك و تەقلیدی ژیانی ئەولیای ئاین بوو".

لە چیرۆکی "روبار دەڕوات"دا سەرنج و تێبینیەکی تێرو تەسەلی دەربارەی ژیانی گوندییانی روسی دەربڕیوە. قارەمانی ئەم چیرۆکە کەشتیوانێکە بەناوی تولین لە رووباری ڤیتلوگادا کە ڕەمزی هێزە دێوئاساکانی دێهاتیانی روسیایە. گۆرگی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دەربارەی ئەم چیرۆکە گوتوویەتی: "... ئەو حەقیقەتەی کە تولین رایدەگەیەنێ یەجگار گەورەیە، چونکە نمایندەی مێژووی ڕاستەقینەی پیاوێکی روسی گەورەیە، پیاوێك کە ئەمڕۆ خۆی لە زنجیرە مکومەکانی ڕۆژگارانی کۆنی ڕزیو ڕزگار کردووەو ئەو توانایەی پەیدا کردووە کە ژیان بە دڵی خۆی دروست بکات".

نیوەڕۆکی چەند چیرۆکێکی تری کورلینکو وەکو "گوندی ماروسیا، شەرمەزاران، سەرما تەتەرانی تزار، شتێکی ترسناك نیە، و دەستنێژانی خانخانەکی" گەورەیی ڕەفتاری پراتیکی

خەڵکی لە هەنبەر حەقیقەتو موداخەلە لە ژیانو بانگەواز بۆ خەبات لە بەرانبەر تەنگەتاو کردنی کۆمەڵایەتی و غەرەزکاری کاربەدەستانی ئەمنو ئاسایش و بەگژاچوونەوەی زوڵمو زۆرە لەلایەن خەڵکیەوە، بەرجەستە دەکەن. هەروەها لە بەرانبەر ئەمەدا خۆ دزینەوەی خەڵکی شاری لە مەسئولیەتو ملدانیانی بۆ ئەم دزێوکاریانە بەرجەستە کردووە.

قارەمانی چیرۆکی (شتێکی ترسناك نیە) کە ناوی بۆدنیکوڤە لەوەپێش (پیاوێکی خودان هزر بووە)و لە حیزبی رایدکاڵدا بووە، بەڵام نەو پیاوێکە منەی بەرژەوەندیو قازانج دەکات. پشت دەکاتە ئارەزووە کۆمەڵایەتیەکانو رۆحی (وشك و پوچەڵ بووە) لەم چیرۆکەی نووسەری بە نامیٚ ئەو شتەی کە ترسناکە ئەمەیە کە (شتێکی ترسناك نیە)، واتە ئەم هەڵوێست و رەفتارە تەسلیم ئامێزە بەرانبەر پوچییەکانی ژیان کە تەنانەت بوونی مرۆڤ سووكو زەبوون دەکات.

لێرەدا دەنووسێت: "ئەریٚ، لەم دامودەزگایەدا شتانی ئاسایی، لەم ژیانەدا لە گۆشەو کەنارانی پیرۆزدا کە خۆشو هێدی دەنوێنیٚ، دەتوانریٚ بگوتریٚ ناڕەوایی و ناپەسندیەکی... تایبەتی هەیە، کە سەرەتا هەستی پیٚ ناکەن، ئەویش ئەو ناپەسەندییەیە کە لە نیگارکێشانی بەرجەستەدا یەك رەنگە... ئەگەر راستت گەرەکە دەبیٚ تاوانباران بدینرێنو قوربانیان بدینرێن، هەق لە کوێیە، زوڵم لە کوێیە؟... ئەوەندەی سەبرو حەوسەڵەی گەرەکە تا بەلای کەمەوە تیشکێکی حەقیقەت ئەم تەمە بڕەوێنێتەوە".

دەشێت ئەم چیرۆکە بە باشترین بەرهەمی کورلینکو دابنریٚ کە پەردە لە رووی ئەو رۆشنبیرە شاریانە هەڵدەماڵیٚ کە خزیونەتە گۆشەیەکی (ژیانی ئارام)ەوە، ئەم چیرۆکە (شتێکی ترسناك نیە) لە ساڵی ١٩٠٣دا بڵاوبووەتەوەو نوقڵانەی تۆفانێکە کە ئەگەر هەڵنەستایە، مەحاڵ بوو کۆمەڵگە بگاتە نەش ونمای خۆی.

باشترین نیشانەو گەواهی خەڵکدۆستی ئەو ئەمەیە کە لە پاڵ باسو شرۆڤەی رووداوێن کارەساتبارەوە باوەڕیشی بە سەرکەوتنی خەڵك هەیە. لە چیرۆکێکی بچووکدا بە ناونیشانی (ئاگرێن دوورە دەست) ئەم خاڵەی بە راشکاویو بەمجۆرە دەربڕیوە: "... ژیان بە دەقی خۆیەوە لە نێو ئەم کەنارە تاریکانەدا بەردەوامەو ئاگر هێشتا دوورە، دەبیٚ بێوچان سەوڵ لیٚ بدەن... بەڵام وێڕای ئەمەش... لەگەڵ هەموو ئەمەشا ئاگرێك لە پێشەوەی خۆیانا دەبینن".

ئەگەرچی رەخنەی توند لە بنەما کۆمەڵایەتیەکانی روسیای تزاری دەگرێت، بەڵام ئەم هێرشەی خۆی ناگەیەنێتە شوێنیٚ کە (ئەنجامێکی ئارام ناپەزێر)ی لیٚ هەڵێنجیٚ. باوەڕی بە هەقانیەت و رەوایی بنەماکانی ئایندە هەیە بەڵام رێگەی گەییشتن بەو رەوایانە دیاری ناکاتو بەرنامەیەکی روونی بۆ دامو دەزگاکانی ئایندە نیە. هاوکاری دەگەڵ چاپەمەنیە ئازادیخوازەکاندا دەکرد، بەڵام رۆشنبینی تەواوی دەربارەی رێبازە راستەقینەکانی شۆرش نەبوو. وێڕای ئەمەش نووسەرێك بوو هەمیشە ئامادە بوو بەگەڵ هەر پێشڤەچوونێکی خەڵکی لە ڕای ئازادی بکەویٚ. باوەڕی وابوو کە وێژدانی راچەنیوی جەماوەری خەڵك "باشترین زامنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیە، ئەگەر بە شێوەیەکی راستەقینەو راستگۆیانە رەفتار بکەن..."

ئەم بیرانەی کە لە سەرانسەری کارەکانی ئەم نووسەرەدا دەدرەوشێنەوە، لە هەمان کاتدا تەوەرەی کارە رۆژنامەوانیەکانیشی بووە، خۆی گوتەنی رۆژنامەوانی بۆ ئەو ڕێگەیە بووە کە بە عەمەلی بەناو ژیان بکەوێ. ئەم کارە کالآی بالآی ئەو شتە بوو کە خۆی دەیگوت: "ئارەزووی... ئەمە کە پەنجەرە رووەو شوێنانی بەدهەوا بکاتەوە، هاوارێکی توند بکات تا خامۆشی و بێدەنگی ناحەزو قێزەوەری کۆمەڵگە بشڵەقێنێ". بە زۆری لەگوتارو چیرۆکەکانیا چەند بابەتێکی پێکەوە دەخستە روو. لە چیرۆکەکانیا مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانی دەهێنایە بەر باس و گەلێك لە چیرۆکەکانی بەرسڤی ئەو پرسیارانە بوون کە دەربارەی ژیان دەیکرد.

ئەو وتارانەی کە دەربارەی (مەسەلەی مولتان) نووسیونی بایەخی تایبەتان هەبووە. وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا دەزگای ئەمن جووتیارانی (ئودمورت)ی بەمە تۆمەتبار کردبوو کە بنیادەمێکیان بۆ بتەکانی خۆ کردووەتە قوربانی. بەڵام کورلینکو چ لە رۆژنامەو چ لە دادگادا کارە تەحریك ئامێزەکانی دەوڵەتی تزاری کە بۆ بڵاوبوونەوەی ئاگری کینەی میللی و تایفەیی بوو، لە قاو دا. لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی ئەم نووسەرە ئابڕومەندەدا، ئەم خەڵکەی کە بە نەهەق بە تاوانی (مرۆڤکوژی مەزەبی) دادگایی دەکران و بەرەو ئەوە دەچوو حوکم بدرێن، سەرەنجام بێ گوناح دەرچوون و تەبرێ بوون.

لە دادگایەکی دیکەشا کە لە خارکوف و پاڵتاڤادا هاتە پێشێ، بەرگری لەو دێهاتیانە کرد کە بە (ئاژاوە نانەوە لە گوندا) تۆمەتبار کرابوون. لە رۆژنامەدا بڵاوی کردەوە کە تاوانباری راستەقینە دەزگای ئەمنە کە خوێنی گوندییانی هەژارو دەستکورت دەرێژێ.

لە ساڵی ١٩٠٢دا ماکسیم گۆرکی بە هۆی هەندێ لە بەرهەمەکانیەوە کە بە دڵی حکومەتی رۆژ نەبوو، لە ئەندامیەتی کۆڕی زانیاری روسیا دەکراو، کورلینکو رەخنەیەکی توندی گرت. بەخۆی ئەندامی فەخری کۆڕی زانیاری (بەشی ئەدەبیات) بوو و رای بۆ ئەندامەتی گۆرکی دابوو. بەڵام بە فەرمانی نیکولآی دووەم: تزاری روسیا، ئەم رایەیان هەڵوەشاندەوەو هەر بەوەندەوە نەوەستان و گوتیان: کۆڕ بە خۆی ئەم رایەی هەڵوەشاندووەتەوە. دوای ئەوە کورلینکو چەندی هەوڵدا لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرادا لەم بارەیەوە گفتوگۆ بکەن، هیچی بە هیچ نەکرد، بۆیە گوتی واز لە ئەندامیەتی دێنێ و لە دەست کێشانەوەکەیدا نووسیویەتی: "بەپێی ئەوەی پێشتر نووسیومە، واتە ئەو راگەیاندنەی کە بەناوی کۆڕی زانیارییەوە بڵاوبووەتەوەو سەبارەت بە بابەتێکە کە لەژیانی ئەدەبی روسیدا یەجگار بایەخدارە، چونکە شێوەیەکی دەستەجەمیان بەم راگەیاندنە داوە، چونکە ویژدانی نڤیساری من قەبوڵی نیە کە بێدەنگی من رێگە خۆش بکات بۆ سەپاندنی باوەڕێکی پێچەوانەی بۆچوونی خۆم بەسەر مندا، وچونکە هیچ دەروویەك بۆ دەرچوون لەم کارە لە چوارچێوەی کۆڕدا نابینم، ناچارم مەسئولیەتی ئەخلاقی راگەیاندنێك کە بە ناوی کۆڕەوە بڵاویان کردووەتەوە لە ئەستۆ بگرم، بۆیە تاقە کارێك کە لە دەستم دێ دەیکەم، واتە چاوپۆشی لە ئەندامی فەخری کۆڕ دەکەم".

چیخۆفیش کە کورلنیکو چوو بوو بۆ یاڵتا تا لەم بارەیەوە شیرەتی پێ بکات، شتێکی لەو بابەتەی کرد.

وەکو باسکرا چیرۆکی (بێ زمان) کە چیرۆکێکی بەناوبانگەو لە نێو بەرهەمەکانی ئەودا پایەیەکی بەرزی هەیە یادگاری سەفەرێکە کە لە ساڵی ١٨٩٣دا بۆ دیتنی پێشانگای شیکاگۆ، بۆ ئەمریکای کردووە. لەم سەفەرەدا لە سیستەمی دیموکراسی بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەنجامی بێکاری کرێکاران و مەینەتی و زوڵم و زۆری دیتووە. ئەوەی لە هەر شتێك پتر لە گیانی ناخۆش بووە کۆیلایەتی رەش پێستەکان و زۆرداری و زاڵی سەرمایەداران بووە. لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا، لەم بارەیەوە بەتۆن و زمانێکی پڕ نەفرەت دەڵێت: "رەش پێستێ کە ئەمریکاییەك دەبینێ ناچارە رێگەی خۆی بگۆڕێ. دوو قولەڕەش کە لەسەر شۆستەیەك پێکەوە قسان بکەن دەبێ بچنە کەنارەوە. ئەگەر ئەمریکاییەك ناچار بێ هەنگاوێ هێوەتر بڕوات پێی ناخۆشە. خەڵکی رەش پێست لە عەزابان. هەندێ جار هاوار دەکەن کە رەش پێستان زۆر شت بە خۆیان رەوا دەبینن،و هەر کە بیانوویەکیان بە دەست بکەوێ دەست دەوەشێنن و دەکوژن... پەیوەندی ئابووری بەندە بە تاڵانییەوە... رەش پێستان ناچار دەکەن لە هەندێ دوکان و موغازان شت بکڕن کە نرخی شت دوو بەرابەرو سێ بەرابەرە، بە نەزانی دەیان هێڵنەوەو نایەڵن قەرزەکانیان بدەنەوە".

پێش ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە چیرۆکی (بێ زمان)ی کورلینکو، یادگاری هەمان سەفەرەو بریتییە لە باس و شرۆڤەی سەرگەردانی و بەدبەختییەکانی دێهاتییەکی خەڵکی ئۆکراین بە نێوی ماتیڤی لوزینسکی کە بۆ ئەمریکا هیجرەتی کردووە. ناونیشانی چیرۆکەکە خۆی لە خۆیدا گەواهی ئەمەیە کە ئەم دێهاتییە ئینگلیزی نازانێ، و باری دەروونی ئەو نیشان دەدات. باڵاترین سیفەتی پیاوانەی ئەو کە بریتییە لە دروستکاری خۆڕسك و ئەخلاقی بێگەردو رێزگرتنی بەشەر، دەگەڵ ئەخلاقیاتی جیهانی تازەدا ناگونجێت. ماتیڤی نەك هەر (بێ زمانە) بەڵکو ناتوانێ سەر لەو یاساو رێسایانەش دەربکات کە جیهانی سەرمایەداری بەسەریا دەسەپێنێ. ئەوەی لە چاوی ماتیڤی دا هەژی و ئازیزە بەرژەوەندی کرێکارانی بێکارو ئەو کەسانەیە کە سەرمایەداران لە ماف ژیانیان بێ بەش کردوون، لە نێو ئاپۆڕای ئەو بێکارانەدا کە لەپارکێکی ناوەندی کۆبوونەتەوە ماتیڤی تێ دەگات کە یەکێکە لە ئاپۆڕاو کۆمەڵێکی یەجگار گەورەو سەرەنجام (زمانێکی هاوبەش) کەشف دەکات. نووسەر لێرەدا دەبێژێت: "هەوەڵجار لە خاکی ئەمریکادا، خۆی لە نێو دەستە خەڵکێکدا بینی کە لە هەست وسۆزیان دەگەیی، چونکە هەمان هەستی خۆی بوو... ئارەزووی شتێکی لەوە زیاتری کرد: دەبوا ئەوان ئەو بدینن، سەربهوردو واریقاتی بزانن، حاڵی بن کە ئەو لە قسەکانیان حاڵی دەبێت، ئەوانیش هەمان ئەو مەحەبەتەی کە دەربارەی ئەوان هەی بوو، بۆ ئەو دەربڕن... و نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوات و چ بکات، لە بیری چوو بوو کە نە زمانی هەیەو نە ناسنامەو پیاوێکی سەرگەردانە لەم دەڤەرەدا. هەموو شتێکی لە بیر بردبووەوەو بە ئومێدو چاوەڕوانی نادیار، دەچووە پێشێ، لە گۆشەگیری هاتبووە دەرێ، بە حوکمی هەستی تەنیایی خۆی دڵبەندی ئەم گروپە مەزنە بوو بوو، بەهۆی هەستێکی هاوبەشەوە کە وەکو دەریاییەك بە نێو دوو کەناری سەرەوخوارا رەوان بوو، لە ناخی ئەودا دەجوڵا، دەگەڵ ئەو گروپەدا جۆشی خواردبوو".

کورلینکو، لەو نامانەدا کە لەم سەفەرەدا نووسیونی نەفرەت و بێزاری خۆی سەبارەت بە سەمایەدارانی ئەمریکایی دەردەبڕێت. بێزاری خۆی لە بنەماکانی حکومەتی دژە خەڵك، دەربڕیوە لەو کۆیلایەتییەی دەربڕیوە کە بووە بە مەداری ژیان و وەکو چۆن پوشێك ئاگری بکەوێتێ، میللەتان بە پەلە لەسەر رووی زەوی دەماڵێتەوە.

لەم سەفەرەدا،ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە حکومەتی پەرلەمانی ئینگلتەراشدا نەبینیوەتەوە. لە نووسینێکی کورتیا بەناونیشانی (بوکس بازێك لە ماڵەوە) لەم بارەیەوە دەڵێت: "بە زەحمەت دەتوانرێ باوەڕ بکرێ کە لە ئینگلیستانی ئازادا هیچ قەرارێکی فەرمی کۆیلەیەتی لە ناو نەبردووە،و لە کاتێکا کە ئەمە وایە، ئینگلیستان هیچ یاسایەکیشی دەربارەی "ئازادی چاپەمەنی" نیە.

یەکێك لە گرینگترین بەرهەمەکانی ئەو "مێژووی پیاوێکی هاوچەرخی من"ە کە چوار بەرگەو نزیکەی بیست ساڵ کاری لەسەر کردووە. ئەم کتێبەی، کە بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی لە ساڵانی ١٩٠٢- ١٩٠٥دا تەواو کردووەو تا دوا رۆژانی ژیانی هەر مژولی نووسینی کتێبی نێوبراو بووە مەگەر جار جارێ دەستی لێ هەڵگرتبێ. بەسەرهاتەکانی تا ساڵی ١٨٨٠ هێناوە، یانی تا ئەو ساڵەی کە لە تاراوگە ئازاد بوو.

ئەم "مێژووی پیاوێکی هاوچەرخی من"ە سەربهوردی ژیانی نەسڵێك لە رۆشنبیرانەو، کورلینکو یەکەمین کەسە کە دیمەنێکی روونی لەمەڕ قۆناغێك کە ئەو هەموو داستانەی تێدایە کێشاوە. لەم کتێبەدا لە هەوەڵەوە باسی خۆی و رۆژگاری خۆی دەکات و دوای ئەوە دووبارە شەرحێکی هەندێ لەو بەرهەمانەی پێشووی خۆی دەکات کە شەقڵێکی ئەدەبی تازەی داونەتێ. لە میانەی قسەو باساندا بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ساڵانی ١٨٦٠- ١٨٨٠ لە رێگەی هەندێ رووداوی جوانی ئەو رۆژگارەوە شرۆڤەو راڤە دەکات و وێنەیەکی لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە کە لە زندان و تاراوگەکاندا تووشیان بووە دەگرێت. دوا فەسڵەکانی کتێبەکە کە لە پاش شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر نووسیونی تەرخانە بۆ باسی چالاکی و چەلەنگی رۆشنبیرانی پێشڕەوو پێشەنگ.

ئەوەی لەم بەشەی بیرەوەریەکانی دەگیرێت ئەمەیە کە نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەنجام و ئاکامی ئەم رووداوانە دەرك بکات و پەی بە بایەخی رووداوە مێژووییەکان ببات و وەکو پێویست تول و تەفسیلی نەداونەتێ، و بە پێچەوانەوە گرینگی بە رووداوانێك داوە کە بایەخیان کەمتر بووە.

کورلینکو، مەسەلە گرینگەکانی ژیانی لە قاڵبی جۆراوجۆری ئەدەبی دا، لە قەسیدەو بەیتی بچووکەوە بیگرە تا ئەو گوتارانەی کە لە گۆڤاراندا بڵاوی کردوونەتەوە، دەربڕیوەو خستووەتە روو، لایەنی هەمە جۆری نڤیساری لە بەرهەمەکانیا خویایە. هەرچەندە وردەکارییەکانی ژیانی رۆژگاری خۆی شرۆڤە کردووە، لەو وتارانەدا کە لە رۆژنامەکانا بڵاوی کردوونەتەوە بەوپەڕی وردی رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژگاری خۆی خستووەتە روو، بە شێوەیەکی گشتی نووسەرێکی هونەرمەندە کە لە بواری جیاوازدا دەستی هەبووەو تەنانەت ئەفسانە پەروەری و

چیرۆکانی سەیریشی هێناوەتە ئاراوە، بەرهەمەکانی تا رادەیەك سنووردارن و وێڕای ئەمەش لە رووی هاوئاهەنگییەوە شایستەی ستایشن. چیخۆف نووسینەکانی ئەوی زۆر بە دڵ بووە، لە نامەیەکیا کە لە ١٨٨٨/١/٩دا دەربارەی یەکێك لە چیرۆکەکانی بە نێونیشانی (ساکالینتن) بۆی نووسیوە دەڵێت: "وەکو بەرهەمێکی زۆر باشی مۆسیقی، بە گوێرەی هەموو یاساو رێسایەك کە هەستی بە هونەرمەندی تەلقین کردبێ نووسراوە".

کورلینکو، لە قەرارداده باوەکانی نێوەڕۆکی ئەدەبی لای داوە. هەمیشە لە بیری ئەوەدا بووە ژیانی کۆمەڵایەتی تاك بێنێتە ناو ناوان و میناکی گلب ئوسپنسکی بە پلەی یەکەم بایەخی بە باری دەروونی کۆمەڵایەتی قارەمانەکانی خۆی داوە. لە خەمی ئەوەدا بووە تا بتوانێ وردتر ژیان بەرجەستە بکات و خۆی لە شەرح و شرۆڤەی رووداوان و خەڵکانی راستەقینە نەبوێرێ. ئەم خەسڵەتەی لە بەرهەمەکانیا بە هۆی ئەوناونیشانە دووەمیانەوە کە بە کاری بردوون نیشان داوە وەکو "هەندێ سکێچی ئەلبوومی سەفەرێك" یا (بەرپەڕێن ژیانی سەرزەمینێکی دوورە دەست) یا (یاداشتەکانی هەواڵنێرێك) یا (دەفتەرچەی رابەری رێبوار)و... هتد.

قارەمانانی چیرۆکەکانی ئەو هەرگیز لەو تەبیعەتەی کە بۆ نیشاندانی خەڵکی بەکار بردووە جیانین. هەندێجار ئەم دیمەنە سروشتییە دەگەڵ ئارەزوو شەهوەتی ئینسانیدا تێك ناکەنەوە، هەنگێ باری دەروونی ئەو قارەمانە دەنوێنێتەوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئالیموڤی نیگارکێش)دا دەڵێت: "هەموو غەمناکییەکی سەر زەمینی روسیاو هەموو مێژووی پڕ ئازاری، و ئومێدە ئاڵۆزەکانی بەسەر روباری ڤۆڵگاوە دڵی ئینسان دەگرن و بە مکوڕییەکی نیگەرانی ئەنگێزەوە دەخوازن لەوێنەیەکدا خۆ بەرجەستە بکەن و بنوێنن، بە تایبەتی لە سەرەتای شەوانی سازگاری بەر تیشکی شەفەقی کەمێك تەمومژاویدا، لە بەرانبەر زەردەپەڕی ئێواریێ کە دەتوێتەوەو هەورێك کە دێتە پێشێ، لە لوتکەی کۆسارە دوورە دەستەکانەوە دێ، ساردو تاریك و لەگینە تۆفانی پێوە بێ".

لە چیرۆکی (روبار دەڕوات) جوانیەکانی قەراخی روباری شادی بەخشی ڤۆلتگا بەسەر سروشتی تولینی قارەمانی ئەم چیرۆکەدا زاڵە. لە چیرۆکی (بێشە سۆزە دەکات) مێژووی کارەساتباری شۆڕشی زەڕخڕێیان هاوتەریب و هاوشانی وەسفێکە دەربارەی بێشەیەکی چڕی بێ رێگە.

لە چیرۆکی (گوندی ماروسیا)شدا. "درەختێکی دەست وپێ بڕاو" هەیە کە ئاماژەیە بۆ قارەمانی ئەو چیرۆکە. ئەو دیمەنانەی کە لە چیرۆکەکانا هێناویەتی نیشانەی زەوقی هونەری ئەون و هەمە جۆری و جوانی سروشتی روسیا نیشان دەدەن. لە وەسفەکانیا بۆ تەبیعەت لەلایەکەوە لێرەوارەکانی کەناری ڤۆڵگا، لەلایەکی ترەوە دەشتەکانی ئۆکراین و لە لایەکەوە بێشە باتلاخی و زۆنگەکانی سیبریا دەبینرێ، روباری ڤۆڵگا جوانیەکی پرشنگداری هەیەو لەلایەکی ترەوە لەو دەشتە بەفرگرتووەی کە روباری (لنا)ی پێدا رەت دەبێ شکۆیەکی تایبەتی خویاو لەبەر چاوە.

ئەو زمانەی کە کورلینکو لە نووسینەکانی خۆیدا بە کاری بردووە یەجگار کاریگەرو چڕە زاراوەو پڕ بەرزیو نزمییەو لە هەمان کاتدا لەوپەڕی سادەیی دایە. هەرگیز زمانی دەستکردی بەکار نەبردووەو زمانی ئاسایی نەگۆڕیوە. ئەو دیالۆگانەی کە قارەمانەکانی لە نێو چیرۆکەکاندا دەگەڵ یەکدیدا دەکەن بە تەواوەتی تایبەتمەندییە دەروونیەکانیان دەگەیەنێو زمانی گشتی خەڵکی، بە هەموو پێچو پەناو جوانیو خەسڵەتێکی خۆیەوە بەکار بردووە.

کۆی بەرهەمەکانی گەنجینەیەکی گەورەیەو کۆیکارەکانی بریتییە لە نۆ بەرگ کە لە ساڵی ١٩١٤دا بڵاوبووەتەوەو پتر لە دوو سەد بەرهەمی ئەدەبیو وتاری رۆژنامەوانیو رەخنەی ئەدەبیان لە نێودا هەیە، هەڵبەتە ئەمە نیوەی ئەو شتانەیە کە ئەو نووسیونی. لە سەردەمی سۆڤیەتی دا (مێژووی پیاوێکی هاوچەرخی من)یان بە تەواوەتی بڵاوکردووەتەوەو گەلێك لەو چیرۆك و تۆژینەوەو خوێندنەوەو وتارانەی کە لە ژیانی نووسەردا چاپ و بڵاونەبوو بوونەوە یان لە ناو ئەو بڵاوکراوانەی کە لە بازاڕدا نەما بوون یا دەگمەن بوو بوون، گوم بوو بوون لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوکرانەوە. لەوانە چەند بەرگێك لە نامەو رۆژانە یاداشتەکانییەتی کە ژینگەی هونەری یەجگار بەربڵاوی ژیانی ئەو نیشاندەدات.

رەنگدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی فرە لە بەرهەمەکانی ئەودا هەیە، گۆرکی زۆر بە باشی ئەم خاڵەی دەست نیشان کردووەو گوتوویەتی: "کورلینکو لە ساڵی ١٨٨٧دا لە کۆتایی چیرۆکی (رۆژگیران) دا ئەم شیعرەی (ن. برگ)ی هێناوەتەوە:

***کەڵەبابان لە روسیەی موقەدەسا دەخوێنن***

***بەو زووانە لە روسیەی موقەدەسا رۆژهەڵدێ***

بە درێژایی ژیان بە رێگەی پڕ دڕکی دلاوەراندا بەرەو پیری رۆژ چووەو مەگەر هەر خۆی بزانێ لە پێناوی پێشخستنی هەڵاتنی ئەو رۆژەدا چیکردووە" لە ساڵی ١٩١٣دا بەبۆنەی شەستەمین ساڵیادی لە دایك بوونیەوە، لە رۆژنامەی پراڤدادا واهی نووسراوە:

"ریالیزمی ئەو لاسایی کردنەوەیەکی فۆتۆگرافی ژیان نیە، هەر بەرهەمێکی هەستێکی مرۆڤانی دەبزوێنێ، کورلینکو هەمیشە منەی مانای ژیان دەکات، بەهای ئەخلاقی لە ژیانی خەڵکیدا کەشف دەکاتودەدۆزێتەوە.... کورلینکو لە بزووتنەوەی کرێکاران دوور بووە... بەڵام بێ چەندو چوون پیاوێکی دیموکراتەو هەمیشە بە رووخۆشیەوە پشتیوانی لە هەر هەنگاوێکی خەڵکی بەرەو دیموکراتیەت، کردووە. پیاوانی وەکو کورلینکو کەمو هەژین، ئێمە وەکو هونەرمەندێکی هەستیارو گیانبەخش وەکو نووسەرێکی ئەمەکدارو پەیامدار و دیموکرات ستایشی دەکەین".

بەرهەمەکانی کورلینکو لەیەکێتیی سۆڤیەتدا یەجگار پەسندن، کتێبەکانی کە سەدان هەزار دانەیان لێ چاپکردوون، بۆ گەلێك لە زمانانی میللەتانی یەکێتیی سۆڤیەتیان پاچڤە کردوون. لەوانە بۆ زمانی ئەو میللەتانەی کە ئەو لە کتێبەکانی خۆیدا باسی کردوون، ئەویش لە رۆژگارێکدا کە هێشتا خاوەنی ئەلفباو نووسینی خۆیان نەبوونو لە ژێر ستەمی کوشندەی دەوڵەتی تزاریدا دەژیان. ئێستا بەرهەمەکانی کە گەنجینەیەکە لە مانای بەرزو تەژین لە هزرێن بەرزو جوانو رەوان، و لە رووی هونەرییەوە هیچ کەمو کورییەکیان تێدانیەو بەشێکن لە

زەخیرەی ئـەدەبی زمـانی روسـی. بۆیـە لـە ٢٥/دیسـامبەری/ ١٩٢١دا کـە کورلینکـو لـە پالتاڤادا کۆچی دوایی کرد، کۆنگرەی نۆیەمی (ساوتەکان) کە لەو کاتەدا کۆبوونـەوەی هـەبوو، ڕێزیـان لـێ نـاو لەقـەب و عینـوانی (داکۆکیکـارو خـەباتکاری ڕێگـای حەقیقـەت)یـان دایـەو لـە سـاڵی ١٩٤٦دا بەبۆنـەی بیسـت و پێنجـەمین سـاڵیادی مردنیـەوە ئەنجوومـەنی وەزیرانـی وڵات چـەندین بینایـان بەیادی ئەم نووسەرە مەزنەوە دامەزراند.

## ٥- گارشین :

ڤیسـڤولود میخـائیلوڤیچ گارشـین کـە لـە سـاڵی ١٨٥٥ هاتـە دنیـاو لـە سـاڵی ١٨٨٨دا کۆچـی دوایی کرد، لە نووسەرە لەزەبرەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی ڕوسیا بووە. لـە هەڤـدە ساڵیدا، لە کاتێکا کـە هێشتا لـە ئامـادەیی بـووە دەسـتی بـە نووسـین کـردووە. یەکـەمین بەرهـەمی ئەدەبی ئەو کە هەر لە هەوەڵەوە گەواهی ڕێبازی ریالیستی ئەو بـووە، چیرۆکێکە کـە مـەرگی تێدا شی کردووەتەوەو لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئێ،ن دەمرمو پاش ئەوە چ دەبێ؟ کاتی ئەوە هاتووە کە بڕۆم پشوویەك بدەم، تاقە درێغی من ئەمەیە کە ناتوانم پایاننامەکـەم "تێـز" تـەواو بکـەم.. جا وا تەواویشم کرد! تۆ پسپۆڕی بیرکاریت!... (أ .ف) بە مردنێ مرد کـە گـەلێك لـە خـەڵکی میهرەبان و بە هۆش، تواناو بێ توانای لە نێو بردووە. مەشروبی زۆر دەخواردەوە.. پیاوێکی یـەجگار کورتـە باڵاو ناحەز بوو، ڕەشتاڵە بوو". ئەم نووسەرە لە منداڵییەوە مایەی سەر سوڕمان بوو، لە گەنجیدا دووچاری پەشێوی حەواس و تووشی نەخۆشی بـوو، کەچـی بیری زۆر بـەرزی هـەبوو. هەرچـەندە لە شەڕ بیزار بوو، لە ساڵی ١٨٧٦دا، کە تەمەنی بیست و یەك سـاڵان بـوو، ویسـتی پەیوەنـدی بـە خزمـەتی سـوپاییەوە بکـات و بەشـداری شـەڕی ڕووسـیاو عوسمـانی بکـات. بـەخۆی دەڵێـت ئەمـە بانگێك بوو تا "بچێتە ناو خەڵکی"، لە شەڕگەدا گوللەی پێکەوت وبیرەوەری خۆی لـە چیرۆکێکدا بەناونیشانی "چوار ڕۆژ" نووسیوەتەوە کە خۆیایە لاسایی کردنەوەیـەکی کتێبـە بەنێوبانگەکـەی تۆلستۆی (یادگارەکانی سپاستوپول)ـە. دوای چەند مانگێك دۆستەکانی لە ئەنجامی بەدنیازیـەك حوکمی لـە سێدارەدان دران... لـە شـەوی پێش ئیعدامەکـەدا بێهودە هـەوڵی دا نەیـەڵێ ئـەم کـارە سـەربگرێ، ماوەیـەك دوای ئـەوە بـۆ شـێتخانەیان بـرد. لـەوێ چاك بـووەوە، کـە لـەوێ هاتـە دەرێ کیـژێکی خواسـت کـە خـەرکی کـاری دکتـۆری بـوو وهێنـدەی لـە توانـای دا بـوو هەوڵیـدا کـە نەخۆشییەکەی سەر هەڵنەداتەوە. بەڵام کـەمێك دوای ئـەم پێشهاتە، خوێنـەرانی بەرهەمـەکانی لـە ڕێگـەی چـیرۆکێکییەوە بەناونیشـانی "گوڵاسـۆر" پـەیان بـەوە بـرد کـە شـوێنەواری قۆنـاغی نەخۆشییەکەی لە شێتخانەدا، هەر تیا ماوە، ئـەم چیرۆکە باسـی کەسێکە کـە ئـەقڵی تێك چووەو نیـوە شـێتەو هـەوڵێکی زۆرو لـە تاقـەت بـەدەر دەدا گوڵـە مێلاقەیـەکی سـوور کـە لـە زەینـی ئـەودا سوورە لە ڕێگەی ڕشتنی خوێنی هەموو خەڵکی جیهانەوە بە دەست بینێ.

گارشین لە هەندێ بەرهەمی خۆیدا بەئاشکرا لاسایی لیڤ تۆلستۆی کردووەتـەوە بـە تایبـەتی دەربـارەی بێهـودەیی زیانمەنـدی جـەنگ تـەواو هـاوبیری ئـەوە. لـەم چیرۆکانەدا لایـەنی پەنـدو هۆشیار کردنـەوەی دەگـەڵ جوانیناسییەکی وردا ئاوێتـە کـردووە. چیرۆکی چـوار ڕۆژ بریتیـە لـە وەسـف و باسـی چـوار ڕۆژ تـەنیایی سـەربازێکی ڕوس کـە برینـدار بـووەو لـە بەرانبـەر جـەنازەی

کوژراوێکی تورکدایە کە لە حاڵی نەماندایە، و لەوێدا دیمەنێکی میناکی تابلۆکانی نیگارکێشی بەنێوبانگ (ڤیرشچاگین)ی هونەرمەندی بە نامێی روسی کە لە رەسم کردنی ئەم دیمەنانەدا مامۆستایەکی بێ چەندوچونە، دەبینرێو وا دەردەکەوێ کە لە ژێر کاریگەریی ئەم نیگارکێشە ریالیستە ناودارەدا بووە. وێڕای ئەمەش زمانو دەربڕینی ناخۆشو بێزارکەر نیە. لە چیرۆکی (گولا سۆر)دا میناکی تۆلستۆی رووی کردووەتە ئەفسانەو زۆر شتی سەیری هێناوەتەوە لەوانە باسی کوشتاری ئەو ورچانە کە شارەوانی حوکمی ئیعدامی داونو خاوەنەکانیان دەیانکوژن. لە چیرۆکێکی تریدا باسی (لولیان)ی چەرچی کردووە.

چیرۆکێکی تری باسی گیایەکی خۆڕسکی گەرمەسێرییە کە حەزدەکات ئەو گوڵخانەیەی کە تیای حەپس بووە بشکێنێ. کاتێ چرۆدەکاتو باڵا دەردەکاتو سەر بەرز دەکاتەوەو ئەو میچە شووشەیییەی ئەو زندانەی کە لە سەرمای پاراستووە دەشکێنێ، لە سەرێ را تووشی ئاسمانی زستان دەبێتو لە خوارەوە دانی تیژی هەڕەیەك بە دەستووری سەرۆکی باخەوانان دەی بڕێتەوەو گوڵخانەکە لەم بوونەوەرە پایەخوازە پاك دەکاتەوە.

هەندێ جار پێش تۆلستۆی کەوتووەتە، بۆ نموونە لە چیرۆکی "ترسنۆك"دا سەربازێك هەیە کە ناچاریان کردووە یا خۆی بە کوشت بدات یان یەکێك لە هاوڕەگەزانی خۆی بکوژێت، ئەویش لە بەرانبەر ئەمەدا یاخی دەبێ .

گارشین لە منداڵییەوە باوەڕی بەمە بووە کە خەڵکی روسیا ئامادەییەکیان تێدایە کە دروست بمرنو باش بمرنو ئەم بیرە بوو بوو بە خولیای ئەو. لەو رۆمانانەدا کە باسی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانی کردووە، خەڵك دۆستیەکی فرە، بێزاریی لە هەر شتێکی ئازار ئەنگێزو بێزارکەر، دڵسۆزیی ئەو دەربارەی شکست خواردووانی ژیان، خەڵکانی شەرمەزارو نائومێد یان گوناهکار، بە ئاشکراو لە هەموو شوێنێکدا دیارە، هەندێ جار رەشبینیو نا ئومێدی نا ئاسایی کە زۆریش راستگۆیانە بووە زیان بە هونەری ئەو دەگەیەنێ. سەرکەوتووانی گۆڕەپانی ژیان، بەختەوەرانی ئەم جیهانە کە لە بەرهەمەکانی خۆیدا نیشانی دوان هەموویان بوونەوەری فرە دزێوو ناحەزو قێزەونن. نموونەی ئەمەش دیدوڤی قارەمانی چیرۆکی (سنعەتکاران)و ئەندازیارێکی قارەمانی چیرۆکی (بەرخورد)ە کە دەوڵەمەند بووە.

لە چیرۆکی یەکەمدا ریابینین کە دۆستی دیدۆڤە لە سەردانی کارخانەیەکدا کرێکارێك دەبینێ کە لە کوورەیەکدا ئەژنۆی داداوەو سینگی خۆی بە میلەیەکی ناوەندی لولایەکەوە ناوە تا جەزرەبەی چەکوشی سەرکرێکارەکە بتوانێ خواری بکاتەوە. بە جۆرێ دڵی لەم دیمەنە دەتۆرێ کە نەفرەت لە هونەرو سنعەتەکەی خۆی دەکاتو وازی لێ دێنێ.

یەکێك لە قارەمانە هەرە جوانەکانی چیرۆکەکانی کە پێدەچێ نموونەیەکی خودی نووسەر بێ، پیاوێکە مەحکوم بە رەنجو عەزابەو بە دەم ئازاری هەستی بێ توانایی خۆیەوە رووبەڕووی ژیان دەبێتەوە، نە ئومێدی بە بەختەوەری هەیەو نە توانای خۆشبەختی هەیە، چونکە لە رادەبەدەریش مرۆڤدۆستە لە کێشماکێشو ململانێش بێزارە. کاتێ کە دەبوایە بێتە مەیدانو بخەبتێ تا ماشوقەکەی خۆی لە ریسوایی دەرباز بکات، هیچی لە دەست نایەت ئەمە نەبێ کە داخ

بخـوات و زار هەڵنەیەنیٚ وســەرەنجام خـۆی بــە دەمانچــەیەك بكوژێــت، ئەمــە ئــەنجامی رۆمانــە بەناوبانگەكەی گارشینە كەناوی (نادیژدا نیكولایوڤنا)یە.

لە سەرانسەری بەرهەمەكانی خۆیدا هەرگیز پـەنای وەبـەر زمـانی پـەندوئاموچیاری نـەبردووە، تەنانـەت رسـتەو دەسـتەواژەی گلـەیی ئامێزیشـی بـەكار نـەبردووە. تـەنیا هـزری بـاوی سـاڵانی ١٨٦٠- ١٨٧٠ لەبەرهەمـەكانی دەچۆڕیٚ. ئـەو قارەمانانـەی كە ئـەو هـەڵی بژاردوون هەمیشـە لـە عەوامی خەڵكی باڵاترن وكەسانێك كە ئەگەر هۆشی پڕو هێـزی ئـەخلاقی سـەرریٚژیان نـەبیٚ، بـەلای كەمەوە هەستیان لە خەڵكی زیـاترە،و لـەم مەیدانـەدا لـە لیڤ تۆلستۆی جیا دەبێتـەوەو زیـاتر لـە تورگنیف و نووسەرانی رۆمانتێكی روسیا نزیك دەبێتەوە. لێرەیا لە كورلینكۆوە نزیكەو خاڵێكی دیكەی هاوبەشی دەگەڵ ئەودا ئەمەیـە كـە وەكـو ئـەو هونـەری گەیاندووەتـە رادەی كـەماڵ و زیـاتر كورتە چیرۆكی پەسند دەكرد تا لەو رێگەیەوە زووتر بگاتە ئەم ئاستی كەماڵە.

لەم قۆناغەی سەدەی نۆزدەدا نووسەرانی كۆنەپەرست و سەمبولیست بە چاولێكەری گۆگۆل و دۆستۆفسكی بە تەواوەتی ریالیزمیان تـەرك كردبـوو. تۆلسـتۆی ئـەم شـێوازو رێبـازەی دووبـارە گەیانـدەوە لوتكـەو دەشـێت بگـوتریٚ ئـەو كـارەی كـە دۆستۆفسـكی دەسـتی پێكردبـوو تۆلسـتۆی كۆتایی پیٚ هێنا. چیخۆفیش هەمان رێگەی گرتەبەرو تـەنیا جارجـاریٚ بـۆ پـاش گەڕاوەتـەوە. ئـەو زنجیرەیـەك لـە نەوەونـەتیرەو دلاوەرانـی كـۆنی بـاژێرۆك و دێهاتـەكانی روسـیای وەسـف كـردووەو هەرگیز پشتی نەكردووەتـە ژیـانی رۆژانـەو بۆیـە ئـەو نووسـەرە لاوانـەی كـە لـە رۆژگاروسـەردەمی ئەودا هەبوونە بە هەق خۆیان بە موریدو جێگری ئەو ژماردووە.

لـە نێـو ئـەم نووسـەرە لاوانـەدا ژمارەیـەك ریالیسـت هەبوونـە كـە گۆڤـارانی ئـەو رۆژگـارە تـەژی بەرهەمی ئەوانەو خـەڵكی تـەنیا وەكـو رۆژانـە رووداو ناویـان بـردوون و بایـەخیان داونـەتیٚ، وەكـو چۆن ئەمڕۆكە ناوی زۆربەیان نابریٚ. لە نێو ئەوانەدا تەنیا كورلینكۆ و گارشین پایـەی یەكـەمیان هەیە. چیرۆكەكانی گارشین هەرچەندە زیاتر بابەتی نا ئاساییان لـە خـۆ گرتـووە بـەڵام هـەرگیز لـە تواناو بەهرەی نڤیساری بەدەرنین. لەو شوێنەدا كە وەسفی شێتێك یـان سـۆزانیەك دەكـات كـە لـە هـەمان كاتـدا رۆشنبیریشـە، یـا وەكـو رابـردوو وەسـفی پیاوێـك دەكـات كـە لـە مەیـدانی جەنگـدا توانای جەنگی نیەو لە بەرانبەریا لاشەی سەربازێكی دژمن كەوتووە كە بە دەسـتی ئـەو كـوژراوە، لەو شوێنانەشدا هونەرمەندی نیشاندەدات و لایەنی هونەریی فەرامۆش ناكات.

***لە٢٠٠٩/٨/٢١ لە شاری سلێمانی لە پاچڤەی ئەم كتێبە بوومەوە.***

***ح.ع***